

بەرگی دووەم

# بیرەوەرییەکانی د. فؤاد معصوم

THE MEMOIRS OF DR. MUHAMMAD FUAD MASUM

یەکەمین سەرۆکوەزیرانی کوردستان

ئامادەکردن و نووسینەوە

شێرزاد هەینی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

# بیرەوەرییەکانی د. فؤاد معصوم

## یەکەمین سەرۆکوەزیرانی کوردستان

بەرگی دووەم

دەزگای فام
بۆ چاپ و بلاوکردنەوە
FAMpublication
بەڕێوەبەری گشتی: سەنگەر زراری
مافی چاپ و بلاوکردنەوەی بۆ دەزگای فام پارێزراوە.
چاپی یەکەم - ٢٠٢٥

# بیرەوەرییەکانی د. فؤاد معصوم

## یەکەمین سەرۆکوەزیرانی کوردستان

ئامادەکردن و نووسینەوە

**شێرزاد هەینی**

بابەت: بیرەوەری
پێوانە
١٣.٥*٢١سم (٧٨٤) لاپەڕە
ئەو کتێبە لەسەر ئەرکی "د. فؤاد معصوم" چاپ کراوە.
ISBN: 978-9922-709-42-0

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان، ژمارە سپاردنی (٧٨٥)ی ساڵی ٢٠٢٤ی پێ دراوە.

# بیرەوەرییەکانی د. فؤاد معصوم
# یەکەمین سەرۆکوەزیرانی کوردستان

## بەرگی دووەم

ئامادەکردن و نووسینەوە

**شێرزاد هەینی**

بە یادی ڕۆحی پاکی هاوسەرم "ڕووناک"، زۆر بە من و منداڵەکان و شۆڕش و یەکێتییەوە ماندوو بوو، پێشکەشە و ڕۆحی ئاسوودە بێت.

د. فؤاد معصوم

# ناوەڕۆک

**ناوەڕۆک...................................................... ٥**

پێشەکی و پاشکۆ.......................................................... ٩
نامەیەک بۆ مام جەلال .................................................... ١٥

**بەشی سێزدەم**

**کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی ..................................... ٢٧**

**بەشی چواردەیەم**

**یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان ................................ ١١٥**

١ سەرەتا و خەون......................................................... ١١٧
٢ بۆ دامەزراندن.......................................................... ١١٩
٣ بزووتنەوە و خەتی گشتی................................................ ١٢٠
٤ پلینیۆم.................................................................. ١٢٤
٥ دوو باڵەکە.............................................................. ١٢٧
٦ جیا نابینەوە............................................................. ١٢٩
٧ چەند نامەیەک وەک نموونە............................................. ١٣٣
٨ ڕێککەوتننامە کۆبوونەوە و نامەی نێوان لایەنەکان ..................... ١٧٩

**بەشی پازدەیەم**

**بەرەو مفاوەزات دەفتەر و پەیڤەکانی ساڵی ١٩٨٤.................... ٢٠٧**

١ لە دڵەوە بێ ئەوان جەژن ناکات ........................................ ٢٠٩
٢ دەچێتە بەغدا........................................................... ٢١١

٣ بەرەو هەولێر.................... ٢١٥
٤ مفاوەزات.................... ٢١٩
٥ لەبەردەم "جندي مجهول".................... ٢٢٤
٦ هاتنی وەفدی بەغدا.................... ٢٢٦
٧ نەورۆزی سووورداش و ڕۆژانی دواتر.................... ٢٣٢
٨ لە ١١ی ئازار دانابەزین.................... ٢٤١
٩ داوای ئینفیسالییەت دەکەن.................... ٢٤٨
١٠ کۆنفرانسی شۆڕشگێڕان.................... ٢٦٣

## بەشی شازدەیەم

**دەفتەری بیرەوەرییەکانی ساڵی ١٩٨٥.................... ٢٦٧**

١ ساڵێکی تریشمان تێپەڕاند.................... ٢٦٩
٢ بۆردوومان.................... ٣١١
٣ ئەبووعودەی و دەستپێشخەری.................... ٣٢٩
٤ کاتی ئیستقلال نییە.................... ٣٣٧
٥ پارتی ئیجابییە.................... ٣٥٠
٦ مەلا بەختیار دەگیرێت.................... ٣٥٢

## بەشی حەڤدەیەم

**دەفتەر و ڕۆژانەی ساڵە سەختەکان.................... ٣٨٥**

**ساڵی ١٩٨٦.................... ٣٨٥**

١ هەندێ ڕووداو.................... ٣٨٧
٢ ئازادکردنی گیراوەکان.................... ٣٩٢
٣ ساردیی نێوان فەرەیدوون و مام جەلال.................... ٣٩٧
٤ هەندێ ڕێککەوتن و کۆبوونەوە.................... ٤٠٠

٥ هەڵاتنی مەلا بەختیار........ ٤١٨
٦ بۆردومان و جموجۆڵ........ ٤٢٣
٧ مام جەلال دەرگا لەسەر خۆی دادەخات........ ٤٣٤
٨ هێرشی دوژمن........ ٤٤٠
٩ بەرەو تاران........ ٤٧٤
١٠ بەرەو دیمەشق........ ٤٨٤
١١ دەفتەری ساڵێک یەک لاپەڕەی ماوە! ١٩٨٧........ ٤٨٦

## بەشی هەژدەیەم

**دەفتەری ساڵی ١٩٨٨ ........ ٤٨٩**

١ کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی دواکەوت!........ ٤٩١
٢ خێزانەکەم داوا دەکەن بگەڕێنەوە لایان........ ٤٩٦
٣ هەواڵی کیمیابارانی هەڵەبجە........ ٥١٩
٤ هەواڵی مەرگی شوان!........ ٥٢٢
٥ گرتنی فاو و بارودۆخی پێشمەرگە........ ٥٣٥
٦ کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان........ ٥٤٤
٧ بەرەو ڕاگرتنی شەڕی عێراق-ئێران........ ٥٤٦

## بەشی هەژدەیەم

**دەفتەری بیرەوەرییەکانی ساڵی ١٩٨٩ ........ ٥٤٩**

١ هەوڵەکانی یەکگرتنی شۆڕشگێڕان و کۆمەڵە........ ٥٥١
٢ سەبارەت بە مفاوەزات و بەرەی کوردستانی........ ٥٥٦
٣ کۆبوونەوەی یەکێتیی شۆڕشگێران و ڕۆژانی دواتر........ ٥٨٦
٤ کۆبوونەوە و پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی........ ٥٩٨
٥ بەرەو بەریتانیا........ ٦١٨

## بەشی نۆزدەم


دەفتەری ساڵی ۱۹۹۰ ........ ٦٣٣

١ نەچوومە شام ........ ٦٣٥
٢ کۆچی دوایی دایکم ........ ٦٥٣
٣ پرسی دادگایی ........ ٦٥٥
٤ نامەی مام جەلال بۆ سەدام حوسێن ........ ٦٦٥
٥ پێشبینیی شەڕی کوێت ........ ٦٧١


## بەشی بیستەم


چەند ڕووداوێکی ساڵی ۱۹۹۱ ........ ٧٠٣


## بەشی بیست و یەکەم


ڕووداوەکانی ساڵی ۱۹۹۲ ........ ٧٢٥

١ کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ........ ٧٣٢
٢ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ........ ٧٤٣
٣ یەکەمین سەرۆکوەزیران ........ ٧٥٣
٤ یەکەم کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ........ ٧٥٥
٥ دەستلەکارکێشانەوە ........ ٧٥٦

ئەلبووم ........ ٧٦٣

# پێشەکی و پاشکۆ

"ئەوەی خوارەوەم لە دوا بەشی هەردوو بەرگەکە نووسی، بۆ دوا لاپەڕەشم دانابوو، بەڵام لەناکاو بیرم لەوە کردەوە، بیکەمە پێشەکیی بەرگی دووەم، ببورن."

* * *

بەو نـامەیە "دەستلەکارکێشـانەوەکە" دەڵـێم؛ ئەو دڵسـۆزانە سـینگفراوان، سـادە، ڕوون، قۆنـاغێکی تـری ژیـانی د. فـؤاد معصوم کۆتایی هاتووە، بەرنامەیەکی تەواو کردووە.

ئەو لەسەر داوای حیزبەکەی، سەربەرزانە چوویتە سەر ئەو ئەرکە، پاک و بێگەردیش ماڵئاوایی کردووە، ڕۆیشتووە بەبێ ئەوەی نیگەران بێت، بێ ئەوەی لە حیزبەکەی، لە پەرلەمان و وەزیرەکانی هاوکاری بوون تووڕە بێت.

ئەو دەمـانەی نـامەکە لە پەرلەمـان دەخـوێنێتەوە و پەسـند دەکرێـت، بیـر لەوە ناکـاتەوە هەنگـاوی تـر، پۆسـتی تـری لەو وڵاتە، لەنـاو حیـزبەکەی چـی دەبێـت، بەڵام بەڵـێن دەدات، بە دڵسۆزییەوە وەک کەسایەتییەکی دیاری ناو حیزبەکە و بزاڤەکە بەردەوام بێت و نەکشێتەوە. دەرئەنجام پۆستی باڵاتر، بەرنامەی گەورەتری وەرگرتووە و سەرکەوتوو و پاک لێیان دەرچووە.

منـیش لەو نووسـینە دوو بەرگیـیەدا بـوومەوە، قەنـاعەتم وایە، دەنووسم و دەڵێم:

١

دەزانم؛ بابەت، ناو، شوێن چالاکیی سیاسیی دیپلۆماسیی "د. فؤاد معصوم"، زۆری ماون نەنووسران، جێگەیان نەبوویتەوە، لە بیر کران، هەڵەیان تێدا کراون!

٢

دەزانم خەباتی پیاوێکی هەورامی، کۆیی، پارتی، نوێنەری سەرۆک بارزانی، چالاکی؛ قاهیرە، دیمەشق، بەیرووت، شارەکانی ئەوروپا... نەرم، ناسک، جوان، ئاسان، توند، بەهەڵوێست، ئازا، نەترس، ئامادە، شاخەوان، زمانزان، وریا، ماندوونەناس، زۆرتری دەوێ لەسەری بنووسرێت!

٣

دەزانم ئەو، خۆشەویستیی حیزبەکان، پێشمەرگەکان، لادێییەکان، مەلا و فەقێیەکان، ڕووناکبیرانی هێزی نوێی ئیسلامی، دونیایی... بووە، کەمیش ئاماژەمان بەوانە داوە.

٤

دەزانم؛ لەگەڵ سەرکردەکان، دیپلۆماتەکان، سەرۆک حیزبەکان، سەفیرەکان، کونسووڵەکان، صدام، قذافي، الاسد،

خومەینی، خامنەیی، ڕەفسنجانی، الحکیم، الدوري، قاسملوو، الاحمر... دیدار و کۆنفرانس و بەرنامەی هەبووە، ڕێککەوتن و دیمانەی زۆر بووە، بە داخەوە نەمتوانی هەموویان بنووسمەوە!

٥

دەزانم سەدان برادەر، هاوڕێ، پێشمەرگە، سەرکردە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتی... نەماون، مردوون، شەهید بوون، ون بوون، لە بیر کران... هەمووانم بەسەر نەکردنەوە.

٦

دەزانم "شوان"، تاقانە و زیرەک و هیوا و ئومێدی ئەو بوو، زوو مرد و ئەویش ئاگاداری دوا هەناسەی نەبوو، ئەوەشمان وەک خۆی ڕوومالّ نەکرد.

٧

دەزانم "ڕووناک"، هاوسەر و پوورزا و برادەر و هاوخەبات و دایکی کچەکان، کابان و شوفێری ماڵ و ناندەری میوانان، پەروەردەکاری منداڵەکان، گەڕیدەی شار ولاتان بووە و کتێبەکەشی پێشکەشی ئەو کردووە، بەڵام باش و زۆر باسمان نەکرد!

### ٨

مام جەلال، مەسعوود بارزانی، د. مەحموود، سامی، ئازاد هەورامی، عومەر شێخمووس، عومەر دەبابە، شەوکت عەقراوی، نەوشیروان، فەرەیدوون، خدر هەورامی، کۆسرەت، مولازم عومەر... لەگەڵ زۆران زۆرتر ژیاوە، خەباتی کردووە، کۆبوونەوەی کردووە، ململانێی هەبووە، نەکرا زۆرتر باسی ئەوانە بکەین!

### ٩

دەزانم دایک، باوک، برا، خزم، هەورامییەکان، کۆییەکان، ئەزهەرییەکان، ئەکادیمییەکانی... زۆر خۆش ویستووە، بوار نەبوو فراوانتر ڕوویان تێ بکەین!

### ١٠

دەزانم مردنی دایک، باوک، شوان، پێشمەرگەکان، هاووڵاتییە داماو و کەساسەکانی، ئەوانەی بوونە قوربانییەکانی شەڕی ناوخۆ و شەڕەکانی تری ڕژگاری عێراق، ئێران، ڕۆژهەڵات، باکووری کوردستان... دڵ، جەرگ ویژدانی هەژاندوون، بەڵام چی بکەین! هەموو؛ برین، خوێن، فرمێسک، دەرمان، دەردەسەری، مردن، برینداربوون، خەمەکان... نەنووسرانەوە.

١١

دەزانم لە کۆیە، هەولێر، بەغدا، بەسرە، قاهیرە، دیمەشق، بەیرووت، لەندەن، بێرمینگهام، سلێمانی... ژیاوە و ماوەتەوە و دیداری هەبووە، بەڵام نەچووینە کۆڵان و بازاڕ و هەوارەکان، نەچووینە خانوو و زانکۆ و بارەگا و شەقام و کافتریا و چایەخانە و ڕیستورانتەکان.

١٢

دەزانم نەچووینە گوندەکانی قاسمەڕەش، سەرگەڵوو، مالوومە، بنگەڵوو، یاخسەمەر، سووورداش، زەلێ، خەتێ، باڵیسان، گەورەدێ، نێوزەنگ، سێروان... هەوار، سابات، کەپر، ئەشکەوت، بنبەرد، بناری جۆگە، ڕووبار، کانی، گۆم... نەمانتوانی بگەینە سەر لوتکەی چیاکان، دەشتە دوورەکان، سەر ڕووبارەکان، پردەکانی پەڕینەوە، نەخشەی نووسینەکەمان بەشی هەمووانی نەکرد؟!

١٣

دەزانم ڤیدیۆ، فۆتۆ، دەنگ، ڕەنگ، سیما... نەمانبینی کە ئێرانییەکان، سوورییەکان، بەعسییەکان... درۆیان لەگەڵ دەکەن، بەڵێنەکان جێبەجێ ناکەن، هیچیان نادەنێ و زۆریان لەوان دەوێ! ئەوانەم زۆر نەبینی!

ئەوەندەمان لە دەفتەر، دەستنووس، فۆتۆ، دیدار، ڕاز، نهێنی، سەربردە، کچەکانی... وەرگرت و نووسیمان، داوای لێبوردنیش دەکەین لە کەموکووڕییەکان، بێگومان بوونیان هەیە!

**شێرزاد هەینی**

**هەولێر**

**حوزەیرانی ٢٠٢٤**

## نامەیەک بۆ مام جەلال

پاریس

١٩٨٣/١٢/١٦

هەڤاڵی بەڕێز جەنابی مام جەلال

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە... لەگەڵ ئومێدی خۆشی و موەفەقیتان لە خەباتی میللەتەکەمان، بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەوا زەوتکراوەکانی ئاواتمە هەردەم و ڕێز و دروودم بۆ هەڤالانی سەرکردایەتی.

قوربان:

نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم! وەک لە سەربان بەربووبمەوە وەهایە! هەرچی لە مێشکمدا بنام کردبوو و لە دڵدا بڕوام پێ کردبوو و لێم بووبوو بە قەناعەتی ویجدانی، ئەبینم وا لەناو چوارچێوەی یەکێتی درزێکی گەورەی تێ کەوت، کە دەترسم بەرد لە دوای بەرد بکەوێت!

خۆتان ئەزانن یەکێتی کە دروست بوو لەسەر چ بناغەیەک دامەزراوە، زۆربەی هەرەزۆری دەستنووس و نەخشەکێشانی جەنابت بوو، کە هەمیشە ئەوپەڕی بڕوامان بە جەنابت هەبووە، هەردەم بە ڕێز و ئیعجابەوە تەماشامان کردووی، "ڕووخاندنی ڕژێم" جەنابت بەسەر یەکێتی و هەموو هێزەکانی کوردستانتدا

سەپاند، هەموو شیکردنەوەمان ئەوە بوو ئەم ڕژێمە بۆرژووازی بیروکراتە بە ئیمپریالیزمی نوێ خۆی گرێ داوە، تەبیعەتی شۆڤێنییە، ڕەفتاری فاشییە، لەم ڕووەوە هەر زاراوەیەکی سلبی لە قامووسی سیاسیدا هەبوویێت، پێمان گوتووە و بۆیمان بەکار هێناوە، لە هەموو کۆبوونەوەیەکی یەکێتی، چ بە گشتی و چ هی باڵەکانی ئەم خاڵانە دارێژراوەتەوە، وەک ڕاستییەک و دووپات کراوەتەوە.

نامەکانی جەنابت و برادەرانیش لە دوای کۆبوونەوەکانی مانگی تەمموز و ئابی ئیمسالْ، ئەمەتان سەرلەنوێ گوتۆتەوە، تەنانەت گوتراوە، کە ڕەفزی دیتنی هەریەکێک دەکەین لە لایەن ڕژێمەوە، ناردرابێت بۆ بیروڕاوەرگرتنمان دەربارەی گفتوگۆ لەگەڵ میری.

ئایا لە ماوەی دوو سێ مانگ ئەم ڕژێمە گۆڕاوە خۆی خاوێن کردەوە؟ تا ئێمە ئاوا بەپەلە، زوو بڕوای پێ بکەین.

لێرەدا هەرکەس تەماشای ئەم مەسەلەیە بکات، سەری سووڕ دەمێنێ و ئیحتیمالی جۆراوجۆری بۆ دێت. یەکێتی کە بە ئیعتیرافی دۆست و دوژمن گەورەترین هێزی کوردستان بووە لە هەموو پارچەکانی کوردستان، حیسابی بۆ دەکرا وەک هێزێکی پێشکەوتنخواز، چۆن دەبێت پاشەوپاش بگەڕێتە دواوە، لەو کاتەی کە دوژمنانی لە گێژاوی تەنگوچەڵەمەی خۆیاندا ئەژین؟!

"جود" وا وردەوردە هەڵئەتەکێت... ڕەسووڵ مامەند لە تاران

سەرگەردان ئەسووڕێتەوە، ڕۆژانە موراجەعەی کوێخا ئەکات، بۆ چوونە دیمەشق و بەڵێن ئەدا "جود" بەجێ بهێڵێت، حشع لە ڕێگای سوورییەکان داوای ڕێککەوتن و ئاشتبوونەوە دەکەن، لە ئێران ڕەخنە بە ئاشکرا لەناو کۆبوونەوەکانی خومەینی لە خامنەیی دەگیرێت، کە نەیتوانیوە ڕەفتار لەگەڵ هێزی سیاسیی عێراق بکات، جەماوەر هەمووی بەرەوپیری یەکێتی دێت، نەک لە ناوچەکانی سۆران، بەڵکوو لە بادینانیش، لە هەموو بەشەکانی کوردستان، باس باسی یەکێتییە کە سەربەخۆیی خۆی پاراستووە، نەکەوتۆتە ئەملا یا ئەولا، ئا لەم بارەیەدا ١٨٠ دەرەجە با ئەداتەوە! بەرەو کوێش؟! بەرەو دوژمن!

هەڤاڵی بەڕێز:

جەنابت لە نامەکانت ئەتنووسی یەکێتی بۆتە شۆڕەسواری مەیدان، فیعلەن لە دەرەوەش ئەمە ڕەنگ و دەنگی داوەتەوە، هەفتە نەبووە چەند دیپلۆماسی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات نەیەنە لامان، دەنگوباسی یەکێتیمان لێ نەپرسن، بە ئیهتیمامەوە گوێی بدەنێ.

قوربان:

بێگومان مەترسی لەسەر یەکێتی هەبووە، مەترسییەکەش کەم نەبوو، ئەرکی سەرشانمان بوو بیر بکەینەوە، چۆن خۆمان ڕزگار کەین، تەکتیکی وەها دابنێین و بەکار بهێنین، مەترسییەکان کەم کاتەوە و پارێزگاری ڕێباز و هێز و جەماوەر و دروشمەکانیشمان بکات، نەک بێین ڕێباز و دروشم بگۆڕین، تا

مەترسی کەم کەینەوە. ئێمە بەهێزی دوژمن بەهێزتر نابین، بەڵکوو زۆر لاواز دەبین، قیادە موقەتە بەو هەموو ئیمکاناتەی ئێران ئێستا لە هەموو کات زەعیفترە.

قوربان: گەر واتان بە باش دەزانی، لەگەڵ ڕژێمی بەغدا خاوی کەنەوە، نەدەبا بەتەنیا ئەمەتان بکردبا، با زوو موساڵەحەیەک لەگەڵ حشع، حسک، پاسۆک بۆ خانەپڕکردنەوە... بکرابا ئەوجا ئیتیفاقی لەگەڵ بکرابا.

ئەمەش ئەگەر نەدەکرا، دەبا لەگەڵ ڕژێم هەر "هودنە"یەک ئیمزا کرابا... بەڵام ئێوە یەکسەر کەوتنە ڕێککەوتن، چوونە ناو وردەکارەکانیشەوە، نەک حیسابی ئەوەش بکرێ کە ١٤ ساڵ بەسەر بەیانی ئازاردا تێپەڕ بووە. حکوومەت درێژە بە گفتوگۆکانی ئەدا، مناقەشەی زۆریش دەکا، بەڵام لە ئەنجام هیچ نادات. بەس ویستی ئەو هەڵوێستەی یەکێتی هەیبوو و ڕێز و ئیحتیرامی خەڵکی بۆ خۆی ڕاکێشابوو... بگۆڕێت و خەڵکی لێ ببێتەوە.

ئەو ڕێککەوتنەی ئێستا، هیچ مەکسەبێکی تێدا نییە: لە جەیش حەقی "ڕێکخستن"مان نییە، تەنیا داخراوە بۆ بەعس، "کەرکووک" عێراقییە، گەر بڵێین بەشێکە لە کوردستان دەڵێن: عەرەبییە. خۆ کە عێراقیشە، مەبەستیان ئەوەیە عەرەبییە وەک ئیسلامە مارکسییەکەی ئێران، بەڵام بۆ شەنگار مانعیان نییە کوردی بێت، چونکە لەوێ حیساباتی سنوور و تەقوتۆق هەیە.

برای بەڕێز:

زۆر هۆ هەبووە دیارە بۆ ئەم "تلهف"ەوە، لێشم ببوورن کە ئەم وشەیە بەکار دەهێنم:

ا- هەوڵ و تەقەڵای ئاغای قاسملوو، زۆر لە برادەرانی ئەودیو ئەویش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، بەڵکوو مەبەستی هەندێکیان ئەوە بووە، یەکێتی ئیستیقلالییەتەکەی بدۆڕێنێت، ئەو کات کەس لە کەس باشتر نییە. ئەمە لەو کاتەی کە خۆیان ئێرانچێتییەکەی خۆیان، ڕۆژ بە ڕۆژ تۆخ ئەکەن، حەز ناکەن لایەنێکی وا هەبێ لە کوردستان... کوردستانی بیر کاتەوە.

ب- وەزعی دارایی ناهەمواری خۆمان، کە بە تایبەتی هەندێ لە سەرچاوەکان جارێ وشک بوون.

ج- هەندێ گیروگرفتی تر کە خۆمان، تا ڕادەیەک دەستمان لە گرێکۆرەی بەشێکیان هەیە.

د- هەندێ لە هەڵسەنگاندنی وەزع، لە لایەن هەندێ لە برادەرانەوە "ذاتی"یە، هەر یەکەش بە مەبەستێ، بۆم دەرکەوت لە کاتی موناقەشەکردن باسی "دوامة" دەکرێ، کە ئەمە ئەوپەڕی خەتەرناکی و مەترسییە، چونکە وا دەکات بڕوامان بە خۆمان نەمێنێت، گەر وای لێ نەکردبین، ڕاستە "أزمة" هەیە، بەڵام "أزمة" دەبێ پیاتێپەڕین و لێی ڕزگارمان بێت، کە کەوتینە دەوامە و تەئسیری کردە سەر بیرکردنەوەمان، ئەوا هەموو شتێکمان دەڕوا بۆ ساڵی ١٩٧٨، کە جەنابت ٣٠ کەست لەگەڵدا بوو، لەوپەڕی ئەزمەدا بووی و بووین... نەکەوتینە دەوامە؟ بۆ ئێستا دوای ئەم هەموو سەرکەوتنانە دەکەوینە "دوامة"؟!

لە ئەنجامی ئەم هۆیانە، هەرچەند تەنگوچەڵەمەکە بوغرنج و تێکەڵاو بێت، نەدەبا ڕامانکێشێ بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم، بەیانی ئازار بە هەموو کەموکوڕییەکانی و لێداشکانی ببێت بە بناغەی ڕێککەوتن و واشمان لێ بکات سەنگەر بگوازینەوە.

حکوومەت بەپەلە پارە و چەکمان پێ بدات، دەبێت بزانین بۆ چییە! بێگومان بۆ بەهێزبوونی ئێمە نییە! بەڵکوو بۆ شەڕی ئێران و هێزە چەکدارەکانی سەر سنوورە، کە لە ئەنجامدا دەبێتە بەشێک لە قادسییەی سەدام، ئەو کات "قادسیة الشؤم" دەبێتە "القادسیة المیمونة" و "قادسیة الافلاس" دەبێتە "قادسیة السلام والرخاء".

ڕژێم بەوە نابێتە نیشتمانی، هێزێکی نیشتمانی هاوکاری لەگەڵ بکات، بەڵکوو دەبێتە نیشتمانی، گەر ڕەفتاری نیشتمانی بوو، کە ئەم بە خەونیش نابێ، بە ڕاستی "التوریط وطنیا"م هاتەوە یاد...

قوربان جەنابی مام جەلال:

لە سیراعی سیاسی "مزایدة" و دۆشین و پڕوپاگەندەی حوار و جۆر هەیە، هەندێ لەو هێزە سیاسییانەی کە مەمنوون بوون، لەگەڵیاندا ڕێک کەوین... ئێستا ئەمە بە هەل ئەزانن بۆ خۆیان و تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، هەر شەڕێکی لە دژیا پێش بیکەین، بە زەرەری ئێمە دەگەڕێتەوە لەناو جەماوەری گەلەکەمان، چونکە ئەم ڕژێمە، ڕەفتاری خۆی بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان

ناگۆڕێت، جا ئەو کات ئەو چەکدارانە دڵی خەڵکەکە بۆ خۆیان ڕائەکێشن لەسەر حیسابی ئێمە.

بۆ وێنە لە کوردستاندا زرووفێکی تایبەتی هەیە، حکوومەت ناچار بوو زۆر لە موالیدەکان عەفوو کات بۆ عەسکەری.. ئێستا کە فەیلەقی یەک کوردەکانی تیا کۆ ئەکرێتەوە کە حوکمی زاتی کەوتە دەست ئێمە، دەبێ بە قۆناغەی تفەنگ ئەم خەڵکە کۆ کەینەوە و عەوداڵیان بین، ئەو کات بمانەوێ و نەمانەوێ، پێمان ئەگوترێ بەشێک لە "أجهزەی قمعی". وردەوردە قەبارەی هێزەکانی تر گەورە دەبێت، ئەو کات کارەساتەکانی شەستەکان دووبارە ئەبێتەوە، بە شێوەیەکی گەلێ تۆختر و خەتەرناکتر، کاتی خۆی م. س بڕیاری نەدابوو، شان بە شانی حکوومەت شەڕی مەلا مستەفا بکات، ئەم هەر لە حیسابی نەبوو، بەڵام دوایی ڕووداوەکان یەک لە دوای یەک هاتن، جەڵەویش لەدەست دەرچوو... ئەم جارەش وەهای لێ دێ.

برای گەورەم:

گەر ئاشبەتاڵ نەبوایە، زۆر زەحمەت بوو جەنابت بگەیە وەزعی ئێستاکەت، چونکە بە هەموو جۆرێ پارتی شەڕیان لەگەڵ دەکردی، جەماوەرەکە زوربەی زۆری لەگەڵ ئەوان بوو، بەڵام شکستەکەی ساڵی ١٩٧٥ وای کرد پارسەنگی تێک چێت و جەماوەر چاو لەو کەسە بگێڕێت لەو کارەساتە ڕزگاری کات... کە ئەم کەسە جەنابت بووی و دەوری تاریخیی خۆت نواند، بەڵام گەر ئێستا لەگەڵ حکوومەت ڕێک کەویت... دە

ئەوەندە خزمەتی ئەوان دەکەیت، لەسەر ساحەی کوردستان... کە ڕیسوا بوون، ئیعتیباریان بۆ ئەگێڕیەوە و جارێکی تر بە تەواوی لە ملی گەلی کورد دەئاڵێتەوە... ئەم گوناهەش تۆ هەڵیدەگریت.

هەڤاڵی بەڕێز:

لەم ڕێککەوتنە بەم جۆرەی کە دەستی پێ کردووە، وا خەریکە تەواو دەبێت و ئیعلان دەکرێت... کارەساتێکی تر لە لاپەڕەی مێژووی گەلەکەمان ئەنووسرێتەوە، ئەوەی لە هەموو کەس زیاتر زەرەری تێدا ئەکات، شەخسی مام جەلالە، کە ئەمڕۆ شەخسی یەکەمە لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد... جا وەک برایەکی دڵسۆزی خۆت، ئەم قسەیەم لێ وەرگرە، ئەم کارە مەیەڵە تەواو بێ، مەجالیشت هەیە.

من لە جیاتیی ڕێککەوتن لەگەڵ میری، دوو پرۆژەم هەیە:

یەکەم:

ا-کشانەوەیەکی ڕێکوپێک و وەستایانە لەم بەڵێن و ئیتیفاقە سەرەکییانە لەگەڵ حکوومەت.

ب- موساڵەحەیەکی نیشتمانی با تۆزێ پێشڕەویش بین.

ج- چاوخشانەوەیەکی ورد و تەواو بەسەر پ. م کە خەڵکێکی زۆری نانخۆری جێگری کەوتووەتێ.

د- نەخشەیەکی ئابووری، چ بۆ پەیداکردنی یارمەتی و چ بۆ خەرجکردن.

ە- بیرکردنەوە بۆ چوونە بادینان، من ماوەیەکە خەریکی ئەو مەسەلەیەم لەگەڵ هەندێ جەماعەت ڕێک کەوتم، کە چەکمان بۆ نەقڵ کەن لە سووریاوە تا سەر سنووری تورکیا-عێراق، نیوەبەنیوە و ئەوانیش بنکەی خۆیان لەسەر سنوور دابنێن، بۆ "فەرەیدوون"م گێڕاوەتەوە.

بادینان ئێستا بە ئاسانی دەتوانین تیا بژین، "حدک" ناتوانێ لە هەموو لایەک شەڕمان لەگەڵ بکات، من خۆم ئامادەم ئەم کارە بگرمە ئەستۆی خۆم.

ئەگەر ئەم پرۆژە مومکین نییە، پرۆژەیەکی تر هەیە، کە ئەویش دیسان مەترسی تێدا هەیە، بەڵام ئەهوەنترە، ئەویش:

"هدنة"یەکە لەگەڵ میری، بێ هیچ ئیتیفاقێک، وەک کاتی خۆی باسی ئیتیفاقی مەیدانیمان دەکرد لەگەڵ ماڵی مەلا.

هەر ئیتیفاقێک بکەوێتە بەینی ئێمە و میری -جگە لە شەڕڕاگرتن- حکوومەت ئەیباتەوە گەر تەنیا بووین.

سامانی ئێمە ناوبانگ و ڕێباز و جەماوەرەکەمانە، حکوومەت هەموو هەوڵی ئەوەیە ئەم سامانەمان لەدەست کاتەوە.

قوربان:

جا من لەگەڵ ئەو هەنگاوانە نیم هاویشتووتانە، وەنییە لێرەشدا خوانەخواستە، موزایەدەتان لەسەر بکەم، بەڵام ئەرکی سەرشانمە حەقیقەت چۆن تێی دەگەم، قەناعەت و بیروباوەڕی خۆم دەربڕم، لەسەر مەسەلەیەکی وەها گرنگ و پڕ مەترسی،

مـن لە وەفـد دامەنێن، کە دێـمەوە وڵاتـیش بەرکەنـار دەبـم، لە هەموو کارێک پەیوەندیی بە ڕژێمەوە هەبێت.

کە هـاتمە پـاریس، حیسـابی ئەوەم نەکردبـوو کە ئەم شـتانە ڕوویان داوە، داوام لێ ئەکرێت لە ڕێگای بەغدا بگەڕێمەوە... جا زۆر ئیشوکارم بەجێ هێشتبوو لە شام کە دەبێ تەسفییەیان بکەم، بۆ وێنە حیساباتی جەبهە هەیە، من دەبێ ئیمزای بکەم ٩٠ هەزار دۆلارم لا هەیە، بیانــدەمەوە، هەوڵ دەدەم ١٢/٢٣ لە لەندەن بم ئەو کات چاوەنواڕی فەرمانتانم.

قسە زۆرە، بەڵام مەجالی نووسین نییە، هەر بەوەندە ئیکتیفام کرد.

هەر سـەرکەوتوو بـن لە پێنـاوی نەتەوەکەمـان و گەشـەکردنی یەکێتی.

ئیتر خۆشیتان ئەخوازم...

هەڤاڵتان

فؤاد معصوم

***

پرسیارێک؛ نامەکەی سەرەوە، دکتۆر فؤاد معصوم لە ڕۆژی ١٩٨٣/١٢/١٦ لەسەر ڕەتکردنەوەی دانوستان لەگەڵ حیزبی بەعس و حکوومەتی عێراقی و پێگەی باڵای شۆڕشگێڕیی یەکێتیی نیشتمانی و مام جەلال نووسیوە، بەڵام پاش پەیوەندیی تەلەفۆنی نێوان دکتۆر فؤاد و دکتۆر خدر هەورامیی برای، دەگاتە ئەو بڕوایەی کە دانوستان و گفتوگۆیەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و حکوومەت بۆ بەسەربردنی یەک ساڵە، لەو ماوەیەدا شەڕەکان ڕادەگیرێن، بۆیە دکتۆر فؤاد دەگەڕێتەوە، بە کەمتر لە سێ هەفتە، بە ڕەزامەندیی حکوومەتی عێراق و ئاسانکاریی زۆری سەفارەتەکەیان لە لەندەن بەرەو بەغدا دەفڕێت، یەکسەر لەناو فڕۆکەخانەش لە ڕۆژی ١٩٨٤/١/٤ پێشوازیی دەکەن، دوایی دەبێتە یەکێک لە ئەندام و ماوەیەکیش سەرۆکی وەفدەکەی یەکێتی بۆ مفاوەزات! لێم پرسی ئەوە چۆن بوو؟! ئەو بەنەرمییەوە وەڵامی دامەوە:

کۆ بووینەوە، پێداچوونە و ڕامانمان زۆر بوو، ناکرێ یان هەموو یان هیچ! لەسەر بۆچوونەکان ڕەخنەش هەبوو، چووینە پێش و مەکتەبی سیاسیمان کۆ بووەوە، بڕیاری دا، بەردەوام لەسەر ڕەوتی نامەکەم، پێداگرییم لەسەر ڕەتکردنەوەی دانوستانەکە ئەگەری ئەوەی هەبوو، کاردانەوەی تایبەتیی لێ بکەوێتەوە، قسەش بکرێت من داوا و دەستکەوتم ویستووە، منیش لەگەڵ زۆرینە چووم، دەستکەوتمان هەبوو، دوو کۆبوونەوەی گەورەشمان لەو ڕۆژانە کرد، نەورۆزەکەی سووورداش، ڕێورەسمی ناشتنی بیرمەند و کەسایەتیی دیاری

کوردستان تۆفیق وەهبی "١٨٩١-٥ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤" لە پیرەمەگروون!

هەروەها دکتۆر فؤاد ئەوەشی روونکردەوە، گفتوگۆکە لەگەڵ رژێم بەبێ ئاگاداری سەرکردایەتی دەرەوە و کادیرەکان بووە، ئەوەش وەک بۆمبێک لەناومان تەقیەوە، لەناکاو ئەوەمان بیست، لە تەلەفزیۆن و میدیاکان وێنەی مام جەلال و سەدام حوسێن دەست لەناو دەست بڵاوکرایەوە، ئەوەش رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە دەرەوە هەژاند، زۆریش لەناو "التجمع الوطنی العراقی" و حکومەتی سوریا، دەنگدانەوە و رامانیان هەبوو. بۆیەش ئەوە نامەیەم بۆ مام جەلال نووسی و بەپەلە بۆم نارد.

# بەشی سێزدەم

# کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی

## بالیسان ١٩٨٣/٧/١٢

خولی چوارەمی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ی. ن. ک، لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/١٢ لە ناوچەی خۆشناوەتی-گوندی "خەتێ-بالیسان" دەستی پێ کرد، بە ئامادەبوونی هەڤاڵان: مام جەلال، نەوشیروان، جەمال، حەکیم، عەلی بچکۆڵ، مامۆستا جەمال تاهیر، فەرەیدوون عەبدولقادر، عەلی حەوێز، بەکر حاجی سەفەر، مەلا بەختیار، مامۆستا نازم، ئەرسەلان بایز، ئازاد هەورامی، د. کەمال خۆشناو، د. خدر هەورامی، عومەر عەزیز.

کۆبوونەوە بە دەقیقەیەک وەستانی ماتەمینی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی یەکێتی، هەموو جوولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی دەستی پێ کرد.

لە کۆبوونەوەکە یەکەم جار، هەڤاڵ مام جەلال، سکرتێری گشتی ی. ن. ک ڕاپۆرتی گشتی خوێندەوە.

هەڤاڵ نەوشیروان، ڕاپۆرتێکی دەربارەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان خوێندەوە.

کۆبوونەوەکانی تر، یەک لەدوای یەک لێپرسراوانی مەڵبەندەکانی ی. ن. ک، ڕاپۆرتەکانی خۆیان خوێندەوە.

هەڤاڵ ئەرسەلان بایز ڕاپۆرتێکی زارەکی دەربارەی کاروباری ڕاگەیاندن باس کرد.

جێگەی داخە لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/١٤، لە گەرمەی ڕۆژانی کۆبوونەوەکاندا، مامۆستا جەمال تاهیر بە هۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلەکەیان شەهید بوو، بەوە کەلێنێکی گەورە کەوتە کارەکانمان، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ کۆبوونەوەکانمان دواکەوتن.

کۆبوونەوەکان درێژەیان پێ درا، لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/١٦دا کۆبوونەوە بە دەقیقەیەک وەستانی ماتەمینی بۆ گیانی پاکی هەڤاڵی نەمر مامۆستا جەمال تاهیر دەستی پێ کرد.

* * *

لەو کۆبوونەوەیەدا کە تا ڕۆژی ١٩٨٣/٨/٤ی خایاند، لێدوان و باس لەسەر ڕاپۆرتەکان و هێڵی سیاسی و تاکتیک و کاروبارەکان درێژەی کێشا، تا لە ئەنجامدا گەیشتینە ئەم بڕیارانەی لای خوارەوە:

١. دەربارەی ڕژێم و هەڵوێست لە گفتوگۆ

ڕژێمی عێراق، ڕژێمێکی سەرمایەداریی دەوڵەتە، کە تێکەڵ بووە بە سەرمایەداریی بەشیی تایبەتی، حوکمی بۆرژووا، بیرۆکراتیی مشەخۆر و ڕەفتار فاشیستە، دوژمن بە گەلانی کورد و عەرەبە، بۆیە پێکهاتنی یەکجاری لەگەڵ ئەو ڕژێمە بۆ مافەکانی گەلی کورد بە ئۆتۆنۆمیشەوە، یان هێنانەدیی دیموکراسی مەحاڵە لە هەلومەرجی ئیستادا.

تەنانەت گفتوگۆ بۆ پشوودان و خۆسازدانەوەش، واتە بۆ

سـوودوەرگرتن لە گفتوگـۆ بـۆ زیـاتر خۆئامـادەکردن و باشـتر خۆسـازدان بـۆ هێنـانەدیی ئامـانجە سـەرەکییەکانمان، ناڕاسـت و ناڕەوایە.

سەبارەت بە گۆڕانی سروشتی چینایەتی و هەڵوێستەکانی و ڕژێـم و پەیـدانەبوونی شـەرتەکانی مەوزووعـی و زاتـی و نەگۆڕانێکی ئەوتۆی تەرازووی هێزەکان، کە چۆک بە دوژمن دابـدات. سـەرەڕای ئەوەش چـونکە نیـازی دوژمـن لە گفتوگۆیەکانـدا، سەلماندنی مافەکـانی گەلەکەمان نییە، بەڵکوو نیـازی زڕانـدنی ناوبـانگی "ی. ن. ک" و سـڕکردنی خەبـاتی شۆڕشـگێڕانەمان، دابڕینمـان لە هاوپەیمـان و هاوخەباتەکانمـان، هەروەک بەڵگەنامە و ڕووداوەکان دەریدەخەن.

واتە گفتوگـۆ ئێسـتا بـۆ ی. ن. ک، زۆرتـر زیـانبەخش و خراپترە. لەبەر ئەوە بڕیار درا گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی عەفلەقی ڕەت بکرێتەوە، بەلاوە بنرێت. بە پێچەوانەوە بڕیار درا لەسەر:

درێژەدان بە خەباتی شۆڕشگێڕانە لە دژی ڕژێمی عێراق بە هەموو شێوەکانی و پتر بەگژاچوونی حوکمی ڕەفتار فاشیستی بەغـدا، بە شـێوەیەکی کـاریگەرتر و فراوانتـر بە گەشـەپێدان و پەرەپێـدانی شۆڕشـەکەمان و چـالاکیی شۆڕشـگێڕانەی جۆراوجۆر، لە هەموو کۆڕەکانی خەباتی سیاسی و جەماوەری و فیکـری و کـۆمەڵایەتی و ئـابووری و... هتـد و زیـاتر تونـدوتیژکردنی هەڵـمەت و چالاکیی شۆڕشـگێڕانە لە شـار، لە لادێ و پتـر ڕیسـواکردنی نەخشـە، پلانەکـانی ڕژێـم و

پەیرەوکردنی سیاسەتێکی شۆڕشگێڕانەی پشوودرێژ، بۆ ڕووخاندنی ڕژێم و هێنانەدی ئامانج و دروشمەکانمان.

ئەگەر هاتوو ڕووداوێکی گرنگ و گۆڕینێکی ئەوتۆ ڕووی دا، کە گفتوگۆ بێنێتە پێش، ئەوسا کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆ دەبێتەوە بۆ بڕیاردان و هەڵوێستگرتن.

گفتوگۆنەکردن لەگەڵ حوکمی عەفلەقی لە هەلومەرجی ئیستادا، بە مانای گفتوگۆنەکردن نییە، لەگەڵ هەموو حکوومەتێکی عێراقیی تردا، یان ڕەتکردنەوەی سەرەتای گفتوگۆ نییە، لە هەموو هەلومەرجێکدا، هەرچەندە ی. ن. ک، سووریشە لەسەر خەباتی شۆڕشگێڕانەی درێژخایەنی خۆی، لە پێناو هێنانەدیی هەموو ئامانجەکانی خۆیدا. لەسەر هێشتنەوەی "هـ. پ. ک" و درێژەدان بە شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی و دیموکراسی تا بەئەنجامگەیاندنی.

## ئیمزاکان

نەوشیروان، فەرەیدوون، مام جەلال، مەلا بەختیار، بەکر حاجی سەفەر، جەمال، ئازاد، عومەر عەزیز، عەلی بچکۆڵ، جەمال، د. کەمال خۆشناو، عەلی حەوێز، نازم عومەر، خدر هەورامی، ئەرسەلان.

* * *

۲. هەڵوێست و شەڕفرۆشتنی لایەنەکانی "جود" بە "ی. ن. ک"

"ی. ن. ک" درێژە ئەدات بە خەباتی خۆی بۆ تێکشکاندنی هێرش و پەلاماری جود بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و "ی. ن. ک"، هەروەک خەبات ئەکات، لە پێناوی یەکێتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا. ی. ن. ک، ماوە نادات بە هێزەکانی جود بگەڕێنەوە بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکان، مەگەر "پ. د. ک" و "حشع" واز بهێنن لە شەڕی کوردی هەردوو دیوی کوردستان و یەکێتی و هێزی پێشمەرگە پەسەند بکەن، ئەوسا ئاشت ئەبینەوە لەگەڵیان، ڕێگەی خەباتی سیاسییان پێ ئەدا و شەڕیان ناکات.

بۆ دەرپەڕاندنی پاشماوەی هێزەکانی جود لە کوردستاندا، "ی. ن. ک" لە ڕووی سیاسییەوە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ساز ئەدات، لە ڕووی عەسکەرییەوە.

بڕیار درا کە وەڵامی بانگەوازی یازدە لایەنە عەرەبییەکە و لایەنە کوردستانییەکان، بەم جۆرە بدرێتەوە:

۱. پەسەندکردنی ڕێگەی گفتوگۆی هێمنانە و دیموکراتی بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکان.

۲. دابینکردنی ئازادیی بیروباوەڕ و سەربەستیی کاری سیاسی بۆ هەموو لایەنەکانی معارەزەی عێراقی، بەو مەرجەی:

أ. سەربەخۆ بن.

ب. دەست هەڵگرن لە شەڕی کوردی ئێران و عێراق.

ج. هەموو هێزەکانیان بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی عێراق.

د. یەکێتیی هێزە چەکدارەکان قبووڵ بکەن.

ئامادە بن بۆ قبووڵکردنی لیژنەیەکی تەحکیم، لە لایەن هێزە نیشتمانییەکانی کوردستانی عێراقی و عەرەبی.

ئیمزاکان

نەوشیروان، ئەرسەلان، فەرەیدوون، مام جەلال، مەلا بەختیار، عەلی بچکۆڵ، بەکر حاجی سەفەر، عومەر عەزیز، ئازاد، د. کەمال خۆشناو، عەلی حویز، نازم عومەر، خدر هەورامی، جەمال.

* * *

٣. بڕیار دەربارەی دروشمی یەکێتی

بە تێکڕای دەنگ بڕیار درا، کە دروشمی یەکێتی بگۆڕێ بە دروشمی:

"الاستقلال والديمقراطية للعراق وحق تقرير المصير للشعب الكردي"

" سەربەخۆیی و دیموکراتی بۆ عێراق و مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد"

ئیمزاکان

ئەرسەلان، نەوشیروان، فەرەیدوون، مام جەلال، بەکر حاجی سەفەر، ئازاد، مەلا بەختیار، عومەر عەزیز، عەلی بچکۆڵ، جەمال، د. کەمال خۆشناو، عەلی حەویز، نازم عومەر، خدر هەورامی.

* * *

٤. بڕیار دەربارەی هاوخەباتیی کوردستانی، عێراقی، عەرەبی بە گشتیی دەنگ، سیاسەتی لەمەوبەری "ی. ن. ک" لە مەسەلەی هاوخەباتی و گەشەپێدانیدا دووپات کرایەوە، کە:

* ی. ن. ک، هاوخەباتی لەگەڵ هێزە نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان و عێراق و گەلانی ناوچەکە، بە سەرەتایەکی گرنگ و شەریکی سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەزانێ.

لەسەر ئاستی کوردستان، هاوخەباتی لەگەڵ هێزە نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان، هەوڵدان بۆ دانانی ستراتیجی هاوبەشی جووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان، ئیشکردن بەو گوڕەیە.

لەسەر ئاستی عێراقی، هاوخەباتی و یەکێتی، تێکۆشان لەگەڵ هێز و لایەنە نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخوازەکانی عێراق و گەشەپێدان و بەگەڕخستنی "جوقد"، هەوڵدان بۆ هێنانەدیی بەرەی نیشتمانی عێراقی فراوان، بەهێزکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی "قیادة القطر العراق" و بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی.

لەسەر ئاستی ناوچەکە؛ گەشەپێدانی هاوخەباتی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبی و ئێرانی و تورکی.

لەسەر ئاستی جیهان، بەهێزکردنی هاوخەباتی لەگەڵ هێز و لایەنە کرێکاری و سۆسیالیست و پێشکەوتنخوازەکانی جیهان و لەگەڵ جووڵانەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلانی ژێردەستەدا.

**ئیمزاکان**

خدر هەورامی، ئەرسەلان، نەوشیروان، فەرەیدوون، مام جەلال، مەلا بەختیار، بەکر ئازاد، عومەر عەزیز، عەلی بچکۆڵ، جەمال، د. کەمال خۆشناو، عەلی حەوێز، نازم عومەر.

* * *

٥. بڕیار لەسەر هەڵوێستی ی. ن. ک، لە داگیرکەرانی کوردستان

داگیرکەرانی کوردستان، کە هۆی ژێردەستەیی و پاشکەوتنی خەڵکی کوردستانن، لەتەک هەموو ناکۆکییەکی خۆیاندا لەسەر بەگژداچوونەوەی و لاوازکردنی جووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، هاوبیر و هاوهەڵوێستن. لە کاتی پێویستدا تەبا و هاوکار دەبن، بۆ لێدانی بزووتنەوەی کوردایەتی.

ڕژێمی تورکیا، کە کۆلۆنی و ڕژێمێکی دیکتاتۆریی عەسکەریی شۆڤینییە، بە شێوەیەکی فاشییانە، ڕەفتار لەگەڵ

خەڵکی کوردستان ئەکات و پیلان لە جووڵانەوەی گەلەکەمان ئەگێڕێت، بە هەموو تواناوە ئەیەوێت کورد بە تورک بکات و سیمای نەتەوەیی کوردستان بسڕێتەوە.

ئەم ڕژێمە دوژمنایەتیی یەکێتی و ڕێبازی ئەکات، بۆیە ی. ن. ک، ئەم ڕژێـــمە بە دوژمنێکـــی گەورەی جـــووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان دائەنێ.

ڕژێمـــی داگیـــرکەری ئێرانـــی، ڕژێمێکـــی کۆنەپەرســـتی، سـەدەکانی ناوەڕاسـتی، شـۆڤێنییە و دوژمنـی ویسـت و خواسـتی گەلی کوردستانە، دڕندانە خەریکی قەلاچۆکردنی گەلەکەمانە لە کوردســتانی ئێــران، سەرســەختانە دوژمنــایەتیی ی. ن. ک، ئەکـات، بە هەمـوو توانـایەوە ڕێگە لە گەشـەکردنی ئەگرێـت و پیلانی لێ ئەگێڕێت، بۆیە یەکێتیمـان هەرگیز ئامادە نییە، لەسەر حیسابی مەبدەئی، هیچ جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ ئەم ڕژێمەدا ببەسـتێت، بـۆ مەبەسـتی تـاکتیکی. یەکێتیمـان هاوکـاری لەگەڵ هێزەکانی کوردایەتی، لەوێ لە سەرووی بەرژەوەندیی کاتی و پەیوەندیی لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا دائەنێت.

هەروەها بڕیار درا کە لەوە زیاتر گوێ لە درۆودەلەسەکان نەگرین، لە بەستنی پەیوەندی نائومێد بین و بەتەمای نەبین.

ئەو دوو داگیـــرکەرە، ڕژێمەکانیـــان لە ڕووی چینـــایەتییەوە، نـــوێنەری بۆرجـــوازی و مولکـــدارە عەقارییەکـــانی وڵاتەکەی خۆیـــانن. میراتگـــری دوو ئیمپراتـــۆرییەتەکەی عوســـمانی و سـەفەوین، هەمـان سیاسـەتی داگیرکەرانەی ئەو ئیمپراتۆرییەتـانە

دەرهەق نەتەوەی کـــورد جێبەجـــێ دەکەن لە دابەشـــکردنی وڵاتەکەیان و زەوتکردنی سامان و مافی نەتەوایەتیاندا.

داگیرکەری عێراق، ئەو ڕژێمە سەرمایەداری دەوڵەتەیە، کە لە بڕیاری ژمارە ١دا قسەی لەسەر کراوە.

ئیمزاکان

خـدر هەورامـی، ئەرسـەلان، نەوشـیروان، فەرەیـدوون، مـام جەلال، مەلا بەختیار، بەکر، ئازاد، عومەر عەزیز، عەلی بچکۆڵ جەمال، د. کەمال خۆشناو، عەلی، حەوێز، نازم.

* * *

٦. بڕیار دەبارەی پەیوەندیی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان

بە گشتیی دەنگ بڕیار درا کە پەیوەندیی نێوان کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان زیاتر گەشە بکات و توندوتۆڵتر دابمەزرێت، بەر بە قسەوقسەلۆک بگیرێت.

ڕێـــگە بـــدرێت بەو کەســـانە، کە نە کـــۆمەڵەن و نە شۆڕشگێڕان، لەسەر ئەساسی لێوەشاوەیی و توانا کاروباریان پێ بسپێردرێت.

وەرگرتنی ئەندامانی یەکتر بە ئاگاداریی یەکتر بێت.

دروستکردنی "خەت مائل" لەناو یەکتر قەدەغە بکرێت، بە جاسووس بدرێتە قەڵەم.

جگە لە ڕێکخستنی کۆمەڵە و شۆڕشگێران... لە دەرەوە... لقێک دروست بکرێت، کە پێک بێت لە کۆمەڵە و شۆڕشگێران و کەسانی بێلایەن و کۆنفرانسێ بکرێت بۆ هەڵبژاردن.

ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و شۆڕشگێران بۆیان هەیە، ڕێکخستنی ی. ن. ک، دروست بکەن. یان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سکرتاریەتی سکرتێری گشتییەوە هەبێت، لەو ڕێکخستنانەی ی. ن. ک، کە دروست دەبێت.

ئیمزاکان

خدر هەورامی، نەوشیروان، فەرەیدوون، مام جەلال، مەلا بەختیار، بەکر، ئازاد، د. کەمال خۆشناو، عومەر عەزیز، عەلی بچکۆڵ، جەمال، عەلی حەویز، ئەرسەلان، نازم عومەر

٧. بڕیار دەربارەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

بە گشتی دەنگ بڕیار درا لەسەر:

پاراستنی یەکێتیی هـ. پ. ک و گەشەپێدانی هـ. پ. ک بە ڕەچاوکردنی، سەرەتای کەفائە و لێوەشاوەیی و شارەزایی و لێزانین و ئازایەتی، دەست.و دەم و داوێنپاکی و دڵسۆزی و گوێڕایەڵییان، بۆ ڕێباز و هەڵوێست و سەرکردایەتیی ی. ن. ک.

گەشەپێدانی هـ. پ. ک، لەسەر ئەساسی:

أ. گۆڕینی شێوە و جۆری شەڕەکانمان، بەرەو شەڕی گەورە و دەستوەشاندنی کاریگەر لە دوژمن بە نیازی:

١. پەیداکردنی چەک و تەقەمەنی.

٢. پەیداکردنی پارە.

٣. دەنگدانەوە لە وڵات و لە دەرەوە.

٤. ڕزگارکردنی ناوچەی لاواز لە ڕووی توانای دوژمنەوە، یان پێویست بۆ شۆڕش.

٥. دەرکردنی عەشایر و تاقمە عەرەبەکانی کە هاتوون بۆ تەعریبکردنی کوردستان و تەمبێکردنیان، بۆ تێکدان و هەڵوەشانەوەی کۆلۆنی عەفلەقییەکان، کە لە عەشایر و جاشە عەرەبەکان دروست کراوە.

ب. کردنەوەی دەورەی پەروەردەکردن و هۆشیاریی کادری پێشمەرگانە و سیاسی بۆ هـ. پ. ک.

ج. دانانی ڕێبەری سیاسی هوشیار و بە شەخسیەت و گونجاو لەناو "هـ. پ. ک"دا.

د. جۆشدانی خەباتی پێشمەرگانە لە شارەکانی کوردستان و عێراقدا، تەرخانکردنی توانا و یارمەتیی پێویست بۆ ئەم کارە.

ه. بەربەرەکانێکردنی خووڕەوشتی چەتەگەری لەناو "هـ. پ. ک"دا، بەگژاچوونی شڕەخۆری و ڕاوورووت... هتد. سزادانی

ئەو موخالیفانەش و بڵاوکردنەوەی سزادانیان لە ڕادیۆ و بڵاوکراوەکان.

و. چارەکردنی گیروگرفت و کێشەی ژیاندن و بەخێوکردنی "پ. م" و بنەماڵەی "پ. م" و شەهیدان.

ز. دانانی مقیاس و سنوور و دەسەڵات، بۆ کوشتن و فڕاندن و تەمێکردنی پیاوخراپان. بەوەی کە کوشتن و بڕیاردانی لە دەسەڵاتی فەرماندەی کەرت و فەرماندەی تیپەکاندا نەبێت، تەنانەت لە کاتی تایبەتیشدا بە موافەقەی کۆمیتەی مەڵبەندەکان بێت.

ح. دارشتنی سیاسەتی ی. ن. ک، بەرانبەر ئەسیرەکان لەسەر ئەساسی پاراستنی گیانیان و گلدانەوەیان.

هەروەها بڕیار درا کە پێڕەوی هـ. پ. ک، دەسکاری بکرێت، ئەم خاڵانەی تێیدا ڕەچاو بکرێت.

١. ئەو کەسەی لە هێزەکانی تر و لە دوژمنەوە چەک ئەهێنێت، چەکەکەی هەر لای خۆی ئەبێت، تا پێشمەرگە بێت، بەڵام ئەو چەکە موڵکی شۆڕش ئەبێت.

٢. پێشمەرگە ئازا و دڵسۆزە کۆنەکان، گەر نەقڵ کران بە ڕەزامەندیی لێپرسراوەکانیان بە چەکەکەی خۆیەوە نەقڵ ئەکرێت.

٣. خستنەگەڕی هەموو تیپەکانی هـ. پ. ک، بۆ شەڕکردن دژی داگیرکەری فاشیستی عێراق، بە جۆرێ کە هەر کەرتێک

ئەبێت، لە یەک مانگدا بەلای کەمەوە دوو چالاکی بنوێنێت لەو جۆرە چالاکییانەی کە لە سەرەوە دیاری کراون.

٤. هەر پێشمەرگەیەک چەکی خۆی ببێت، واتە بە پارەی خۆی کڕیبێتی، لە کاتی ئەوەی کە خۆی، یا کەرتەکەی چەک ئەگرن، بۆی بگۆڕن، تا بتوانێ چەکەکەی خۆی وەرگرێتەوە، یا بیفرۆشێت، بەو مەرجەی دوو ساڵ زیاتر بەسەر پێشمەرگایەتیدا تێپەڕ بووبێت.

٥. بەشداربوون لە شەڕدا شەرتێکە لە شەرتەکانی تر بۆ دانانی پێشمەرگە بە لێپرسراو، بەم جۆرەی خوارەوە:

أ. بۆ فەرماندەی مەفرەزە، بەلای کەم لە دوو چالاکیدا بەشداریی کردبێت.

ب. بۆ فەرماندەی کەرت، بە لای کەم لە چوار چالاکیدا بەشداریی کردبێت.

ج. بۆ جێگری فەرماندەی تیپ، بە لای کەم لە پێنج چالاکیدا بەشداریی کردبێت.

د. بۆ فەرماندەی تیپ بە لای کەمەوە لە شەش چالاکیدا بەشداریی کردبێت، سەرکردایەتیی یەک لە چالاکییەکانی کردبێت.

٦. هەوڵدان بەگوێرەی نەخشەیەکی درێژخایەن، بۆ تواندنەوەی پێشمەرگە لە بۆتەی هـ. پ. ک، بۆ گوێڕایەڵی و زەبتورەبت و بۆ جێبەجێکردنی هـ. پ. ک.

٧. نەخشـەدانان بـۆ گرتنـی هەنـدێ ناوچەی میـری لە لایەن مەڵبەندەکانەوە.

ئیمزاکان

خـدر هەورامـی، ئەرسـەلان، نەوشـیروان، فەرەیـدوون، مـام جەلال، مەلا بەختیـار، بەکـر، ئـازاد، عـومەر عەزیـز، عەلـی بچکۆڵ، جەمال، د. کەمال خۆشناو، عەلی حەویز، نازم عومەر

٨. بڕیـار دەربـارەی دابینکردنـی پێویسـتییەکانی ژیـانی پێشمەرگە و بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش

١. لە هەر مەڵبەندێک مەفرەزەیەکی تایبەتی دابمەزرێت بۆ فڕانـدنی دەوڵەمەنـدە گەورەکـان، تـا بـاج لە سـەرمایەکانیان وەربگیرێت.

٢. کۆکردنەوەی پارە لە تیپەکان قەدەغە بکرێت، هەر کەسێ مخالەفەی کرد، سزا بدرێت.

٣. ناوەندی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان ئیتر پارە کۆ نەکەنەوە.

٤. هەوڵدان بۆ دەستبەسەرداگرتنی پارە و پول و کەلوپەلی بانکەکان و دائیرەکانی دەوڵەت.

٥. ئەو دەوڵەمەندانەی کە پارەیان داوەتە قادسییەی سەدام... بفڕێندرێن و هەمان پارەیان لێ بسێندرێت.

ئیمزاکان

خدر هەورامی، نازم عومەر، عەلی خەوێز، د. کەمال خۆشناو، عەلی بچکۆڵ، جەمال، بەکر، مەلا بەختیار، عومەر عەزیز، ئازاد، مام جەلال، فەرەیدوون، ئەرسەلان، نەوشیروان

٩. بڕیار دەربارەی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان

**یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان**

دەربارەی ی. خ. ک بە گشتیی دەنگ بڕیار درا کە:

١. یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان بە ڕەسمی بناسین.

٢. یەکێتیی خوێندکارەکانی "ی. ش. ک" بەشداریی تەواوی تێدا بکەن.

٣. هەوڵ بدرێ سەرکردایەتی ی. خ. ک، هاوبەش بێت بەڵام لەسەر بناغەی کەفائەت و لێوەشاوەیی.

## یەکێتی مامۆستایانی کوردستان

بڕیار درا بە هەمان شێوەی خوێندکاران ڕەفتار لەگەڵ ی. م. ک بکرێت.

یەکێتیی نووسەرانی کوردستان

١. پێویستە یەک یەکێتیی نووسەرانی کوردستان بناسین، لەسەر ئەساسی نووسەرە کەڵەکان، کە ببێتە بناغەیەک بۆ یەکێتیی نووسەرانی کوردستان.

٢. ژیان و ئازادی بۆ یەکێتیی نووسەران دابین بکەین.

٣. هەوڵدان بۆ تەشجیعکردنی ئەدەبی بەرەنگاری شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازانە، بەبێ دەستوەردان لە کاروبارییاندا، تەشجیعکردنی ئەدیبانی ئەندام و دۆستانی ی. ن. ک بۆ بەشداریکردن لە یەکێتییەکەدا.

٤. دامەزراندنی "دار النشر"ێکی ئازاد بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە "ی. ن. ک"، ڕێگە لە بڵاوکردنەوەی ئەگرن، یان نایانەوێ بڵاو بکرێتەوە، بە مەرجێ هەموو کوردێکی ڕزگاریخواز بۆی هەبێت لەو "دار النشر"ەدا بەرهەمی شایستەی خۆی بڵاو بکاتەوە.

## یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان

١. بە هەمان چەشن ژیان و ئازادی و یارمەتی بۆ ی. هـ. ک، دابین بکرێت.

٢. ئەگەر تیپی مۆسیقا یا هەر تیپەکی تر سەر بە یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان لە ڕیزی شۆڕشدا دامەزرا، کۆمەکی پێ بکرێت، بەگوێرەی توانا پێویستییەکانی دابین بکرێت.

**تێبینی:**

هەر تیپەکی مۆسیقا دابمەزرێت یان ئەبێت سەر بە "ی. هـ. ک" بێت، یان تیپی مۆسیقای "ی. ن. ک" بێت.

## یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ی. ئـ. کوردستان، ئەویش بە سازکردنی زەمینەی ئەو کارە و ناردن بە شوێن نوێنەرانی ئافرەتان و ئافرەتانی "کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان" لە هەر شار - یەکێک یان زیاتر، بەو ئیتیجاهەش قسەیان لەگەڵ بکرێت.

ئیمزاکان

ئەرسەلان، خدر هەورامی، نازم عومەر، عەلی حەوێز، د. کەمال خۆشناو، عەلی بچکۆڵ، عومەر عەزیز، ئازاد، مام جەلال، بەکر، نەوشیروان، مەلا بەختیار، فەرەیدوون

* * *

١٠. بڕیار دەربارەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ی. ن. ک

بڕیار درا دەربارەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەسەر ئەساسی پاراستنی سەربەخۆیی ی. ن. ک و ڕێبازەکەی بەم چەشنەی خوارەوە پۆل پۆل بکرێ:

١. پەیوەندیی هاوخەباتی یەکێتیی تێکۆشان، کە لەگەڵ هێزە نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانی و عێراقی و هێز و لایەنە نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبی و ئێرانی و تورکی و لەگەڵ هێز و لایەنە کرێکاری و سۆسیالیستی و پێشکەوتنخوازەکانی دنیادا بێت.

٢. پەیوەندیی دۆستانە و پەیوەندیی کاری دیپلۆماسی و پڕوپاگەندە، کە ئەمە هەم لایەنە دۆستەکان ئەگرێتەوە، هەم ئەو لایەنانەی کە لە ڕێباز و بیروبۆچوون، یەک ناگرینەوە، بە مەبەستی پەیداکردنی یارمەتیی مالی، ئینسانی و داوودەرمان یا بە مەبەستی پڕوپاگەندەی ئیعلامی، گەیاندنی دەنگی ڕەوای گەلەکەمان بە ڕای گشتی جیهانی.

٣. پەیوەندییەکانی خالّی ژمارە یەک، کە پەیوەندیی سیاسی و هاوخەباتییە، ڕێکخراوەکانی ی. ن. ک، لە وڵاتەکانی هەندەران لێ بەرپرسیار ئەبن.

٤. پەیوەندییەکانی خالّی دووەم بە هۆی دەزگایەکەوە ئەبێت، کە بەرپرسیار بێ لە پەیوەندییەکانی دەرەوە. ئەو دەزگایە یەک لێپرسراوی هەبێت و لە هەر وڵاتە نوێنەرەکی ببێت "وەکوو سەفیر"، کە مەرج نییە ئەو نوێنەرانە ئەندامی یەکێتی بن، بەڵام دەبێ سیاسەتی یەکێتی قبووڵ بکات و بەوگوێرەیە کار بکات.

٥. بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی دەرەوە هەوڵ بدرێت گەشە بدرێت بە پەیوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپا، دەوڵەتانی سۆسیالیست و حیزبە سۆسیالیستەکانی دۆستی نەتەوەکەمان، هێزە ئازادیخوازەکانی؛ عەرەبی، ئێرانی، تورکی، هێزە ئازادیخوازەکانی دنیای سێیەم، هێز و ڕێکخراوە خێرخوازەکانی ئەورووپا، ڕێکخراوەکانی؛ قوتابیان، لاوان، ئافرەتان، کرێکاران، دادپەروەرانی دنیا.

ئیمزاکان

فەرەیدوون، نەوشیروان، ئەرسەلان، خدر هەورامی، مەلا

بەختیار، بەکر، ئازاد، مام جەلال، جەمال، عەلی بچکۆڵ، عومەر عەزیز، د. کەمال خۆشناو، عەلی حەویز، نازم عومەر

١١. بڕیار دەربارەی هەڵوێست لە هێنانی شەڕی عێراق و ئێران بۆ کوردستان:

هێنانی شەڕ بۆ کوردستانی عێراق لە لایەن دوو حکوومەتە داگیرکەرەکەی کوردستان و جاشە خۆفرۆشەکانی هەردوو دیو دەبێتە، مایەی کوێرەوەری و ماڵوێرانی و دەربەدەری و مەینەتیی زۆروزەبەند بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، دەبێتە هۆی وێرانکردنی کوردستان، دەربەدەریی هەزار خێزانی کورد.

ئەم شەڕە و هاتنی بۆ کوردستان، کوردە خۆفرۆشەکان هی جود لە لایەک و جاشەکانی دیوی عێراق لە لایەکی تر، دەوری کاریگەرییان لە گواستنەوەی شەڕەکە بۆ کوردستان دیوە، هێزەکانی جودیش دەیانەوێ، پێش ئاهەنگی داگیرکەری ئێران بکەن و لەتەکیا بگەڕێنەوە کوردستانی عێراق و گیروگرفت بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و یەکێتی ساز بکەن، هەر بۆیە ی. ن. ک، بەردەوام بێت لەسەر سیاسەتی خۆی، سیاسەتی بەگژداچوونی ڕیسواکردنی ئەو شەڕە، کە لە نێوان دوو دەوڵەتی بوورژووازی کۆنەپەرست و شۆڤینی دوژمن بە گەل ڕووی داوە، تا هەردووکیان داگیرکەری کوردستانن. سەبارەت بەو ڕاستییانە ک. س. بڕیار دەدات کە:

١. حەملەیەکی ئیعلامیی فراوان بکات لە دژی ئەو شەڕەی دژی هێنانی شەڕەکە بۆ کوردستان و پتر ڕیسواکردنی هەردوو حکوومەتە داگیرکەرەکە و جاشەکانی هەردوو دیو بە جودیشەوە.

٢. هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ساز بدات و کۆ بکاتەوە بۆ خۆپاراستن و بەرگری لە ناوچە ڕزگارکراوەکان.

٣. گیانی بەرەنگاریکردن لە ڕیزی کۆمەڵانی خەڵکدا گەشە پێ بدات و هانیان بدات و سازیان بکات لە خەباتدا دژی هەردوو دەوڵەتە داگیرکەرەکەی. لەو شارانەدا کە خەڵکی بەرگری پەسند دەکەن یان دەتوانرێت بەرگریی لێ بکرێت، ڕێگە دەدا بە خەڵکی سەربەخۆمان "یەکێتی" بۆ خۆپڕچەککردن و بەشدارییی لە بەربەرەکانێکردنی و بەرەنگاربوونی پەلاماردانی ئێران. بە مەرجێ وا ئاراستە بکرێت کە دوایی ئەو چەکانە بهێننە ڕیزی شۆڕش.

٤. ڕێگە نەدەین هێزەکانی "جود" جێگیر بن و لە هەموو لایەکەوە پەلامار بدرێن بۆ دەرپەڕاندنیان.

٥. بەرەنگاربوونەوەی هێرشی ئێران، بە ڕەچاوکردنی سەرەتاکانی شەڕی پێشمەرگانەوە و خۆنەخستنە بەر لێشاوی هێرشەکەوە، خۆڕاگرتن و بەپێی توانا و دەستکردنەوە لەو شوێنانەوە لەتوانادایە و زەرەری زۆرمان لێ نادات.

ئیمزاکان

جەمال، مام جەلال، خدر هەورامی، د. کەمال خۆشناو،

عەلی حەوێز، نازم عومەر، عەلی بچکۆڵ، فەرەیدوون، ئازاد مەلا بەختیار، فؤاد معصوم، بەکر، ئەرسەلان، عومەر عەزیز

۱۲. بڕیار دەربارەی گەشەپێدانی ڕاگەیاندن:

ک. س بڕیـاری دا بە هەمـوو توانـاوە هەوڵ بـدرێت بـۆ گەشەپێدانی ڕاگەیاندنی ی. ن. ک لەسەر سیاسەتێکی خاوەن بەرنامە و بەپێی نەخشە و پلانی بڕیارلێدراو لە سەرکردایەتییەوە، بە جۆرێک ڕاگەیاندنی مەڵبەندەکان بەشێکی تەواوکەری بێت و ڕاگەیانـدنی دەرەوەش ڕەنگـدانەوەی بێـت. هەر بۆیەش دەبێـت زۆر ئیهتیمام بدەین، بە ڕاگەیاندن و کادیری پێویستی بۆ پەیدا بکەین و مەناخێکی ئەوتۆش بۆ کادیرەکانی برەخسێنین، تا بە ئەرکەکـــانی سەرشـــانی خۆیـــان هەڵســـن، هەروەک دەورەی پێویستیشـیان بـۆ بکەیـنەوە، بـۆ زیـاتر شـارەزاکردن و چـاکتر پەروەردەکردنیان. هەوڵ بدەین بۆ پەیداکردن و پەروەردەکردنی پەیامنێرەکـــانی ڕادیـــۆ و گۆڤارەکـــان و بڕیـــار بـــدەین کە کاروبارەکـان و بەرنامەکـان بەسـەر هەڤـاڵانی لێـزان و لێوەشـاوە دابەش بکەین، بەوپێیە کە بەشەکانی ڕاگەیاندن بریتی دەبن لە:

۱. بەشی هاندان و جۆشدانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

۲. بەشـی هانـدان و جۆشـدانی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق، بە جۆشدانی هاوخەباتی هێزە شۆڕشگێڕەکانی عێراقیشەوە.

۳. باشتر ڕیسواکردنی ناحەزان، بە تایبەتی جود.

٤. باشتر ڕیسواکردن و سووککردنی جاشەکان و هێزەکانی سەربە ڕژێمی بەغدا.

٥. چاکتر ناساندنی ی. ن. ک، هـ. پ. ک بە کۆمەڵانی خەڵک. باشتر ڕوونکردنەوەی هەڵوێست و سیاسەتەکانی ی. ن. ک.

٦. ژیاندنەوەی بیرەوەری شەهیدان و سەروەرییەکان و ڕێکخستنی دەفەری سەروەری بۆ شەهیدان.

٧. ژیاندنەوەی بیرەوەرییەکانی نیشتمانی و خۆمانی و جیهانی بە گشتی و هـی ی. ن. ک و شۆڕش "بە کۆمەڵە و شۆڕشگێڕانەوە" بە تایبەتی.

٨. کردنەوە و گەشەپێدانی بەشەکانی؛ خوێندکاران، مامۆستایان، ئافرەتان، نووسەران، لاوان، کرێکاران، جووتیاران... هتد.

هەروەها پێویستە ئیستگەکەمان باشتر گەشەی پێ بدرێت و بەرنامەی کرمانجی و عەرەبییەکەی زیاتر بکرێت. هەوڵ دەین دەزگاکانی ئیستگەش بهێنینەوە و ستۆدیۆی موتەنەقڵی بۆ دروست بکەین.

پێویستە گۆڤارەکانی "الشرارة" و "ڕێبازی نوێ" لە وڵات و "الاتحاد"، "spark"، "ئاڵا" لە دەرەوە بە ڕێکوپێکی دەربچێت، بەڵام پێویستە ژمارەکانی الشرارة و ڕێبازی نوێ لە ٣ هەزار کەمتر نەبن و تەنها هەزار بۆ مەڵبەندەکان بێت.

بڕیار درا "دار النشر"ێکی ئازادیش دابمەزرێت بۆ چاپکردنی بەرهەمی نووسەران بەپێی دروشمی دابینکردنی ئازادی و سەربەستی بۆ نووسەرانی کورد.

بۆ هەڵسان بەو ئەرکانەی سەرەوە بڕیار درا:

١. مەکتەبی ڕاگەیاندنی مەرکەزی پێک بهێنینەوە و لێپرسراوی ڕاگەیاندنی مەڵبەندەکان ئەندام بن تێیدا...

٢. ئەم مەکتەبە سەرپەرشتی و چاودێریی ڕاگەیاندنی ی. ن. ک، دەکات بە ڕاگەیاندنی دەرەوە و مەڵبەندەکانیشەوە بەپێی نەخشە و پلانەکانی سەرکردایەتی.

٣. دیاریکردنی ئەرک و فەرمانەکانی ڕاگەیاندنی مەڵبەندەکان، بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکانی مەرکەزی و چاپکردنەوەیان و ڕاگەیاندنی سیاسەت و هەڵوێستی ی. ن. ک لە ناوچەکانیاندا. بۆشیان هەیە گۆڤاری تایبەتیی خۆیان دەربکەن، بە ڕەچاوکردنی نەخشە و پلانی ڕاگەیاندنی مەرکەزی و بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ناوچەکانی خۆیان بە سەرپەرشتیی مەڵبەند.

٤. بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان مەکتەبی ڕاگەیاندنی مەرکەزی لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەرەوە و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی بێسیم بۆ پەیوەندیی ڕۆژانە.

٥. هەوڵدان بۆ پێکهێنانی تیپی مۆسیقا و شانۆ و وێنەگری سینەمایی و ڤیدیۆ.

٦. بڕیار درا کە سروودی ئەی ڕەقیب بگۆڕدرێ بە

سـروودێکی باشـتر و پێشـکەوتووتر، کە خەبـاتی نیشـتمانی و چینـایەتی بگـرێتە خـۆی، تـا ئەو کـاتەی بە هـۆی نووسـەر و هونەرمەنـدەکانەوە سـروودێکی شایسـتە ئامـادە دەکرێـت، بـا سرووده نیشتمانییەکان بەکار بهێنری.

٧. بۆ گۆڕینی ناوی ئیستگە لە دەنگی شۆڕشی عێراقەوە، قسە لەگەڵ لایەنەکانی جوقد بکرێ.

٨. بڵاوکـردنەوەی نـامیلکە و کتێـب لە لایەن ئیعلامـی مەرکەزی ڕێگە دەدرێ، لە مەڵبەندەکان چاپ بکرێ.

٩. بەشەکانی ڕاگەیاندنی مەڵبەندەکان، کاروباری کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان بکەن تا ئاستی لق و ڕێکخراوەکان.

ئیمزاکان

خـدر هەورامـی، مـام جەلال، جەمـال، د. کەمـال خۆشـناو، عەلـی حەوێـز، نـازم عـومەر، بەکـر، فەرەیـدوون، ئـازاد، عەلـی بچکۆڵ، عومەر عەزیز، نەوشیروان، مەلا بەختیار، ئەرسەلان

١٣. بڕیار دەربارەی چەسپاندنی ئەنجوومەنی دێهاتەکان

گرنگیـدان بە ئەنجـوومەنی ئاوایيەکـانی کوردسـتان، بەو عاقـارەدا کە هەمـوو کاروبارەکـانی ئیـداری و حـوکمڕانی ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە بە هۆی نوێنەرەکانییانەوە بکرێت، بۆیە ک. س بڕیاری دا کە:

١. هەوڵ بدرێت بۆ پاراستن و چەسپاندنی ئەنجوومەنەکانی دێهاتەکانی کوردستان.

٢. بۆ دامەزراندنی ئەو ئەنجوومەنانە ئەوپەڕی سەربەستی و ئازادی خەڵکی بپارێزرێت. ئەنجوومەنەکان بە هەڵبژاردنی ئازاد و ڕاستەوخۆ بێت بێ دەستتێوەردان، واتە دەبێت کۆمەڵانی خەڵک هان بدەین و ساز بدەین، تاوەکوو خۆیان بە ئارەزووی خۆیان نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن.

٣. پێویستە ڕێکخراوەکان و کەرت و تیپەکانی هـ. پ. ک پشتیوانی ئەنجوومەنەکان بکات و یارمەتییان بدات لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانیان لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی گشتی و ڕێگە نەدرێ بە هیچ شێوەیەک تەدەخول لە کاروباریاندا بکرێت.

٤. تاقیکردنەوەی ئەنجوومەنی دێهاتەکان، سەرەتایەک بێت لەگەڵ پەرەسەندنی دەسەڵاتی شۆڕشدا، ئەو تاقیکردنەوەیە ببرێتە شار و شارۆچکەکانیش تا لە ئەنجامدا کوردستانیش لە لایەن ئەنجوومەنێکی ئازاد و دەسەڵاتدارەوە بەڕێوە ببرێت.

ئیمزاکان

خدر هەورامی، جەمال، د. کەمال خۆشناو، عەلی حەوێز، عەلی بچکۆڵ، نازم، عومەر، ئازاد، فەرەیدوون، نەوشیروان، ئەرسەلان، عومەر، عەزیز، مەلا بەختیار، بەکر

### ١٤. بڕیار دەربارەی شوێنی سەرکردایەتی و کەلوپەلەکانی

١. لەبەر ئـــاڵۆزیی هەڵـــومەرجەکە، پێویســـتە بارەگاکـــانی ســـەرکردایەتی بـــاری گرانـــی خۆیـــان ســـووک بـــکەن، بـــۆ ئەم مەبەستەش بڕیار درا:

أ. دابەشـــــکردنی کەلوپەلەکـــــانی مەشـــــجەب بەســـــەر مەڵبەندەکاندا.

ب. هێنانەوەی ئەرشیف بۆ م. س لە هەر کوێ هەبێت.

ج. هەڵگرتنـــی ڕایەخ و کەلـــوپەل لە لای دۆســـتەکانمان لە گوندەکانی ناوچەکە.

د. هێنانی ڕادیۆ پەککەوتەکە بۆ لای م. س بۆ چاککردنەوە و دامەزراندنی.

ە. دابەشـــــکردنی تایـــــپ و ڕۆنیـــــۆ زیادەکـــــان بەســـــەر مەڵبەندەکانـــدا، بە ڕەچـــاوکردنی ئەوەی کـــامە مەڵبەنـــد لەمەوبەر بێبەش بووە.

٢. ئەگەر هەلـومەرجەکە گـۆڕانێکی ئـاڵۆزی بەسـەردا نـێ بە ڕادەی ســـــەرەکی بیـــــر لە نـــــاوچەی "شـــــوانۆک" لە دۆڵەڕەقە کـــراوەتەوە بـــۆ ســـەرکردایەتی و لە دۆڵـــی "کـــانی شـــینک" بـــۆ ئیحتیات چەند خانوویەک دروست بکرێ.

ئیمزاکان

د. کەمـــال خۆشـــناو، خـــدر هەورامـــی، مـــام جەلال، عەلـــی حەوێـــز، جەمـــال، نـــازم، عـــومەر، عەلـــی بچکـــۆڵ، فەرەیـــدوون، نەوشیروان، ئازاد، عومەر، عەزیز، ئەرسەلان

### ١٥. بڕیاری هەمەجۆر

١. بڕیار درا هەوڵ بدرێت ٢٠ جیهازی کنود و سەد جیهازی هۆکی کۆکی لەگەڵ ٢٥٠ ئەریەلی ئیزافی بکڕین و مشووری هێنانی بخۆین.

٢. بڕیار درا لیژنەی لێکۆڵینەوە دابندرێت بۆ ڕووداوەکەی چەرمەگا.

٣. دەربارەی جاشەکان: بڕیار درا بانگەوازێک دەربکرێت و عەفووکردنیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، پاش ئەو ماوەیە نەخشەی زەبرلێدانیان دابندرێت و جێبەجێ بکرێت.

ئیمزاکان

جەمال، خدر هەورامی، مام جەلال، د. کەمال خۆشناو، عەلی، حەوێز، نازم، عومەر، ئازاد، عەلی بچکۆڵ، عومەر، عەزیز، ئەرسەلان، فەرەیدوون، نەوشیروان

### ١٦. بڕیار دەربارەی گەشەپێدانی تیپەکان

هەوڵدان بۆ زیادکردن و گەشەپێدانی تیپەکان لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، بە دابینکردنی ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە و خستنەگەڕی هـ. پ. ک لە شەڕەکاندا، هاندان و جۆشدانی کۆمەڵانی خەڵک بۆ پێشمەرگایەتی و هەڵسان بە حەملەیەکی هوشیارکردنەوە و ڕاکێشانی تێکۆشەران بۆ پێشمەرگایەتی.

هەروەها پێویستە ڕێکخراوەکان و لیژنەی ناوچەکان، خەبات بکەن بۆ هاندانی تێکۆشەران بۆ پێشمەرگایەتی، پێویستە کەڵکیش وەرگرین لە ڕزگارکردنی ناوچەکان و هێرشی ئێران و فیرارکردنی سەربازەکان بۆ گەشەپێدانی تیپەکان بەپێی نەخشەیەکی دانراو.

دیاریکردنی ئەرک و فەرمانی سەرتیپ و جێگری سەرتیپ و ڕێبەری سیاسی و تەحدیدی دەسەڵاتی هەریەکەیان.

بە جۆرێک کە کاروباری عەسکەری لە ئەستۆی سەرتیپ و جێگری سەرتیپ دەبێت، خەریکی پەروەردەکردنی دەستومەقامی پێشمەرگە و سازدانیان بێت بۆ شەڕ.

کاری ڕێبەری سیاسییش پەروەردەکردنی پێشمەرگە بێت، لە ڕووی بیروباوەڕ و دڵ و دەروونەوە و تێگەیاندنی مانای پێشمەرگایەتی و ئەرک و مافەکانی و ڕوونکردنەوەی سیاسەت و هەڵوێستی ی. ن. ک و شۆڕش، هاندانی پێشمەرگەکانیش، بۆ شەڕ و جۆشدانی گیانی هەڵمەت و فیداکاری لە دڵ و دەروونیاندا، سەرپەرشتی بەدیهێنانی سیاسەتی ی. ن. ک و شۆڕش بکات.

ڕێبەرە سیاسییەکان تەرخان کراون بۆ کاروباری سیاسیی ی. ن. ک، نەک بۆ ڕێکخستنی پێشمەرگە بۆ باڵەکانی خۆیان.

دەربارەی سەربازی فیرار

١. هاندانی سەرباز بۆ ڕاکردن لە ڕیزی دوژمن و هێنانی چەک بۆ شۆڕش.

٢. هەوڵدان بۆ هوشیارکردنەوە و ڕێکخستنی سەربازە فیرارەکان و هێنانیان بۆ ڕیزی هـ. پ. ک. یان ڕێکخستن.

٣. ڕێکخستنی جۆری هەڵسوخوست و ڕەفتار و ژیان و گوزەرانیان لە دێیەکاندا.

٤. قەدەغەکردنی ناردنی مەوالید بۆ سەربازایەتی لە ناوچە ڕزگارکراوەکان.

٥. ئامۆژگاریکردنی کادر و لێپرسراوەکانی ی. ن. ک و شۆڕش کە گاڵتەیان پێ نەکەن، بەڵکوو ڕێزیان لێ بگرن و دۆستایەتیان بکەن.

ئیمزاکان

خدر هەورامی، نازم، عومەر، ئەرسەلان، عەلی، حەوێز، جەمال، د. کەمال خۆشناو، عەلی بچکۆڵ، مەلا بەختیار، عومەر، عەزیز، ئازاد، بەکر، مام جەلال، نەوشیروان، فەرەیدوون

١٧. تیپەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

١. گۆڕینی ناوی هەرێم بۆ تیپی ١٤ی ماکۆک... هەموو ماف و ئەرکەکانی تیپەکانی "هـ. پ. ک"ی هەبێت، تیپەکەی لە چەند کەرتێک ڕێک بخرێت.

٢. ڕێگەنەدان بە پیاوخراپ و یاخییەکان ماوەیان نەدرێت لێ بحەوێنەوە.

٣. مەسەلەی چەکەکانیش لەگەڵی لابەلا بکرێت.

٤. لەو کەرتانەی کە کاتی خۆی لێی جیا بۆتەوە، دەتوانن گەر ئارەزوویان هەبێت بۆ گەڕانەوەیان بۆ تیپی ١٤... وا ڕێگەیان بدرێ.

٥. کاک سوارەی عەباس ئاکۆ دەبێت بە سەرتیپ.

هێزەکانی مەڵبەندی سێ بکرێت بە شەش تیپ:

١. تیپی ١٢ی سۆران، حەسەن کوێستانی، دوو فەرماندەی تیپ زیادن

٢. تیپی ٧٤ی باڵەک، قادر خەبات

٣. تیپی کارۆخ، ئەحمەد مەولوود

٤. تیپی مەڵبەند، محەمەدی کاک هەمزە

٥. تیپی شەهیدان، فەقێ حەسەن

٦. تیپی ماکۆک، سوارە عەباس ئاکۆ

تیپ و کەرتەکانی تر لە مەڵبەندی سێ، بەسەر ئەو شەش تیپانە بە ئارەزووی خۆیان دابەش دەکرێن.

هیچ چەکی ڕاستەوخۆ لە لایەن سەرکردایەتییەوە نەدرێ بە

تیپ و کەرتەکان، بەڵکوو لە ڕێگەی مەڵبەند-تیپ بێت.

تیپە بەهێزەکان زیاتر لە ۲۰۰ پێشمەرگە، لەو چەکانەی دەیگرن، سێیەکی ئەو چەکانە بدەن بە مەڵبەند بۆ دابەشکردنی.

بەڵام تیپە لاوازەکان وا ئەو چەکانەی دەیگرن لای خۆیان دەمێنێ.

مەڵبەندی چوار

تیپی سەفین:

- تەحسین کاوانی و کەرتەکەی نەقڵ بکرێ وەک جێگری ف/ تیپ بۆ تیپی سەفین.

- ناردنی جوامێر بۆ تیپی سەفین بۆ ماوەی شەش مانگ، پاشان نەقڵ دەبێت بۆ دەشتی هەولێر.

- دۆڵی سماقووڵی بخرێتە سەر سەفین.

تیپی ۹۳ کۆسرەت

- ڕەهبەر بکرێ بە جێگری ف/ تیپی ۹۳ی کۆسرەت.

- گۆڕینی ناوی تیپی ۹۳ی کۆسرەت بۆ تیپی ۹۳ی کۆیە.

- کەرتی دڵشاد و جەنگی، نەقڵ بکرێن بۆ تیپی ۹۳ی کۆیە.

تیپی ٩٩ی بیتوێن

- بەکر پیرۆت نەقڵ بکرێت لە تیپی ٩٩ی بیتوێن.
- جوانە نەقڵ بکرێ بۆ تیپی ٩٩ی بیتوێن.
- ناوچەی شاخی کۆسرەت بدرێت بە تیپی ٩٩ی بیتوێن.
- لەو کەسانەی دەیانەوێ نەقڵ بن لە تیپی ٩٣ی کۆیە بۆ تیپی ٩٩ی بیتوێن.

تیپی بەڕانەتی

- سمکۆ بەکرێ بە فەرماندەی تیپی بەڕانەتی.
- مەجیدە سۆر و لەشکری نەقڵ بکرێن بۆ ئەو تیپە.
- محەمەد هەرکی بە تیپەوە نەقڵ بکرێت بۆ ئەو تیپە.
- مامۆستا موحسین و ناوچە لەگەڵی بچێت بۆ ئەو ناوچە.

بڕیار درا بە نەقڵکردنی

خان ئاودەل، ڕەشاد کوێخا ڕەسووڵ، محەمەد هەرکی، سەعیدی حامید لە مەڵبەندی سێ بۆ مەڵبەندی چوار.

تیپی ٨٣ی هەوری

- عەبدوللا مام عەلی ف/ تیپ.

- مەجیدی مەلا فەتاح جێگری تیپ.

ئەم کەرتانەی خوارەوە نەقڵ بکرێن:

سەعیدی حامید، مەجیدی میرخان، ڕێباز، خان ئاودەل، عەزیزی بلەیی، تالیب.

تیپی مەڵبەند

....ف/ تیپ

قادر دۆشکە ج. ف/ تیپ

لە سنووری مەڵبەندی ٣، ئەو چەکەی زیادە بێ چەکەکانی تیپەکانی خۆیان چەکدار بکرێن، ئەوەی زیادە بدرێن بە شێوەیەکی کاتی یا قەرز بۆ مەڵبەندی چوار.

ئیمزاکان

نەوشیروان، عەلی، حەوێز، خدر هەورامی، ئەرسەلان، فەرەیدوون، مام جەلال، مەلا بەختیار، بەکر، ئازاد، عومەر، عەزیز، جەمال، د. کەمال خۆشناو، عەلی بچکۆڵ، نازم عومەر

مەڵبەندی دوو

تیپی عومەر ئاغا، تێکەڵ بە تیپی سەدرەدین بکرێت، تیپی

قادر ئاغا بکرێت بە کەرت یان مەفرەزە ببێت عایدی مەڵبەند.

تیپی جووتیاران... بێنە بناری ئاسۆس، هەروەکوو خۆی بمێنێتەوە.

تیپی سەدرەدین هەر لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە.

تیپی قادر ئاغا سەلیم لەسەر داوای خۆی گەر داوای نەقڵی کرد ڕابگوێزرێتەوە بۆ تیپی ٩٩ی بیتوێن بە جێگری فەرماندەی تیپ.

تیپی ٤٧ی پیرە مەگروون

- سابیر ماوەتی نەقڵ بکرێت بۆ شوێنی جەلال حەمەی محە بە جێگری فەرماندەی تیپ.

- فەرماندەی تیپ شێخ جەعفەر دەبێت، ئیستا سەرپەرشتی تیپی دەشتی هەولێر دەکات.

تیپی سووورداش

- نازم دابندرێت بە سەرتیپی سووورداش.

تیپی سەگرمە

- ئازاد حەمەغەریب بۆ تیپی سەگرمە بە فەرماندەی تیپ، وەهاب نەقڵ بکرێت بە فەرماندەی تیپی ٣٣ی سلێمانی.

تیپی ئاسۆس

- محەمەدی وەتمان بکرێت بە ف. تیپی ئاسۆس.

- ڕەحیم بکرێت بە ف. تیپی ٩٩ی بیتوێن.

- کاک غەریب بکرێ بە ف. تیپی مەڵبەند.

مەڵبەندی یەک

* تیپی ٣١ی بەرزنجە

- گۆڕینی ناوی ٣١ی بەرزنجە بۆ ٣١ی پێنجوێن.

- دانـانی جەمـالی خـواکەڕەم بە فەرمانـدەی تیپـی ٣١ی پێنجوێن.

تیپی هەورامان و شارەزوور

- تیپـی هەورامـان و تیپـی شـارەزوور بکرێـت بە تیپـی ١١ی هەورامان.

- محەمەدی حاجی فەرەج، بکرێت بە فەرماندەی تیپی مەڵبەند.

- جەمالی خواکەرەم و فەرەیدوون دابندرێن بۆ ف/ تیپی ٣١ی پێنجـوێن و تیپـی ١١ی هەورامـان و مەڵبەنـد بۆیـان جێبەجـێ بکات.

تیپی ٣٧ی شارباژێڕ

غەریب بکرێت بە جێگری ف. تیپی ٣٧ی شارباژێڕ.

ئیمزاکان

مەلا بەختیار، عومەر، عەزیز، نەوشیروان، مام جەلال، نازم، عومەر، ئازاد، فەرەیدوون، بەکر، عەلی بچکۆڵ، د. کەمال خۆشناو، خدر هەورامی، عەلی، حەوێز

١٨. بڕیار درا لەسەر ئەو کێشەیەی کە دروست بووە لە نێوان ناوچەی هەولێری شۆڕشگێڕان و ف/ تیپی ٨٦ی هەولێر ڕووی داوە.

١. ئازاد، وەکوو نوێنەری یەکێتی و نوێنەری ناوەندی کۆمەڵە، سیاسەتی سەرکردایەتیی کۆمەڵە ڕابگەیەنن، بە ئەندامانی کۆمەڵە بەرانبەر هاوکاری لەگەڵ ناوچەکانی شۆڕشگێڕان لە ناوچەکانی.

٢. ئەو سەرتیپەی داندرێت، دەچێ کۆبوونەوە بە تیپەکە دەکات بە ئامادەبوونی ناوچەی شۆڕشگێڕان و کەرتی ڕێکخستنی و سیاسەتی یەکێتیان پێ ڕابگەیەنێت.

٣. هەڤاڵ مام جەلال "سکرتێری گشتی"، کۆبوونەوە بە هێزەکەی دەشتی هەولێر بکات، لەم ڕووەوە بۆ تەبایی و هاوکاری لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان.

٤. هەر کەسێ سەرپێچیی کرد لەسەر سیاسەتی "ی. ن. ک"دا سزا بدرێت.

"تێکڕای دەنگەکان لەسەر ئەو بڕیارە دەنگیان دا، تەنیا جەمال حەکیم داوای لیژنەی لێکۆڵینەوەی کرد لە ف. تیپ."

١٩. بڕیار دەربارەی ئافرەت و بەمێرددانیان:

ی. ن. ک خەبات دەکات بۆ هەڵگرتنی زوڵم و زۆر و جیاوازی لەسەر ئافرەتان، لە پێناوی وەکیەکی ئافرەتان و پیاواندا.

ی. ن. ک هەوڵ دەدات بە هۆی ئەنجوومەنی دێیەکانەوە، تا ئەو ئەندازەی بۆمان دەکرێ ئەو سیاسەتەمان جێبەجێ بکەین و ماوەی ژن بە ژنیی گەورە بە بچووک نەدەین، پاراستنی مافی ئافرەت لە هەڵبژاردنی هاوسەری خۆیدا بکەین.

هەر مەڵبەندەش مەلاکانی خۆی کۆ بکاتەوە و پێیان ڕابگەیەنێت، کە دەبێ بەپێی "قانوونی ئەحواڵی شەخسی عێراقی" و بڕیارەکانی شۆڕش ڕەفتار بکەن. ئەو کۆلکەمەلایانەی هەڵیشدەگەڕێنەوە لەمە قەدەغە بکرێن لە مارەبڕین و فەتوای کۆنەپەرستانەش، هەروەها پێویستە هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی فراوانیش بکەین بۆ سەرخستنی ئەو سیاسەتەمان.

٢٠. بڕیار دەربارەی زەویوزار:

- پاراستنی قانوونی چاکسازیی زراعی و ماوەنەدان بە هەڵوەشاندنەوەی.

- ئەو زەویوزارانەی خاوەنەکانیان بەجێیان هێشتوون دابەش دەکرێن، بەسەر جووتیارانی هەژاری بێ زەویدا. گەر خاوەنەکانیان بێدەرامەت بوو، یان نیشتمانپەروەر بوون، ئەوا هەقی قانوونیی خۆیان دەدرێتێ، بەڵام ئەوانەی دەوڵەمەندن یان سەر بە حکوومەتن یان پیاوی خراپن، ئەوا بەشەکانیان بۆ شۆڕش دەبێت.

* * *

٢١. بڕیار دەربارەی ڕاو و خەڵووز دروستکردن:

ی. ن. ک، بە گشتی دەنگ بڕیاری دا کە:

- داربڕین بە زۆری و خەڵووزکردن و ڕاوکردنی ئاسک و حەیوانە کێوی و کەو و پۆڕ و سوێسکە، ڕاوە ماسیش لە کاتی گەرادانانەندا قەدەغە بکرێن.

- ئاسک و حەیوانە کێوی سەد دینار سزا و دەستبەسەرداگرتنی چەکەکەی.

- کەو و پۆڕ و سوێسکە ٢٥ دینار سزا و دەستبەسەرداگرتنی چەکەکەی.

### ۲۲. بڕیار دەربارەی خواردنەوە:

قەدەغەکردنی خواردنەوە لە ڕۆژ و بارەگاکانی شۆڕش و "ی. ن. ک"دا و لە دەعوەتەکانی "ی. ن. ک".

تەنها بە نهێنی و لەدوای تەواوبوونی کاروباری شۆڕش و "ی. ن. ک"دا هەڤاڵان بۆیان هەیە ناوبەناو بخۆنەوە.

### ۲۳. بڕیار دەربارەی دادگای شۆڕش:

دادگای شۆڕش دابەش دەبێت بەم جۆرەی خوارەوە:

١. بەشی کاروباری مەدەنی.

٢. بەشی کاروباری شۆڕش.

٣. بەشی کاروباری پێشمەرگایەتی.

- کاروباری ئیداری و کۆمەڵایەتیی گشتی سەر بە ئەنجوومەنەکان، کاروباری ناکۆکیی نێوان چەند دێیەک، یان ناکۆکیی سەر زەویوزار و پووش و پاوان. بە چاودێریی لێپرسراوی کاروباری کۆمەڵایەتی دەبێت.

- کاروباری مەدەنی دەدرێتە مەحکەمە لە لایەن ئەنجوومەنەکانەوە، یان لە لایەن مەڵبەندەوە.

- کاروباری پێشمەرگایەتی لە لایەن لێپرسراوی عەسکەرییەوە و پێشمەرگایەتییەوە، دەدرێتە بەشی خۆی.

ئیستیئناف ببریتە بەردەم:

- لێپرسراوی کۆمەڵایەتی لە مەڵبەند بۆ بەشی کاروباری مەدەنی.

- لێپرسراوی عەسکەری لە مەڵبەند بۆ بەشی کاروباری پێشمەرگایەتی.

- لێپرسراوی یەکەم لە مەڵبەند بۆ بەشی کاروباری شۆڕش.

مەحکەمەی شۆڕش لە لایەن مەڵبەندەکانەوە دادەمەزرێ لە:

١. لێپرسراوێکی عەسکەری.

٢. لێپرسراوێکی سیاسی.

٣. لێپرسراوێکی قەزائی.

- سەرکردایەتی بۆی هەیە کە مەحکەمەیەک دابنێ بۆ محاکەمەکردنی تاوانباران.

٢٤. دەربارەی دەسەڵاتەکانی ئەندامانی مەڵبەند

- لێپرسراوی عەسکەری: لێپرسراوی پەروەردەکردن و سازدان و ڕاپەڕاندن و بەڕێوەبردنی "هـ. پ. ک"ی مەڵبەندەکەی خۆیەتی، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی "هـ. پ. ک" بە چاودێری و سەرپەرشتی لێپرسراوی مەڵبەندەکە.

- لێپرسراوی دارایی:

أ. دانانی بودجەی مەڵبەند و دانی و پاراستنی و دابەشکردنی دەرامەت، بەپێی بڕیارەکانی سەرکردایەتی و کۆمیتەی مەڵبەند.

سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتی مالی "ی. ن. ک" بە پیتاک و گومرگ و پارەی دادگا و شێوەکانی تری دەرامەتەوە. دەستبەسەرداگرتنی هەموو سەرچاوەکانی دەرامەتیش.

ب. "ک. س" دووپاتی دەکاتەوە کە نابێت سەرتیپەکان بە هیچ شێوەیەک پارە کۆ بکەنەوە بۆ خۆیان و سەرفکردنی لە لایەن خۆیانەوە.

ج. مەڵبەندی ١ و ٢ پێکەوە و ٣و ٤یش پێکەوە هاوکار و هاوبەش دەبن لە دەرامەتی.

- لێپرسراوی کاروباری کۆمەڵایەتی:

هەڵدەستێت بە جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی سیاسەتی "ی. ن. ک" لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا، بە چاودێریکردنی هەڵبژاردن و هەڵسووڕاندنی ئەنجوومەنەکانی دێیەکان و کاروباری تەندروستی و خوێندەواری و پاکوخاوێنیی ناوچەکە، ئەوەندەی دەکرێت گەشەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا و کاروباری زیندانەکان و هاوکاری لەگەڵ دادگا و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگاکانی مەدەنی،

پێویستە ئیهتیمامێکی تایبەتی بدات بە پاراستنی مافەکانی ئافرەت و کاروباری جووتیاران.

لێپرسراوی ئیعلام

لەمەوبەر لە بڕیاری ژمارە ١٢ نووسراوە.

- لێپرسراوی کاروباری سیاسی:

پەروەردەکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵک بە بیروڕا و سیاسەتی "ی. ن. ک" و شۆڕش لە مەڵبەندەکەدا، بە چاودێریی ڕابەرە سیاسییەکان و هەڵسان بە حەملەی هوشیارکردنەوە و ڕاپەڕاندنی جەماوەرەوە، بە هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە و لقەکانی شۆڕشگێڕان.

- لێپرسراوی مەڵبەند:

سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی بەشەکانی مەڵبەند و جێبەجێکردنی سیاسەتی "ی. ن. ک" لە مەڵبەندەکەدا.

٢٥. مەڵبەندەکان:

مەڵبەندی یەک

بە گشتی دەنگ بڕیار درا بەکری حاجی سەفەر بکرێت بە لێپرسراوی مەڵبەند، کە مەلا بەختیار ئیجازەی وەرگرت.

- ئاوات کاروباری کۆمەڵایەتی.
- ڕەفعەت کاروباری سیاسی.
- زێڕۆ کاروباری ئیعلام.
- مامۆستا ساڵح کاروباری مالی.

مەڵبەندی دوو

هەروەکوو خۆی دەمێنێتەوە، شێخ عەلی بێتە شوێنی ئاوات بۆ کاروباری سیاسی.

مەڵبەندی چوار

شـەوکەت بکرێـت بە لێپرسـراوی کاروبـاری عەسـکەری و سەید کەریم نەقڵ بکرێت. ڕەئووف نەقڵ بکرێت و شاخەوان بێتە لێپرسراوی سیاسی.

مەڵبەندی سێ

- عومەر عەزیز بکرێت بە لێپرسراوی مەڵبەند.
- ڕەئووف بکرێت بە لێپرسراوی کاروباری سیاسی.
- مامۆستا عەزیز بکرێ بە لێپرسراوی مالی.
- کاک مراد بکرێت بە لێپرسراوی کۆمەڵایەتی.

- حەسەن کوێستانی بکرێت بە لێپرسراوی عەسکەری.

- عەبد بکرێت بە لێپرسراوی ئیعلام.

٢٦. مەکتەبی سیاسی:

بڕیار درا مەکتەبی سیاسی لەم هەڤاڵانە پێک بێت:

مام جەلال، کاک نەوشیروان، دکتۆر فؤاد، دکتۆر عومەر شێخمووس، کاک فەرەیدوون...

* * *

٢٧. مەکتەبی عەسکەری:

دەسەڵات بدرێت بە مەکتەبی سیاسی بە دانانی مەکتەبی عەسکەری.

٢٨. مەکتەبی ئیعلام:

پێک دێت لە:

- ئەرسەلان، لێپرسراوی ئیعلام.

- لێپرسراوی ئیعلام لە مەڵبەندەکان "هەر چواریان".

- یوسف بە لێپرسراوی ئێستگە.

- هەڤاڵ کوێستانی بە لێپرسراوی "مطبوعات"، گەر یوسف نەیکرد.

هەڤاڵ کوێستانی بێتە لێپرسراوی ئیستگە و فەریدۆ ئەسەسەرد بە لێپرسراوی "مطبوعات".

٢٩. دانــان و گــۆڕینی ســەرتیپەکان بــدرێت بە م. س بــۆ جێبەجێکردنی.

٣٠. لێپرســراوی عەســکەریی مەڵبەنــدی یەک، جــارێ وا بمێنێــت و بەکــری حــاجی ســەفەر پێــی هەڵســێت تــا یەکــێ دادەنرێت.

٣١. مەسەلەی زیادبوونی جاش لە سنووری خۆشناوەتیدا، بدرێتە م. س بۆ پلاندانان و بۆ بنبڕکردنی.

ئیمزاکان

د. کەمــال خۆشــناو، نەوشــیروان، عەلــی، حەوێــز، خــدر هەورامی، نازم، عومەر، ئازاد هەورامی، فەرەیدوون، بەکر، مەلا بەختیار، عومەر، عەزیز، مام جەلال، عەلی بچکۆل، جەمال، ئەرسەلان

کۆبــــوونەوەی ڕۆژی ١٩٨٣/١٢/١٤، کە درێژەکێشــــانی کۆبــوونەوەی ڕۆژی ڕابــردوو بــوو، ئەمەش پــاش گەڕانەوەی هەڤاڵان لە بەغداوە:

١. ڕاپـۆرتی هەڤـاڵ مـام جەلال لەمەڕ سـەفەرەکەیانەوە بە درێـژی موناقەشـە کـرا، بە ڕای هەمـوو بـرادەران ئەنجـامی سەرکەوتووانەی هەبوو.

٢. وەسـتاندنی ئیـزگە بـۆ مـاوەی دە ڕۆژ بـۆ نـوێکردنەوەی دروشم و ناوەڕۆکی بەرنامەکان.

٣. أ. کۆبـــــوونەوەکردن بە " ضـــــابط ارتبـــــاط" و ئاگادارکردنەوەیان لە ئەرک و مافەکانیان.

ب. سەرنجڕاکێشـانی ئەو بـرادەرانە و ئاگادارکردنەوەیـان بە ڕووی، کە هەر جۆرە پەیوەندیبەستنێک، یا ئیمتیاز وەرگرتنێک، بۆ مەبەستی تایبەت توندترین سزای بەدوادا دێت، وەک خائین مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە ئەکەین.

٤. وەرنەگرتنی جاشەکان بە هیچ جۆرێک، ئاگادارکردنەوەی تیپەکان لەم بارەیەوە.

٥. موافەقە کرا لەسەر تەرتیباتی ڕاوەستانی شەڕ.

٦. لە کاتی سەرگرتنی وتوویژ هەموو جۆرە کارێک قەدەغە ئەکرێت بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی، بۆ کادرە تەفەرووغەکان و پێشمەرگەکان نییە.

٧. لەو پـارەیەی وەریئەگـرین هەمـوو مانگێـک چـواریەکی بدرێتە لاوە بۆ پاشەکەوت.

٨. بڕیار درا پێشمەرگەی ڕەبەن مانگی چل دیناری بدرێتێ و خێزانـدار حەفتـا دینـار بـۆ هەر مـانگێکیش پێـنج دینـار زیـاد ئەکرێت بەو مەرجەی لە سەد دینار تێنەپەڕێت.

٩. ئەگەر ئۆتۆمبێلمان هەبوو دابەش ئەکرێن بەسەر دەزگاکاندا نەوەک بەسەر ئەشخاس.

ئیمزاکان

ئازاد، نەوشیروان، مام جەلال، عەلی بچکۆڵ، عومەر عەزیز، مەلا بەختیار، حەمەی فەرەج، عەلی حەوێز، د. کەمال

کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٨٣/١٢/١٧ بە ئامادەبوونی هەڤاڵان: کاک نەوشیروان، کاک حەمە فەرەج، کاک ئەرسەلان، کاک عومەر عەزیز، کاک پێشەوا، کاک عەلی حەوێز، کاک شەوکەت، کاک د. کەمال، کاک عەلی بچکۆڵ، کاک مەلا بەختیار، کاک ئازاد.

بڕیار درا:

١. هەڤاڵ عومەر عەزیز ئەبێتە لێپرسراوی "ضابط ارتباط"ەکان.

٢. دانانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە ئەندامانی مەڵبەندی چوار بۆ ڕووداوەکەی دەشتی هەولێر و بانگکردنی هەموو ئەو کەسانەی پێی هەستاون و سزادانی تاوانبار پاش لێکۆڵینەوە.

٣. دەرکردنی تەعمیمێک بۆ هەموو مەڵبەند و تیپەکان بۆ زەبتکردنی ماوەی شەڕ ڕاوەستان و ڕێگرتن لە هەموو جۆرە مخالەفەیەک... و سزادانی توندی ئەو کەسانەی سەرپێچی ئەکەن لەو بڕیارانە.

٤. داواکردنی ئەندامانی مەڵبەندی سێ و چوار لەگەڵ سەرتیپ و ڕابەری سیاسیی تیپەکان و لێپرسراوی لق و ناوچەی شۆڕشگێڕان، لێپرسراوی ڕێکخراو و کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵە بۆ کۆبوونەوەیەکی گشتی لەمەڕ قۆناغی نوێی کارکردن.

ئیمزاکان

مەلا بەختیار، عەلی بچکۆڵ، شەوکەتی حاجی موشیر، ئازاد، عومەر عەزیز، حەمەی فەرەج، د. کەمال، ئەرسەلان، پێشەوا ئەشرەف، نەوشیروان، عەلی حەویز

* * *

## کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٨٣/١٢/٢٣

بە ئامادەبوونی هەڤاڵان: مام جەلال، کاک نەوشیروان، کاک ئازاد هەورامی، کاک عەلی بچکۆڵ، کاک فەرەیدوون، کاک مەلا بەختیار، کاک حەمە فەرەج، کاک شەوکەت، کاک ئەرسەلان، کاک مولازم عومەر د. خدر، دکتۆر پێشەوا.

لەسەر ئەم خاڵانە دووان:

١. فەرەیدوون بە درێژی باسی چوونی بۆ فەرەنسا و دیتنی برادەرانی پەیوەندیی دەرەوە و ڕایان لەسەر وتووێژ لەگەڵ میری باس کرد.

٢. نامە بنووسرێ بۆ "م. س"ی "حشع" بۆ بەشداربوونیان لە

گفتوگۆ لەگەڵ میری، شەڕڕاگرتن، ناردنی یەک لە هەڤاڵان بۆ لایان بۆ باسکردنی ئەو مەسەلەیە و بۆ تەنسیقکردن لەگەڵیان بۆ مەسەلەی گفتوگۆ.

٣. کاک فەرەیدوون و کاک عومەر عەزیز بچن بۆ بەغدا و مـــوزەکەرەیەکی م. س بـــبەن بـــۆ تـــاریق عەزیـــز لەســـەر جێبەجێنەکردنی هەندێ لە خاڵەکانی ڕێککەوتنی شەڕڕاگرتن.

٤. لە سەری ساڵی نوێ ئێستگەکە بکەوینە کار.

ئیمزاکان

فەرەیدوون، نەوشیروان، مام جەلال، عومەر عەزیز، عەلی بچکۆڵ، ئازاد، مەلا بەختیار، پێشەوا ئەشرەف، حەمەی فەرەج، شەوکەتی حاجی موشیر، خدر هەورامی، ئەرسەلان

## کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٨٣/١٢/٢٧

بە ئامـــادەبوونی هەڤـــاڵان: مـــام جەلال، نەوشـــیروان، ئـــازاد هەورامـــی، مەلا بەختیـــار، ئەرســـەلان، دکتـــۆر کەمـــال، پێشـــەوا، عەلی حەویز، حەمەی فەرەج، عەلی بچکۆڵ، د. خدر.

لەسەر ئەم خاڵانە دووایین:

١. ئەو دەزگایانەی سەرکردایەتی کە دەچنە دوکان پێک دێن لە: بارەگـــای ســـکرتێری گشـــتی، مەکتەبـــی سیاســـی، ناوەنـــدی شۆڕشگێڕان.

٢. ناوچەی دوکان ئیستیعلاماتێکی باش و ڕەبایەی باشی لە دەوری دابنـدرێ، هەروەهـا هەنـدێ بارەگـای پێشـمەرگە و مـاڵە پێشـمەرگە لە گونـدەکانی تـۆبزاوا، ڕکـاو، دول مـازەران، قەڵەم پاشا.

٣. ئیعلام:

أ. جارێ ناوی ئیستگەکەمان هەروەکوو خۆی بمێنێتەوە.

ب. دروشـــمی ئیســـتگە بگۆڕدرێـــت، بەڵام گەر گفتوگـــۆ نەتیجەیەکی نەبوو هەروەکوو جاران بمێنێتەوە.

"صـوت الـتلاحم الكفـاحي العربـي الكـردي ضـد الاسـتعمار والصهيونية والرجعية، من أجل حكم ائتلاف وطني ديمقراطي يضمن الاستقلال الوطني والديمقراطية الحقيقية للشعب العراقي ويقر للشعب الكردي حقه في تقرير مصيره... ويحيأ... الخ..."

ج. ئیســـــتگەکە دەســـــت بکـــاتە کـــار دوای گەڕانەوەی فەرەیدوون لە بەغدا.

٤. دەربـــارەی دەســـتدرێژی لایەنەکـــانی جـــود بـــۆ ســـەر کەسوکاری پێشمەرگە لە مەڵبەندی یەک، بڕیار درا:

هێـزی قەرەداغ و گەرمیـان جەولە بـکەن لە شـارەزوور بـۆ کەسـوکاری ئەوان بـاس بـکەن، کە وازبهێـنن لەو کـارانە، ئەگەر وازیشیان نەهێنا، ئەوا ئێمەش پاش ماوەیەک ئیجرائاتیان لەگەڵ بکەین.

٥. هەر پێشمەرگەیەک چووە ناو شار پێویستە چەک بکرێت

و سـجن بکرێـت، بـێجگە لەو کەسـانەی کە سـەرکردایەتی دەیاننێرێت.

٦. ئیجازەوەرگرتن بۆ چوونە شار قەدەغە بکرێت.

٧. هیچ کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتی واسیتە ناکات بۆ ناردنی نەخۆش بۆ شار.

٨. هەر برینداری یا نەخۆش پەنجا دیناری پێ بدرێت، کە دەچێت بۆ شار.

ئیمزاکان

فەرەیدوون، مەلا بەختیار، مام جەلال، ئەرسەلان، پێشەوا، حەمەی فەرەج، د. کەمال خۆشناو، ئازاد هەورامی، عەلی بچکۆڵ، خدر هەورامی، عەلی حەوێز

تێبینی: هیچ لێپرسراوێک نەچێت بۆ ناو شار بەبێ کار و پێویستی.

## کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی ڕۆژی ١٩٨٤/١/١٦

بە ئامادەبوونی هەڤالان: مام جەلال، فەرەیدوون، نەوشیروان، مەلا بەختیار، کاک عەلی حەویز، عەلی بچکۆڵ، ئازاد هەورامی، مولازم عومەر، حەمەی فەرەج، د. کەمال خۆشناو، پێشەوا، د. فؤاد، د. خدر، کاک ئەرسەلان، عومەر عەزیز، دکتۆر فؤاد.

بڕیار درا:

١. وەڵامدانەوەی نامەکانی تاریق عەزیز و فاضل البراک و ناردنی لەگەڵ فەرەیدوون، کە لە نامەکاندا باسی ئەم خاڵانە بکرێ:

أ. چوارچێوەیەکی وردی هەبێت.

ب. سووربوون لەسەر بەردانی سجنەکان.

ج. ڕەخنە بگرین لەسەر بەڵێنەکانیان و جێبەجێنەکردنیان.

٢. وەفدی مفاوز پێک دێت لە هەڤالان:

نەوشیروان، د. فؤاد، فەرەیدوون، مولازم عومەر، مەلا بەختیار، عومەر عەزیز.

٣. مەشرووعی حوکمی زاتی و داواکارییەکان ئامادە بکرێت لە لایەن وەفدی مفاوەزەوە لەگەڵ مام جەلال و هەروەها وەڵامی نامەکانی تاریق عەزیز و فاضل البراک بدەنەوە.

٤. داواکردنی سووورداش لەگەڵ سەد کەرەڤان، بکرێ بە بنکەی سەرکردایەتی و دوکان ڕەت بکرێتەوە.

٥. بڕیار درا بە زۆربەی دەنگ کە ئیستگەکە هەر لەسەر بەرنامەی پێشان بڕوات.

ئیمزاکان

فەرەیدوون، مەلا بەختیار، نەوشیروان، خدر هەورامی، مولازم عومەر، مام جەلال، فؤاد معصوم، عومەر عەزیز، عەلی حەوێز، ئازاد هەورامی، ئەرسەلان، عەلی بچکۆڵ، پێشەوا، د. کەمال، حەمەی فەرەج

## کۆبوونەوەی سەرکردایەتی ڕۆژی ١٩٨٤/١/١٧

بە ئامادەبوونی هەڤاڵان: "مام جەلال، دکتۆر فؤاد، فەرەیدوون، د. خدر، دکتۆر کەمال خۆشناو، عەلی حەوێز، حەمەی فەرەج، پێشەوا، ئازاد هەورامی، عەلی بچکۆڵ، مەلا بەختیار، مولازم عومەر، عومەر عەزیز، ئەرسەلان".

بڕیار درا:

١. دانانی چاودێر لە سلێمانی بۆ چاودێریکردنی ئەو کەسانەی بێ ئیجازە دەچنە ناو شاری سلێمانی.

٢. بڕیار درا بە تەجمیدکردنی مەلا ئەحمەد بۆ ماوەی ٦ مانگ گەر ڕاست بوو.

٣. بەیانێـک لە ئێسـتگە بخوێنـدرێتەوە کە ئیجـازە تەنیـا لە لایەن مەڵبەندەکانەوە دەردەچێت و نابێت تیپەکان ئیجازە بدەن و سەرپێچیکەر سزا بدرێت، ئیجازە تەنیا بدرێت بۆ ژنهێنان و مردن و نەخۆشی.

٤. پاشماوەی مەفرەزەکانی جاشی شەفیق تۆفیق کە گیراون لە مەڵبەندی ٤ تەسلیمی میری بکرێنەوە، پاش وەرگرتنی بەڵێنێ لێیان، کە جگە لە سێدارە ئیجرائاتی قانوونی خۆیانیان لەگەڵ بکەن.

٥. جاش حوسێن حەمەمراد کە تازە هاتۆتە مەڵبەندی یەک تەسلیمی میری بکرێتەوە.

٦. ئەو پارانەی کە کۆکراونەتەوە بێ ئاگاداری مەڵبەند پاش مـانگی ١٢ لێیـان بسـەندرێتەوە، گەر بە چەک دانـدرابوو، ئەوا چەکەکانیان لێ بسێندرێ.

٧. ناردنی وەفد بۆ ئامادەبوونی کۆنگرەی "حدکا" پێک بێت لە هەڤاڵان: "مـام جەلال، دکتـۆر کەمـال، کـاک ئـازاد، کـاک عەلی حەویز".

٨. چـاوەنواڕی وەڵامــی نــامە "حشـع" بکەیــن، گەر هەر دەستدرێژی لایەنەکانی جود بۆ سەر کەسوکاری پێشمەرگەمان بەردەوام بوو، ئەوا هێزەکانی خۆمان دیفاعیان لێ بکەن، دکتۆر کەمـال لەگەڵ هێزەکـانی مەڵبەنـد و تیپـی ٢١ جەولە بـکەن لە ناوچەی هەولێر و میری ئاگادار بکرێت.

٩. دکتۆر کەمال سەرپەرشتی مەڵبەندی سێ بکات، بە شێوەیەکی کاتی.

١٠. لەو کاتەدا ئەوانەی دەیانەوێ ببنە پێشمەرگە ناونووس بکرێن و پاش وەرگرتنی ڕای ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان، هەر کاتی چەک هەبوو، ئەوا مەعەسکەری تەدریبیان بۆ بکرێتەوە، پاش شارەزابوون دەنێردرێن بۆ تیپەکان.

ئیمزاکان

عومەر عەبدوڵڵا، عومەر عەزیز، فؤاد معصوم، مام جەلال، عەلی حەوێز، ئەرسەلان، عەلی بچکۆڵ، ئازاد هەورامی، خدر هەورامی، حەمەی فەرەج، پێشەوا

## کۆبوونەوەی "م. س" لە شەوی ١٩٨٤/٢/٣

لیستەی کارەکانی:

دانانی وەفدی یەکێتی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ میری لە خولی داهاتوودا. دابەشکردنی ئۆتۆمبێلەکان. قەرزی تیپەکان. گیروگرفتەکانی کاروباری جەماوەری. دەرکردنی بەیان بە بۆنەی شەهیدبوونی سەلاح. دەزگای دارایی. ئۆفسێت.

بە نیسبەت خاڵی یەکەم، بڕیار درا دواخرێ بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو.

بڕیار درا ئۆتۆمبیلەکان بەم جۆرە دابەش بکرێ:

لاندکرۆزەکان:

دوو بۆ هەڤاڵ سکرتێری گشتی. یەک بۆ ناوەندی کۆمەڵە. یەک بۆ ناوەندی شۆڕشگێڕان. یەک بۆ مەکتەب سیاسی.

سالۆنەکان، مارسیدسەکە بۆ هەڤاڵ مام جەلال. سوپەرێک بۆ "م. س". سوپەرێک بۆ ناوەندی کۆمەڵە. سوپەرێک بۆ ناوەندی شۆڕشگێڕان.

ئۆفسێتەکە لە سووورداش دائەنرێت، واتە لەو شوێنەی کە بارەگا ڕەئیسییەکەمانی تیدا ئەبێت.

بڕیار درا، جیهازێک دابندرێ بۆ دارایی و ناودانانیان لە کۆبوونەوەیەکی داهاتوودا باس دەکرێت.

لە مانگی شوبات بۆ پێشمەرگە ٢٠ دینار سەرف بکرێت، ١٠ نەسریە و ١٠ بۆ خەرجیی خۆیان.

م. س بەیانێ دەرکات بە بۆنەی شەهیدبوونی سەلاح لە کوردستانی تورکیا لەسەر دەستی فاشییەکانی تورکیا، بە بۆنەی چلەی شەهیدبوونی.

ڕاگرتنی ئیشەکانی کاروباری کۆمەڵایەتی بە تەواوی تا ئاگادار دەکرێتەوە.

ئیمزاکان

نەوشیروان، مام جەلال، فەرەیدوون، فؤاد معصوم

# کۆبوونەوە ک. س لە دوا نیوەڕۆی ١٩٨٤/٢/٢٤

١. هەڤاڵ سکرتێری گشتی ڕاپۆرتەکەی ئامادە کردبوو دەربارەی گفتوگۆکردن لەگەڵ میری، بە گشتی پەسند کرا، هەموو لەسەری موافق بوون، هەروەها بڕیار درا لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

أ. درێژەدان بە گفتوگۆ لەگەڵ میری.

ب. پڕۆژەکانی ئامادەکراو لەگەڵ نامەیەک بۆ جیهەی میری بنێردرێ پێش سەری مانگ.

ج. پێکهاتنی وەفدەکە بەم جۆرە بێ لە لایەنی "ی. ن. ک": مام جەلال، هەڤاڵ فەرەیدوون، فؤاد، مولازم عومەر، عومەر عەزیز.

د. نەوشیروان و فؤاد، پڕۆژەکان دووبارە بژار کەنەوە و ئامادەی کەن.

ه. فەرەیدوون بچێت بۆ بەغدا بۆ دانانی تەرتیباتی چوونەکە.

و. ئیستگەی دەنگی شۆڕشی عێراق لە ١٩٨٤/٣/١ دەست بە پێشکەشکردنی بەرنامەکانی دەکاتەوە، بەپێی ختووتی گشتی، کە بۆی دادەنرێت.

٢. نەورۆز

نەورۆزێکی گشتی بکرێ، لیژنەیەک پێک بێت لە: ئەرسەلان، عەلی بچکۆڵ، دلێر.

٣. دارایی:

أ. یارمەتیدان بۆ ژنهێنان بوەستێندرێت تا ماوەیەک.

ب. بە نیسبەت شەهید، گەر ژن و منداڵی نەبوو ٢٠٠ دینار، گەر هەیبوو و خەڵکی لادێ بوو ٢٥٠ تا ٣٠٠، گەر خەڵکی شاریش بوو، ٣٠٠ تا ٥٠٠ دینار.

ج. بە نیسبەت قەرزی تیپ و مەڵبەندەکان جاریْ نادرێتەوە.

ئیمزاکان

عومەر عەزیز، فەرەیدوون، نەوشیروان، عەلی بچکۆڵ، حەمەی فەرەج، پێشەوا، مولازم عومەر، مام جەلال، فؤاد معصوم، ئازاد، ئەرسەلان، عەلی حەویز

١٩٨٤/٢/٢٥

ئەمڕۆش درێژە درا بە کۆبوونەوەکەی دوێنێ:

دەربارەی دابەشکردنی زەویوزار

"ی. ن. ک" هەوڵ دەدات بۆ بووژاندنەوە و جۆشدانی جووڵانەوەی جووتیاران لە پێناوی ئیسلاحی زراعیدا، بۆ لە ڕەگوریشە هەڵکەندنی دەرەبەگایەتی و جێبەجێکردنی دروشمی "زەوی بۆ ئەوەیە ڕەنێوی دەهێنێت"، هەر بۆیەش "ی. ن. ک" پشتیوانیی لە خەباتی جووتیاران دەکات بۆ هێنانەدیی ئیسلاحی

زراعی و نەهێشتنی زوڵم و زۆریی دەستدرێژیی دەرەبەگایەتی.

بـۆ ڕاسـتکردنەوەی لادانەکـانی کادرەکـانی خۆشـمان بە ڕوونکردنەوە و تێگەیاندن و لێسەلمان چارەیان دەکەین.

زەویـوزاری کێڵـدراویش، ئیمسـاڵ هەر داوای زەکـاتی قانوونی لە جووتیاران دەکەین.

ئەوەی نەکێڵدراویشە، بدرێتەوە خاوەنەکەی.

بـۆ ئەو زەویـوزارەی کە لە کشـانەوەی ئـاوی دوکـان و دەربەنـدیخان پەیـدا بـوونەتەوە، بە مـوڵکی شۆڕشـیان بـزانین و بەسەر جووتیاری هەژار و بێ زەویدا دابەشیان بکەین.

بە نیسـبەت حـاڵاتی لێـدانی خەڵـک لە لایەن کـادر و پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بڕیار درا:

- هەر لێپرسراوێک لە خەڵک بدات، یان هانی لە خەڵکدان بدات، یەکسەر لە لێپرسراوی دەکەوێت بۆ ماوەی سێ مانگ.

- هەر پێشـمەرگەیەک، لە خەڵـک بـدات، مانگێـک چەک بکرێت و پازدە ڕۆژیش حەپس دەکرێت.

- هەروەهـا هەر کەسـێکیش گـێچەڵ بە پێشـمەرگە بکـات، شۆڕش سزای ئەدات.

هەروەها بڕیار درا:

"م. س" کۆبـوونەوەیەک بکـات بـۆ هەمـوو ئەنـدامانی کەرتەکانی ڕێکخستن و ناوچەکانی، بۆ ئەوەی وەزعی ئیستایان

بۆ ڕوون کرێتەوە، هێندێ لە بڕیارەکانی کۆبوونەوەی "ک. س"ی ئەم جارەیان پێ ڕابگەیەنێ.

کۆبوونەوەیەکی تریش بۆ "ف. ت" و "ف. ک" بۆ هەمان مەبەست.

پۆستەر چاپکردن ڕادەگیرێ تا ماوەیەک.

دەربارەی مەڵبەندەکان:

مەڵبەندی سێ

بڕیار: حەمەی فەرەج، سەرپەرشتیی مەڵبەند ئەکات.

مەڵبەندی چوار

هیچی وەها نەبوو کە شایەنی بڕیاری "ک. س" بێت.

مەڵبەندی دوو و مەڵبەندی یەک چی وەهایان نەبوو، شایەنی بڕیارلێدان بێت.

ئەمڕۆش ١٩٨٤/٢/٢٦ درێژە دراوە بە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی:

بەشی کۆمەڵایەتی:

ئیش و کارەکانی کۆمەڵایەتی جارێ ڕادەگیرێ و کادرەکانی تەدەخول نەکەن، تا ئاگادار دەکرێنەوە.

لیژنەی تەنسیق:

داوا بکرێ لە میری کە ژمارەی ئێمە لە لیژنەکان زیاد بکرێ، لە باتیی یەک ببێت بە سێ، مەرکەزییەکە لە کەرکووک، دووی تریش لە هەولێر و سلێمانی.

بە نیسبەت ناوچەی بادینان:

بڕیار درا بایەخی تایبەتی بدرێت بە بادینان بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی "ی. ن. ک" و دروستکردنی "هـ. پ. ک" لە بادینان، بۆ ئەوەش پێویستە:

١. کۆبوونەوەیەک پێک بهێنین لە هەڤاڵە ژیرەکانی بادینان کە لەناو شۆڕشن، هەندێ کادری ناو شارەکان بۆ دیراسەی وەزعی بادینان، دانانی ڕێوشوێنی گەشەکردن و پەرەسەندنی "ی. ن. ک" و "هـ. پ. ک" لە بادینان.

٢. پەرەپێدانی ڕێکخستن، بە هەموو جۆرەکانییەوە لەگەڵ تەرکیزکردنە سەر ڕێکخستنی خەڵک بە ناوی "ی. ن. ک"ەوە لە سەرەتاوە.

٣. پەیوەندیکردن بە خەڵکەوە لە لایەن سەرکردایەتییەوە "خوێندەواران + ئەدیبەکان + ئەفسەرەکان + جووتیاران + ڕاگوێزراو + بەندییەکان +... هتد".

٤. بەرنامەی تایبەتی لە ئێستگەوە دابنێن بۆ بادینان.

٥. دروستکردنی هێزی چەکداری بادینانی هەر لە ئێستەوە.

٦. بۆ ڕوونکردنەوەی داخوازییەکانمان لە میری، بۆ

کوردستان بە گشتی بۆ ناوچەی بادینان بە تایبەتی.

٧. دروستکردنی ڕێکخستن لەناو بادینییەکانی هەولێر و مووسڵ و زانکۆکاندا، تا بیکەینە هۆیەکی تری پەرەسەندن لە بادیناندا.

ئیمزاکان

مولازم عومەر، نەوشیروان، د. کەمال، عەلی بچکۆڵ، مام جەلال، حەمەی فەرەج، پێشەوا، بەکر، فـؤاد معصوم، عومەر عەزیز، ئەرسەلان، عەلی حەوێز

## کۆبوونەوەی "م. س" لە شەوی ١٩٨٤/٣/٤

بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتی مام جەلال و نەوشیروان و فؤاد، هەروەکوو مولازم عومەریش ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو.

بڕیارەکان:

١. بۆ ئەم مانگەش (ئادار)، ئازووقە و یارمەتیی پێشمەرگەکان وەک مانگی پێشوو سەرف بکرێت، دە دینار ئازووقە و دە دینار یارمەتی.

٢. مام جەلال وەڵامی نامەکەی "م. س"ی "حشع" بداتەوە و بۆیان بنێردرێت.

٣. وەڵامی نامەکەی مەسعوود ڕەجەوی بدرێتەوە.

٤. دەست کرێ بە نووسینی چەند مەقالەیەک لە ڕادیۆ بڵاو کرێتەوە، دەربارەی وەزع و گفتوگۆ لەگەڵ میری.

٥. بەلاغە کۆتاییەکەی دەکرێ بە بڵاوکراوەیەکی ناوخۆ...

ڕۆژی ١٩٨٤/٣/١٥

کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی بە ئامادەبوونی: مام جەلال، فەرەیدوون، عومەر عەزیز، د. فؤاد، حەمەی فەرەج، عەلی حەوێز، نەوشیروان، عومەر عەبدوڵڵا، ئەرسەلان، د. کەمال، بەکری حاجی سەفەر، ئازاد، عەلی بچکۆڵ، پێشەوا، بۆ باسکردنی مەسەلەی مفاوەزات و ئامادەکردنی وەفد، بڕیار درا:

١. ئەگەر عەقید سالح لە لایەن دەوڵەتەوە گەڕایەوە، هەندێک هەواڵ و بڕیاری باش و موشەجیعی پێ بێت، ئەوا وەفدێک بنێردرێت بە سەرۆکایەتیی هەڤاڵ مام جەلال و ئەندامەتیی کاک د. کەمال و عومەر عەزیز.

٢. ئەگەر هیچ هەواڵ و بڕیارێکی موشەجیع و باش نەبوو، ئەوا وەفد نەنێرین، بەڵکوو موزەکەرەیەکیان بدرێتێ، نامەیەکی موجامەلەش بۆ "عزت الدوري" بنووسرێت.

٣. ئەگەر حکوومەت ویستی بەم جۆرەی ئێستا درێژە بدا بە وەزعەکە، ئێمەش ئەم هەنگاوانە ئەنێین:

أ. هەوڵ ئەدەین شەڕ نەبێتەوە و پێشمەرگە زەبت بکرێت، کە شەڕ هەڵنەگیرسێننەوە.

ب. هەوڵ بدەین هودنەکە ئیعلان بکرێت و لەبەرانبەر هودنەکەدا یارمەتیمان بدەن.

ج. دامودەزگای ئیعلام ئیشی خۆیان بکەن و ڕەئی ئێمە لەسەر هەموو مەسەلەیەک ئیعلان بکەن.

د. جاش و چەکداری حکوومەت وەربگرین.

ه. جێبەجێکردنی ئەمانە هێمنانە و ژیرانە بهێڵرێتەوە، بۆ تەقریری مەکتەبی سیاسی.

ئیمزاکان

نەوشیروان، مولازم عومەر، ئەرسەلان، د. کەمال، بەکر، ئازاد، عەلی بچکۆڵ، فەرەیدوون، پێشەوا، مام جەلال، حەمەی فەرەج، عەلی حەوێز، فؤاد معصوم، عومەر عەزیز

بەیانیی ڕۆژی ١٩٨٤/٦/١٠

کۆبوونەوەی "م. س"، بە ئامادەبوونی: مام جەلال، نەوشیروان، فؤاد، فەرەیدوون لە سەفەرە، لەگەڵ ئامادەبوونی هەڤالان: عومەر عەبدوللا، عومەر عەبدولعەزیز، د. خدر، د. پێشەوا، مەلا بەختیار، ئەرسەلان.

دوای ئەوەی دوێنێ شەو دکتۆر قاسملوو باسی دیتنەکانی خۆی گێڕایەوە کە کردنی لەگەڵ کاربەدەستەکانی بەغدا

دەربارەی گفتوگۆی یەکێتی لەگەڵ حکوومەتی عێراق، لەسەر ئەو قسانەی کرا، بڕیار درا:

١. داوا بکرێ وەفدی حکوومەت بێتە کوردستان بۆ گفتوگۆ، گەر هەر نەهاتن د. قاسملوو پێشنیارەکانی هەردوولا بۆ یەکتر ببات، گەر ئەوەش زەحمەت بوو برادەرێکی خۆمان بچێتە بەغدا، نەک سکرتێری گشتی، چوونی مام جەلال بۆ بەغدا بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە بێ.

٢. خەباتی سیاسیمان لە گفتوگۆدا هەوڵ بدرێت بەرەو ڕێککەوتن بڕوات، بەو مەرجەی لەگەڵ ئامانجی میللەتەکەمان بگونجێت.

بۆ ئەم مەبەستەش:

أ. پرۆژەی قانوونی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان جارێکی تر دابڕێژرێتەوە.

ب. ئەو پرۆژەی یەکێتی بۆ کەرکووکی داناوە و لە لایەن میری قبووڵ کراوە... تەتبیق بکرێت بەسەر ئەو شوێنانەی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی داتاشراوە.

ج. گەڕاندنەوەی دێهات بەپێی بەرنامەیەک.

د. لەغووکردنی بڕیاری ڕاگواستن و لەغووکردنی قانوونەکەی سزادانی ئەوانەی لەو شوێنانەدا ئەبن.

هـ. ئەو شوێنانەی ئێستا داوا ئەکەین خەڵکەکەی بۆی بگەڕێنەوە:

برادۆست، گرتک و ڕوست، باڵەکایەتی، ناودەشت، مەنگوور و مامەش، پشدەر، ئالان و سیوەیل، شلێر، هاوار و ناوچەکەی، پەموو، بنکورە... شوێنەکانی تر دوادەخرێت بۆ ماوەیەک.

٣. ڕێکخراوە پیشەییەکان بەپێی بەیانی ئازار دەبێت.

٤. بەیانی ئازار بە تەواوی دەبێ تەتبیق بکرێت، لە کاتی خیلافیشدا بەیانی ئازار دەبێتە حەکەم.

٥. گەلی کورد چەکدار ئەکرێت بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان بە چاودێریی "ی. ن. ک" و هەماهەنگیی پێکڕایی.

٦. دوای کۆتاییهاتنی جەنگ و ئەوزاعی ئیستسنائی، ژمارەیەک پێشمەرگە ئەمێننەوە، وەک لە بەیانی ئازاردا باس کراوە.

٧. بە نیسبەت ناوچەی ئۆتۆنۆمی، جاری هەر لەسەر پرۆژەکەی دووەم ماینە کە تەقدیممان کردووە.

ئیمزاکان

مەلا بەختیار، مام جەلال، عومەر عەبدوڵڵا، فؤاد معصوم، نەوشیروان، عومەر عەزیز، ئەرسەلان، د. خدر، پێشەوا

## کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان له ١٩٨٤/٦/٢٢

سەعات چواری ئێوارە، بە ئامادەبوونی هەڤالان: مام جەلال، مولازم عومەر، عومەر عەبدولعەزیز، د. کەمال خۆشناو، بەکری حاجی سەفەر، عەلی حەویز، نەوشیروان، د. خدر، ئازاد هەورامی، ئەرسەلان، حەمەی فەرەج، مەلا بەختیار، فەرەیدوون، فؤاد، د. پشتیوان.

لیستی کارەکانی ئەم کۆبوونەوەیە:

١. گفتوگۆ لەگەڵ میری.

٢. پەیوەندیی لەگەڵ حدکا و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان.

٣. وەزعی مەڵبەندەکان و گەشەپێدانیان.

٤. هەڵوێست لە هەڵبژاردنەکان بۆ "مجلس الوطني".

٥. وەزعی دارایی.

به نیسبەت خاڵی یەکەم:

وەڵامەکەی عزەت ئەلدووری بە لەهجەیەکی توند نووسراوە، بەڵام لە ناوەرۆکەکەیدا مروونەتی بۆ درێژەدان بە گفتوگۆ هێشتۆتەوە، بەڵام هیچ شتێکی گرنگ نادەن بە دەستەوە، دان

نـانێن بەو مافـانەش کە لە گفتوگـۆدا بە شـەفەهی دەیسـەلمێنن، نیازیـــان درێـــژەدانە بە گفتوگـــۆ و وەختبردنەســـەرە، جـــارێ نەبڕینەوەی مەسەلەکەیە، تا وەختێکی موناسبیان بۆ هەڵدەکەوێ.

ئێمەش دەبێ گفتوگـۆ نەپسێنین و درێـژەی پـێ بـدەین بە ناردنی نـامە و هەڤـاڵ و نـاوبژیکەری وەک د. قاسـملوو، بەڵام وەفد نەنێرینەوە بۆ بەغدا، بە تـایبەتی هەڤـاڵ مام جەلال، داوا بکەیـن میـری وەفـد بنێرێـت بـۆ لامـان یـان بـۆ کوردسـتان، لە شـوێنێک کە هەردوولامـان لەسـەری ڕێـک دەکەویـن، گەر پێویستیشی کرد هەڤاڵێکی سەرکردایەتی بنێرین بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی بە تەواوی تێیانبگەین و بزانین چی دەدەن و چی نادەن، ئەوســـا کۆبـــوونەوەیەکی گەورە لە خـــاوەن بیروڕاکـــان و هوشیارانی گەلی کورد پێک بهێنین بۆ پرسکردن بە خەڵکی کوردستان.

پێویستە خۆمان ساز دەین بۆ ئاشتی و بۆ شەڕ، بە جۆرێک کە تینیش بگەیەنینە میری و خۆشمان لە وردە گیروگرفت و تکا و پاڕانەوە بپارێزین، پێویستە چەندین شوێن ساز دەین بۆ سەرکردایەتی و مەکتەبەکان و ناوەندییەکان، بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی ڕەسمییش، پێویستە بەیانێک دەرچێت، بە شێوەیەک کە هەردوو لامـــان پێـــی ڕازی بـــین، ئینجـــا چوارچێـــوەیەک دابڕێژدرێـــت بـــۆ گفتوگـــۆیەکە، بە نیـــازی گەیشـــتن بە ڕێککەوتنێک، کە خەڵکی کورد لەم قۆناغە پێی ڕازی بێت، واتە تـاکوو پێمـان بکرێـت بەرەو جـۆری ڕێککەوتـن بـڕۆین، بەرەو جـــاڕی شـــەڕنەبوونەوە، لەگەڵ خۆســـازدان بـــۆ شـــەڕ

هەڵگیرسانەوەش لە لایەن میرییەوە، یان لە هەندێ کاری لاسارانە و سەرکەشانە وا باشە تا دوا چۆڕی گفتوگۆکە بیگوشین، بەڵام خۆمان قورس و بە هەیبەت نیشان بدەین، ماوە نەدەین سووک بکرێین لە بەرچاوی خەڵک، بگرە دەبێت پشتیوانی لە خەباتی خەڵک بکەین، لەسەر توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵیش هەڵبدەینێت، بە نووسین و بە ڕادیۆ ڕەئی و بیروباوەڕ و هەڵوێستەکانی خۆمان بەردەوام دەربڕین.

ئیجازە نەدرێ بە پێشمەرگە بۆ چوونە ناو شارەکان، ئیللا بۆ نەخۆشی و کاری زۆر پێویست.

گەر پێک نەهاتین، ئەوا ئێمە موقاتەعەی هەڵبژاردنەکەی "المجلس الوطني" دەکەین، هەوڵ دەدەین پەکی بخەین.

لەسەر هەڵبژاردن وتار بنووسین، لە ڕادیۆش بیخوێنینەوە.

دەربارەی موخالەفەی پێشمەرگە بڕیار درا:

دامەزراندنی دادگای شۆڕش بۆ:

أ. سزادانی پێشمەرگە و کادر و ئەندامانی "ی. ن. ک"، کە تاوانبار دەکرێن.

ب. سزادانی ئەوانەی تاوانی دژی شۆڕش و "ی. ن. ک"، دەکەن.

هەروەها بڕیار درا لەسەر:

١. سـزادانی ئەو پێشـمەرگانەی موخـالەفە دەکەن و لەسـەر سیاسەت و ڕێبازی "ی. ن. ک"، دەردەچن.

٢. ئینسانکوشـتن بەبێ ئەمـری "م. س" یـان سـەرکردایەتی تـاوانێکە، سـزاکەی زۆر قورسـە و تـا ئیعـدام دەڕوات، بەڵام لەپێشەوە چەک دەکرێن ئینجا مەحکەمە دەکرێن.

٣. تـاڵان و دزی ئۆتۆمبیـل فڕانـدن سـزای قـورس دەدرێـن، لەپێشـەوە چەک ئەکـرێن و دەگیـرێن ئینجا مەحـکەمە دەکـرێن، سزاکەش تا ئیعدامکردن دەڕوات.

٤. قەدەغەکردنی جنێودانی کادرەکان و سزادانیان.

دەربارەی پەیوەندیی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، بڕیار درا:

أ. هاوپەیمـــانی و هاوخەبـــاتی"ی. ن. ک" و "حـــدکا" دابڕێژرێت لە چوارچێوەی یەکێتیی نەتەوەیی کورد و یەکێتیی دۆســـت و دوژمنەکـــان و پێکەوەنووســـانی چـــارەی هەمـــوو بەشەکانی جووڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی و دیموکراتی خەڵکی کوردستان... بۆ دانانی ستراتیژێکی یەکگرتووی کوردستانی و یەکخستنی خەباتی هەردوو لامان لەم قۆناغەی خەباتەکەماندا.

ب. بـــۆ ئـــاڵوگۆڕکردنی بیـــروڕا و یارمەتیـــدانی یەکتـــر و پێکەوەگونجاندنی سیاسەت و هەڵوێستەکان.

ج. "ی. ن. ک"، وەک هێزێکی شۆڕشگێڕی بەرپرسیار کە

پەرۆشــی سەرخســتنی جــوولانەوەی ڕزگــاری و دیمــوکراتی خەڵکی کوردستانە، خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ لە خەباتدا بۆ یەکخستنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان لە ئاستی ستراتیژی و تەکتیکــی و مەرحەلیــدا، هەر بــۆیەش خەبــات دەکــات بــۆ هێنــــانەدیی هاوکــــاری و هاوپەیمــــانیی نێــــوان ئەو هێــــزە شۆڕشــگێڕانەی کوردســتان لە پێنــاوی دیــاریکردنی ئامــانجی دووری جوولانەوەکەدا.

هەر هەمـــان سیاســـەتیش دەگـــرێ لە پەیوەندیـــدا لەگەڵ کۆمەڵەی زەحمەتکێشان.

## دارایی

بڕیار درا:

أ. کە پێشمەرگەی دوای گفتوگۆ:

سەڵت مانگی بیست دیناری پێ بدرێت.

خێزاندار مانگی سی دیناری پێ بدرێت.

ب. هەوڵ بدرێت پیتاک کۆ کرێتەوە بە وەسڵ لیژنەی بۆ دابندرێت، هەڤاڵ لێپرسراوی دارایی بەم کارەیەوە هەڵدەستێت، ناوی لیژنەکە دەداتە "م. س".

ج. دانانی دەزگای مالی - دانانی مەسئوولەکانی مالی.

د. پێشمەرگە پەککەوتەکان کە پێشمەرگایەتییان پێ ناکرێت.

سەڵت مانگی چل دینار.

خێزاندار مانگی پەنجا دینار.

ە. یارمەتیدانی پێشمەرگە بۆ ژنهێنان لە ساڵی داهاتوودا بۆ ئەوانە بێ:

تەمەنی لە ٢٨ ساڵ کەمتر نەبێت.

یان لە پێنج ساڵ خزمەتی لە شۆڕش کەمتر نەبێت.

کۆبوونەوەی ئەمشەو کۆتایی هات کە سبەی دەست پێ بکاتەوە..

## کۆبوونەوەی ئەمڕۆ ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٤/٦/٢٣

بە ئامادەبوونی هەڤالان: مام جەلال، مولازم عومەر، عومەر عەبدولعەزیز، د. کەمال خۆشناو، بەکری حاجی سەفەر، عەلی حەوێز، نەوشیروان، د. خدر، ئازاد هەورامی، ئەرسەلان، حەمەی فەرەج، مەلا بەختیار، فەرەیدوون، فؤاد، د. پشتیوان.

مەسەلەی مەڵبەندەکان:

أ. بە نیسبەت ئەو کەسانەی کە ئیستا مەسئولەتیان نەماوە "م. س" تەخویل ئەکرێ، بۆ ئەوەی بیانـدینێ و بۆ هەر یەکە کارێک بدۆزێتەوە.

ب. بە نیسبەت مەڵبەندی دوو کە گیروگرفت لە نێوان

کـــۆمیتەکەی هەیە "م. س" لەدوویـــان بنێـــرێ و هەوڵ دا گیروگرفتەکەیان چارەسەرکا.

ج. بڕیار درا:

قادر خەبات نەقڵ بکرێت لە فەرماندەی تیپی ٧٤ی باڵەک بۆ تیپی ٩١ی سەفین لە مەڵبەندی ٤، وەک فەرماندەی تیپ.

عەبـــدولڕەحمان ســـەیدە، لە ئـــامیر کەرت لە تیپـــی ٧٤ سەرپەرشتی تیپەکەیان بکات.

تیپی ٥١ی گەرمیان بکرێت بە دوو تیپ.

تیپی ٥١ ی یەکێتی، سامان فەرماندەکەی بێت، ئەوی تریش ٥٣ی شێروانە، عادل.

- عەلی شامار یاریدەدەری سامانە، دلێر یاریدەدەری هەڤاڵ عادلە.

- تیپێکی تازە دروست بکرێت لە ناوچەی بەمۆ، مامۆستا شاهۆ بە فەرماندەی تیپ دابندرێت.

- عەلـــی چوارتـــایی لە فەرمانـــدەیی ٣٧ی شـــارباژێڕ بگـــوازرێتەوە بـــۆ فەرمانـــدەیی تیپـــی ٣١ی پێنجـــوێن، جەمـــال خواکەڕەم فەرماندەیی تیپی ٣١ی پێنجوێن بۆ ٣٧ی شارباژێڕ.

- هـــێمن بـــە جێگـــری فەرمانـــدەیی تیپـــی ٣١ی پێنجـــوێن دابندرێت.

- نەبەز بە جێگـــری فەرمانـــدەیی تیپـــی ١٥ی هەورامـــان دابندرێت.

- دانا لە فەرماندەیی تیپی ٩٣ بگوازرێتەوە، بۆ تیپی ٢٣.

- ڕەهبەر وەک فەرماندەیی تیپی ٩٣ دابندرێت.

- غەریب سەعید بگوازرێتەوە، لە فەرماندەیی تیپی ٢٣ بۆ تیپی مەڵبەندی سێ.

- عەبدوڵڵای مام عەلی بە فەرماندەیی تیپی ٦٣ دابندرێت و محەمەد ڕازانی بە جێگری سەرتیپ.

- بە نیسبەت تیپی ٤٣ی ئاسۆس عەلی وەیسی بە جێگری سەرتیپ دابندرێت.

- شێخ عەتا بە جێگری تیپی مەڵبەندی یەک دابندرێت.

هەروەها بڕیار درا:

دادگایەک داندرێ مەرکەزی لەم هەڤالانە:

جەمال حەکیم، حاکم سەردار کە لە دەشتی کۆیەیە. ئەندامێکی دەزگای ڕ. کۆمەڵە. ئەندامێکی دەزگای ڕ. شۆڕشگێڕان.

ئەو تاوانەی حەواڵە کرێت کە لەو بڕیارەی دوێنێ دراوە و لەمەوبەر نووسراوە، ناوەکەشی "دادگای بەرزی شۆڕش"ە.

* * *

بۆ خۆئامادەکردن بۆ چوونە ناوچەی بادینان:

بڕیار درا:

أ. هەر کەرتێک لە ٢٠ چەک کەمتری نەبێت، پارچە چەکێک بنێرنە "م. س" بۆ ئەوەی بدرێتە ئەو هێزەی کە ئێستا بۆ بادینان گەڵاڵە دەکرێ.

ب. بڕیار درا چەند پارچە چەکێک بۆ عومەر عەزیز بکڕێ لەبری چەکەکانی پێشووی خۆی.

ئیمزاکان

مام جەلال، فۆاد معصوم، عومەر عەزیز، عەلی حەوێز، فەرەیدوون، خدر هەورامی، ئەرسەلان، نەوشیروان، ئازاد هەورامی، پێشەوا ئەشرەف، حەمەی فەرەج، عومەر عەبدوڵڵا

***

کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی سەرکردایەتی لەو هەڤاڵانەی کە لە شوێن سەرکردایەتی تازە مەوجوودن. دەربارەی هەڵوێستوەرگرتن لەدوای نامەکەی عەلی حەسەن مەجید، کە حکوومەت بڕیاری داوە عزەت دووری ڕۆژی شەممە ١٩٨٤/٩/٢٢ بێتە سووڕداش بۆ دیتنی یەکێتی.

بڕیارەکان بەم جۆرە بوون:

١. ئەو وەفدەی کە لە سووڕداش وەفدی حکوومەت دەبینێت لەم هەڤاڵانە پێک دێ:

مـــام جەلال، نەوشـــیروان، فـــؤاد معصـــوم، فەرەیـــدوون عەبـدولقادر، قـادر حـاجی عەلـی، مـولازم عـومەر، د. خـدر، د. پێشەوا، ئازاد هەورامی.

٢. مـام جەلال لەگەڵ مـولازم عـومەر دەچـنە بەغـدا لەگەڵ عزەت دووری.

٣. فـؤاد معصـوم دەچێـتە هەولێـر بـۆ دیتنـی مورەشـەحەکانی هەولێر.

٤. فەرەیـدوون عەبـدولقادر دەچێـتە سـلێمانی بـۆ دیتنـی مورەشەحەکانی سلێمانی.

٥. سەربەســـت بـــامەڕنی دەچێـــتە دهـــۆک بـــۆ دیتنـــی مورەشەحەکانی دهۆک.

٦. ئـــازاد هەورامـــی دەچێـــتە کەرکـــووک بـــۆ دیتنـــی مورەشەحەکانی کەرکووک.

٧. مـام جەلال تەخویـل کـرا بـۆ دانـانی وەزیرەکانمـان گەر بەشداریمان کرد لە وەزارەت.

ئیمزاکان

مام جەلال، پێشەوا، بەکر، خدر هەورامی، ئازاد هەورامی، نازم عومەر، نەوشیروان، فەرەیدوون

رۆژی ١٩٨٤/١٠/٢٠

کۆبوونەوەی "م. س" بە ئامادەبوونی هەموو هەڤالان دەربارەی گفتوگۆ:

١. پاش لێدوان لە بارەی گفتوگۆ بە تێکڕایی گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە پێکهاتن شتێکی دوورە، لەبەر ئەوە لەناوەوە و دەرەوە خۆمان ساز بدەین، بەڵام درێژە بدرێت بە وەزعەکە تا مستەلزەمات ئامادە ئەکرێ، کاتی شەڕکردنەوە خۆمان دیاری بکەین، نەک لە لایەن هێزی خۆمان یان دەوڵەتەوە ڕابکێشرێین بۆ شەڕ.

٢. مام جەلال یاخود وەفد نەنێردرێتەوە بۆ بەغدا، نامە و یەک هەڤاڵ بنێردرێ، ئەگەر پێویستی کرد.

٣. مام جەلال تەسریحێک دژی ڕێککەوتنی تورکیا - عێراق ئەنووسێت.

٤. تاکتیکی خاوکردنەوە لەگەڵ جاشەکان و هەوڵدان بۆ ڕاکێشانیان بەلای شۆڕشدا.

ئیمزاکان

نەوشیروان، مام جەلال، فؤاد معصوم، فەرەیدوون

## کۆبوونەوەی "م. س" بە ئامادەبوونی هەموو هەڤالآن، لە ڕۆژی ١٩٨٤/١٠/٢٣

دوای موناقەشە و لێکۆڵینەوە ئەم بڕیارانەی دا:

١. بەیانێک دەرچێت هەفتەی داهاتوو دوای بلاوکردنەوەی بەیانەکەمان لەسەر ڕێککەوتنی ڕژێمی عێراق و تورکیا بۆ هاتنی هێزی تورکیا بۆ ناو کوردستانی عێراق بۆ لێدانی پێشمەرگە... بەیانەکە داوای ئاشتبوونەوەی گشتی بکات لەسەر بناغەی پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانی و هیچ هێزێک نەبێت بە داردەستی یەکێ لە هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان... ئەمە بە ڕەئی هەموو ئەندامانی "م. س"، بەلآم هەڤاڵ سکرتێری گشتی ڕای وایە ئیزافەی ئەم فەقەرەش بکرێت کە: هیچ هێزێک نەبێت بە کەواسووری بەر لەشکر، کە هەڤالآن لەسەر ئەم فەقەرەیە دەنگیان نەدا.

٢. بۆ یارمەتیدانی ڕاکێشانی ئاو بۆ گوندی مەولان و قومرغان لە دەوروبەری دوو هەزار دینار یارمەتی بدەین.

٣. قبووڵی ئیستیقالەکردنی عوسمان مەلا مستەفا و پێنج کەسەکەی لەگەڵی بوون.

٤. ئەو هێزەی کە ئێستا لە بناری کۆسرەتە، سەر بە تیپەکانی ناوچەکەنە، بڕیار درا:

أ. بکرێت بە تیپ بە ناوی تیپی کۆسرەت و ژمارەش ٩٥

بێت. شێخ جەنگی بکرێت بە فەرماندەی تیپ. جەبار سەیدە بکرێت بە جێگری فەرماندەی تیپ. سنووری تیپەکە ناحیەی خەلەکانە. تیپەکە سەر بە مەڵبەندی "سێ"یە. موافەقە کرا لەسەر سەرفکردنی ١٣٠٠ دینار بۆ کڕینی ئار پی جی و گوللە ئار پی جی.

٦. سەرفکردنی ٢٧٥٠ دینار بۆ کڕینی فیشەک بۆ پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥

٧. ئەم مانگە یارمەتیی هەردوو ناوەندییەکە پێنج هەزار دینار بێت، هەر بۆ ئەم مانگەش.

٨. ٩٢٠ دینار بدرێتە هەڤاڵ سەلیم کە بۆ خانوو خەرجی کردووە.

ئیمزاکان

فؤاد معصوم، مام جەلال، فەرەیدوون، نەوشیروان

## کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی لە ڕۆژی ١٩٨٤/١٠/٢٤

بڕیارەکان:

١. نەقڵی مەحموود سەنگاوی بۆ تیپی ٥١، وەک فەرماندەی تیپ.

٢. نەقڵی هەڤاڵ فەرەیدوون فەرماندەی تیپی مەڵبەند بۆ تیپی ١٥، وەک فەرماندەی تیپ.

٣. هەڤاڵ شۆڕش داندرێت بە فەرماندەی تیپی مەڵبەندی یەک.

٤. هەڤاڵ مەحموود گەرمیانی بکرێت بە جێگری فەرماندەی تیپی ١٥.

٥. هەڤاڵ جوامێر داندرێت بە جێگری فەرماندەی تیپی ٣١.

٦. د. شالاو ببێت بە ئەندامی دەستگای بەڕێوەبردن.

٧. مامۆستا برایمی حاکم، ئەویش ببێت بە ئەندامی دەستگای بەڕێوەبردن.

ئیمزاکان

فؤاد معصوم، مام جەلال، فەرەیدوون، نەوشیروان

* * *

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی لە ڕۆژی ١٩٨٤/١٠/٢٧

لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بڕیار درا:

١. هەزار دینار یارمەتی بۆ "مثنى احمد سلمان بدري" لەبری ئۆتۆمبێلەکەی کە لە مەڵبەندی چوار داگیر کرابوو کاتی خۆی.

٢. تەعلیماتەکانی دەزگای ئیدارە و دارایی و پێشمەرگایەتی موافەقەی لەسەر کرا.

٣. شێخ عومەر دەکرێت بە جێگری فەرماندەی تیپی مەڵبەندی دوو.

٤. زەریبە بسێنرێت لە بەردشکێنەکان و کانگای بەرد.

ئیمزاکان

فؤاد معصوم، فەرەیدوون، مام جەلال، نەوشیروان

* * *

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی ڕۆژی ١٩٨٤/١/٢٩

١. بڕیار درا بۆ ئەم مانگە جگە لە ئازووقە هەر پێشمەرگەیەکی زگورتی دە دینار یارمەتی بدرێت، پێشمەرگەی خاوەن خێزان چل دینار یارمەتی بدرێت.

٢. سەرتیپەکان هەریەکەی ئەم مانگە سەد دینار یارمەتی بدرێن، جێگری فەرماندەی تیپ و ڕابەری سیاسیی تیپ، حەفتا دیناری یارمەتی بدرێن.

٣. ئەندامانی مەڵبەند هەر یەکەی ئەم مانگە سەد دینار یارمەتی بدرێن.

٤. هەر کەسێ بەبێ بڕیاری شۆڕش خەڵک بکوژێت بێ ئەوەی لە حاڵەتی دیفاع بێت و ببێتە هۆی ئاژاوە، ئیعدام دەکرێ.

٥. ٢٥٠٠ دینار سەرف بکرێت بۆ ماڵی حەمەد ئاغا بۆ سولح.

٦. پشتگیری لە بڕیاری دادگای شۆڕش ئەکرێت کە داویەتی لە گیروگرفتی وریا سوور، فەرماندەی کەرت لە تیپی ٢١.

٧. یارمەتی مومتاز ئیبراهیم بە سێ سەد دینار بدرێت.

٨ مەڵبەندی سێ بە هەموو دەزگاکانی بچێتە "بۆتی"، جگە لە لێپرسراوی عەسکەری لە بالیسان بمێنێتەوە.

٩. پێنجسەد دینار یارمەتی ڕەفعەتی مەلا بدرێت.

١٠. پێنجسەد دینار یارمەتی عائیلەی شەهید بارزان بدرێت.

ئیمزاکان

فؤاد معصوم، فەرەیدوون، نەوشیروان، مام جەلال

## کۆبوونەوەی م. س لە ڕۆژی ١٩٨٤/١١/٢

دوای لێکۆڵینەوەی وەزعی خۆمان دەربارەی پەیوەندیی لەگەڵ میری بڕیار درا:

کە وەفد نەنێرینەوە بەغدا، بەڵکوو داواکەیان پشتگوێ بخرێت، ئەگەر جارێکی تریش داوایان کردەوە ئەوساکە یەک کەس بنێرین لەگەڵ وەڵامدانەوەی میساقەکە.

بڕیــار درا لیــژنەیەک دروســت بکــرێ بــۆ لێکــۆڵینەوە لە مەحمــوودی حــاجی فەرەج لەســەر شــکاتی مەڵبەنــدی یەک، هەروەها بۆ عومەرە ڕەش لەسەر ئەو موخالەفانەی کردوویەتی.

بڕیاری سزادانی هەر کەسێک درا، سزا بدرێت.

کوێخا عەلی بکرێتە سەرتیپ و عەبدولڕەحمان سیوەیسی بە یاریدەدەری.

ئیمزاکان

فەرەیدوون، نەوشیروان، فؤاد معصوم، مام جەلال

کۆبوونەوەی م. س لە ڕۆژی ١٩٨٤/١١/٤ بڕیار درا:

دروســـتکردنی تیپـــێ بە نـــاوی ٦٥ی گەلاڵە و ســـەر بە مەڵبەندی سێ و ناوچەی چالاکیشی مەنگووڕایەتی.

## کۆبوونەوەی م. س لە ڕۆژی ١٩٨٤/١١/٨

ئەمە بڕیارەکانە:

- باســی وەزعــی گشــتی کــرا، لەگەڵ دەوڵەت و زرووفــی ناوچەی بادینان دوای ڕێککەوتنی ڕژێمی عێراق و تورکیا دژی جــووڵانەوەی ڕزگــاریخوازی گەلــی کوردســتان. بڕیــار درا لەم ڕووەوە چەنــد هەنگاوێــک بهــاوێژین و درێــژە بە سیاســەتی خۆمان بدەین.

دادگای بەرزی شۆڕش:

ئەندامانی پێک هاتووە لە جەمال حەکیم: سەرۆک. نازم و هەڤاڵ حەسەن کوێستانی: ئەندام.

نوێنەرانی شۆڕشگێڕان و کۆمەڵە بۆ تەحقیق لە قەزیەی مەحموودی حاجی فەرەج، پێک هاتووە لە: د. خدر، حەسەن کوێستانی و نوێنەری مەڵبەندی یەک د. خدر لێپرسراوی لیژنەکە دەبێت.

دەزگای دارایی پێک هاتووە لە:

مامۆستا نازم، مامۆستا سەرکەوت، ئەندامی دەزگایەکە بن.

هەڤاڵ حەمید کەریم شانە ببێ بە ئەندام لە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی لە جیاتیی هەڤاڵ حاکم برایم، حاکم برایمیش دەچێتەوە ئیدارەی "م. س" لە سووورداش.

دکتۆرکانی شۆڕش هەریەکەی مانگی پەنجا دیناری هەیە، جگە لە ئازووقە، "معاون طبي"یەکان و دکتۆر بەیتەرییەکان مانگی سی دیناریان بدرێتی، جگە لە ئازووقە. موهەندیس ئەشیعە، وەک دکتۆری بەشەری معامەلەی لەگەڵ بکرێ لە ڕووی یارمەتییەوە.

بە نیسبەت برادەرانی بادینان هەڤاڵان: کەمال و ئەسکەندەر نەقڵ دەکرێن هەریەکە بۆ ناوەندی خۆی، لیژنەیەک پێک دێت بۆ سەرپەرشتیکردنیان، بە کاتی پێک هاتووە لە هەڤاڵان: یونس، مەسعوود، مامۆستا حەمید.

هەر حەڤــدە کەس کە چەکــی خۆیــان پێــیە، ســەر و کلاشینکۆفیان پێ ئەدرێ و چەکەکەیان دەبێتە هی شۆڕش.

* بەندیخانەیەک پەیدا کرێت بۆ دادگای بەرزی شۆڕش.

ئیمزاکان

فەرەیدوون، نەوشیروان، مام جەلال، فؤاد معصوم

## کۆبوونەوەی "م. س" لە ڕۆژی ١٩٨٤/١٢/١١

بڕیار درا لەسەر:

١. ئیدارە تەخویل بکرێ بۆ فرۆشتنی هێندێ لە شتەکانی ئـازووقە، کە وەردەگیـرێ، پارەکەیـان لای وەک دەسـتمایە بـۆ هەڵسووڕانی فرۆشگایەکەی لە مەرگە دایئەنێن.

٢. بۆ کۆمیتەی دەزگای ئیدارە لە جیاتیی د. شالاو د. زریان هەڵبژێردرێت، ئەگەر ئەویش نەیکرد د. شڤان.

٣. بۆ بردنی نامەکەی "ی. ن. ک" بۆ بەغدا عومەر عەبدوڵڵا دەبیات.

٤. سێزدە کەسەکەی داوای نەقڵیان کردووە، لەگەڵ کەمال لە هێزی بادینان، موافقین.

ئیمزاکان

فؤاد معصوم، فەرەیدوون، نەوشیروان

# بەشی چواردەیەم

# یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان

## ا

## سەرەتا و خەون

سەرهەڵدان و لەدایکبوونی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان "ی. ش. ک"، دوای هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی بارودۆخ، هاتنەپێشەوەی چەند هۆکارێک و زەرووورەتی سەردەم، لە ڕۆژی ١٩٨١/٤/٢٨ بە بەشداربوونی چەند هەڤاڵێک دروست بوو، بۆ ئەوەش کۆبوونەوەیەکمان لەو بوارە ئەنجام دا، کە باس لە:

وەزعی هێڵی گشتی، پەیوەندیی نێوان تەوژم و هێڵەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، یەکگرتنەوەی لەگەڵ "بسک"، پەیوەندیی نێوان هێڵی گشتی و هێزە کوردستانییەکان، دواتریش هێزە عێراقییەکان، لە کۆتاییشدا چەند پێشنیارێک کران و زەمینەمان ڕەخساند، بۆ ڕێکخستنێک و فیکر و بەیەکەوە کارکردنی کەسانێک، لە بەرایی هەموو شتێک خەمی گەورەی نیشتمان و نەتەوەکەمان کۆی دەکردینەوە. هەڵبەتە بە یەکدەستی، بە کۆ کاروبار و ئیش و پلانەکان خێرا و مکومتر دەچنە پێش، خواست و خەونەکان بەدی دەهێنین، تا پەرشی و بڵاوی و هەرکەسە باراشی لە ئاشێ لێ بکات، بەم جۆرە هەنگاو بە هەنگاو کارەکان چوونەتە پێش.

***

خــودی یەکێتیــی نیشــتمانی کوردســتان، خــۆی وەک ڕێکخراوێک و بەرەیەک، لە چەند باڵ و بیرکردنەوەی جیا و کەسایەتیی شۆڕشگێڕ و بوێر پێک هاتووە، بەڵام بۆ یەک مەرام و ئاراســتە و خەونــی گەورەی کــۆمەڵانی خەڵکــی کوردســتان و ڕزگــارکردنی ئەم گەل و نیشــتمانە بــووە، لەژێــر چەپۆک و جەور و ستەمی دوژمن و داگیرکەران.

## ٢

## بۆ دامەزراندن

بۆ یەکخستن و لێکنزیکردنەوە و توندوتۆڵکردنی ڕیزەکانمان لەم هەوڵانە دەدران، ئەوەی یەکێتیـــــــــی شۆڕشـــــــــگێڕانی کوردســـتانیش لەم بـــازنەیەدا بـــوو، دوای چەنـــدان دانیشـــتن و گفتوگۆی تێروتەسەلی نێوان سەرکردایەتی و کادیرانی خەتی گشـتی و بـزووتنەوەی سۆشیالیسـتی کوردسـتان، لەوانەی هەر لەناو یەکێتیدا مابوونەوە، لە خەتی گشتی: "شێخ عەلی شێخ حەمەسـالح، د. خـدر مەلا معصـومی بـرام، د. پێشـەوا شـێخ شەرەف تاڵەبانی" بوون و لە بزووتنەوەش: هەر یەکە لە "مامۆستا عەلـی حەوێـز، مامۆسـتا عەبـدوڵلا عـومەر، مامۆسـتا چەتـۆ حەوێـزی" بـوون. هەمـوو کۆبوونەوەکـانیش لەژێـر چاودێریی ڕێنوێنی مام جەلالدا بوون.

## ٣

## بزووتنەوە و خەتی گشتی

لە ڕێکەوتی ١٩٨٢/٨/٢ لە بارەگای ناوەندی بزووتنەوە، نوێنەرانی هەردوولا: لیژنەی نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە خەتی گشتی، بڕیاریان لەسەر یەکگرتنەوەیان دا، بەپێی دیکۆمێنت و یاداشتەکان واژۆیان کردووە، لەسەر چەند خاڵێکیش ڕێک کەوتن، لە خاڵی نۆیەمیش کە دوا خاڵە، دەڵێ:

"دانانی لیژنەیەک بۆ وتوویژ لەگەڵ هەڤاڵانی "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان"، بە مەبەستی گەیشتن بە شێوەیەکی گونجاو بۆ ڕێکخستنەوەی کاروبارە هاوبەشەکانمان. ناوی ڕێکخراوەکەش تا دەگەنە کۆنفرانس "یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان" بێت، دواتریش تا کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ناوەکە وەک خۆی مایەوە.

### دامەزرا

دوای دوو هەفتەش لە ڕۆژی ١٩٨٢/٩/١٠ کۆبوونەوەی هاوبەشیان کرد، لە ڕۆژی دواتر ١٩٨٢/٩/١١ دامەزراندنی

یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان ڕاگەیاندرا. ناوەکەشی لەسەر داوای هەریەکە لە: من و د. کەمال فؤاد، عومەر شێخموس بوو.

سەرکردایەتیی هاوبەش پێک هات لە خەتی گشتی:

دکتۆر فؤاد معصوم، دکتۆر کەمال فؤاد، عومەر شێخموس، دکتۆر خدر معصوم هەورامی، سەید مەجید سەید حوسێن سەید مورسل.

لە بزووتنەوەش:

عومەر مستەفا دەبابە، جەمال حەکیم ئاغا، مامۆستا عەلی حەویز، حاکم عومەر عەزیز، مامۆستا نازم عومەر دەباغ.

یەکەمین کۆبوونەوەشمان لە ڕۆژی ١٩٨٢/١٠/٣دا بوو، هەر ئەو کاتەش کار و لێپرسراوەتییەکانیشمان دابەش کرد.

دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، لە بەرایی هەمووان مام جەلال، ئینجا ئەو سەرکردایەتییە هاوبەشە دەگرێتەوە، کە لە هەردوو باڵ پێک دێت. دوای ئەوە چەندان کادیر و کەسانی دڵسۆزی دیکە لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکان بەشدار بوون بۆ لیژنەکان، کە من ئێستا یەکەیەکەی ناوەکانم بە وردەکارییەوە بیر نەماوە، بەڵام لە سەرچاوەکان ناوەکان نووسراون و بەردەستن.

***

ئیدی هەوڵەکان بەردەوام بوون، هەموو ئەندامان و

سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕان لە جووڵە و کاردا بوون، لەوانە لە ڕۆژی ٣ی ئادار کۆبوونەوەی کادرە سیاسییەکانمان بۆ ناوچە و لق و کەرتەکانی ڕێکخستن ئەنجام دا، د. پێشەوا تاڵەبانی، ڕەئووف حاجی سلێمان، مامۆستا چەتۆ ئامادە بوون. دوای کۆبوونەوە گشتییەکە کۆبوونەوەیەکی خۆمان وەک شۆڕشگێڕان بە ڕێکوپێکی بەڕێوە برد.

لە ڕۆژی ١٩٨٤/٨/٢٨، کۆنفرانسی دووەمی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە مێرگەپان لە بناری چیای پیرەمەگروون بەسترا، هەر لەو کاتەشدا بوو، گفتوگۆ و دیالۆگی نێوان حکوومەتی عێراق و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەردەوام بوو، هەریەکە لە: مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، د. قاسملوو، شێخ عیزەدین، سەید ئیبراهیم... ئامادە بوون، خۆشحاڵیی خۆیان بە گەشەکردنی شۆڕشگێڕان دەربڕی. ئەم کۆبوونەوەیەش بەردەوام بوو تا لە ١ی ئەیلوول گەیشتینە هەڵبژاردن، سەرەنجام نۆ کەس خۆیان هەڵبژارد، یان نۆ کەس ناویان مایەوە بۆ هەڵبژاردن.

***

لە ڕۆژی ١٩٨٥/٧/١٢ سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە ئامادەبوونی هەڤالان: د. فؤاد، د. خدر، عومەر عەزیز، سەربەست بامەڕنی، شێخ محەمەد سەرگەڵوو، شێخ عەلی، شێخ عەبدولکەریم، مامۆستا عەبدوڵلا کۆ بووەوە و بڕیار درا:

١. لەسەر دەرکردنی "کوردایەتی" بە شێوەیەکی دەوری بەردەوام بن، کە تێیدا سروشتی کوردستانی زاڵ و دیار بێت.

٢. ڕۆژنامەیەکی مانگانەی دەرچێت.

جگە لەم بڕیارانەی سەبارەت ڕاگەیاندنیش، چەند بڕیارێکی دیکەش سەبارەت بە کاروباری مەکتەبی ڕێکخستن و مەڵبەندەکان و جێگۆڕکێ و دەستکاری لق و ناوچەکان دەرکران. هەروەها دیارە هەمیشە ڕۆڵی سکرتێری گشتیی "ی. ن. ک"یش لەبەرچاو گیراوە، بۆ کارە ئاڵۆز و تێکچڕژاوەکان، یان بە کۆی گشتی بە باشیان زانیوە، خودی مام جەلال ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و کۆتایی بە کێشە و ناکۆکییەکان بێت.

## ٤
## پلینیۆم

لە یادی دامەزراندنی یەكێتیی شۆڕشگێڕانی كوردستان، لە ڕۆژانی ١١ تا ١٩٨٥/٩/١٤ لە كانی زێوكە لە گوندی هەڵەدن، پلینیۆمێكی بەست، سەرەتا بڕیارمان دا دەست بە كارەكانمان بكەین، بەڵام لەبەر ئەوەی مام جەلال لە لای برادەرانی حیزبی دیموكراتی ئێران بوو، بۆیە ڕای زۆربەی برادەران وا بوو، مام جەلالیش لە دەستپێكی پلینیۆمەكە بەشدار بێت، بەڵام كە مام دواكەوت، ماوەی سەردانەكەی درێژەی كێشا، ناچار ئێمە لە كاتژمێر ٥ی ئێوارە دەستمان بە كارەكانی خۆمان كرد، مام جەلالیش سەعات ٨ گەڕایەوە، بەشداریی كردین، تا سەعات دوازدەی شەو لە زۆر مەبەست قسەی كرد.

لەبەر ئەوەی ئەم چەند ئەندامەی سەركردایەتی بۆ دەرەوە و ئەوروپا ڕۆیشتن، جا بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە، بە برادەرانم گوت:

بەپێی پەیڕەو ژمارەمان نابێت لە حەوت ئەندام لە سەركردایەتی تێپەڕێت، بەڵام بەم ژمارەیە ئیشوكارەكانمان ناچنە پێش، ئێوەش دەبێت بەرگەی ئەو بەرپرسیاریەتییە بگرن، جا ئەگەر دەرفەتی فراوانكردنی بدەن، ئێمە باری ئەو

بەرپرسیاریەتییە هەڵدەگرین، با جگە لە سێ یەدەگەکان سێ ئەندامی دیکەش بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێردران:

١. د. فؤاد معصوم "سکرتێر"

٢. مامۆستا نازم عومەر دەباغ

٣. شێخ عەلی حەمەساڵح تاڵەبانی

٤. شێخ عەبدولکەریم شەدەڵە

٥. شێخ محەمەدی سەرگەڵوو

٦. شەوکەت حاجی موشیر

٧. مامۆستا عەبدوڵڵا عومەر

٨. شێخ دارا شێخ جەلال "شێخ دارای حەفید"

بڕیارەکانی پلینیۆمیش بریتی بوو لە:

١. دوو مەکتەبی ڕێکخستنمان هەبێت، یەک لە هەولێر، یەک لە سلێمانی، واتە مەکتەبە ناوەندییەکە نەمێنێت، هەریەکەش برادەرێکی سەرکردایەتی سەرپەرشتی بکات.

٢. سروودی ئەی ڕەقیب بکرێت بە سروودی ڕەسمیی "ی. ش. ک".

٣. پڕۆژەیەک بۆ دەستکاریی دەزگاکانی شۆڕش.

٤. پێداچوونەوەیەک بەسەر پەیڕەو و پڕۆگرام.

***

ئێــــوارەی ڕۆژی ۱۹۸۸/۷/٦، کۆبـــــوونەوەی فراوانـــــی شۆڕشــگێڕان دەســتی پــێ کــرد و ســێ ڕۆژی خایانــد، ئەو مەسەلانەی لەو کاتەدا لەو ساڵە سەختەدا هاتەپێش:

ڕەوشـی کوردسـتان بە گشـتی. ڕەوشـی نـاو یەکێتـی. بەرەی کوردسـتانی. پەیوەنـدیی دەرەوە و پەیوەنـدیی شۆڕشـگێڕان لە دەرەوە.

* * *

## ٥
## دوو باڵەکە

بە وردی لەسەر یەکبەیەکی ئەم خاڵانە وەستاین، وەک هەمیشەش هەوڵم دا کۆبوونەوەکە بەو ئاراستەیەی یەکێتیی نێوان لایەنەکانی "ی. ن. ک"دا بڕوات، نەک ڕووەو هەڵدێر و ناتەبایی و لێکجیابوونەوە، بۆیەش بڕیارمان دا هاوڕێیان و نەوشیروان ببینین بۆ پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانی نێوانمان، بە پرۆگرام و پەیڕەو و دەستنیشانکردنی ماف و ئەرکەکانمان. هەردوو باڵ بینەوە یەک و یەکێتی ببێ بە حیزب یان ڕێکخراو، هەروەک بەو بەرنامەیەی کە هەمانبوو نەوشیروانمان دی.

لە ڕۆژی ١٩٨٩/٥/١٤، لە لەندەن لقی ئەورووپا کۆ بووەوە، ئامادەبووانی لق: "عومەر مستەفا دەبابە، د. خدر، د. شێرکۆ فەتحوڵڵا، د. کامەران، مامۆستا کامەران، شاڵاو عەسکەری" بوون و من و د. کەمال فۆادیش بەشدار بووین. من هێندێ قسەم بۆ کردن دەربارەی ڕەوشی وڵات بە گشتی و ڕەوشی یەکێتی، هەندێ لەو وردەکاری و ئاڵۆزی و پەیوەندیی خۆمان و کۆمەڵە، زۆر شتی دیکە. بە ڕاستی وا دیارە لەم ماوەیە ڕێکخستنەکانی شۆڕشگێڕان لە ئەورووپا بە ڕێکوپێکی ئیش ناکەن.

***

لە ڕۆژانی ٣ تا ١٩٨٩/٦/٥، کۆبوونەوەی فرأوانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، لە نۆکانی سەر سنووری ئێران و عێراق بەسترا، لەژێر دروشمی "خۆڕاگرتن، بەردەوامبوون لەسەر خەبات، پاراستنی یەکێتیی نیشتمانی و بەهێزکردنی بەرەی کوردستانی لە پێناوی عێراقێکی دیموکراتی و کوردستانێکی خاوەن مافی چارەنووس"دا، کە ٦٧ ئەندام بەشدار بوون. سەرەتا من وتارێکم وەک شۆڕشگێڕان خوێندەوە، ئینجا وتاری مام جەلال کە کاتژمێرێک زیاتری خایاند، دواتریش وتاری فەرەیدوون عەبدولقادر بوو، کە باسی هاوسەنگی و بەرەو یەکبوونی کرد.

جا ڕۆژی سێیەم، دوای ئەوەی بە ناوی سەرکردایەتی دەست لەکارکێشانەوەی خۆمانمان پێشکەش بە کۆبوونەوەی فراوان کرد، بۆ ئەوەی بوارێکی دیموکراسی هەبێت، دوای هەڵبژاردنی دەستەیەک بۆ مەکتەبی سیاسی و دکتۆر فؤاد بە سکرتێر هەڵبژێردرا.

## ٦

## جیا نابینەوە

بە پێویستی دەزانم لێرە باس لە شتێک بکەم، کۆبوونەوەکە سەرکەوتوو بوو، جارێ لە ڕووی گفتوگۆوە زۆر ئازادانە بوو، بەڵام وەک هەر کۆبوونەوەیەکی کوردی هەر شتە خودییەکان لەپێشەوە بوون، ئەندامان دڵخۆش بوون بە کۆبوونەوەکە، مەسەلەی جیابوونەوە لە یەکێتی کە هێندێ کەس لەوانە بوو بیری لێ بکەنەوە، یان لە پەنا پڕوپاگەندەی بۆ بکەن و دوودڵی بهاوێنە نێو برادەران، ئەمە بنبڕ بوو، کە ئەمە دەستکەوتێکی گەورە بوو.

هێندێ کەس وایان دەزانی کە کۆبوونەوەکانمان ئەوها دواکەوت تا مام جەلال دەگەڕێتەوە، لە ترسی ئەوە بووە، نەبادا دەسەڵاتمان بەسەردا نەشکێت، لە ڕاستیشدا وا نەبوو، مام جەلال هەر ڕۆژی یەکەم بەشداری کردین وەک میوان وتاری دا، بۆ سبەی سەفەری باختەرانی ئێرانی کرد بۆ ناشتنی تەرمی ئیمام خومەینی.

***

هەڵبەتە ئەو ڕۆژگارەی ئەم کۆبوونەوەی یەکێتیی

شۆڕشگێڕانی کوردستانی تێدا بەڕێوە چوو، ڕۆژانێکی پڕ لە تاریکی و سەخت و دژوار بوو، بەڵام بەشداربووان بەوپەڕی خۆڕاگری و ئومێد و گەشبینی و ورەی بەرزەوە لە داهاتوویان دەیانڕوانی، لە وتاری بەرایی کۆبوونەوەکەش ڕایانگەیاند:

ئەوەی ئێستا بەرۆکی گرتووین، بە هیچ شێوەیەک چۆکمان پێ دانادات، بە شکستێکی کاتیی دەزانین، گرنگ کەوتن نییە، بەڵکوو دەبێ باشتر تێ هەڵبچینەوە و لەسەر ڕێبازەکەمان و داخوازییەکانی گەلەکەمان سوورتر بین و درێژە بە خەبات بدەین، ئێستاش بەرەی کوردستانی هەمووماني وەک زەرروورەتێک کۆ کردووەتەوە، هەموو لایەک، لەبن چەتری خەونی گەورەی نەتەوە و نیشتمانەکەمان، یەک دوژمنمان هەیە و سارد نابینەوە.

***

لە ڕۆژی ١٩٨/٧/٢دا، کە ڕۆژی دووەمی کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوو، یەکێک لە مەسەلە گرنگەکان پەیوەندیی نێوان کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان بوو، دوای قسە و گفتوگۆ داوامان کرد یەک بگرین لە چوارچێوەی یەکێتیدا، بەڵام بە داخەوە سەر نەکەوتین.

وەنەبێ هەر لە شاخ و لە کوردستان خەریکی کۆبوونەوە و ڕێکخستنەکانی شۆڕشگێڕان بین، بەڵکوو وەکوو ئەوەی دەبێ شۆڕشگێڕان ناوەکەی بە خۆیەوە بێت، نەهێڵین لە کاروان جێ بمێنێ، وەک هەمیشە هاوسەنگیی نێو یەکێتی ڕابگرین و لەژێر

ئەو چەترەی کۆمان دەکاتەوە، هەنگاوی بەگوڕتر و گەورەتر بهاویژین، بۆیە لە شەوی ١٩٨٩/١٠/٢١ لە ماڵی دکتۆر خدری برام لە لەندەن لەگەڵ برادەرانی شۆڕشگێڕان دانیشتم.

***

دەمەوێ لێرە باسی خاڵێکی دیکەی گرنگیش بکەم، دواتریش لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٠، لە بڵاوکراوەیەکی کۆمیتەی ڕێکخستنی دەرەوەی وڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەک هەمیشە جارێکی دیکە، داوای ئەو زەرووەرەتە و ئەو خواست و خەونەی میللەتەکەمان دەکات، چۆن ئیمڕۆ کوردستان کەوتووەتە میحنەتێکی گەورە و مەترسییەکی زۆر لە گەلی کورد دەکات، بۆیە لە بڵاوکراوەکەی نووسراوە:

دوای لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنێکی تەواو و حیساب بۆ دواڕۆژی خەبات و گەلەکەمان، هەردوو باڵەکەی ی. ن. ک: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، بڕیاریان دا ڕێکخستنەکانی خۆیان تێکەڵاو بکەن، لەناو ی. ن. ک بیتوێننەوە. ئەوە هەرچەندە بە تەواوی بۆ دوای ڕاپەڕین و کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دوا کەوت، بەڵام گرنگ ئەوەیە خەونەکە وەدی هات.

هەڵبەتە وەک پێکهاتە و سەرهەڵدان و دروستبوونی بناغەی ڕێکخراوەکەش، ئەوەی کە ئێمە و زۆربەی خەڵکی کوردستانی کۆ دەکردەوە، کوردایەتی بوو، کەواتە لە چوارچێوەی

کــوردایەتییەکی پێشــکەوتنخواز خەباتمــان دەکــرد، چــونکە زەروورەتــی ســەردەم و قۆنــاغی ئەو کاتەمــان پێویســتی بە هاوکاریی هەموو چینەکانی کۆمەڵ و نەتەوەکەمان هەبوو، کە هەمــوو چینەکــان چەوســاوەی دەســتی فاشیســت و تــاخمێکی داپڵۆسێنەری عێراق بوون.

هەروەهــا بــۆ مەســەلە گەورەکەی کوردســتانیش دیسانەوە، هەمــان شــت هاوکــاری هەمــوو چینەکــانی گەلــی دەخواســت. گرنگــی لەوەدایە هەمــوو جەمــاوەر کــۆ کــرێتەوە لەژێــر ئــاڵای خەبــات. هەر ڕێکخــراوێکیش کە ئایــدیۆلۆژیەتێکی هەڵگــرت، مانــای ئەوەیە نــوێنەری چینــێکە، جــا لەبەر ئەوەی یەکێتیــی شۆڕشــگێڕان لەم قۆنــاغەدا بڕوای بە هاوکــاریی تەواوی هەمــوو چینەکــــانی گەل هەیە، بەرنــــامەیەکی پێشــــکەوتنخوازی هەڵبژاردووە، نەک ئایدیۆلۆژییەت، بەرنامەکەش زۆربەی ئەوەیە کە لەم بەرنامەی یەکێتیدا باس کراوە.

# ٧

# چەند نامەیەک وەک نموونە

## نامەیەک بۆ ڕەهبەر

برای خۆشەویستم کاک ڕەهبەر

سەلاوێکی گەرم...

خۆشییت دەخوازم، هەردەم دڵم لاتە، هەمیشە هیوادارم سەلامەت بن.

لە سەرەتای سەفەرەکەم، چوومە بەرلین، شەوێک مامەوە ١٩٨٨/٣/٣٠، کاک شاخم لەدوو حاکم نارد، بە خۆ و مادام هاتن، شەو پێکەوە بووین، وەزعی باشە چاوەنواڕی منداڵبوونە، کە ئێستا بێگومان بوویانە، تەقدیری دکتۆران کوڕ بووە.

منیش دوو مانگ و نیو لای منداڵەکان بووم، کە دەبا لە شاری بێرمینگهام بیانگوێزمەوە بۆ لەندەن، چونکە زەحمەت بوو بۆیان، لەدوای ئەو هەموو زیکرەیاتە لەگەڵ شوان، هەر لەوێ بمێننەوە، هەر بۆیەش لە لەندەن ناشتمان، هەڵگیرا بوو تا خۆم چووم، بەشداریی شاردنەوەییم کرد.

گیانە: ئەو ناوەی لە دەرەوە زۆر قسەوقسەلۆک هەڵبەسترابوو، دروست کرابوو، کە ی. ش. ک لە یەکێتی جیا دەبێتەوە...

مەسەلەکە هاتبووە سەر ئەوەی خەڵک چاوەنوارِ بێت، کەی بەیانەکە دەرچێت، وەک ئەوەی جیابوونەوە شتێکی باشە و بەرژەوەندیی شۆڕشگێڕانی تێدا هەیە.

کە گەڕامەوە کۆبوونەوەیەکی فراوانمان لە قاسمەڕەش کرد، مەسەلەکە لە هەموو لایەکەوە هەڵسەنگێندرا.

ڕاستە گیروگرفت هەیە، فەرق و جیاوازی هەیە، موزایەقە هەیە بۆ برادەرانمان، بەڵام چارەسەر وەنییە لێکجیابوونەوە بێت، بەڵکوو زۆر ڕێگای کە هەیە. جا کە لەگەڵ برادەرانی کۆڕەک دانیشتین، هەموو شتەکان ڕوون دەبێتەوە. ئێمە چەند تەسەورێکمان هەیە:

١- دەستنیشانکردنی ئەرک و ماف، چیکە ئەهوا بێ تەحدید نەبێت، کە ئەمەش پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی پەیڕەو و پرۆگرامی ی. ن. ک هەیە.

٢- هەردوولا ببینەوە یەک، لەم دووباڵییە ڕزگارمان ببێ، چ خیلافاتێکی سیاسی لە نێوانماندا نییە، بۆچوون و تەحلیلمان وەک یەک وەهایە. خەڵک یەکبوونی دەوێ، زرووفی ناوچەکە و ئایندەی ناوچەکەش هەر ئەمە دەخوازێ.

٣- گەر هەردووکی مومکین نییە، یەکێتی ببێ بە جەبهە.

لەگەڵ کاک نەوشیروان دانیشتم، هێندێ گلەیی هەبوو لە هێندێ برادەرانی خۆم بە ناو، هەروەکوو گلەیی هەبوو بە گشتی سەرکردایەتیی ئێمە، خۆی لەئیش نادات. کە لەگەڵ

هێنـدێ لەو گلەییـانە مـوافقم، مەڵبەنـدی سـێ بە مەرکەز و مەوقیعەی برادەرێکی سەرکردایەتیی ئێمەی لێ نییە، بەڵام لە هەمـان کاتیشـدا لە مەڵبەنـدەکان ئەوە قـۆزراوەتەوە و لەدژمـان بەکاری دەهێنن. جا بۆیە دەبێ واقیعی بین، لە سەرەتا بزانین کەموکوورییەکانی ئێمە چین!

خۆمـان دەستنیشـانیان بکەیـن، بـۆ چارەسـەکردنیان ئەوجـا ئاگاداری مافی هەڤاڵانیشمان بین، مافیان نەخورێ. من دڵنیام کە دەگەینە چارەسەرێکی باش، بۆ ئەو گیروگرفتانە بە پاراستنی پەیوەنـدییەکانی نـاو ی. ن. ک و نـابێ سـەروەریی یەکێتـی لەدەست بدەین.

وەزعـی عێـراق و ئێران وەک مـن بـۆی دەچـم و تێیـدەگەم بەرەو چارەسەرکردنە. ئەم کشانەوەی ئێران وا دەبینم لە ئەنجامی ڕێککەوتنێکە لەبەینی ئێران و ئەمریکا بکشێتەوە بۆ سەر سنوور وەک نیشـاندانی حوسـنلنییە، ئەوجـا ئەوان دەسـتکارییەک لە عێـراق بـکەن و سـوڵحی نێـوان عێـراق و ئێـران بکـرێ، دەسـتکارییەکەش تەنیـا بە لادانـی سـەدامەوە، کە ئەویـش بە مـوافەقەی خـۆی لانـاچێ، بە ئینقـیلاب هەڵناقەنـدرێ، بەڵام ڕێگـای کە هەیە بـۆ لەنـاوبردنی، ئەمریکـاش ئەو دەسـەڵات و توانایەی هەیە.

ڕەفسـنجانی پـارەکە وەهـا ڕێـک کەوتبـوو لەگەڵ ئەمریکـا، بەڵام مەهدی هاشمی کەشفی کرد. ڕەفسەنجانی ئێستا دەستی

لە جاران ڕۆیشتووترە تێ هەڵچووەتەوە... جا چاوەنواڕی ڕۆژانی داهاتووین.

***

جەولەی مام جەلالیش زۆر باش بوو، چ لە ئەورووپا و چ لە ئەمریکا ئیهتیمامی زۆری پێ درا. وا دەردەکەوێ دەیانەوێ حکوومەتی داهاتووی عێراق ئیستیقراری هەبێ، لە لایەکەوە زەغتی دەکەنە سەر مافی گەلی کورد بدا، لە لایەکی دیکەشەوە داوا لە کورد دەکەن، باسی جیابوونەوە نەکەن، چونکە خەریتەی ناوچەکە سابتە و گۆڕینی نایەتە سەر.

مام جەلال تا ماوەیەکی کەش لە دەرەوە دەبێ، جەولەکانی تەواو دەکات.

وەزعی ی. ش. ک لە دەرەوە زۆر باشە، ژمارەی ئەندامانمان لە زیادبووندایە... حاکمیش چالاکیی خۆی هەیە، د. کەمال فؤاد زۆر مەدحی دەکرد...

بەپێی بڕیاری تازە هێزەکانمان دەبێتە سێ جۆر:

ا- هێزی ناوەوە کە بریتییە لە چەند موقاتەعەیەک، هەر موقاتەعە چەند وەحدەیەکی تێدا دەبێ، بۆ وێنە مەنتیقەی بیستەکان مەسئوولێکی عەسکەری بۆ داندراوە کاک ڕۆستەم، دوو وەحدەی دەتوانی تێدا بژی، هەر وەحدەی لە دەوروبەری ٧٥ کەس بە هەموو تەجهیزاتەوە.

ب- هێزی سەر سنوور.

ج- هێـزی نیزامـی کە ئێرانییەکـان وەعـدیان پـێ داویـن، خەڵکمـان بـۆ تەدریـب بـدەن و جێگایـان بـۆ ئامـادە کـردوون. سەرەتا بە ۱۰۰۰ پ. م دەست پێ دەکات.

ئێســـتا کە ئەم نـــامەیە دەنووســـین، هێشـــتا برادەرانـــی ســـەرکردایەتی نەگەیشـــتوون... لە کۆبوونەوەکەمانـــدا، ئـێمەش تەسەوری خۆمان چییە لەم ڕووەوە نیشانی ئەدەین، دەستنیشانی چەنـد برادەرێـک دەکەیـن، کە بتـوانن لەم ڕووەوە بەشـداریی بکەن و سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

پێشنیاری ناوخۆمان ئەوەیە، تۆ سەرپەرشتیی ناوچەی کۆیە و هەولێر بکەی، کاک عەلی حەمەسالّح لەگەڵت بێت، چونکە پێشنیاری کوڕەک ئەوەیە، لە م ۳ دوو ئەندام. مەڵبەند و تیپەکان ئێستا ئیلغا کراون.

بڕیاریشـە کۆنفرانسـەکەمان لەم پـایزە ببەسـتین، لە ئێسـتاوە خەریکین خۆی بۆ ئامادە دەکەین.

خۆشییت دەخوازم دووبارە و ئومێدی سەرکەوتنت بۆ دەکەم هەمیشە.

برات فؤاد

۱۹۸۸/۷/۱٤

***

## نامە بۆ ڕەهبەر سەید برایم

١٩٨٨

برای خۆشەویست کاک ڕەهبەر

سڵاوێکی گەرم

خۆشییت دەخوازم هەردەم.

لێم ببورە، کە وەڵامی نامەم وەها دوا کەوت، چونکە ماوەیەک بوو چاوەنوارِ بووم برادەر هەبن، بگەڕێنەوە و لەگەڵ ئەوان نامە بنێرم، بەڵام هەر ڕێک نەکەوت، دەنا وەنییە هۆی دواکەوتنی وەڵامم کەمتەرخەمیکردن بێ...

چا بوو نامەت فرکەی هات و گەیشتە لای منیش، سوپاس، زۆرم پێ خۆش بووا

برا: لە ماوەی ئەم ساڵەیەدا با بڵێین لە ماوەی ئەم ٦ مانگەدا، دونیا گۆڕانی زۆری هاتە سەر، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، بە شێوەیەکی وەها کە چاوەنواڕی نەدەکرا.

دوای پتر لە٧٠ ساڵ بۆیان دەرکەوت، ئایدیۆلۆژیەت ناتوانێ حوکم بکا و برسیی پتر ناکا، بەڵکوو ئەم ئایدیۆلۆژیایە، هۆی دواکەوتن و برسێتیی خەڵک بوو، یەکێ لە برادەرانی خۆمان گووتبووی، گۆرباچۆڤیش بوو بە شۆڕشگێڕان، جا هەر وەک ئایدیۆلۆژیەت، ناتوانێ گەل بەڕێوە ببا و کۆمەڵگاش پێش بخا، هەروەها ناتوانێ سەرکردایەتیی شۆڕشیش بکات، بەو

عەقڵییەتەی حوکمیان پێ دەکرد، شۆڕش لە کوردستان هی چینێک نییە، بەڵام دەتوانی سیاسەت بکا، موزاهەرە بکا، بیروباوەڕی خۆی دەربڕێ... بەڵام حوکم لە دەوڵەت و چ لە شۆڕش کە هاتە سەر موحاسەبەکردنی خەڵک، لەسەر جۆری بیرکردنەوە لەسەر بۆچوون.

تازە ئەمە پەیوەندیی بە جەماوەر نامێنێ، وردەوردە بەرەو دیکتاتۆریەت دەڕوا، دیکتاتۆریەتیش نە هەر تەنیا، هی چینێک یان توێژێک بێ، بەڵکوو دەبێتە دیکتاتۆریەتی فەردی، لەم سیستەم و ئایدیۆلۆژیەتە ستالین و چاوچیسکۆ و کاسترۆ دروست بووە.

هەروەها لە فکرەی "الحزب القائد" الدیکتاتور القائد دروست بووە. سەیر ئەوەیە ئێستا چەپ و ڕاست، یا پێشکەوتوو و کۆنەپەرست لەو وڵاتانەی پێیان دەگوترا سۆسیالیست، گۆڕانی هاتۆتە سەر، بە تەواوی عەکسی جارانە، ئەوانەی موتەمەسیکن بە حیزبایەتی، بە شێوەکەی جارانی و دیفاع لە مەقالاتەکانی پێشوو دەکەن، پێیان دەڵێن:

یەمینی، کۆنەپەرست... ئەوانەی بە شێوەی ئەمڕۆ بیر دەکەنەوە پێشکەوتووخوازن.

برا؛ ئاگادارم وەزعی هەموو برادەران خراپە، جگە لە قەلەقی سیاسی و موشکیلەی ژیانیش، ئێستا هاتۆتە پێش، بەڵام پیاوی شۆڕشگێڕ هەمیشە ڕوونبینە، گەشبینە، مێژووش هەمیشە لەگەڵ گەشبینە، ئێمە گەر تەماشای وەزعی کورد بکەین:

ا- لە وڵات لەژێـر پۆسـتاڵ و قەمچیـدا دەژی، ژیـانێکی ناخۆش بەسەر دەبا، گرانییەکە لە مێژووی عێراق گرانیی وەها نەبـووە، تەهجیـر زۆربەی کوردسـتانی گرتـۆتەوە، مەجـالی ئیشکردن نییە، لەگەڵ ئەوەش هەموو کەسێک لە خۆی ئەمین نییە.

ب- هـی ئەمـدیو ئۆردوگاکـانی تورکیا نـازانن دوارۆژ چۆن دەبێ، ژیانیان زۆر ناخۆشـە، هەر جارەی عەفوێک دەردەچێ، دەیان موشکیلەی وەکوو قەلەقی و تەرەدوود پەیدا دەکا.

ج - ئەوانەی کەوتوونەتە ئەوروپا - ئەگەرچی ژیانیان خراپ نییە، بەڵام حاڵەتی نەفسییان زۆر خراپە، زۆربەی بەستراوەتەوە بە دەنگوباسـی وڵات و وەزعـی شـۆڕش و هەسـتکردن بە غەریبی، کە نەیانتوانیوە لەناو ئەم کۆمەڵگایە تێکەڵ بن.

بەڵام ئەمە کاتییە، ئەم گۆڕانکارییە دەبێ بگاتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، سەدامیش دەبێ بڕوا، ئێستا موشکیلە گەلێ زیادی کردووە.

جاران ڕاستە شەڕی لەپێش بوو، بەڵام پشتگیرییەکی تەواو دەکـرا تـا نەڕووخـێ، کە ئێسـتاش ئەو پشـتگیرییەی نەمـاوە، قەرزارییەکـی لە ئەنـدازە بەدەرە، حکـوومەتی فەڕەنسـا بڕیـاری داوە، قەرزی تـازەی پێ نەدا، تـا قەرزەکـانی پێشـووی نەداتەوە، لەسەر ئیعدامکردنی بازۆفت، وەفدێکی عەسکەری فەرەنسی بە سەرۆکایەتیی سـەرۆکی ئەرکانی جەیش، سـەفەرەکەی بۆ بەغدا ئیلغا کرد.

بەریتانیا بە تەواوی کەوتۆتە دژی سەدام. هۆی سەرەکی کە ئێستا غەرب سەدامی ناوێ، ئەو چەکانەیە کە کەوتوونەتە دەستی، بایولۆژی، کیمیاوی، ئەتۆم، کە ئەمە هەڕەشە لە وڵاتانی خەلیج و تورکیا و ئێران و ئیسرائیل دەکا، لە لایەک هەردوو زلهێزەکە، چەکی خۆیان کەم دەکەنەوە، پەیوەندییان بەرەو باشی و هاوکاری دەڕوا، ڕێگا نادەن خەتەری تازە دروست ببێ.

هەروەها لە ناوەوەش، بڕوای بە خەڵک نەماوە، تا ئێستا وەزیر دیفاعێکی تەواوی دانەناوە. وا زاواکەی ئامادە دەکا بۆ وەزیری دیفاع، کە وەزیری صناعەیە، دەڵێن ڕۆژانە مامۆستاکانی کولیەی ئەرکان دەچنە لای و دەرسی پێ دەڵێن، بۆ ئەوەی شەهادەی ئەرکان وەرگرێ، ئەوجا بکرێ بە وەزیری دیفاع، قوسەی کوڕی مەسئول موخابەراتی سەر بە قەسرە.

وەتبان و براکەی تری یەکیان مەسئولی موخابەرات، یەکیان مەسئولی ئەمنە، ئەمە زۆر دەگەیەنێ، ئەوە ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەوانەی جاران لێی نزیک بوون نەماوە، دوور نییە ماوەیەکی تر تەنیا هەر بڕوای بە خۆی بمێنێ.

جگە لەوەی وەزعی ئابووری ڕوو لە خراپییە، ئەو خەڵکانەی دێنە دەرەوە، باسی گرانییەکی وەها دەکەن کە لە خەیاڵدا نییە، ڕاستە ئازووقە سەرەکییەکە هەیە، هەرزانە، هێشتا بەڵام خەڵک هەر بەم ئازووقەیە ڕازی دەبن.

ئێستا ئێمە وەک حەرەکەی کوردی، چ وەرەقەیەکی وەهامان

لەدەستدا نییە، حکوومەت ناچار بکەین بۆ زۆر شت، بەڵام حکوومەت وەزعی بەرەو خراپی دەڕوا، کە ناچارە زۆر شت بکا، هەر بۆ ئەوەی ئەو هەموو ئەوراقەکانی لەدەستدا بێ، تەوەقوع دەکەم سیاسەتی خۆی بەرانبەر کورد بگۆڕێ، بەڵام بە نیسبەت هێزە کوردییەکان هەروەکوو خۆی دەمێنێتەوە، ئەوەش گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە خەڵکی کوردستان ژیانیان بگەڕێتەوە حاڵەتی ئاسایی... با سەرکردایەتی و کادیرە پێشکەوتووەکان لە دەرەوە بن.

بەپێی هەندێ دەنگوباس، کە دەگەنە ئەورووپا، سعوودیە و عێراقیش عیلاقەیان تێک چووە، پێش ماوەیەک سەدام چووەتە لایان داوای قەرزێکی لێ کردوون، پێیان نەداوە، هەروەها نەبوونەتە کەفیلیش لە لایەن بەنکەکانی دەرەوە قەرزی پێ بدرێ، هەر تەنیا پشتگیرییان لێ کرد، لە مەسەلەی "بازۆفت"، بۆ ئەوەی ئابڕووی نەچێ...

ئێستا کە ئەم نامەیە دەنووسم، موشکیلەیەکی تازە هاتۆتە پێش، کە چەند سندوقێک لە کەرەستەی پێویست بۆ چەکی ئەتۆمی... لە فڕۆکەخانەی لەندەن لە عێراقییەکان گیراوە، جا لە زۆر لاوە، دەنگ بەرز بۆتەوە، گەر ڕژێمی صدام چەکی ئەتۆمی بکەوێتە دەست، لە هەر شەڕێک بێتە پێشی، بەکاری دەهێنێ، چونکە چ ئیعتبارێکی ئەخلاقی لا نییە، هەروەکوو چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە لەدژی کورد بەکار هێنا، جا وەک خەتەرێک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیر دەکرێ.

برا: قسە زۆرە بیکەم، بەڵام هەر ئەوەندە مەجالم هەیە... حەزیشم دەکرد لە فورسەتێک سەرێکی دەرەوەت بدابا، لەگەڵ برادەرانیش قسەم کرد، بەڵام گوتیان لە ئێستادا ناکرێ لێهاتووەکان بچنە دەرەوە، بە بەرنامە جێبەجێی دەکەین...

سڵاوم بۆ ماڵەوەتان، ئەگەر شتێکتان بووە پیرۆزبایتان لێ دەکەم و چاوی ماچ دەکەم.

هەر خۆشیتان دەخوازم دووبارە...

فؤاد

***

## نامەیەک وەک مێژوو، تۆمار، سەربردە و پێویست

برای بەڕێز کاک د. فؤاد

١٩٨٦/٩/١٣

سڵاوێکی برایانە و داوا خۆشی و سەرکەوتنتان دەکەم.

زۆر سوپاس بۆ نامەکانی ٧/٢٩ و ١٩٨٦/٧/٣٠ "ئەوە بە ڕێگای برا بچووک" ١٩٨٦/٧/٣١. دەنگوباسی ئەم دواییەتان زۆر دڵخۆشکەرن. بە تایبەتی وەرگرتنی شت و گرتنی مەعەسکەری کارێزە. دەستتان خۆش بێت. وەڵامی نامەکەی کاکە نەوەم بە دوو قۆڵەوە داوە. بێگومان هەرچی لە دەستم بێ قسووری بۆ ناکەم. بۆم نووسیوە بە تەفسیلی، هیچ پێویستی بەوە نەبوو پەنا بو "ئەشکەلک" بەرێت هەتا ئیشەکەی بۆ جێبەجێ بکەم!

- عومەر عەزیز گەیشتە شوێنی خۆی، لە پۆلۆنیا زەماڵەی درایێ بۆ دکتۆرا لە قانوونی دەولی. لە هیچ شوێنێکی تر مومکین نەبوو، ئێستا لەوێیە.

- بۆ محەمەد میرزا: مەسەلە ئەوە نییە، کە نامانەوێت یارمەتیی بدەین، بەڵکوو بە دڵ و گیان حەز دەکەم یارمەتیی بدەم، ئیشەکەی جێبەجی بکەم. هیچ موشکیلە نییە، بەڵام ناوی لە لایەن میری دراوە بە "ئەنتەرپۆل" کە ئەو کارەی کردووە "لەگەڵ ئەوەی لە مەحکەمەی بەریتانی هێشتان ئیشەکە ساغ نەبووە"، داوای دەکەن کە تەسلیمیان بکرێ "بە ئیدیعای خۆیان بۆ ئەو جورمە".

ئێمەش لە ترسی ئەوەی هیچی بەسەر نەیەت و نەگیرێت و تەسلیمیان نەکرێت، بە پەسندمان زانی بێتە دەرەوە، چونکە زۆر موحتەمەل بوو "ئەنتەروپۆل" لە یەکێک لەم وڵاتانە بیگرێت، بیدا بە میری. ئەنجا لەبەر پەرۆشیی بۆ ماڵی ئەو وتمان نەیەت. تەنها ڕێگا ئەوەیە، بە ناوێکی کە، بە دەفتەرێکی کە بێتە دەرەوە. بەڵام ئەو ترسەش هەبوو، ئەگەر بچێتە لای شێرۆ، لەوێ دەفتەرێکی کە وەرگرێ، بزانن کێیە و تووشی موشکیلە بێ "ئیحتیمالی تەسلیمکردنی هەیە".

بۆیە بە ڕاستی نازانێ وا بکات، ئەنجا ئەگەر ئێوە ئەگەر ئیقتیراحێکتان هەیە بۆ حەلکردنی ئەو مشکلەیە، تکایە ئاگادارمان بکەنەوە تا یارمەتیی بدەین.

زۆر سەلام لە مام ئەحمەد وانێک دەکەم، پێی بڵێ کە وەزع گۆڕا، دوو دانە لەگەڵ خۆم بۆی دەهێنم!

***

بۆ ئاگادریشتان: جاری یەکەم کە چوومە ماڵ بۆ تەعزیەی باوکم لە مانگی ١١/ ١٩٨٥ تەوقیف کرام، پاسپۆرتە سویدییەکەم حیجز کرا، "لە جزیرە، نەک لە شام".

تازەش کۆبوونەوە ئەمنییەکەی سەر سنوور لەنێون عەلی و کابرای لای ئێوە کرابوو "برایەتی مانگی ١٩٨٥/١٢" ـ هی جاری یەکەم ـ بە ناوی ئەوەی ئەمرێکی "رصد دخول والقاء القبض لدی دخوله البلاد" لە ساڵی ١٩٦٦ هەیە "ئەنجا خوا دەزانێ وایە یان نا!"، بەڵام زۆر بە ئوئسووڵ بوو. کابرای م. ع "محمد منصورة" تەوقیفی نەکردم و گوتی:

لە ماڵەوە لە عامموودە دانیشە، هەتا ئیشەکە جێبەجێ دەکەم، ئەنجا پاش چوار ڕۆژ گوتیان بڕۆ خوا حافیزت بێ.

***

بۆ بەزمەکەش:

ئەخیر وەڵامی وەکیلەکانیان ئەوەیە کە: تەنها بەم مەرجانە ئامادەن بۆ ڕێککەوتن:

ا- هەموو شتەکە بۆیان بگەڕێتەوە "بە قازانجیشەوە".

ب- مەساریفیان بدرێت.

ئێمەش وەڵاممان دانەوە و ڕەفزمان کرد. "یانی جوابمان دانەوە" ئەمەش بۆ ئاگاداریتان وەڵامی ڕەسمیمان بوو بۆ نامەی ئێمە کە گوتمان٦٠% بۆ ئەوان و ٤٠% بۆ ئێمە. بە هیچ ڕێگای تریش هیچ پەیوەندییان نەکردووە بۆ ڕێککەوتن.

ئێستاش لە مانگی ئۆکتۆبەر مەحمەمە دەبێت لەسەر ئیستیئنافی ئەوان بۆ قراری پێشوو کە: "دەبێ ئیشەکە لە مەحکەمە بڕیار بدرێت، ئەو شتە هی کام لایە، چونکە وجهەت لە هەردوولا هەیە، کە هی خۆیانە و پاش مەحکەمە و دیراسەی هەردوولا بڕیار دەدرێت.

ئەنجا ئەگەر ئەم ئیستیئنافە بدۆڕێنن، دوور نییە ئامادە بن بۆ ڕێککەوتن، یان وەزعیان لە جەبهەی شەڕ زۆر خراپ ببێت. واش دیارە پاشگەز بوونەوە لە موبادەرەی یەکەم بۆ ڕێککەوتن کە ٥٠%دا.

وا ئێستاش هەرچی نامە و ئیفادە و وەسائیقی ئەم دواییەی کە پەیوەندیی بەو ئیشەوە هەیە بۆم ناردن.

لە کاتی خۆشی هەموو وەسائیقی پێشوو بە ڕێگای کاک هادی بۆم ناردن، "زەرفێکی گەورە بوو- کاک هادی ئاگاداری کردم کە لەگەڵی گیرابوو". زۆر بەلامەوە گرنگە، بزانم ئایا بە دەستتان گەیشتووە یان نا؟ "تکایە لە مامم بپرسە پێش ئەوەی وەڵامم بدەیتەوە"، ئایا کاک محەمەد میرزا ئەوانەی بینیوە یان نا؟ ئایا هیچ شتێک هەیە بتوانێت بیڵێت بۆ فتکردنی ئیفادەکانی ئەوان، پێش مەحکەمەی ئیستیئناف لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٨٦

"ناوەڕاستی مانگ"؟ ئایا دەتوانێت دیسان بێتە تاران بۆ تەلەفۆنکردن لەگەڵ محامییەکانم یان نا؟ زۆر پێویستە ئەو هەموو وەسائیقانەی پێشوو، ئێستا ببینێت پێش وەرگرتنی قراری وا.

نامەکانی محامییەکان لەگەڵ قائیمەی حیساباتیان بۆتان دەنێرم. زۆر زەغتم لێ دەکەن، پێویستە بڕیاری لەسەر بدەن و ئاگادارم بکەن.

لەگەڵ کوردە "گەوادە" دەوڵەمەندەکانی ئەورووپا، هەوڵم داوە کە هەندێ پارەمان بە قەرز، یان بە یارمەتی پێ بدەن، بە محامییەکان "کاکمان و مامۆستاش هەوڵ دەدەن"، بەڵام تا ئێستا کەس نەهاتۆتە پێش. تەبیعی ئەمانە کوردی عێراقن، چونکە لەناو کوردی بەشەکانی تر "گەوادی" کە هەیە، بەڵام "گەوادی" دەوڵەمەند نییە!

- کاک فازیل مەلا مەحموود بەم زووانە بەرەو لای ئێوە دێت. تکایە زۆر ئیحتیرامی بگرن، چونکە زۆر یارمەتی داین بۆ پەیوەندیی لەگەڵ "کوڕی بلە" و کۆنە دۆستەکانی خۆی. هیندێ شتیشی پێ دەبێت، عەرزتانی دەکات.

***

دە هەزار کڵاومان دەوێ!

چینییەکان زۆر ناڕەحەت بوون، کە بەردانی خەڵکەکانیان دوا کەوت. جارێکی کە پەیوەندییان کرد، عەرزم کردن کە

غەمیان نەبێت، بەم زووانە بەردەدرێن، بەڵام ئێوەش پێویستە قەمسەڵە و کڵاوەکان و چوونی وەفدەکە جێبەجێ بکەن.

بۆ ڕۆژی دوایی خەبەریان بۆ هات، کە بەردراوە. زۆر سوپاسیان کرد، منیش پێم گوتن کە ئێمە ئیتر چاوەڕێی هیممەتتان دەکەین "١٠ هەزار قەمسەڵە و ١٠ هەزار کڵاو"، وەک ئەو کڵاوەی کە کاتی خۆی لەگەڵ کاک ئەمیر ناردبووتان، ئیتر قەولە دەنگیان ببێت. تکایە ئەمە بە شەرت تێمەگەن، بەڵکوو داوا بوو وەکوو خۆتان گوتتان. سەداسەد نییە بەڵکوو ئومێدێکی زۆرە. بۆ ئەمەش لەسەرم حساب نەکرێت.

***

پێویستە بزانم، ئایە ئەو نامانەی لەگەڵ کاک حەمەی فەرەج ناردبووم بە دەستتان گەیشت یان نا؟

زۆر بە داخەوە زەرفێکی چاپەمەنی و مەقالاتم لەگەڵ ناردبوو بۆتان، لەگەڵ خۆی نەیبردبوو لە شام بەجێی هێشتبوو. وا کاک عومەر لەگەڵ خۆی دەیهێنێت. وا هێندێ نووسراوی دیکەش لەگەڵ کاک عومەر دەنێرم. ئایا ئەو مەقال و چاپکراوی کە لەگەڵ وانێک و ئامۆزامدا ناردبووم، بە دەستتان گەیشت یان نا؟

بۆ ئەم شتانە ئیعتیماد مەکەنە سەر من، چونکە ئیشتیراکم لەگەڵ زۆربەی ئەو شتانە تەواو بووە. پارەم نەبوو تازەی بکەم. پێویستە ئیتر هەڤاڵانی کۆمیتەی دەرەوەتان ئەو کارە بکەن، "وا بزانم دەشیکەن". ئەگەر جارجار هەندێ شتم دەست کەوت هەر بۆتانی دەنێرم.

لە ١٩٨٦/٩/١ دەستم کرد بە کارکردن، ڕۆژی ٩/٥ لە دووشەممەوە تا جومعە بۆ ئاگاداریتان. بۆ ئەوەی ئەگەر کەس لە لایەن ئێوەوە پەیوەندیی کرد ئەمە بزانێت. لە ماڵەوەش ئیش دەکات.

تکایە نوسخەیەکی کتێبەکەی حوسێن عەزیز + ئەوەی بلەچ شێرکۆ بۆم بنێرە.

***

### ئیهانەی مام

ئەنجا با بێمە سەر ئەسڵی مەقسەد:

نامەی ١٩٨٥/٧/٣٠ هەموو برینەکانی منی کولاند، بەڵام لەگەڵ ئەوەش، حەز ناکەم نە نامە بۆ م. س بنووسم، نە هیچ مەسەلەیەک ئیسارە بکەم. تەنها هەندێ شت وەکوو ڕوونکردنەوە بۆ تۆ دەنێرم. مام چی دەڵێت با وا بێت.

هەموومان ئەو برادەرە باش دەناسین و دەزانین تەبیعەتی چۆنە! تەنها یەک شت دەڵێم، هەر یەکە لە ئێوە ئەو نامەیەی بە دەست گەیشتبا کە مام بۆ منی ناردووە، ئەو ئیهانەیە بکرابا وەکوو لەگەڵم کراوە، تەعەدایەی لە شەرەف و کەرامەتی من کراوە، ئەو بێوەفاییەی لەگەڵ من کراوە، یەک ڕۆژیش لەناو ڕیزی ی. ن. ک نەدەمایەوە. نەک نزیکەی ٨-٩ مانگ چاوەڕێ بکەن هەموو ئیشەکان بە ئەنجام بگەیەنن، "بە تایبەتی لەگەڵ شێرۆ و هاوار" ئەنجا واز بهێنن.

ئەوەی بۆشم زۆر چاک ڕوون دەبێت لە نامەکەتدا، زۆر زۆر نامەم ناردووە "هەمووشی بە ناوی م. س بووە - هەروەها هەندێ نامەی فریدیش"، چاوت پێ نەکەوتووە. یا نا، من بە ١٩٨٥/٩/٢ ئیستیقالەم تەقدیم کردووە بۆ م. س، لە چەندین و نامە و ڕاسپاردەی پاش ئەوە، دیسان باسم کردووە. بە تەلەفۆنیش کە لە ئورمییە تەلەفۆنت بۆم کرد عەرزم کردیت، بەڵام باوەڕت نەکرد.

ئەوەی تریش کە زۆر باش لام ڕوونە، مام زۆری لا مەبەست بوو کە واز بهێنم. ئەخیر نامەی کە بۆ منی ناردووە، لە مانگی ئازاری ١٩٨٦ زۆر بە سەریحی تێیدا نووسراوە بەو مانایە: "بە خۆت وازت هێناوە، ئیتر چی لە ئێمەت دەوێت!".

دەتوانیت لە برا بچووک بپرسیت. ئەو نامەکانی دیوە. من نیشانم نەدا، بەڵام کاکمان نیشانی دابوو. با ئەو ئینتیباعی خۆت بۆ بنووسێ، بزانە کەس تەحەمولی ئەوە دەکات.

***

## پێویستیتان بە من نەماوە!

ڕاستە شۆڕشگێڕان هیچ گوناهی نییە، زۆر ڕێز و ئیحتیرامم هەیە بۆ هەموو هەڤاڵانی کە سیقەیان داومەتێ. بەڵام پاش ئەو هەموو ڕەفتارانە، ئەو هەموو هێرشە ناڕەوایە بێوەفاییە، پاش ئەو هەموو جنێودانە، مومکین نەبوو بتوانم لەگەڵ ئەو برادەرانە لە چوارچێوەی یەک تەنزیمدا ئیش بکەم. مەعقوول نییە واز لە "ی. ن. ک" بهێنم، لەگەڵ شۆڕشگێڕان ئیش بکەم "کە بەشێکە

لە ی. ن. ک". لەدوایە چاوەکەم: دە ساڵ ئەو سەگ و سەگبابییەم کرد و یارمەتیم دان، ئیتر بەسە! هیچ پێویستی ترتان بە یارمەتیی من نەماوە. وەزعتان باشە، شۆڕش لە بەهێزبوون و گەشەکردندایە. پەیوەندیتان لەگەڵ هەموو لایەنەکان باش بووە "لەگەڵ ئەودیویش". کادر و ئەندامێکی زۆر و لێوەشاوەتان هەیە "چی لە ناوەوە و چی لە دەرەوە". ئیتر هیچ پێویستیتان بە یارمەتیی من نییە و نەماوە، وازم لێ بهێنن وەکوو من وازم لێ هێناون.

تکایە زۆر باش لەوە بگە:

من ئەم نامەیە و ئەو ڕوونکردنەوانە بۆ ئەوە نانووسم، کە لەگەڵ برادەرانی تر باسی مضمونی بکەیت، یان لە کۆبوونەوەی م. س ئیسارەی بکەیت، یان موشاغەبەیەک لە نێوان ئێوەدا بکەم، یان داوایەک بێت لە لای منەوە بۆ ڕەدی ئیعتبار، یان بیرم لەوە کردبێت، کە ئیستیقالەی خۆم سەحب بکەم و قەراری خۆم بگۆڕم. چونکی قەرارم قەتعییە "هەر قەتعیش بووە"، ئەگەر خوا و مەهدیی مونتەزەریش بێنە خوارەوە نایگۆڕم، تۆ لە نامەی خۆت هەندێ "ئەشکەلکیت" کردووە. منیش بە پانی خۆم وەڵامت دەدەم "بە تەعبیراتی کاکمان".

بۆ ئاگاداریشت: من بۆ ئیستیراحە و ئیجازە نەچووم بۆ سوید، لە ساڵی ١٩٨١ - نیهایەتی ١٩٨٤ نەچووم بۆ سوید. برادەرانی سوید مێشکی منیان کون کردبوو، کە دەبێ سەریان بدەم. کیشەیان زۆر بوو، حەزیان دەکرد بچمە وێ بۆ

یارمەتیدانیان و چالاککردن و ئارامکردنی وەزعەکە. دوور نییە مەسەلەی فزوولّییەت دەوری لە ئیسرارەکە هەبووبێت.

بۆ ئەوەی هەندێ شت بزانن، چونکە بە تەلەفۆن، بە نامە ئەو شتانەم پێ نەدەگوتن، بە خۆشت دەزانی برادەرانی دەرەوەی "کۆمەڵە" بۆچوونیان چۆنە دەربارەی شعوور بە مەغدووری و بەشدارنەبوونە لە ئیشەکانی دەرەوەی وڵات. زۆر ئیسراریان دەکرد، کە زیاتر بمێنم.

من قرارم دابوو لە ١٩٨٥/١/١٥ بگەڕێمەوە ئینگلستان. برادەرانی شۆڕشگێڕانیش هەمان شت. لە هاتنەکەم تەنها "٤-٥" ڕۆژی کریسمیس و سەری ساڵ ئیجازە بوو یان نا، ئەوی تر هەموو ئیش و پەیوەندی و کۆبوونەوە بوو، هاتووچۆ بوو، بۆ ئەملا و ئەولا، بەڵام کەوتمە ئیحراجییەکی زۆر. زوو بگەڕێمەوە لێم عاجز دەبن. نەمدەتوانی ئیشەکەش بۆیان باس بکەم، بەڵام ئەمە هەمووی هیچ نەبوو، تەنها مەسەلەیەکی هامشی بوو، وەکوو ڕووداوەکان بۆت ڕوون دەکەم. تەنها دەمەوێ بزانن، کە من بۆ ئیجازە و تەعتیل نەچووبووم بۆ سوید. من لە هاوینی ١٩٨٢ەوە هیچ تەعتیلم وەرنەگرتبوو.

***

### تەحویلی پارە و چیمەنتۆ

ئەنجا با بێمە سەر تەفسیلاتی ئیشەکە:

١- لە ناوەڕاستی مانگی ١١ی ١٩٨٤ نامەیەکی مامم بە

دەست گەیشت، کە تێیدا باسی ئەوە دەکات "شەریکەیەک دابمەزرێنم، چ بە ناوی خۆم یان دۆستێک. شەریکەکەش پەیوەندیی بە بازرگانی چیمەنتۆوە هەبێت، بۆ ئەوەی هەندێ پارە تەحویل بکرێت بۆ حیسابی ئەو شەریکەیە، بە گەیشتنی پارەکە، دەبێ یەکسەر دەریبهێنم و بیبەمە شوێن و حیسابێکی دی بە ناوی خۆمەوە". ڕاسپاردەشی ناردبوو لەگەڵ هەڵگری نامەکە، کە دەبێ تەنها من ئەو کارە بزانم، نابێ بە کەسێکی تر بڵێم، ئەمە هەموو مەزموونی نامەکە بوو.

هیچ باسی ئەوەی تێدا نەبوو، کە ئیشەکە چییە! هیچ باسی ئەوەی نەکردبوو، کە ئیشەکە دزییە و قانوونی نییە، دەبێ حیسابی خۆم بکەم، لەو شوێنە نەمێنم و مومکینە تەعقیداتی هەبێت! باسی ئەوەشی نەکردبوو وای لا پەسندە، کە بە ناوی دۆستێک بێت، بۆ ئەوەی من تووشی هیچ موشکیلەیەک نەبم.

من ئیستعابی ئەوەم کرد، کە ئیشەکە گەورەیە هەندێ قورمساغیاتی تێدایە "بۆیەش نهێنیی کارەکە"، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، نوسخەی نامەی مامم بۆ فەرید و کاکمان نارد "بۆ ئەوەی ڕەئی ئەوانیش وەرگرم و بزانم ئەوان چۆنی تێدەگەن!" لەدوایە بۆ ئەوەی ئیشێکی وا حەساس و گرنگ، بەتەنها ڕەئی لەسەر نەدەم "بە عەکسی ڕاسپاردەی مام کە بە کەس نەڵێم"، چونکە عەقڵی چەند کەسێک لە عەقڵی یەک کەس باشترە.

من وا تێگەیشتبووم کە لە کاتی گفتوگۆ چەند ملیۆنێکتان گل داوە، ئێستا کابرایەکتان دیوە، کە ئیجازەی تەحویلی هەیە،

بۆ تیجارەتی شەکر، یان دانانی مەعمەل ئیسمنت، ئیتیفاقتان لەگەڵ کردووە، ئەو چەند ملیۆنە بە تەحویلی ڕەسمی بنێرن بۆ دەرەوە، "بە ناوی ئەو، بێ ئەوەی میری پێ بزانێت، کە ئەمە پارەی ئێمەیە"، بۆ ئەوەی "٣،٥" قات زیاد بکات، بەشی ئەو کابرایەی تێدا هەبێت. کابرا لەدوایە ڕا دەکات بۆ لای ئێمە و دێتە دەرەوە.

فەرید و کاکمان گەیشتنە عەینی نەتیجە، بێ ئەوەی من ئینتیباعی خۆم پێیان بڵێم.

***

## دەبم بە شەکر

ئەنجا لە ١٩٨٤/١٢/١٠ چوومە بانک، بانکێکە پێی دەڵێن "BCCI". حیسابی پێشووم لە لایان هەبوو "بەڵام لە فەرعێکی تر"، کابرایەکی ئینگلیزم لەوێ دەناسی، کە ببەین بە دۆست.

بە سیقە قسەم لەگەڵ کرد، کە شەریکەیەکی عالەمی بۆ تیجارەتی شەکرم لە جەزیرەی "Lole of Man" بۆ دامەزرێنە، بۆ ئەوەی تووشی لە ئینگلتەرا مەشاکیلی زەریبە نەبم، حیسابیان لە بانکێکی خۆیان بێت.

دەبێ ئەو ئیشە بە سیقە، تەنها لە بەینی من و ئەودا بێت، کاغەزەکانی شەریکەکە تەنها لەناو قاسەی ئەودا بێت، تەنها ئەو بزانێ، کە من لەپشتی ئەو شەریکەیەدام. معاملاتی شەریکەکە نەچێتە سەر کۆمپیوتەر و فایلەکانی بانک.

ئەم جۆرە ئیحتیاتانە زۆر جائیزن، زۆر ڕیجال ئەعمال وا دەکەن، هیچ سەرنج ڕاناکێشێت. کابراش پێشتریش وای دەزانی کە ئیشی گەورە دەکەم، خەریکی تیجارەتی نەوتم، بۆیە بەلایەوە غەریب نەبوو.

بانکەکەش بانکێکی بەلجیکییە، ڕاستە سەرمایەی زۆری هی ئەمیرەکانی ئیماراتە، بەڵام یەکێک لە بنکەکانی هەرە گەورەی ئەوروپایە، پێویستە بە جۆری قەوانین و ئەخلاقی بانکەکانی تر بجووڵێن. نەمدەزانی خەلیجییەکان نفوذی و زۆریان تێدا هەیە، ئیدارەکەی لە لەندەن بەشی زۆریان هیندی و پاکستانین "لەدوایە بۆت دیار دەبێت بۆ ئەمە دەنووسم".

کابرا گوتی پاش چەند ڕۆژێکی تر معامەلاتی دامەزراندنی شەریکەکە تەواو دەبن، ژمارەی حیسابەکەم دەداتێ، پێشتریش مەوعیدم لەگەڵ مستەفا چاوڕەش دانابوو، کە بچم لەگەڵ ماجید چاوم پێیان بکەوێت، پێش ئەوەی بگەڕێمەوە وڵات.

هەروەها مەوعیدم لەگەڵ وانێک دانابوو لە پاریس کە بیبینم. هەروەها حیجزم کردبوو، ڕۆژی ١٩٨٤/١٢/٢٠ بە ئۆتۆمبیل و پاپۆڕ بچین بۆ سوید، لە ڕۆژی ١٩٨٥/١/١٥ دەگەڕێینەوە بۆ لەندەن.

***

بۆیە ڕۆژی ١٩٨٤/١٢/١٦ تەلەفۆنم بۆ کابرا کرد، ژمارەی حیسابەکەی دامێ، عەینی ڕۆژ چووم بۆ بانک، بۆ ئەوەی نوسخەی موعامەکە بمداتێ، کە من ئەو شەریکەیەم

دامەزراندووە، حیسابەکە هی منە. پاش نیوەڕۆ چووم بۆ پاریس، ئەو شەوە لەوێ مامەوە و چاوم بە وانێک کەوت. بۆ سبەینێ چووم بۆ فرانکفۆرت بۆ دیتنی مستەفا "١٩٨٤/١٢/١٧".

ئەو شەوەش دانیشتم نامەم بۆ مام نووسی "ناوی شەریکەکە و ڕەقەمی حیسابی و ناوی بانکەکەی تێدا بوو".

***

ڕۆژی ١٩٨٤/١٢/١٨ مستەفا بۆ لای ئێوە هات، من گەڕامەوە بۆ لەندەن. هەروەها لەناو نامەکە بۆ مام نووسیبووم، من لە ١٩٨٤/١٢/٢٠ تا ١٩٨٥/١/١٥ لە لەندەن نابم و ستۆکهۆڵم دەبم. نامەکە بە دەستی مستەفا بۆ مام ڕەوانە کرا. ئاگادارم مستەفا ڕۆژی ١٩٨٤/١٢/٢٢ گەیشتە لای ئێوە، نامەکە بە دەستی مام گەیشت.

***

### پارە هات و نەهات

پارەکە ڕۆژی ١٩٨٥/١/٨ گەیشتبووە بانکەکە، بەڵام من ئاگادار نەبووم، بانک نەیدەزانی چۆن پەیوەندییم پێوە بکات "قەت تەسەوریشم نەدەکرد، کە ئیشەکە وا بەپەلە بکرێت، بە تایبەتی کە نووسیبووم تا ١٩٨٥/١/١٥ لە شوێنی خۆم نابم".

ڕۆژی ١٩٨٥/١/١١ تۆ و فەرەیدوون تەلەفۆنتان بۆ کردم. کاتی نانی نیوەڕۆ بوو، یەکسەر تەلەفۆنم بۆ بانک کرد لە لەندەن، بەڵام کابرا لە ئیسراحەتی نانی نیوەڕۆ بوو. تا سەعات

دووی پاش نیوەڕۆ، لەوێ نەبوو. لەدوایە قسەم لەگەڵ کرد، ئاگاداری کردمەوە، کە شتەکە گەیشتووە و خراوەتەوە حیسابەکە، بەڵام لەدوایە تەعقیدات کەوتە ئیشەکە و مەحکەمە، بۆمان ساغ بووە کە درۆی لەگەڵ کردم و تا ١٩٨٥/١/٢٨ معاملاتی شەریکەکەی تەواو نەکردبوو، پارەکە نەخرابووە حیسابەکە. هەتا ئێستاش بۆمان ساغ نەبووە، ئایا ئەمەش هەر فێڵێک بوو، کە بانک بەکاری هێنا بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن، پارەکە بۆ میری بگەڕێنەوە.

"بەهەرحاڵ ڕیوایەتی بانک بۆ مەحکەمە ئەمەیە". لە شانسی قۆڕی ئێمە، ئاگاداری کردم کە بۆ ماوەی دوو هەفتە دەچێتە عوتڵە بۆ ئیسپانیا "یانی لە ١/١٤- تا ١٩٨٥/١/٢٨".

ڕۆژی ١/١١ جومعە بوو، هەموو بانکەکان سەعات ٣ی پاش نیوەڕۆ دادەخرێت. زۆر هەوڵم لەگەڵ کابرا دا، کە نەڕوات بۆ تەعتیل، هەتا ڕۆژی دووشەممە چاوەڕێم بکات. ئامادەم لەسەر حیسابی خۆم بینێرم بۆ تەعتیل، بەڵام فائیدەی نەبوو. لێشم پرسی ئایا هیچ فەرعێکیان لە ستۆکهۆڵم، یان دانمارک هەیە، بۆ ئەوەی بۆ تەحویلی ئەوێ بکات.

گوتی: نا "بە خۆشم لێم کۆڵی ڕاست بوو، لقیان نەیانبوو".

ئەنجا لێم پرسی، ئایا ئەو جیهەتەی کە ناردوویەتی دەتوانێ سەحبی بکاتەوە بەبێ ئاگاداری و موافەقەتی من، "زۆر لەوە دەترسام".

گوتی: نا، کەس ناتوانێت ئەوە بکات، ئەگەر تۆ موافق نەبیت.

ئەنجا پێم گوت: پارەکە بخاتە سەر حیسابێکی حەفتانە، بە ناوی من "بۆ قازانجی بێتە سەر" تا ئیرشاداتی تریان دەدەمێ، من ڕۆژی دووشەممە ١٤/ دێمە لەندەن و کابرایەکی تری ئینگلیز لەناو بانکەکە ئاگادار بکات.

ئەوە بوو پاش نیوەڕۆ تەلەفۆنم بۆ سووررداش کرد، بۆ ئەوەی ئاگادارتان بکەم کە شتەکە گەیشتووە.

بەڵام تۆ و فەرەیدوون ڕۆیشتبوون. لەگەڵ مولازم عومەر قسەم کرد، ئاگادارم کردەوە کە هەموو شتێک باشە و بە دڵتانە و ئەمانەتەکە گەیشتووەتە شوێنی خۆی "چونکە دەمزانی تەلەفۆناتی ئێوە موراقەبن". هیچم نەمگوت جێبەجێ بووە وەکوو نووسیوتە.

پاش ئەوەش هەندێ پارەم قەرز کرد لە دۆستێکی شەخسی و سەفەرم حیجز کرد بۆ لەندەن، بۆ ڕۆژی دووشەممە ١٩٨٥/١/١٤ "سەعات ١٢ چونکە پێشتر جێگا نەبوو" بێ ئەوەی بە کەس بڵێم "کاک کەمال نەبێت".

هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ کەمال قسەم کرد و ئاگادارم کرد، کە شتێکی وا هەیە، ڕەئیم وەرگرت و قەرارم دا، کە ڕۆژی دووشەممە بچم بۆ لەندەن.

***

ئەو شەو ئەو خوشکە دەستی کرد بە تەلەفۆنکردن، بەو جۆرەی ڕاسپاردەکانی مام. ئاگادارم کردەوە، لە ڕۆژی

دووشـەممە دەچـم بـۆ لەنـدەن، بەڵام لەسـەر ڕاسـپاردەی مـام شەممە ئێوارە و یەکشەممە دیسان تەلەفۆنی کرد"لە شەممە و یەکشـەممە هەر هـیچ ناکرێـت"، دەمویسـت لە شـێوەیەک لە شێوەکان تێبگەیەنم، کە پەسند نییە ئەوەندە تەلەفۆن بکـات، چونکە قەرارم داوە ڕۆژی دووشـەممە بچـم، ئیشـەکە ئاشـکرا نەبێت! ئەوە بوو پێم گوت باش نییە ئەوەندە جرتوفرت دەکەن.

بەڵام پێشـم گـوت کە مەبەسـتم خـۆی نیـیە، بەڵکـوو خەسـویەتی- یـانی مـام". زۆر زۆر ئیعتـزار بـۆ ئەو خوشـکە دەهێنم، ئەگەر دڵم عاجز کردبێت، وا تێگەیشتبێت کە مەبەستم خۆی بووە. تکایە بە زمانی من ئیعتزاری بۆ بهێنە، مەسەلەکە بۆی ڕوون بکە. ئومێدەوارم بە خۆشم ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆی ڕوون بکەم.

ڕۆژی شەممە ٨٥/١/١٢ کە لەگەڵ کەمال قسەم کرد، پێم گـوت کە دوێنـێ شـەو، هەر خەوم لـێ نەکەوت، لە ترسـی ئەوەی ئیشەکە شتێکی بەسەر بێت "لەبەر زلیی مەبلەغەکە"، بە تەخمینی من ئەو کابرایەی کە ئیجازە و تەحویلەکەی کردووە، بەم زووانە ڕا دەکات، بۆ دەرەوە و بە ڕاکردنی ئیشەکە ئاشکرا دەبێت: بۆیە دەبێ زوو بچم بۆ لەندەن.

بەڵام ئەوەی زیـاتر سـەری لە مـن تێـک دا و تەحلیلاتـی ئێمەی تەئکیـد کـرد، کە ئیشـەکە تەحویلە بەو شێوەی کە لە سەرەتاوە باسم کرد، قسەکەی تۆ و فەرەیدوون بوو کە بە منتان گوت:

"بەم زووانە هی دیکەش دەنێرین". چونکە قەت خەیاڵمان بۆ ئەوە نەچوو، کە ئیشەکە دزییە، ئەگەر دزی بێت، چۆن بۆ جاری دووەمیش پارە دەنێرن.

هۆی سەرەکیی ئەمەش ڕوون نەبوون و کورتیی نامەی مام بوو. هەروەها پەلەکردنتان لە ناردنی شتەکە، لەو کاتەی کە لەوێ نەبووم لەگەڵ حسابنەکردن، کە معاملاتی ئاوا چەند دەخایەنێت، هەتا ئەگەر شەرعیش بێت. باشە ئەگەر من "گێلم و بادینی و نەفامم"، "وەک مام نووسیویەتی" بۆچی کەمال و کاکمان کە عەینی نامەیان دیبوو نەگەیشتنە نەتیجەیەکی ترا

***

## چوومە لەندەن

ئەنجا ڕۆژی دووشەم ١٩٨٥/١/١٤ کە لە ماڵ دەردەچووم بۆ مەتار، بۆ ئەوەی بچمە بۆ لەندەن. لە ١١ی بەیانی ستۆکهۆڵم " ١٠ی بەیانی بە کاتی لەندەن- کاتی کردنەوە بانکەکان" تەلەفۆنم بۆ بانک کرد، لەگەڵ کابرای ئینگلیز قسەم کرد، کە ئیشەکە بەرەوڕووی ئەو کرابوو، کە خۆیان ئامادە بکەن، چاوەڕێم بکەن، چونکە ئەمڕۆ دێمە لەندەن بۆ وەرگرتنی پارەکە، چونکە فڕۆکە سەعات ١٣,١٠ بە تەوقیتی لەندەن دەگاتە مەتار "ئەگەر دوا نەکەوێت".

کابرا لە وەڵامدا گوتی:

"هیچ سوودی هاتنەکەت نییە، چونکە ناتوانیت وەریگریت.

تەنهـا برووسـکەمان بـۆ هـاتووە لە بـانکی دەولـی خەلـیج لە نیویـۆرکەوە، تـا ١٠-١٢ ڕۆژی تـر مەعـاملات و کاغەزەکـانی ناگەنە لای ئێمە، ناتوانیت وەریبگریت".

بـۆیە تەلەفـۆنم کـرد بـۆ مەتـاڕ و حجـزەکەم لەغـوو کـرد، نەچووم بۆ لەندەن لەسەر قسەی کابرای بانک. بە تایبەتی من و تـۆش تەجروبەمـان هەبـوو، کە لە لای هـاوار هـاتین و چەکێکـی شـەرعیمان پـێ بـوو، مەبـلەغەکە ئەوەنـدەش زۆریـش نەبـوو، مەجبـوور بـووین دوو هەفـتە چاوەڕێ بکەیـن، هەتـا شـتێکمان وەرگـرت، بەڵام وەک دەڵـێن هەر عەقڵێـک لە خەسارێک.

***

## خۆزگە

خۆزگە چووبام بۆ لەندەن، نەتیجەکەی چی دەبوو بۆ من بیا "هەتـا ئەگەر چەنـدین ساڵیش بـا لە زینـدانەکانی ئینگلسـتان، لە جیـاتیی ئیهـانە و جنێـودان و ئیتهامـاتی "ڕەفیقەکـان"ی خـۆم، چـونکە ئەوەی زۆر مەعلـوومە و محامییەکـان لە ڕۆژی یەکەم ئاگاداریان کردم، بە حزووری کاکمان ئەوە بوو:

"مادام جیهەتی ناردن ئیدعا دەکات، کە دزی بووە، ئەگەر پارەکەشـم دەرهێنـایە و بـۆ شـوێنێکی تـرم ببـردایە، دەیـانتوانی دەسـتی بەسـەردا بگـرن، منـیش داخیلـی جـورمەکە دەبـووم، نەتائیجی زۆر خراپ دەبوو بۆ من".

ئەوەی ئێستاش مەعلوومە، مۆزەفەکانی بانک لەگەڵ مدیری فەرعەکە دیارە، لە ئەوەڵەوە سەگ و سەگبابێکیان لەژێر سەرا بوو، چونکە معامەلاتی دامەزراندنی شەریکەکە "بە ڕەسمی" ڕۆژی ١٩٨٥/١/٢٨ نووسراوە "لە ئەوراقی مەحکەمە"، هەر چەندە من ڕۆژی ١٩٨٤/١٢/١٠ پێم گوتن شەریکەیەکی وا دامەزرێنن. یانی لە١٢/١٠ تا ١٩٨٥/١/٢٨ ئەو کارەیان نەکردبوو، کاری وا عادەتە و لە ماوەی "٣ تا ٤" ڕۆژ تەواو دەبێت "بە منیان وا گوتبوو- لە ڕۆژی وەرگرتنی ڕەقەمی حیسابەکە". پارەکەیان لە حسابێکی "جاری" دانەنابوو، وەکوو بە تەلەفۆن پێم گوتبوون. بۆ ئەوەیان بووە تا ١٩٨٥/١/٢٨ قازانجی نەیەتە سەر.

دوور نییە خەیاڵیان وا بوو، قازانجی ئەو فەترەیە بخەنە گیرفانی خۆیان. ڕەفتاری تریشیان زۆر سەیر و عەجایب بوو، وەکوو لە خوارەوە بۆتان ڕوون دەبێت، بەڵام کە مەسەلەکە کەوتە مەحکەمە، محامییەکانی من، بانکیان مەجبوور کرد کە قازانجی ئەو فەترەیە "لە ١٩٨٥/١/١١ تا ١٩٨٥/٢/٨" ئەو ڕۆژەی پارەکە لە بانک وەرگیرا و درایە مەحکەمە بدەن و کردی بە نزیکەی "٩٤٠٠٠" دۆلار.

***

## شەکرەکە توایەوە

ئەنجا ڕۆژی ٨٥/١/٢٥ گەڕاینەوە لەندەن "ڕۆژی جومعە" ڕۆژی شەممە گەیشتنە وێ.

ڕۆژی دووشەمم ١٩٨٥/١/٢٨ سەعات ١٠ی بەیانی لەگەڵ کاکمان چووین بۆ بانک، پێشتر قسەمان لێ کرد کە چی لێ بکەین. لەگەڵ مدیری بانک و کابرای ئینگلیز لێپرسراوی ئیشەکە قسەمان کرد، پێمان گوتن؛ کە یەکسەر پارەکە تحویل بکەن بۆ بانکێک لە سویسرە بە ناوی من.

زۆر هەوڵیان دا قەناعەتمان پێ بکەن، کەوا نەکەین، فەرقی نێوان سویسرە و ئینگلتەرا نییە... الخ، ئێمەش نەماندەویست شک دروست کەین، "چونکە فەرەیدوون تەلەفۆنی کردبوو بۆ ستۆکهۆڵم، بە ئەگینتای گوتبوو؛ شەکرەکە تێک بدەم، دەمانزانی شتێک بووە".

ئەخیرەن، ئیتفاقمان کرد کە ئەو پارەیە دەربهێنن، شەریکەی شەکر حەل بکەن، شەریکەیەکی پاناما دروست بکەن، پارەکە بە ناوی من بخرێتە ئەو حیسابە "کاکمان و کاک کەمالیش وەک شەخسی دووەم، ناویان دەچێتە سەر حسابەکە". دەبێ ئەو کارە هەر لەو ڕۆژە بکرێت، بەلای درەنگەوە بۆ ڕۆژی ٨٥/١/٢٩

ڕۆژی ١٩٨٥/١/٢٩ کە پەیوەندییم لەگەڵدا کردن، گوتیان تەواو نەبووە، بۆ ڕۆژی دواتر چووم بۆ بانک بۆ ئیشەکە ڕاگرن. هەردووکیان لە ئیسراحەتی نانی نیوەڕۆ بوون. چاوەڕێم کردن، کە هاتن. ئەمری مەحکەمەیان دامێ، کە پارەکە گل دەدرێتەوە، نەسیحەتیان کردم، کە محامییەکی باش بگرم و ئاگام لە خۆم بێت، چونکە هەندێ کەسی میری موراقەبەت دەکەن، تاقیبتان دەکەن.

منیش ئیسرارم کرد، ئیشەکە شەرعییە و حەقیان نییە، بە موافەقەتی ئەوان تەحویل کراوە. کابرایەکی دۆستم کە تاجیرە، ئیجازەی شەکری هەیە، بەڵام کە زانیویانە من لە ئیشەکەدام، لەبەر کاری سیاسییم کە جیهەتێکی موعارزین بۆ حکوومەت، ویستیانە پەشیمان بن و ئیشەکە ڕاگرن.

بەڵام حەقیان نییە، پێم ڕاگەیاندن کە هیچ حەقیان نییە پارەکە بنێرنەوە، چونکە ئەگەر ئەوەیان کرد شکاتیان لێ دەکەم. "لەدوایە محامییەکان بە منیان گوت؛ خۆزگە بانک ئەو هەڵەیەی کردبا، چونکە لەدوایە زۆر ئاسانتر دەبوو، پارە لەوان وەرگرین".

ڕۆژی جومعە ١٩٨٥/٢/١ ئەوراقی ڕەسمی مەحکەمەم بە دەستم گەیشت، منیش ئیتهام دەکەن بە جورمەکە. هەر ئەو شەوە لەگەڵ کاکمان، کابرایەکی محامیمان بینی و مەسەلەکەمان پێ گوت، کە مەسەلەکە شەرعییە و تەحویلە و بۆ تیجارەتی شەکرە، بە موافەقەتی بانکی مەرکەزی کراوە، چی بکەین. تەنها ئەوەمان بۆ هات بیڵێین، چونکە نامەی مام هیچی ڕوون نەکردبوو، هیچی تر نازانین.

ئەرزیەتی سیاسیشمان بۆ باس کرد. میرییش هێشتا نەیدەزانی ئیشەکە چۆن کراوە. لە لایەک دەیگوت؛ بە هەڵە ئەو پارەیە ڕەوانە کراوە، لە لایەک دەیانگوت؛ جورمە و ساختەیە.

محامییەکانی منیش ئیستفادەیان کرد لەو ناکۆکییانە، تلێکسیان ناردبوو بۆ نموونە لەوە دەچوو دروست کرابێت.

بۆیە ئیتهاممان کردن بە تەزویری وەسائیق و ئیسپات،

خەریک بوو سەر بگرێت "ئەوە بوو ڕاسپاردەم بۆ ناردن، کە خەریکە مێزەکە بەسەر سەری ئەواندا هەڵگەڕێتەوە".

***

ڕۆژی شەممە ١٩٨٥/٢/٢

مدیری بانکەکە تەلەفۆنی بۆ کردم، زۆر هەڕەشەی لێ کردم، کە دەبێ موافەقەت بکەم پارەکە بگەڕێتەوە و هتد، بەڵام موافەقەتم نەکرد، لەدوایە پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، تەلەفۆنی بۆ کردم، وتی مدیری هەرە گەورەیان حەز دەکات بتبینێت و قسەت لەگەڵدا بکات "بۆ ئەو ڕۆژەش".

پێم گوت پرس بە محامییەکانم دەکەم.

گوتیان؛ نا دەبێت بەتەنها بێیت، کەس ئاگادار مەکە.

منیش لەگەڵ کاکمان و کەمال و محامییەکان قسەم کرد، بە پەسند نەزانرا بەتەنها بچم. بەڵام مەوعیدمان بۆ دانا ڕۆژی دووشەممە ١٩٨٥/ ٢/٤ بە حزووری محامییەکان. لەوی ئینکاری هەموو شتیان کرد، کە شەریکەم دامەزراندووە، یان پێم گوتن، پارەکە تەحویل بکەن و شەریکەیەکی پانای دروست بکەن. هەمووی تەکتیک بوو بۆ ئەوەی پارەکە بۆ میری ڕەوانە بکەن، بەڵام دوایی لە لایەن مەحکەمەوە مەجبوور بوون، ئیعتیراف بەوە بکەن، کە هەموو شتەکانی من گوتوومە ڕاستن، "چونکە کاکمان لەگەڵم بوو، توانی شایەتی بدات کە وایە".

ئیتر ئیشەکە کەوتە تەحقیق و مەحکەمە، هێشتا نەماندەزانی

ئیشەکە چۆنە و چۆن کراوە. هەر ئیسرارم دەکرد شەرعییە، بۆ تیجارەتی شەکرە و لە لایەن دۆستێکم پێم گوتراوە، کە ئیجازەی هەیە شەریکەیەک دابمەزرێنم بۆ تەحویل.

***

**تەفتیش**

بەڵام ڕۆژی جومعە ١٩٨٥/٢/٨ جەماعەتێک لە مەکتەبی محامییەکان، بە ئەمری مەحکەمە هاتن بۆ تەفتیشکردنی ماڵمان. هەتا ئەو کاتە. هیچم بە ئەگنیتا نەگوتبوو "ئیتر بۆ ئەویش مەعلوم بوو، چونکە تەلەفۆنم بۆ محامییەکانم کرد، کە حازر بن لە کاتی تەفتیشەکە".

نزیکەی چوار سەعات تەفتیشی ماڵەکەمیان کرد. تەماشای هەموو ئەوراقیان کرد، بەڵام نەمانهێشت هیچ بەرن. پێشتریش نامەی مامم لەگەڵ وەڵامی خۆم سووتاند، "هەروەها کاکیشمان"، بەڵام باش بوو کەمال نەیسووتاندبوو، دیسان لەو نوسخەم دەست کەوت. لە شانسی ئێمەش ئەو ڕۆژانە سەلاح ڕەشید مێوانمان بوو، ئازاد خۆشناو و حوسێن سنجاری لە لەندەن بوون، لە ماڵی ئێمە دەعوەت بوون، بەڵام باش بوو کاکمان پێش ئەوان هات، ئیتیفاقمان کرد بیانباتە دەرەوە و بڵێت "ئەمنی بەریتانین". ئەوانەی ماڵەکە تەفتیش دەکەن، هیچ باسی مەسەلەکە بۆیان نەکات، باوەڕیان کردبوو.

ئەو شەوەش بۆمان مەعلووم بوو، کە ئیشەکە دزییە، منیشیان داخیلی پلانەکە کردبوو، هەر بۆیەش مەحکەمە بڕیاری دابوو، ماڵەکەم تەفتیش بکەن. پاش ئەوە چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ

محامییەکان کرا، کاکمان لە بەشی زۆریان بەشداری کرد.

ئیتـر کەوتـمە پەیوەنـدیی لەگەڵ ئێـوە لە ڕێـگەی شـار، بە ڕێگـای شـالاو، بە ڕێـگەی عـومەری سـەید عەلـی، ئەوە بـوو ڕاسپاردەیەک بە نـاو تـۆ لە ڕێگەی شـالاو بـۆ مـن هـات کە دەڵێت:

"هەر کەسـە یەک زەرە عەقڵی هەبێت، دەبا بزانێت ئیشەکە چۆن کراوە".

منـیش جنێـوی خـۆم داا هینـدێ تەفسـیلاتی تێـدا بـوو، کە ئیشـەکە قورمســاغیاتی تێــدا بــوو، ناشــەرعییە. پــاش ئەوەی فەرەیدوون بە نهێنی هاتە ناوشار و تەلەفۆنی بۆ کردم، کە بڵێ ئیشـەکە بە ڕێگـای ئوسـووڵی کـراوە، بەڵام فرانـدنە و باشـترین محـامی بگـرم. هەروەهـا باسـی ئەوەی کـرد، کە بڵـێم ئیشـەکە پەیوەندیی بە گفتوگۆوە هەیە "ئەمە مقابل بەوەیە"، بەڵام چونکە پێشتر جێبەجێکەر بووم، لەسەر ڕیوایەتی پێشوو زەحمەت بوو یەکسەر وا بڵێم. دوو دەترسام وا بڵێم و نەتیجەی ئەوە بێت کە ئیعتیـراف دەکەم، کە پـارەکە هـی ئەوانە و حەقیـان هەیە داوای بکەن، بۆیە بەخشکەیی ڕیواتەکەم گۆڕی، پاش ماوەیەک وام نیشان دا، کە نامەتان هـاتووە لە وڵات و باسی شتی وا دەکەن "وەک لە ئیفادەکانی لای ئێوە ئاشکرایە". هەروەها عاشقم بردە لای محامییەکـان، بێ ئەوەی بزانێـت مەسـەلەکە چییە و ئیفـادە بدات کە لە وەفد بەشداریی کردووە، باسی شتی وا کراوە، بە حەزووری ئەو.

***

## خۆم بکوژم

پێش قسەکردن لەگەڵ کاک فەرەیدوون، وەڵامی ڕاسپاردەکە بە ناوی تۆ، هێشتان وام دەزانی ئیشەکە تەحویلە و بە ڕێگای ئوسوولیە، بەڵام قورمساغیاتە، وام دەزانی هەر چیمان دەست کەوتووە لە گفتوگۆ تیا چووە. ئەو چەند ڕۆژە زۆر ناڕەحەت بووم، زۆر بە جددی بیرم لەوە دەکردەوە، کە خۆم بکوژم.

نامەیەکی دووردرێژی وەکوو ئەم نامەیە، بۆ مامم نووسی "باسی ڕووداوەکان". ئیستیعدادم نیشان دا، بۆ هەر جۆرە محاسەبەیەک، بۆم نووسی کە ئیستیقالە دەکەم، لە ی. ن. ک چونکە ئیشەکە وای بەسەر هات، بۆ ئەوەی ناوی ی. ن. ک نەکەوێتە مەحکەمە و ڕۆژنامە و سومعەی بشکێت. من تەحەموولی هەموو مەسئوولییەت دەکەم. تەنها هەندێ ئیشی تایبەتی "بە شێوەیەکی غەیرە ڕەسمی بۆ ی. ن. ک" دەکەم.

مام ڕاسپاردەی نارد بە ڕێگای هادی، کە موافەقە لەسەر ئیستیقالە و ئیشە تایبەتییەکان، بەڵام با تەپوتۆزی لێ هەڵنەستێت.

بەڵام پاش ئەوەی زانیم ئیشەکە چۆن کراوە، نامەیەکم بۆ نووسی و زۆر گلەییم لێ کرد، کە نامەکەی ڕوون نەبوو، کە ئیشەکە چۆنە و بۆچی وا پەلەی کرد لە ناردنی. هەروەها لەم حاڵەتە تەنها خۆم بە مەسئوول نازانم، لە سەرنەکەوتنی ئیشەکە.

ئەویش مەسئوولە بە دەرەجەی من، " ئەگەر ئینسان بیر لە

مەسئوولییەت بکات". هەروەها بۆم ڕوون کردبوو، کە ئیشی وا زەحمەت سەردەکەوێت، بەڵام باشتر ڕوونت کردبا، خەڵکی خۆیمان دەدۆزییەوە "یەکێک بە ناوی ئەو پارەکە بهاتایە و دەریبهێنایە، لەدوایە بزربایە و بچووبا بۆ وڵاتی هاوار یان شێرۆ یان شوێنێکی تر".

گلەییم لێ کرد کە ئایا "بە پەسندی دەزانی کە ئەندامێکی م. س-ی ی. ن. ک بەو کارە هەڵسێت. من هەر چەندە لەدژی ئەو کارە نیم و موافقم لەسەری، بەڵام بەبێ ئاگاداریی خۆم و موافەقەتی خۆم، ئامادە نیم ببم بە دز و موجریمێکی "بین المللي"، "هەر چەندە ئامادە بووم بۆ ئەوەش ئەگەر پێشتر ئاگادار بام".

***

**ئەنجا برای عەزیز:**

دروست، وام بۆ نووسیبوو، لەبەر ئەوە نەبوو کە ئیجازەی خۆم لە سوید تێک نەدەم و خۆم ماندوو نەکەم بۆ تەعقیبکردنی، لەبەر ئەوە نەبوو، کە زرووف و مەساڵح و وەزعی خۆم لە ئەورووپا تێک نەدەم. حادیسەکان بەو شێوەیە بوو، کە ئێستا بۆتان باس دەکەم. باشە، ئێوە وام دەناسن کە گوێ بدەمە وەزع و ژیان و مەساڵح لە ئەورووپا "کامتان وام دەناسێ، کەمێک ویژدانتان هەبێت". کەینێ مەسەلەی عوتڵە و ئیسراحەت، بەلای منەوە گرنگ بووە، هەتا بۆ شتێکی مەسیری وا گوێ نەدەمێ، بەدرێژی ئەو هەموو ساڵەی کە بەیەکەوە

ئیشمان کردووە، کەینێ شتی واتان لە من دیوە، هەی هەی...

مام بە سەریحی عیبارە نووسیبووی؛ ئەو شەریکە بە ناوی خۆت، یان برادەرێکی "دۆستێک" دروست بکە. پاش ئەوە مەجمووعە نامەیەکی ناخۆش لە بەینی من و مام هاتوچۆی کرد.

ئەنجا دەستتان کرد بە جنێودان و تەشهیرکردن بە من، لەناو خەڵک "چی هی ی. ی. ن. ک و چی خەڵکی تر" وا نیشان درا، کە تەنها من مەسئوولم لە تێکچوونی ئیشەکە، نەمویست ئیسراحەتی خۆم تێک بدەم، لەم قسەوقسەڵۆکانە "کە هیچی ڕاست نەبوون".

ئێمە لێرە ئیشەکەمان بە نهێنی ڕاگرتبوو، کەچی لای ئێوە هەر کەس کە دەهات باسی دەکرد، بەو شێوەیەی کە لای ئێوە مەبەست بوو. پاش ئەوەی لە مانگی چوار، لە گەرمەی ئیشەکە و ئیشی تری ی. ن. ک، وردەوردە وەزعمان باش ببوو، دیسان سەهممان بەرز ببوو و چالاکیمان باس دەکرا "پاش تەجرووبەی گفتوگۆ". پاش ئەوەی پارەیەکی زۆرم قەرز کردبوو بۆ یارمەتی خەڵک و بەزمەکە.

نامەی مامم بۆ دێت، کە ئیتر ناتوانین یارمەتیی بۆ دەرەوە بنێرین "نە بۆ کەس نە بۆ محامییەکان". ئەنجا هەندێ نامەی توندم نووسی بۆ ئەو بڕیارە و یارمەتیدانی ئەو خەڵکە هەتا ١٩٨٥/١٠/١، پاش ئەوەی حیسابی خۆیان بکەن، هێندێ پارەی محامییەکان درا، لە پارەی ئیتاڵییەکان لەگەڵ قەرزەکان.

باشــە: کــوا وەفــا؟ کــوا ئیلتیــزام؟ کــوا ڕەفیقــایەتی؟ کــوا هاوڕێیەتی ڕێگای خەبات؟

من بۆ هەر یەکێک لە ئێوە ئامادە بووم، خۆم فیداکار کەم، بـۆ ئەوەی هیچتـان بەسـەر نەیەت، کەچـی بە هـۆی ئێـوە و بە هۆی ئیشی ئیوە، تووشی ئەو موشکیلەیە بووم "ئێستاش نازانم نەتـیجەکەی چـی دەبێـت". ئێـوە هەڵوێسـتتان چـۆن بـوو: هـیچ پارەمـان نیـیە بـۆ محامییەکـان، نـاتوانین یارمەتیـت بـدەین، بـڕۆ وازمـان لـێ بێـنە! بەڵام باشـترین محـامی بگـرە، نـابێ پـارەکە لەدەست بدەیت.

***

دووربەدووری

بۆیە برای عەزیز: ئامادە نیم دە ساڵی تریش ئیش بکەم و مانـدوو ببـم و فیـداکاری بـکەم، لەدوایە وەکـوو پیازێـک فـڕێ بدرێم، لە لایەن ئەو کەسانەی کە وام دەزانی ڕەفیقی ژیانن.

باشترین شت ئەوەیە وەکوو دۆستێکی دوور بمێنم، جارجار بە جۆرەی توانا یارمەتیتان بدەم "ئەویش کە ئەگەر پێویستیتان بـوو". نە عـاجزی تێـدا دەبێـت، بەلای کەمەوە کەرامەتـی خـۆم دەپارێزم.

پاش ئەمەش، ئیتر هەر نامەی سلبی و هێرش بۆ سـەر مـن دەهـات، ئیتـر هەمـوو شتێکی دەمکـرد زۆر خـراپ بـوو، ئەنجـا نازانم بۆ ئیستیفزاز بوو، کە وازبهێنم یان چی؟

پێشتریش ئیهانەکان هەر تیکرار دەبوون. لە مانگی پێنج ١٩٨٥ مەجبوور بووین ١٢,٥ هەزار پاوەن، لە دۆستێک قەرز بکەین بۆ محامییەکان. نامەم دا کابرا کە لەوێ لێتان وەرگرێت. کەچی مام نامەیەکی زۆر ناشیرینی بۆ کابرا نارد کە نایدەن.

ئەنجا لە کاتی گرتنی ژاپۆنیەکان، ئێوە پێشتر نامەی ڕەسمیتان نارد بوو کە دەتوانن ٥٠ هەزاری لێ هەڵگرن. لەدوایە نامەتان نارد، کە نەخێر نابێ هیچ هەڵگرن "ڕاسپاردەش هەروەها". من بە حیساب و بە ناخێری نوێنەرتان بووم، لە دەرەوە و گفتوگۆم لەگەڵدا کردن و گەیشتینە ئیتیفاق، کە یەک بدەن و لەو ڕۆژە تەحویل بکرێت، کە بگەنە سەفارەتیان لە پایتەخت. ڕاسپاردەم بۆ ناردن کە بەریاندەن و وەعدی شەرەفتان دەدەمێ، کە دەست لە هیچی نادەم، کەچی مام وەڵامی چیم بداتێ:

"ئێمە چیتر باوەڕ بە وەعدی شەڕەفی هیچ کەسێک ناکەین. بەریان نادەین هەتا نیو لەپێشان تەسلیمی خۆشکە نەسرین خۆی نەکەن و زەمان بدەن بە خوشکە نەسرین خۆی کە بەشی دووەمی تەسلیمی ئەو دەکەن، ئەنجا بەریان دەدەین".

یەعنی چی؟ با بۆت شی بکەم:

ا- یەعنی کابرایەکی بێشەرەفم.

ب- یەعنی من هیچ و جێگای باوەڕ نیم، ئەمە بۆ برادەران و بۆ ژاپۆنییەکانیش نیشان بدرێت.

ج- یەعنی هەموو برادەرانی دەرەوە فت، تەنها خوشکە نەسرین، جیگای سیقە و ئیعتمادی برادەرمانە.

ئەنجا بۆ ئینسان ئیهانەی ئاوا تەحەممول بکات و بۆچی؟

بۆیە هەر یەکسەر نامەی ئیستیقالەم بۆ نارد بە تاریخی ١٩٨٥/٩/٢ بۆ م. س، تێدا ئیدانەی ئەو ئسلووبە دەکەم، ئاگادارم کردن کە تەنها تەعقیبی ئیشی شێرۆ و هاوار و مەحکەمە دەکەم، هیچ ئیشی تر ناکەم، ئیشی شێرۆ و هاوار گەیشتە ئەنجام، تەنها ئیشی مەحکەمە ماوە.

ئەنجا نازانم بۆ بەلای تۆ، تازە بوو کە بیستووتە وازم هێناوە. مەسەلەکە وا ساڵ و نیوێکی بەسەردا دەچێت، تووخوا موستەحەق نیت پێت بڵێم، تڕحێو!

خوا برادەرانی دەرەوەش بگرێت من لە کۆبوونەوەی ١٩٨٥/٥/٢٢ وازم هێنابوو "پاش وەرگرتنی ڕاسپاردەی یەکەمی مام"، بەڵام ئەوەندە ئیسراریان کرد کە نابێت. منیش خاو بوومەوە.

بەڵام ئەم جارە قەتعییە و تەواو، ئەنجا ئێستا برادەر ئەگەر کاری وات لەگەڵت بکرایا، تەحەمولت دەکرد؟ چەند دەمایت؟

گلەیی ترم زۆرە، لەگەڵ مەسەلەی تریش لەسەر ئوسلووبی کارکردن و هێندێ مەسائیلی سیاسی، بەڵام بەسە، بۆچی؟ دەزانم هیچ فایدەی نییە، نەک تەنها لە مام، بەڵکوو لە هەمووتان دڵشکاوم، بە تایبەتی لە نەوشیروان.

ئەمڕۆ دەنگوباسی شەڕی ماوەتم وەرگرت، دەستتان خۆش و داوای سەرکەوتنی گەورەتان بۆ دەکەم. وا نامەیەکی خوشکە خەجێ بۆتان دەنێرم، لەسەر مەسەلەی مەلا بەختیار، ئیتر هەر خۆش بن.

برای دڵسۆزت

هۆمەر

**تێبینی:** کە پەیوەندییمان بە "عومەر شێخمووس" کرد، ئایا ڕازییە دەقی نامەکە بڵاو بکەینەوە، چونکە هەست دەکەین نامەکە بۆ دکتۆر هاتووە، بایەخی مێژوویی هەیە، بە پێشنیارەکەمان ڕازی بوو، لەو کتێبەدا دەقی نامەکە، ئەگەرچی درێژە، بەڵام بڵاو دەکەینەوە.

***

سەربردەی ئەو پارەیە، بردن و هێنان و بانک و گێڕانەوەکەی کەرەستەی فیلمێکە! گەیشتنی پارەکە، کە سەرووی دە ملیۆن دۆلار بووە، لەناو بانکێکی عێراقی چۆن گەیشتووتە دەرەوە! زووش پارەکە چووە، بەڵام حکوومەتی بەغدا لێی پەشیمان بوویتەوە، زانیویەتی، درکی بەوە کردووە، پارەکەی زەوت کردووە. بۆیەش یەکێتی نەیتوانیوە پارەکە وەربگرێت، هەموو وردەکارییەکانیش لە نامەکەی عومەر شێخمووس نووسراوە، بەڵام ئەوەی نەنووسراوە، پارەکە بە

ئازایەتیی فەرمانبەرێکی فەیلیی دۆستی یەکێتی ڕەوانە کراوە، حکوومەت لە ناردن و بەخشینی پارەکە پەشیمان بوویتەوە، بەڵام فەرمانبەرەکە ئەو گیانبازییەی کردووە، دوایی بە ژن و منداڵەوە لە بەغدا دەرچووە، چونکە ئەوان پاش دوو سێ ڕۆژ زانیویانە، پارەکە چۆن، کێ ناردویەتی!

***

## نامە بۆ عومەر دەبابە

هەڤاڵی بەڕێز کاک عومەر دەبابە

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە.

هیوای شادی و سەرکەوتنت بۆ دەخوازین...

لەپێشەوە سوپاس و پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنفرانست لێ دەکەین.

هەڤاڵی بەڕێز... لە نووسراوەکەتا هەندێ خاڵ هەبوو پێویستی بە وەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوە هەبوو، هیوادارین شوێنی ڕەزامەندیت بێت.

ئەو تەسەوراتەی لە جەنابت باست کردبوو، دیارە خراپ تێگەیاندراوی، پێمان باشە بۆت ڕوون بێتەوە ئەو کات حوکم بدەیت.

١- نامەکەت ئاڕاستەی ک. س کردووە و ئەوانت بەرپرسیار کردووە لە هەڵنەبژاردنەوەت، کە ئەم کومیتەتە پاش تەواوبوونی

کۆنفرانس کەوتووەتە کارکردن، دەبا گلەییەکەت ئاراستەی هەموو ئەندامانی کۆنفرانس بکەیت، نەک سەرکردایەتیی ی. ن. ک.

٢- یەکێ لە کەموکوورییەکانی ی. ش. ک و ڕۆڵ بینین لەناو سەرکردایەتی ی. ن. ک سەرکردایەتیی ی. ش. ک بوو کە نیوەی ئەندامانی چۆل بوو... وە لە هەموو بڕیارەکی گرنگدا... چوار کەسی سەرکردایەتیی ی. ش. ک لە دەرەوەی وڵات بوون... کەوای کردبوو سەرکردایەتیی ی. ش. ک دەورێکی وەهای نەبێ لە حەسمکردنی بڕیارەکانی ببێتە کەمایەتییەکی کەم.

٣- لە ڕەوشنایی ئەو وەزعەی سەرەوە لە بەستنی کۆنفرانسی یەکەمدا بڕیار درا ئەو هەڤاڵانەی دەرەوە خاوەن کەفائەت و خاوەن ڕابردوون و ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە دامەزراندنی ی. ن. ک و هەڵگیرساندنی شۆڕش، لە سەرکردایەتیی ی. ش. ک دابندرێن بەو مەرجەی بگەڕێنەوە کوردستان و بە زووترین کات گەر نەگەڕانەوە تا بەستنی کۆنفرانسی دووەم وا لە سەرکردایەتی دانەنرێن، هەڤاڵ مام جەلال ئاگاداری کردنەوە لەو ڕووەوە کە لە سەرکردایەتیی ی. ش. ک بوو.

٤- ی. ن. ک بڕیاری دا بە کەمکردنەوەی سەرکردایەتیی ی. ن. ک لەو کۆنفرانسەدا بڕیار درا پیویستە ئەو هەڤاڵانە دادەنرێن لە سەرکردایەتیی ی. ش. ک پێویستە لە کوردستان بن.

٥- ئێمە ئێوە، چ جەنابت کاک دکتۆر کەمال بە نموونەی کەسانی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەر و مامۆستا دادەنێین و ئێمە وەک ی. ش. ک یا خۆت هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر ناتوانی ڕۆڵی ئێوە بشارێتەوە لەناو بزووتنەوەی کوردایەتی، ئێمە شانازی بە ئەوە دەکەین کە کەسانی شۆڕشگێڕی وەکوو ئێوە لەناو ی. ش. ک-ن، هەڵنەبژاردنەوەتان قەدی ڕۆڵی ئێوە و ڕێزی ئێوە کەم ناکاتەوە، لە لایەن ئێمەوە جەنابتان چ لە سەرکردایەتی بن، چ ئەندام بن شوێنی ڕێزی ئێمەن، لێپرسراوی ئێمەن، هەر کات جەنابتان هاتەوە وا زوو بە شانازیەوە چەندین ئەندامی سەرکردایەتی ئامادەن شوێن چۆل بکەن و پلینیۆم ببەسترێ و جەنابتان هەڵبژێردرێن، قسەی ئەو کەسانە کپ بکات، کە دەڵێن ناگەڕێنەوە کوردستان کوردەواریی خۆمان دەڵێت؛ "ئاو هەبێ تەیەمووم بەتاڵە" گەر جەنابتان لێرە بن ئێمە بە سەرکردایەتیی خۆمانتان دەزانین.

٦- وەزعێکی وا دروست ببوو لەناو ئەندامان بە تایبەتی پێیان دەگوترا سەرکردایەتییان هەمووی لە دەرەوەن، وا کردبوو هەڤاڵانمان توند بن بە تایبەتی نەگەڕانەوەتان پاش پەیدابوونی ڕێگا کە پرسیار لە هەڤاڵ د. خدر کرا، کە بۆچی نەگەڕایتەوە ئەویش وەڵامی داوە:

ا- بە نیسبەت هەڤاڵ عومەر دەڵێ نەخۆشم و پێویستم بە سەر دکتۆر هەیە، دەبێ لەژێر ئیشرافی پزیشک بم، گەر بشگەڕێمەوە دەترسم ڕێگای دەرەوەم نەمێنی، ئەو کاتی ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە. دکتۆر خدر گوتی... من وەک

دکتۆرێـک ئاگـاداری وەزعەکەیـیمە و نـاتوانی لە زرووفـی پێشمەرگایەتی بژیت کە پێویستی بە بەردەوامیی پزیشکی هەیە.

ب- بە نیسـبەت هەڤـاڵ هـۆمەر ئامـادەیە بگەڕێـتەوە، بەڵام ڕژێـم ڕێـگەی نـادا، کە ئەمەش دەقـی قسـەکانتان بـووە لەگەڵ هەڤاڵ د. خدر.

٧- کە دەڵێـت... هەنـدێ کـادیران پێیـان ڕاگەیانـدم...؟ ئێمە پرسیارێک دەکەین بۆچی لەناو هەموو کۆنفرانسدا یەک نەبوو بتانپـاڵێوێ، ئەو کـاتی حەقـت هەبـوو گلەیـی لەو هەڤـاڵانەی سەرکردایەتی بکەیت کە پشتگیری نەکراویت.

ئیتر هەر شاد و سەرکەوتوو بیت...

١٩٨٥/١/١٠

ئیمزا

فؤاد، پێشـەوا، خـدر هەورامـی، سەربەسـت بـامەڕنی، عـومەر عەزیز، نازم عومەر

# ٨
# ڕێککەوتننامە کۆبوونەوە و نامەی نێوان لایەنەکان

## ڕێککەوتنی "ی. ن. ک" و "پ. د. ک"

لە ڕۆژی ١٩٨٢/٧/٢٨ نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەگای حیزبی شیوعی عێراقی لە قرناقاو کۆبوونەوە و لەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوە بڕیاریان دا:

١- "پ. د. ک" و "ی. ن. ک" ڕێک کەوتین لەسەر ئەوەی کە ناکۆکییە ناوخۆییەکان لە نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکان سەرانسەری کوردستاندا، بە ڕێگەی سیاسی، گفتوگۆی برایانە چارەسەر بکرێن، هەردوولا لە چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەدا چەک بەکار نەهێنن و دژی بەکارهێنانی چەک بوەستن لە کوردستاندا.

٢- کوردستانی عێراق لە خانەقین تا زاخۆ مەیدانێکی ئازادی و چالاکیی سیاسی و عەسکەریی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

٣- هێزەکانی پ. د. ک بە تەنیسق و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراو تیپەکانی ی. ن. ک، بە ئاگادارییان داخیلی

ناوچەکانی کوردستان ببن، بە گیانی برایەتی و هاوکاری دژی ڕژێمی فاشیستی بەغدا کار بکەن، هەموو گیرگرفتە هاوبەشەکانی نێوان پێشمەرگەیان بە تەنیسق و گیانی برایەتی چارەسەر بکەن. لە سەرەتادا هەموو کێشەکانی جەماوەر بە ڕاوێژ و ئاگاداری ی. ن. ک و ڕێکخراوەکانی چارەسەر بکرێت، بە تایبەتی ئەو ناوچانەی تا ئێستا تەواجوودی هێزەکانی پ. د. ک. تێدا نەبووە... تا ئەگەنە سیغەیەکی موناسب بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە هەن، یان پەیدا ئەبن.

٤- بۆ ی. ن. ک. هەیە، ئازادە کە هێز و ڕێکخراوەکانی بچێتە هەموو ئەو ناوچانەی کە تا ئێستا تەواجوودی ی. ن. ک. تێدا نەبووە یان تێدا لاواز بووە... بە تایبەتی هەموو ناوچەکانی مووسڵ و دهۆک کە بە تەنیسق، هاوکاری لەگەڵ هێز و ڕێکخراوەکانی "پ. د. ک" ئەبێت. پ. د. ک. وەک بۆ ئەو مەبەستە هاوکاری و برایەتییان لەگەڵ ئەکات، لەو ناوچانەدا هەموو کێشە و گیروگرفتەکانی نێوان پێشمەرگەیان بە گیانی هاوکاری و برایەتی چارەسەر ئەکەن، لە سەرەتادا هەموو کێشەکانی جەماوەر بە ڕاوێژی پ. د. ک ڕێکخراوەکانی چارەسەر بکرێت. تا ئەگەنە سیغەیەکی موناسب بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە کە هەن، یان پەیدا ئەبن.

٥- ئەبێ هەردوولا "ی. ن. ک" و "پ. د. ک" بڵاوکراوەی ناوخۆ لە بارەی ئەو ڕێککەوتنەوە بۆ ڕیزەکانیان دەربکەن، گیانی ئەو ڕێککەوتنە لە ڕیزەکانیدا بچەسپێنن، بە باشی تەرجەمەی بکەن.

٦- نـــــوێنه‌رانی هه‌ردوولا "پ. د. ک" و "ی. ن. ک" داوا ئه‌که‌ن بـــۆ ته‌واوکردنـــی که‌موکووڕییه‌کـــانی ئه‌و پێکهـــاتنه کۆبوونه‌وه‌یه‌کی بالآتر بکرێت له‌سه‌ر ئاستی به‌رز له ماوه‌یه‌کی نزیکدا.

نوێنه‌رانی پ. د. ک

محه‌مه‌د مه‌لا قادر، مه‌غدید ئه‌حمه‌د

نوێنه‌رانی ی. ن. ک

فه‌ره‌یدوون عه‌بدولقادر، دکتۆر خدر هه‌ورامی

تێبینی: ئه‌و ڕێککه‌وتنه مولحه‌قی له‌گه‌ڵه.

## پاشکۆی ڕێککه‌وتنی "ی. ن. ک" و "پ. د. ک"

١- هێـز و ڕێکخراوه‌کـانی پ. د. ک. ئیجرائـات له‌گه‌ڵ ئه‌و که‌سانه نـاکه‌ن، که چه‌کـی پێشـمه‌رگایه‌تییان ته‌سـلیم به دوژمـن کـــردۆته‌وه و له مـــاوه‌ی ڕابـــوردوودا که "ی. ن. ک"، یـــان لایه‌نه‌کانی تری شۆڕش ئیجرائاتی له‌گه‌ڵ کردوون، بۆ ئه‌وه‌ی زوڵم په‌یدا نه‌بێ.

٢- له‌ومه‌ودا هه‌ر لایه‌نێـــک خـــۆی ئـــازاده، که ئیجرائـــات له‌گه‌ڵ ئه‌و که‌سانه بکـات، که چه‌کـی ئه‌به‌نه‌وه، هه‌ر لایه‌کـیش ئه‌تـوانێ هاوکـاریی له‌گه‌ڵ لایه‌نێکـی تـر بکـات بـۆ ئیجرائـات وه‌رگرتن.

٣- پێویسـتە هەردوولا "ی. ن. ک" و "پ. د. ک" لەو ناوچـانەدا کە بـۆی ئەچـن، لێپرسـراوی سیاسـی و عەسـکەری گونجاو و موئمین بە گیانی ئەم ڕێککەوتنە بنێرنە ئەو ناوچانە.

نوێنەرانی پ. د. ک

محەمەد مەلا قادر، مەغدید ئەحمەد

نوێنەرانی ی. ن. ک

فەرەیدوون عەبدولقادر، دکتۆر خدر هەورامی

١٩٨٢/٧/٢٨

* * *

## کۆبوونەوەی سۆسیالیست و یەکێتی

چوار لاپەڕەم لەبەردەستە، دەستخەتەکەی جوانە، بە حوبر نووسـراوە، بەڵام لاپەڕەکـانی پێشـەوەی کۆنووسـەکە نەمـاوە، ئەوەی مـاوە و جـوان دەخوێنـدرێتەوە دەنووسـمەوە؛ بـۆ دەیانووسمەوە؟

مەجال نادەین بە ق. م هێرش بێنێتە سەر ی. ن. ک، ئەگەر وایان کرد لە دژیان شەر دەکەن.

هەروەهـا گوتیـان ق. م درۆ دەکـات، هـیچ لە شـەرتەکانی

ئەوانـی بەجـێ نەهێنـاوە، بـۆیە خویـان بە مـولتەزیم نـازانن بە ئیتیفاقەکە.

وەفـدی ئەوان؛ تـاهیر عەلـی والـی، ڕەسـوولْ مامەنـد، قـادر جەباری حاجی، حاجی برایم

مەوقیفی تاهیر و حاجی باشە. بەڵام ڕسوولْ وا نییە. تەیاری تاهیر و ئەوان ئێستا موسەیتەرە "٥ بە ٤" کەسن، لە ڕابەرایەتیی ئەوان، بـۆیە ئـێمە مروونەتمـان پیشـان دا، بەو مەبەسـتە کە ئینشیقاق بکەویتە ناویان.

وەفدی ئێمە؛ نەوشیروان، جەمال ئاغا، هۆمەر

کۆبـوونەوەی دووهەم ڕۆژی ٤/٢٢ کـرا لە گۆرەشـێر. کۆبوونەوەی سێهەم لە ٥/٤ لە زەڵێ دەکرێ.

لە کۆبـوونەوەی دووهەم باسـی هەنـدێ شـتیان کـرد بـۆ هاوکاری، بەڵام تەحویلی کۆبوونەوەی سێهەمیان کرد.

پێشنیاری ئەوان "بە تەعبیری ڕەسوولْ":

١- چارەسەرکردنی گیروگرفتی پێشمەرگە.

٢- ڕێکخستنی مەسەلەی زەکات و پارە.

٣- ناردنی پ. م بۆ هەر ناوچەیەک بە ئاگاداریی لایەکی تر بێت "وەکوو ئیلتیزامێکی ئەدەبی نەک شەرت".

٤- دامەزرانـدنی لیجنەیەکـی عەسـکەری بـۆ عەملیـاتی موشتەرەک و هاوکاریی عەسکەری.

٥- هاوکاری بۆ تەعریفکردنی شۆڕش و دامەزراندنی جەبهە.

٦- سیاسەتێکی یەکگرتوو بۆ مەسەلەی ئاغا و جووتیار.

٧- تبادل معلومات.

**بۆ ئاگاداریتان**

- لە هەندێ جێگا پێشمەرگەی ئێمە تووشی شەڕ بوون. برادەرانی ئەوان چووبوون بۆ یارمەتیدانیان. "ئەمەش پێش دانیشتنی یەکەم".

- ئێمە بڕیارمان داوە کە هیچ تەزکییەیان نەکەین بۆ جەبهە.

- پیشنیارەکانی ئەوان لە کۆبوونەوەی ٥/٤ موناقەشە دەکرێن بە بەشداربوونی مەسئوولانی عەسکەری و مالی و وەفدەکان.

- عادل موراد ئێستا لای ئەوانە و چاک دژی هەندێکمان قسەی کردووە، بە تایبەتی مام "لای هۆشیار برای شێرکۆ عابد".

٧- دەنگوباسی هێرشی هەبوو بۆ سەر مقەڕاتمان، ئێمەش دیفاعێکی باشمان داناوە، بە تەنسیق لەگەڵ شیوعییەکان و حسک و پاسۆک. بەوە دەچێت هێنانی هێز زیاتر بۆ ئێران بووە نەک بۆ ئێمە.

٨- ئاکۆ برای سوار ئاغا ئێستا هاتووە لای ئێمە "وازی لە ق. م هێنا". بەڵام تەقریری زۆرمان بۆ هاتووە "من ضمنهم هی عزیز بگ" لەسەر پێوەندیی سوار ئاغا لەگەڵ میری و وەرگرتنی هەندێ پارە لەوان، بەو مەبەستە کە نە میری هێرشی بباتە سەر ناوچەی سوار ئاغا، نە سوار ئاغا هیچ لە دژی حکوومەت بکات. لەگەڵ برادەرانی م. س بڕیارمان لەگەڵ سوار دانیشین و

ئەم مەسەلانە لەگەڵ باس بکەین. هەروەها هێندێ لە کەرتەکانی نەقڵ دەکەین بۆ ئیحتیمالی ئەگەر هات و تەسلیم بووەوە، هیچ زەرەرمان لێ نەدات. هەر چەندە قسەی کردووە کە قەت مام جەلال و ی. ن. ک بەجێ ناهێڵێت.

٩- بێگومان مولازم عومەر نامەی بۆ ئێوە لەسەر وەزعی سەردەشت و شەڕی "ڕەبەت"، نووسیوە بە ڕاستی ئیشی ئێمەی تێک داوە.

کاک نەوەش نامەتان بۆ دەنووسێت، بۆیە من زیاتر نانووسم.

١٠- کاک کەمال: تکایە ڕادیۆیەکی "ناسیونال- پاناسونێک"ی وەکوو ئەوەی خۆتم بۆ بکڕە، یان ئەگەر حەز دەکەی ڕادیۆیەکی بچکۆڵە بۆ خوت بکڕە، ئەوەی تۆ بۆ من بمینێ. ڕادیۆکەی من زاییع بوو. مام ئەحمەد وانێک هاتە لامان و گوتی:

"یان ژن یان ڕادیۆ"!

منیش گوتم با بە "ڕادیۆ"، با نەجاتم بێ. ئەوەش ئیشی جەنابی!

ئیتر هەر خۆش و شاد بن...

برای دڵسۆزت

هومەر

ئیمزا

## نامە بۆ ڕێکخراوی ڕزگاریی فەڵەستینی

لەناو ئەرشیفە و بەڵگەنامەکانی دکتۆر فؤاد معصوم ئەو پەیام و نامەیە ماوە، ئەوەش وەک نموونەیەکە، کە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە دەرەوە کۆششی زۆری کردووە، هاوپەیمانی زۆرتر پەیدا بکات، حیزب و شۆڕشەکە بەرەو سەرکەوتن ببات، لەوەش پلان و تاکتیکی زۆر بووە، لەوانە ئەو نامەیە، لەبەر درێژیی نامەکە و زمانە عەرەبییەکە، بە کوردی ناوەڕۆکی نامەکە دەنووسمەوە، بەبێ ئەوە مەبەست و ناوەڕۆکی نامەکە بگۆڕم، نامەکەش چوار لاپەرە و بە زمانی عەرەبییە.

نامەکە لە ڕۆژی ١٩٧٨/٣/١١ لە لایەن پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بۆ لێژنەی تەنفیزیی ڕێکخراوی ڕزگاریی فەڵەستینی نووسراوە؛

**ئەوە کورتکراوەی نامەکەیە:**

پاش سڵاو و هیوای سەرکەوتنی شۆڕشەکەتان، ئێمە وەک یەکێتی پشتیوانیی بزاڤەکەتان دەکەین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانتان. لەو بوارەدا دەمانەوێ بارودۆخی میللەتەکەمان ڕوون بکەینەوە، هاوسۆزمان بن لە هەموو پێشهاتەکان؛

یەکەم: یەکێتی لە دامەزراندنییەوە "١٩٧٥/٦/١"ەوە خەبات دەکات، شۆڕشەکەمان بباتەوە سەر مەدارە سەرەکییەکەی بۆ دژایەتیی ئیمپریالیزم و حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی خاکی

کوردستانیان داگیر کردووە، خەباتمان بەردەوام بووە لایەنەکانی سەر بە بارزانییەوە بوون دوور بخەینەوە، شۆڕشەکە بەینەوە سەر ڕێبازەکەی خۆی و دوور بکەوێتەوە لە ئیمپریالیزمی ئەمریکی و شاهەنشای ئێران

دووەم: ئێمە پشتیوانی شۆڕشی فەڵەستین دەکەین، سەرکۆنەی سەردانەکەی سادات دەکەین، ئەوەش زەبرێکی کوشندە دەبێت بە بزاڤەکەتان.

سێیەم: کە دەزانین سادات دەچێتە قودس، ئێمە وەک یەکێتیی نوێنەرمان ناردە بەغدا بۆ گفتوگۆ، لەگەڵ جێگرەکەیان سەدام حوسێن دیداری بووە، لەوێ داوایان کردووە:

شەڕەکان ڕاگرن. هەڵمەتی ڕاگواستنەوەکان ڕاگرن و دیموگرافیی کوردستان نەگۆڕن. گیراوەکانمان ئازاد بکەن، ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ جێبەجێ بکەن. ئازادییەکان بەرقرار بێت. کورد سەربەست بێت بۆ پاراستنی سنوورەکانی. بە ڕوونی دژایەتیی شاهەنشای ئێران ڕابگەیەنن. حکوومەتی عێراق پشتیوانی بزاڤە عەرەبییەکان بکات. حکوومەت لەگەڵ شۆڕشەکەتان بێت.

لەو سەروبەندەدا لە ڕۆژی ١٩٧٨/٢/٢٦ وەزیری دەرەوەی ئێران دەچێتە بەغدا ڕێککەوتن و دانوستانەکان هەرەس پێ دەهێنێت. هەردوولا پستیوانیی خۆیان بۆ ڕێککەوتنی جەزائیر دووبارە دەکەنەوە.

ئێمە بەڵێن دەدەین هاوشانی خەباتە ڕەواکانی میللەتان بین،

لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینین.

هاوڕێیە تێکۆشەرەکانمان؛

ئێمە خاوەن دۆزێکی ڕەوای ڕاستەقینەین، میللەتەکەمان لەگەڵ ئێمەیە و پرۆژە نیشتمانییەکەمان بەرەو پێشەوە دەبەین، سەرکەوتن بۆ شۆڕشەکەتان دەخوازین.

یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

پەیوەندییەکانی دەرەوە

## نامەی حیزبی شیوعی عێراقی

حیزبی شیوعیی عێراقی

ژمارە/ ف

مێژوو/ ١٩٨١/١٠/٣٠

هاوڕێیانی م. س، م. ع حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق تێکۆشەر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەمان

هەواڵی شەهیدبوونی هاوڕێ عەبدوڵڵا سوور و هاوڕێیەکانی بە دەستی کۆمەڵانی یەکیەتی، جێگەی داخ و ئێشێکی زۆر بوو لای من. لە ڕاستیدا دڵتەزێن و ئازارێکی زۆری داین. بە تایبەتی لەم کات و قۆناغەدا... دیارە هەرچەند ڕێز و شانازی بکەین بە شەهیدانەوە هەر کەمە، بەڵام لەو موناسەبەتەدا دڵگرانیی خومان و هاوغەمی، بەشداریی خومان لەگەڵتاندا دەرئەبرین لەو ڕووداوە سەختەدا.

تێکۆشەران نرخی ڕاستیان دەرئەکەوێت، کاتێک کە پلەی وەفاداریی خویان ئەسەلمێنین، بەشەهیدبونیان.

هیواداریـن هاندەرمان بێت بۆ هاوکاری، بۆ پڕڕردنەوەی شوێنەکەیان، بۆ سەندنی تۆڵەیان، بۆ کاری دروست و

ڕێکوپێککردن و نرخشەی ورد بەجێهێنان، هەتا زیاتر بەرەو پێشەوە بڕۆین.

بە ناوی حیزبی شیوعیی عێراقی و مەکتەبی عەسکەریی مەرکەزییەوە، دڵگرانیی خۆمان و هاوبەشیمانتان پێ ڕائەگەیەنین.

ئیتر بو پێشەوە

ئیمزا

حزبی شیوعی عێراق

١٩٨١/١٠/٣٠

## حیزبی شیوعی عێراقی

ژمارە/ ٢٣٥

مێژوو/ ١٩٨١/١١/١

برایانی بەڕێز و خۆشەویستی م. س، حیزبی سۆسیالیست

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە

هیواداریـن پارێزراو بن...

١- برایـان سـەید کـاکە و ئەبووعائیـد دوێنـێ بـرووسـکەیان هات کە گەیشتوون بە سەلامەتی. سبەینێ دانیشتنی هاوبەشیان -تنسـیقیان- هەیە. بـوورن بە ڕێکـکەوت لە یادمـان نەبـوو ئاگادارتان بکەین.

٢- وەک پـێش ئەم ئێـوارەیە بۆمـان نووسـین، دوو جـار جەماعەتی مام جەلال هاتن بۆ لامان داوای بێلایەنیی ئێمەیان کـرد لە بالـک، وتمـان شـتی وا نیـیە و نـابێ. داوای هـودنەی وەقتییـان کـرد، تـا ئەگەیـنە حەلێکـی وەسـەت. وتمـان ئـێمە هاوکاریی "جود" ئەکەین.

ئەم برووسـکەیەمان پاش لیقائەکەیان بـۆ هاوڕێیان نـارد بـۆ پشتئاشان. "اتصـل بنـا ا. و. ک مرتین طلبوا الحیاد. اکـدنا لهـم بتعاوننـا مـع اطراف جـود. طلبـوا الهدنـة کـل فـی محلـه لحـین الوصـول الـی حـل وسـط. یشـعرون بضـعفهم. لا تنجـروا. ربمـا

یریـدون کسـب الوقـت. اطرحـوا الموضـوع فـی لجنـة التنسـیق عندکم".

٣- بۆ هاتنتان بەخێر بین هەڤالانم، بەڵام تکامان وایە زۆر زوو بـێن، "نەک کـاک تـاهیر بەگـزادە خەو بکـات، وەک ئەبووسەرباز ئەڵێت. بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکەمان بکەین، چونکە بـۆ نیـوەڕۆ و کۆبـوونەوەی ئـاڵای ڕزگـاری و ئەوانمـان هەیە. ئەبووسەرباز لایان ئەبێت.

## نامەی حیزبی شیوعیی سووری بۆ مام جەلال

مام جەلال، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان زووتر نامەی بۆ حیزبی شیوعیی سووریی نووسیوە، ئەوان بەو نامەیە وەڵامیان داوەتەوە:

الحزب الشيوعي السوري

دیمەشق

الاستاذ الكريم جلال الطالباني، الامين العام للاتحاد الوطني الكردستاني

تحية طيبة...

تلقيت رسالتكم التى تعرضون فيها وقائع الاحداث المؤسفة التى وقعت بينكم و بين الحزب الشيوعي العراقي الشقيق، والتى تعرضون فيها اقتراح تدخلنا من اجل ازالة هذا الخلاف و تطبيع العلاقات بين الطرفين.

لقد درست الرسالة باهتمام بالغ، واطلع عليها الرفاق فى المكتب السياسى لحزبنا الشيوعي السوري، وقدروا تطلعكم نحو ازالة الخلافات وخلق اجواء طبيعية فى العلاقات بين قوتين وطنيتين، ساهمت كل منهما بقدر كبير فى معركة الشعب العراقى ضد الديكتاتورية ومن اجل عراق وطني ديمقراطي

معاد للامبريالية ومن اجل حقوق الشعب الكردي فى اقامة حكم ذاتي حقيقي.

تعرفون ايها الاخ الكريم، تمام المعرفة، مدى متانة وقوة علاقات الاخوة الرفاقية بيننا وبين الحزب الشيوعي العراقي الشقيق، وقد حز فى نفوسنا كثيرا، والمنا اشد الالم سقوط عشرات المناضلين الشيوعيين دفاعا عن مقر قيادة الحزب الشيوعي، وعبرنا للحزب الشقيق عن تضامننا الكامل معه.

ان ماحدث قد الحق ضررا كبيرا بنضال القوى الوطنية والتقدمية العراقية، وانعكس سلبيا على نضال القوى الكردية، وخلق متاعب امام وحدة نضال هذه القوى، من اجل اسقاط نظام الحكم الدموي فى العراق.

ولاشك ان هذه الاحداث، وما يشبهها تضعف النضال العام ضد الامبريالية والصهيونية، وتشجع القوى المعادية لحركة التحرر الوطني العربية ولحركة التحرر القومي الكردية، وتدفعها الى التحرك الواسع، كما جرى من قبل نظام الحكم الديكتاتوري العسكري فى تركيا.

الاخ الكريم..

ان الرغبة فى تطبيع العلاقات مع الحزب الشيوعي العراقي الشقيق تلقى تجاوبا من جانبنا. ونعتقد بان السير نحو تحقيق هذا الهدف والانتقال به الى مستوى اعلى، ورص صفوف جميع الوطنيين والتقدميين، لايفيد فيه، الدخول فى تفاصيل الاحداث والتحقيق فيها، بلجنة من هنا او هناك. بل على

العكس يمكن ان يحول ذلك دون الوصول الى الهدف المنشود.

واذا كان لنا ان نقترح عليكم بعض الخطوات التمهيدية، التي تساعد، كما نتصور على تعبيد الطريق نحو اللقاء والتفاهم، فنرجو ان تنظروا اليها بنمظار سياسي ومن منطلق المصلحة الوطنية العليا.

ان الهجوم على مقر الحزب الشيوعي العراقي في بشت اشان هو اعتداء على الحزب الشقيق، ويختلف جوهريا عن مناوشات الموءسفة التي تقع بين حين واخر بين مفارزكم ومفارز الحزب الشيوعي العراقي او جود. وتصحيح ذلك في اعتقادنا هو مفتاح حل المشكلة الراهنة بينهم وبين الحزب الشيوعي العراقي ولديكم كل الوسائل المساعدة، المباشرة باحلال علاقات طبيعية بين الطرفين. ونحن على يقين من ان الحزب الشيوعي العراقي الشقيق سيبقى حريصا، شاءنه دائما، على الجبهة العريضة للقوى الوطنية، ونحن على يقين ايضا ان قوات انصار الحزب الشيوعي العراقي الشقيق هي على الدوام على ارض الوطن وليس بينها وبين "قوات المقاتلين الاسلامية" ايه علاقة، وان التبشير بخلاف ذلك لايضر الا قضية الجبهة الوطنية العريضة التي تبدون مثل هذا الحرص عليها.

كما ان من المهم ان يصدر منكم شخصيا دعوة لوحدة جميع القوى الوطنية والتقدمية العراقية ولرص صفوف المقاتلين ضد الديكتاتورية، وعدم تغليب التناقضات الثانوية على التناقض

الرئيسى، ومثل هذه الدعوة، تساعد كثيرا فى خلق اجواء ايجابية لصالح تطبيع العلاقات والسير بها الى الامام.

وقد اشار الرفيق عزيز محمد فى تصريحاته الاخيرة الى اهمية وحده وتعاون جميع القوى الوطنية والتقدمية العراقية، وهو موقف نقدره عاليا، ونرى فيه روحا ايجابية بناءه.

وتجاوبكم مع هذه الدعوة يمكن ان ينقل المهمة التى ترغبون بايكالها لى شخصيا وللحزب الشيوعي السوري الى مرحله عملية جادة.

نتمنى لكم ولجميع اخوانكم ورفاقكم الصحة والنجاحات فى النضال ضد النظام الدموي الديكتاتوري وضد الامبريالية والصهيونية.

دیمەشق

الامين العامم للجنة المركزية

للحزب الشيوعى السوري

خالد بكداش

ختم و امضاء

* * *

## نامەی ئەبوو حیکمەت

بۆ برای بەڕێزم کاک د. کەمال خۆشناو

سڵاوێکی گەرم...

هیوادارم هەر لە خۆشیدا بیت، ئەوا نامەی م. س حیزبی شیوعی بۆم ناردی، کە ئاراستەی م. س یەکێتیی نیشتمانی کراوە. وەڵامی نامەی ئێوەیە، کە بە ڕێگای کاک حەمە حەمەی باقی پێمان گەیشت.

ئەگەر هەر جوابێک، یان هەر داواکردنیات هەبێت، بۆ چاوپێکەوتن لە نێوان حیزبمان و یەکیەتی، هیوادارین هەر بەو ڕێگایە بێت، کە کاک حەمە هات بۆ لامان.

زۆریش پێمان خۆشە، ئەگەر نامەیەکی بچووک، بدەنە هەڵگری نامەکەمان بۆ ئاگادارکردنمان بە گەیشتنی نامەی م. س حیزبمان بو ئێوە.

ئیتر لەگەڵ ڕێز و سڵاو...

ئیمزا

ئەبووحیکمەت

١٩٨٣/٤/٣٠

هـاوڕێی بەڕێـز مـام ڕەسـوولّ "مەبەسـت لە ڕەسـوولّ، سکرتێری حسکە، ڕەسوولّ مامەند"

سـلاّوی شۆڕشـگێڕانەی گەرم، هیـوادارم پـارێزراو و سەرکەوتوو بن.

وا هـاوڕێ مـولازم هیشـام، هـاوڕێ ئەبووخالیـد هـاتوون بـۆ ڕێکخسـتنی ئیشـوکارەکان لەگەڵتانـدا، لە پاشـان ئەگەڕێـنەوە، ئیشوکارەکان تۆ ئەیبەیتە بەڕێوە.

هیوادارم هەڵمەتەکانتان شێرانە بیت، ئەم سەر لێشێواوانە لە ناوچەی بالیسان خراپتریان لێ بێت.

برووسـکەمان کـرد بـۆ هەولێـر، کە قوەتەکەیـان بـۆ ئێـوە بکەوێتە ڕێگە، وەرامیان داینەوە کە ئامادەن، وا بەرەو ڕووتان دین، واتە دێن بۆ ناوچەی سەران.

هەر وا برادەرانی پارتی، ئەمرۆ برووسکەیان بو کردووین، کە لە ماوەی دوو ڕۆژدا، ئەگەنە ئەو ناوچەیە، هەروا هێزیشیان لە بادینانەوە بەرەو ناوچەی هەولێر کەوتوونەتە ڕێگە.

هەروا ئێمەش برووسکەمان کردبوو بۆ بادینـان، کە بەرەو ئەم ناوچەیە بکەونە ڕەزگە.

سلاّو و ڕێز بۆ هەموو هاوڕێیان.

باشە برادەرانی ڕەزگە ئاگادار بکەوە کە بە گورجی خۆیان بگەیەننە ئەو ناوچەیە، ئەگەر توانیتان ئاگاداریان بکەن.

ئەتوانن هەر لە خوارەوە بێن بۆ لای ئێمە.

هەر شاد بن

هاوڕێی دڵسوزت

ئەبوو سەرباز

ئیمزا

## نامە بۆ حیزبی شیوعیی عێراق

حیزبی شیوعیی عێراق ژمارە/ ف

١٩٨١/١١/ ٢٦/٢٥

برایانی بەرێزم لە م. س حیزبی سۆسیالیستی کوردستان-تێکۆشەر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەمان

برایان وا من بڕیارنامەی ڕێککەوتنامەکەم ئیمزا کرد و ناردم بۆ خزمەتتان، ئەوەش ملاحەزاتی هاوڕێیانمانە:

ئەوانیش و منیش هەست ئەکەین، هەندێ نوقتەی زوعفی تێدایە. وەک تەحدیدکردنەکان، یان کورت دیارکریکردنەکان و شتی تریش، لەو ڕووەوە دەربارەی ئەم شتانە هەموو لایەکمان بە پەرۆش بووین، کە لەم سەروپێخۆرانەمان لەو گیروگرفتە ڕزگارمان کەن، زیاتر تووشی ڕووزەردیمان نەکەن، سەرەنجێکی تری هاوڕێییمان ئەوەیە، کە نابێ ئەم شتانە لە زبان جەلالەوە پێیان بڵێن، واتە بە پ. د. ک بۆیە بیروڕایەکەی ئێوەیان پەسندە، کە وەک یاداشتێک ئامادە بکەین، چەند خاڵێکی پاڵفتەی ئەو خاڵانەیان بدەینێ، بۆیان بنێرین.

هەندێ لە مەرجەکانی دیموقراتییەتیان بۆ باس بکەین، لە قسەکردندا وەعدەکانی پێشووشیان، کە زۆربەیان نەبراونەتە جێ،

بخەیـــنەوە یادیـــان. مـــولاحەزەیەکیش هەیە کە ئـێمە هـــیچ ئیلتیزامێکمان نەداوە، چونکە نووسیومانە ئێمە بەوپێیە هەڵوێست وەرئەگرین، ئەویش لەگەڵیان نەچین بۆ جەولات، یان لەگەڵیان نەچین بۆ شەڕ لە هەندێ حاڵ و جێگەدا بۆ تەنگەتاوکردنیان.

بۆیە ئێمە سبەینێ پێشنیاری نووسراوی ئەو یاداشتە، ئەنێرینە لاتـان، کە زیـاد و کەم و مـولاحەزەی خۆتـان لەسـەر بـدەن. ئەگەر پەسـند کـرا، بینێـرنە لای برایـانی پ. د. ک، پـێم باشـە ڕۆژی ١٩٨١/١١/٢٩ بتـوانی سـەفەرەکە بکەیـت، لەگەڵ ڕێـز و سڵاوماندا دووبارە...

ئیمزا

ئەبوو سەرباز

تێبینـی: ئەوە برووسـکەیەکی کـاک سـەید کـاکە بـۆ لات ئەنێرم.

## نامە بۆ قادر جەباری

الى الاخ المناضل قادر جبارى المحترم.

تحية اخوية...

وصلتنا الان رسالة من الاخ ملازم عمر

تحيات لكم يوءكد فيها ما يلي

١- سحب كمائنهم و دوريات بناءا على طلبنا.

٢- تاكيدهم على تنفيذ الاتفاقية المعد ما بين الاطراف الثلاثه نحن و انتم و هم.

٣- اعتذار حول تصرف بعض مفارزهم وطردهم في صفوفه.

٤- وجوابا على برقتنا اكد بانهم سيبذلونا الجهد ولعدم التكرار مثل هذه الحوادث وانه ليس فى نيتهم مثلما ورد فى الرسالة "خلق جو مشحون وانما جو ايجابي" لذلك ارجو سحب الاخ محمد من الكمائن واعتقد من المفيد لحزبينا فى الوقت الراهن اقامة علاقات اعتيادية اضعف الايمان حتى الربيع. وطبعا تبقى المسالة مرتبطة بموقفهم. وارى من الضرورى عدم السماح للاخ محمد بتصرفات فردية لا تجدى نفعا.

تحياتى لرفاقكم ورفاق باسوک

مع فائق اعتزازي

امضاء

/١٢/٢٦

رفیقکم ابو عائد

* * *

## برووسکەیەکی تایبەت و بەپەلە

تایبەت و پەلە

حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق

مەکتەبی سیاسی

بۆ/ هەڤاڵ ئەحمەد فەقێ ڕەشی تێکۆشەر و ل. ن باڵەک، تێکۆشەر

سلاوێکی گەرم...

وەک ئاگادارن جەلالییەکانی بە فیتی ڕژێم، ئیعلانی شەڕی کردووە دژ بە "جود"، دوای کوشتنی سەرباز، شەماڵ بە دەستی پ. م-ەکانی قوەتی ئاسۆس و شکانی قوەتەکانیان لە دەشتی هەولێر و تەسلیمبوونەوەی هەندێکیان لە بەرەی کۆیە، ئەوە بوو، لە بالیسان چەند جارێک گێچەڵ و شەڕیان ئەفرۆشت.

هێزەکانی "جود"یان ناچار کرد دوێنی ٤/٢٧ هەموو هێزەکانی جود پێکەوە لێیان بدەن... تێکوپێک بشکینن و ڕاویان

بنێن بەرەو وەرتێ کوشتاری زۆریان لێ کردووە، ئێمەش "جود" چوار شەهیدمان هەیە. دۆڵی بالیسان، خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر و بەری کۆیە، یەک جەلالیی تیدا نەماوە.

هەڵوێستی جود، زور موەحەد بوو لەو شەڕانەی مەنتیقەی هەولێر.

بۆ ئەوەی ڕێگایەکی ئەمین، مەنتیقەیەکی ئەمین دروست بکەین بۆ جود، پێویستە لە وەرتێ و ئەو ناوەش تێیان سرەوێنین. پێویستە هەموو قوەتەکان لەگەڵ قوەتی برایانی حیزبی شیوعی، بکەونە ڕێ بۆ لێوژێ. بێ دواکەوتن، دوو نامەی ترمان نووسیوە بۆ هاتنتان، وا دیارە نەگەیشتۆتە دەستان.

تکایە زۆر ئیهتیمام بدەن بەم نامەیە، بێ دواکەوتن لەگەڵ قوەتەکەی ئەوان بە ڕێ بکەون.

خۆ ئەگەر برایانی حیزبی شیوعییش نەهاتن، یان هاتبوون، پێشتر ئێوە، هەر دەبێ بێن. بۆ ئاگاداریتان ٧ چەکداری جەلالی لە دۆلەکەی پشت قصرییە لێ وریا بن. دەبێ بە ڕێگایەکی ئەمیندا بێن.

چونکە دواکەوتنتان نەخشەی ئەو ناوەمان لێ تێک دەدات، ئێمە چاوەروانتان دەکەین، بە زوویی و بە سەلامەتی ئینشائەڵڵا دەگەنە لامان.

تێبینی

ڕێگای دەرگەڵە و خانقاە جەلالیی لێیە. بۆ ئاگاداریتان

ئیمزا

مەکتەبی سیاسی

١٩٨٤/٤/٢٨

عدد/١٠٠

ت/٤/٢٠

الى/ م. س، حدک - م. س، حشع

من/ م. س حسک

جلال اعلن حيزبه المشبوهة ضد جود وبشكل خاص ضد حيزبكم و حيزبنا. المطلوب التنسيق الفوري المشترک لتوجيه ضربات تاءديبية لهم. والايعاز الى "لق ١" للتحرک المشترک. يرجي ارسال قوة مع الاخ نجم الدين گوروني الى منطقة ليوژه و ئيندزه للعمل لتاءمين طريق قواتنا المشتركة فى قاطع اربيل.

***

تاريخ ٥/١

الى/ م. س، حسک

من/ م. س، حشع

وردتنا البرقية التالية من حدک "برقيتكم" ستدخل قواتنا من محورين الاول الى سكران و ئيندزى والثانى الى دولەتو و ناوزەنگ نحن على عجل مثلكم ايضا.

* * *

لەو دوو برووسکەیەدا ساڵەکە نەنووسراوە، بەڵام بەپێی بارودۆخی ڕۆژگارەکە، گەرمیی شەڕەکانی ناوخۆ، لە ساڵی ١٩٨١ نووسراون.

* * *

# بەشی پازدەیەم

# بەرەو مفاوەزات

# دەفتەر و پەیڤەکانی ساڵی ١٩٨٤

## ا

## لە دڵەوە بێ ئەوان جەژن ناکات

١٩٨٤/١/١

شەوی سەری ساڵ لە بێرمینگهام بووم، میوانی مەسعوودی ئامۆزام بووم، لە ڕیستورانێکی یۆنانی شوێنی بۆم حیجز کردبوو، بەڵام زۆرتر دڵم لە لای منداڵەکانم بوو، تەنیا لە دیمەشق ماونەتەوە. داوام لە شێرکۆ "خاڵی منداڵەکانم" کرد سەری ساڵ بیانباتە دەرەوە، پیاسەیان پێ بکات.

شوانی کوڕم گوتبووی:

مادام لێرە نی، ئێمە دەرناچین!

لە لایەکەشەوە وەزع لە وڵات بەرەو چی دەڕوا، خۆشم وا بەرەو وڵات دەچمەوە... ئەم مفاوەزاتە لەگەڵ ڕژێم چییە؟ بەرەو چی دەڕوا؟!

"لەو شەوەدا، ئەو بووە بە دوو بەش، پیاوێکە لە بەریتانیایە، دڵ و مێشکی لە دوو وڵاتی ترە، لەگەڵ خزم و دڵسۆزەکانی دانیشتووە، بەڵام چارەنووسی وایە، هەست و سۆزی بۆ دوو لایەنی تری دوور ڕۆیشتووە. منداڵەکانی لەسەر ئاو و ئاگرن! بەردەوام لە پەنجەرەی شوقەکەیانەوە چاویان لە دەرگەیە ئەو بێتەوە، نازانن بۆ باوکیان دەڕوات و دوورە و دەنگی نابیستن،

تەلەفۆنی نییە، نامەکانی درەنگ دەگەن! کەم و بە دەگمەنیش تەلەفۆن دەکات، بۆیە دایکیان بەردەوام دوعای بۆ دەکات، دەترسێت، بۆ باوکیان لە کوێیە؟! ئەویش نازانێت چارەنووسیان دەگاتە کوێ! لەوێیە و نازانێت، بەرنامەی ئایندەیان بەرەو کوێیان دەبات! ئەو یەکەم جارە بابەتی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی بەعسی بە چرپە دەبیستێت".

## ٢

## دەچێتە بەغدا

١٩٨٤/١/٣

عومەر شێخمووس بۆ دەرکردنی "لیسە پاس"، پەیوەندیی بە "پەری جاف" کردەوە، کارمەندە لە باڵیۆزخانەی عێراق لە لەندەن. لیسە پاسم دەوێت بۆ سەفەرکردنم بۆ بەغدا، ڕێک کەوتین ئیمڕۆ وێنەیان بۆ ببەم، لیسە پاسەکە وەرگرم.

بەڵام سەعات دوو تێپەڕیبوو کە چووم، عومەر شێخمووس لە دەرەوە لەناو سەیارەکەی چاوەنوارم بوو. چرکەساتێکی زۆر ناخۆش بوو، کە چوومە ژوورەوە، چەند هەستی جۆراوجۆر لە دڵمدا بوو، سەر کەوتم چوومە لای پەری جاف، وێنە و مەعلووماتم پێی دا، گوتی:

سەعات دووی دوای نیوەڕۆ لیسە پاسەکە ئامادە دەبێت، دەچم وەریدەگرمەوە.

## ئاسنامەم نییە

١٩٨٤/١/٤

ئەو بە تیکتی خۆی لە لەندەن بۆ پاریس، لەوێ بەرەو بەغدا دەڕوات، پاش دابڕان و دژایەتیی حکوومەت، لەناو

فڕۆکەخانەی بەغدا بە لیسە پاسێکی کاتیی دکتۆر فؤاد معصوم لەناو فڕۆکەخانەی بەغدا دادەبەزێت!

ئەفسەرەکە نایناسێت، نازانێت ئەوە کێیە! ئەو ئەفەندییە جوانە، خاوێنە، نەرم و شیرینە لە کوێ هاتووە! نازانێت چەند ماندوو بووە! نازانم چەندان ساڵە بە قەڵەم و سیاسەت و چالاکییەکانی شەڕ و دژایەتی و ڕکابەرایەتیی ڕژێمی بەغدای کردووە، هیچ نازانێت، زووتر ئاگاداریان نەکردیتەوە، بە فڕۆکەیەک لە دەرەوە، پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانی، کەسی یەکەمی نزیک لە جەلال تاڵەبانی دەگاتە بەغدا!

ئەو نازانێت، ئەوە هاتووە بەرانبەر سەدام حوسێن و ئەندامانی "مجلس قيادة الثورة" دابنیشێت، دانوستان بکات، هاتووە، وەک فەڵەستینە برادەرەکانی لە دیمەشق و بەیرووت دەست بە لقە زەیتوونەوە هاتووە، دەیەوێ ئاشتی لە وڵاتەکە بەرقرار بێت، کورد بە مافە ڕەواکانی بگات! بەڵام چۆن و لە کێ دانوستان دەکات؟! ئەوان لەو ململانێیەدا چییان دەست دەکەویت؟ دەتوانن چەند و چۆن لەسەر مێزی گفتوگۆ بەرنامەکانیان جێبەجێ بکەن؟!

ئەفسەرەکە پێی دەڵێت:

ببوورە مامۆستا ناسنامەیەکت پێیە؟!

ئەویش دەڵێت:

نەخێر، هیچ ناسنامەیەکم نییە!

کابرای ئەفسەر، لە وەتی لەو کۆنترۆڵەیە، لەوەتی پێشوازیی عێراقییەکان دەکات نەیزانیوە، نەدیوە، هاوولاتییەک بگەڕێتەوە وڵات، هیچ ناسنامەیەکی پێ نەبێت! پیاوێکی پۆشتەی خاوێن بگەڕێتەوە دوو سێ جانتای گەورەی دیاریی پێ نەبێت، کەسێک هاتبێتەوە پاسپۆرتی عێراقی پێ نەبووبێت، مۆری دەرچوون و سەفەری زۆری بە سەرەوە نەبووبێت!

لەگەڵ پرسیارەکە، کە داوای ناسنامەکەی لێ دەکەن، برادەران دەگەنە کۆنترۆڵەکە، پاش ئەوە ئەفسەرەکە بەڕێزەوە بە ڕێی دەکات، پێی دەڵێن:

تۆ وەک وەزیر پێشوازیی کراویت. لە پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە، دەگاتە ئاستی وەزیرێک!

دووریش نەبوو، ئاساییش بوو، ئەگەر مفاوەزاتەکە سەری گرتبووایە، دکتۆر فؤاد معصوم لەو دەوڵەتە ببێت بە وەزیر، یان پۆستێکی تری گەورە وەربگرێت! ئینجا دەیبەنە سوویتەکەی لە "هوتێل الرشید" بۆی دانراوە.

## لەناو بەغدا

دکتۆر فؤاد معصوم لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی نووسیویەتی:

بەیانییەکەی بە هاوڕێیەتیی ئەفسەرانی موخابەرات پیاسەیەک دەکەین! دەیانەوێ بەغدام نیشان بدەن، بزانن چۆن خۆیان بۆ

کۆنگرەی باڵای کۆمکاری عەرەبی ئامادە کردووە، چەندان باڵەخانە و هوتێلی نوێیان دروست کردووە.

"بەڵام دوایی کۆنگرەکە لەوێ نەکراوە، لە وەتی کۆمکاری عەرەبی لە ساڵی ١٩٤٦ دامەرزاوە، لە ساڵی ١٩٧٨ و لە ساڵی ٢٠١٢ کۆنگرەی لێ کراوە".

# ٣

# بەرەو هەولێر

## من باشم

١٩٨٤/١/٧

بە مارسیدسـێکی موخـابەرات چـوومە کەرکـووک. لەوێ "عـومەر عەزیـز" چـاوەنوارم بـوو، بە سـەیارەکەی ئەو چـوومە هەولێـر. شـەو لە مـاڵی مـحەمەدی بـرام بـووم، خزمـان زۆریـان دەهاتنە لام، قەرەباڵغ بوو، کچەکان کردیانە شایی و گۆرانی و چەپڵەلێدان.

بە دیتنی دایکم و خوشکم و براکانم چەند دڵم خۆش بوو، ئەوەندە و زیاتر دڵم لە لای ڕووناک و منداڵەکانم بوو، چونکە ئەوان وا تێـدەگەن بەرەو چارەنووسـێکی ئـاڵۆز هـاتوومەتەوە کوردستان.

یەکسـەر تەلەفـۆنم بـۆ لەنـدەن کـرد، گـوتم تەلەفـۆن بـۆ منـداڵەکانم بـکەن، مـن لە هەولێـرم و وەزعـم باشـە، چـونکە تەلەفۆن ڕاستەوخۆ لە عێراقەوە بۆ سووریا نەبوو.

## پاش ئەوەندە ساڵە دەچێتە هەولێر

١٩٨٤/١/٩ لەگەڵ فەرەیدوون لە هەولێرەوە بە ڕێگای شەقڵاوە، خەلیفان، بە ڕێ کەوتین بۆ گوندی زیخان، سەعات یازدە و نیو گەیشتینە جێ، مام جەلال لەوێ بوو، پێشوازیی لێ کردم، د. خدری برام لە دوێنێیەوە هاتبووە زیخان. لەو سەردان و چوونە محەمەد و مەقسوودی برام لەگەڵمدا بوون.

## تۆفیق وەهبی

١٩٨٤/١/١٥

چووینە بناری چیای پیرەمەگروون بۆ بەشداربوون لە ناشتنی جەنازەی "تۆفیق وەهبی"، خەڵکێکی زۆر تێدا بەشدار بوون، بەشێکی کاکلەی کۆمەڵگەی کوردی بوون. مام جەلال وتارێکی توندی دا، تێیدا هێرشی بردە سەر هێندێ جیهاتی حکوومی کە پڕوپاگەندەی خراپ لە دژی یەکێتیی بڵاو دەکەنەوە.

شەو چووینە ماڵی شێخ عەبدولخالق میوان بووین، میوانداریيەکی زۆر نایابی کردین.

* * *

## دوو نامە بیات

١٩٨٤/١/١٦

بەیانی بە پێیان بە ڕێ کەوتین، لە شەدەڵەوە بۆ سەرگەڵوو، لەپێش گوندەکە منداڵانی قوتابخانە ڕیز کرابوون بۆ بەپیرهاتنی مام جەلال، هوتافیان دەکێشا بە ژیانی ئەو، پیاوە ماقووڵەکانی گوندەکەش و ئەندامانی مەڵبەندیش لە پێشیانەوە بوون، لەوانە عەلی بچکۆڵیش هاتبووە پێشوازیمان.

بۆ ئێوارە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دەستی پێ کرد، تێیدا بڕیار درا وەفدێک بۆ چوونە بەغدا لە هەڤاڵان: نەوشیروان، فؤاد، فەرەیدوون، مولازم عومەر، مەلا بەختیار، عومەر عەزیز پێک بێت. مام جەلال نامەیەک بنووسێت بۆ سەرکۆمار سەدام حوسێن. لە سەرگەڵوو نەوشیروان بە گەرمی پێشوازیی لێ کردین.

هەروەها بڕیار درا فەرەیدوون بچێتە بەغدا بۆ تەرتیبکردنی سەفەری وەفدەکە، مام جەلال دوو نامەش بنووسێت یەکێک بۆ تاریق عەزیز، ئەوەی تریش بۆ د. فاضل البراک، کە ببوو بە مودیری موخابەڕات. لە سەرگەڵووش نەوشیروان بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم.

***

١٩٨٤/١/١٧

بەیانی ئەندامانی وەفدەکە بۆ خۆئامادەکردنی پرۆژەیەک بۆ

حوکمی زاتی کۆ بووەوە، نەوشیروان ڕەشنووسێکی لەسەر ئەوە ئامادە کردبوو.

## گوند بە گوند

ڕۆژانی ١٧ تا ١٩٨٤/١/٢٢ لە گوندەکانی سەرگەڵوو و بەرگەڵوو و بۆتێ و دۆڵی جافایەتی و سلێمانی و دوکان بووین، گەڕاینەوە گوندی زیخان. ئامادەکارییمان دەکرد بۆ چوونە بەغدا، زانیمان ژمارەیەک لە گیراوەکانمان بەربوون، ئەوانی تریش ئازاد دەبن.

١٩٨٤/١/٢٣

ئیمڕۆ فەرەیدوون ئۆفسێتێک و ١٢٤ دەمانچەی لە بەغداوە بۆ هێنابووین.

سواری کۆپتەر دەبێت

لە ڕۆژی ١٩٨٤/١/٢٤ دانوستانەکان لەگەڵ ڕژێمی بەغدا دەکەوێتە قوناغێکی تر، پاش کۆبوونەوەی چڕوپڕی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەندامانی وەفدەکە لە دوکان بە هاوڕێیەتی "ابو عدي" لێپرسراوی مخابراتی کرکوک سواری کۆپتەر دەبن و دەچنە کەرکووک، لەوێش دەگەنە بەغدا، ئەندامانی وەفدەکە لە کۆشکێکی جوان دادەبەزن، زووتریش مام جەلال لەوێ دابەزیبوو.

## ٤
## مفاوەزات

### کۆبوونەوەی یەکەمی مفاوەزاتەکە

ڕۆژ ١٩٨٤/١/٢٥

شوێن: بەغدا

ئەندامانی حکوومەت ئەوانە بوون: د. فاضل البراک، المقدم فرحان، المقدم حمید.

ئەنـدامانی یەکێتـی: نەوشـیروان، فـؤاد، فەرەیـدوون، مەلا بەختیار، عومەر عەزیز.

باسی بەرنامەی کۆبوونەوەکانمان کرا، د. فاضل گوتی:

دانیشتنی ئیمڕۆمان دۆستانەیە "ودیة"، تا بزانین ئەو بابەتانەی باسیان دەکەین چین! دیدارێکی ڕەسمیتان لەگەڵ تاریق عەزیز دەبێت. قسەکانی د. فاضل البراک بەو جۆرە دەنووسمەوە:

١ - نحن حیزب ثوري قائد ولیس لیبرالي، لا نسمح بقیام المظاهرات، اضافة الی اننا في حالة حرب وفي هذه المظاهرات تتدخل عناصر التخریب وتستغلها. "حیزبمان لیبراڵ نییە، بوار بە خۆپیشـاندان نـادات، ئـێمە لەنـاو حـاڵەتی شـەڕداین، ئەگەر

خۆپیشـانداندان بکرێـت، لایەنــی تێکــدەر دەچــنە نــاوی، بــۆ ئاژاوەگێڕان سوودی لێ دەبینن".

ئەوە وەڵامـی ئەوە بـوو، کە گوتمـان بەیـانەکە کە دەرچـوو، خەڵـک بە خۆپیشـانداندان پشـتگرییان کـرد. بۆ وەڵامـی قسـەکانی ئەو، منـیش گـوتم: بـا نـاوی بنێـین ڕێپێـوان نەک خۆپیشـانداندان، دەتوانین ئەوە بە ڕێکخراوەیی بکەین. ئەویش گوتی؛ باشە.

٢- انتم عيوننا، وفي الوقت الذى نحتاج الى السلاح، نحتاج الى الخبز والمعلومات اليومية.

٣- العفو العام فى وقت الحرب لايوجد، ولكن من الممكن للاتحـاد "ا. و. ک" ان تنظمـوا القـوائم لعناصـركم المسـجونة والمحجوزة والمطلوبة و ننظر اليها كحالات و ندرسها، نحن ننهي كل مشاكلكم تدريجيا نحن نتفق مع الاتحاد ويكون له خصوصيته فى التعامل. "لێبوردنی گشتی لە کاتی شەڕدا نابێت، بەڵام دەتـوانن لیستمان بـۆ بـکەن، سـەیری حاڵەتەکـان دەکـەین، هەڵسوکەوتی تایبەتییمان لەگەڵتان دەبێت".

٤- كلمة "الجحش" التى تستخدمونها، بدات فى عصر الملا "مصطفى البارزاني"، المفارز الخاصة تشكلت اصلا لمحاربتكم ومحاربة الاخرين، وبقى الان الشيوعي و الاشتراكي و الموقتة، ونعدكم ان لا تسىء هذه المفارز اليكم، ومثل ما ننسى كل ما قمتم به كـذلک انسـوا انـتم مـا قامـت المفـارز الخاصـة، نحـن بحاجه اليهـا، لـذلک فلا تحسسـوا منهـا، هـم مواطنـون يخـدمون بلدهم و ليسوا جحوشا. "ئەوانەی پێیان دەڵێن جاش، ئێشیان بۆ

ئێمە کردووە، بەرگرییان لە وڵات کردووە، بە ڕووی حیزبەکاندا وەستاون، هیوادارم لاساریی نەکەن، گوێڕایەڵی بڕیارەکان بن، ئەوانە جاش نین".

٥- بعد الحوار السياسي نبحث مسالة السلاح كيف توزع، ومتى، والمهمات التى تاخذونها. "پاش دانوستانە سیاسییەکە قسە لەسەر چەکیش دەکەین، چۆن دابەش بکرێت، فەرمانەکان چی بن و چی بکەن!".

٦ - جبهة القتال جيده، ليس بحاجة الى ايه جهود، فكونوا مطمئنين، اما بالنسبه للبارزاني والشيوعيين والاشتراكيين فانتم اذا ماردتم فاهلا واذا ما قلتم نحن تعبانون فاهلا، لانطلب المساهمة فى الجبهة وقد بلغ الرفيق جلال بذلك. "لە بەرەکانی شەڕ پێویستمان بە ئێوە نابێت، کە حیزبەکانی تریش ویستیان بەشدار بن، ئاساییە با بێن".

٧- قدرنا مواقفكم عندما قلتم لا نريد "دوكان" حيث بحاجة الى دفاعات قوية. "گوتیان نامەوێ لە دوکان بین، گوتمان ئاساییە".

## کۆبوونەوەی دووەمی مفاوەزاتەکە

ڕۆژ: ١٩٨٤/١/٢٦

سەعات: یازدە و نیو

ئەندامانی حکوومەت: تاریق عەزیز، د. فاضل البراک، لیوا مەحموود- بەڕێوەبەری ئیستیخبارات، ئەبووئەحمەد، عقید الرکن صالح محیسن.

ئەندامەکانی یەکێتییش هەمان ئەندامەکانی پێشوو بوون.

سەرەتا نەوشیروان بە ڕوونی ئارەزووەکانی یەکێتی و ویستەکانی باس کرد. بەرانبەر ئەوەش تاریق عەزیز بە درێژی هەندێ بابەتی ورووژاند؛ کورتەی بەو جۆرە بوون:

١- لە پەرۆشیی سەرۆک و سەرکردایەتی دڵنیابن، مەبەستمان پێکهاتنە.

٢- ئارەزوویێکی ڕاستەقینەمان بۆ چارەسەرکردن هەیە.

٣- پێش ئەوەی ئینتمای نەتەوەییمان هەبێت، ئێمە عێراقیین.

٤- ئۆتۆنۆمییەکە لەسەر بنچینەی جەماوەریی کوردە، نەک خاک و شوێن، لەناو عێراق دوو وڵات بوونی نییە، یەک وڵاتە هەیە.

٥- پەیوەندیی نێوان دوو نەتەوەی عەرەبی و کوردی

مەسەلەیەکی بیردۆزییە، بەرەو بابەتی بیردۆزیی زۆرترمان دەبات.

٦- ئەگەر چارەسەرکردنی کێشەکان لە لایەن کەسێکی ئێرانییەوە بێت، بۆ نموونە لە ئێرانەوە، وا دەکات نەتوانین پشتیوانیی قاسملوو بکەین.

٧- ناکرێ لەگەڵ دەسەڵات هاوکار بیت، ئەگەر لەگەڵ دەسەڵاتدا نەبیت.

## کۆبوونەوەی سێیەمی مفاوەزاتەکە

ڕۆژ: ١٩٨٤/١/٢٩

لەو دیدارە لە جیاتیی تاریق عەزیز، نەعیم حداد ئەندامی قیادەی قەومی بە ڕوویێکی خۆش بەشدار بوو. گوتی ئەگەر دانوستانەکان زوو ببڕێتەوە، دەتوانن لە هەڵبژاردنی "المجلس الوطني" بەشدار بن.

نیوەڕۆکەی "تەها یاسین ڕەمەزان"مان بینی، لە قسەکانی گلەیی لە مام جەلال کرد، کە دژ بە دانوستانەکە قسەی کردووە.

## ٥

## لەبەردەم "جندي مجهول"

١٩٨٤/١/٣٠

دیدارمان لەگەڵ "سەعدوون شاکر" بوو، بە ڕوویێکی شیرینەوە گوتی: من وەک وەزیری ناوخۆ هەر گلەییەکتان لە کارمەندانی ئێمە هەبوو، ئاگادارم بکەنەوە.

هەر ئەو ڕۆژە ئێمەیان بردە بەردەم پەیکەری "جندي المجهول".

***

دوا کۆبوونەوەمان لە ڕۆژی ١٩٨٤/١/٣١ لەگەڵ فازیل بەڕاک بوو، پێکەوە شرۆڤەی کاروبارەکانی پێشوومان کرد، ئێمەش گوتمان مەترسیی هێرشی ئێرانی بۆ سەر چوارتا هەیە، وا باشە خەڵکی ناوچەکەمان بۆ چەکدار بکەن، لە وەڵامدا گوتی:

بەرگری پێویستی بە سیستەم هەیە، چەکداری خەڵکەکە باش نابێت، ئێوەش سوپایەکی ڕێکخراوتان نییە. بۆ دیداری داهاتوومان ئازادن کێ سەرۆکایەتیی وەفدەکە بکات.

بە دڵنیاییەوە تاریق عەزیز لە هەموو وردەکارییەکان ئاگاداری سەدام دەکاتەوە. بەڵام بۆ دوا بڕیارەکەمان پێویستمان

بە قسەکردن لەسەر بابەتی سیاسی و چەکەوە دەبێت. بۆ وەرگرتن و دەسەڵاتی ئێوە لە ناوچەکان پێویستە دانوستان لەگەڵ "رئیس الارکان" و "رئیس الاستخبارات" بکەین.

***

لە ڕۆژی ١٩٨٤/٢/١ ئەندامانی وەفدەکەی یەکێتیی دەبەنە "خان المرجان" لەوێ بەدیار مقامی عێراقی دادەنیشن، گوێ لە مقامەکانی "یوسف عومەر" دەگرن، دڵنیام زۆریان یادگارییان لەگەڵ مقامەکانی هەبووە. لەناو مشتومڕی گەرمی سیاسی و داتەکاندنی غوباری شەڕ و پلانەکان، دەچنەوە ناو کەشوهەوای کۆنی بەغدا، چاڵغی و ڕەبابە و سیدارە و کەوا و سەڵتەی مقامزانەکان و لەسەر کورسییە حەسیرەکاندا دەچنەوە ساڵانی شێستەکان و حەفتاکانی بەغدا! لەوێ بەرەو گوندی ئاوژی و دیداری مام جەلال بە ڕێ دەکەون و بەغدا جێ دەهێڵن.

## ٦
## هاتنی وەفدی بەغدا

١٩٨٤/٢/٢١

عەقید ڕوکن "صالح محیسن" لەگەڵ موقەدەم "غسان" هاتنە گوندی ئاوژی، لەگەڵیاندا باسی بارودۆخمان بە گشتی کرد، مام جەلال پێی گوتن؛ هەست بە خاوی و ساردییەک و "مماطلـة" دەکەم، بۆ کۆبوونەوەکان دوادەکەون. عەقید ساڵح گوتی:

کە گەڕامەوە بەغدا ئاگادارتان دەکەمەوە.

١٩٨٤/٢/٢٤

کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بۆ پێداچوونەوە بە قۆناغەکانی دانوستان دەکرێت، داواش لە نەوشیروان و دکتۆر فؤاد کرابوو کارنامەکەیان ئامادە بکەن، لەبەر ڕۆشنایی ئەوە، مام جەلال نامەیەک بۆ تاریق عەزیز بنووسێت، فەرەیدوون بیباتە بەغدا.

## شازده سەرباز

١٩٨٤/٢/٢٥

کۆبوونەوەکە بەردەوام بوو، باسی کێشەکانی زەویوزاری کوردستان و کێشەکان کرا، بڕیار درا پشتگیری لە قانوونی ئیسلاح زراعیی ژمارە ٩٠ بکرێت. ئەو ئەرزانەی لە لایەن کادیرەکانی یەکێتییەوە دابەش کراون، قانوونەکە نایانگرێتەوە، بدرێنەوە خاوەنەکانیان، ئەگەر لە لایەن جووتیارە نوێیەکان کێڵدرابن، ئیمساڵ خاوەنداریەتی بکەن تا بەرهەمەکانیان دەدوورنەوە، زەکاتی لێ بدەن، لە ساڵی داهاتووش بیاندەنەوە خاوەنەکانیان.

بڕیاریش درا هەر پێشمەرگە و فەرماندەیەک ئازاری خەڵک بدات، ئەگەر بەرپرس بوو، یەکسەر پلەکەی لێ وەردەگیرێتەوە، ئەگەر پێشمەرگەش بوو پازدە ڕۆژ حەپس بکرێت، مانگێکیش چەک بکرێت، هەموو پێشنیارەکەیان قبووڵ بوو.

١٩٨٤/٢/٢٦

لە ڕۆژانی دواتر لێرە و لەوێ کێشە هەبووە، ناوچەکە شلۆق ببوو، جاشەکانی "عەباسی بایز ئاغا" ئاڵۆزییەکەیان لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە گوندەکانیان خوڵقاندبووە، هێرشیان بردووەتە سەر ناوچەی لێوژێ، بڕیار درا هێزەکانی یەکێتی زوو ئامادەسازییەکان بکەن.

١٩٨٤/٢/٢٨

دانوستانیان لەگەڵ ڕژێم هەبووە، لە دەرەوەش ئەندامانی مەکتەبی سیاسی سەردانی بەعسی سووریای دیوە، لە دروستی و ڕۆژەڤەکە ئاگاداری کردیتەوە. لەوانە لە ڤیەننا د. کەمال فوئاد، کاکە سوور "عبدالله الاحمر"ی دیوە.

***

لەناو سلێمانی سەردانی دکتۆر فؤاد بەردەوام بووە، لە ماڵە ناسیار و برادەرەکانی ئامادەیی هەبووە. دەعوەتی مامی مولازم عومەر بوونە، مستەفا ساڵح کەریمیش لەوێ بووە، ئەو گوتوویەتی محەمەد بەدری و فواد حەمەخورشید و یەکێکی تریش چووبوونە لاتان، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆبوونەوەتان هەبووە نەکرا بتانبینن! منیش گوتم: ڕۆژی هەینیی داهاتوو ١٩٨٤/٣/٩ پێشوازییان دەکەم با بفەرموون.

١٩٨٤/٣/٢

بۆ ئاساییکردنەوە ناوچەکە کۆبوونەوە بە فەرماندە و جێگری تیپەکان کراوە، مام جەلال قسەی بۆ کردوون. هەمووان ڕەئیان وا بوو لەسەر دانوستانەکان لەگەڵ حکوومەت بەردەوام بن. بڕیاریش درا تا ١٩٨٤/٤/٢ هیچ پێشمەرگە و بەرپرسێک نەچێتە ناو شارەکان.

١٩٨٤/٣/٣

کۆبوونەوەمان بە کادیرەکانی شۆڕشگێڕان کرد، هەڤاڵان د. پێشەوا و مامۆستا چەتۆ و ڕەئووف هاتبوون.

١٩٨٤/٣/٥

بەیانی لە ئاوژێ بەرەو سووورداش بە ڕێ کەوتین، ئێوارەکەی میوانی کوێخا سمایلی تەلان بووین، شەو مامە خولە، مامی مولازم عومەر و مامۆستا هەردیی شاعیر هاتنە لامان، هەردی چەند پارچە شیعرێکی بۆ خوێندینەوە.

کوێخا سمایل پیاوێکی ماقووڵ و زیرەک و قسەزان و لێوەشاوەیە، ئەو شەوێکیان چەند ئەفسەرێکی حکوومەتی دەعوەت کردووە، پێشمەرگەی یەکێتیی پەلاماریان داون، هەندێ لە میوانەکانی کوژراون، ئەویش بریندار بووە، بۆیەش ئێستا دەستێکی سەقەتە.

١٩٨٤/٣/٧

هەواڵی ئیعدامکردنی شازدە سەربازی هەڵاتوو لە سلێمانی، یەکێتی لە مفاوەزاتەکە سارد دەکاتەوە، لە ئێستگەی گەلی کوردستان پەیامی توند بڵاو دەکەنەوە، بۆیە حکوومەت عەقید ڕوکن ساڵح محێسن و ئەفسەرەکانی تری لەنزیکەوە ئاگاداری

مفاوەزاتەکان بوون، دەنێریتە ناوچەکە. دەیانەوێ بارودۆخەکە ئاسایی بێتەوە، دانوستانەکان بەردەوام بێت، بەڵێن دەدەن حکوومەت لەوەیان جددییە. یەکێتیی برووسکەی بۆ "مجلس قیادة الثورة" کردووە، ئیعدامکردنی سەربازەکان ڕاگرن، کە خزموکەسی سەربازەکان چوون بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکانیان، بەڵام دەرکەوت هەموویان ماون و ئیجازەی دە ڕۆژیان بۆ کردوون و سەلامەتن و حکوومەت بڕیارەکەی هەڵوەشاندۆتەوە. ئەوەش وەرچەرخانێکی گەورە بوو بۆ یەکێتی لەناو سلێمانی، دەنگدانەوەیەکی گەورەی پەیدا کردبوو.

ئیمام خومەینی لە ڕادیۆی تاران وتاری هەبوو، تێدا گوتوویەتی؛ حکوومەتی بەعس ناچار بووە لەگەڵ جەماعەتی جەلال تاڵەبانی ڕێک بکەوێت و تەنازول لە نەوتی کەرکووکیش بکات، وا چاوەڕوان دەکەین چیتر شەڕی ئێمەش نەکەن.

بە بۆنەی ١١ی ئازاری ١٩٧٤ مام جەلال بەیانێکی نووسیبوو، دەرکەوت زۆر توند بوو، بڕیارە نەوشیروان کەمێک دەستکاری بکات.

دەعوەتی تیپی جووتیاران بووین، دەڕۆیشتین، دیار بوو ئۆتۆمبێلێک لەدوامان دەهات، بۆیان وەستاین، دەرکەوت شێخ عەبدولکریم شەدەڵە بوو، گوتی؛ عەقید ڕوکن ساڵح محێسن هاتووە، دەیەوێ مام جەلال ببینێت، ئەویش گوتی بیهێنە "کانی توو".

ئەویش گەیشت و موقەدەم "ضیاء"ی لەگەڵدا بوو، ئەویش بەرپرسی مەنزوومەی ئیستیخبارات بوو، بە جلی شاڵوشەپکەوە هاتبوو. لەو دیدارەدا مام جەلال زۆر توند قسەی لەگەڵ کرد، پێی گوت پێشێلکارییەکانی ئێوە زۆرن و تەواویش نابن، لە گەرمەی دانوستانەکاندا دەتانویست ١٦ سەرباز ئیعدام بکەن! دەتانەوێ بەو دانوستان و دواکەوتنەکان بمانسووتێنن. منیش گوتم؛ لە دیداری دووەممان هەستم دەکرد ئێوە لەسەر دانوستانەکە گەرم نین، بەئەنقەست بەرنامەکان دوا دەخەن.

بەڵام ساڵح محێسن گوتی:

ئێمە لەوەیان ڕاستگۆیانە هاتووین، هیچ پێچوپەنایەکمان نییە. لەبەر دوورکەوتنەوەی تاریق عەزیز دانوستانەکان پچڕان، ئێستا عیزەت دووری دانراوە. تکا دەکەین گفتوگۆکان مەبڕن، ڕادیۆکەتان وەزعەکەی ئاڵۆز کردووە، داوا دەکەین لیژنەی تەنیسق بەردەوام بێت. من دەگەڕێمەوە و چاوەڕوانتان دەکەین، بڕیارەکانتان بگۆڕن و وەرنەوە بەغدا.

# ٧

# نەورۆزی سووورداش و ڕۆژانی دواتر

## دوور لە مفاوەزات

ڕۆژگارەکە دژوار و هاتوچۆی زۆر بووە، لە نێوان گوندەکان و بارەگەکانی حیزب و پیشمەرگە، شارەکان جوولەی زۆر هەبووە، لە نێوان؛ بەغدا، کەرکووک، سلێمانی، هەولێر دیداری هەمووان زۆر بووە، دکتۆر فۆاد هەمووی نووسیوەتەوە! ئەوەی دەمەوێ زۆر وەک لاپەڕەیەکی مێژوویی بنووسمەوە و باسی بکەم، یادی نەورۆزی ساڵی ١٩٨٤ لە سووورداش.

***

## گەورەترین نەورۆز لە سووورداش

١٩٨٤/٣/٢١

ئیمڕۆ نەورۆز بوو، بەڵام چ نەورۆزێ! هەموو کوردستان بە درێژایی مێژوو کۆبوونەوەی وەهای نەدیوە. هەر لە بەری بەیانییەوە خەڵک ڕژانە ناوچەی سووورداش، بە درێژایی و پانایی ناوچەکە هەمووی خەڵک بوو، کە بڵاو کرایەوە یەکێتی

ئاهەنگی نەورۆز ساز دەکات و مام جەلالیش وتاری هەیە، پێش ئەوەی مام جەلال بچێتە ساحەکە، لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر چووین تەماشای شوێنەکە بکەین. کە ئێمەیان بینی بە چەپڵە و هەڵا وایان دەزانی من مام جەلالم، ئەمە تا ئێستا بە نیسبەت خۆم ڕووی داوە، وا دیارە دەموچاو و شێوەمان تۆزی لەیەک دەکات.

مام جەلال کە هاتە ساحەکە، بە هەزار حاڵ گەیشتە سەر "مەنەسە"کەی ئامادە کرابوو تا لەوێیەوە قسە بکات. وتارەکەی ٥٦ دەقیقەی برد، وتارێکی شامل بوو. هەر کە لە خۆ بووەوە، تا گەیشتە سەیارەکەی کە چوار مەتر لێوەی دوور بوو، بە هەزار پاڵەپەستۆ و قەڵای پێشمەرگەکان، بە هەزار حاڵ گەیشتە سەیارەکەی، دوو جار خەریک بوو بەربێتەوە. خەڵکێکی زۆر تا درەنگی شەو، ئەوجا توانییان دەرچن و بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنەوە.

بە تەقدیری هەموومان، ژمارەی خەڵکەکە دەگەیشتە ملیۆنێک.

عەیبی نەورۆزەکە ئەوە بوو، کۆمیتەی ئاگاداری لە ئاستی ئەو کارەدا نەبوو.

## شەوێکی هونەری

١٩٨٤/٣/٢٢

مام جەلال، شەو هونەرمەندەکانی دەعوەت کرد، ئەوانەی ناو شۆڕش و هێندێکی ناو شارەکانیش، دوایی شێرکۆ بێکەس و ڕەئووف بێگەردیش هاتن، شەوەکە زۆر خۆش بوو، بە تایبەتی ڕەئووف بێگەرد، وەک نووسەرێک دەنگێکی خۆشیشی هەبوو.

حەمەجەزا، جەلال عەزیز، کەریم کابان... هەموویان گۆرانییان گوت، مام جەلالیش بەشی خۆی؛ خوایە وەتەن ئاواکەی گوت... ئێمەش بۆ گوتنەکەی ئەو بووینە کۆرس.

١٩٨٤/٣/٣٠

کۆبوونەوەی کادیرانی عەسکەری و سیاسی و ڕێکخستنەکان ساز کرا، مام جەلال قسەی بۆ کردن، باسی پێشێلکارییەکان کرا، لەسەر هێنانی ژنی دووەمی، یەکێکیان ئیهانە کرا، بڕیاریش درا:

١- تا ١٩٨٤/٤/٢٠ پ. م و لێپرسراوەکان نەچنە شارەکان.

٢- دادگای مەیدانی لە هەڤالان؛ دانا، حەسەن کوێستانی، ڕۆستەم، حامید... بۆ لێپێچینەوە لە پێشێلکارییەکانی پێشمەرگە پێک هێنرا.

***

لەو هەفتە لە نێوان ٣/٣١ تا ١٩٨٤/٤/٦ ئاژاوە زۆر بوون، شەڕە تەقە لە نێوان پێشمەرگە و جاشەکان ڕووی دەدا، لە تاسڵووجە و چنارۆک و چەمچەماڵ شەڕ قەومابوون. لەو ڕۆژانە مام جەلال لەگەڵ کادیرەکانی عەسکەری و سیاسی و تەنزیمی کۆبوونەوەی دەکرد، لێژنەی پێک هێنا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

## ٣٠٠ دینار

١٩٨٤/٤/٢٠

سامی شۆڕش و دوو برادەر هاتبوون بەیانی دامەزراندنی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانیان هێنابوو، گوتیان ئەرسەلان لە ئێستگەکە بۆمان بڵاو ناکاتەوە، خوێندمەوە، هیچی تێدا نەبوو، گوتم ئاساییە بڵاوی دەکەینەوە، ٣٠٠ دینارم بە ناوی م. س یەکێتی پێ دان.

فەریدوون دەعوەتی ژمارەیەک خوێندکاری کردبوو، لەسەر ڕەتکردنەوەی مەشقی سەربازی قسەی لەگەڵ کردبوون.

سەربەست بامەڕنی، بە ناوی لقی بادینان بەیانێکی نووسیبوو، منیش بە بەیانەکەدا چوومەوە، بڕیارە لە ئێستگە بخوێندرێتەوە.

١٩٨٤/٤/٢٣

لەگەڵ د. کەمال و عومەر عەزیز، دوایـیش لەگەڵ مـام جەلال قسەم کرد، ناوەڕۆکی باسەکەمان ئەوانە بوون؛ ئیمڕۆ دووەم و دوا کۆبوونەوەمان هەبوو، حکوومەت ڕەئی خۆیان پێ گوتین، لەسەر هەندێکیان بۆچوونی جیاوازمان هەبوو، هەندێ دەستکاریی لە پرۆژەی کەرکووک کرا، دوای هەفتەیەک وەڵاممان دەدەنە.

مام جەلال گوتی؛ وا بکەن ڕۆژی شەممە ١٩٨٤/٤/٢٨ سەرکردایەتی کۆ ببێتەوە.

لەسەر خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران بە مام جەلالم گوت، تا نەڵێن خوێندکاران لەسەر داوای قیادە موەقەتە ئەوە دەکەن، پێمان گوتن بەیانی هیچ مەکەن! چونکە ئەوان لە ڕادیۆکەیان داوایان لێ دەکەن خۆپیشاندان بکەن. لەسەر لێدان و گیرانی خوێندکارەکان مام جەلال گوتی: برووسکەیەکم بۆ سەرۆک کردووە، بە چاوی بەزەیی سەیری مەسەلەکەیان بکات. دیارە مام جەلال لە گفتوگۆکان نائومێد بووە و هیچی دەست نەکەوتووە، مەسەلەکە تەنیا دەستی دەستیمان پێ دەکەن و بەس. ژمارەیەک خوێندکارانی کەرکووک و زانکۆی سەلاحەدینم بینی.

نامەیەکم بۆ ڕادیۆکەمان نووسی بە بۆنەی بۆردومانەکەی ١٩٧٤/٤/٢٤ی قەڵادزێ وتار بنووسن و بڵاو بکەنەوە، بەڵام ئاگات لە بەکارهێنانی وشەکانیان بێ.

١٩٨٤/٤/٢٥

مەلا بەختیار لە سلێمانی هاتەوە سووورداش، سالاریش لە بەغدا گەڕایەوە، ئەوانیش وا دەزانن حکوومەت هیچمان بۆ ناکات.

## نیو ملیۆن دینار

لەو ڕۆژانە خۆپیشاندانی قوتابییانی ئامۆژگەی تەکنەلۆژیا و زانکۆی سەڵاحەدین بەردەوامە، لە زۆر ناوچەش شەڕ لەگەڵ جاش و پێشمەرگە هەبووە، حکوومەتیش سەرکردە و فەرماندەی سەربازی و ئیستیخبارات دەنارده سووورداش و میوان دەبوون، دەیانەوێ دانوستانەکە گەرم بکەنەوە، مام جەلال دەچێتە بەغدا و بە کۆپتەریش دەگەڕێتەوە. لە ڕۆژی ١٩٨٤/٥/١٨ نیو ملیۆن دیناری هێنابوو، پارەکەی لە لای د. فؤاد دادەنێت، پاش پێنج ڕۆژی تر لە کەرکووکەوە ٣٥٠ هەزار دیناریان ناردبوو.

***

دکتۆر فؤاد ڕۆژانەی شارەکانی کوردستان و هاتوچۆی نوینەرانی یەکێتی و حکوومەتی نووسیوەتەوە، لە هەر شوێنێک تەقەیەک هەبووبێت، ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ

پێشمەرگەکانیان هەبێت، نووسیویەتی، بە تایبەتی بارودۆخی ناو شاری سلێمانی کە زۆر ئاڵۆز بووە.

لە ڕۆژی ١٩٨٤/٤/٢٦ نووسیویەتی:

ئیمڕۆ لە لای خەلەکان شەڕ قەوماوە، لە نێوان پ. م و جاشەکان، مشیر بریندار هەبووە. جاشەکانی ئەنوەر بەگ دیار بووە جووڵەیان کردووە، بە تەقە بەدوو جاشەکان کەوتوون، بۆیەش ئەوان هێرشیان هێناوەتە سەر کانی وەتمان، بەڵام ئاواییەکە و ئەو پێشمەرگانەی لەوێ بوونە، کەوتوونەتە دیفاع و هێندێ پێشمەرگەی تیپی ٩٩ی بیتوێن پێ ڕاگەیشتوون، لە ئەنجامدا ٨ جاشیان بە چەکەوە گرتووە، ئۆتۆمبێلێکیان سووتاندووە. لە مەجمەعی ئەلایی و تاسڵووجەش لەگەڵ جاشەکان شەڕ قەوماوە.

دوای نیوەڕۆ خەبەرمان بۆ هات کە سەید قەهار جاشی پیس لە هەولێر کوژراوە، ئەمە شتێکی باش بوو.

بە شەویش تەرتیباتی گەڕانەوەی مام جەلال کرا، کە شەو لە کەرکووک دەبێت.

١٩٨٤/٥/٢

عەقید ساڵح محێسن و موقەدەم جەمیل و موقەدەم ضیاء بە کۆپتەر هاتنە سووورداش، لەسەر بەیان و قسەکانی ڕادیۆکەمان و هاندانی خوێندکاران گلەییان هەبوو.

بەیانییەکەی لیوا ڕوکن "نزار الخزرجي" قائیدی فەیلەق و چەند ئەفسەرێکی گەورە هاتنە سووورداش، بەڵام سەردانەکەیان بۆ موجامەلەکردن بوو، نانیان خوارد و قسەی ئاسایی جوان و گشتییان کرد و ڕۆیشتنەوە.

بەیانییەکەی مام جەلال بە کۆپتەر چووە بەغدا، د. کەمالی لەگەڵ چوو. بە تەلەفۆن دکتۆر کەمال گوتی؛ کۆبوونەوەکانمان توند بوون، بە عاجزییش هاتینە دەرەوە، بەڵام ڕۆژی دوایی باشتر بوو، باسی پلانە سەربازییەکانمان کرد.

١٩٨٤/٥/٧

مولازم عومەر دەربارەی ناوچەی بێتواتە برووسکەیەکی کرد، کە جاشەکان ڕەببایە دادەنێن و خەڵک لێیان بێزارە، داوای یارمەتی لە یەکێتی دەکەن. هەروەها جاش هەڕەشەش لە ناوچەکانی خەلەکان دەکەن. منیش ئەوەم بە د. کەمال ڕاگەیاند کە باسی بارودۆخەکە لەگەڵ مام جەلال بکات، لە بەغدا قسەیان لەگەڵدا بکات. هەروەها کۆشش بکەن نەجمەدین مستەفا و ئەبووبەکر عومەر لە ئەبووغرێب لە سێدارە نەدرێن.

ئازاد هەورامی و قادری حاجی عەلی هاتن گوتیان لە تاسڵووجە جاشەکان سەیتەرەیان داناوە و هەڕەشە لە خەڵک دەکەن.

لە ڕۆژی ١٩٨٤/٥/١٢ لەناو سلێمانی تەقە لە خوێندکاران

کراوە و سێ شەهید بوون. بەیانییەکەی لەناو فرقەی حیزبی "عثمان بن عفان" تەقە لە خوێندکاران کراوە، پێشمەرگەش گەیشتوونەتە شوێنەکە، بیست لە جەیش شەعبییەکان کوژراون و تەرمەکانیان فڕێ دراونەتە سەر شەقامەکان. ڕادیۆی قیادە موەقەتە و حیزبی شیوعی هانی خەڵک بۆ خۆپیشاندان دەدەن.

## ٨

## لە ١١ی ئازار دانابەزین

١٩٨٤/٥/٣٠

یاداشـتێکمان بـۆ عیـزەت دووری نـارد، کە مـام جەلال نووسـینەکەی دارشـتبوو، لەگەڵ تێبینیـیەک لەسـەر پـڕۆژەکەی حکـوومەت، هەروەهـا پـڕۆژەی ئامـادەکراو کە ناردوویـانە، بە هەندێ تەعدیلاتەوە بۆیان ناردبووین، بە کورتی گوتمان؛ لە بەیانی ١١ی ئازار نایەینە خوار. عومەر عەزیز سبەی ئەمانە دەباتە کەرکووک، دەیداتە عەقید ساڵح.

## قاسملوو بەردەوام لەگەڵماندا بوو

١٩٨٤/٦/٣

ئێـوارە سـەعات چـوار لەناکـاو د. قاسـملوو و حەسـەن و سەرهەنگ قادری و مەلا عەبدولڕەحمان گەیشتنە سووورداش، ئێمە چاوەنواڕ بووین ڕۆژی ١٩٨٤/٦/٥ بێنە ئێرە. ئەویش لە ئەنجامی تێکنەگەیشتن بوو، شەو لە ماڵی مام جەلال بووین.

## موقاتەعە دەکەین

۱۹۸٤/٦/٤

بەیانی لەگەڵ د. قاسملوو دانیشتین، نەوشیروان لە ئاوەژییەوە گەیشتە جێ، لە کۆبوونەوەکەمان ئەو مەسەلانە باس کران:

- وەزعی مفاوەزاتی ئێمە لەگەڵ حکوومەت.

- پەیوەنـــدیی دووقۆڵیمـــان: بڕیارمـــان دا هەردوولا ئەو پەیوەندییە بهاوێینە قالبێکی مونەزەم.

قاسملوو گوتی: من تا کەرکووک دەچم، بەڵام د. فازیل بەراک گوتوویەتی؛ دەبێ بچمە بەغدا، واش پێ دەچی لەبەر مەسەلەکەی ئێوە بێ.

ڕەئی یەکێتی، بە حکوومەت ڕابگەینە؛ ئێمە نائومێد بووین لە وەزع، دیارە چیمان بۆ ناکەن!

- لە بەیانی ئازار نایەینە خوارەوە.

- بە نیسبەت ئینتیخابی مەجلیس وەتەنی، ئێمە بە هەموو هێزمان موقاتەعەی دەکەین، گەر حکوومەت وا بڕوات، نەیەوێ مەسەلەکە چارەسەر بکات.

لە زۆر لەو بابەتانەی باسیان لێ کرا، بیروڕامان وەک یەک بوو.

١٩٨٤/٦/٥

قاسملوو و یاوەرانی سەفەریان کرد بەرەو بەغدا، وەعد وایە پێنجشەممە بگەڕێنەوە، بەلای ئێمەدا بچنەوە شوێنی خۆیان، واتە ڕۆژی ١٩٨٤/٦/٧.

١٩٨٤/٦/١٤

د. قاسملوو تەلەفۆنی بۆ من کردبوو، لە ماڵ نەبووم لە دەرەوە بووم، د. خدر لە ماڵەکەم بوو:

ئەو قسانەی کردبوو:

- عیزەت دووریم دی، نامەکەی مام جەلالم پێ دا، زۆری لا باش بوو، خۆشحاڵیی خۆی بە ناوەڕۆکی نامەکە نیشان دا.

- زۆر ڕازی نییە لە هەڵویستی یەکێتی لەو سێ هەفتەی دوایی.

- گلەییان هەیە لە قسەکانی ڕادیۆکەمان.

- هەندێ لە گیروگرفتەکان، بە ڕەئی قاسملوو چارەسەر دەکرێن، تەنیا مەسەلەی سنوور نەبێت، کە گیرگرفتەکەی زۆرە.

- عیزەت دووری داوای کردووە بە نووسراو، وەلامی خاڵەکانی بدەینەوە. عیزەت و جەماعەتەکەی گوتوویانە؛ پێویستە سەرۆک ببینن، جا دکتۆر گوتوویەتی؛ بۆ شەممە، یەکشەممە دەگەڕێتەوە، واتە ١٦ یان ١٩٨٤/٦/١٧.

١٩٨٤/٦/١٥

برووسکەیەکمان بۆ هات کە جەماعەتی ئیستیخبارات کاری قێزەوەنیان کردووە، پێشمەرگەیان تووڕە کردووە، ئەوانەی چووبوون بۆ ناشتنی تەرمی شەهیدێک، کە بە ڕووداوێکی نەخوازراو کوژرابوو، گوتبوویان سەیتەرە دادەنێین، ئەگەر حکوومەت هاتە پێش لێیان دەدەین. منیش بە جفرە برووسکەیەکم بۆ ناردن:

موافیق نین لەسەر پێشنیارەکەت، مەچوونە سەر جادەکان، دەستپێکردنەوەی شەڕ بە بڕیاری سەرکردایەتی دەبێت، نەک بە بڕیاری مەڵبەند.

***

لە ڕۆژانی داهاتوو د. قاسملوو پەیوەندییەکانی یەکێتی و حکوومەت گەرم دەکاتەوە، دیداری یەکتری دەکەن، مام جەلال و ئەندامانی م. س سەردانی دیموکرات دەکەن، قاسملوو بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان هاتوچۆ دەکات! پێیان دەڵێت؛ ئەگەر دانوستان نەمینێت شەڕ دەست پێ دەکاتەوە، ئەوەش بە بڕیاری خۆتان دەبێت. ئەفسەرە گەورەکانی موخابەرات، پەیوەندییەکانیان بەردەوام بووە، تا دووبارە وەفدەکەی یەکێتی بە سەرۆکایەتی د. فؤاد معصوم دەچنەوە بەغدا، بەغدا ویستوویەتی مام جەلال بچێت، بەڵام ئەو نامە بۆ عیزەت دووری دەنووسێت.

١٩٨٤/٦/١٨

د. قاسملوو گەیشتە سووورداش، لەگەڵ مام جەلال و ئەندامانی م. س دانیشت، باسی ئەو بابەتانانە کرا:

١ - کۆنووسی دانیشتنەکان ئیمڕۆ، یان سبەی بۆتان دەنێرین.

٢ - وەڵامی یاداشتەکەتان دەدەنەوە، بەڵام توند دەبێت.

٣- من وا دەزانم دەرگەکان داناخرێن.

دوایی گوتی؛ ئێوە خۆتان بڕیار دەدەن، بەڵام ئاگاتان لەوە هەبێت، شەڕ دەستپێکردنەوە بە بڕیاری خۆتان دەبێت، نەک نامەسئوولێک هەڵگیرسێنێت، بەسەرتاندا فەرز بکات.

بەیانییەکەی دوو ئەفسەرەکە حکوومەت وەڵامەکەی "عیزەت دووری"یان بۆمان هێنابووە.

لە ڕۆژانی ٩ و ١٩٨٤/٧/١٠

لەو دوو ڕۆژە بە ئامادەبوونی هەردوو مەکتەبی سیاسی و مام جەلال و د. قاسملوو، کۆبوونەوە دەکەن، باسی چەندان بابەتی هەستیاری ناوچەکە دەکەن. دوایی دیداری برادەرانی کۆمەڵەش دەکەن.

***

لە ڕۆژی ١٩٨٤/٧/٢٠ دکتۆر فۆاد نووسیویەتی:

ئیمڕۆ سەعدی مەهدی ساڵح بە هەلیکۆپتەر هاتە

سووورداش، لەگەڵی دانیشتین مام جەلال، نەوشیروان، من، فەرەیدوون، مولازم عومەر، د. خدر، عومەر عەزیز، ئەویش عەقید غەسسان و ئەبوومحەممەدی موخابەراتی لەگەڵدا بوو.

له قسەکانی دەرکەوت، هاتووە بۆ دەستپێکردنەوەی مفاوەزات، لیژنەی تەنسیق دەسەلاتێکی هەبێت، هەردوولا له ڕێگای ئەو لیژنەیە ئیشوکارەکانیان بەڕێوە بچێت.

دوای سەفەرکردنی لە کۆبوونەوەی خۆماندا بڕیار درا:

وەفدی یەکێتی پێک بێت لە؛ د. فؤاد معصوم، فەرەیدوون عەبدولقادر، مولازم عومەر عەبدوڵلا، عومەر عەزیز... وەفدەکە بچێتە بەغدا بۆ موناقەشەکردن و ئامادەکردنی ڕێککەوتنەکە، عومەر عەزیز سبەی بچێت ئاگاداریان بکاتەوە، لەگەڵیاندا ڕێک کەوێت لەسەر دەستنیشانکردنی کاتەکە.

هەر لە هەمان کۆبوونەوە، بڕیار درا لەگەڵ حیزبی شیوعیی عراقی دانیشین، نامەکەی ئەبووسەرباز گەیشتبوو و خوێندرایەوە.

١٩٨٤/٧/٢٢

عومەر عەزیز گەڕایەوە، گوتی؛ کە بە سەعدی مەهدی ساڵحم گوتووە: مام جەلال ئیشوکاری زۆرە، ناتوانێ بەشداریی کۆبوونەوەکان بکات... زۆر لای قورس بوو.

"من خۆم تەوەقوعم وایە، چوونی وەفدەکە دواخەن، خۆیان

مەشغوول کەن بە شتی ترەوە، وەک وەرەقەیەکی زەغت، تا مام جەلال بۆ خۆی بچێت، کە ئەمە لە بارودۆخی ئیمڕۆمان باش نییە".

## ٩
## داوای ئینفیسالییەت دەکەن

١٩٨٤/٧/٢٥

لە سووورداشەوە بە ڕێ کەوتین بەرەو کەرکووک، لەوێشەوە بۆ بەغدا، لە کەرکووک سەردانی موقەدەم "ضیاء"مان کرد، لەگەڵ عەقید "غسان" کە موقەدەم جەمیلی لا بوو، سودفە، حاجی محەمەد لۆلان و کەریم خانی لەلا بوو.

لە بەغدا ئێمەیان بردە هوتێل بەغدا، ڕۆژی شەممە ١٩٨٤/٧/٢٨ دانرا بۆ کۆبوونەوە سەعات ١٠ی بەیانی.

### لێم ببورن

١٩٨٤/٧/٢٨

بەیانی چووینە قیادەی قوتری، شوێنی کۆبوونەوەکە. وەفدی ئەوان؛ عەلی حەسەن مەجید ئەندامی ئیحتیاتی قیادەی قوتری و مودیری ئەمنی عام، فازیل بەڕاک، سەرۆکی دەزگای موخابەرات. "د. منذر الشاوي" وەزیری عەدل، عەبدولفەتاح یاسین، سکرتێری لیژنەی کاروباری شیمال، لیوا مەحموود شوکری لێپرسراوی ئیستیخباراتی عەسکەری.

وەفدی ئێمەش: فؤاد معصوم، فەرەیدوون، مولازم عومەر، عومەر عەزیز.

عەلی حەسەن مەجید بەخێرهاتنی کردین و خۆشحاڵیی خۆی نیشان دا بە چوونمان بۆ بەغدا، هەندێ موجامەلەی کردین، دوایی وەفدی خۆیانی تەقدیم کرد و گوتی:

من بە سیفەتی حیزبی دادەنیشم، بۆیەش کۆبوونەوەکەمان لە قیادەی قوترییە.

منیش دوای هەندێ موجامەلات و تەقدیمی وەفدی خۆمان، گوتم:

لەو ماوەی دواییەدا جۆرە ساردییەک هەبوو، باسی ئەوەش ناکەین خەتای کامان بووە! سەرپێچییەکان زۆر بووە لە هەردوو لا، باسی ئەوەش ناکەین، ئێمە هاتووین بۆ ئەوەی مەسەلەکە ببڕێنینەوە، هەندێ بابەت و مەسەلە هەیە لە گفتوگۆکاندا ماونەتەوە، وەک ناوچەی حوکمی زاتی، ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، ئەرکەکانی یەکێتی، هەندێ شتی تر...

هاتینە سەر باسی مونەزەمات، پریشکیان دەهاویشت، باسی ناوچەکانی حوکمی زاتی کرا، گوتیان شێخان هەر مومکین نییە، نە ئێستا، نە لە دوارۆژ باسی لێ بکرێت، دیار بوو دەیانویست بمانورووژێنن، ئێمەش ئەعسابمان سارد بوو.

نامەیەکی مام جەلالم بۆ عیزەت دووری لە کۆبوونەوەکە تەسلیم کردبوو، دیار بوو شەو نامەکەی خوێندبووەوە، ڕەنگە

سەدامیش دیتبێتی، هەر شەو عەلی حەسەن مەجید تەلەفۆنی بۆ هوتێل کردبوو، لەگەڵ کاک فەرەیدوون قسەی کردبوو، ئیعتیزاری هێنابووەوە، کە قرەقری کردەوە، گوتبووی من تەبیعەتم وەهایە، لێم ببورن، سبەی شەویش دەعوەتتان دەکەم.

## جاش

١٩٨٤/٧/٢٩

لەو دیدارەدا، وەفدەکەی حکوومەت پشتیوانییان لە بوون و ناوی جاشەکانیان کردبوو، سەبارەت بە ناوچەکەی حوکمی زاتی، وەفدەکەی حکوومەت گوتبووی:

ئێمە هەندێ شوێن هەیە، مومکین نییە لەسەر موافق بین ببن بە بەشێک لە حوکمی زاتی، سبەی هەڵگەڕانەوە لێمان پشتمان دەشکێنن. لە تەعبیرات و قسەش ئینفیسالییەت خۆی بنوێنێت.

"منیش وەڵامم دایەوە گوتم: ئینفیسالییەت بە نصوصی قانوون ناکرێ، ناچینە دادگای لاهای شکات بکەین، بڵێی ئەم نصوصە قانوونییە. "انفصال" کە دەستی پێ کرد، نە مەوادی قانوونی ڕایدەگرێ، نە مەرادی قانوونی پێشی دەخات!".

## جنێومان پێ دەدات

١٩٨٤/٧/٣٠

ئیمڕۆ کۆبوونەوە، لە لایەن وەفدی حکوومییەوە زۆربەی کۆبوونەوەکە کاتکوشتن بوو.

بۆ موجامەلە، لەسەر پێشنیاری مولازم عومەر، لە سەرەتای دانیشتنەکە، بە بۆنەی ٣٠ی تەممووز پیرۆزباییمان لێ کردن، پێیان خۆش بوو.

بە چاو و ڕاو دەیانەوێ شتی خۆیانمان بەسەردا فەرز کەن، یەکێ لە قسەکان باسی شێخان بوو، عەلی حەسەن مەجید گوتی:

شێخان زۆربەی عەرەبە کورد نییە، چونکە ئێزیدی و مەسیحی کورد نیین، با لە خۆیان بپرسین! لەگەڵ مام جەلال لەو ڕووەوە قسەمان کردووە.

هەر بابەتێ دەهاتە پێش، عەلی حەسەن دەیهێنایەوە سەر ئێستگەکەمان، کە جوێنیان پێ دەدا، ناوی بردوون بە خراپترین حکوومەت. مەوزووعەکانی ئیمڕۆ هەموو شتێک بوو؛ ناوچەی حوکمی زاتی، قانوونی حوکمی زاتی، جاش، گرتنی پێشمەرگە.

کۆبوونەوەکەمان لە سەعات ٦ی ئێوارە تا سەعات ٨:٣٠ درێژەی کێشا، بێ ئەنجام کۆتایی هات! هەر ئەوەندە بوو لە کۆتایی کەوتنە موجامەلە. من تۆزێ بە جددییەتەوە گوتم:

ئەوەی ئـــێمە ڕۆژانە بە جەماوەرمـــانەوە ڕەبـــت دەکـــا، ڕادیۆکەمانە، جا قسەی خۆمان دەکەین و ناتوانین جەماوەر لە خۆمان بکەین، مام جەلال چوار جار هاتە بەغدا هیچ نەکرا، ئایا نابێت بە خەڵک بڵێین چیمان کردووە و حکوومەت خەتابارە؟!

## دکتۆر تووڕە دەبێت

١٩٨٤/٨/١

ئیمڕۆش کۆبوونەوە دەستی پێ کردەوە، ئەو وەرەقەی ئامادەمان کردبوو، دەربارەی ئیلتیزاماتی یەکێتی، بڕگەیەکی تێدا بوو، کە یەکێتی لەناو هێزی چەکدار و "جەیش" کاری سیاسی ناکات، بەڵام پێویستە فەرق و جیاوازی نەبێت لەناو جەیش.

عەلی حەسەن گوتی: ئەگەر وا بێت، یەعنی گفتوگۆ پچڕا، مومکین نییە لەسەر ئەوە ڕێک بکەوین، وا حیساب کە گفتوگۆ تەواو بوو، سەلام لە برادەرەکانتان دەکەم.

"منیش زۆر هەستم بەوە کرد کە دەیانەوێ بماندۆشن، لەعنەتم لەو ڕۆژەی کرد کە تێیدا تووشی مفاوەزات هاتین، بێدەنگیم بۆ ڕێکخراوەکەم بە ئیهانە زانی، بە دەنگێکی بڵند گوتم:

ئێمە هاتووین موناقەشەی هەموو شتێک بکەین، بەو ئومێدە

مەسیری هەردوولامان بەیەکەوە ڕەبت بێت، ئەو پرۆژانەمان ئامادە کرد بۆ ئاسانکاری ئیش و کارەکانمان موناقەشە بکەین، بەڵام وا دیارە تۆ، دەتەوێ مومارەسەی ئیرهابی فکری بکەیت، مەبەستمان گفتوگۆبڕین نییە، بەڵام حالات زۆرە، کە سەرباز و ئەفسەری کورد ڕێگەی پێ نادرێ پێش کەوێت، سەر کەوێ، هەر لەبەر ئەوەی کوردە، واش مەزانە، ئێمە هاتووینە لاتان تەسلیم بووین یان ڕووخاوین، یان ئێمەتان شکاندووە، ئێمە گفتوگۆتان لەگەڵ دەکەین، لە پێناوی ئەوەی عێراق ڕزگاری بێت لە شەڕێکی کوشندە کە تووشی بووە لەگەڵ ئێران، دەنا لەگەڵ یەک دانانیشین.

خێرا فەرەیدوون تەدەخولی کرد، جەوەکەی هێدی کردەوە، عەلی حەسەن ئیعتیزاری هێنایەوە، فەرەیدوون گوتی:

من شەخسێکی حەساسم، گەر تۆ بەو شێوە قسە بکەیت و تووڕە بیت، ناچار دەبم بچمە دەرەوە.

دوایی بە منی گوت:

تەوەقووعم نەکرد بەو شێوە توندە وەڵامی دەدیتەوە!

١٩٨٤/٨/٦

عەلی حەسەن هاتە لامان لە هوتێل بەغدا.

## ناچینە ناو جەبهە

١٩٨٤/٨/٧

سەعات ٦:٣٠ی ئێوارە، کۆبوونەوەکانمان دەستی پێ کردەوە، جەوەکە زۆر هادی بوو، مولاحەزەکانی "د. منذر الشاوي" نەمانویست وامان لێ بکات عەسەبیمان بکات، کەوتینە موناقەشەیەکی ئارام لەگەڵ د. مونزیر، عەلەی حەسەن گوتی:

نصوصەکان دەخوێنینەوە، ئەوەی لەسەری موافق بوون ئەوە باشە، ئەوەی خیلافی لەسەر بوو موناقەشەی دەکەین؛ ڕازی بووین بە پێشنیارەکەی. یەکەم شت؛ "مضمون الحکم الذاتي"، کە لە ڕووی "منطق"ەوە لەسەری موافق نەبووین، هێندێکی مەقبوول بوو لە لامان، هێندێ شتی مایەوە بۆ سبەی موناقەشەیان لەسەر بکرێت، یەکێک لە بابەتەکانی، کە لەسەری وەستاوین و هێشترایەوە بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو، "المجلس التنفیذي" بوو.

هاتینە سەر باسی چوونە ناو جەبهە، د. فازیل بەڕاک گوتی:

مومکین نییە بێ هاتنە ناو جەبهە، بتوانن داخیلی ئینتیخابات بن.

گوتمان؛ با "مجلس قیادة الثورة" ئیستیثنامان بکات، لەو قانوونە و ئینتیخاباتیش با بۆ مانگێک دواخرێت.

## دە هەراز پێشمەرگە

١٩٨٤/٨/١٥

لە قیادەی قوتری کۆ بووینەوە، ئەو شتانەی ئیتیفاقی لەسەر کرابوو چاپ کرابوو، یەک لەوانە، پرۆژەی حوکمی زاتی، ئیلتیزاماتی یەکێتی، منظمات.

بە نیسبەت ئیلتیزامات، برگەیەک ئیزافە کرابوو دەڵێ: ئەگەر یەکێتی نەچووە ناو جەبهە، ئەو ئیلتیزاماتەی جێبەجێ نابێت.

دوای ئیمزاکردنی هەموویان چەپڵەمان لێ دا.

بۆ دوایی هاتینە سەر باسی ناوچەکانی حوکمی زاتی عەلی حەسەن گوتی:

حەز دەکەم گوێ بدەنە لیوا مەحموود، چونکە دوو عامل هەیە وا دەکات هەندێ ناوچەی کوردی بهاوێتە دەرەوەی حوکمی زاتی، ئەویش نەوت و ستراتیژیەتی ئەمنییە. لیوا مەحموود باسی ستراتیژیەتی ئەمنیتان بۆ دەکات.

ئەویش هەندێ قسەی کرد، کە چۆن دوژمن دەیەوێ بەغدا بگرێت، گەر نەیتوانی دەیەوێ سەرچاوەکانی نەوت داگیر بکات. ناوچەی کەرکوک و دەوروبەری لە "کەلار" تا "ئاڵتوون کۆپری"، هەمووی دەکەوێتە ژێر نەخشەی ئەو دوو نوقتەیە.

"خۆم ئەو مەسەلەیەم نەچووە مێشک، ئەوانە تەنیا بەکار دەهێنێت، بۆ ئەوەی ناوچەی کوردستان پارچەپارچە بکەن،

چونکە باسی ئەوەشیان کرد بە نیسبەت سنوور، بە پانایی سی کیلۆمەتر چۆل بکرێت، بەو حیسابە ناوچەی حوکمی زاتی تەماشای دەکەین، کەمترە لەو بەشەی کوردستانی دەرەوەی حوکمی زاتی، واتە نیوەی کوردستان دادەتاشن".

دوای کۆبوونەوەکە، بە عەلی حەسەن مەجیدم گوت:

دەتانەوێ بەتەنیا لەگەڵتان دانیشین، هەندێ شت هەیە باسی بکەین!

لە دانیشتنەکە پێمان گوت:

باسی ئیلتیزاماتی حکوومەتمان لەگەڵ کردی بەرانبەر بە خۆمان، ئەو سێ مانگە نەمانتوانیوە مەعاشی پێشمەرگەمان بدەین، ئێمە دە هەزار پێشمەرگەمان هەیە.

خۆت تەسەوری مەسەلەکە بکە و چیتر قسە ناکەم، دەشمانەوێ بەرەلایی دروست نەبێت، خۆت تێدەگەی. ئەو گوتی:

تێگەیشتم، لەگەڵ سەرۆک قسە دەکەم.

فەرەیدوون ویستی تەفسیل بداتە مەسەلەکە، بۆیە گوتی:

لە فؤاد گەیشتم، پێویست بە قسەی تر ناکات، هەرچی بڵێین ناگاتە قسەکەی ئەو، کە گوتی: خۆت تێدەگەی!

## خه‌ریته‌یان دانابوو

١٩٨٤/٨/١٦

ئێواره چووینه وه‌زاره‌تی حوکمی محه‌للی، وه‌فدی حکوومی چاوه‌نوارمان بوو، یان پێش ئێمه چووبوون.

چووینه قاعه‌یه‌ک خه‌ریته دانرابوو، وه‌کیلی وه‌زاره‌تی نه‌وت، ئه‌لسامه‌رائی خه‌ریته‌ی نه‌وتی دانا و شه‌رحی کرد، که حقوولی نه‌وت له ناوچه‌ی که‌رکووک و دبس کوێ ده‌گرێته‌وه، چه‌ند گوندێک که سه‌ر به باقرته‌ن، گوتی:

ته‌ماشاکه‌ن هه‌موویان له ده‌وربه‌ری حقوولی "بای حه‌سه‌ن" و "دبس"ن، دوایی هاته سه‌ر جنووبی شه‌رقی که‌رکووک، به ئیتیجاهی کفری، هه‌روه‌ها ناوچه‌ی شوان، گوتی: حقوولی وه‌ها گرنگی تێدایه.

لیوا مه‌حموود که‌وته شه‌رحی "الامن الوطني الاستراتيجي"، له شه‌رحه‌که‌ی زۆر مرتبک بوو، گوتی که هێرشی دوژمن ئه‌گه‌ر هات، له چیای قه‌ره‌داخه‌وه تا که‌رکووک هه‌مووی حقوولی دیفاعییه، هه‌روه‌ها ناوچه‌ی لای کفری هه‌مووی ده‌بێت به مه‌نتیقه‌ی ختووتی دیفاعی.

منیش گوتم: "من عه‌سکه‌ری نییم تا وه‌ک پسپۆرێک قسه بکه‌م، به‌ڵام جارێ عێراق له ڕووی عه‌سکه‌رییه‌وه هه‌مووی یه‌ک پارچه‌یه، که‌س مه‌نعی قیتاعاتی عه‌سکه‌ری ناکات، ئه‌گه‌ر بیه‌وێ دیفاع بکات، پێویستیشه جه‌یش دیفاع له هه‌موو وڵات

بکات. بۆ دیفاع هەیئاتی حوکمی زاتی، ئیعتیراز ناگری، لەو ڕووەوە، من موناقەشەم کرد، گوتم: بەو حیسابە شاخەکانی کوردستانیش، دەبێ نەچێتە سەر حوکمی زاتی، دیار بوو هیچ وەڵامی نەبوو.

لە کۆبوونەوەکە بووینەوە تەلەفۆنێ لە سەرۆکەوە هات بۆ عەلی حەسەن، کە چوو تەلەفۆنەکەی کرد و هاتەوە لامان، وەرەقەیەکی بۆ نووسیم، ئەڵێ سەرۆک سڵاوتان لێ دەکات، مەسەلەی یارمەتی سبەی لە قیادە باسی لێ دەکرێت.

هاتینەوە سەر ناوچەکانی حوکمی زاتی، گوتی: خۆمان سبەی کۆ دەبینەوە، لە ئەنجام ئاگادارتان دەکەین لە ناوچەی کەلار و شوان مومکینە هەندێ شوێن بخەینە سەر حوکمی زاتی.

## تەلەفۆنەکانمان موراقەبە بوو

١٩٨٤/٨/٢٠

بەیانی سەعات ١٠ مەوعدمان هەبوو لەگەڵ عیزەت دووری لە "المجلس الوطني"، عەلی حەسەن مەجیدیش ئامادە بوو. دوای گەیاندنی سڵاوی مام جەلال بۆ ئەو، ئەویش بەخێرهاتن و سڵاوی بۆ مام جەلال نارد، ئەوجا قسە دەستی پێ کردەوە.

هەر موناقەشە و موناقەشەکاری بوو.

ڕۆژێک کە لەگەڵ دکتۆر مونزیر موناقەشەی قانوونی حوکمی زاتیمان لەگەڵ دەکرد، پێم گوت:

دکتۆر جەنابت قانوونییەکی ناسراو و ئاکادیمییەکی گەورەی لە قانووندا، ئێمە خیبرەی قانوونیی تۆمان نییە، بەڵام دەمەوێ بە جەنابت بڵێم، بایی ئەوەندەش دەزانین شت بەسەرماندا نەڕوات. ئێمە فیعلەن حوکمە زاتییەکمان دەوێ تایبەتمەندیەتی ناوچەکەمانی پێوە دیار بێت، جەنابت بۆ ئیدارەی زاتیمان ڕادەکێشی، بایی ئەوەندەش تێدەگەین، هیچمان بەسەردا تێپەڕ نەبێت.

خێرا د. فازیل بەڕاک گوتی:

ئەشهەدووبیللا ئێوە متخصصن لە خرقی قانوون "واتە پسپۆرن لە پێشێلکردنی یاسا"، ئیتر بوو بە پێکەنین.

ئیمرۆ لەگەڵ مام جەلال قسەم کرد "دیارە هەموو تەلەفۆنەکانمان لەژێر چاودێرییە، چ ئەوەی لە سووریاش بۆمان دانراوە، یان ئەوانەی لێرە قسەی پێ دەکەین" گوتی؛ لەسەر مەسەلەی ناوچەکان "واتە ناوچەکانی حوکمی زاتی" ڕازی نیم ئیمزا مەکەن.

سەعات ٦ی ئێوارە لەگەڵ عەلی حەسەن مەجید کۆ بووینەوە، گوتمان هەندێ شتی تر ماوە، گەر وەک دوو وەفد باسی بکەین، چەند کۆبوونەوەیەکی دەوێ، خۆمان حەز دەکەین لەگەڵتان بیبڕینەوە لەوانە:

١- وەرەقەی تەتبیعی کەرکووک. ٢- تەتبیعی وەزع لە کوردستان. ٣- جەبهە؛ ئێمە ڕازین بە قسەکانی جێگر "عیزەت دووری". ٤- ئەو شوێنانەی دەکەونە دەرەوەی حوکمی زاتی و

کوردنشینن، بگوترێ ئەوە بەستراوەتەوە بە زرووفی حوکمی زاتیی تایبەتەوە. "عەلی حەسەن مەجید گوتی ئەمە لە بەیانەکەی دەردەچێ باس دەکرێ". ٥- مەسەلەی جاشەکان، گوتی: "ئەمە نانووسرێ، بەڵام وەعدی شەرەفی لەسەر دەدەین!". ٦- یارمەتیی یەکێتی، گوتی: "ئەوە بۆ خۆمی لێگەڕێ".

گوتی؛ سبەی ئەوانە هەمووو ئامادە دەکەم و ئاگادارتان دەکەمەوە، ئیتر جەوەکە بوو بە موجامەلات و قسەی خۆش و پێکەنین، گوتم: بە نیسبەت ئیمزاکردنی ناوچەکانی... گەر دەڵێی ئێستا ئیمزای دەکەم و مولتەزیمین، حەز دەکەی هەڵیگرە تا خۆت دێیە لای مام جەلال، لەوێ موناقەشەیەکی تری دەکەین، ئیمزای دەکەین. گوتی: باشە. هەروەها گوتیشی ئێوە بڕۆنەوە، من دوای دە ڕۆژی تر دێمە سووورداش.

سەعات ٧:٣٠ چووینە قاعەکە، تەنیا دکتۆر فازیل بەڕاک نەهاتبوو، ئەوانی تر چاوەنواڕ بوون.

عەلی حەسەن مەجید گوتی؛ زۆر لە کێشەکان حەل بوون، هەندێ شت ماوە لەگەڵ "السید النائب" قسە دەکەم و جێبەجێ دەبێت ئینشائەڵڵا، هاتینەوە سەر باسی ڕووداوەکەی لای کەلار کە لە گوندی سەید خەلیل، شەڕێکی گەورە ڕووی داوە لە نێوان ئێمە و جەیش و جاش، خەسارەتی جەیش ٩ کوژراو و ٣٢ بریندار بوو.

ئیستینکاری ئەوە کرا، کە هەندێ چەکداری ئێمە ڕێگایان بە ئۆتۆمبێل گرتووە و ئیستینکاری حەجمی عەمەلییەکە و ڕەد فیعلەکە بەو جۆرە کرا.

## شەشیان کوردن

١٩٨٤/٨/٢٢

ئیمرۆ زیارەتی:

١- "د. مونزیر ئەلشاوی"مان کرد لە وەزارەتی عەدل، ئیحتیرامێکی زۆری گرتین، هاتە سەر باسی وەزارەتەکەی، کە ئەوە دە ساڵە چۆن ئیشی بۆ دەکات و خەریکی ئیسلاحی نیزامی قانوونییە. باسی کرد کە خەڵک لە کوردستان، حاکمی باش و لێهاتوو هەیە، ناوچەکە ئیحتیاجی نییە، بە نیسبەت "المعهد القضائي"، ٢٩ کەس وەرگیراون شەشیان کوردن. ٤٥ دەقیقە لای دانیشتین، لە هەستان سەر و جانتای وەک دیاری بۆ ئامادە کردبووین، کە بەشێک لە کتێبەکانی خۆی تێدا بوو، لەگەڵ دزداشەیەک و پارچەیە قوماشێک.

٢- سەردانی ئیستیخباراتی عەسکەریمان کرد، لیوا مەحموود نەساغ بوو ئەبوموهەنەد "عقید صالح محیسن" چاوەنوارمان بوو، لەگەڵ موقەدەم ئەحمەد گلەییمان لە موقەدەم "ضیاء" کرد.

٣- سەردانی عەبدولفەتاح محەمەدئەمین-مان کرد، کە شوێنەکەی زۆر تاریک بوو، زۆر موجامەلەی کردین، بەڵام ئەوەی لام سەیر بوو، نەقیب سەلمان هاتە ژوورەوە،

عەبدولفەتاح تەعارفی پێ کردین ناوی منی هێنا بە فؤاد مەلا معصوم، گوتی مەلا معصوم مەلایەکی وا بوو وا بوو، دیارە لە جیهەتێکەوە منی دەناسی!

"مخصصات"ەکەی یەکێتی ئامادە کرابوو لەسەر وەسڵەکەش نووسراو بوو فؤاد مەلا معصوم، نیو ملیۆن دینار بوو، وەرمگرت. هی دوو مانگیان لا ماوە.

٤- سەردانی فازیل بەڕاک-مان کرد، دیار بوو سارد بوو بەرانبەرمان، وا پێ دەچوو ڕەد فیعلی هەبێت بەرانبەر عەلی حەسەن مەجید، کە دەزانێ ئەو موهتەمە بە ئیشەکە و لیقای دووقۆڵیی لەگەڵ دەکەین، هەر دە دەقیقەیەک دانیشتین. ئێوارە سەردانی ف. ه "فائق هوشیار"مان کرد لە ماڵەوە. بۆ سبەی گەڕاینەوە سووورداش.

لە ڕۆژی ١٩٨٤/٨/٢٦ عەلی حەسەن مەجید هاتە سوورداش.

# ١٠
# کۆنفرانسی شۆڕشگێڕان

١٩٨٤/٩/١

کۆبوونەوەکـــانی شۆڕشـــگێڕان، بەردەوام تـــا ئیمـــڕۆش موشـکیلەی بەرنامەمـان هەبـوو، د. پێشـەوا هەنـدێ شـتی ئامـادە کردبوو، وەک مەقالە وەها بوو، هەستام موعارەزەم کرد، ئەمە نـامیلکەیەکی مێـژووییە، نەک مـوقەدیمەی بەرنـامەیەک، چەنـد خاڵێکم تەقدیم کرد، وەرگیران و کۆنفرانس پەسندی کرد و تەکلیفی سەرکردایەتی کرد، لەسەر بناغەی ئەو خاڵانە پڕۆژەی بەرنامەیەک داڕێژرێت.

هاتینە سەر هەڵبژاردن، نۆ کەس ناویان لەسەر لەوحەکە مایەوە، بڕیار درا دوای چوار سەعات هەڵبژاردن بکرێت، ناوەکانیش؛ من، عومەر شێخمووس، د. خدر، د. پێشەوا، سەربەست بامەڕنی، شێخ عەبدولکەریم، مامۆستا ناظم، عومەر عەزیز، فارووق جەمیل. دەنگەکان بەو جۆرە بوون: من ٩٩، عومەر شێخمووس ٩١، پێشەوا ٩١، عومەر عەزیز، د. خدر، سەربەست هەریەکەیان ٥١، ناظم ٥٠، فارووق جەمیل ١٠.

دوایی عەبدولکەریم تەنازولی بۆ مامۆستا ناظم کرد، واتە ٧ ئەندامی سەرکردایەتی بەو شێوەیە هەڵبژێردران، دووشیان ئەندامی ئیحتیات یان جێگر مانەوە.

## سکرتێر

١٩٨٤/٩/٢

ئیمڕۆ سەرکردایەتیی شۆڕشگێران کۆ بووەوە، بە جێگرەکانەوە بەرنامەی کار دانرا، خالی یەکەم دانانی سکرتێر بوو، د. پێشەوا گوتی؛ لەبەر ئەوەی عومەر شێخموس لێرە نییە، تا مافی نەخورێت، من ئەو هەڵدەبژێرم، سەربەستیش پشتگیریی لێ کرد، هەروەها مامۆستا ناظمیش، مەسەلەکە کەوتە موناقەشە، من گوتم:

با وەک ساڵح یوسفی و حیزبی سۆسیالیستی کوردستانمان لێ نەیەت، بۆ هاتنی شێخمووس چەند هەوڵمان دا، حکوومەت موافق نەبوو ڤیزای پێ بدرێت و بگەڕێتەوە، شتەکە زەحمەت بوو.

عەلی حەمەساڵح گوتی: لەبەر ئەو هۆیانە هەڵبژاردنی ئەو زەحمەتە، دیار بوو لە نێوان سەربەست و پێشەوا و ناظم

ڕێککەوتنێک هەبوو، گوتیان جەنابت هەڵدەبژێرین. گوتم وەها نایکەم، دەبێت هەڵبژاردن بکرێت، نابێ مافی عومەر شێخمووس بخورێت، ئەگەر لێرە بووایە کێ دەڵێت خۆی هەڵنەدەبژارد، هەر شەش دەنگمان دا "جێگرەکانمان مافی دەنگدانیان نەبوو"، من ، د. خدر، عومەر عەزیز، دەنگەکانیان بۆ من بوو، واتە دەنگی خۆم و دەنگی د. خدر و عومەر عەزیز. پێشەوا، سەربەست، دەنگیان بۆ عومەر شێخمووس دا، ناظم، "ممتنع" واتە دەنگی نەدا. گوتیان:

باشە، ئەوە کۆتایی هات و پیرۆز بێت، ڕەفزم کرد گوتم عومەر شێخمووس لێرە بووایە، وا دادەنێم تەبیعی دەنگی بە خۆی دەدا، کەواتە ئێمە دەبینە ٣ بە ٣.

ئیعادەی هەڵبژاردن دەکەینەوە، ئەوجا مامۆستا ناظم دەنگی بۆ من دا، بووینە: فؤاد ٤ دەنگ، عومەر شێخمووس ٢ دەنگ. بۆ ناوەندی، د. خدر و د. پێشەوا داندران. د. خدر بۆ کاروباری ڕێکخستن، د. پێشەوا بۆ کاروباری ڕاگەیاندن.

چەند بڕیارێکی تریشمان دا دەربارەی ئیشوکارەکان.

***

لە ڕۆژانی دوای کۆتایی کۆنفرانسەکەدا، لەگەڵ مام و برادەران چووینە ناوچەکە، لە سووورداشەوە بۆ کەلکەسماق و کانی کوردە و تیپی ٩٣، لە بەحرکە مام جلال وتاری بۆ پێشمەرگە و خەڵکەکە دا.

لەو دەمانە مامە غەفە لەگەڵ ١٣ پێشمەرگە هاتە ناو یەکێتی. لەوێ چووینە گوندی "مورتکە" و خەڵکێکی زۆری ناوچەکە هاتن، مام جەلال وتاری پیشکەش کردن، "ساڵح شێرە" و "عەونی یوسف" سەردانی مام جەلالیان کرد. شەو لە گوندی بێستانە بووین.

بەیانییەکەی چووینە کاولان، هاتینە کۆیە خەڵکەکە پێشوازییەکی گەرمیان کردین، لە گوندی "مەلا زیاد" ماینەوە، مێشوولەی زۆر بوو، بەوەش دڵداری شاعیرم بە بیرهاتەوە باسی مێشوولەی ئەو گوندەی کردووە.

چوینە دێگەڵە "سابیر ڕەسول" و "کۆسرەت"مان بینی، لە گوندی گردەسۆر ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵە هاتبوون، خواردنیان هێنابوو، چووینەوە بەحرکە، "شاخەوان"ی بەرپرسی تیپەکەمان بینی.

***

# بەشی شازدەیەم

# دەفتەری بیرەوەرییەکانی ساڵی ١٩٨٥

## ١

# ساڵێکی تریشمان تێپەڕاند

١٩٨٥/١/١

ئێستا سەعات ١٢ی شەوە، ساڵی پار تێپەڕی، ساڵی ١٩٨٤یشمان ئاوا کرد. نیو سەعاتێکە ساڵی نوێی ١٩٨٥ سەری بۆمان دەرهێناوە.

هیوادارم ساڵی تازەمان ساڵی سەرکەوتنی سیاسی بێت.

ساڵی ڕابردوومان زۆر پڕ نیگەرانی بوو، لە ئەنجامی مشتومڕ و ململانێیەکانی گفتوگۆ لەگەڵ میری، بەڵام ئێستا وا باشە، بە بڕیاری سەرکردایەتیی خۆمان، ئەوەمان یەکلایی کردەوە، ئەو دوودڵییەمان نەما، ئەمەش وا دەکات بزانین هەنگاو چۆن بهاوێین! بەرەو کوێ بڕۆین و چ بکەین!

***

زۆر غەریبی ڕووناک و منداڵەکان دەکەم، پارەکەش سەری ساڵ لەگەڵیان نەبووم، ساڵێک زیاترە نەمدیون، جێم هێشتوون، ناشزانم دەیانبینەوە یان نا؟! یاخود بڵێم ئەوان چاویان بە من دەکەوێتەوە یان نا! ئەوەم بۆ قەدەر جێ هێشتووە.

***

مەلا عەبدوڵڵا حەسەن زادە "حیزبی دیموکراتی کوردستان/ئێران"، لەگەڵ محەمەدی حەسەن پوور، بۆ مەسەلەی ڕووداوەکانی هەوراممان هاتنە لامان، گلەییان لە ئیبراهیم جەلال هەبوو، کە لە تەحقیقەکە تەرەفداری کۆمەڵەی کردووە، دەترسان تەحقیقەکەی ئیمڕۆ تەئسیر بکاتە سەر هەڵوێستی ئێمەش.

بەڵام سەیر لەوەدا بوو مەکتەبی سیاسی ئیبراهیم جەلالی بۆ ئەوە دانەنابوو، ئاگاداریش نەکرابووەوە بەم کارە هەڵبستێت، ئەمەش یەکێکە لە دووعەقڵییەتیی ناو یەکێتی، جەمیل هەورامی بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە داندرابوو، بەڵام ڕێکخراوی مەڵبەندی یەک و فەرەیدوون دەستیان هاویشتبووە ناو کارەکە.

## بابەتی پارەکە

١٩٨٥/١/٦

چوومە سووورداش، هەوڵم دا دەربارەی حەواڵەی پارەکە، بە تەلەفۆن عومەر شێخمووس وەرگرم و قسەی لەگەڵدا بکەم، درەنگ زانیم لە سویدە نەک لە لەندەن.

نامەکەی مام جەلال بۆ عیزەت دووری بە بڕیاری پچڕانی مفاوەزات درا چاپ، کە نامەکە ڕۆژی ١٩٨٥/١/١١ تەسلیم بکرێت، بدرێتە دەست "سعدي مهدي صالح" مەسئوولی حیزبی بەعس لە کەرکووک.

نامەکەی بۆ عیزەت دووری نووسرابوو، دامە شوانی تەنسیق، کە بیدا بە سەعدی مەهدی سالْح، خۆشی بگەڕیتەوە سووورداش، لەوێ دانیشێت.

١٩٨٥/١/٨

نامەیەکم بۆ کوێخا لیوا ئیبراهیم یونس، بالْیۆزی سووریا لە تاران، نووسی، هەلْگری بەریدەکەمان "شیخ مەحموود" بوو، بڕیار بوو لەگەلْ خۆی بیبات بۆ تاران.

١٩٨٥/١/٩

ئازاد هەورامی لە گوندی کانی توو، دەعوەتی من و ناوەندی شۆڕشگێڕانی کرد.

لە مەلْبەندی چوار "هەولێر" برووسکەیەک هاتووە، دەلْێت: د. غازی کە لە شۆڕشگێڕانە گوندێکی جاشەکانی سووتاندووە، ئەوانیش دۆستی خۆمانن، مام جەلالیش لە وەلاّمدا نووسیبووی چەکی بکەن و بەدیلی بینێرن، منیش لە وشەی دیل، زۆر موتەئەسیر بووم، ئەم وشەیەم لە برووسکەکە هەلْگرت، سبەش قسەی لەگەلْ دەکەم.

مولازم عومەر نامەیەکی ناردووە، دەلْێت: وا دیارە برادەران لە زۆر لاوە وا تێدەگەن لە ١٩٨٥/١/١٥ شەڕ دەست پێ دەکاتەوە، جا پێویستە لەم ڕووەوە تەعلیمات لە مەکتەبی سیاسی دەربچێت.

خۆشم پێش چەند ڕۆژێک پێشنیارێکی وام کردبوو، بەڵام پێداچوونەوەم بۆی نەکردبوو.

## دایکم هات

١٩٨٥/١/١٠

ئێوارە دایکم و محەمەدی برام و هەندێ لە خزمەکانم بە سەیارەیەکی ٢١ نەفەری هاتن، حیسابی ئەوەیان کردبوو کە لە ١٩٨٥/١/١٥ شەڕ دەبێتەوە، ئیتر سەردانم زەحمەت دەبێت! شەو خۆشمان ڕابوارد.

شەو مام جەلال تەلەفۆنی کرد، گوتی: مەسەلەی پارەکە جێبەجێ بووە، دەبێ بەیانی زوو بچمە سووورداش، تەلەفۆن بۆ عومەر شێخمووس بکەم، لەوێ سۆراخی بکات.

## سوپەر

١٩٨٥/١/١١

بەیانی چوومە سووورداش، دوو لاندکرۆزەر و سوپەرێکمان پێ بوو، من و فەرەیدوون لە سوپەرەکەدا بووین، لە ئاوی زێی و مەرگە ئەوانی ئێمەیان دی، وایان دەزانی ئێمە دەڕۆین بۆ دیتنی وەفدی حکوومەت لە شوێنێک.

لە سووورداش قسەم لەگەڵ عومەر شێخمووس کرد، کە ئیشەکە زوو جێبەجێ بکات و بیهاوێتە سەر ناوی خۆی یان، ناوێکی تر.

قسەم لەگەڵ د. کەمال فوئاد کرد، پێم گوت پێشنیارەکەت پەسند کرا "ڕاگرتنی گفتوگۆ". قسەم لەگەڵ عومەر دەبابەش کرد.

## پیاز

١٩٨٥/١/١٢

بە شۆربای پیاز، لەگەڵ نەوشیروان و فەرەیدون لای مام جەلال دەعوەت بووین.

***

## پارەکە گەیشتبوو

١٩٨٥/١/١٣

ئاگادار کراینەوە کە پارەکە گەیشتووە، شێخمووس خەریکی جێبەجێکردنی وەرگرتنییەتی.

## بێنە بنگرد

١٩٨٥/١/١٥

مولازم عومەر بە جیهاز قسەی کرد، کە سەعدی مەهدی سالْح دەیەوێ بێتە سووورداش بۆ دیتنی مام جەلال. مام جەلال و من و فەرەیدوون لە مەکتەبی سیاسی بووین، وەڵاممان دایەوە، با بێتە بنگرد لەوێیەوە بۆ مەرگە ئەیبینین.

بۆ ئێوارە وەڵامیان دایەوە، سبەی گەر هەوا خۆش بوو، بە هەلیکۆپتەر دێنە بنگرد، یان بە ئۆتۆمبێل.

مام جەلال ئاگاداری کردمەوە فەرەیدوون چووە بۆ تەرتیبی جێگا، سبەی لەگەڵ ئەو پێکەوە سەعات هەشت و نیو دەچینە مەرگە.

دیارە حکوومەت تەنگاو بووە، بە تایبەتییش کە مەسەلەی هێرشی ئێران بەم زووانە لە ئارادیە.

## ئێوە ناتانەوێ

١٩٨٥/١/١٦

سەعات ١٢ سەعدی مەهدی سالْح بە هەلیکۆپتەر لە کەرکووکەوە هاتە بنگرد. ئۆتۆمبێلمان بۆ ناردبوو، لە بنگردەوە هاتە مەرگە.

کە هات، عەقید غەسسان عەسکری، موقەدەم ڕوکن "خضیر" ئەفسەری ئیستیخباراتی فەیلەق، ئەبوومحەمەد لە موخابەرات و ڕائید نووری لە ئەمن و... چەند کەسێکی تری لەگەڵدا بوو.

کەوتە قسەکردن گوتی: سڵاوی نائیبم پێیە "عیزەت دووری"، ئێمە بەردەوامین لەسەر گفتوگۆ، خۆتان کات دابنێن قسە بکەین و چی ماوە جێبەجێی بکەین! پوختەی قسەکانی:

١- هەر جارەی هەنگاوێک دەچینە پێشەوە، ئێوە دەکشێنەوە!

٢- پێک نەیەین و عیلاقەمان باش بێت، چاکترە لە نیوەپێکهاتن.

٣- نەهاتوومە بۆ ئەوەی بە ئێوە بڵێم، ئێوە خەتاتان هەیە و ئۆباڵەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئێوە، کە گفتوگۆکە دەپچڕێنن.

٤- ئێوە حیزبێکی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕن.

مام جەلال؛ نمایشێکی وەزعەکەی کرد، کە چۆن حکوومەت نایەوێ چارەسەری گیروگرفتەکان بکات، باسی جێبەجێنەکردنی ئیلتیزاماتی حکوومەت بەرانبەر یەکێتی کرد، پێی گوت:

ئێمە لە کۆبوونەوەی فراوان، بڕیارمان دا گفتوگۆ ڕاگرین.

منیش "فؤاد معصوم" کەوتمە قسە بە شێوەیەکی وا بێت، نەزانن لەسەر وەزعی شاری سلێمانی و یارمەتینەدانەکە ئەم هەڵوێستەمان وەرگرتووە.

باسی مەسەلەی جەبهە و حیزبە کارتۆنییەکان و جاش و ئەوانەم کرد، کە هەڵوێستی حکوومەت لەم خاڵانە بە پێچەوانەی ڕێککەوتنەکە بووە. گیروگرفتی ڕۆژانە وای کردووە قەناعەتمان لا دروست بێت، کە ئێوە ناتانەوێ لەگەڵمان ڕێک بکەون، بڕیاری ڕێککەوتنتان نەداوە.

بە کورتی سەعدی بە دڵشکاوی گەڕایەوە.

سەعدی وا دیارە هاتبوو، ئەو جارەش هەر بیەوێ وەفدمان بچێت بۆ بەغدا و هەڵمانخەڵەتێنێت.

لە قسەکردنی زۆر موئەدەب بوو، دیار بوو جوان وشەی هەڵدەبژارد.

تەوەقوع ناکەم جارێکی تر خۆی بێتەوە، مەگەر وەزع زۆر بگۆڕێت!

١٩٨٥/١/١٩

ئێوارە سیمیناری یەکەممان لەسەر گفتوگۆ دەست پێ کرد، خاڵەکانیش ئەمانە بوون:

١- مەبدەئی گفتوگۆ، لە لایەن مام جەلال.

٢- گفتوگۆ و شۆڕشەکانی کورد، نەوشیروان.

٣- گفتوگۆ و هێزەکانی سەر ساحەکە، فؤاد معصوم.

٤- گفتوگۆی ئەو جارەمان، فەرەیدوون.

## ۲۰ هەزار دۆلار

۱۹۸٥/۱/۲۲

ئیمڕۆ ئێوارە شوان لە کەرکووکەوە گەڕایەوە، پارەکەی لەگەڵ خۆی هێنابوو، دەیکرد ۲۰ هەزار دۆلار.

۱۹۸٥/۱/۲٤

دەستەیەک لە موجاهدینی خەڵق هاتنە لامان. وا دیار بوو دەیانویست بزانن وەزعی ئێمە چۆنە! بەرانبەر بە حکوومەت نیازی چیمان هەیە! کە زانییان هەڵوێستمان یەکلاکەرەوەیە، یەکسەر چوونە ناو بابەتەکە، ڕەنگە لە لایەن حکوومەتەوە نێردرابن، بزانن چی هەیە!

## مامە ڕیشە

۱۹۸٥/۱/۲٥

ئیمڕۆ پێش ئێوارە ئاگادار کراینەوە، مامە ڕیشە لەگەڵ دوو پێشمەرگە بە دەستی تاوانبار تەحسین شاوەیس شەهید کراوە.

گوتیان تەحسین چوار جار لەگەڵ دوو چەکدار چووەتە

لای ڕیشە، وای نیشان داوە دەیەوێ دۆستایەتیی یەکێتی بکات، دوایی دەعوەتی ڕیشەی کردووە، ئەویش بە خۆی و دوو پێشمەرگە چووەتە لای لەماڵەکەی، لەوێش بە غەدر شەهیدی کردووە.

بە جیهاز ئاگادار کراینەوە، کە ئێستا شەڕ لە نێوان کەرتی جەباری و جەماعەتی تەحسین بەردەوامە، لە تیپی ٢٥ی یەکێتی ژمارەیەک پێشمەرگە بۆ یارمەتی و بەشداریی شەڕەکە ناردووە.

## دڵتەزێن

١٩٨٥/١/٢٦

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو. بڕیارمان دا، لە ئاخیری ئەم هەفتەیە، دەستی باشی دڵتەزێن لە حکوومەت بوەشێنین، ئیشەکەش بە پلانێکی ڕێکوپێک و مەرکەزی بێت.

دوای نیوەڕۆ "حەمەی وەتمان" هاتە لام، چوو بۆ لای مام جەلال گوتی:

لێپرسراوی عەسکەری ئەڵوەتان "ئێران" ڕایسپاردووە، دەیەوێ بمبینێت، مومکینە هاوکاریشی بکەین.

## براکوژیی ڕۆژهەڵاتییەکان

١٩٨٥/١/٢٧

برووسکەمان بۆ هات، برادەرانی دیموکرات و کۆمەڵە لەگەڵ یەک بە شەڕ هاتوون، بەپێی برووسکەی کۆمەڵەش، دەڵێت، دیموکرات ١٠ کەسی لێ کوشتووین! شەو مامۆستا برایم هاتە لامان، بەڵام مەجال نەبوو لەگەڵی دانیشین، سبەی لەگەڵیان دادەنیشین.

ئێوارە سیمینارێکمان لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی کرد، حاکم شۆڕش بابەتەکەی نووسیبوو، بەڵام زۆر دوورودرێژ بوو.

مام جەلالیش قسەی کرد، گوتی:

لکاندنی کوردستان بە دەوڵەتی ناوەندیی عێراق بەزۆر بووە، دەوڵەتی عێراق، ئێمە وەک نەتەوە، وەک چینیش دەچەوسێنێتەوە. جا دەتوانین بڵێین کوردستان موستەعمەرەیەکە.

ئەمەش بۆچوونێکی تازەیە، چ لەناو یەکێتی، یان لەناو هێزەکانی کوردستانی عێراق، واتە کوردستان مەستەعمەرە.

## کۆمەڵە لەپشت منەوە

١٩٨٥/١/٢٨

مەفرووز بوو ئیمڕۆ کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسییمان بێت، بەڵام نەوشیروان نەهات، مام جەلال وردەوردە کەوتە قسە، نارەزایی دەربڕی، کە بێ ئەو هیچ بکرێ، گوتی:

وا هەست دەکەم کۆمەڵە لەپشت منەوە شت دەکەن.

دیار بوو مەبەستیشی ئەوە بوو، فەرەیدوون قسەکانی بۆ نەوشیروان بگێڕێتەوە، گوتی:

لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بڕیاری شەڕکردنەوەمان جارێ نەدابوو، گوتمان ١٩٨٥/١/١٥ بەیانێک دەردەکەین، ئەگەر من و د. فؤاد پێ ڕانەگەیشتباین، شەڕ دەستی پێ دەکردەوە، بە تایبەتی لە مەڵبەندی دوو و چوار، دەتوانم بڵێم مەڵبەندی یەکیش، بەڵام لە مەڵبەندی سێ وا نەبوو.

١٩٨٥/٢/١

بەیانەکەی مەکتەبی سیاسی لەسەر شەهیدبوونی مامەڕیشە بڵاو کرایەوە.

## قەرزاری دایکمانین

١٩٨٥/٢/٤

ئیمڕۆ دایکم گەڕایەوە هەولێر، زۆرم زگ پێی سووتا، کە دوێنێ بەو باران و سەرمایە هاتبوو، ئیمڕۆش بەو باران و سەرمایە و نەساغی، خۆشی دەگەڕێتەوە.

هەر هاتبوو چاوی بە من و د. خدر بکەوێت، ئێمە چەند قەرزاری دایکمانین!

## باران

١٩٨٥/٢/٥

نۆ ڕۆژە با و باران بەردەوامە. بەیانییەکەی با سەربانی مەخزەنی ماڵەکەمی هەڵگرتبوو!

## شکان

١٩٨٥/٢/٧

ئیمڕۆ بەیانی گوێمان لە دەنگی تۆپ و فڕۆکەی هەلیکۆپتەر بوو، تەوەقووعمان دەکرد لێمانەوە نزیک بێت، بەڵام دوای ماوەیەک بە بێسیم ئاگادار کراینەوە، کە حکوومەت هێرشێکی بەربڵاوی بردۆتە سەر دەوروبەری گوندی قازبەگیان لە دەشتی کۆیە، ئەنجامی شەڕەکە، دوای نیوەڕۆ بۆیان ناردین؛ ٨ تەنک + ٨ کۆپتەر + ٢ هەنتەر + ٢٠٠٠ جاش و جەیش هێرشیان بۆ سەر گۆپتەپە بردووە، بەڵام شکاون.

زیانەکانیان ٣٠ کوژراو بووە، زیانی خۆشمان شەهیدبوونی

یەک پێشمەرگە و برینداربوونی ٧ پێشمەرگە و وێرانکردنی ٢٠ خانوو لەناو ئاواییەکە بووە.

## پارەکە نەبوو!

شەو چوومە لای مام جەلال گوتی:

١- پارەکەی بۆ لەندەن ناردرابوو، عومەر شێخمووس ئیهمالی کردووە، وەرینەگرتووە، ئەنتەرپۆل دەستی بەسەر پارەکەدا گرتووە، زۆر لە شێخمووس عاجز بوو.

٢- فەرەیدوونیش بڕیاری داوە واز لە ئیشکردنی سیاسی بهێنێت، دەیەوێ سبەی بڕوات، لە ڕێگای ئێرانەوە بچێتە دەرەوە.

مام جەلال زۆر موتەئەسیر بوو، کە پێش چەند ڕۆژێک لە دەشتی هەولێر سێ ئەفسەر و جەیشی شەعبییەک لە کاتی سووتاندنی گوندی دەربەند کوژراون، کەچی چەند ڕۆژ بوو کوژرابوون، ئۆتۆمبێلەکەشیان بردبوو.

فەرەیدوون لە هەندێ لە بەڵگەکانی وازهێنانی لەسەر حەق بوو، وەک ئەوەی ئەم حاڵەتانە بڕیاری مەکتەبی سیاسی نییە و دەشکرێت، هەروەها نسکۆیەکی تری وەک ئەوەی شێخمووس ئیشەکەی جێبەجێ نەکردووە، فرسەتێکی مێژوویی لەدەست داوە، کە هەموومانی گێژ کرد!

## مام ڕۆستەم بریندارە

١٩٨٥/٢/٨

ئیمڕۆ بەیانی برووسکەی تیپی ٢٥ هات، نووسیبوویان؛ مام ڕۆستەم بریندارە، گوللەیەکی بە سەری و یەکێکیشی بە ملی کەوتووە، زۆریش خەتەرە. بۆ نیوەڕۆ ئاگادار کراینەوە کە تەندروستیی باشترە، دەیهێنینە مەرگە.

خەبەرێکمان بۆ هات حکوومەت خۆی کۆ دەکاتەوە بۆ پەلاماردانی سەرکردایەتیی یەکێتی.

ئیمشەو لە بابی موسارەحە لەگەڵ مام جەلال، داخیلی هەندێ بابەت بووین، دیار بوو نەیویست لەسەری بڕوا و قسەکەی گۆڕی.

خۆشم قەناعەتم وایە، تا ئەو باڵباڵێنە لەناو یەکێتی هەبێت، یەکێتی گەشە ناکات، جا دەبێ خەباتی بۆ بکەین.

## وازهێنانی فەرەیدوون

١٩٨٥/٢/٩

لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی، مام جەلال پێشنیارێکی کرد:

١- دەچمە دۆڵی جافایەتی، هەندێ شتە گرنگەکانی هەمانە + ئەوراق + هەندی پارە لە هەندێ شوێن دابنێم، نەبادا میری هێرشێک بێنێتە سەر گوندی سێروان، هەروەها چاودێریی ناوچەکەش بکەم.

بۆ ئەم چەند ڕۆژەش، کە چالاکییەکی گەورەمان بە دەستەوەیە، لە هەمان کاتدا خەریکی پەیوەندییەکانی ئەودیویش "ئێران" بم، سەردانی دیموکرات و کۆمەڵەش بکەم.

٢- نەوشیروان بچێتە ناوچەی مەڵبەندی سێ و چوار، هێزەکانی ئەم مەڵبەندەش دەستی باش بوەشێنن.

٣- مام جەلال خۆی لە سێروان بمێنێتەوە، هەندێ هێزی بۆ بنێرین.

مەسەلەی وازهێنانی فەرەیدوون هاتە پێش، نەوشیروان بە ئیجابی قسەی لەسەر نەکرد.

بڕیاریش درا بۆ پەیوەندییەکانی ئەمدیو، شێخ دارای حەفید لەگەڵم بێت.

## دیسان سووریا

١٩٨٥/٢/١٠

شەو چووینە لای مام جەلال، قسەی گشتی کرا، نامەیەکی نیشان دام بۆ "حافظ الاسد"ی نووسیوە، نامەیەکی زۆر جوان

بوو، بڕیارە بەم زووانە بۆ باڵیۆزی سووریا لە تارانی بنێرێت.

داوام لە مام جەلال کرد، بۆ پەیوەندییەکی ئەودیو "شێخ محەمەدی سەرگەڵوو"شم لەگەڵدا بێت، گوتی:

زۆر باشە ئەو و شێخ دارات لەگەڵدا بێت.

## خەم لە مەسینە چڵکنە شکاوە پیسەکە دەخۆم

١٩٨٥/٢/١١

بەیانی لە سێروان بە ڕێ کەوتم، شێخ محەمەد و عەبدولڕەحیمم لەگەڵدا بوو، تا شارستێن بە سەیارە، لەوێوە بە پێیان، شتەکانیشمان هاویشتە سەر پشتی ولاغ تا گوندی قەرەنگوێ، میوانی حاجی سەلیم بووین، بەشێک لە شتومەکەکانم لای ئەو بەجێ هێشت، بۆمانی بشارێتەوە، بەلام پێش ئەوەی بگەینە قەرانگوێ، لە گوندی سێدەر وەستاین، زۆر تینووم بوو، لای مزگەوتەکەیان داوای ئاوم کرد، پیاوێکی بەتەمەن لەبەردەم مزگەوتەکە بانگی منداڵێکی کرد، گوتی:

بڕۆ ئاوی بۆ بێنە.

منداڵەکەش چووە ئاودەستی مزگەوتەکە، لەوێ مەسینەیەکی نایلۆنی هێنا، دەسکەکەی پێوە نەمابوو، ڕەنگی خۆشی نەمابوو، بۆر و چڵکن. منداڵەکە چوو مەسینەکەی هاویشتە ناو ئەو گۆمە ئاوەی لە ئەنجامی باران لە چاڵەکە کۆ ببووەوە، ئاوەکەی بەناو

زبڵی ئاواییەکە دەهاتە خوار. کوڕەکە لەوێ ئاوی خواردنەوەی بۆی هێنام.

لە دیمەنی مەسینە نایلۆنەکە و ئاوی سەر زبڵدانەکە تینوێتیم لە بیر چووەوە، بەڵام زگم بەو خەڵکە سووتا کە هیچ هۆشیارییەکی تەندروستییان نییە، زۆر ئاسایی ئاوەکەش دەخۆنەوە.

گوندی سیدەر، گوندێکە ئاوی نییە، بە تایبەتی لە هاوین و پایزانەدا، ئاوی زستان و بەهاریشیان ئەو ئاوەیە.

یەکسەر بۆ یادەوەری، وێنەیەکی کابرای بەساڵاچوو و منداڵەکەم گرت.

## ١٣٠٠ ئامادەن

١٩٨٥/٢/١٢

چووینە بەرگەڵوو لای شێخ دارا. مولازم عومەر و قادری حاجی عەلی و ئەرسەلان و یوسف زۆزانی و ڕەفعەت هاتنە لام.

خۆشم چوومە لای مام ڕۆستەم، دیار بوو تەندروستیی باشتر بوو.

نامەیەکم بۆ مەکتەبی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نووسی، ئەگەر لە خەستەخانەکەیان ئەشیعە هەبێت،

ڕۆستەم لەگەڵ خۆم ببەمە لایان، ئەشیعەیەکی سەری بۆی بگرن.

چالاکییەکەی هەفتەیەکە خۆمانی بۆ ئامادە دەکەین، بەیانی ڕۆژی جومعە سەعات چوار پێش هەتاوهەڵاتنی بۆ داندراوە، دەست پێ بکات.

١٣٠٠ پێشمەرگە بۆ نەبەردییەکە ئامادەن.

## گۆشت بۆ پێشمەرگە

ڕۆژی هەینی ١٩٨٥/٢/١٥

بەیانی سەعات چوار تەقە دەستی پێ کرد، لە مالوومە دەنگی ئارپیچی زۆر بەهێز دەهات.

سەعات شەش و نیو دەنگەکان کز بوون.

سەعات هەشت بۆ گوندی گەورە دێ بە ڕێ کەوتین، برادەرانی دیموکرات زۆر بە گەرمی پێشوازییان کردین.

ئێوارە باسی وەزعی خۆمان و حکوومەتی بەغدامان بۆ کردن، گوتم:

ئێستاش ئێمە ئامادەین بۆ شەڕوەستان و ئاگربەست.

لەم ڕووەوە نامەیەکی بەپەلەیان ئامادە کرد، بینێرن بۆ مەلا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کە لە بەغدا بوو، دوایی هاتینە سەر باسی شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات، گوتیان:

نامانەوێ لە کوردستانی عێراق هیچ ئاژاوەیەک پەیدا ببێت، ئێمە ناچینە سەر کۆمەڵە، بەڵام قەناعەتم وا بوو خەریکی هەڵمەتێکی گەورەن بۆ سەر کۆمەڵە و خۆیانیان بۆ ساز دەکرد.

ئەوانەی لەگەڵمان دانیشتن، حەسەنی شەریفی، جەلیلی گادانی، حوسێن ڕستگار، هاشمی کەریمی، د. سەعید بوون.

برادەران لە ڕێگای بێسیم دەنگوباسی شەڕەکەی سەرگەڵوویان پێ ڕاگەیاندین. دیموکرات خۆشحاڵیی خۆیان بەو سەرکەوتنەی ئیمڕۆ نیشان دا، بەوەش ناوچەکە لە هێزە عێراقییەکان خاوێن کرایەوە، د. سەعید نیگەرانیی نیشان دا وەزعی ناوچەکە تێک بچێت، بۆمان باس کرد کە وەزعەکە تێک ناچێت.

بۆشم باس کردن، کە ئێستا لە نێوان ئێمە و ئێران شتێک هەیە، بەڵام هێشتا بڕیارمان لەسەر نەداوە.

شەڕەکانی ئیمڕۆ، شتێکی مێژوویی بوو، نەخشەیەکی ڕێکوپێک، جێبەجێکردنێکی ورد و دلێرانە بووە، زیانی حکوومەت زۆر بووە، دەسکەوتیش زۆر بوو، مەعنەویاتی پێشمەرگەش گەیشتە ئاسمان.

ئافەرین ماڵی شێخ عەبدولخالق باوکی شێخ عەبدولکەریم و شێخ مەحموود، میوانداریی هەموو ئەو پێشمەرگەیان کردبوو، چەندان گۆلک و حەیوانیان بۆ پێشمەرگە سەر بڕیبوو. خانەدان هەر خانەدانە.

# هێزەکەیان لاوازە

١٩٨٥/٢/١٦

لە لایەن دیموکرات بۆ مالوومە بە ڕێ کەوتین، نیوەڕۆ لە لای کۆمەڵەی یەکسانی بووین "ئێران"، لەوێوە بە ڕێ کەوتین بۆ لای کۆمەڵە.

بابەتی باسەکانمان گفتوگۆی نێوان ئێمە و میری بوو. هەموو لەگەڵماندا هاوبیر بوون، کە هودنە لەگەڵ حکوومەتی عێراق سوودی دەبێت. باسی ئەوەشمان کرد مافی خۆمانە لەگەڵ ئێرانیش پەیوەندیمان هەبێت.

دەربارەی وەزعی خۆیان و دیموکرات زۆر توندوتیژ بوون، ئەوەی هەستم پێ کرد لە دیموکرات دەترسن، هێرشێکی گەورەیان بکاتە سەر، بەڵام گوتیان؛ دیموکرات هیچی پێ ناکرێت، چونکە هێزەکەیان فشۆڵە.

داوام لێ کردن لە کوردستانی عێراق نابێت شتێکی وا بکەن لە دژی دیموکرات، شەوانیش پاسەوانی لە مالوومە دادەنێن.

# حکوومەت جیهاز دەکاتەوە

١٩٨٥/٢/١٧

هاتینە گاپیلۆن، فەرەیدوون مام جەلالی دیبوو، قسەم لەگەڵ کردبوو، دیار بوو فیکرەکەی خۆی گۆڕیبوو، دەچێتەوە سەرکردایەتی، بەڵام وا بزانم ئەوەش دوا بڕیاری نییە، دوو برای و بەختیاری خزمی کە لە دەستەکەی خۆیەتی چوونەتە ئێران، لەو ڕۆژە حەمەتۆفیقیشم بینی.

ئێوارە لای مامۆستا شێخ عیزەدین بووین، ڕەئی ئەویش وا بوو، پەیوەندیی لەگەڵ ئێران خەراپ نییە و تەبیعییە.

گوتی: من هیچ بڕوام بە حکوومەتی عێراق نەماوە، هەر خەریکی فرتوفێڵن.

مام جەلال بە جیهاز قسەی لەگەڵ کردم، گوتی؛ سەعدی مەهدی ساڵح بە جیهاز قسەی لەگەڵم کردووە، کە دەیانەوێ چیتر خوێن نەڕژێت و شەڕەکە بوەستێت، لە ڕەئی منی پرسی، منیش موافق بووم، کە ئەمە دەکاتە هودنە.

١٩٨٥/٢/٢٠

دەعوەتی مامۆستا شێخ عیزەدین بووین، مەلا حەسەنی ڕستگار "دیموکرات" هات، مەلا حەسەن گوتی:

د. قاسملوو ٥-٦ ڕۆژە هاتۆتەوە لە بەغدایە، لەسەر بۆچوونی

یەکێتی لە دەفتەری سیاسی پرسیبوو، پێشنیارەکەی ئێمەی پێ باش بووە.

## لووتیان دەشکێنین

١٩٨٥/٢/٢١

ئیمڕۆ زانیارییەک هات، حکوومەت لە کەرکووک و سلێمانییەوە هێزی جاش و جەیش و مودەرەعەی کۆ کردیتەوە، برووسکەیەکم بۆ مام جەلال و مولازم عومەر نارد. مام جەلالیش برووسکەیەکی بۆ من و مولازم عومەر ناردەوە دەڵێت:

دڵنیام ڕژێم هێرشێک دەکات، پێم وایە بۆ سەرگەڵوو و شەدەڵە دەبێت، بەڵام حەقە نەخشەکانمان جێبەجێ بکەین، بەوەش لووتی دوژمن دەشکێنین، حەقە برادەرانی دەرەوە لە سووتانی گوندەکان ئاگادار بکرێنەوە، هانیان بدەین هەرایەکی گەورە بکەن.

شەو جەبار فەرمان هاتە لام، چاوەنوارە بۆی دیاری بکرێت بچێتە سەرکردایەتی، یاخود لە ناوچەکانی مەڵبەندی دوو بێت.

کە چووە شوێنەکەی خۆی، نامەیەکی بۆ ناردم، کە ڕادیۆی BBC بەشی فارسییەکەی دیداری لەگەڵ عومەر شێخمووس کردووە، گوتوویەتی:

پێشمەرگەکانی یەکێتی هێرشیان بردۆتە سەر مەعەسکەرێکی حکوومەتی عێراقی لەنزیک سلێمانی، توانیویانە ٤٠٠ سەرباز بکوژن و ٢٠٠ سەرباز بەدیل بگرن.

## شفتەیەکی خۆش

١٩٨٥/٢/٢٦

وردەبەفر هەر دەباری، لە گاپیلۆن چووینە کارێزە کۆن لە ماڵی شێخ محەمەد دابەزین.

شێخ محەمەد پیاوێکی قەڵەوی قسە خۆش بوو، وەک پیاوە قەدیمەکانە، باسی لە سەربەخۆیی و نموونەکانی ئازایەتی دەگێڕایەوە، پیاوێکە هێشتا کیسە تووتنەکەی لەبەر پشدێنیەتی.

بە پیکابێک کە چادرەکەی دڕابوو، لە کۆمەڵگەی کارێزە بەرەو کونجرین تێپەڕین، پێش ئەوەی بگەینە کونجرین پیکابەکەمان ئیزن دا، بە پێ چووینە کونجرین، لەوێ چووینە مزگەوتە زۆر خۆشەکەی گوندەکە، کە تازە دروست کرابوو، پێشمەرگە کردبوویان بە بارەگای تیپی ٣٧ی شاربازێڕ.

بۆ نانخواردن شەو چووینە ماڵی کوێخا حاجی کەریم.

خواردنەکەمان شفتە بوو، سەوزەیەکی زۆری لەگەڵ بوو، ئەوەمان بەو درەنگە شەوە، لەو گوندە بچکۆلانە چاوەڕوان نەدەکردا بۆ نووستن، شەو چووینە ماڵی غەریب کونجرینی.

کـونجرین، شـوێنێکە زۆر سـەخت قـایم و جوانیشـە، شـەو عەلی حاجی سەعید هاتە لامان.

١٩٨٥/٣/٣

چوومەوە کونجرین، بە جیهاز قسەم لەگەڵ مام جەلال کرد، گوتی:

شتێکی تازە لە ئارادا نییە، حکوومەتیش بەردەوامە لەسەر کارە خراپەکانی.

١٩٨٥/٣/٧

نامەیەکم بۆ کوێخا "باڵیۆزی سووریا لە تاران لیوا ئیبراهیم یونس" نووسی، نامەیەکیشم بۆ "توانا ـ عبدالجبار الکبیسي" نووسی، لەگەڵ نامەکەی مام جەلالیش کە لە ١٩٨٥/٢/٢٤ نووسیبووی، ئەوانەم هەموو پێکەوە بۆ نارد.

١٩٨٥/٣/١١

ئێوارە فەرەیدوون هاتە لامان لە کوڕەداوێ، شەو لێرە بوو، هەندێ لە خزمەکانی لە سلێمانییەوە هاتبوونە لای.

۱۹۸۵/۳/۱۳

ئیمڕۆ چوومە کونجرین، لەگەڵ فەرەیدوون و جەبار فەرمان و جەمالی خواکەڕەم دانیشتین، مام جەلال برووسکەیەکی ناردبوو، بەپەلە هێز بۆ شارستێن بنێرن.

جا وەعدە وایە سبەی هەندێ لە هێزەکانی مەڵبەندی یەک بچێتە وێندەرێ، ئەگەر هێرشێک هەبوو بۆ سەر سەرکردایەتی، یان سەرگەڵوو، ئەوانە بەشداری لە بەرگریکردن دەکەن، دەنا هەر لەوێیەوە بەرەو لای تر دەچن بۆ جێبەجێکردنی نەبەردییەکەی سووسێ.

## بانکی ڕافیدەین

۱۹۸۵/۳/۱٤

ڕادیۆی ئێران بڵاوی کردەوە، سارۆخێکی ئەرزئەرزی لە بانکی ڕافیدەینی بەغدا داوە، بەڵام حکوومەتی عێراق وای بڵاو کردەوە ئەمە تەقینەوەیەک بووە، لەناو بانکی ڕافیدەین نەک ساروخی دوژمن.

قسەی عێراق دیارە درۆیە، چونکە دوێنێش ئێران ساروخێکی لە کەرکووک دابوو، حکوومەتی عێراق بڵاویکردەوە، کە کارێکی خراپکارانە بووە، حکوومەت مەبەستیەتی ورەی سوپاکەی دانەبەزێت.

١٩٨٥/٣/١٦

لەگەڵ مام جەلال بە جیهاز قسەم کرد، گوتی: بەرەو لای خۆمان وەرەوە، منیش دەگەڕێمەوە سەرکردایەتی.

## موبارەک و مەلیک حوسێن

١٩٨٥/٣/١٨

شێخ دارا و شێخ محەمەدی سەرگەڵوو بۆ ئەودیوی ئێران بە ڕێ کەوتن.

لە گەڕەدێیەوە چوومە کونجرین، لەوێشەوە بۆ کێلێ، بە سەیارە و هەندێکی بە پێیان بۆ کێلەشین، شەو لە ماڵی شێخ یوسف بووین.

لەناکاو حوسنی موبارەک و مەلیک حوسێن گەیشتنە بەغدا، دیارە شتێک لە ئارادا هەیە، ئیحتیماله میحوەرێکی ڕەسمی سەر بە ئەمریکا دروست بێت.

## نەپەڕینەوە

١٩٨٥/٣/١٩

ویستمان لە ئاوەکە بدەین و بپەڕینەوە، بەڵام بواری نەدا، بارانێکی توندی زۆر باری، ناچار شەو لای شێخ یوسف ماینەوە، هەوڵەکانی پەڕینەوەمان بێ ئەنجام بوون.

١٩٨٥/٣/٢٠

دوای نیوەڕۆ ناچار لە بەردەشینەوە بە ڕێ کەوتین، دیسان بە پێیان بەرەو کێلێ، لە ڕێگا لەبەر ڕەبییە عەسکەرییەکان، سەعاتێک خۆمان دواخست، ئۆتۆمبێلێکیان بۆ هێناین، پێی چووینە کونجرین، بەسەر کێشەی جەمالی خواکەرەم و عەلی حاجی سەعیدا چووین، چاک بوو هەوڵم دا کێشەکە چارەسەر بوو.

## ئیمساڵیش نەورۆزمان نەکردا

١٩٨٥/٣/٢١

بەیانی هاتینەوە کورەداوێی خواروو، ئیمڕۆ هەستم بە پەستی کرد، نەورۆزە بەڵام هیچ نیشانەیەکی دیار نییە.

## سیمی پەڕینەوە

١٩٨٥/٣/٢٣

خەریـک بـووین گەر بۆمـان بکـرێ لە ڕێگـای کـارێزە بچینەوە دۆڵی جافەتی، سەعات چوار یەکێکمان نارد بزانێ ڕێگاکە چۆنە و بێتەوە ئاگادارمان بکاتەوە! بەڵام سەعات ٥ باران دەستی پێ کرد، تا دەهات تینی دەستاند، بۆ سەعات ٨ بەردەوام بوو.

ئەگەر زیـاتر بەردەوام بێـت، لەوانە بـوو زۆر خـانوو بڕووخێت، بارانی وەهام کەم دیوە، کابرای ناردمان ئەویش عاسێ بوو نەیتوانی بگەڕێتەوە.

زانیمان سیمەکەی کە برادەران تازە دایاننناوە، هی ئەوە نییە پێی بپەڕینەوە.

قسەم لەگەڵ مام جەلال کرد، گوتی: تەنیام زوو بگەڕێوە.

١٩٨٥/٣/٢٤

هەر چاوەنوارِ بووین، ئاوەکە زۆ هـاتبوو، بـواری لێدانی نەبوو، دوو نامەم نارد یەکێک بۆ محەمەد لە کانی ماسی، یەکێکیش بۆ فەرەیدوون تەدبیرێکمان بۆ بکات، گەر بکرێت کەڵەکێکمان بۆ دروست بکەن.

## قایشی پانکەکە

١٩٨٥/٣/٢٦

بەیانی شێخ دارا و شێخ محەمەد زانیبوویان ئێمە هێشتا لە ناوچەکە ماوین، نامەیەکیان بۆ نووسیم کە لە کۆرانگەن، هاتنە لام لە کورەداوێ گوتیان؛ عەدەم تەعەرووزمان بۆ هاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێگاکە بەناو قیادە موەقەتەدا دەڕوات بەکەڵک نایەت، داوایان کرد لە ڕێگای میراوا-چۆمان بچینە ئەودیو.

سەعات ١ی دوای نیوەڕۆ بەرەو کونجرین ڕۆیشتین، ئاگادار کرامەوە مام جەلال خەبەری ناردووە؛ پێنجشەممە ٣/٢٨ لێرە بە.

جەمالی خواکەرەم گوتی: ئیمڕۆ سەیارە لە کاریزەوە هاتووە، جا ناردم دوو سەیارەمان بۆ هات، سەعات ٦:٣٠ بە ڕێ کەوتین لەسەر پردی کاریزە بووین، ئاو مەترێک بەسەر پردەکە کەوتبوو، بەڵام شیشەکانی پردەکە دیار بوون، مەسعوود عەزیز لێپرسراوی دەستەکەم بە سایەقەکانی گوت قایشی پانکەکانی سەیارەکان لادەن، تا لەژێر تەئسیری ئاوەکە پەکیان نەکەوێت، خۆمان لێ دا، سەیتەرەش نەمابوو، بەناو کاریزە تێپەڕین، جەماعەتی موجاهدینی خەڵق لەسەر ڕێگاکە بوون، بە هۆکی تۆکی لەگەڵ یەک کەوتنە قسەکردن، ویستیان بوەستین بەڵام گوێمان نەدانێ، بە تایبەتی پشتی چادری سەیارەکان پڕ پێشمەرگە بوون، چەک بەدەست بووین، نەوێران خۆمان لێ دەن.

لە کوڕەداوێ شێخ مەحموود سەرگەڵوو هاتە لام، گوتی نامەی هادیم بۆ هێنابووی "نوێنەرمان لە تاران"، مام جەلال وەریگرت و وەڵامیشی دایەوە.

١٩٨٥/٣/٢٧

لە کارێزە کۆنەوە چووینە گاپیلۆن، سەردانی مامۆستا "شێخ عیزەدین"، باسی وەزعی لەگەڵ بەغدا کرد، گوتی باش نییە، ئەگەر وەزعەکە لەگەڵیاندا تێک چێت، شوێنی خۆی دەگوازێتەوە، لەوێشەوە یەکسەر چووینە قەرانگوێ.

## زەماوەندی قوباد و سەرگوڵ

١٩٨٥/٣/٢٨

بە پێیان لە قەرانگوێ بە ڕێ کەوتین، بەسەر شاخەکەدا سەر کەوتین بۆ دۆڵە بی، ڕێگای سیدەر لەبەر ڕەببایە تازەکان ئەمین نەبوو، لەوێشەوە بە تراکتۆر تا ئاوژی چووین، کە گەیشتینە سێروان، بارەگای خۆمان دیار بوو، هەموو برادەران بە بۆنەی زەماوەندی پێشمەرگە قوباد کۆیی و سەرگوڵ خان لە قاعەکە دەعوەت بوون.

مام جەلال و نەوشیروان و فەرەیدوونم دی، مام باسی پەیوەندییەکان و گەڕانەوەی دلێری سەید مەجیدی بۆ کردین،

بڕیاریـان داوە شـێخ دارا لەگەڵ دلێـری سـەید مەجیـد و هـادی "نوێنەرمان لە تاران" بنە وەفد.

گوتم: ئەی شێخ محەمەد سەرگەڵوو، ئەو گوتی:

بڕیارەکە وەها دراوە.

دیارە برادەرانی کۆمەڵە لە شێخ محەمەد ڕازی نین.

دوای نیوەڕۆ مام جەلال هاتە لام لە ماڵەوە، دەنگوباسی ئەو ماوەیەی بۆ گێڕامەوە. گوتیشی مەسەلەی ئاگربەست لە ئارادایە، بەڵام هێشتا لە تەفسیر و لێکدانەوەیە، ئایا حکوومەت دەیکات یان نا؟!

١٩٨٥/٤/٥

ئێـوارە برادەرانـی کـۆمەڵەی ئێـران، د. جعفـری شـەفیعی، مامۆستا برایم گەیشتە لامان.

١٩٨٥/٤/٦

شێخ دارا و دلێری سەید مەجید بە ڕێ کەوتن بەرەو تاران، مەقسوودی براشم لەگەڵیان بوو.

بەیانی لەگەڵ کۆمەڵە دانیشتین.

ئێوارەکەی سەعات سێ کۆبوونەوەی فراوانی سەرکردایەتیی یەکێتی دەستی پێ کرد.

## شۆڕشگێڕ و ناشۆڕشگێڕ

١٩٨٥/٤/٨

ئیمڕۆ دەربارەی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵە و دیموکرات، دوای موناقەشەیەکی زۆر برادەرانی کۆمەڵە گوتیان:

١- لە شۆڕشی کوردستانی ئێران، دوو هێز هەیە، دیموکرات و کۆمەڵە "بەڵام ناڵێین دیموکرات شۆڕشگێڕە، هەروەکوو ناشڵێین ناشۆڕشگێڕە".

٢- دیموکرات نمایندەی بۆرژووای نەتەوەی ژێردەستە.

برادەرانی کۆمەڵە ئەو مەسەلانەیان زۆر بە جددی وەرگرتبوو.

## عەدنان خەیروڵڵا

١٩٨٥/٤/١١

مام جەلال و مولازم عومەر ئێوارە هاتنە لام، گوتیان: دۆستێکی مولازم عومەر، وەزیری دیفاع عەدنان خەیروڵڵا دەناسێت، لەسەر پچڕانی گفتوگۆکانمان، باسی ناڕەزایی خۆی لای ئەو کابرایە کردووە.

کابراش پێشنیاری کردووە مولازم عومەر نامەیەکی بۆ

بنووسێت، منیش "د. فواد" ئەم پێشنیازەم لا خراپ نەبوو، لەگەڵ نامەکە داوا لەو کابرایە بکات، کە دیارە کاغەزەکە نیشانی وەزیری دیفاع دەدات، داوا بکات چەند ئەفسەرێکمان هەیە گیراون بەربدرێن، ئەوەش وەک حوسنی نییەت، بەڵام لە هەمان کاتدا بڕواییمان بە گفتوگۆش نەماوە. لەگەڵ ئەم ڕژێمە هەرچۆن بێت هودنەیەک باشە، تا دەستمان لە لایەک گیر دەبێت.

١٩٨٥/٤/١٢

نامە و وێنەی منداڵەکانم بە دەست گەیشت، ماوەیەکی زۆر بوو شتی نوێی ئەوانم نەدیبوو!

١٩٨٥/٤/٢٢

شێخ دارا و دلێر لەودیو هاتبوونەوە و سەردانیان کردم. لە قسەکان و ڕازەکانیاندا دیار بوو زۆر لە ئەنجامی دیدارەکانیان ڕازی نەبوون، بەڵام من وا دەزانم پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئێران زۆر بە ئاسانی دروست نابێتەوە، دیدارەکانیان لەسەر ئاستی ئازەربایجانی غەربی بووە نەک مەرکەز.

## تیپی ۸۷

۱۹۸۵/٤/۲۳

برووسکەیەکمان لە "سەرمەد"ەوە بۆ هات، نووسیبووی حکوومەت دەڵێت: لە پێناو "تعزيز وقف اطلاق النار..."، تکایە گیراوەکانمان بەربدەن.

برادەران هەندێکیان بەم برووسکەیە زۆر دڵیان خۆش بوو، بەڵام من ئەمەم بە پیلانێکی حکوومەت دانا. دووبارە حکوومەت مناوەرەیەکە دەیکات. برووسکەکە بە ڕوونی و کراوەیی نێردرابوو، ئەوەیان ناردبوو، چونکە دەیانزانی ئێرانییەکان چاودێریی جیهازەکانمان دەکەن، هەست ڕادەگرن بۆ ئەوەی بزانن ئێمە و حکوومەتی بەغدا شتمان لە نێواندا هەیە! دەیانویست هەموو شتەکان بزانن و لەگەڵ ئێران ڕێک نەکەوینەوە.

خۆم لەو قەناعەتەدا دابووم، ئاگربەست شتێکی باشە، هەر لە سەرەتاوە بۆچوونم وا بووە، بەڵام دەبێت ئاگامان لە فێڵەکانیان بێت.

بە داخەوە ئیمڕۆ لە تیپی ۸۷ ئاگادار کراینەوە مەجیدە سوور و د. هەمزە و ئەحمەدە سوور شەهید بوون و ٥ پێشمەرگەش گیراون.

## گرتنی ئەجنەبییەکان

١٩٨٥/٤/٢٥

دووبارە برووسکەی "سەرمەد" هاتەوە، دەڵێت:

تکایە سەیارەیەک لە بنگرد چاوەنوارم بکات.

ئەم برووسکەیە وەزعەکەی گۆڕی، دیارە "غسان العسكري" دەیەوێ مام جەلال ببینێت، یەکسەر مەکتەبی سیاسی کۆ بووەوە، دوای گفتوگۆ وا بە باش زانرا، گەر داوای مام جەلالی کرد با ببینێت.

برادەران قسەی زۆریان کرد، بەڵام من وا دەزانم:

١- باسکردنی گرتنی ئەجنەبییەکان و بەردانیانە.

٢- لە ئێستاوە ڕێگای هاتن و چوون پەیوەندییەکان هەبێت، پێش دەستپێکردنی هێرشی ئێران، تا لە گفتوگۆی داهاتوودا ئێمە لێیان نەکشێینەوە.

٣- واش لە ئێران بگەیەنین لەگەڵ حکوومەت پەیوەندییمان هەر هەیە، ئەگەر شتێک لەنێوان ئێمە و ئێراندا هەبێت، بەو پەیوەندییانەوە هەڵدەوەشێتەوە.

با بزانین سبەینێ چی دەبێت..؟!

## بنزمان

۱۹۸۵/٤/۲٦

موقەدەم غەسسان هات، داوای دیتنی مام جەلالی کرد، مام جەلال قسەکانی بۆ گێڕاینەوە:

۱- سلاوی سەعدی مەهدی سالحی بۆ هێنابوو، پێویستە بە هەموو لایەک هەوڵ دەین، بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان و ڕاگرتنی شەڕ، چیتر پەلاماری ڕەبییەکانیان نەدەین.

۲- دیل و گیراوە بێگانەکانیان بۆ بەردەین، ئەوەش بکەینە حوسنی نییەت، ئینجا من ڕەئی خۆم وەک پێشوو دەربڕی، کە چاوەنواڕی هێرشی داهاتووی ئێران بین، گەر سەر کەوتن، ئەوا سیاسەت و بنزمانیان دەگۆڕێت، ئەگەر شکان، ئەوە ئەوان دەستپێشخەر بوونە بۆ هاوکاری.

جگە لەوەش دەیانەوێ ئێران بزانێت، نوێنەریان هاتووە لەگەڵ مام جەلال کۆبوویتەوە، ئەگەر پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئێران وەک سەرەتا دەستی پێ کردیتەوە، ئێرانییەکان متمانەیان نامێنێت.

۱۹۸۵/٤/۲۷

دەعوەتی مام جەلال و مەکتەبی سیاسی و چەند برادەرێکم کرد، لەپشت خانووەکەم جێگامان بۆ دانیشتنیان دانابوو.

١٩٨٥/٥/١

ئاگادار کراینەوە هێزێکی حکوومەت "کڵاوی دیوانە"ی گرتووە، مام جەلال برووسکەیەکی بۆ شێخ جەعفەر کرد، بەرەو ناوچەکە جووڵە بکات، وا دیارە مەڵبەندی سێ ئاگای لە هیچ نییە!

دەنگوباسی سلێمانی گەیشت، خەڵکێکی زۆر لە کەسوکاری پێشمەرگە گیراون، وا دیارە ئەمە وەڵامی حکوومەتە لە ئەنجامی هاتنەکەی غەسسان، گرژی و جووڵەکان لە هەموو لایەک هەیە.

## وەزع خراپە

١٩٨٥/٥/٢

ئێوارە ئاگادار کراینەوە بێتواتە و گوندی دواوە لە لایەن هێزی حکوومەت گیراون، مەڵبەندی سێ هیچ هەڵوێستێکی دیار نییە، بێجگە لەوەی بەپێی برووسکە بۆ چالاکییەکانیان داوای پارە دەکەن.

سەربەست بامەڕنی برووسکەیەکی بۆ مام جەلال کردبوو، دەڵێت:

کەس لێرە بە قسەمان ناکات، وەزع خراپە، هەر تەنیا "ڕەشۆ" لێرەیە، دوور نییە شەو هێرش بێتە سەر ئەم ناوە.

١٩٨٥/٥/٣

شێخ جەعفەر برووسکەیەکی کرد، دەڵێت:

مەڵبەندی سێ هیچی نەکردووە، بێجگە لە ٢٠ پێشمەرگەی کارۆخ کەسی تری لێ نییە!

## حەوت ڕەبیە

١٩٨٥/٥/٧

برووسکەیەکی مەڵبەندی سێ هات، حەوت ڕەبیەیان لە جاشەکان لە دەورووبەری هەرتەل و بێتواتە گرتۆتەوە.

١٩٨٥/٥/٨

دیسان جاشەکان ڕەبیەکانیان گرتۆتەوە، دەنگوباسێکیش هەیە، نەوزادی ئەنوەر بەگی بێتواتە بریندار بووە.

## شیر و تیر

١٩٨٥/٥/١١

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو؛ مام جەلال، من، فەرەیدوون، مولازم عومەر، د. خدر، ئازاد هەورامی، عومەر

عزیز. دلێریش هات کە لەودیو گەڕابووەوە، باسی سەفەرەکەی خۆیانی کرد.

دوای موناقەشـــەیەکی زۆر، داوایـــان لـــێ کـــردووین "واتە ئێرانییەکان" ڕێگەیەکی ئەمنی هەبێت لەنێوانماندا، بۆ ئەم ڕێگایە شوێنێکیان دیاری کردووە، دیارە مەبەستیانە دەستەیەکیان بێنە لامان.

لەم ڕووەوە بڕیـــار درا فەرەیـــدوون و د. خـــدر ســـەردانی دیموکرات بکەن، داوایان لێ بکەن ڕێگای فێرگەی ئەوانی لەسەرە، بگوازنەوە.

ئازاد هێشتا ئومێدێکی بە عێراقەوە مابوو، مام جەلال گوتی:

هیچ ئومێدێکم بە گفتوگۆ لەگەڵ عێراق نەماوە.

ئازاد گوتی: هیچ هیچ؟!

دوایی مام جەلال باسی سەفەرەکەی خۆی کرد بۆ لای دیموکرات و کۆمەڵە، وا دیارە چاک نابنەوە، هەردوولا شیر و تیر لەیەکتری دەسوون.

١٩٨٥/٥/١٥

فەرەیدوون و د. خدر هاتنەوە، هەندێ نامەشمان لە دەرەوە بـۆ هـاتبوو، لەوانە نـامەی عـومەر شـێخمووس، هەوڵـی داوە مەسـەلەی پـارەکە دواخـرێ، چـونکە تـرس هەیە لە بەریتانیـا دەرکرێ و سویدیش حەزی پێ ناکات.

من عیلاقەم نەماوە

١٩٨٥/٥/١٦

لە نەوشیروانەوە ئەم برووسکەیە هات.

تایبەت بۆ مەکتەبی سیاسیی بەڕێز

١٩٨٥/٥/١٦

سەڵاوێکی گەرم...

وەکوو خۆتان داواتان کردبوو، کە دوا ڕەئیی خۆمان دوای گەیشتنی هێزەکان بنووسین، هێزەکانی ئێرە بەم جۆرەن:

١- ا- هێزی مەڵبەندی سێ نزیکەی ٢٥٠ پێشمەرگەیە، لەوانە سەدیان بە شاخەوەن.

ب- هێزی مەڵبەندی چوار نزیکەی ٤٠٠ پێشمەرگە ئێستا لە جەبهەیە.

ج- هێزی مەڵبەندی دوو، ئێمە داوای دوو تیپی کەرکووک و خاڵخاڵانمان و ٢٠ پێشمەرگەی سەگرمەمان کردبوو، بەڵام لەمە ١١٠ پێشمەرگە کەرکووک گەیشتوون، ئەوەی خاڵخاڵان و سەگرمەش نازانین چەندن!

٢- لەبەر ئەوەی هێزەکەی ئێمە بەتەمای گەیشتنی بووین، لەچاو گەورەیی ناوچەکە و گەورەیی ئیشەکە کەمە، من ئەم ئیشەم بۆ ئەنجام نادرێ، داوای لێبوردن دەکەم!

٣- تکایە خۆتان تەرتیبی وەزعەکە بکەن، چونکە من ئیتر عیلاقەم پێوە نەماوە!

لەگەڵ مام جەلال قسەم کرد چی بکەین، گوتی:

سبەی با کۆ ببینەوە.

* * *

١٩٨٥/٥/١٧

ئیمڕۆ کۆ بووینەوە؛ د. خدر و مولازم عومەر، عومەر عەزیز، ئازادیش بەشدار بوون. تێیدا بڕیارمان دا دوای هاتنی قاسملوو، مام جەلال بچێتە ناوچەکە.

## ٢

## بۆردوومان

### قاچی ببڕنەوە

١٩٨٥/٥/٢٦

ئێوارە سەعات ٦:٣٠ سێ فڕۆکەی عێراقی لۆتەر و ئاوژێ و چنارنە و کانی تووی و پشتی سێروانیان بوردوومان کرد، کە ماڵی مام جەلال و مەکتەبی سیاسی و ماڵەکەی منیشی لێیە.

لە گوندی کانی توو و چنارنە، شەهیدێک و بریندارێکمان هەبوو.

بۆ ئێوارە سەعات ٨:٣٠ تۆپباران دەستی پێ کردەوە، بە تایبەتی مەرگە. پتر تۆپەکانی بۆ خەستەخانەی مەرگە بوو، حەمەی فەرەج و دوو پێشمەرگە لای جەمال ئاغا بریندار بوون، برینی کاک حەمە سەختە.

د. خدر گوتی: دەبێ قاچی بریندارەکە ببڕینەوە!

هەروەها ئاگادار کراینەوە، کە بارەگای مەڵبەندی دوو و سێ بۆردومان کراون، ئەمەش وا ئەگەیەنێ لە کۆبوونەوەی دوێنێ شەو لە قیادەی قوتری و "مجلس قیادة الثورة"، ئەم

بڕیـــارە دراوە، بێگومـــان ئەم بۆردوومـــانە و بڕیـــاری بۆردوومانکردنی ئێران حاڵەتێکی هێستریاییە حکوومەت تووشی بووە، هەر لەناویش دەچێت.

١٩٨٥/٥/٢٧

لە تۆپبارانی خەستی ئیمڕۆ سەلامەت دەرچووین.

١٩٨٥/٥/٢٨

لە ئێوارەی ئیمـڕۆ فـڕۆکە هـاتە سـەر سێروان و تەقەی لـێ کرا، بەڵام بۆمبەکانی لە ئاوژی هەڵڕشت.

بۆ سبەینێ سەعات ١:٣٠ تۆپباران دەستی پێ کردەوە.

* * *

١٩٨٥/٥/٣٠

د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، حەسەن ڕستگار، د. سەعید لە ڕێگەی کانی توو هاتنە لامان. من و مولازم عومەر لە کانی تـوو چاوەنواڕیـان بـووین. سـەعات ٤:٣٠ گەیشـتینە سـێروان. سەعات ١:٣٠ شەو تۆپباران دەستی پێ کردەوە.

* * *

## قاسملوو ڕایگرت

١٩٨٥/٥/٣١

د. قاسملوو، مەلا عەبدولڕەحمانی نارد تۆپبارانەکە ڕاگرن، بەوەش بۆردومانەکە ڕاگیرا، شەو تۆپباران نەکراین.

## دوو ڕەشنووس

١٩٨٥/٦/٢

د. قاسملوو سێ ڕۆژ لامان مایەوە. باسی سەدامی کرد، کە لە بەغدا دیویەتی، باسی مەسەلەی ئێمەیان کردبوو.

سەدام ڕەئی وا بووە "وەک قاسملوو باسی کرد"، ئێمە "یەکێتی" چاوەنوارِی شەڕی عێراق و ئێران دەکەین، بۆیە نەمانتوانیوە لەگەڵیان ڕێک کەوین. سەدام لەسەر ئاگربەست موافق بووە، جا لە کۆبوونەوەیەکی خۆمان "یەکێتی" باسمان کرد و موافق بووین.

د. قاسملوو ڕەشنووسێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو، کە زۆر شتی تێدا تێکەڵاو کرابوو، خۆمان ڕەشنووسێکمان ئامادە کردبوو بۆ ئاگربەستەکە، گەر سەر بگرێت ئەوا ئاساییکردنەوە مومکینە. هەروەها تەنسیقی عەسکەری دەکەین، ئینجا دانوستان بەردەوام دەکەینەوە.

دەربارەی پەیوەندیی دووقۆڵی یەکێتی ـ دیموکرات لەسەر هەندێ شت ڕێک کەوین.

## پێشمەرگەیەک شەهید بوو

١٩٨٥/٦/٤

ئێوارە سەعات ٤:١٥ تۆپباران بۆ سەر ناوچەی سەرکردایەتی دەستی پێ کردەوە، زۆریش دەوامی کرد. پێشمەرگەیەک لە تیپی ئاسۆس لە مەرگە شەهید بوو، سێی تریش بریندار بوون، یەک لەوانە عەبدولڕەحیم لێپرسراوی تیپی ئاسۆس بوو، شەویش سەعات دوازدە تۆپبارانەکە دەستی پێ کردەوە.

## مەخفەری ئیسکان

١٩٨٥/٥/٦

خەبەرمان بۆ هات، ناو شاری هەولێر لە لایەن ئێرانەوە بۆمباباران کراوە. گوتیان لە مەخفەری ئیسکانی داوە.

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو، بڕیارمان دا سەید ڕەسووڵ "دلێری سەید مەجید" بەدووی کارەکەی بڕوات. لەسەر دکتۆر کەریم بۆ ئەندامیەتی مەڵبەندی چوار قرەقرێک

بوو، دوایی فەرەیدوون گوتی: گەر بە پێویستی دەزانی، من دەنگی بۆ دەدەم. منیش گوتم: بەڵێ بە پێویستی دەزانم، بەڵام مام جەلال دەنگی بۆ نەدا.

## بێ ئینفیعال

١٩٨٥/٦/١٢

خەبەر هات فەقێ حەسەن فەرماندەی تیپی شەهیدان تەسلیم بۆتەوە. حکوومەتیش هێرشێکی بردۆتە سەر ناوچەی چوارتا.

مام جەلال نامەیکی نووسیبوو بۆ من و فەرەیدوون و مولازم عومەر چەند پێشنیارێکی هەبوو، لە پێشەکییەکەی نووسیبووی: "دعوا اوهام واستعدوا للنضال..." داوای کۆبوونەوە دەکات بەبێ ئامادەیی ئەو، کۆ بووینەوە چەند بڕیارێک درا: بڕیاری بابەتی نەک ئینفیعالی، پێشنیارەکەی مام جەلالیش بە هەندێ دەستکارییەوە وەرگیرا.

## مەسەلەی ڕۆژە

١٩٨٥/٦/١٣

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کۆ بووینەوە و بڕیارمان دا،

بارەگـای مەکتەبـی سیاسـی بچێتە سـەرگەڵوو، بەڵام مـن و فەرەیدوون لە شوێنی خۆمان بمێنینەوە تا بارەگا نوێیەکە ڕێک دەخرێت، جارێ مام جەلال و مولازم عومەر لە سێروان بن، قەناعەتم وایە حکوومەت ئەم هێرشانە دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێـران ڕێـک نەکەویـن، هەڕەشـەمان لـێ دەکـات لایەنگیـری نەکەین.

ئێران گەر سەر کەوت، عێراق مەمنوونە هودنەی لەگەڵدا بکەین، بەڵام ئەگەر عێراق سەر کەوت لەو شەڕەی لەپێشە، بە هەموو توانای لێمان دەدا.

مام جەلال لە نێوان قسەکانی ئیمڕۆ و پێرێیدا گوتی: هیچ ئومێدێکم بە هودنە نەماوە، بەڵام دەیویست هاوسەنگییەک هەبێت، دەنا ئەویش بڕوای وابوو هودنە دەبێت.

فەرەیدوون و مولازم عومەر دەیانگوت؛ مەسەلەی هودنە مەسەلەی ڕۆژە، لەم ڕۆژانە دێتە پێش.

## هەر بۆ پارەکە

١٩٨٥/٦/٢٠

ئیمڕۆ عومەر عەزیز لێرەوە بۆ سەرگەڵوو بە ڕێ کەوت، لەوێشەوە بۆ تەعقیبی پارەکەی لەمەڕ عومەر شێخمووس بۆ ئەودیو دەڕوات.

مەلا بەختیاریش بە هەمان شێوەوە لەوێیە، گوایە بۆ دیتنی سالار و مامۆستا جەعفەر ئێستا لە ڕەزائییەن، پێیان بڵێت واز بهێنن و بگەڕێنەوە.

١٩٨٥/٦/٢٣

بەیانی مەکتەبی سیاسی کۆ بووەوە، بابەتی "عبدالحمید الامام"م هێنایە پێش، کە لەسەر ئۆتۆمبیلەکەی کوژراوە، خۆم دەیناسم کە لە قاهیرە دەیخوێند، کەسێکی نیشتمانپەروەر و کوردایەتی دەکرد، شیعریشی دەنووسی.

هێرشم بردە سەر مەڵبەندی چوار، مام جەلال برووسکەیەکی نارد داوای تەحقیقی کرد.

بڕیاریش درا لەم ڕۆژانە مام جەلالیش بێتە بەرگەڵوو.

دوای نیوەڕۆ بە سەیارە چوومە دۆڵە بی، ڕێگاکەی شارستێن بۆ دۆڵەبی زۆر ناخۆش بوو، عومەر فەتاحیشم لەگەڵدا بوو.

١٩٨٥/٦/٢٤

ئیمڕۆ بەیانی لە دۆڵە بی بە ڕێ کەوتین بۆ بەرگەڵوو، هەموو ڕێگاکە هەورازەڕێ بوو، بە پێیان چووین، بە تایبەتی بەم گەرمایە زۆر ناخۆش بوو. لە بەرگەڵوو لای ئەنوەر بۆ ئیسراحەت لامان دا.

بۆ نیوەڕۆ چوومە بارەگا کۆنەکەی شێخ دارای حەفید کە شتەکانم لەوێ بە شێوەیەکی کاتی داندرابوون، شەو لای شێخ عەبدولکەریم بووم، عومەر فەتاح ماندووبوونی زۆر پێوە دیار بوو.

## گلەیی

١٩٨٥/٦/٢٧

ئیمڕۆ نامەیەکم لە شێخ داراوە بۆ هات، کە دیموکرات و گرووپەکانی تر گلەییان لە ڕەفتاری شەوکەتی حاجی موشیر هەیە، هەندێ کەسی چەک کردووە لەسەر ئەوەی لە دۆڵی گەڵاڵەن، جا بۆم نووسی ئاگای لێیان بێت.

بۆ ئێوارە د. خدر و مامۆستا چەتۆ هاتنە لام، گوتیان مەلا عەبدولڕەحمان "دیموکرات" بۆ هەمان مەبەست هاتبوو، گوتیان: شەوی ڕابردوو حکوومەت تۆپبارانێکی خەستی سێروانی کردووە، هەندێ لە تۆپەکان کەوتبوونە نزیک ماڵەکەی من.

## دەگوازینەوە

١٩٨٥/٦/٣٠

چووینە گوندی یاخسەمەر، نیوەڕۆ لەوێ بووین، تەماشای

شوێنەکەمان کرد، بڕیارمان دا مەکتەبی سیاسی بارەگاکەی بێتە ئێرە، هەر لەوێش کۆ ببووینەوە. بڕیاریش درا من و ئازاد هەورامی بچینە ئەودیو.

## ١٣ ڕەبیە

١٩٨٥/٧/٣

فڕۆکە بەسەر بەرگەڵوودا دەگەڕا، سێروان و چنارنە و کانی توویان بۆردومان کرد.

لە نەوشیروانەوە برووسکەیەک هات، پێشمەرگە بارەگەی فەوج و ١٣ ڕەبیەیان لە ئاکۆیان گرتووە، لە برووسکەکە دەڵێت:

دەسکەوت و کوشتار زۆرە، دیل زۆرە، بەڵام هەڵەیەکی هونەریی لە ڕادیۆکەمان کراوە، لە چالاکییەکەی دابان گەورەترە. سبەی وردەکاریتان بۆ دەنێرین و بڵاوی دەکەینەوە. گلەییم لە ئەرسەلان کرد نەدەبا وا بگوترێت.

## کۆنە عەدەم تەعرووز

١٩٨٥/٧/٥

بەیانی سەعات ٦ لە "سەفرە"وە بە ڕێ کەوتین، بە سواری

ولاغ لە چەمی "هەرزنە" بە سیم پەڕینەوە، من و دلێر بەیەکەوە ئـــازاد و ســـێ کورتـــانی ولاغەکە بەیەکەوە بـــوون، داخەکەم کامێرامان پێ نەبوو، هەر هەموومان بەیەکتری پێدەکەنین.

بە ولاغەکان پەڕینەوە و بە ڕێ کەوتین تا "ئەشکان". لەوێ بە سەیارەیەک ڕێگای میرگاس و مەرزی و بێتووش ڕۆیشتین و ئاودیو بووین. چاوەنواڕی سەیارەمان دەکرد، کە بۆمان هاتبێ لە "دوکان" بێت، بەڵام نەهاتبوو، بە هەمان سەیارەی بە کرێمان گرتبوو ڕۆیشتین، گەیشتینە مەعەسکەرێک لە هەورازتر، داوای هەویەیان لێ کردین، دلێر عەدەم تەعەرووزێکی پێ بوو، ١٠ ڕۆژ بـــوو مـــاوەی تەواو بووبـــوو، لە قســـەکانمان لەگەڵ عەسکەرەکە، عەقڵی پسوولەکە نەدەگرت، بڕیارمان دا دابەزین، تـاکوو سـەیارەکەی مەفـرووزە بۆمـان بێـت، بگـاتە لامـان، لەم سەینوبەینەدا بـووین ئۆتۆمبێلی پاسـداران هـات، ئەوەی هـاتبوو دلێری دەناسی، ئیتر بۆ سەردەشت سوار بووین.

سـودفەیەکی سـەیر بـوو، هەر لە ئەشـکان سـواری سـەیارە بـووین، تۆپبـارنی عێـراق بـۆ سـەر نـاوچەکە دەسـتی پـێ کـرد، تۆپێک هەر پەنجا مەترێک لە دووری ئێمە تەقییەوە.

کە گەیشـتینە سەردەشـت، ئێمەیـان بـردە مـاڵی قائیمقـام، کە خۆی لە دەرەوەی سەردەشت بوو.

دوایـی هـاتە لامـان بە گەرمـی بەخێرهـاتنی کـردین، گـوتی: پەیوەنـدیی ئـێمە زۆر دوا کەوت. ئینشـائەڵا هەمـوو شـت زوو تەواو دەبێـت، سـبەی بە ڕێ دەکەویـن بەرەو هەوراز، نیـوەڕۆ

برنج و شلەیەکی خۆشیان پێ داین، ئێوارەش پلاو و دەنکە نیسکمان خوارد.

## لۆبیا گەرم دەکەینەوە

١٩٨٥/٧/٦

بەیانی نانیان بۆ هێناین، لۆبیا لەناو قووتوو گەرم کرابووەوە. ئیتر چاوەنوارِ بووین ئێستا نا ئێستا تۆزێکی تر بە شوێنماندا دێن، بە ڕێ کەوتین بەرەو هەوراز، نیوەڕۆ داهات، دیسانەوە کەوتینە سەر لەگەنێک لۆبیای قووتووی گەرمکراوە، چایەکیشمان بەسەردا کرد، بەڵام کەس بەلامانەوە نەهات، کەسیش نەبوو لێمان بپرسێت بۆ وا دواکەوتن! لەنێو خۆماندا دەمانگوت:

ڕەنگە نیازیان وابێت بمانبەنە ڕەزائییە، یان گوتوویانە: بیانهێننە تاران! بۆیە وا دواکەوتوون!

بۆ ئێوارە مودیر ناحیە هات، لێمان پرسی بۆ وا دواکەوتن؟! گوتی: برادەران دەڵێن وەعدە وا بووە مام جەلال خۆی بێت. دووەم، بڕیار بوو بەیانێک لە ڕادیۆ بڵاو بکەنەوە، کە لێرە نووسرابوو، بەڵام دلێر کە لە مهاباد بوو، لەگەڵ خۆی نەبردووە.

پێم گوت: ئیتیفاق وەها نەبوو، گوتووتانە ئەگەر مام جەلال نەبوو، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ناسراو بێت بۆ لامان. بۆ

بەیـــانەکەش ئەو کـــاتە دەبێـــت، کە ڕێـــک دەکەویـــن، ئەمە هەڵوێســـتگۆڕینە، تکـــایە ئەم ڕەئیـــیەی ئـــێمە بە لێپرســـراوانتان ڕابگەیەنن.

دەستبەجێ نامەیەکیشم بۆ ئاغای ڕەفسەنجانی نووسی. مودیر ناحیە ڕۆیشت، دوای ماوەیەک هاتەوە، عەینی قسەی پێشووی دووبارە کردەوە، پێم گوت:

ئێمە شەڕ بۆ ئێوە ناکەین، ئێمە پەناهەندە نین، ئەگەر ئێوە لەگەڵ عێراق یان ڕژێمی ئێستاکە ڕێک بکەون، ئێمە لەسەر خەباتی خۆمـان بەردەوام دەبین تـا بە مـافی خۆمـان دەگەیـن. چۆن داوامان لێ دەکەن بەیانێک بڵاو بکەینەوە و بڵێین لەگەڵ ئێـران عـیلاقەی بـاش و گەرممـان هەیە، ئەمەش عـیلاقەکەیە؟! دووەم بەرانبەر بەچی ئەم ئیعلانە بکەین، ئەگەر ڕێککەوتنێک لە نێوانماندا نەبێت؟!

نامەکەی بۆ ڕەفسەنجانیم نووسیبوو، تەسلیمم کرد و گوتمان تکایە سبەی ئۆتۆمبیلێکمـان بۆ ئامادە بکەن، دەگەڕێینەوە لای خۆمان.

ئازاد و دلێر پشتگیریی هەموو قسەکانیان کردم.

## لەگەڵ کورتانەکان

١٩٨٥/٧/٧

ئیمڕۆ بە سەیارەی ئەوان، کە هی تەندروستی بوو، خالید تەوحیدی ناوێک لێیدەخوڕی، ئێمەیان تا "ئەشکان" برد، لەوێشەوە بە ولاغ بەرەو "سەفرە" ڕۆیشتین.

زۆرمان بیر کردەوە و موناقەشەمان کرد ئەو گۆڕینە چی بوو؟!

لە ئەشکان تەنیا دوو ولاغ و گوێدرێژێکمان دەست کەوت، ئازاد ئەوجارەش لە پەڕینەوەی بە سیمەکە، کورتانەکان کەوتنە لای ئەو، نەدەکرا سواری کەریش بێت، گوتم:

دلێر و ئازاد ئێوە سواری ولاغەکان بن، منیش سواری گوێدرێژەکە دەبم، بە کەر دەگوترێ "مرکب الصالحین"، هەموو پێغەمبەرەکان سواری کەر بووینە، خۆ من پێغەمبەریش نیم!

## فەرەیدوون و سالار

١٩٨٥/٧/١١

کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دەستی پێ کرد.

بابەتەکانی کۆبوونەوەکە:

١- سەفەری ئێمە بۆ سەرسنوور و هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی دوایی ئێران.

٢- ئەو نـــامەیەی د. قاســـملوو نـــاردوویەتی، کە دەڵێـــت عێراقییەکان جۆرە ئامادەییەکیان نیشان داوە بۆ ڕێککەوتن.

٣- وەزعی شۆڕش لە ڕووی داراییەوە.

مام جەلال دوایی پێی گوتم:

سالار عەزیز نامەیەیەکی توندی بۆ فەرەیدوون نووسیبوو، گوتبـــووی: هەردوو ســـکرتێر "مـــام جەلال و نەوشـــیروان" گوتوویانە حەز دەکەین لەگەڵ حکوومەت ڕێک بکەوین، تا دەستمان بگاتە ئەوراق و فایلی فەرەیدوون لە لای حکوومەت. فەرەیدوون لە نامەکەی بۆ مام جەلالی ناردبوو، دەڵێت:

ئێوە قسەی واتان لەسەر من کردووە! سالار کە چوو بۆ دەرەوە، یەک هەزار دۆلارتـان پـێ دا، مـن کە چـوومە دەرەوە دوو هەزار دۆلارتان بۆ سەرف کردم، یەعنی فەرقی من و ئەو یەک هەزار دۆلارە.

مام جەلال گوتی: لە مولازم عومەر و ئازاد هەورامیم پرسی لەسەر فەرەیدوون قسەی وا کراوە، گوتراوە؟ گوتوویانە نەخێر.

لەگەڵ مام جەلال باسی فەرەیدوونم کرد، گوتم: وا هەست دەکـات، حەزی پـێ نـاکەن، چـونکە لە کۆبوونەوەکـان کە ڕەئییـەک دەردەچێـت، قسـەیەک دەکـات بە شـێوەیەکی تونـد ڕەدی دەدەنەوە، بە تـایبەتی جەنابـت و نەوشیروان، پێویسـتە لە کۆبوونەوەکانی داهاتوو حیساب بۆ ئەو بکەن.

## یەکێکیان بەردەن

١٩٨٥/٧/١٧

دوای نیوەڕۆ قادری حاجی عەلی لەگەڵ سەلاح چاوشین و براکەی سەلاح هاتنە لام، گوتیان:

کۆرییەکان چوار کامیرا + چوار ڤیدیۆ + ١٠ ڕادیۆیان ناردووە، بەڵام جیهازی پەیوەندیی لەگەڵ دەرەوە + ئێستگەی ڕادیۆکە هێشتا ماوە.

مام جەلال گوتی: یەکێکیان بەردەن، ئەوی تر بمێنێ، تا شتەکانی تر جێبەجێ دەکەن، گوتم:

بە ڕاستی کۆرییەکان بە شرەخۆر تەماشامان دەکەن.

گوتم: شتە گرنگەکانیان جێبەجێ نەکردووە، بەڵام دیارە پشتگیری لە بۆچوونی مام جەلال دەکەم.

١٩٨٥/٧/٢١

ئێوارە نامەیەکی مولازم عومەر بۆ مام جەلال هات، منیش شکاندم و خوێندمەوە، وام زانی کاری ڕۆژانەیە، بەڵام دەرکەوت بۆ مام جەلالی نووسیبوو، کە لەو پێشنیارە عەفووی بکات بچێت بۆ مەڵبەندی یەک بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی وێندەرێ، دیفاع لە مەلا بەختیار و بەکری حاجی سەفەر دەکات، گلەییشی لە نەوشیروان زۆرە.

## براکەت بینە

١٩٨٥/٨/٢١

ئێوارە لە بەرگەڵوو لەناکاو محەمەدی برام هاتە لام، هەر چاوم پێ کەوت، گوتم: هەڵاتووی یان نێردراوی؟! گوتی:

تا ئێستا چەند جار لەدووم هاتوون، دەڵێن؛ برۆ براکانت بینە، بە زۆری هەر باسی تۆ دەکەن، دەڵێن:

دەزانین نایەتەوە و تەئسیرت لەسەری نییە، بەڵام بزانە چۆن بیر دەکاتەوە.

محەمەد گوتی:

تا ئێستا پتر لە دە هەزار دیناریان لێ ستاندووم، هەر جارە بە ناوێک و بە هۆیەک، لە مەحەلەکەم شت دەبەن و دەڵێن لە دەفتەر بینووسە دوایی حیسابی دەکەین، بانگیان کردم سەحیفەی ئەعمالیان بۆ کردوومەتەوە. حەمزە عوسمان پرسیاری لێ دەکردم، دوایی پێی گوتم:

وام بۆ نووسیووی، برا بۆ برای نانووسی.

کەچی دوایی ئەبووزیاد لێپرسراوی فەرع، پێی گوتم: حەمزە نووسیوویەتی "نوصي بتهجيره -داوا دەکەم دووری بخەنەوە".

محەمەد گوتی؛ گەر وازیان لێ هێنام، ئەوە باشە، ئەگەر

وازیشیان نەهێنا، دەبێ تەسفیەی ئیشوکارەکانم بکەم و بۆی دەرچم.

جا وا ڕێک کەوتین هەوڵەکانی خۆی بدات، پێیان بڵێت؛ من هیچ پەیوەندییەکی فیکری و سیاسی و تەنزیمی بەو نییە، وەک هەر هاوولاتییەک لە هەولێر دەژیم، خەریکی کاسبیی خۆمم.

گەر وازیان لێ هێنای ئەوە باشە، دەنا وەرە لامان، ئەوەی بۆت دەکرێ دەربازیان بکە.

ماڵی دونیاش ئەوەندە نایەنێت. بۆ سبەی گەڕایەوە هەولێر.

## خۆت مەکە تەرەف

١٩٨٥/٧/٢٢

بەیانی مام جەلالم دی، کە دوێنێ لای دیموکرات گەڕابووەوە، گوتی:

١- بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەت، د. قاسملوو وەڵامەکەی ئێمەی بە نووسین بۆ د. فازیل نارد و بۆشی نووسیووە، کە لە ئەورووپا گەڕایەوە سەرکۆماری دیووە، ئامادەیی خۆی نیشان داوە بۆ هودنە، یەکێتییش ئامادەیە، بەڵام شتەکە هەروا دوا دەکەوێت.

٢- بۆ کۆمیتە سێقۆڵییەکە "لەسەر ئاستی کوردستان" کەمال

بورقـــای پێشـــنیاری کـــردووە ئەوان و حیزبـــی دیمـــوکراتی کوردستانی ئێران و یەکێتی بن، هەندێ پەیوەندی بکەن، بە بۆنەی یادی ٤١ ساڵەی دامەزراندنی نامەیەک بە ئیمزای هەرسێ لایەن، بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بنێردرێت.

٣- مام جەلال گوتی: سەوزەکانیشم دی، یەکێکیان ئیسپانی بوو، ئەوی تریان ئەڵمانی بوو"لە بارەگای قاسملوو". هاوسۆز بوون لەسەر مەسەلەی کورد.

دوایی هاتینە سەر باسی وەزعی مەڵبەندی یەک، پێم گوت:

خۆت مەکە تەرەف لە ململانێیەکە، تۆ لەسەر ئاستی یەکێتی و شۆڕش ڕەفتار بکە.

گـوتی: ڕاستە، بەڵام دەبێ بزانین گەر هەڵوێستیان لە سنووری یەکێتی دەرچوو، بێدەنگ نابم.

## ٣

## ئەبووعودەی و دەستپێشخەری

١٩٨٥/٧/٢٤

ئێوارە مام جەلال برووسکەکەی دیموکراتی بۆ ناردم کە دەڵێ: سێ کەس هاتوون هەندێ ڕوونکردنەوەیان دەوێ، جا ئەگەر یەکێک بنێرن بۆ دیتنیان، باشە.

مام جەلالیش نووسیبووی وەرە لامان. کە چوومە لای دەرکەوت بەپێی ناوەکانیان موقەدەم ئیحسان "ابو عدي" لەگەڵ دوو کەسی تر هاتبوون، مەلا عەبدولڕەحمان "دیموکرات" لەگەڵ خۆی هێنابوونی بۆ بارەگای خۆیان لە گوندی گەورە دێ، لە ڕێگادا لە گاپیلۆن سەیتەرەی خۆمان گرتبوویان، بەڵام لەسەر قسەی مەلا عەبدولڕەحمان بەریان دابوون.

ناردمان فەرەیدوونیش هات، ڕێک کەوتین فەرەیدوون بچێت بۆ لایان و قسەیان لەگەڵ بکات. جا سبەی بە گەڕانەوەی فەرەیدوون، وەڵام وەردەگرینەوە.

ئەم دەستپێشخەرییەی حکوومەت بێگومان لە ئەنجامی هێرشی دوایی ئێرانە، ترسیشیان هەیە لە ئەنجامی هێرشی ئێران توندتر و بەهێزتر بێ.

* * *

## فیرارەکان وەرنەگرن

١٩٨٥/٧/٢٥

ئێوارە فەرەیدوون نامەیەکی نارد کە لە لای دیموکرات چاوی بە "ابو عدي" و" ابو محمد" ناوێک کەوتووە، ئەبووعودەی پێی گوتووە؛ ئەگەر ئەو شتانەی ئیمزا کراون جێبەجێ بکرێن، ئێوە موافقن لەسەر خاڵەکانی جیاوازی قسە بکرێتەوە، ئەویش پێی گوتوونە:

خاڵەکانی جیاوازییەکان باسی جەبهەی تێدایە، شتەکانیش هەمووی بەستراونەتەوە بە چوونە ناو جەبهە، ئەبووعودەی گوتوویەتی؛ لەسەر جەبهەش موافقین، دوایی فەرەیدوون گوتوویەتی: هەنگاوی عەمەلی ئاگربەستە، ئینجا ئاساییکردنەوە و هاوکاری و دانوستان.

ڕەئیی فەرەیدوون وا بووە بەپێی نامەکە: جەماعەتی موخابەرات دەست بە ئیشەکە دەکەنەوە و بە جددییش دەیانەوێ بیکەن، موقەدەم ئیحسان گوتوویەتی: زوو وەڵامتان دەدەینەوە.

موقەدەم ئیحسان لە پرسیارێکدا لە فەرەیدوونی پرسیوە و ویستوویەتی بزانێ ئامادەین بۆ گفتوگۆ؟

ئەویش وەڵامی داوەتەوە؛ بەڵێ لە ڕووی مەبدەئییەوە، لە ڕووی عەمەلیش چاکترین شت ئیمڕۆ ئاگربەستە.

موقەدەم ئیحسان ویستوویەتی بزانێت داواکانی ئەوان جێبەجێ دەکەن:

عەسکەری فیرار وەرنەگرین. چوونە ناو شاری پێشمەرگە زەبت بکرێت. خەڵکی سەر بە حکوومەت وەرنەگرین.

فەرەیدوون پێی گوتووە؛ موافقین.

١٩٨٥/٧/٢٧

لە زێوکە کۆبوونەوەی شۆڕشگێڕانمان کرد، بڕیارمان دا بڵاوکراوەیەک بە ناوی "ڕزگاری" دەرکەین.

* * *

## هەلیکۆپتەر

١٩٨٥/٧/٢٩

ئێوارە ئەرسەلان و یوسف زۆزانی هاتنە لام، گوتیان؛ هەڵۆ لەگەڵ ٤٠-٥٠ کەسێک بە دوو بیکەیسی و چوار ئارپیچی تەسلیم بوونەتەوە، گوتیان فەرهادمان نارد پێیان ڕابگات، بەڵام لە شەدەڵە هەلیکۆپتەر هەڵیگرتبوون، هۆیەکەیشی ئەوەیە کە هەڵۆ لەسەر موخالفات لە تیپی ٢٣ لادرابوو.

## پارەمان هەیە

١٩٨٥/٨/٥

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو، نەوشیروانیش ئامادە بوو، بە درێژایی باسی وەزع کرا، پەیوەندیی لەگەڵ عێراق، هودنە چۆن بێت ئەگەر کرا، نامەی هادی "نوێنەرمان لە تاران" هاتبوو کە سەردانی مەکتەبی ڕەفسەنجانی کردووە، لە نامەکەی منی پرسیبوو، گوتبوویان ناردوومانە پەیوەندیی پێوە بکرێت.

جا وا قسە کرا، کە نامەیەکی تر بنووسم بڵێم؛ کەس پەیوەندیی پێوە نەکردووین، حەز دەکەین بێین بۆ لاتان.

ڕەوتی گشتی کۆبوونەوەکە وابوو، تا ماوەیەک ئەو وەزعە ڕاگرین، نە شەڕی سەرتاسەریی گەورە، نە خۆهاویشتنە باوەشی ئێران. وەزعی گومرگەکان باشە، واریداتێکی باشیان لێوە دێت.

نەوشیروان گوتی: من چارەگە ملیۆنێکی ترم لا هەیە، جگە لە٦٠٠ هەزارەکەی لای مام جەلال، واتە وەزعمان باشە.

١٩٨٥/٨/٧

نامەیەکم بۆ ڕەفسەنجانی نارد.

١٩٨٥/٨/١٢

مەکتەبی سیاسی لەگەڵ دەزگای پێشمەرگایەتی دانیشت، مام جەلال لە قسەکانیدا زۆر باسی ئەوەی کرد، کە ئەوانەی مەسئوولییەتیان پێ دەدرێ، نابێ لەوانە بن، ترسی ئەوە هەبێت سەر بە سالار عەزیز و عێراقچییەکان بن. مولازم عومەر بێ تاقەت دیار بوو، دوایی کە کۆبوونەوەکە تەواو بوو گوتی؛ ئەوە بە من ناکرێت، من هەر بۆ دوو مانگ مەسئوولیەتی ئەم دەزگایە دەکەم.

١٩٨٥/٨/١٩

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو، یەکێک لەو بابەتانە، هەڵوێست بوو لە کەسوکاری "ئەسوەد" کە نامەردانە، حەسەن سەرتیپی بێتواتەیی و پێشڕەو و ڕابەر سیاسیی تیپی شەهید کردووە، دوایی تەسلیم بە حکوومەت بووتەوە.

بابەتەکە ئایا هەر بەتەنیا ئەسوەد و براکەی قاتلن، تۆڵە لەوان بکەینەوە!

١٩٨٥/٨/٢٤

نیوەڕۆ خەبەر هات کە کوڕەکەی مامۆستا ساڵح شەهید کراوە، لەگەڵ چوار کەسی تر، گوایە لە تۆڵەی عەمەلیەیەکی پێشمەرگە بووە.

جاش و جەیش ئۆتۆمبێلە مەدەنییەکەیان ڕاگرتووە، پێنج کەسی تێدا بووە بە شوفێرەکەوە، هەر پێنجیان کوشتوون. یەک لەوانە دڵشادی مامۆستا ساڵحە، کە تەمەنی ١٤ بۆ ١٥ ساڵان بووە.

لەگەڵ د. خدر و چەند برادەرێک چووینە بەڵخ بۆ پرسەکەی.

## حدکا و حشع

١٩٨٥/٩/٢

بەیانی د. قاسملوو ناردی قاوەیەکی لا بخۆمەوە، گوتی: مام جەلال نامەیەکی ناردووە دەڵێ؛ حەز دەکەم چاوم پێت بکەوێت، کۆبوونەوەیەکمان لەپێشە.

لە منی پرسی؛ ئەو کۆبوونەوەیە چییە؟ لە ڕاستیدا نەمزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە، هەر ئەوەندە نەبێت گوتم ئەو کۆمەڵە کۆبوونەوەیەکی لەپێشە، هەروەها ئێمەش وەک شۆڕشگێڕان لە ١٩٨٥/٩/١١ کۆبوونەوەیەکمان هەیە.

دوایی باسی دیدارەکانی خۆیانی لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق کرد، گفتوگۆیان دەربارەی چوار خاڵ بووە:

١- پەیوەندیی هەردوولایان لەگەڵ یەکتر، هەڵوێستی هەردوولا لەم ڕووەوە ئیجابی بووە.

٢- یەکێتی و حشع گلەییان کردووە، کە تۆ "واتە قاسملوو" کەوتوویتە نێوان یەکێتی و حکوومەت، نەکەوتوویتە نێوان ئێمە و یەکێتی. وەڵامم دانەوە، گوتم:

ئێوە ڕازی نەبوون مەرجتان دانا، ئێستا کە قسە دەکەن ئامادەین بکەوینە بەینتانەوە.

٣- پەیوەندیی دیموکرات و حیزبی تودەی ئێران، گوتی: وەڵاممان بۆیان ئەوە بوو؛ تودە دەبێ پەشیمانیی نیشان بدات لە هێرشەکانی بۆ سەر دیموکرات و قسەکانیان ڕاست بکەنەوە، ئەوجا دەتوانین گفتوگۆ بکەین.

دەربارەی گرووهی ٧ نەفەری؛ گوتوویانە بۆ جەبهەیان لەگەڵ ناکەن، گوتوویانە دیموکرات ڕەفزی کردووە.

٤- لە ئەوروپا گۆڤارێک دەردەچێت بە ناوی کورد، هەر حیزبێکی کوردستانی دەتوانێت بیروباوەڕی خۆی تێدا بڵاو بکاتەوە، حیزبە شیوعییەکانی ناوچەکە، نایەنە ناو ئەو کۆمەڵە هێزە کوردستانییە، کە لە دەوری گۆڤارەکە کۆ دەبنەوە، کۆبوونەوەکانیان بۆ ئەوەیە، بگەنە شێوەیەکی خەبات، ئەو کات ئەو حیزبە شیوعییانە ڕەئی خۆیان دەدەن و دێنە ناوی، یان پشتگیری دەکەن.

دوایی ڕێک کەوتین شەوێکی تر بچمەوە لایان، چونکە مەفرووز بوو کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی هەبێت، بەڵام کە چوومە گوندی یاخسەمەر دیار بوو کۆبوونەوەکە دوا خرابوو.

کە لە مام جەلالم پرسی، ئەو کۆبوونەوەیە چییە کە بۆ د. قاسملووت نووسیوە.

گوتی: کۆبوونەوەی کۆمەڵەیە لە ١٩٨٥/٩/٥.

مام جەلالیش دیار بوو لەبەر ئەم کۆبوونەوەیە، تۆزێ مشەوەش بوو.

# ٤

# کاتی ئیستقلال نییە

١٩٨٥/٩/٤

ئێوارە؛ شەوکەت، ڕەفعەت، حاکم قادر، حەمەتۆفیق، بەیەکەوە چووینە لای قاسملوو، دوایی خۆم بەتەنیا لەگەڵی دانیشتم، باسی هەندێ وەزعمان کرد.

لەوانە:

یەکبوونەوەی باڵەکانی ناو یەکێتی. ڕەئی وەها بوو ئەگەر یەک نەگرینەوە ئینشیقاقمان هەر لەپێشە.

دوایی هاتینە سەر وەزعی شۆڕشگێڕان و بۆچوونەکانی، گوتی:

شیعاری ئیستقلال وەقتی نەهاتووە، دەبێ شیعارێک هەڵگرن لەگەڵ قۆناغەکەتان بگونجێت، لەم ڕووەوە زۆر قسە کرا.

دوایی جەماعەت هاتن شەوێکی خۆشمان بەسەر برد.

## دیموکرات و خەبات

١٩٨٥/٩/٥

ئیمڕۆ بەیانی لە گەورەدێ لای دیموکرات، چوومە "بەڵخ" بۆ لای جەمالی خواکەرەم، دەرکەوت تووشی نەخۆشیی دڵ بووە.

دوایی چوومە گاپیلۆن لای مامۆستا شێخ عیزەدین کە د. قاسملوو و مام جەلالیش لەوێ بوون، لەگەڵ مەلا جەلالی برای شێخ عیزەدین.

دوا دانیشتنێکی چوارقۆڵی: یەکێتی، دیموکرات، شێخ عیزەدین، خەبات "ڕێکخستنی مەلا شێخ جەلال"، باسی پەیوەندیی نێوان دیموکرات و خەبات کرا. هەردوولا مەبدەئییەن حەز بە هاوکاریی یەکتر دەکەن.

وا ڕێک کەوتن جارێکی تر بەیەکەوە دانیشن. دوای ئەوەی لە دەفتەری سیاسی بڕیاری لەسەر دەدەن.

١٩٨٥/٩/١١

ئیمڕۆ یادی دامەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان بوو.

بڕیارمان دابوو لەم ڕۆژەدا پلینیۆمەکەمان دەست پێ بکات، بەڵام ڕەئی زۆربەی برادەران وا بوو، لە سەرەتای کۆبوونەوەکە مام جەلال بەشدار بێت، بەڵام ئەو لای دیموکراتە، نامەمان بۆ

نووسی، وەڵامی داینەوە کە دەست پێ بکەین، شەو دێمە لاتان.

سەعات ٥ی ئێوارە بە وەستانی دەقیقەیەک بۆ گیانی پاکی شەهیدان پلینیۆم کرایەوە، دوای ئەو بە بەشداریی ئامادەبووان سروودی ئەی ڕەقیب پێشکەش کرا.

ڕاپۆرتەکە، کە ئامادەم کردبوو، خوێندمەوە، بە گەرمی وەرگیرا، سەعات ٨ مام جەلال هات، دوای نانخواردن تا سەعات ١٢ لامان مایەوە. چەندین موداخەلەی بەپێزی هەبوو.

## سروودی ئەی ڕەقیب

١٩٨٥/٩/١٣

ئیمڕۆش بەردەوام بووین.

بە برادەرانی پلینیۆمم گوت: بەپێی پەیڕەو، ژمارەی سەرکردایەتی نابێت لە ٧ ئەندام زیاتر بێت، بەڵام بەم ژمارەیە ئیشوکارەکانمان ناچێتە پێش، ئێوە تەحەممولی مەسئوولییەت دەکەن. گەر ڕێگای فراونکردنی بدەن، ئێمە دەتوانین تەحەمموولی مەسئوولییەتەکە بکەین، بۆ ئەو ناوانەی بە پێویستی دەزانین بێنە سەرکردایەتی: جگە لە سێ ئیحتیاتەکە، ئەم ناوانەش پێویستە؛ شەوکەتی حاجی موشیر، شێخ دارای حەفید، مامۆستا عەبدوڵڵا عومەر بوون، پلینیۆم بە تێکڕای دەنگ موافق بوون.

لە بڕیارەکانی پیلینیۆم:

١- دوو مەکتەبی ڕێکخستن هەبێت، یەک لە هەولێر و یەکێک لە سلێمانی، بەڵام مەکتەبە مەرکەزییەکە بمێنێت، ئەندامێکی سەرکردایەتی سەرپەرشتییان بکات.

٢- سروودی ئەی ڕەقیب کرا بە سروودی ڕەسەنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

٣- پرۆژەیەک ئامادە بکرێت بۆ دەستکاریکردنی دەزگاکانی شۆڕش.

٤- پێداچوونەوەیەک بەسەر پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بکرێت.

## سەربەست بامەڕنی تووڕەیە

١٩٨٥/٩/٢٢

کۆبوونەوەمان لە کانی زێوکە "کۆبوونەوەی شۆڕشگێڕان" هەبوو. لەناو گوندی هەڵەدن فەرەیدوون مام جەلالی دیت، پێشنیاری کۆمەڵەی پێ بوو بۆ دابەشکردنی ئیشوکارەکانی یەکێتی:

١- هەموو مەسئوول مەڵبەندەکان لەوان بن، دوو ئەندام مەڵبەند لە شۆڕشگێڕان بێت.

ا- لێپرسراوی پێشمەرگە لەوان بێت "کۆڕەک - کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان".

٢- م. س و هەموو مەڵبەندەکان تەسلیم بە کۆڕەک بکرێت، ئێمەی شۆڕشگێڕان خەریکی ئیشی ڕێکخراوەیی خۆمان بین.

٣- مەڵبەنــدەکان تــا کۆبــوونەوەی داهــاتوو وەک خۆیــان بمێنێنەوە، ئەمە ڕەئی برادەرانی کۆڕەکە.

چوومە کانی زێوکە، کۆبوونەوەمان هەبوو، جارێ لەپێشەوە:

ا- بـۆ سـەرکردایەتیی یەکێتیـی نیشـتمانی کوردسـتان پێـنج برادەرمان هەڵبژارد؛ فواد، نازم، عەبدوڵڵا، دارا، شەوکەت.

ب- بۆ مەکتەبی سیاسی: فۆاد، نازم.

٤- دەربارەی پێشنیارەکانی کۆڕەک:

ا- هەر سێ مەڵبەندەکە، ئێمە چوار ئەندامی سەرکردایەتی تەرخان بکەین، کۆڕەکیش پێنج ئەندام، مام جەلال تەوزیعیان بکات، پێشنیاریشمان بەو جۆرە بوو:

١- لێپرسـراوی مەڵبەنـد، یەک لێپرسـراوی عەسـکەری، دوو لێپرسراوی کۆمەڵایەتی.

کـــۆڕەکیش دوو لێپرســـراوی مەڵبەنـــد، دوو لێپرســـراوی عەسـکەری، یەک لێپرسـراوی کـۆمەڵایەتی، ئەگەر مەڵبەنـدەکان وەک خۆیان مانەوە، یەکێکی شۆڕشگێڕان دەبێتە مەسئوول.

لەم شتانە بووینەوە، لەناکاو سەربەست بامەڕنی، دیار بوو پــڕ بووبــوو، گــوتی: دیــارە تەکەتــوول لە دژم هەیە، مــن لە هەمـووان موسـتەحەقترم بـۆ سـەرکردایەتیی یەکێتیـی نیشـتمانی کوردسـتان. مـن لە پـارتی ئیحتیـاتی لیـژنەی مەرکەزی بـووم،

خەریجی کولیەم، بەڵام دیارە تەکەتوول هەیە و د. فۆاد چۆن و بۆ وا دەبێت!

ئیتر منیش تا ڕادەیەک لێی تووڕە بووم، وەزعەکەم بۆ کۆبوونەوە شەرح کرد، کە چۆن لە دەرەوە بووە و چۆن لە شام جێی هێشتین.

هەستاوە سەرپێ و گوتی: من چیتر ناتوانم ئیشتان لەگەڵدا بکەم.

دوایی هەندێ برادەر لایان باش بوو بچنە لای و قسەی لەگەڵ بکەن. عەلی حەمەسالح، شێخ محەمەدی سەرگەڵوو، عومەر عزیز. کە قسەیان لەگەڵ کردبوو، وەڵامەکەی ئەو ئەوە بوو، لە بڕیاری خۆم نایەمە خوار، مەگەر بۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی مام جەلال تەرشیح بکەن. ئەمەش لای هەموو برادەرانی سەرکردایەتیی شۆڕشگێڕان ڕەفز کرا.

ئەبووسەرحان

١٩٨٥/٩/٢٣

چوومە لای مام جەلال، نەوشیروان و فەرەیدوونی لەلا بوو، باسی وەزع کرا.

مام جەلال نامەیەکی ئەبووسەرحانی نیشان دام، کە موقەدمێکی موخابەرات بوو لە مەرکەز، بۆ مولازم عومەری نووسیبوو، هەروەها کاغەزی مولازم عومەریش دەربارەی

نامەکەی ئەبووسەرحان و پەیوەندیی نێوان قادر ئاغا و شێخ سەدرەدین و عومەر ئاغا.

بڕیارمان دا مولازم عومەر وەڵامیان بداتەوە، بەڵام مام جەلال نامەکە بنووسێت، عومەر ئیمزای بکات.

لەگەڵ مام جەلال باسی کۆبوونەوەی دوێنێ شەومان کرد، دوایی چوومە لای نەوشیروان، بەڵام ئەو قسەکانی دوێنێی فەرەیدوونی دووپات کردەوە.

١٩٨٥/٩/٢٤

لە ماڵی شێخ محەمەد کۆ بووینەوە، پێشنیارەکانی کۆمەڵەمان تاوتوێ کرد، دوایی گەیشتینە ئەم بڕیارانە:

ا- یەکێکی شۆڕشگێڕان دەبێ لێپرسراوی مەڵبەند بێت.

ب- گەر کومەڵە موافق نییە، با لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی بێینە دەرەوە، هەمووی بۆ کۆمەڵە بێت، تا ماوەی دیارکراو.

ج- من و مامۆستا نازم چووینە لای فەرەیدوون بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکەین، عەلی حەمەساڵحمان نارده لای مام جەلال.

فەرەیدوون قسەی زۆری کرد، باسی بارودۆخی نێوخۆیانی کرد، گوتی: ئەمە هەر تەنیا بۆ پێنج مانگێکە.

ئێمەش قسەکانی خۆمانمان بۆ کرد، گوتمان: لە حاڵەتێکدا مەڵبەندێک لێپرسراوەکەی لە ئێمە نەبێت، موبەریر نییە لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیدا بین. ئێمەش باسی زرووفی خۆمان کرد، گوتم:

سبەی وەڵامتان دەدەینەوە، هەر لای فەرەیدوون بووین، مام جەلال هات. دیار بوو قسەی پێ بوو، بەڵام کە مام جەلال هات مەجال نەما، چونکە حەسەن کوێستانی و سەلیم لە ماڵی فەرەیدوون لە ژوورێکی تر بوون، ئەوانیش هاتنە لای مام جەلال.

دوایی عەلی حەمەساڵح کە هاتەوە گوتی: مام جەلال دەڵێت: مەسەلەکە تەواو بووە، لەگەڵ کۆمەڵە ڕێک کەوتووم، جەبار فەرمان نەقڵ بکرێت بۆ مەڵبەندی سێ، قادری حاجی عەلی بۆ مەڵبەندی یەک بێت، بۆ مەڵبەندی دوو شێخ دارای حەفید دابندرێت.

بەپێی ئەو قسەیەی مام جەلال... دیارە برادەرانی کۆمەڵە هەوڵەکەیان بۆ ئەوەیە، ئێمە تەنازول بکەین.

هەر لەبەردەم مام جەلال ڕێک کەوتین ڕۆژی جومعە ١٩٨٥/٩/٢٧ کۆبوونەوەی یەکێتی دەست پێ بکات.

## پیاوێکی تێکدەرە

١٩٨٥/٩/٢٦

چوومە لای مامۆستا شێخ عیزەدین لەسەر داوای خۆی.

دەیەوێ بچێتە ئەورووپا بۆ ڕوونکردنەوەی مەسەلەی کورد. پێویستی بە هاوکاریی ئێمە هەیە بۆ خەڵکناسین، گوتم:

ئامادەین بۆ ئەم مەبەستە هەموو هاوکارییەکی جەنابت دەکەین، دیارە خێزانەکەشی لەگەڵ خۆی دەبات، بەڵام ئایا یەکجاری دەڕوات! ڕەنگە لە ئەورووپا ئەم بڕیارە بدات.

هێرشێکی زۆری بردە سەر سەلاحی موهتەدی، گوتی:

بە تەبیعەت پیاوێکی تێکدەرە، پیشە و کاری هەمیشە گیروگرفت دروستکردن بووە.

لە گەڕانەوەم کۆسرەتم بینی، پێم گوت: سبەی کۆبوونەوە هەیە. گوتی: نەمزانیوە، بەڵام وا ئاگادارم سبەی مام جەلال و فەرەیدوون دێنە لاتان.

جا نامەیەکم بۆ مام جەلال نووسی، وەڵامی دامەوە سبەی بۆ نیوەڕۆ دێتە لامان، هەندێ ئیشوکاریش هەیە، دیارە مەوزووع مەڵبەندەکانە.

## حیزبی طلبەن

١٩٨٥/٩/٢٧

مام جەلال لە کانی زێوکە هاتە لامان، دەعوەتێکی باشمان بۆ کرد، دوایی فەرەیدوون هات.

مام جەلال مەوزووعی کردەوە، لە سەرەتاوە لەگەڵ خۆم، هەندێ دەنگوباسی بۆ باس کردم، قاسملوو نامەی بۆ نووسیوە، کە سەفەری مامۆستاکەیان "مەلا عەوڵڵای حەسەن زادە" بۆ دەرەوە زۆر باش بووە، نامەکەی ئێمەیشی بۆ مامی گەورە گەیاندووە.

لە کۆبوونەوە هاتە قسەکردن، دیارە بابەتی باسی مەڵبەندەکانە: گوتی:

وەزعی ناو کۆمەڵە باش نییە، ئێستا لەوەداین یەکیان دوور بخەینەوە لە مەڵبەندێک. من وەعدتان دەدەمێ دەرفەتیان بدەن تا سەری ساڵ، ئەو کات مەڵبەندەکان هەر چواریان نیوە بە نیوە، دوو بۆ وان دووش بۆ ئێوە. ئەگەر سێش بوو وەک خۆتان پێشنیارتان کردووە، یەکیان لێپرسراوی لە ئێوە دەبێت، یەک مەسئوولی عەسکەری، دوو مەسئوولی کۆمەڵایەتی، ئەو کات ئەگەر ئەوەیان قبووڵ نەکرد، من بە هەموو توانام لەگەڵتانم، ئەم قسانەی لەگەڵ من کرد.

کە هاتە ناو کۆبوونەوەی شۆڕشگێڕان، هەموو ئەو قسانەی وشە بە وشە دووبارە کردەوە.

هەروەها گوتی: هاتووم بۆ تکاکردن، نەهاتووم بۆ موناقەشە، چـونکە حەق لەگەڵ ئێـوەیە، لە کۆبـوونەوەی کـۆمەڵە بەگـژ هەندێکیاندا چووم کە گوتی:

شۆڕشـگێڕان حیـز طلـبەن... فەرەیـدوونیش هەمـان قسـەی دووبـارە کـردەوە، هەنـدێ لە برادەرانـی شۆڕشـگێڕان ویسـتیان موناقەشەی مام جەلال بکەن، مام جەلال گوتی، بۆ تکاکردن هـاتوومە نەک بـۆ موناقەشـە، لە سـەرەتاوە پـێم گـوتن، ئەگەر قبـوولی نـاکەن خۆتـان تەحەمـوولی مەسئوولیەت دەکەن، هەر شتێ ڕوو بدات چونکە قۆناغەکە ناسکە، ڕێگایان بدەن.

موافـق بـووین لەسـەر ئەوە تـا ١٩٨٦/١/١، گەر پـێش ئەم تـاریخەش کێشـەکان چارەسـەر کـران، ئەوە زووتـر وەعـدەکە جێبەجێ دەبێت.

مام جەلال گوتی: من مەسئوولم.

لە هەسـتانا ڕووی لە فەرەیـدوون کـرد، گـوتی: سوپاسـی شۆڕشگێڕان بکە، لەسەر ئەو مەوقیفە پیاوانەیان.

لە قسە نهێنییەکـانی مـام جەلال بـۆی بـاس کـردین: مەلا بەختیـار لەگەڵ سـالارە، چەنـد ئیعتیرافـاتی لەسـەر هەیە، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەین.

ڕێـک کەوتـین کۆبـوونەوەی مەکتەبـی سیاسـی ڕۆژی یەکشەممە ١٩٨٥/٩/٢٩ بێت.

٣٠/ ١٩٨٥/٩

ئیمڕۆ لە جیاتیی دوێنێ کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو، مەڵبەندەکان هەندێکیان پڕ کرانەوە.

بۆ مەڵبەندی چوار، مامۆستا چەتۆ وەک ڕابەری سیاسی دانرا.

مەڵبەندی سێ عەزیز بەگ، دڵشاد حەسەن لە لایەن شۆڕشگێڕانەوە، کە کۆمەڵەش حەسەن کوێستانی بنێرێت وەک مەسئوول و مەسئوول عەسکەرییش.

هەروەها حوکم درا بە ئیعدامکردنی فەرهادی قادر شورتە لەسەر کوشتنی کوڕی د. خالید بە ناهەق.

مامۆستا نازم بۆ یەکەم جار، وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەشداری کۆبوونەوەی کرد.

## ناهێڵم ئیعدامی بکەن

١٩٨٥/١٠/٦

ئیمشەو حاکم قادر هاتە لام، گوتی قادری حاجی عەلی نامەیەکی بۆ نووسیوم، کە تەنفیزی حوکمی ئیعدام بەسەر فەرهادی قادر شورتە بکەین، بە فەرمانی مەکتەبی سیاسی و مەعلووماتی لێ وەربگرین، دەربارەی ناوی تەواوی و شوێنی لەدایکبوونی بۆ ئەوەی بۆ تۆ بهێنن.

بەڵام کە چـووین بیـبەین بـۆ جێبەجێکردنـی حـوکمەکە، دەرکەوت هیچ تەحقیقێکی لەگەڵدا نەکراوە، ویژدانمان ڕێگای نەداین ئیعدامی بکەین، بۆیە هاتوومەتە لای تۆ، دوایی هەر حاکم قادرم لا بوو، حاکم عومەر و ڕەفعەتی مەلا هاتن کە دەستەی جێبەجێکردنی حوکمەکە بوون، هەمان قسەیان دووپات کردەوە، کابرا دڵخۆش بوو کە چووین لەگەڵ خۆمانی ببەین لە سجنەوە کە نازانێ لەسەر چی گیراوە! ئێستا تەحقیقی لەگەڵ دەکرێ.

منیش وەرەقەیەکم نووسی داوام کرد لەسەر بڕیاری من، جێبەجێکردنی حوکمەکە دوا دەخرێت، تا ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو.

لە بەشداریی بڕیارەکە زۆر پەشیمان بووم، گوایە تۆمەتبارەکە تەحقیقی لەگەڵ کراوە، بۆیەش لە مەڵبەندی چوار و دادگای مەڵبەند حوکمی ئیعدامیان داوە، بڕیارەکەشیان ناردبووە مەکتەبی سیاسی بۆ تەسدیقکردن.

جارێکی تر تا تەئکید نەبم لە تەحقیق و ئیجرائاتی قانوونی، لەسەر هیچ بڕیارێکی وەها بەشدار نابم!

## ٥

## پارتی ئیجابییە

١٩٨٥/١٠/٩

ئیمڕۆ کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو.

مام جەلال ئەو نامەیەی خوێندەوە کە پارتی بۆ یەکێتی ناردووە، نامەکە لە ڕووی داڕشتنەوە جوان نەبوو، لە وەڵامی ئێمە کە دووقۆڵی دانیشین. دەڵێن: وەک جود دادەنیشین.

مام جەلال موتەفائیل نەبوو، لە شێوەی نامەکەش موتەئەسیر بوو، نەوشیروان نامەیەکی بۆ مام جەلال ناردووە، دەڵێت: نامەکەی پارتی ئیجابییە.

لەبەر ئەوەی بابەتەکە لەناکاو بوو، پێشنیارم کرد موناقەشەکە دواخەین بۆ یەکشەممەی داهاتوو.

پێشنیارەکەم قبووڵ کرا.

## نەچێتە لای دیموکرات

١٩٨٥/١٠/١٣

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو.

شتێکم نووسیبوو بۆ وەڵامدانەوەی نامەکەی پارتی، قبووڵ کرا، دوای دەستکارییەکی سادە، یان کەمێک زیادکردن.

بڕیار درا من و فەرەیدوون ئەندامانی وەفدی دیتنی پارتی بین.

بڕیار درا بۆ ئاگادارکردنی دیموکرات لەسەر ئەم نامەیە، مام جەلال و نەوشیروان بچنە لای دیموکرات. بەش بە حاڵی خۆم، هیچ هۆیەک بۆ ئەوە نابینم، مام جەلال ئەوەندە بچێتە لای دیموکرات.

# ٦
# مەلا بەختیار دەگیرێت

١٩٨٥/١٠/٣٠

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی لە بەرگەڵوو، لای من بوو.

بڕیار درا "مەلا بەختیار" و جەماعەتەکەی بگیرێن، پێش ئەوەی ببنە موشکیلەیەکی گەورە.

بڕیار درا لەتیف بکرێت بە جێگری تیپی ١٢ی سۆران.

ئێوارە محەمەدی شێخ جەلال لەگەڵ نووسەران لە سەرگەڵوو بەشەڕ هاتبوو، یان ئەوان شەڕیان پێی فرۆشتبوو، دوا شت قادری حاجی عەلی چەکی کردووە و پێی گوتووە سبەی ماڵەکەت بار دەکەیت و دووسەد جووت شەقت لێ دەدەم.

گوایە مام جەلال لەم ڕووەوە نامەی بۆ قادری حاجی عەلی نووسیوە، کەچی مام جەلال گوتوویەتی نەسیحەتی بکە، بەڵام دیارە قادر وا لە ئامۆژگارییەکە تێنەگەیشتووە.

موشکیلەکەش ئەوەیە نووسەران لە ژووری مزگەوتی گوندەکە دەژین، خەڵکی گوندەکە ئەوەیان پێ ناخۆشە، بە تایبەت کە دەخۆنەوە، خەڵکی ئاواییەکەش مەلایان هێناوە، مەلاش جێگای نییە.

بڕیار وایە شێخ عەبدولکەریم چارەسەری مەسەلەکە بکات.

## دەمانچە

١٩٨٥/١٠/٣١

ئیمڕۆ بەیانی لە دامێنی بەرگەڵوو چوومە لای مام جەلال، بۆ بڵاوکردنەوەی ژمارەی داهاتووی "الشرارة" لەگەڵ ئەرسەلان لە کۆبوونەوەدا بوو.

لەوێ بووم نامەکانی برادەرانی دەرەوە هات، هەندێ دەنگوباسی خۆشی تێدا بوو، لەوانە عومەر شێخمووس، "بن سلای" دیبوو، لە لایەکی ترەوە لەگەڵ "قذافی الدم" کە خزمێکی نزیکی قەزافییە و ئیعتمادی دەکاتە سەر، دانیشتووە. وەعدە وایە شێخمووس سەردانی لیبیا بکات.

لەگەڵ مام جەلال و شێرکۆ بێکەس مەسەلەکەی محەمەدی شێخ جەلالم باس کرد، بۆم ڕوونکردنەوە کێشەکە لە چییەوە هاتووە.

شەو تۆپبارانی سەرگەڵوو کرا، دوو تۆپیش بەسەر ئێمەدا ڕۆیشت.

## کۆپتەر ڕەسەد بووە

١٩٨٥/١١/١

شـێخ عەبـدولکەریم و ڕەفـعەت هـاتنە لام، شـێخ عەبدولکەریم، گوتی: لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی قادر ئیستیقالەم داوە، چـوومەتە لای نەوشـیروانیش، ئەویـش نـامەیەکی دوورودرێژی بۆ قادر نووسیوە.

دوای نیوەڕۆ نامەیەکم بۆ مام جەلال نووسی؛ با حەمە ئەم چەنـد ڕۆژە لەگەڵ پێشـمەگەکانی جەنابـت بێـت، نامـانەوێ کێشەیەکی وەها بچووک گەورە بێت، ئەم کابرایە دیارە خۆی لێ گۆڕاوە، دەنا کوشتن ئەوەندە ئاسانە!

دوای نیـوەڕۆ هەڵەدن و مـالوومە لە قەڵاچـۆلانەوە بومبـاران کران.

لە مالوومە دوو ئافرەت بریندار بوون، لە هەڵەدنیش پیاوێک و ژنێک بریندار بوون.

هەلیکـۆپتەر هەڵسـا بـوو لە نێـوان گـاپیلۆن و وەڵاغلـوو، ڕەسەدی بۆ تۆپەکان گرتبوو. سەرگەڵووش بۆردومان کرا.

## لە مزگەوت دەخوێنەوە

١٩٨٥/١١/١٢

بەیانی نەوشیروان هاتە لام، گوتی: پلانەکە زۆر مەحکەم بوو و سەری گرت، مەلا بەختیار و جەماعەتەکەی بێ تەقە و ڕەقە گیران.

دوای نیوەڕۆ شێخ عەلی "خولە کەشکۆل" لە مالوومە گیرا. قادری حاجی عەلی گوتی: ئەم کێشەیەش کۆتایی هات.

ئەدیبەکان وایان زانیبوو، من دەستم هەبوو لە تەشقەڵەپێکردنی شێخ محەمەد پێیان.

نەوشیروان ئیمڕۆ هاتە لام، گوتی:

شتێ بکە چارەسەری ئەم مەسەلەیە بکات، چونکە نووسەران خەریکی ئیحتجاجن و خەریکە بڕۆن.

منیش چوومە لایان، ئەحمەد زامدار و براکەی لەوێ بوون، محەمەد موکری لەوێ نەبوو، ئیتر وەزعەکە بەرەو ساردبوونەوە ڕۆیشت.

## ئێوە بگوازنەوە

١٩٨٥/١١/٣

لەگەڵ نەوشیروان چووینە لای مام جەلال، لەدوای فەرەیدوون و مامۆستا نازمیشی نارد، باسی وەزعمان کرد، بڕیار درا ئیحتیرامی مەلا بەختیار بگیرێت.

وەک زاندراوە لەناو ئەوراقەکانی مەلا بەختیار دەرکەوتووە، فەرەیدوون فەرماندەی تیپ لە مەڵبەندی یەک پەیوەندیی لەگەڵ ئیستیخبارات هەیە کە ویستوویانە بیگرن، دەرکەوتووە بەماڵەوە هەڵاتووە، ڕەنگە بۆ لای حکوومەت چووبێت.

هەر لە لای مام جەلال بووم، لەگەڵ نەوشیروان، کە نامەیەکی مولازم عومەر گەیشت، بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتیی ناردبوو، بریتی بوو لە ئیستقالەی خۆی وەک نارەزاییەک لەسەر گرتنی مەلا بەختیار، جیهازی بێسیم و جیفرە و مۆری دەزگای پێشمەرگایەتی ناردبووەوە، دەستبەجێ ئیستیقالەکەی قبووڵ کرا.

فەتاحی کاویانی ئەندامی سەرکردایەتیی دیموکرات نیو سەعاتێک هات لە لامان مایەوە، قسەکانی ئەوانەی خوارەوە بوون:

. دیسان لە گاپیلۆن ئیهانە کراون.

. محەمەد موکری و دوو کەسی تر چوونەتە لایان، داوایان

کردووە بچنە لایان، ئەوانیش داوای لێبوردنیان لێ کردوون.

لەبەر بارەگاکانی یەکێتی لە پشتئاشان، بارەگاکانی ئەوان بۆردومان کراون، وەڵامی من بۆ مەکتەبی سیاسی ئەوە بوو: پێشمەرگەکانمان لە شوێنی خۆیانن، ئێوە بگوازنەوە.

## ئازاد هەورامی؛ مارکسییەت

١٩٨٥/١١/٩

چوومە لای مام جەلال، هیچی تازە نەبوو، ئەوەندە نەبێت کە چووەتە لای کۆمەڵە "ئێران" گلەیی لێ کردوون، کە پشتگیری مەلا بەختیار دەکەن. ئەوانیش پاکانەیان بۆ کردووە، کە شتی وەها نییە و گوتبوویان: لە ژمارەیەکی "ئاش" بە ئیجابییەت باسی سوڤیەتی کراوە، جا ئەمانە لای ئێمە خائینن.

ئازاد هەورامی هاتە لام، گوتی: حەز دەکەم هەندێ قسە هەیە بیکەین، قسەکانیشی ئەوانە بوون: ناتوانێ لە سەرکردایەتیی کۆمەڵە بەردەوام بێت. گوتی: من نەدەتوانم وەک جەبار فەرمان بچمە سەر مەلا بەختیار، نە وەک پشکۆش بچمە زیندان، باسی خۆی کرد، کە چەند ساڵە چەند ماندووە، هەر ئیشی بۆ کۆمەڵە کردووە، کەچی ئێستاش ئەمە وەزعی کۆمەڵەیە، وای قسەی ئەکرد مارکسییەت نامانگەیەنێتە هیچ، دەبێ ڕێزی یەکێتی بپارێزین، بەڵام بە من ناکرێ لە سەرکردایەتیی بەردەوام بم.

١٩٨٥/١١/١١

چوومە یاخسەمەر، سەرم لە دەزگای پێشمەرگە دا، براکەی فەرەیدوونم دیت، گوتی: مەلا بەختیار هێندراوە بۆ ئێرە، لە مالوومەش جەمال ئاغا قسەکەی دووپات کردەوە.

## تەحقیق

١٩٨٥/١١/١٢

بەکری حاجی سەفەر و دلێری سەید مەجید هاتنە لام، باسی ئەوەیان کرد، کە چۆن وا لە مەلا بەختیار بکرێت، کە نیازی ئەوە بووە جەماعەتەکە بەرەو سیاسەتی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بهێنێت، نەدەبووایە بەم جۆرە موعامەلە بکرێ، منیش پێم گوتن:

جارێ لە نەکوشتنی دڵنیابن، هەروەها ئیهانەش ناکرێ، ئەگەر تەسەڕووفەکانی دووبارە نەکاتەوە و ببێ بە هۆی ئیهانەکردنی، بەڵام دەبێ تەحقیقی لەگەڵدا بکرێت و تەماشای ئەوراقەکانی بکرێت، ئەو کات بڕیار دەدرێت. دڵنیاش ببنەوە ناکوژرێت، بەڵام جارێش بەرنادرێت.

پێش ئەوەی بێنە لام، چووبوونە لای نەوشیروان، دوێنی بەیانییش لای مام جەلال بوون.

## وەڵام بداتەوە

١٩٨٥/١١/١٣

ئیمڕۆ لەگەڵ نەوشیروان چووینە یاخسەمەر بۆ کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی، بەڵام دەرکەوت مام جەلال چووەتە لای دیموکرات.

دوایی چووینە ماڵی فەرەیدوون لەوێ دانیشتین، بابەتی گرتنەکەی مەلا بەختیار هاتەوە پێش، دیار بوو فەرەیدوون حەزی دەکرد ئازار بدرێت، بەڵام من موافق نەبووم، هەروەها نەوشیروانیش گوتی: من مانعم نییە بیانکوژین، بەڵام لەگەڵ ئەشکەنجەدان و سووکایەتی نیم.

دوایی پێشنیارم کرد هەندێ پرسیار بنووسرێتەوە، بدرێتە مەلا بەختیار پێی بگوترێت: تا وەڵامی ئەو پرسیارانە نەدەیتەوە، نە تەحقیقت لەگەڵدا دەکرێت، نە موحاکەمەش دەکرێیت، جا خۆت و چالاکیی خۆت.

## ژنخواستن

١٩٨٥/١١/١٥

ئیمشەو چووینە یاخسەمەر بۆ داخوازیی کچی کاک

حەمیدی کەرکووکی، بۆ شۆڕشی حاجی سۆفی مستەفا "شۆڕش حاجی".

من و نەوشیروان پێکەوە چووین، مام جەلالیش هات، شەو لە ماڵی مام جەلال ماینەوە، زۆر دانیشتین، بە ڕوونی و ڕاشکاوانە هەندێ بابەتمان ورووژاند.

دوایی من و نەوشیروان نەخەوتین تا سەعات ٢:٣٠ی دوای نیوەشەو، باس هەر باسی دوارۆژمان کرد.

پێم گوت: خوانەخواستە مام جەلال شتێکی بەسەر هات، تۆ وەک کۆمەڵە ناتوانی سەرکردایەتیی شۆڕش بکەیت، بەڵام گەر وەک یەکێتی بیت، وەزع دەگۆڕێ.

گوتی: ئەمە ڕاستە.

**١٩٨٥/١١/١٩**

ئیمڕۆ بەیانی چوومە مالوومە لە دەزگای ڕۆشنبیری هەندێ ئیشم هەبوو. بڕیارە نەوشیروانیش سەعات ١٠:٣٠ بێتە وێ، پێکەوە بچینە لای دیموکرات.

مامۆستا نازم گوتی: تازە لە یاخسەمەر زانیم دیموکرات میوانی حکوومەتیان دێ، منیش گوتم: با چ قسە دروست نەبێت نەچین باشترە. واشم زانی وا دیارە فەرەیدوون ئاگادارە و پەیوەندیی بە نەوشیروان کردووە، بۆیە نەوشیروان لە کاتی خۆی نەهات، بەڵام شەو زانیمان میوانەکانی دیموکرات سبەینێ دێن، نەک ئیمڕۆ.

## پێیەک هەورازتر

١٩٨٥/١١/٢٢

دوێنێ میوانی دیموکرات بووین، بەیانی پێش گەڕانەوەمان د. قاسملوو گوتی: حەزم دەکرد ئیمشەو لامان بن، چونکە هەندی شت هەیە دەمەوێ لەگەڵتانا باسی بکەم.

نەوشیروان گوتی: چییە؟!

ئەویش گوتی پەیوەندیی بە هەردووکتانەوە هەیە. بە پێویستی دەزانم شۆڕشگێڕان پێیەک هەورازتر بچن، کۆمەڵەش تۆزێک بێتە خوار، تاقیکردنەوەکان وا دەخوازن هەمووتان ببنە یەک.

جا لەسەر ڕۆیشتن بووین، مەجالی قسە نەبوو، هەر ئەوەندە نەوشیروان گوتی: ئێمە زۆر لێک نزیکین، منیش گوتم:

ئێمە بەلای ڕاستمان دانەشکاندووە.

دوایی سەرێکمان لە مەلا شێخ عیزەدین دا، بۆ نیوەڕۆ گەڕاینەوە بەرگەڵوو.

## لە "ئاش" بدرێت

١٩٨٥/١١/٢٣

چوومە مەکتەبی سیاسی، بابەتی باس ئەوە بوو کە کۆششێک هەیە مەلا بەختیار بە مەرج بەربدرێت، بۆچوونی منیش گوتم:

ا- "ئاش" لە هەڵوێستەکانی پاشگەز ببێتەوە، یەکێتی بە ڕابەری شۆڕشی کوردستانی عێراق بزانێت.

ب- ئینجا مەلا بەختیار بەربدرێت و بچێتە دەرەوە، لەم ڕووەوە بە دووردرێژی ڕەئی خۆم ڕوون کردەوە.

فەرەیدوون لەگەڵ لێدانی "ئاش" بوو، نابێ پێشیان بڕوا بکرێت، مام جەلالیش لەگەڵ ڕەئی من بوو.

## کوردێکی دڵسۆزە

١٩٨٥/١١/٢٦

ئیمشەو عومەر عەبدوڵڵا لام بوو، تا سەعات ١١:٣٠ زۆر قسەمان کرد، لە قسەکانم پێم گوت: تۆ لە نێوان دڵسۆزییت بۆ شۆڕش و مەسەلەی کورد و یەکێتی و ئیلتیزاماتی شەخسییت بەرانبەر بە مەلا بەختیار لە ململانێدایت. جا بۆیە لەگەڵ ئەو ڕەئییەم، ئەم ماوەیە دابنیشیت، وەک خۆت داوات کردووە،

وەک ئیجازە تا ئەم مەسەلەیە دەبڕێتەوە و کۆتایی دێت.

بە ڕاستی مولازم عومەر کوردێکی دڵسۆز و دڵناسک و جوامێرە، حەیفە لە شۆڕش دابڕێت، زۆریش پێگەیشتووە.

/٢٧ ١٩٨٥/١١

کۆبوونەوەی ئیمڕۆی م. س لە لای من بوو، کە نانی نیوەڕۆش خورا، بابەتی کۆبوونەوەکە هەر مەلا بەختیار و جەماعەتەکەی بوون، شتێکی تازە نەبوو.

## لێی دراوە

١٩٨٥/١١/٢٨

ئیمشەو سەعات ٩ د. کەریم ڕەئووف و شوان تاڵەبانی هاتنە لام، گوتیان: ئەم ئێوارەیە مولازم عومەر چۆتە لای مەلا بەختیار، قسەی لەگەڵ کردووە، ڕێگای نیشان داوە بۆ هەڵاتن و گوتوویەتی:

دەربازبوونی ئەوانی تریش لەسەر من، مەلا بەختیار بە مولازم عومەری گوتووە: دەستەجلێکی بادینیم بۆ پەیدا بکە، ئەم قسەیەش گوایە "دلاوەر" گوێی لێ بووە، یەکسەر بۆ مام جەلالی گێڕاوەتەوە.

لە ئەنجامدا مەلا بەختیار گوێزراوەتەوە و تۆزێکیش لێی

دراوە، چاوی بەستراوەتەوە بۆ شوێنێکی تر، هەر لەنزیک شوێنەکەی پێشووتری دەستبەسەر کراوە.

ئەم قسەیە گەر ڕاست بێت، گومانم زۆرە ڕاست بێت، مەسەلەکە لە ئەساسەوە دەگۆڕێت و فراوانتر دەبێت، بەڵام دەبێ یەکەم شت تەئکید لەسەر ئەم قسانە بکەین.

بەو مەعنایە، نامەیەکم بۆ مام جەلال نووسی، کە نابێت هیچ لە مەلا بەختیار بکرێت، سەرچاوەی ئەم قسانەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە.

گەرچی مام جەلال ئەو دوو برادەرەی ناردبوو، تەنیا بۆ لای نەوشیروان و فەرەیدوون.

نەوشیروانیش منی ئاگادار نەکردەوە لە نامەکەی مام جەلال و ڕەئی خۆی.

د. کەریم و شوان هاتبوون شێخ عەلی "خولە کەشکۆڵ" و نەبەزیش ببەن.

د. کەریم کە شۆڕشگێڕانە، قسەم لەگەڵ کرد و پێم گوت؛ خۆت لە هیچ شتێک نەگلێنیت، چونکە بەیانی گران لەسەری دەردەکەین.

## چوویتە لایان

۱۹۸۵/۱۱/۲۹

چوومە یاخسەمەر بۆ کۆبوونەوە لەگەڵە کۆمەڵەی ئێران، پێش هاتنیان لەگەڵ مام جەلال قسەم کرد، کە دوێنێ شەو چی بووە؟!

گوتی: قسەی ژنان بووە، سەرچاوەکەش پاکیزە بووە "خێزانی فەرەیدوون، ئیتر مەجال نەما بە دووروودرێژی هیچی تری لێ بپرسم. مولازم عومەریشی لا بوو، بەڵام دیار بوو زۆر عاجز بوو".

دوایی برادەرانی کۆمەڵە "ئێران" هاتن، عومەری ئیلخانیزادە + د. جعفری شەفیعی + مامۆستا ئیبراهیم.

بابەتی باس هەر مەلا بەختیار بوو، گوتیان: ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵیان نییە، مەلا بەختیار هاتۆتە لامان گوتوویەتی لەگەڵ یەکێتی ڕێک کەوتووم، کە لە کۆمەڵە دەردەچم، خۆمان وەک ڕەوتێک ئیعلان بکەین، گوتوومانە شتێکی باشە، دەنا هیچ پەیوەندیی و هاوکارییەکمان نەکردوونە.

هەروەها گوتیان ئەم ڕووداوە بە ڕاست نازانین بە تایبەتی:

ا- کە لەسەر ئاستی کوردستان سەر بە قیادەی موەقەتەن.

ب- سەر بە دەوڵەتی ئێرانە.

ج- سۆڤیەت بە سۆسیالیست دەزانن.

- گوتیان لە کوردستان بڕوام بەوە نییە، چ جەرەیانێک، یان سازمانێکی مارکسی هەبێت، غەیری خۆیان.

١٩٨٥/١١/٣٠

تا نیوەڕۆ لەگەڵ کۆمەڵە دانیشتین، مەسەلەی قەرزەکەی لایانە، ئەویش دوا خرا، گوتیان ئێستا نیمانە.

مولازم عومەر قسەی لەگەڵ کردم، گوتی:

نیازمە سبەی بچمەوە "سێروان"، چونکە دیارە قسەم لەسەرە، کە دەمەوێ مەلا بەختیار دەرباز بێت، جا لە شۆڕش چەندین جار وا بووە، بەندکراو هەڵاتووە، گەر سبەی مەلا بەختیار توانی هەڵبێت، با نەکەوێتە ئەستۆی من! دیارە لە بارودۆخەکە زۆر دڵتەنگ بوو.

## لەگەڵ ئیعدام نەبووم

"لە ڕۆژی ٢٠٢٤/٣/٣٠ پاش تێپەڕبوونی نزیکەی چل ساڵ بەسەر ڕووداوەکە؛ گرتنی مەلا بەختیار و دادگەیی و بڕیارەکانی یەکێتیی نیشتمانی لەسەر چارەنووسی خۆی و برادەرەکانی، د. فۆاد معصوم گوتی:

دەنگۆی هزر و چالاکییەکانی مەلا بەختیار و برادەرەکانی پەیدا ببوو، من چوومە لای سەردانم کرد پێکەوە دانیشتین! پێم

گـوت لەو بـارودۆخەدا ئەوەی تـۆ بە نیـازی شـتێکی خـراپە، دەسـتوەردانی لەنـاو شـیرازەی یەکێتیـی نیشـتمانی کوردسـتان ئەنجامەکەی دژوارە. گوتی؛ باشە من ئیمڕۆ ئێوارە قسە لەگەڵ کادیرەکان دەکەم، بەو ئاراستەیە کار دەکەین، زیان بە یەکێتیی نەگەیەنێن.

بەو قسـەیە دڵـم خـۆش بـوو، گەڕامەوە لای مـام جەلال، قسەکانم بۆ گێڕایەوە، ئەویش پێی خۆش بوو، دەستخۆشیی لێ کردم!

لەو قسانەدا بووین پارچە کاغەزێکی نووسراویان لەبەردەم ئەو دانـا، کە خوێنـدیەوە تـووڕە بـوو. گـوتی؛ ئیشـەکە بە پێچەوانەیە، مەلا بەختیار ڕاناوەستێ!

لەو دەمانە هەستم بەوە کرد، وا تێبگەن من لەبنەوە شتێکم لەگەڵ ئەو هەبێـت، بەڵام قسـەی نەکـرد، ئەوەم لە دەموچاویـان خوێنـدەوە! بـۆیە دەبـووایە منـیش بۆچـوونی خـۆم هەبێـت، بەشـداریی بڕیـارەکە بـکەم، کە بە قـازانجی مەلا بەختیـار بکەوێتەوە، چونکە مەلا بەختیار جووڵەی زۆر بوو، هیوای بەوە بوو ببێتە کەسی یەکەمی ناو یەکێتی و گۆڕانکاریی زۆر بکات! بەڵام هەموو خەونەکانی بوون بە هەڵم و هەڵفڕین و نەمان.

ئیتر کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی کرا؛ بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ژیان و نەمانی مەلا بەختیار، یەکەم دەنگ لەوانەی دژی لە سێدارەدانی مەلا بەختیار بوون، من بووم، پاش من دوو دەنگی تریش پەیدا بوون.

ئەگەرچی مام جەلالیش لەگەڵ لەسێدارەدان بوو، یان وای نیشان دەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی من لەمێژە دەیناسم و شارەزای جووڵە و قسەکانی بووم، بە فیعلی لەگەڵ لە سێدارەدانی نەبوو، بەڵام لەوێ گوتی لەگەڵ ئەوەم مەلا بەختیار لە سێدارە بدرێت، با جارێ لە لای من بگیرێت و خۆم چاودێریی دەکەم، تا بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێت.

ئەوەش زۆرتر بۆ ئەوە بوو زوو بابەتەکە بگۆڕێت و کۆتایی بە بڕیارەکە بهێنێت.

ئەوە یەکەم جارە من باسی دەکەم، ئەوە ئاشکرا دەکەم کە هەرگیز ناکرێ هاوڕێیەکمان بە دەستی خۆمان لە سێدارە بدرێت، ماوەیەکی زۆر پێکەوە خەباتمان کردووە، هاوشان بووین، ناکرێ تەسفییەی پەیوەندییەکانی نێوان خۆمان بەو شێوەیە بێت، بەڵام منیش لەگەڵ ئەوە بووم چاودێریی بکرێت.

ئیتر بە بڕیاری م. س دەگیرێت و هەموو جۆرەکانی گیرانی سووک و قورسی بەسەر دەچەسپێنن، بەڵام لە سێدارە نەدرا. ئێستاش ماوە و هەر گەنجیشە.

## بەفر و هەر بەفر

۱۹۸٥/۱۲/۳

ئیمڕۆ بەیانی کە هەڵسام، دیتم دنیاکە سپی بووە، ئیمڕۆ سەرەتای بەفربارین بوو، نزیکەی ۳۰سم باریبوو.

کۆسرەت ئیمشەویش لامان مایەوە، ئێوارە شەوکەت و وریا براخاس هاتن، بۆ شەو لەدوو نەوشیروان چووین، حەمەتۆفیقی لەگەڵدا هات، باسی ئەوەی کرد کە چۆن دڵنیا بین مەلا بەختیار هەڵنایەت! گوتمان با بێتە زیندانی مەرکەزی و د. کەریم بکرێتە لێپرسراوی زیندان، فیکرەکەی بە مەعقوول زانی، سبەیش لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی باسی لێ دەکرێت.

کۆسرەت زۆر جار باسی ئەوەی دەکرد مەلا بەختیار بکوژرێت، بەڵام من لەگەڵ ئەو ڕەئییە نەبووم، شۆڕشگێڕانیش لەگەڵ ڕەئی من بوون، کوشتن چارەسەری کێشەی سیاسی ناکات.

## تۆپی گەورە

۱۹۸٥/۱۲/٤

لەسەر داوای مام جەلال کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی دوا

خـرا بـۆ ڕۆژی شـەممە ١٩٨٥/١٢/٧. ئەمەش لەبەر تۆپبـارانی یاخسەمەر بوو، کە چەند ڕۆژێکە هەر ڕۆژەی چەند جارێک تۆپباران دەکرێت.

بۆردومانەکانیش بە تۆپی گەورەی ١٥٥ و١٧٥ بوو.

## خۆمان سووک دەکەین

١٩٨٥/١٢/٧

ئیمڕۆ کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو، باسی پەیوەندیی خۆمان و وەزعی کوردستان کرا، کە چۆن حکوومەت دەستی داوەتە جێبەجێکردنـــی پـــڕۆژە شـــۆڤینییەکەی، گونـــدەکانی کوردســتان وێـران دەکـات، مـام جەلال قسـەی کـرد. دوایـی گوتی:

لە لایەکەوە خەریک بین پەیوەندیی لەگەڵ ئێران دروست کەیـن، هەوڵـی زیـاتر بـدەین، وا بکەیـن د. کەمـال فـواد قسـە لەگەڵ ســۆڤیەتییەکان بکــات، ڕەئیــان وەرگرێــت، ئــێمە لەم زرووفەدا چـی بکەیــن، کە تــازە گەڕاوەتەوە و نامەشـــی بە ڕێگـاوەیە! لەگەڵ قاسـملووش قسـە بکەیـن، لەگەڵ حکـوومەت باسی ئەوە بکات، کە ئێمە دەمانەوێ لەگەڵیان ڕێک بکەوین، ئەم دەستپێشخەرییەش پێش هێرشەکەی ئێران بێت، تا نەڵێن: لە کـاتی هێرشـی حکـوومەتی ئێـران، ئەوانـیش هەڵویسـتیان تونـد دەکەن.

فەرەیدوون پشتگیریی کۆششی قاسملووی کرد، منیش قسەم کرد و گوتم: بەم دەستپێشخەرییە خۆمان سووک دەکەین، چونکە حکوومەت بە سووکی تەماشامان دەکات، لەم ڕووەوە قسەی زۆرمان کرد، نەوشیروان هەمان ڕەئی هەبوو.

مامۆستا نازم لەگەڵ ڕەئییەکەی مام جەلال بوو.

دوایی مام جەلال گوتی: لە پەیوەندیکردن بە قاسملوو بۆ ئەم مەبەستە، پەشیمان بوومەوە.

بڕیاری زۆرینە ئەوە بوو:

پەیوەندیی بە سۆڤیەت و ئێران بکرێت.

## عارەبانچییەک

١٩٨٥/١٢/٩

سەعات دووی دوای نیوەڕۆ لە سەربازگەی سوسێەوە، سێ تۆپ بە سەرگەڵووەوە نرا، یەکەمیان دوو کەسی شەهید کرد، لەوانە هاوولاتییەکی خاوەن عارەبانە بوو، لەو گوندە وردەواڵەی دەفرۆشت، ناویشی "عەلی" بوو، پێنج برینداریش هەبوو، دوویان حاڵیان خراپ بوو.

ئیمڕۆ ژمارەی نوێی ڕۆژنامەی "ڕزگاری" دەرچوو.

## تەسلیم بوویتەوە

١٩٨٥/١٢/١١

کۆبــوونەوەی مەکتەبــی سیاســی لای ئــێمە بــوو، بەڵام فەرەیدوون نەهاتبوو، لە بیری چوو بوو یان کارێکی هەبووە! نازانم!

لەو کۆبـوونەوەیەدا بـابەتی گرنـگ نەبـوون، دیـار بـوو ئەو بابەتەی لە کۆبـوونەوەی ڕابـردوو نەوشـیروان گوتبـووی باسـی بکەین، هەر ئەوە بوو. ئەویش بابەتی مەڵبەند و دەزگاکان بوو. لەوەش هــیچ نەهــاتە پــێش، داوام کــرد شــەممەی داهــاتوو ١٩٨٥/١٢/١٤ باسـی بکرێـت، بەیـانییەکەی پلینیـۆمی "کـۆڕەک" دەست پێ دەکات.

شـەو لەگەڵ مامۆسـتا عەبدوڵڵا و حوسێن ژاژڵەیی لای من دانیشــتن. شــەوکەت هــات، کە لە گونــدی کونەماســی تــازە گەڕابووەوە و پێشـمەرگەی ناردبوو بۆ هاوکاریی تیپی ٣٧، کە جـاش هێرشـی بـردووە بـۆ سـەر کـوڕەداوێ، گـوتی: بە جیهـاز ئاگادار کرامەوە مامۆسـتا موحسینی شۆڕشگێڕان لەگەڵ شـەش پێشمەرگە تەسلیم بوونەتەوە.

## ڕەفیق پشدری هاتوچۆی بوو

١٩٨٥/١٢/١٤

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو، بابەتی باس دەزگاکانی شۆڕش و مەڵبەندەکان بوو.

بە کورتی؛ نە مام جەلال نە برادەرانی کۆمەڵە هیچ شتێکیان لا نەبوو، موناقەشە بکرێت..

دوای نیوەڕۆ گەڕامەوە بەرگەڵوو، دیتم ڕەفیق پشدەری نامەیەکی کەریم ئەحمەدی بۆ مام جەلال، نامەیەکی مەکتەبی سیاسی پارتی هێناوە. نامەکەم کردەوە و خوێندمەوە، باش بوو، پێشنیاریان کردووە کۆبوونەکە لە ١٩٨٦/١/١ لە بارەگاکانی ئەوان لە شارباژێڕ، یان لە شێنێ لە بارەگای ئێمە بێت.

ڕەفیق قسەی زۆری کرد، دەنگوباسی زۆری گێڕایەوە، لە ڕەزاییە مستەفەوی لە ئیتلاعاتی سوپای پاسداران گوتبووی:

ئەگەر نوێنەرێکی یەکێتی بچێتە لایان، سیفەتی تەنزیمی دیاری هەبێت و مخەوەل بێت، حەز دەکەن لەگەڵی دانیشین.

شەو نەوشیروان هاتە لام، هەردووکمان موتەفەق بووین، کە نامەکەی پارتی ئیجابییە، هەوڵ دەین بەناو ئێراندا بڕۆین و ڕەفیق بچێت وەرەقەیەکمان بۆ بکات بۆ خۆمان و ٣٠ پێشمەرگە.

* * *

## گۆڤاری ڕزگاری

۱۹۸۵/۱۲/۱٦

لەگەڵ برادەرانی ڕۆشنبیریی شۆڕشگێڕان بۆ دەرکردنی ژمارەی نوێی ڕزگاری دیدارمان هەبوو.

لە یاخسەمەر مام جەلالم لەناو ئۆتۆمبیل دی، قسەم لەگەڵ کرد، دەچووە لای دیموکرات. پێم گوت:

چوونە شارباژێڕ بۆ دیتنی پارتی زۆر زەحمەتە، مومکین نییە. گەر ڕێگای ناو ئێرانیش نەبوو، ئەوە دەبێ قسە لەگەڵ شێخ سەدرەدین بکەین، ئەو تەرتیبی ڕێگامان بۆ بکات.

گوتی: ئەگەر خۆی بەڵێن بدات ئەوا زۆر باشە. دەنا نابێ پیادە ئەو سەرکەشییە بکەیت.

گوتم: بۆ ۱۹۸٦/۱/۱ لەم ڕێگایەوە مومکین نییە، دەبێ دوابخرێت بۆ ڕۆژی ۱۹۸٦/۱/۱۰، بەڵام لەناو ئێران ئەگەر ڕازی بوو. لە کاتی دیاریکراوی دەتوانین بگەینە شوێنی دیاریکراو لە گوندی شێنێ.

گوتی: منیش موافقم.

ئێوارە "سامی شۆڕش"م گەیاندەوە یاخسەمەر، دوای ئەوەی لە مالومە لەگەڵماندا بوو.

یاخسەمەر، هەڵەدن، شەویش سەرگەڵوو دوو جار تۆپباران کران.

ئازاد هەورامی هاتە لام بۆ خوداحافیزی کە دەچێتە ئەورووپا، بە تایبەتی فەرەنسا، گوتی: من ئەگەر هەر ڕێبازێکی سیاسی هەڵبژێرم، هەر کۆمەڵە و یەکێتی هەڵدەبژێرم. تا ئێستا خۆشم بەرپرسیارم لە هەموو بڕیارەکانی کۆمەڵە، بەڵام بەرانبەر بەو ئیجرائاتانەی بەرانبەر مەلا بەختیار کراوە موافق نیم، دەبێ لە ڕووی سیاسییەوە چارەسەر بکرێت.

گوتی: قسەم لەگەڵ مام جەلال کردووە، ئەو گوتی دەستم ببڕن بڕیاری ئیعدامکردنی نادەم.

منیش "فؤاد" ڕەئی خۆم دەربارەی مەلا بەختیار بە ئازاد هەورامی گوت.

سەدام حوسێن چوو بۆ مۆسکۆ، دیارە دەستی لە ئەمریکا و دەوڵەتانی خەلیج بەربووە، دەیەوێ خۆی بە مۆسکۆ بگرێتەوە.

١٩٨٥/١٢/١٧

سەعات ١٢ی شەو سەرگەڵوو ٧ جار لە لایەن حکوومەتەوە زۆر بە خەستی تۆپباران کرا.

## لەدایکبوونی قاسملوو

١٩٨٥/١٢/٢٢

بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونی ئێوارە لەگەڵ مام جەلال و د.

خەسرەو خاڵ، جەمال ئاغا، شێرکۆ بێکەس، سامی شۆڕش چوونە لای د. قاسملوو، شەوێکی خۆشمان ڕابوارد.

۱۹۸۵/۱۲/۲۳

نیوەڕۆ لە مالوومە بووم، دوای نیوەڕۆ کۆبوونەوەی شۆڕشگێڕانمان هەبوو، ڕێک کەوتین نوێنەرمان بۆ مەڵبەندەکان دابنێین، بەڵام مەکتەبی ڕێکخستنی خۆمان، ئەمەیان بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو دواخست.

## ۱۱ کەس

۱۹۸۵/۱۲/۲۵

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو، مەوزووعی مەڵبەندەکان تەواو بوو.

بڕیار درا دەزگای ئیدارە هەڵبگیرێت، ئەندامانی سەرکردایەتی بکرێن بە ۱۱ کەس.

کۆمەڵە، ئەندامانی سەرکردایەتیی خۆی بۆ سەرکردایەتیی یەکێتی دەستنیشان کرد: نەوشیروان، فەرەیدوون، کۆسرەت، قادری حاجی عەلی، حەسەن کوێستانی.

داوام لە شۆڕشگێڕان کرد، پێنج ئەندامەکەی خۆمان دەستنیشان بکەین.

شەو من و نەوشیروان لە لای فەرەیدوونماینەوە. جەبار فەرمانیش هات.

نەوشیروان، پشکۆ و شێخ عەلی دیت، قسەی لەگەڵ کردبوون، بڕیاریان داوە هاوکاریی بکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی "ئاش".

شەو، شێخ عەلی نامەکەی خۆی نووسی، تێیدا دانپێدانانی زۆری نووسیبوو.

## پشکۆ و شێخ عەلی

١٩٨٥/١٢/٢٦

بەیانی پشکۆ "نجم الدین" نامەی خۆی نارد، مەعلووماتەکانی وەک مەعلووماتەکانی شێخ عەلی بوون، هەردووکیان دژی سالار عەزیز قسەیان کردبوو.

نەوشیروان مەلا بەختیاریشی دیبوو، ئەویش هەمان هەڵوێستی هەبووە، وەک ئەوەی نەوشیروان بۆی گێڕاینەوە.

دوای نیوەڕۆ لە لای من کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی شۆڕشگێڕان هەبوو، شێخ دارا نەهاتبوو، دیارە کاتی کۆبوونەوەکەی لێ تێک چووبوو.

بڕیارمان دا: شێخ عەبدولکەریم ببێتە لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستن "مەرکەزییەکە" بارەگاکەیشی لە مەڵبەندی یەک بێت.

لەبەر ئەوەی شێخ دارا بەشداریی کۆبوونەوەکە نەبوو، بڕیاری دەستنیشانکردنی نوێنەرانمان بۆ سەرکردایەتیی یەکێتی دواخست بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو.

## پارەم دا بە مام جەلال

١٩٩٨٥/١٢/٢٨

چووینە یاخسەمەر، زۆری نەبرد، عەبدوڵڵا حەسەن زادە و حوسێنی مەدەنی هاتن. دیار بوو کێشەیەکیان لەگەڵ حکوومەتی عێراق هەبوو.

حکوومەت گوندێکی لەنزیک پشتئاشان تۆپباران کردبوو، دوو کەسی دیموکرات شەهید ببوون.

حکوومەت ئاگاداری کردوونەتەوە، دەبێ شوێنی خۆیان جیاواز بکەنەوە، مام جەلال لەسەر ئەوە زۆر جوان قسەی کرد، گوتی:

ئێمە دەتوانین میوانداریتان بکەین، بەشدار بن لە شوێنەکانمان، بەڵام ناکرێ پێمان بڵێن لەسەر داوای حکوومەت ئەم شوێنانەمان بۆ چۆڵ بکەن، بەڵام دەکرێ تەنسیق بکەین، شوێن بگۆڕینەوە، تێکەڵاویی لە نێوان بارەگاکانمان نەبێت، بەڵام ماڵە پێشمەرگە ناتوانین دەرکەین.

١٩٨٥/١٢/٢٩

ئێوارە ڕەفیق پشدەری هاتەوە، کابرای ئەودیو "لێپرسراوی ئێرانی، دوور نییە مستەفەوی بێت"ی دیوە. بە لووتبەرزییەوە قسەی کردووە، کە ئەمە لە لای ئێمە مەقبوول نییە. گەر بەکرێگیراویی بکەین، زۆر جیهاتی تر هەیە، ئەگەر واز لە داوای میللەتەکەمان و ئیستقلالیەتی خۆمان بهێنین، خۆ ڕژێمی عێراق لەمانە مەعقوولترە!

## ملهوورە ئێرانییەکە

١٩٨٥/١٢/٣٠

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو، نەوشیروان نەهات، بابەتی باس هاتنی ڕەفیق پشدەری بوو، لەگەڵ کابرا ملهووڕەکەی ئەودیو "ئێران".

مام جەلال ئینفیعالی زۆر بوو، بڕیارمان دا ئیهمالی داواکانیان بکەین.

بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ پارتی، با بکەوێتە ١٩٨٦/١/٢٥ لە ڕێگای خۆمانەوە بچینە شێنێ.

ئیمڕۆ پێش نیوەڕۆ فڕۆکەی ئێرانی بۆمبابارانی کارێزەی کرد.

مەعلووماتی سەرەتایی بریندار و کوژراو زۆرن.

موجاهدینی خەڵق بارەگایەکی گەورەیان لە کاریزە هەیە.

ساڵێکی تریش تەواو بوو

١٩٨٥/١٢/٣١

بە دەستی خاڵە کەمال ٥٢،٨٠٠ دینارم بۆ مامۆستا نازم نارد.

زۆربەی زۆری شەوەکان بەتەنیام.

لە وڵاتان سەعات ١٢ی نیوەشەو بۆ چرکەیەک گڵۆپ دەکوژێتەوە، دووبارە هەڵدەکرێتەوە، یەکتر ماچ دەکەن، بەڵام لە وڵاتی ئێمە، لە کوردستاندا، لە باتیی کوژاندنەوە و هەڵکردنەوەی گڵۆپ و ئەولا و ئەولا ماچکردن، تۆپمان تێ دەگرن.

سەعات ١٢ چەند چرکەیەک دەوڵەت پێنج تۆپیان لە بەرگەڵوو گرت، دیارە حکوومەتی بەعس پیرۆزبایی ساڵ بە تۆپبارانی لە کورد دەکات.

## بە عەرەبی دەنووسی

١٩٨٦/١/١-١٩٨٥/١٢/٣١

تۆپ نەیهێشت بخەوین، تەنیا دانیشتبووم، بیرم لای ڕووناکی خێزانم و منداڵەکانم بوو، کە لەمێژە نەمدیون. بەناو وڵاتەوە دەڕۆم، نازانم! وەزعی دایکم و خوشکم و برا و کەسوکارم دەهاتە بەرچاو، فراوانتر وەزعی کورد لە چ ژیانێکی ناخۆشدایە، گەر شاعیر بوومایە ڕەنگ بوو پارچە شیعرێکی غەمناکم بۆ بهاتایە، بەڵام شاعیر نیم، ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت ئەوەی شاعیر نەبێت هەستی نییە! هەستی ئەمشەوم تاریکبین بوو، کە دەستم دایە قەڵەم بەو جۆرەی خوارەوە ئەوەم بۆ هات، ناشزانم لێی پەشیمان دەبمەوە یان نا؟!

لە ڕاستیدا خۆم بە تەبیعەت موتەفائیل و گەشبینم، بەڵام لەم کاتەدا، ئەوەم بۆ هات و نووسیم:

"نخب العدم"

هل احتفل بعام اقطعه مسرعا نحو العدم، وهو يهرول نحوي ليلعنني و يقذفني في بحر الفناء؟

هل احتفل المشيب مقبلا معانقا؟ وكم انا له كاره، هل احتفل بامنية تقترب مني او اقترب منها على كرة مني؟ هل

احتفـل بـالوهن يـدب فـى جسـدي والضـعف يهـاجم بصـري وامراض اخرى متسللة الى اوصالي لم انتبه الها؟

هل احتقل بعام يخيفني ويهددني بانتزاع الاعزة والاصدقاء؟ هل احتفل بعام غامض لف نفسه بعباءة فضفاضة لا اعرف ماذا يخبئ بين طياتها وثناياها؟

او ليس هذا العام شقيق الاعوام المنصرمة؟ ولم نذق الا المرارة والبؤس والحرمان؟ لا احتفل بعام لا ارى فيه حتى فجرا كاذبة وهل يكون هذا العام احسن واحن و اسعد من الاعوام التى ولت مدبرة ولم تعقب الا الشر والخديعة والاستغلال.

انا لا اشرب نخب عام ولى، ولا نخب عام قادم، فابتسامته الصفراء شهدناها على شفا اشقائه.

انا انتظر العدم قلقلا وجلا بل اعيش منذ اللحظة فى العدم، فانا جئت منه واليه اعود

فلماذا لا اكون برابه... اذن فنخب العدم

* * *

سكتُّ حتى شكتني غر أشعاري واليوم أنطق حراً غير مهذار

وقعت أنشودتي والحزن يملأها مهابة، ونياط القلب أوتاري

في ذمة الشعر ما ألقى وأعظمه أني أغنّي لأصنام وأحجار

لو في يدي لحبست الغيث عن وطن مستسلم وقطعت السلسل الجاري

العذر يا وطناً أغليت قيمته عن أن يرى سلعة للبائع الشاري

الكل لا عون عن شكوى وموجدة بما لهم من لبانات وأوطار

وكيف يُسمع صوت الحق في بلد للإفك والزور فيه ألف مزمار

الجواهري

## تۆپی ساڵی نوێ

سەعات ١٢ چەند چرکەیەکی دەویست، لە چرکەی یەکەمی ساڵی نوێ دەوڵەت پێنج گوللە تۆپ، باروود، مەرگ، ئاگر لە گوندە جوانەکەی بەرگەڵوو دەگرێت. وا دیارە حکوومەتی بەعس پیرۆزبایی ساڵ بە تۆپبارانی لە کورد دەکات!

لە ساڵی نوێ؛ کاریتە، دار، ڕێ، خەونی منداڵ و ئاسوودەیی شەو دەژاکێنێت، دەترسێنێت، بەو شەوە، لەو ساڵە نوێیەدا، هەمووان سەخڵەت دەکات، ساڵمان تاڵ دەکات، بەڵام کەسمان نەترساین. فڕۆکە و تۆپەکانی حکوومەت! گوندێک،

ئـاوایيەک، سـەربانێک لە گونـدەکانی؛ سـەرگەڵوو، بەرگەڵـوو، یاخسـەمەر، هەڵەدن و بارەگەکـانی پیشـمەرگە و ئـاگردانی چـای شوانیش لەبیر ناکات!

# بەشی حەڤدەیەم

# دەفتەر و ڕۆژانەی ساڵە سەختەکان

# ساڵی ١٩٨٦

ا

# هەندێ ڕووداو

## پێنجوێن

١٩٨٦/٣/٢١

لە مەقەڕی ناوەندی نەورۆزمان کرد، هیچ هەستم بە خۆشی نەکرد. دڵم لای ڕووناک و منداڵەکان بوو.

لە تەلەڤزیـــۆن بـــڵاو کـــرایەوە، جەیـــش ئێرانییەکـــانی لە شاخەکانی نزیک پێنجوێن دەرکردووە.

١٩٨٦/٣/٢٤

چـــووینە لای قاســـملوو، ڕێـــک کەوتـــین هەوڵ بـــدەین هەردوولا وەزعی ناوچەکە وەک چۆن بەرقرارە، ڕاگرین.

## موافق نین

١٩٨٦/٣/٢٥

بەیانی نەوشیروان هاتە لام، دیار بوو ئاسایی نەبوو، باسی جەبار و جەماعەتەکەی کرد و چییان کردووە! ئەو وەرەقەیەی دامێ کە ئیمزایان کردووە.

ئەم برادەرانە چوون مەسایلی سیاسییان باس کردووە، ئەگەرچی کە بۆ مەسایلی عەسکەری چووبوون، ئەوە یەکەمیان، بەڵام دووەم ئیلتزاماتیان نیشان داوە و ئیمزایان کردووە، بێ ئەوەی تەخویل کرابن، هیچ پرسیشیان نەکردووە! جا ئەم کارە گەر موافەقەتی لەسەر بکرێ ئابڕووچوونی سیاسییمانە، جا مومکین نییە موافەقەتی لەسەر بکرێ.

وا دیارە جەبار موبادر بووە بۆ ئیمزاکردنەکە، ئەمەش لە جۆرە غرووڕێکەوە هاتووە، لای عەیب بووە بڵێ من تەخویل نەکراوم، ئەم کارە سیاسییە عەسکەری نییە.

لەگەڵ نەوشیروان چووینە لای مام جەلال لە یاخسەمەر، هەموو موتەفیق بووین لەسەر ڕەفزی ڕێککەوتنەکە.

من نامەیەکم بۆ حاجی نادر نارد، کە ئیلتیزام بەو ڕێککەوتنە ناکەین، هەروەها ٤ برادەرەکەش نامەیەک بۆ قەرارگا بنووسن و بڵێن برادەران لە م. س لەسەر ئەو ڕێککەوتنە موافق نین.

## لەگەڵ ئیمزاکردنەکە نەبووین

١٩٨٦/٣/٣٠

بەیانی کۆنگرەی دووەمی "حزبی کۆمۆنیست"، بە بەرواری ئەمڕۆ دەرچوو.

دەفتەری سیاسییەکەیان پێک هاتووە لە: حەمید تەقوایی، شعیباز کریایی، ئیرەج ئازەرین، مەنسوور حیکمەت، عەبدوڵڵا موهتەدی، جەواد مشکی، ئیبراهیم عەلی زادە.

عەبدوڵڵا موهتەدییش کرا بە سکرتێری حکا.

## تەخویل نەکرابوو

١٩٨٦/٤/٢

بە بۆنەی ١٣ بەدەر دەعوەتی مامۆستا نازم بووین، دکتۆر و مامۆستا هەروەها حەسەن و مەلا عەبدولڕەحمان هاتبوون. بە قسەی برادەرانی ئێمە بە سووورداشێک ڕازین بەبێ حوکمی زاتی.

شەو جەماعەتێک لە قەرارگای ڕەمەزان گەیشتنە یاخسەمەر، شێخ دارا و ڕەفعەتیان لەگەڵدا بوو. بڕیار درا من قسەیان لەگەڵ بکەم.

شێخ دارا و ڕەفعەت گوتیان: ئێمە لەگەڵ ڕەئی "جەبار"

نەبووین ئیمزای بكات. گوتمان ئەمە شتێكی سیاسییە، بەڵام جەبار گوتی تەخویل كراوم.

شەو لەگەڵ نەوشیروان لای مام جەلال بووین.

## یەك بە یەك

١٩٨٦/٤/٣

لەگەڵ جەماعەتی قەرارگا دانیشتین. یەكێكیان قاسم ئەویتریان قوربان عەلی ڕەزا بوو، ئەوەی سێیەمیش قسەی نەدەكرد. پێم گوتن:

١. لەگەڵ ڕێككەوتنەكەی ڕەزاییەین.

٢. ڕێككەوتنی بەختاران لای ئێمە قبووڵ نییە.

٣. ئیستینكاری معامەلەتان لەگەڵ نوێنەرانی ئێمە دەكەین، نەدەبوو دەریانبكەن.

٤. ئێمەش هەموو هاوكارییەك ڕادەگرین، تا نوێنەرەكانمان دەگەڕێنەوە ئێران.

گوتیان ئێمە زەغتمان لە برادەرانتان نەكردووە، دەبا ئیمزای نەكەن. وەفدەكەتان لەسەر بڕیاری ئێوەوە دەرچووە، حاجی مستەفاش لەسەر بڕیاری ئێمەوە دەرچووە، كە هاتووە نوێنەرانی ئێوەی لەگەڵ خۆی هێناوەتە ئێران. هەردوو ڕێككەوتن وەك یەك تەماشا دەكەین، گەر لایەنی دووەم ئیلغا بكات، ئێمەش

هـی یەکەم ئیلغـا دەکەیـن، لە نـوێیەوە دەسـت پـێ دەکەیـنەوە. ئێمەش مـخەوەل نـین، بەڵکـوو بـۆ شـتێکی سـنووداری تـایبەت هاتووین.

بڕیار درا سبەی یەکێکیـان بگەڕێتەوە ئێـران، ئەم وەزعە بـۆ جەمـاعەتی خۆیـان بـاس بکـات. ١٠ کەسـەکەی تریشـیان لە سەفرەن ئەمینە، ئاگاداری "حەمید"مان کردەوە، ڕێگایان نەدەن وێنە بگرن و بچنە ناو خەڵک.

دەعـوەتی دەزگـای پێشـمەرگە بـووین لە یاخسـەمەر، نەهـرۆ نامەیەکی دامێ گوتی؛ خەریک بوو بۆت بنێرم، بە ناوی مام جەلال داوای بەردانی ڕەحیم ساڵح تەیب دەکات کە دیلە.

فەرەیدوون نامەیەکی ناردووە، داوای بەردانی نائیب زابتی ئیستیخبارات "قەڵادزێ" دەکات، "حسن مخلف عطية" کە دوو بـرای بـابە تـاهیری پـێ بەردەدرێـت لە شـار گیـراون. لەگەڵ نەوشیروان باسی ئەو دووەمان کرد. برووسکەم بۆ مام جەلال لێ دا، کە ئەو "ڕەحیم"ە لە حیزبی بەعس نەسیر موتەقەدیمە، وەڵامی دامەوە: کەیفی خۆتانە.

ئەمەش بەردانی ئەگەیەنێت، جا بەرمان دا هەرووەها حەسەن مخەلەفیش بەردرا.

## ٢

## ئازادکردنی گیراوەکان

### لەبەر ٧ی نیسان

١٩٨٦/٤/٦

لەگەڵ نەوشیروان دانیشتین، تەماشای لیستی گیراوەکانمان کرد، کە مەکتەبی سیاسی تەخویلی کردین، هەندێکیان بەردەین، ئەوانەی ساڵێک زیاتر لە زینندانن. ٣١ کەسیان لە ١٩٨٥/١/٣٠ و ١٩٨٥/٢/١٥ گیرابوون، لەمانە سێیان حیزبی بوون، بڕیارمان دا بەریان بدەین، لەدوای ئەم سێ حیزبییەمان نارد گوتمان: شەڕی ئێمە شەڕی کورد و عەرەب نییە، حەز ناکەین وەزع بەو جۆرەیە، نەماندەویست ئێوە لای ئێمە دیل بن، بەڵام هەموو ئەوانە لە ئەنجامی زێدەڕۆیی هەندێ لە باڵەکانی حیزبی بەعسە. ئێمە لە لایەن خۆمانەوە بە بۆنەی ٧ی نیسانەوە، ئەم ٣١ کەسە بەردەدەین، کە ئێوەشی تێدایە. تکامان وایە معامەلەی باشی ئێمە بە خەڵک بگەیەنن، خراپەش لەگەڵ خەڵکی کورد مەکەن.

ئاگاداری سجن کرایەوە، هەر ئێستا بەریاندەن.

# نەمهێشت بیکوژن

١٩٨٦/٤/٧

له یاخسەمەر دەگەڕامەوە، سەیارەکەمان لەنزیک چاڵاوییەک کەوت، ناچار بە پێ بەرەو بەرگەڵوو دەچووم. حەیدەر، ڕابەر، ئەرسەلان، عەلائەدینی پێشمەرگەم لەگەڵدا بوو، یەکێک "ئێرانی سەر بە موجاهدینی خەڵق" بە ئاراستەی ئێمە دەهات، وام زانی ئیشی بە من هەیە، پەلاماری دام و قوڕگی گرتم و بەردێکی گەورەی لەناو دەست بوو، بڵندی کرد لێم بدا، بووە مرخش مرخش توانیم بە ئەرزی دابدەم، موشکیله ئەوە بوو ئەرسەلان تووشی هیستریا هاتبوو، دەیویست بیکوژێت، تەسلیم زیندانم کرد. گوتیان: ئەم کوڕە ئێرانییە لە دەزگای ڕۆشنبیری بووە، دوو مانگە لە زیندانە، کوڕێکی موئەدەب و باشە، بەڵام دوو ڕۆژە تێک چووە، ناویشی بەهرام عەزیز وەیسزادەیە خەڵکی کرمانشانە.

لەگەڵ عەلی ڕەزا و قاسم دانیشتین کە هاتوونەتەوە، گوتیان سێ کەس لە قەرارگا دەتوانن بڕیار بدەن، یەکێکیان لە لوبنانە، یەکێکیان لە قەرارگای "خاتم الانبیاء"ە. جا کە ئیشەکەمان تەواو بوو، ئەو کات وەفدی ئێوە لەگەڵ ئێمە بێنە ئێران.

ئیشەکەشیان وێنەگرتنی ناوچەکانی چوارتا و دەربەندیخان، دوکان، کەرکووک، گوندە سووتاو و تێکدراوەکان، موقابەلە لەگەڵ ل. ی، موقابەلە لەگەڵ زیندانییەکان، چالاکیی پێشمەرگەکانی ئێمە.

١٩٨٦/٤/٨

مەکتەبی سیاسی کۆ بووەوە، بۆمان دەرکەوت موهیمەی ئەوانە تەجەسووسە. لە لایەک نامانەوێ عیلاقەیان لەگەڵ تێک بدەین، لە لایەکەی تریش نامانەوێ بەم کارانە هەڵسن.

بڕیارمان دا دوو سێ ڕۆژی تر دوایانخەین، لەم ماوەیەشدا پەیوەندی بە سۆسیالیستەوە ئەکەین، بزانین وەزعی ئێمە چۆنە لەودیو، کە بێگومان لەگەڵ حاجی مستەفا قسەیان کردووە.

نیوەڕۆ لە ماڵی مام جەلال بووین، دیار بوو دەعوەتی منداڵەکانی ئەرسەلان و یوسف و حاکم فەرهادی کردبوو. قسەکان لە سوعبەتەوە ببوو بە جددییەت، نەوشیروان نارەزایی خۆی نیشان دابوو، لەو نووسینەی ئەرسەلان بایز لە دژی مەلا بەختیار، کە مەفرووز نییە تەشهیری پێ بکرێت، گوتی: ڕێبازی نوێ جەریدەی تۆ و مام جەلالە. مام جەلالیش وەزعی موحریج بوو لە قسەکان، تەئیدی نەوشیروانی کرد، بۆ خواردن و قسەی تر، موجامەلەی ئەرسەلانی دەکرد.

## ڕەفسەنجانی

١٩٨٦/٤/٩

حەیدەر گەڕاوە تاران، نامەیەکم بۆ ڕەفسەنجانی نووسی،

دەربارەی پێشهات و کێشەکانی ئەم دواییە، نامەیەکیشم بۆ حاجی مستەفا نووسی.

## خطوتين الى الوراء

١٩٨٦/٤/١١

چوومە مەکتەبی سیاسی، دیار بوو کۆبوونەوە هەبوو، من و نەوشیروان نەمانزانیبوو. جا من هەر لە خۆمەوە چووبووم، باسی ئەو ئێرانییەیانەمان کرد کە چاوەنوارِ بوون هاوکارییان بکەین بۆ وێنە گرتن.

بڕیارمان دا پاش ئەوەی دەگەڕێینەوە هاوکارییان نەکەین.

جا من گەڕامەوە بارەگە، چەند خاڵێکم نووسی و دامانە دەستیان.

١- ا. و. ک حريص على التعاون مع ج. ا "الجمهورية الاسلامية" من اجل اسقاط النظام ومن اجل مصلحة الشعبين الجارين العراقي والايراني وبناء على ذلک تم الاتفاق على الاسس المكتوبة والموقعة من قبل وفد ا. و. ک، في ١٩٨٦/٢/٢٤ وابلغ وفد ج. ا المخول وفد ا. و. ک موافقة ج. ا على الاتفاق.

٢- تعاون العسكري يكون وفق الاتفاق المكتوب في ارومیه ١٩٨٦/٢/٢٤ ووفدنا العسكري جاهز الان للقاء بالجبهة العسكرية التى تحددها ج. ا.

٣- الاتحـاد مسـتعد للتعـاون بمقتظـى الورقـة الموقعـة فـى ١٩٨٥/٢/٢٤ وخارج ذلک لا یری نفسه ملزما.

٤- عنـدما یعـود منـدوبو ا. و. ک الـی ج ا وکـان وجـودهم هناک بمقتظی الاتفاق ومع ذلک طردوا من ایران . انذاک بامکاننـا تقـدیم المسـاعدات اللازمـة للقیـام بمهمـتکم کهیئـة عسکریة واعلامیة.

٥- تعاوننا مع الاخ مسعودی کان خارج نطاق الاتفاق وکان لابداء حسن النیة الا انکم خطوتم خطوتین الی الوراء وهذا یعنی ان ذلک فسر من قبل بعض مسؤلیکم بشکل سلبي.

٦- شکرا علی الادویة.

٧- علی مستوی الشخصي نتمنی لکم التوفیق ونعتذر، لکن لاننا لم نتمکن من ابداء المساعدة لکم للقیام بمهمتکم.

جا یەکسەر بە ڕێم کرد بۆ یاخسەمەر، دەزگای پێشمەرگەش لەوێیەوە نێردرانەوە لای خۆیان.

# ٣
# ساردیی نێوان فەرەیدوون و مام جەلال

## فەرەیدوون و مام جەلال

١٩٨٦/٤/١٣

کۆبـــوونەوەی مەکتەبـــی سیاســـی لای مـــن بـــوو. لەو کۆبوونەوەیەدا باسی ئێران کرا، شتێکی تازە تێدا نەبوو، جگە لە برووســکەی حیزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان کە دەڵـێن؛ حاجی مستەفا سوورە لەسەر گەڕانەوەی برادەرانمان.

سەبارەت بە دانیشتن لەگەڵ حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، بڕیـار درا بە وەفـدێک کە پێـک بێـت، لە مـن و فەرەیـدوون، مامۆستا نازم. خەتی عامی ئێمەش ئەوەیە، ئەگەر ئەوان لە جود دەرچن، یارمەتییان دەدەین، پێشمەرگەیان وەک ئەوانەی خۆمان بن، بەڵکوو دواتر بەشدار بن لە دەزگاکانی شۆڕشیش، بەڵام گەر لە جود مانەوە عیلاقەکەمان ئاسایی دەبێت و بەس.

قادری حاجی عەلی و حامید و وەهاب هاتبوون بۆ ئەوەی بڕیـاری مەکتەبـی سیاسـی وەرگـرن، ئایـا ئەو هێـزانەی لە سەرکردایەتی کۆ کراونەتەوە بمێنن یان بڕۆنەوە؟

دوایی مام جەلال بەگژ فەرەیدووندا چوو... وا دەبینم مام جەلال بە قسەی فەرەیدوون ئیستیفزاز دەبێت.

شەو فەرەیدوون هاتە لام و موعاناتی لە دەست مام جەلال نیشان دا، کە هەمیشە دەیشکێنێت.

## دوو کوڕی بریندارن

١٩٨٦/٤/١٤

ئێوارە بڵاوکرایەوە کە تەرابلووسی لیبیا لە لایەن هێزی ئەمریکاوە بۆردومان کراوە. دوو کوڕی قەزافی بریندارن، ئەو کچەی کە هەڵیگرتیتەوە و پەروەردەی کردووە کوژراوە. بە ڕاستی کارێکی ناڕەوایە... ئەمە دووەم جارە ئەمریکا وا دەکات. یەکەم لە سەحرای تەبەس-ئێرانیان دابوو.

هەروەها لەم ساڵەدا دووەم جارە شتی وا ڕوو بدات، یەکەم هێرشی هەوایی ئیسرائیل بۆ سەر توونس و ئەمەش دووەمەکەی.

## بە قسەکانی ئیستفزاز دەبێت

١٩٨٦/٤/١٩

چوومە مەکتەبی سیاسی، بە تایبەتی بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ

مام جەلال بکەم، کە زۆر بە قسەکانی فەرەیدوون ئیستیفزاز دەبێت. بەڵام کە چووم مام جەلال گوتی برادەرانی سۆسیالیست هاتوون لە گوندی مالوومەن.

قادر جەباری، حەمەڕەحیم، شێخ محەمەد شاکەلی هاتوون.

## لەماڵەوە سەردانی دەکەم

١٩٨٦/٤/٢٠

میوانی برادەرانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بووین، مام جەلالم جیا کردەوە مەوزووعی فەرەیدوونم لێ پرسی، گوتی:

من هیچم لەگەڵی نییە، بەڵام زۆر تەدەخول لە ئیشوکارەکان دەکات. هەندێ شت هەیە ئیشی خۆمە وەک مەسئوولی دەزگای پێشمەرگە. جا وەعدی دا لە ماڵەوە سەردانی بکات، دڵی بداتەوە.

قسەشمان کرد مەکتەبی سیاسی بگوازینەوە بۆ شوێنی دەزگای پێشمەرگە. دەزگای پێشمەرگە بۆ ئەو شوێنەی چریک لە گاپیلۆن.

فەرەیدوون و مامۆستا نازم ڕێک کەوتن بۆ دەوامکردن لە مەکتەبی سیاسی.

دوای نیوەڕۆ میوانەکانم بردە لای نەوشیروان لە بەرگەڵوو، شەو میوانی ئەو بووین.

## ٤
## هەندێ ڕێککەوتن و کۆبوونەوە

یەکێتی و سۆسیالیست

١٩٨٦/٤/٢١

لەگەڵ حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بە ڕەسمی کۆ بووینەوە، لە لایەن ئێمەوە: مام جەلال، من، نەوشیروان، مامۆستا نازم. ئەوانیش هەرسێکیان.

لە کۆبوونەوەکە هەندێ نووسراویان هێنایە پێش، بەڵام تۆزێ تێکەڵ و ڕوونیش نەبوون.

کۆبوونەوەمان دواخست بۆ دوای نانخواردن. لەم ماوەیەدا لەگەڵ نەوشیروان دانیشتین، چوارچێوەمان بۆ کۆبوونەوە دانا. تەبیعە، یان هاوکاری، یان تەوحیدی هێزی پێشمەرگە.

دوای ماوەیەک ئەوان بەتەنیا دانیشتن هاوکارییان هەڵبژارد و کەوتینە موناقەشەکردنی.

تا سەعات ٩ی شەو لەسەر شتەکان ڕێک کەوتین، کۆبوونەوەکە مایەوە سبەی تا لە شێوەی خەبەرێک بنووسین لە ڕادیۆ بڵاوی بکەینەوە.

١٩٨٦/٤/٢٢

دانیشتین خەبەرەکەمان نووسی. فەرەیدوون ڕێککەوتنەکە و خەبەرەکەی بردە لای مام جەلال، تا ڕەئی ئەو بزانین.

ئێوارە دەقی ڕێککەوتنەکە و خەبەرەکە چاپ کران. خەبەرەکە لە ڕادیۆ خوێندرایەوە.

## دە هەزار دینار

١٩٨٦/٤/٢٣

چووینە مەکتەبی سیاسی، مام جەلال بەتەنیا لەگەڵ "وەفدی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان" دانیشت.

نیوەڕۆ لای فەرەیدوون دەعوەت بووین. هەر لەوێش من و قادر جەباری ڕێککەوتنەکەمان ئیمزا کرد، تا دوایی هەردوو سکرتێری گشتی ئیمزای بکەن.

دوایی چوونە لای مام جەلال، لەوێ وەعد درا مانگی ١٠ هەزار دیناریان پێ بدەین.

دەربارەی وەڵامدانەوەی نامەکەی حیزبی شیوعیی عێراقی، من نامەکەم داڕشت. تێیدا نووسیمان ئامادەین بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراقی و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عێراق و حدک و پاسۆک.

## تۆپ بۆ بەیانەکە

١٩٨٦/٤/٢٤

چوومە مالوومە لەکن چاکەکە، دەنگی تۆپەکە هات، دیار بوو هەلیکۆپتەریش هەبوو لەسەر قەیوان بۆ ڕەسەد. ناچار بەپێ چووینە ناو بەردەلانەکانی بەرانبەرمان.

تۆپێکی زۆر بە یاخسەمەر کەوت.

دیارە حکوومەت وەلامی بەیانەکەی دوێنێی ئێمەیان دەدایەوە.

١٩٨٦/٤/٢٧

نەوشیروان هاتە لام گوتی؛ با تاقمێکی تری بەندکراوەکان بەربدەین. بەبۆنەی لەدایکبوونی کابرا، کە دەبێتە تەئکید لەسەر هی پێشوو.

## فارووق جەمیل بەردەبێت

١٩٨٦/٤/٢٨

ئیمشەو تەلەفزیۆن بلاوی کردەوە مجلس قیادە الثورة

بڕیاری دا هەموو بەندکراوەکان بەربدرێن بێجگە لەوانەی:

حوکمی ئیعدام دراون، حوکمەکانی قەتل، لەسەر زینای موحەڕەمات، لەسەر جاسووسی، موخەدەرات...

ئەوەم پێ خۆش بوو کە فارووق جمیل دەردەچێت، هەروەها کوڕەکەی عەریف عەلیش.

١٩٨٦/٤/٢٩

ئەمڕۆ لەگەڵ نەوشیروان دانیشتین. بڕیارمان دا ٢١ کەسیان لە دیلەکان بەردەین. قسەم لەگەڵ سێ کەسیان کرد، کە بە بۆنەی لەدایکبوونی کابرا ئازادتان دەکەین.

ئیمشەو نامەی پاسۆک گەیشت، کە داوای کۆبوونەوە دەکات.

## دیلەکان بەردەدەین

١٩٨٦/٤/٣٠

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو، نەوشیروان ئامادە نەبوو، بڕیار درا وەڵامی پاسۆک بدەینەوە، بێنە مالوومە وەک پرۆگرامەکەی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان.

یوسف لە ماڵی مام جەلال بوو، دەرکەوت سبەی

دەستگیرانەی دێتە یاخسەمەر بۆ مارەبڕینی. شەو لای مام جەلال بووم.

## "زۆزانی" ژنی مارە کرد

١٩٨٦/٥/١

دەستگیرانەکەی "یوسف زۆزانی" هات، بووکەکە دایک و خوشک و چەند ئافرەتێکی لەگەڵدا بوو، بە خۆشییەوە مارە کرا، هەندێک شاییشیان بۆ کردن.

نیوەڕۆ سەعات یەک، دە تۆپ بە گوندی یاخسەمەر کەوت.

چوومە لای مام جەلال بۆ "ڕزگاری" لەگەڵی کۆ بووینەوە. شەو لای مامۆستا نازم بووم.

## شیوعییەکانیش هاتن

١٩٨٦/٥/٥

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو. مام جەلال گوتی: "مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی" دەگاتە گوندی مالوومە، سبەی دێتە لامان.

شەو لای مام جەلال بووین، دیار بوو نەوشیروان ئەوەی لە

دڵدابوو کە کاتی خۆی قسەی توندی لەسەر من کردووە، گوتم: من گوێم لە شتی وەها نییە، دووەم بە خاوەن عەقڵییەتێکی ستراتیژی دەزانم.

شەوێکی خۆش بوو.

١٩٨٦/٥/٦

مەلا ئەحمەد هات، دوای نیوەڕۆ بردمانە بەرگەڵوو.

شەو نەوشیروان هات تۆزێ قسەی توندی ڕاوەشاندە مەلا ئەحمەد، ئەویش قسەکانی لەبەر دڵ گرانبوون.

١٩٨٦/٥/٧

بەیانی کۆبوونەوەمان دەستی پێ کرد، دیار بوو مەلا ئەحمەد وای زانیبوو، هەر ئەوەندەیە هەندێ قسەی لای مام جەلال دەکات، هەموو ئیشەکانی تەواو دەبێت، گوتمان: مارانگاز بووین، شتەکانی نێوانمان دەبێ بنووسرێنەوە.

هەروەها گوتی: ئێمە لەسەر ئاساییکردنەوە ڕازیین... لەسەر ئەوەش دانوستان دەکەین.

١٩٨٦/٥/٨

هەر موناقەشە بوو، دیار بوو زۆر نامورتاح بوو، گوتی: دەتانەوێ ڕیسوامان بکەن.... جا دانیشتینەوە تا ئێوارە گەیشتینە

نەتیجە، هەر بە شەو دەقی ڕێککەوتنەکەمان چاپ کرد، لەسەر دوا بەلاغیش ڕێک کەوتین.

## برینداربووم

١٩٨٦/٥/٩

ئەمڕۆ کرایە ڕەمەزان.

لەگەڵ مەلا ئەحمەد چووینە مەکتەبی سیاسی، لەوی مام جەلالیش بەشداریی کۆبوونەوەکەی کرد، ئەو بە ناوی مەکتەبی سیاسی پێی گوت؛ موافقین لەسەر ڕێککەوتنەکە، دوایش بەتەنیا لەگەڵی دانیشت، دواتریش نەوشیروان. مەبەستی هەردوولایان گەڕانەوەیان بۆ سەرکرادایەتی و لای خۆیان.

مەلا گوتی: دەمتوانی لەم ڕێککەوتنە زیاتریش ئیمزا بکەم، بەڵام نەمویست لەبەر هەندێ هۆ ئەوە بکەم، با سەرکردایەتی خۆی بیکات.

من و نەوشیروان چووینەوە بارەگەکانمان، لەسەر پردەکەی بەرگەڵوو تەقینەوەیەکی گەورە بە دووکەڵێکی زۆرەوە دەنگی هات، تەوازونم تێک چوو کەوتمە ناو ڕۆخی ڕووبارەکە، وام زانی تۆپە خوێنێکی زۆر لە سەرم دەهات، چاوی چەپی گرتم و قاچیشم قورس بووبوو، هەروەها قاچی ڕاستەشم تا ڕادەیەک ئازاری هەبوو، ماوەیەک لەبن پردەکە خۆم مات کرد،

چاوەنواڕی تۆپی دووەم بووم. بەڵام هیچ نەهات، بۆیە هاتمە دەر، دیتم نەوشیروان و پێشمەرگەکان خۆیان داوەتە پەنا بەردەکان، بۆمان دەرکەوت تۆپ نەبووە، تەڵە بووە بۆ ئێمە، من هەردوو ڕانم بریندار بوون، قووڵیی برینی ڕانی چەپم ٦ سم و ڕانی ڕاستم ٤ سم، سەریشم لای چەپ بریندار بووە، لەگەڵ سەرەوەی ناوچەوانم، هەروەها سەرووی گوێی مەمکی ڕاستەیشم بریندار ببوو.

نەوشیروان چەند پرپشکێکی کەمی پێ کەوت، ئەرسەلان و خەباتی لای نەوشیروانیش چەند پرپشکێکی بەرکەوت.

## پاسۆک هاتن

١٩٨٦/٥/١١

ئەمڕۆ فەرەیدوون هاتە لام، گوتی:

وەفدی پاسۆک لە گوندی مالوومەن، دوای نیوەڕۆ دێنە یاخسەمەر. شەو لای مام جەلال دەعوەتن.

ڕێک کەوتین سێشەممە بۆ نیوەڕۆ لای من بن.

## لەگەڵ پاسۆک

١٩٨٦/٥/١٣

وەفدی پاسۆک: ملازم کریم، شەماڵ و بیستوون بوون. بۆ نیوەڕۆ لام من بوون. نەوشیروان و فەرەیدوون، ئازاد و مامۆستا نازم و شێرکۆ بێکەسیش لەوێ بوون.

لێرە ڕێککەوتنەکە ئیمزا کرا.

١٩٨٦/٥/١٧

تەلەفزیۆن و ڕادیۆی بەغدا بڵاوی کردەوە فەیلەقی دوو توانیویەتی شاری مەهرانی ئێران بگرێت.

دەربارەی ئەوەی عێراق لەو شوێنە و شوێنی تریش دەرناچێت، تا ئێران لە دوورگەی فاو نەکشێتەوە... ئەمەش سیاسەتێکی عەسکەریی تازەیە...

ئیمشەو دەنگی ئەمریکا بڵاوی کردەوە، کە ڕۆژنامەی سیاسەتی کوێتی نووسیویەتی: کە سەردانی مەلیک حوسێن بۆ بەغدا پێش ٣-٤ ڕۆژ بۆ ئاشتبوونەوەی"حافظ الاسد و صدام" بووە.

د. شوان برینەکەی ناوچەوانمی دوورییەوە.

١٩٨٦/٥/١٨

کۆبوونەوەی دەزگای ئیعلام لای من بوو.

سەعات ١٢ی نیوەڕۆ، نەوشیروان و فەرەیدوون و حەمەتۆفیق ڕەحیم هاتنە لام، حەمە باسی وەزعی ئێرانی کرد. دەرکەوت قسەکانی حاجی مستەفا هەر لە باری موجامەلات بووە، چیتری لەدەست دا نییە.

هەروەها گوتی: لە لایەن پارتی تەخویل کراوین قسەتان لەگەڵ بکەین، بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی هەردوولاتان لە لای ئێمە بێت لە کاولان.

پێشنیارێکی تریشی کرد، کە یەکێتی و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆک نامەیەکی هاوبەش بنووسن، کە ئەم هاوکارییە دژی ئێران نییە.

سەیرە! ئێران بۆ نیگەران دەبێ لە هاوکاریی ئێمە؟!

## دەچنە کن پارتی

١٩٨٦/٥/١٩

لەگەڵ نەوشیروان چووینە یاخسەمەر بۆ کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی.

بڕیار درا وەفدێکمان بچێت بۆ گوندی کاولان، بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ پارتی. وەفدەکە پێک بێت لە؛ فەرەیدوون،

دارا، ئازاد. گەر فەرەیدوون مەجالی بوو سەردانی حاجی مستەفاش بکات.

وەفدێک تەخویل کرا، تەتبیع لەگەڵ پارتی ئیمزا بکات، بەڵام دەبێ ئاگادار بن هاتنی ئەوان بۆ ئەم ناوچەیە، بەندە بە چوونی ئێمە بۆ بادینان بەقەدەر یەک.

مەلا ئەحمەد داوای دانیشتنی کرد، سوپاسی کردین و گوتی: ئێوە ئەمڕۆ "سید الموقف"ن.

دوایی هاتە سەر باسی "تاش"، گوتی: هاوکاریی سیاسییمان نەکردوون و نایکەین، بەڵام لە ڕووی ئینسانییەوە یارمەتیمان داون. مام جەلال و نەوشیروان بۆیان ڕوون کردنەوە، کە ئەمەش کارێکی خراپە، هاندانی دووبەرەکییە.

شەو لای مام جەلال بووین.

١٩٨٦/٥/٢١

مام جەلال برووسکەیەکی بۆ ئێران نارد، داوای نوێنەریان دەکات. ڕەئی فەرەیدوون وایە جارێ کەس نەنێرین، تا بزانین مەسەلەکە چییە. لەگەڵ نەوشیروان گوتمان سبەی لەگەڵ مام جەلال باسی دەکەین.

## بچینە ئێران

١٩٨٦/٥/٢٢

بە بۆنەی دامەزراندنی یەکێتی دەعوەتی مام جەلال بووین.

بڕیارمان دا؛ گەر نوێنەر بۆ ئێران بنێرین، ئەوە من و شێخ دارا و فەرەیدوون بچینە ئێران.

١٩٨٦/٥/٢٤

چوومە گوندی یاخسەمەر بۆ لای مام جەلال. لەوێشەوە بۆ گوندی گاپیلۆن، منداڵەکانی خۆیان هێنا و گەڕاینەوە بەرگەڵوو. بەتەمام نامەیەک بۆ حەمەڕەحیم بنووسم، کە یارمەتییان بدات بۆ ناو ئێران و دەرچوونیان، مام جەلالیشم ئاگادار کردەوە.

## سووریا و ئیسرائیل

١٩٨٦/٥/٢٥

ڕۆژنامەی "السیاسة"ی کوێتی ڕۆژی ١٩٨٦/٥/٢١ بەراوردکاری لە نێوان هێزەکانی سووریا و ئیسرائیل کردووە. بەم شێوەیە بڵاوی کردۆتەوە.

ئیسرائیل

قوات جاهزه الجيش ٣ فرقه، ١٠٤٠٠٠ جندى، ١٢٠٠ دبابه، ٨٠٢ طائره مقاتلة. الاحتياطي ٨ فرق،٣٠٠٠٠٠ رجل،٢٤٠٠ دبابة.

سوريا

قوات جاهزه ٨ فرق، ٢٧٠٠٠٠ رجل،٤٢٠٠ دبابة، السلاح الجوي ٥٠٠ طائرة مقاتلة. الاحتياطي ٩ فرق،٢٧٢٠٠٠ رجل،٣٠٠ دبابة.

١٩٨٦/٥/٢٨

سلێمان قەساب هاتە لام، کە لە مهابادەوە هاتبوو... وردەدەنگوباسی پێ بوو.

پاکیزە خان "خێزانی فەرەیدوون" هاتە لام، لەگەڵ بێستوون و شوانی کوڕی، کە حاجی مستەفا ئیشەکانی بۆ جێبەجێ کردوون بۆ چوونە سوید.

## بەهائەدین گلەیی هەبوو

١٩٨٦/٥/٣٠

نیوەڕۆ "بەهائەدین نووری"یم لە لا بوو، نەوشیروان هات. تۆزێ باسی خۆی کرد، پوختەکەی:

گلەیی هەبوو کە یارمەتیی تەواومان نەداوە، دابینی چەک و چاپمان بۆی نەکردووە، سەیارەی نەدراوەتێ، هەندێ جار معامەلەی خراپیان لەگەڵدا کردووە.

گوتی: حەز ناکەم پەیوەندیتان لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراقی لەسەر حیسابی ئێمە بێت، وا بکەن نەیەنە قەرەداغ، یان گەر هاتن، نەیەنە گوندەکەی من.

یوسف هات شریتێکی پێ بوو کە لە ڕادیۆ بڵاو بۆتەوە تێدا حیزبی شیوعیی عێراقی هێرشی توند دەکاتە سەر یەکێتی، لەگەڵ نەوشیروان قسەمان لێی کرد. دیارە مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی عێراقی بە ڕێککەوتنەکە ڕازی نییە. بڕیار درا نامەیەک بۆ ئەبووسەرباز بنووسم، کە کەسێکیان بێت تا هەڵوێستەکە ڕاست بکاتەوە.

دوایی شێرکۆ بێکەس هات زۆر لە هەڵوێستی حیزبی شیوعی نیگەران بوو.

بە داخەوە ئەمشەو "هێمن" جێگر تیپی ٤٧ و چەند ئامیر کەرت و ئامیر مەفرەزەیەک، کە ژمارەیان هەشت کەسە بووینە، کەوتوونەتە کەمین و شەهید بوونە.

هەروەها خەبەر هات، وریا سوور، جێگر تیپی ٢٧ لەگەڵ دوو برادەری تر ماددەی زەرنیخیان بۆ لە وێسکی کراوە، دکتۆر کامەران مردووە، بڕیارە وریا و ئەوی تر بەرەو ئێرەیان بنێرن.

۱۹۸٦/٥/۳۱

چوومە گوندی یاخسەمەر بۆ لای مام جەلال، دوایی چوومە لای مامۆستا نازم.

نامەکەم بۆ حیزبی شیوعی عێراقی نارد، بە ناوی خۆم بۆ ئەبووسەرباز.

مام جەلال گوتی: بە خۆم وەڵامی هادی دەنووسم لەسەر حیزبی شیوعیی عێراقی.

## بچینە ڕاژان

۱۹۸٦/٦/۲

فەرەیدوون و دارا و ئازاد هاتنە بەرگەڵوو، پێکەوە لای نەوشیروان دانیشتین.

لەگەڵ پارتی باسی تەتبیع کراوە، بەڵام چییان ئیمزا نەکردووە. ئیتیفاقی مەبدەئیان کردووە، لەسەر شێوەی ئاساییکردنەوە حیزبی شیوعیی عێراقی.

قسەیان لەگەڵ کردوون بۆ ئەوەی وەفدی ئێمە بچێتە ڕاژان، بەڵام دوای پەیوەندی دەرکەوتووە ئێران موافق نییە.

ئیتیفاق وایە، دوای جەژن وەفدیان بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە، بێننە ئێرە.

بـرادەران ڕازی بـوون لەسـەر هەڵویسـتی سۆسیالیسـت، بە تایبەتی گەڕانەوەی ڕەسووڵ مامەند.

١٩٨٦/٦/٣

ئەو وتـارە بـڵاو کـرایەوە، کە مـام جەلال لەسـەر حیزبـی شیوعیی عێراقی نووسیبووی، منیش تۆزێ دەستکاریيم کردبوو.

١٩٨٦/٦/٥

ڕادیۆ بڵاوی کردەوە کە وەزیری دەرەوەی عێراق و سووریا لەسـەر سـنوور یەکتـر دەبیـنن. دوای ئەوە هەردوو سـەرۆک چاویان بەیەک دەکەوێت.

١٩٨٦/٦/٦

لەگەڵ نەوشیروان چووینە یاخسەمەر. کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی کرا، مامۆستا نازم لەوێ نەبوو. زیاتر باسی پەیوەندیی عێراق و سووریا کرا.

مام جەلال لە "شەوکەت" دڵگران بوو، بڕیاری دا مەڵبەندی یەک بێنە ئێرە و قسەیان لەگەڵ بکرێت.

سـەرلەئێوارە کۆسـرەت و مامۆسـتا چەتـۆ گەیشـتنە ئێـرە، مامۆسـتا چەتـۆ شـەو لای مـن بـوو، "سـەید کاکە"شیان لەگەڵ هاتووە، شەو لە سەرگەڵوو مانەوە.

## شەڕ نابێتەوە

١٩٨٦/٦/٧

بەیانی سەید کاکە و شیروان شێروەندی هاتنە لام، نیوەڕۆ لامان بوون.

دیار بوو سەید کاکە وای نیشان دەدا، نایەوێ جارێکی تر شەڕ ببێتەوە، گەر شەڕ ببێتەوە، ئەو دادەنیشێت.

دیار بوو وردەگلەییشی هەبوو، کە پەیوەندیی بە حوکمڕانییەوە هەبوو، منیش پێم گوت: ئەم مەسەلەیە بڕاوەتەوە کاتێک دەتوانن حوکمڕانی بکەن، کە هێزی پێشمەرگەی هەردوولا ببن بە یەک لەشکر.

شەو ئەوان لای نەوشیروان بوون.

بڕیارە سبەیش بچنە لای مام جەلال.

١٩٨٦/٦/٨

ئیمڕۆ کرا بە جەژن.

ئێوارە درەنگ خێزانەکەی خاڵە کەمال "پێشمەرگەیەکە لەکن دکتۆر" لەگەڵ دایکی ئەژین گەیشتنە لامان، دایکی ئاوارە گوتی:

محەمەدی برات پازدە ڕۆژێکە گیراوە، لەکن دائیرەی ئەمن

حیجزە. لەو پازدە ڕۆژە یەک موقابلەی هەبووە، خێزانەکەی گلدەران سەردانی کردووە. کەریم خان محاولەی بەردانی دەکات.

من قەناعەتم وایە نەوزاد کاکە خەبەری لێ داون، چونکە خدر و مەقسوود پارەیان لێی وەرگرتووە، کە محەمەد لە عێراق بیداتەوە. ئێستا شکەکە لەوە، جارێ ناشزانم حەقیقەت چییە!

## ٥
## هەڵاتنی مەلا بەختیار

### مەلا هەڵات

١٩٨٦/٦/١٠

شەو سەعات ١ی دوای نیوەشەو، خەبەرم بۆ هات کە مەلا بەختیار هەڵاتووە. بەیانی نزار هاتە لام و باسی هەڵاتنەکەی بۆ گێڕامەوە، دیارە زۆر بە ڕێکوپێکی داندراوە.

### مەلا گیرایەوە

١٩٨٦/٦/١١

شەوی ڕابردوو مەلا بەختیار لە خوار گوندی قزلەر گیرایەوە. شوانێک لە بەرگریی میللی بینیبووی، بە شوێنیدا چووبوون و گرتبوویانەوە.

## مافوور

١٩٨٦/٦/١٢

کۆبوونەوەی "ڕزگاری"مان کرد، مەوادەکانمان خوێندەوە.

چـــوومە لای هێـــرۆ خـــان پیرۆزبـــاییم بە بـــۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی لێ کرد. مافوورێکی بچووکم بە دیاری بۆ برد.

مام جەلال نامەیەکی خدری دامێ کە بۆی ناردبووم، دیار بوو شکاندبووی، بەڵام گوتی: نەمخوێندووەتەوە.

مەسەلەی دانیشتنەکەمان هەر باسی مەلا بەختیار بوو.

ڕێک کەوتین ڕۆژی شەممە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی لە لای من بێت.

١٩٨٦/٦/١٤

جەمـاعەتی پـارتی و هەنـدێ لە حیزبـی شـیوعی عێراقـی و جەماعەتەکەی قادر عەزیز و هەندێک لە "ئاش" بەرەو دەشتی هەولێـر بە ڕێ کەوتـوون، دیـارە دەیـانەوێ خۆیـان بەسـەرماندا بسەپێنن.

## دەفتەرە سوورەکە

١٩٨٦/٦/١٦

مام جەلال هاتە لام. دوایی لە مەکتەبی سیاسی کۆ بووینەوە. نامەکانی دەرەوە کە د. کەمال و بامەڕنی نووسیبوویان خوێندرانەوە.

ماوەی ساڵێکە مەحزەری کۆبوونەوەکانمان نەدەنووسی، ئەمڕۆ دەفتەرە سوورەکە هاتە پێش، بڕیارەکانمان تێدا نووسی و ئیمزا کرا.

مەسەلەی مەلا بەختیار هاتە پێش، بڕیار درا تەحقیقی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام خۆی چی لێ بکرێ! ئەوە جارێ هێشتا ماوە.

## حەقی مام جەلال بوو

١٩٨٦/٦/٢١

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ مەڵبەندی یەک ئەنجام درا. ئەو گیروگرفتانەی کە لە نێوان ئەوان و مام جەلال هەبوو، چارەسەر کران. حەقی مام جەلال بوو. وەعدیان دا جارێکی تر ئەوانە دووبارە نەبنەوە.

## شێرکۆ بێکەسیش هات

١٩٨٦/٦/٢٢

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو. بڕیار درا:

وەڵامی هەموو هێرشێکی حیزبی شیوعیی عێراقی بدەینەوە، بە شێوەیەکی ئاسایی و نەرم.

د. عیزەدین خەبەری نارد سەردانیمان دەکات، شەو سەعات ٨ هات. لەگەڵی دانیشتین: مام جەلال، نەوشیروان، من، شێرکۆ بێکەس، ئاوات. ئەو بۆ سەعات ١٢ گەیشتەوە بەرگەڵوو. دکتۆر لای مام جەلال مایەوە. "عەزیز"ش کە شەوی دووەمی بوو لێرە بوو، چاوم پێی کەوت، سبەی قسەم بۆ دەکات.

## تەدریب ناکەین

١٩٨٦/٦/٢٩

برووسکەیەکی حیزبی شیوعیی عێراقی بۆ مەکتەبی سیاسی هات.

داوا دەکەن:

ڕێگای چەکدارەکانیان بدەن بێنە ئەم ناوە. هێرشی ئیعلامی ڕاگرن، وەفدەکان یەکتر ببینن.

مام جەلال پڕۆژەی وەڵامی نووسیوە و دەڵێ: دوای

ڕێککەوتن دەتوانن بێن. قسەکانی ئێمە وەڵامی هێرشەکانتانە، با وەفدی هەردوولا یەکتر ببینەوە.

من موافق بووم لەسەر پرۆژەی وەڵامەکەی، بەس بڕگەکانی هەندێ پاش و پێشی دەویست.

د. فوئاد سەید عەلی و ئومێد، ئەویش مامۆستایە لە زانکۆ سەلاحەدین هاتنە لام، گوتیان نازانین چی بکەین! دەرچووین، چونکە دەبووایە لە ١٩٨٦/٦/٢٢ بچووباین بۆ تەدریب.

# ٦
# بۆردومان و جموجۆڵ

## دۆشکەکان

١٩٨٦/٧/١

سەعات ٦ی بەیانی، شەش فڕۆکەی عێراقی ناوچەی جافەتی بە تایبەتی؛ یاخسەمەر، گویزیلە، چالاوە، قەرانگوێ-یان بۆمباران کرد. لە یاخسەمەر کوڕێکی کوردستانی ئێران سەر بە جەماعەتی سەید ڕەسووڵی بابی گەورە، لە چالاوە ٤ کەسی تر شەهید بوون، برینداریش زۆرن، بەڵام خەتەر نین.

دیارە ئەم هێرشە بڕیاری کۆبوونەوەی پێرێی هێزی چەکدارانی حکوومەتە بە سەرۆکایەتی سەدام بووە. تەوەقووعمان کرد بەرگەڵووش بومباران بکات، بەڵام بۆیان نەکرا، دۆشکەکانیش زوو هاتنە دەست و تەقەیان لێ کردن.

بۆ ئێستگەکەمان شتێکم لەسەر ئەم مەسەلەیە نووسی بڵاو بکرێتەوە.

## سەرەقەڵەم

١٩٨٦/٧/٦

سەعات ٧:٣٠ی بەیانی فەرەیدوون، شێردڵ، دارا، ڕەفعەت لەگەڵ نوێنەرانی ئێران هاتنە لام. وەفدەکە بریتی بوون لە: حەمید، مەجید، تەهرانی، علم الهدی و سێ کەسی تریش... حەمید لە تاران هاتبوو، ئەوانی تر لە قەرارگای ڕەمەزان.

گوتیان حەز دەکەین چاوێک بە ناوچەکەدا بخشێنین.

سەرەتا چوونە سوورداش، دوای نیوەڕۆش لەگەڵ "عەلی بچکۆڵ" بەرەو ناوچەکانی کەرکووک بە ڕێ کەوتن.

شەو و ڕۆژی ڕابردوو لەم بارەوە لەگەڵ مام جەلال قسە کرا. بە قەناعەتی خۆم شتێکی تایبەتییان نییە، دەیانەوێ فیکرەیەک لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئێمە وەربگرن. لە قسەکانیشیان دەیانگوت با چالاکییەکی هاوبەش لە دژی نەوتی کەرکووک بکەین، ئینجا هەموو شتەکانی تری دەبێت.

من و نەوشیروان و فەرەیدوون هەندێ سەرەقەڵەممان دانا بۆ گفتوگۆکردن.

## مێشکی تەواو نییە

١٩٨٦/٧/٩

چووینە یاخسەمەر، کەمال و ڕەسووڵ مامەند و حەمەڕەحیم و عەدنان موفتی و حەمەی حاجی مەحموود و سەید کاکە هاتبوون. ئەوانم لە لای مام جەلال بینی.

بۆ نیوەڕۆ لای مامۆستا نازم دەعوەت بووین. شەو لای مام جەلالماینەوە.

مام جەلال گەشبین بوو لە هاتنی ئێرانییەکان. دیار بوو خۆیشی حەزی دەکرد لەگەڵیان دانیشێت. گەر من نەبام هەندێ خراپ تێگەیشتنێک پەیدا دەبوو.

فەرەیدوون گوتی: مام جەلال گوتوویەتی قسەی سیاسی و عەسکەرییان لەگەڵدا بکەن.

گوتم: چیمان هەیە بینووسن و بۆ مام جەلالی بنێرین، ئەوجا ئەو بڕیار بدا. تێبینیم لە فەرەیدوون کرد لەم ڕۆژانە مێشکی تەواو نییە، دیارە کێشەیەکی هەیە.

١٩٨٦/٧/١٠

ئێوارە ڕەسووڵ و جەماعەت هاتنە لامان، خۆشمان بەیانی لە یاخسەمەرەوە گەڕاینەوە بەرگەڵوو. شەویش لای من بوون.

## جاش بفرۆشنەوە

١٩٨٦/٧/١٢

ئەمرۆ چووینە یاخسەمەر و کۆبوونەوەکانمان دەست پێ کرد.

شەو لەگەڵ نەوشیروان لای مام جەلال ماینەوە.

ئەمرۆش کۆبوونەوە دەستی پێ کردەوە، بە کورتی:

١- سۆسیالیست بەشداریی کاروباری کۆمەڵایەتی بکەن.

٢- دەستکەوتی چالاکیی پێشمەرگەکانی خۆیان بۆ خۆیان، دەتوانن جاشەکان بفرۆشنەوە، هەر جاشێک تاوانبار بوو، بدرێتە دادگا.

٣- بەشدار بن لە دادگای بەرزی شۆڕش و دادگای بەرزی مەڵبەندەکان.

٤- مافی یارمەتی کۆکردنەوەیان هەبێت، کە دەوڵەمەندەکان دەهێنن، تەسلیم بە مەڵبەندیان بکەن.

٥- یارمەتییان زێدە بکرێت، تا گەشە بکەن، ئەم بڕیارەشمان بۆ مام جەلال و ڕەسووڵ مامەند جێ هێشت.

٦- بمێننەوە لەناو جود، فشار لە پارتی بکەن بۆ ئەوەی بێنە ناو جەبهەی کوردستانی، بواریش نەدەن "ئاش" بێنە ناو بەرەی کوردستانی.

١٩٨٦/٧/١٤

ئەو جەماعەتەی لەگەڵ عەلی بچکۆڵ چووبوونە خوار، گەڕانەوە لای مامۆستا نازم بوون. منیش برادەرانی سۆسیالیستم لەگەڵ خۆم برد.

نامەی د. خدرم بۆ هات کە لە ١٦/٦/ ١٩٨٦ نووسیبووی.

## هێستر بکڕن

١٩٨٦/٧/١٦

عەسر مام جەلال هاتە لام، لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی چەند بڕیارێک درا.

تەخویلکردنی مام جەلال بۆ چەکهێنان، جەبار فەرمان و مامۆستا ساڵح یارمەتی بدەن بۆ خەتی سەفەر. ٥٠ هێسترێک بکڕن، چەکی قورس سەرەتا بۆ سەرکردایەتی بهێنن.

١٩٨٦/٧/١٧

برووسکەی حیزبی شیوعیی عێراقی هات، هێرش لەسەر یەک ڕاگرین، مام جەلال وەڵامی دابوونەوە بە موافق.

چەکدارەکانیان بە ئاگاداری مەڵبەند و تیپەکانی خۆمان ڕێگایان پێ بدرێت، بێنە ناوچەکانی یەکێتی.

هەوڵ بدرێت لە لایەن ئێرانییەکانەوە ڕێگا بدەن وەفدێکی حیزبی شیوعیی عێراقی بێن.

* * *

١٩٨٦/٧/١٩

کۆبوونەوەی ئیعلاممان هەبوو لە ماڵی سامی.

دوای نیوەڕۆ کۆبوونەوەی "ڕزگاری"مان کرد.

هەر دوای نیوەڕۆ چوومە لای مام جەلال، باسی گۆڕانی هەڵوێستی حیزبی شیوعیی عێراقی کرد، پێمان وایە لەبەر ئەو هۆیانە بووە:

١- کەریم ئەحمەد لە دەرەوە ئاگادار کراوەتەوە، کە دەبێ هاوکاریمان بکەن.

٢- بەیانی موشتەرەکی ئێمە و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان دەرچووە.

٣- بەرەوپێشچوونی پەیوەندیی ئێمە و ئێران.

٤- فشاری چەکدارەکانی ناوخۆیان.

## پاسۆک

١٩٨٦/٧/٢٤

چوومە یاخسەمەر، لەگەڵ مامۆستان نازم و عەبدوڵڵا چووینە لای شێخ دارا.

نیوەڕۆ لای ئەو بووین، هەندێ گلەیی کردبوو، بە ڕوونی قسەمان لەگەڵ کرد، دیار بوو هیچی لە دڵا نەمابوو، باشتر لە مەسەلەکان گەیشتبوو.

ئێوارە سەرێکمان لە پاسۆک دا، دەعوەتم کردن بۆ ڕۆژی دووشەممە.

هەروەها چووینە پرسەی شەهید مراد برازای حوسێن ژاژڵەیی لە گاپیلۆن.

شەو چوومە کانی زێوکە لای مامۆستا عەبدوڵڵا.

١٩٨٦/٧/٢٥

لە کانی زێوکە بووم تا نیوەڕۆ، لەوێ چوومە یاخسەمەر، مام جەلالم سەرپێی دی. گەڕامەوە سەرگەڵوو. شەو کۆسرەت و حەسەن کوێستانی هاتنە لام.

١٩٨٦/٨/٥

چوومە یاخسەمەر، نیوەڕۆ لای مام جەلال بووم. سبەی کۆبوونەوەیە.

ئێوارە کۆسرەت و حەسەن کوێستانی هاتنە لام، دەربارەی گیروگرفتەکانی شۆڕشگێڕان و مەڵبەندی سێ قسەمان کرد.

١٩٨٦/٨/٦

سەعات ١:٢٥ دوای نیوەڕۆ ٨ فڕۆکەی عێراقی ناوچەکەیان بۆمباران کرد، "یاخسەمەر، هەڵەدن، چالاوە، دۆڵە بی"، دوو هاووڵاتی شەهید بوون و برینداریکی زۆریش هەبوو.

١٩٨٦/٨/٩

ئەمڕۆ بەیانی بە ئامادەبووانی هەمووان بێجگە لە قادری حاجی عەلی کە لە بارەگایە، کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتی دەستی پێ کرد.

ئامادەبووان: مام جەلال، نەوشیروان، خۆم، فەرەیدوون، مامۆستا نازم، شەوکەت، شێخ دارا، مامۆستا عەبدوڵڵا، کۆسرەت، حەسەن کوێستانی.

مەسەلەکان: وەزع بە گشتی، وەزعی عێراق و ڕژێم، پەیوەندیی لەگەڵ ئێران، پەیوەندییەکانی دەرەوە، دەزگاکانی سەرکردایەتی، مەڵبەندەکان.

مام جەلال نامەیەکی بۆ مولازم عومەر دەربارەی مەسەلەکە نارد.

١٩٨٦/٨/١٠

کۆبوونەوەکە هەر بەردەوام بوو.

شەو گەڕاینەوە بەرگەڵوو.

## ناواقیعی

١٩٨٦/٨/١٢

ئێوارە برادەرانی کۆمەڵەی ئێران، مامۆستا برایم، فاروق هەموویان هاتنە لامان. شەو لای من بوون، مام جەلالیش هاتە کۆبوونەوەکە.

لە لایەن ئێمەوە؛ مام جەلال، نەوشیروان، من، فەرەیدوون، قسە زۆر کرا، سەرنجم دا ئەوان زۆر ناواقیعی بیر دەکەنەوە. پێیان وایە ڕژێمی ئێران پێش هی عێراق دەڕووخێت، کە لەمەیاندا موتەفیق نەبووین.

## سووتاندنی پووش

١٩٨٦/٨/١٣

ئەمڕۆش کۆبوونەوەکەمان درێژەی کێشا، سەعات ١٢:٣٠ چووینە ماڵی بەختیار مستەفا، دەعوەتی کردبووین، دوای نیوەڕۆ گەڕاینەوە مالومە.

نیوەڕۆ دوو فڕۆکەی ئێرانی چەند ڕاکێتێکی بە شاخەکانی نێوان بارەگای کۆمەڵەی ئێرانی و ئەو شاخانەوە نا، زیانی نەبوو تەنیا پووشەکانی سووتاند.

عێراق بڵاوی کردەوە کە هەردوو فڕۆکەکەی خستووەتە

خـوارەوە، بەڵام ڕەسـمی فڕۆکەوانەکـانی نیشـان نەدا، ئێـرانیش باسی ئەو مەسەلەیەی نەکرد.

## فڕۆکەوانە ئێرانییەکە گیرا

١٩٨٦/٨/١٤

لەگەڵ نەوشـیروان چـوومە کـانی زێـوکە، محـازەرەیەکی بـۆ دەورەی کـادیرانی شۆڕشـگێڕان هەبـوو، لەسـەر سـتراتیژیەتی ئەمنی قەومیی عێراقی قسەی بۆ کردن.

شـەو درەنـگ قـادری حـاجی عەلـی نـامەی بـۆ مـن و نەوشیروان نارد، کە فڕۆکەوانە ئێرانییەکەی فڕۆکەکەی کەوتبووە خوار، ئێستا لای ئێمەیە.

## جەژن

١٩٨٦/٨/١٥

ئەمڕۆ کرا بە جەژن...

دوای نیـوەڕۆ بە برووسـکەی مـام جەلال لەگەڵ نەوشـیروان چووینە یاخسەمەر.

نامەیەکی ذو القدر "سەرکردەیەکی پاسداران" هاتبوو لەگەڵ نـوێنەرەکەی بـۆ مەرکەزی یەکێتـی. نـامەکە زۆر دۆسـتانە بـوو، لەگەڵیان دانیشتین.

دیـار بـوو هـاتبوون بـایەخ بەو بابەتـانە بـدەن: لێـدانی کەرکووک، وەک چۆن لەسەری ڕێک کەوتین، ئیشەکان بەسەر برادەران دابەش کران، زۆر دڵخۆش بوون کە فڕۆکەوانەکە لای ئێمەیە، تەسلیمیان کراوەتەوە.

ئەو جەمـاعەتە، هەنـدێکیان وەک خەبیـری عەسـکەری هـاتوون، تـا شـوێنەکان ببینن، دووشـیان وەک نوێنەر هـاتبوون، هەریەکە و بچن بۆ مەڵبەندی یەک و دوو، پاش چەند ڕۆژێکی تر ڕەوانەی مەڵبەندەکانی تریشیان دەکەین.

## ماوەت بگرین

١٩٨٦/٨/١٨

مـام جەلال نـامەیەکی بـۆ نەوشـیروان و مـن نووسـیبوو، دەربـارەی پـڕۆژەی گرتنـی مـاوەت. بە ڕەزامەنـدی وەڵامـمـان دایەوە، بەڵام هەنـدێک تێبینیمـان هەبـوو، بۆمـان نووسـی و ناردمان.

## ٧

# مام جەلال دەرگا لەسەر خۆی دادەخات

١٩٨٦/٨/٢٢

چوومە یاخسەمەر لای مام جەلال، سەرەتا زۆر دڵخۆش بوو، بەڵام لەناکاو نامەیەکی بۆ هات، لە نامەکەدا دیار بوو زۆر تێک چووبوو. نامەکەش لە لایەن شێخ عەتاوە نێردرابوو، نووسرابوو؛ کابرایەک بە عەدەم تەعەرووزی مام جەلال تفەنگێکی پێ بوو، "مەلا کەریم نامیلکە" ئامیر مەفرەزەیەک لە تیپی ٦٣ چەکی کردووە.

یەکسەر چووە ژوورەوە نامەیەکی بۆ مەکتەبی سیاسی نووسی، گەر مەسئوولەکان سزا نەدرێن، ڕۆژی جومعە هیچ پەیوەندییەکم بە یەکێتییەوە نامێنێت، فەرەیدوون قسەی لەگەڵ "ئاوات" کرد، پێی گوت دەبێ گوێی مەلا کەریم بگریت، ئەویش بەڵێنی دا...

دوای نیوەڕۆ کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو مام جەلال نەهات، نەوشیروان تەلەفۆنی بۆ کرد، بەڵام بێسوود بوو، بۆ کۆبوونەوە نوێنەرانی دەزگای پێشمەرگە هاتبوون، چەکەکانمان دابەش کرد.

مام جەلال جیهازەکەی لای خۆی ناردەوە، لەدووی

مامۆستا نازمی نارد، بێ پارەکانی لای ئەو ببات، من سبەی بەیانی لێرە نامێنم.

نامەیەکمان بۆ نارد کە هەق نییە بەم جۆرە چارەسەری هەندێ شت هەیە، بکەیت، هەندێک قسەی خۆش، بەڵام وەڵامی داینەوە و گوتی لەپێشدا گومانم هەبوو، بەڵام ئێستا دڵنیا بووم، کە ئێوە دەست لەپشتی مەڵبەندی یەک دەدەن، من دەڕۆم. شەو لە یاخسەمەر مایەوە، د. نەوزاد تەلەفۆنی کرد گوتی: مام جەلال دەرگای لەسەر خۆی داخستووە، دەترسم شتێک لە خۆی بکات.

## چوار جانتا

١٩٨٦/٨/٢٣

من کە چوومە لای مام، دەرگای کردەوە، دیار بوو خۆی گۆڕیبوو، چوار جانتای هێنابووە دەرەوە و مەرسیدیسەکەشی بۆ ئامادە کرابوو. زۆر بە هێمنی قسەی کرد، بەخێرهاتنی من و مامۆستا نازمی کرد، دۆندرمەی هێنا بیخۆین، جا کەوتە قسەکردن و گوتی مەشاعیرم شپرزە بووە، پێم گوت گومانت هەیە من دژ بە تۆ تەکتیکم هەبێت! گوتی: نەخێر!

گوتم: مەلا کەریم. تا سبەی دەهێنینە لای جەنابت، گوتی: باشە ئیمشەو ناڕۆم تا سبەی.

جەوەکە ئارام بووەوە، چونکە ئەو زۆوتر نیازی بوو شەو بچێتە بەرگەڵوو، لەوێشەوە بۆ سێروان و گوتیشی بەتەمابووم قسە لەگەڵ ئێرانییەکان بکەم، ڕێگام بدەن بچمە دەرەوە.

## خومەینی هێرش دەکاتە سەر ئەتاتورک

١٩٨٦/٨/٢٤

لەگەڵ نەوشیروان چووینە گوندی هەڵەدن. قسەمان لەگەڵ ئەو ٢٥ کادیرە کرد، کە دەنێردرێنە ئەودیو بۆ فێربوونی دژە هەوایی. لەو دەمەدا چوار فڕۆکەی عێراقی پەیدا بوون و بۆردومانی؛ مالوومە، بەرگەڵوو، هەندێ لە شاخەکانی ناوچەکەیان کرد... دەرئەنجام لە بەرگەڵوو چوار شەهیدمان هەبوو، باوکێک و دوو کوڕ و پێشمەرگەیەک، لە مالوومەش ئافرەتێک، برینداریشمان زۆر بوو.

لەگەڵ نەوشیروان چووینە لای مام جەلال، تا ئێوارەماینەوە، "سالْحی" هات قسەمان کرد، بۆ چالاکییەکە ڕێک کەوتین سبەی بێن قسە بکەین. برادەرانیش کە چوونەتە خوار، سبەی یان دووسبەی بگەڕێنەوە وەڵاممان بۆ ئەوەی ئیشەکە زوو ئەنجام بدرێت.

ئیمام خومەینی لە دانیشتنێکیدا بە بۆنەی "غەدیری خوم" دوعای بۆ کورد کردبوو، هێرشی بردبووە سەر ئەتاتورک، ئەمەش پشتگیرییەکی باش بوو بۆ کوردی عێراق و تورکیا.

١٩٨٦/٨/٢٦

عەلی بچکۆڵ لە شێخانەوە گەیشتە لامان، سێ لە خزمەکانی لەگەڵ خۆی هێنابوو، ساڵحی و جەماعەتیش بۆ لای هاتن، باسی مەسەلەکە کرا، سبەی جارێکی تر کۆ دەبینەوە.

خزمان، بە وردی مەسەلەکەیان دیراسە کردووە، دڵنیاش بوون کە ئێمە دەمانەوێ جێبەجێ ببێت، بەڵام ئەوەی سەرەنجی ڕاکێشام، نیسبەتدانان بوو، ئێمە زۆرتر لەوان مغامرەمان دەویست.

## لێدانی پێشمەرگە

١٩٨٦/٨/٢٨

دوای نیوەڕۆ ئێران بڵاوی کردەوە، کە ڕەئیس جمهوور و سەرۆکوەزیران لە کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا لە تاران، ناڕەحەتیی خۆیان دەربڕیوە لەسەر یارمەتیدانی تورکیا بۆ عێراق بۆ لێدانی پێشمەرگە.

١٩٨٦/٨/٢٩

کۆبووونەوە بەردەوام بوو، دەرکەوت هەردوو مەڵبەندی یەک و دوو نەخشە و توێژینەوەکانیان تەواو کردووە، بەڵام

مەڵبەنـدی چـوار کەلـێن و کەلەبەریەکیـان هەیە، پێویسـتی بە پێداچوونەوە هەیە.

هۆیەکەش؛ سەفین و سەلاّح شینە سەرکەوتوو نەبوون، وەک شەوکەت و عەلی بچکۆڵ، یاخود دڵگەرم نەبوونە.

ساڵحی و ڕەحیمی، شەو لای من بوون، لەدوویان هاتن کە لە لاوە دەیانەوێ قسەیان لەگەڵ بکەن، بە شەو چوونە مەقەڕی خۆیان لە بەرگەڵوو.

١٩٨٦/٨/٣٠

چـوونە یاخسـەمەر، مـام جەلال لەوێ نەبـوو، چووبـوو بـۆ سـەردانی ئـامۆزا. دەنگوباسـی تەحەشـوودی حکـوومەت لە سوورەقەلاّت و دوکان پێ بوو.

خەبەرەکە وا بـوو لە ڕۆژانـی ١ـ٩/٣ هێـرش دەکـات بـۆ سەرکردایەتی.

خەبەر هـات بەیـانی سـەعات چـوار هێرشـەکە دەکەن، جـا ئاگاداری مـام جەلال کـرایەوە. قسـە لەگەڵ خزمـان هاوکاریمـان بکەن، تۆپەکانمـان دابەستن. لە جیـاتیی چاوەنوارکردن، بـا ئێمە موبادرەرەی هێرش بکەین.

ساڵحی بەپەلە گەڕایەوە، دوێنـێ شـەو تەلەفۆنی بۆ کرابوو، کە دەبێ بگەڕێتەوە کرمانشان بۆ بەشداریی لە کۆبوونەوەیەکی عەسـکەری کە تەنیا ٢٤ سـەعاتی پێ دەچێت، وا پێ دەچێت هێرشێکیان بەدەستەوەیە.

وتارێکمان بڵاو کردەوە سوپاسی ئێران دەکەین، بۆ پشتگیریی کورد و نارەحەتبوونیان لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی عێراق و تورکیا.

## ٨
## هێرشی دوژمن

### ئازادین

١٩٨٦/٩/١

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو. خەبەر هات دوژمن دوو جار هەوڵی داوە لە دۆڵە پیشک پێشڕەویی بکات، بەڵام شکاوە. سامان سەرپەرشتیی بەرەکە دەکات. ڕەحیمی هات داوامان کرد یارمەتیمان بدەن و لە دۆڵی سەفرە بپەڕنەوە، بەڵام گوتی: ئەو کات نابێ دیموکرات و کۆمەڵە لەو دۆڵە بن، چونکە کوردەکان لێیان بێدەنگ نابن، هەردوولامان ئاگادار کردنەوە.

قائید فەیلق، محەمەد مەلا عەلی نارد، گوتی چەکتان لە ئێرانەوە بۆ دێت، پاسداران دێنە لاتان، جا بۆیە کەیوان و کلکەی قامیش دەبێ بەدەست ئێمەوە بێت، حەز دەکەین شەڕمان لەگەڵ نەکەن، وەڵاممان دانەوە تەقە بکەن گوناهەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئێوە، ئەو کات ئازادین ئێرانیش بهێنینە ناوچەکە.

ڕەحیمی دەستبەجێ بڕیاری دا هاوکاریمان بکات.

مام جەلال چوو سەردانی ناوچەکە بکات.

١٩٨٦/٩/٢

شەوی ڕابردوو شەڕ دەستی پێ کرد. حکوومەت بڕیاری داوە ئەمشەو کارێزە بگرێت.

## دوو ڕۆژ خۆتان بگرن

١٩٨٦/٩/٣

مام جەلال خۆی لە بەرەکە بوو، گلەیی لە سامان هەبوو. داوای لێ کردوون جەبار ئیشراف بکاتە سەر هێزەکانی مەڵبەندی یەک، لەوەیان پرسی بە ئێمە کرد. لەگەڵ نەوشیروان موافق بووین.

ئێوارە نامەیەکی تری هات، دیارە زۆر ڕازی بوو. هەروەها نامەیەکی ڕەحیمی بۆ هاتبوو، پیرۆزبایی لێ دەکات، دەڵێت: دوو ڕۆژی تر خۆتان ڕاگرن، تۆپی ئێمە لە خزمەتتاندایە.

نامەیەکی خاڵە حاجی بۆ هاتبوو، کە پارتی دەیەوێ وەفد بنێرێت بۆ یاخسەمەر.

نامەیەکی ڕەسووڵ مامەند دەربارەی بانگەوازی "سید الحکیم" بۆ کۆبوونەوەی موعارەزەی عێراقی گەیشتە دەستمان.

بە داخەوە شەوی ڕابردوو محەمەدی مەلا عەلی شەهید بووە.

شەو پێنج ڕەبیەکەی نێوان ماوەت و قامیش گیران.

١٩٨٦/٩/٤

وەزعی بەرەکان زۆر باشە. لە قۆڵی ڕێگای ماوەت ڕەبیەی "ڕەجەب کرێو" یەکەم سەیتەرە بەسەر پردی ماوەت، گیرا.

دوژمن لە دوێنێیەوە شەش هێرشی هێناوە بۆ گرتنەوەی ڕەبیەکان بەڵام شکاون، کوژراوی جاش زۆرە.

مام جەلال برووسکەیەکی کرد، سبەی بچینە لای.

## ٤٠ جاش کوژران

١٩٨٦/٩/٥

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو...

گرنگترین شت نامەکەی ڕەفعەت بوو، کە دەڵێت: کاکمان تەلەفۆنی کردووە، دەڵێ قالە بە تایبەت هاتووتە لامان، دەڵێت لە ماوەی ٣ مانگی داهاتوو زەماوەندیان هەیە، دەیانەوێ بەشدار بن لە جیهازەکەی گەر جێبەجێش نەبوو، میوانداریيان بکەین، کە ئەم شتێکی باش بوو لامان، بەڵام ئەم کاغەزە هەر تەنیا نەوشیروان و من خوێندمانەوە و باسمان کرد و بڕیارمان دا.

شەڕی بەرەکانمان زۆر باشە، لە سنووری تیپ ٣٧

کۆپتەرێک کەوتووتە خوارەوە، ڕەبیەکیش کە پێشمەرگە لێی کشابوونەوە یاخود گیرا بوو جاشی تێدا بوو، کۆپتەرێک هاتووە دەوری ٤٠ جاشی کووشتوە.

کاکمان = عومەر دەبابە

قالە = عبدالجبار الكبيسي، ئەندامی قیادەی قەومی بەعس.

١٩٨٦/٩/٦

شەڕ هەر بەردەوامە لە قۆڵی قەیوان و خەمزە، هەروەها لە دۆڵەبێشک.

١٩٨٦/٩/٧

مام جەلال نامەیەکی نارد، نووسیبووی:

مەسەلەکەی قالەم لەگەڵ ئێرانییەکان باس کرد، بێ دیارکردنی لایەنەکە و ئامادەن لە حاڵەتێکی وەهادا شەڕ ڕاگرن، جا مام جەلال پێشنیار دەکات، حەمەتۆفیق بچێتە دیمەشق بۆ دیتنی قالە.

بە ڕەئی من: "دەبا مام جەلال موفاتەحەی ئێرانییەکان بکات، چونکە ئەم گۆڕینە لە مەسڵەحەتی ئێران نییە، بەڵکوو مانەوەی سەدام مەسلەحەتی وانی تێدایە و تەرکیزی دەکەنە سەر، بەڵام گۆڕانکارییەکان مەنتیقی بەردەوام بوونی شەڕیان زەعیف

دەبێت، دەبا مام جەلال ڕەئی قالە وەرگرێت، ئەوجا باسەکە لەگەڵ لایەنی تر بکات.

لە نامەیەکدا نارەزایی لە سەفین دەردەخات، کە لە شەڕەکانی دۆڵەبیشک زەعیف بووە.

١٩٨٦/٩/١٠

سەعات ٢ی دوای نیوەڕۆ چەند تەیارەیەکی عێراقی هاتنە سەر ناوچەکە، بۆ شەو زانیمان یاخسەمەر بۆردومان کراوە.

## دەمانچەیەکم دەداتێ

١٩٨٦/٩/١١

چوومە یاخسەمەر، ڕێکەوتەکە وا بوو، زۆربەی خانووەکان ڕووخابوون، بڵێسەی ئاگر هەر مابوو. مقاوەمەی زەمینی لاواز بووە، هەرچەندە دوو سامیان بە فڕۆکەکەوە نابوو، بەڵام نەیگرتوون.

ماڵەکەی فەرەیدوون هەمووی ڕووخابوو، باش بوو، کەسیان لە ماڵ نەبووە، هەموو ماڵەکەشیان سووتاوە.

لای مام جەلال ئەمرۆ ڕەحیمیم دی، دەمانچەیەکی وەک دیاریی پێ دام.

مامۆستا نازم بە بیری هێنامەوە، کە یادی دمەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانە.

سەعات ٧ لە سوسێوە تۆپبارنی سەرگەڵوو و بەرگەڵوو کرا.

١٩٨٦/٩/١٢

ئێران بڵاوی کردەوە، کە ڕاکێتی ئەرزئەرزی بە بەغداوە ناوە، لە دائیرە ئەمنی داوە. بەغداش گوتوویەتی لە گەڕەکێکی پڕ خەڵکی داوە. پەیامنێرانی دەرەوە دەڵێن کیلۆمەترێک لە دائیرەکەوە دوورە، نزیک شیراتۆن کەوتۆتەوە.

ئیمشەو سەعات ١٢:٣٠ چوار تۆپیان لە بەرگەڵوو دا، دیار بوو لە شوێنی تریشی گرتبوو وەک: یاخسەمەر، هەڵەدن، سەرگەڵووی دابوو.

## بەرگەڵوو گیرا

١٩٨٦/٩/١٣

شەو سەعات ١:٣٠ تۆپبارانی بەرگەڵوو کرا. لە بەرەی قەیوان حکوومەت جاشەکانی سەحب کردەوە، جەیشی هێنابوو، بەڵام پێشمەرگە نەیهێشتوون لە شوێنی خۆیان دامەزرێن، هێرشیان کردووەتە سەریان و زیانێکی زۆریان لێ داون.

## بە قەنناسەوە

١٩٨٦/٩/١٤

نەوشیروان و مولازم عومەر هاتنە لام. مولازم عومەر قەنناسێکی پێ بوو... لە لای منەوە چوونە لای مام جەلال، دیارە مولازم عومەر چالاک دەبێتەوە، کە ئەمە دەسکەوتێکی باشە.

سەعات ١١ تۆپبارانی بەرگەڵوو دەستی پێ کردەوە.

شێخ محەمەد لە سماقووڵییەوە گەیشتە سەرگەڵوو.

## کشانەوە

١٩٨٦/٩/١٥

مام جەلال برووسکەیەکی کرد تێیدا دەڵێت وەرنە لام. کە چووین نامورتاحیی خۆی لە موعامەلەی ئێرانییەکان بۆمان دەربڕی، گوتی: فیشەک زۆر کەمە و بە کاوەخۆ دەینێرن، مەفرووز بوو عەمەلییەی ماوەت پێکەوە بیکەین، داوایان کردووە دوا بخرێت. لەم ڕۆژانە هێرش بۆ عێراق ناکەن، چونکە سەدام چۆتە مۆسکۆ، ڕەنگە ئاڵوگۆڕێک هەبێت.

گوتی: خەتی بەرگری و کشانەوەشم داناوە، لە لایەکی

دیکەوە جاشەکان لە خەتی گەناوەوە چوونەتە پێشەوە و ڕێگای هەرزنە تەهدید دەکەن. وەعدە وایە شەو جەبار لە چەم بپەڕێتەوە، لێیان بدات و ئێرانییەکان یارمەتیی بدەن.

سالّحی کە هات بەو شێوەیە قسەیەی نەکرد، بەڵکوو پتر موجامەلە بوو، بەڵام گوتی: ئەو مەسەلانەی باستان کرد هەمووی دەگەیەنم.

شەو گەڕاینەوە مولازم عومەر لەگەڵ شێخ محەمەد لە بارەگا بوو.

لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بڕیارمان دا: ئیعلام بە هەموو بەشەکانی و هەموو لایەنەکانی بێجگە لە ئیعلامی سەرگەڵوو بچنە ئەودیو، بە تایبەتی دۆڵە کۆگێ، کە قسەت لەگەڵ سالّحی کرد ڕێگاکەمان بۆ بکاتەوە، کە زۆرینەیان لە سنووری ئێرانە. چاپخانەی شەهید جەعفەر و ڕۆشنبیریی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان و ڕادیۆیەکی گەورە دەچێتە ئەوێ، فەرەیدوون و مامۆستا نازمیش بارەگایان دەبەنە ئەولا.

## شێتە

١٩٨٦/٩/١٧

چوومە یاخسەمەر. خەزیکی پێچانەوە بارەگەی مامۆستا نازم بوون. سەرێکم لە سامی دا، هەر هەمان وەزع بوو. چوومە لای

مام جەلال دەربارەی ئەو پرسیارانەی لە ڕەفعەتی کردبوو، بۆ باڵیۆزی لیبی نامەی دەنووسی.

مەحموود خۆشناو هاتەوە، هەندێ قسەی زارەکیی پێ بوو. یەک لەوانە وانێک "قاسملوو" پەیوەندیی بە شێتە "قەزافی" بکات.

ئەمشەو مامۆستا نازم بەرەوە قاسمەڕەش بە ڕێ دەکەوێت، ڕەحیمی کە گەیشتەوە ئێرە فەرەیدوون لەگەڵی دەچێت بۆ تەماشاکردنی جێگاوڕێگا.

١٩٨٦/٩/١٩

مام جەلال نامەیەکی بۆ ناردم، دەڵێت: دیفاع لە هەموو شۆڕشگێڕان دەکەین، ملازم فواد لە مەڵبەندی دوو چەند شکاتی لێ کراوە، گەر وا بێت ئەوە بۆتی دەنێرمەوە.

١٩٨٦/٩/٢٠

خزمان هاتن، ژمارەیەک کەسایەتی و خەڵکیان پەیدا بوون، بەرگەڵوومان بۆ ئامادە کردن.

## دەنگی بەرز کردەوە

١٩٨٦/٩/٢٢

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو، من و نەوشیروان ئامادە بووین. باسی دابەشکردنی هێزەکان کرا بە تایبەتی نەخشەی یەکێتی، کە چەند ڕۆژێکی کەمی ماوە جێبەجێ بکرێت.

مام جەلال گوتی: وەعدە وایە " فەرەیدوون دایناوە"، من و د. فؤاد و مولازم عومەر بچینە لای دیموکرات، ئێوارە چووین لە شێرکەپرە، د. سەعید و مەلا عەبدوڵڵا و حەسەنی شەرەفی، لەگەڵمان دانیشتن، یەکسەر مام جەلال مەسەلەی لیبیای هێنایە پێش، د. سەعید بایەخی پێ نەدا! دوایی هاتینە سەر باسی شەڕی ئەم جارەمان، د. سەعید گوتی؛ هێنانی چەک و شتەکان شلۆقیی پەیدا کردووە، منیش گەر حکوومەتی عێراقی بام، لێم دەدان. مام جەلال تووڕە بوو، دەنگی بەرز کردەوە، لە شێوەی ئاسایی دەرچوو، جەوەکە زۆر ناخۆش بوو.

شەو چووینەوە ژوورەکەی مەکتەبی سیاسی.

١٩٨٦/٩/٢٣

بەیانی دانیشتینەوە، مام جەلال ئیعتیزاری کرد، من کەوتمە قسەکردن و ڕەخنەم لە د. سەعید گرت، کە بەم شێوەیە لە دیدارەکەمان قسەی کرد.

دوایی کەوتینە گفتوگۆ، کە ئەوان هەوڵ بدەن حکوومەت

هێرش بۆ ئەم ناوچەیە نەیەنێت، ئێمەش پەلاماریان نەدەین، گوتیشمان هیچ وەعدیشمان پێ نەداون، ڕێگای سەفرە بەکار نەهێنن، بەڵکوو داوامان کردووە چۆڵی بکەن.

گوتمان ئەگەر دیموکرات، دەیەوێ لێرە بگوازێتەوە، ئێمە خانووەکانی خۆمانیان لە مەرگە پێ دەدەین.

وەزعەکە تەبیعی بووەوە.

دوایی چووینە لای مامۆستا "شێخ عیزەدین"، دیار بوو خۆی و جەمالی کوڕی کە لە پاریس هاتبوو، قسەیان بەرانبەر ئیمام خومەینی توند نەبوو، بەڵکوو زۆر فەرقی کردبوو.

١٩٨٦/٩/٢٨

ئەمڕۆ لەگەڵ نەوشیروان چووینە لای مام جەلال. برووسکە هات کە شەڕ لە قەیوان توندە. ئەمە دوو ڕۆژ و دوو شەوە، دوژمن هێرش دەکات، لە هیچیان سەرکەوتوو نەبووە.

دوایی هاتینە سەر پەیوەندیمان لەگەڵ ئێران، پرسیمان بۆچی تا ئێستا هیچ شتێکیان دیار نییە؟ بۆ زەغت ناکەنە سەر گەناو و ڕێگای زەروون و هەرزنە بپارێزن؟

پێمان وایە، ئێران جارێ نایەوی عێراق بزانێت کە هاوکاریمان دەکەن.

مام جەلال گوتی؛ پەیوەندییەکە توند دەبێت، منیش وا چاوەنوارم بەڵام نەوشیروان گومانی زۆر بوو.

## دوو کوڕەکەی کۆسرەت کوژران

١٩٨٦/٩/٢٩

بۆ هەندێ وردە بابەت، چوومە لای مام جەلال، کۆسرەت گەڕایەوە، بە هۆی کوشتنی دوو کوڕی بە دەستی کوڕە گەورەکەی، کە یاریی بە تفەنگ کردووە، گوللەی لەدەست دەرچووە! هەرسێکیان بچووکن، تەمەنیان لە نێوان ٧-٩ ساڵانە.

ئەمڕۆ "زیارة جدیدة للتاریخ"ی "محمد حسنین هیکل"م خوێندەوە، دوو بڕگەم لا جوان بوو، لە بیریان ناکەم، یەکێکیان کە هەمەنگوای باسی ئیسپانیا دەکات: "ان وعدا بالحریة مع دیکتاتور، شیک بلا رصید، ثم ان املا بالحریة من حالم، هو عملة مصابة بالتضخم - بەڵێنی دیکتاتۆر بۆ ئازادی، شیکێکی بێ سەرمایەیە، هیواش بە ئازادی لە خەون، دراوێکی نەخۆشە بە هەڵاوسان".

هەندێ لە ئەفسەرە بچووکەکان لە ئیسپانیا، بەیانێکیان دەرکردووە، دەڵێن: "عندما طلبنا العدل اخذوا منا الحریة وعندما طلبنا الحریة وکان کل ما حصلنا علیه سیرک برلماني هزیل". کە داوای دادپەروەرییمان کرد، ئازادیان لێ زەوت کردین، کە داوای ئازادیمان کرد، ئەوەی بەدەستمان هێنا، پەرلەمانێکی لاوازی وەک سێرکمان بەدەست کەوت!

ڕوکفلر دەڵێ " ان اکبر قدر من النجاح، یرتبط باقل قدر من

الكلام، كلما تكلمنا اكثر و كلما كشفنا من مواقفنا رقعة اوسع وكلما كشفنا المزيد من مواقفنا كلما ضاقت امامنا مساحة الحركة وحرية التصرف - زۆرترین سەرکەوتن، بەندە بە قسەکردنی کەمەوە، هەرچەند زۆرتر قسە بکەین، پێگەمان لە ڕووبەری بەرینتر ئاشکرا دەکەین، هەر چەند هەڵوێستمان زۆرتر ئاشکرا بکەین، ڕووبەری جووڵە، ئازادیی هەڵسوکەوتمان بەرتەسک دەبێتەوە.

١٩٨٦/١٠/١

چووینە لای مام جەلال بۆ قسەکردن لەسەر "الشرارة"، "ئەسەسەرد"یشیان لەگەڵ بوو.

لەوێیەوە چوومە سەردانی حەمەی فەرەج و جەمال ئاغا. برووسکەی فەرەیدوون هات، کە وەفدی پارتی لەم ڕۆژانە بە ڕێ دەکەون بەرەو لای خۆمان.

## بارزان چۆڵ کەن!

١٩٨٦/١٠/٢

برووسکەیەکی ڕەسووڵ مامەند هات: "کۆپتەری ئێرانی لە بارەگاکانی حیزبی شیوعیی عێراقی داوە، هەروەها شێخ محەمەد خالید ئینزاری حیزبی شیوعیی عێراقی کردووە لە بارزان دەرچن!"

## شاری دوکان دەگرین!

١٩٨٦/١٠/٣

به درێژایی ئەمڕۆ لە کۆبوونەوە باسی چالاکییەکە کرا، بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەوەش سبەی شەو نەوشیروان دەپەڕێتەوە.

## دوکان بگرین؟!

١٩٨٦/١٠/٤

نەوشیروان هاتە لام، گوتی: چالاکییەکەمان کەشف بووە، ناوچەی یاروەلی یەک لیوا عەسکەری بۆ هاتووە، لەگەڵ ساڵح و ڕەحیم دانیشتین، بڕیار درا چالاکییەکەی مەڵبەندی یەک و چوار هەر بکەین، کە گرتنی شاری دوکانە.

شەوکەت و قادر و کۆسرەت، هەریەکێکیان سەرپەرشتیی ناوچەکەی خۆیان دەکەن.

نامەیەکم بۆ مام جەلال نووسی: وەڵامی هاتەوە، دەڵێت: حەز دەکەم بێیتە لام، شەو چووینە لای بۆ مەسەلەی دوکان، ئەو شارەزایی پتری هەبوو، ڕەئی وابوو سبەی شەو نەکرێت، دەبێت بکەوێتە دووسبەی شەو، کەڵکی کۆسرەت چوار ڕەبیەی لێیە، دەبێ ئەویش بگیرێت.

ڕەهبەر بۆ ئەم کارە داندرا، مام جەلال سبەی خۆی لەگەڵ قادر و ڕەهبەر و عەلی بچکۆڵ دادەنیشێت. کەشفبوونی ئەم چالاکییەش پێویستی بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە هەیە. شک هەیە لە لایەن هەردوولامانەوە دەرچووبێت، هەروەکوو حکوومەتیش ئەوەندە گەوج نییە، لە شتان تێدەگات.

جاشەکان هێرشێکیان هێنا بۆ سەرباغ، بەڵام شکان و مەیتی زۆریان جێ هێشت.

## دوکان ناگرین!

١٩٨٦/١٠/٥

نیوەڕۆ مام جەلال برووسکەیەکی کرد، کە بچینە لای و داوای قادری حاجی عەلیشی کردبوو، لەگەڵ نەوشیروان چووین، گوتی:

سالح دەڵێت لە لایەن خۆمانەوە ئاگادار کراینەوە، کە دەبێت ئەو کارەی پێویستە بکەین، گرتنی دوکان دوابخرێت.

مام جەلال گوتی: تۆزێ بە توندی قسەم لەگەڵ کرد، دوایی هەرسێکمان لە مەسەلەکەمان کۆڵییەوە، پێمان باش بوو بکرێت، با کاریگەریی زۆریشی نەبێت، وەک بۆی داندراوە. بەڵام دەبی ئەوە بزانین، کە شێوەی ئیشکردنی ئەوان لەگەڵ شێوەی ئیشی ئێمە ناگونجێت، کەموکووڕییان زۆرە، جا دوای

جێبەجێکردنی پێویستە ڕاشکاوانە هەندێ شتیان لەگەڵ باس بکەین.

١٩٨٦/١٠/٦

دوای نیوەڕۆ نەوشیروان بە ڕێ کەوت.

هەروەها دوای نیوەڕۆ عەزیز و نەسرینی خوشکم گەیشتنە لام، لە هەولێر هەڵاتوون، ئەمن ویستبووی بیانگرێ، فەرهاد و ئاشتی کوڕیشیان لەگەڵدا هاتووە.

١٩٨٦/١٠/٧

چوومە لای مام جەلال، بۆ باسکردنی چالاکییەکەی یەکێتی. دوایی لەگەڵساڵحیی دانیشتم، کە چالاکییەکە بڵاو بکرێتەوە بە ناوی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، ئێمەیش بیڵێین بە یارمەتی ئێران تەواو بووە. هەروەها بڵێین ئێران هیچ چاو و تەماعی لە عێراقدا نییە.

سەعات ١٢:٤٠ فڕۆکە هاتە سەر یاخسەمەر، دیار بوو لە لای سەرگەڵوو و بەرگەڵووی دابوو. زەرەری نەبووە. دواتر دەرکەوت زۆربەی لەپشت مەقەڕەکانی ئێمەی دابوو.

لای مام جەلال د. کەمالم دی، کە لە خەتێ دەهاتەوە.

١٩٨٦/١٠/٩

بەڵێن وا بوو شەو چالاکییەکە بکرێت، بەڵام دواخرا بۆ شەوی داهاتوو.

١٩٨٦/١٠/١٠

بڕیار وایە ئەمشەو سەعات ١٢ چالاکییەکە بکرێت.

چوومە لای مام جەلال، نوسخەی ئەو بەیاننامەیەم بۆ برد، کە بە نیازین بڵاوی بکەینەوە، ئەویش دەستکارییەکی تێدا کرد، منیش بۆ ئەرسەلانم نارد، کە سبەی بەرنامەیەکی تایبەتمان بە بۆنەی ئەم چالاکییە دەبێت.

دوای نیوەڕۆ چووینە لای دوکتۆر بۆ بەخێرهاتنەوەی، جەمال و د. کالیشی لەگەڵدا بوو.

درەنگی شەو زانیمان چالاکییەکە دەستی پێ کردووە. هەنگاوی یەکەم سەرکەوتوو بووە.

## ئەوان کردوویانە

١٩٨٦/١٠/١١

بەیانییەکەی برووسکەی نەوشیروان هات، کە چالاکییەکە سەرکەوتوو بووە، زۆر دڵخۆش بووین، بەڵام لە سەعات ١٠ی

بەیانی ڕادیۆکانی ئێران دەستیان کرد بە مارشلێدان، وایان نیشان داوە کە چالاکییەکە ئەوان کردوویانە، یەکێتی تێیدا بەشدار بووە. ئەمە ڕەدفعلێکی خراپی لا دروست کردین، مام جەلال زۆر تووڕە بوو.

شەو گەڕاینەوە یاخسەمەر لەگەڵ مام جەلال قسەمان لەگەڵ ساڵحی کرد، گلەییمان لێ کرد، چۆن بەلاغەکە بەو شێوەیە بڵاو دەکەنەوە! ئەویش لە وەڵامدا دیفاعی لە هەڵوێستی خۆیان کرد، بەڵام لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین، کە سبەی بەیانەکەی ئێمە لە ڕادیۆی خۆیان بڵاو بکەنەوە، گەرچی بەدوورم دەزانی ئەوە بکەن!

هەروەها لەگەڵ مام جەلال ڕێک کەوتین لێدوانێک بە ناوی دەزگای پێشمەرگە بڵاو بکەینەوە، کە حەقیقەتی چالاکییە ئەوەیە: ٣٠٠٠ پێشمەرگە بە یارمەتی تەکنیکی جمهووریی ئیسلامیی ئێران تەواو بووە.

لە سوید، لە بی. بی. سی بڵاو کرایەوە، کە ئەم چالاکییە یەکێتیی نیشتمانی کردوویەتی نەک کۆماری ئیسلامی.

١٩٨٦/١٠/١٢

لە ڕادیۆ بڵاو کرایەوە کە سەرکردایەتیی شۆڕش و قیادەی قوتریی حیزبی بەعس لە بەغدا کراوە، دووریش نییە، کۆبوونەوەکە پەیوەست بە ئێمە و چالاکییەکەوە بێت.

## لە گەرمە شەڕەکاندا وێنەی منداڵەکانم بۆ هات!

١٩٨٦/٩/١٣

چەند فڕۆکەیەک ناوچەی زەروونیان بومباران کرد، سێ پێشمەرگە شەهید بوون.

ڕادیۆی تاران شتێکی لە بەیانەکەی ئێمەی بڵاو کردەوە. ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی هەواڵەکەی بی. بی. سی بوو، کە جەختی لەوە کردبووە، چالاکییەکە پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کردوویانە، نەک سوپای ئێرانی.

ئێمشەو هەموو دەزگەکانی ڕاگەیاندن باسی ڕووداوی کەرکووکیان کرد.

"حافظ الاسد" لەگەڵ وەزیری حەرەسی ئێرانی "ڕەفیق دۆست" دانیشتووە، پیرۆزیایی ئەم سەرکەوتنەی لێ کردووە.

گوندی بەرگەڵوو درایە بەر تۆپ.

نامەی ڕووناک و نۆ وێنەی ئەوانم بۆ هات، وێنەکانیان بە ئەدرێسێکی ڕەزاییە ناردبوو.

پاش وەرگرتنی وێنەکان، مەحموود خۆشناو خەبەرێکی ناخۆشی بۆ ناردم، گوتی؛ ڕووناک بە تەلەفۆن پێی گوتووە: شوانی کوڕم نەخۆشە!

## دیاری

١٩٨٦/١٠/١٤

ئێوارە چوومە لای مام جەلال، ساڵحی سبەی دەگەڕێتەوە ئێران، لیستی داواکارییەکانی ئێمەی لەگەڵ خۆی بردە ئێران.

بۆ چارەسەرکردنی هەندی کێشەی خۆمان، لەگەڵ ڕەحیمی و موقەدەمی و دوو کەسی تریان دانیشتین.

مام جەلال بەو ئێرانییانەی بەسەریدا کەوتبوون، پەرێشان و بێزار ببوو، گوتی: لەبەر بوونی پەیوەندییەکان، وا ئەوانە دەنێرمە کن شێخ دارا، با بچنە ئەوبەر.

چەند کۆنە ڤیدیۆیەکمان کۆ کردەوە، تا وەک دیاری بیاندەینێ و بڕۆن.

## ترسنۆک بوو

١٩٨٦/١٠/١٥

بەیانی چوومە لای نەوشیروان کە شەوی ڕابردوو گەڕابووەوە، لە هەموو برادەرانی خۆمان زۆر ڕازی بوو، گوتی: ئەو کابرایەی داندرابوو بۆ لێدانی پالاوگەکە، ترسنۆک بوو، تۆپەکەی بۆ دواوە بردبوو، دەنا کارگەکە هیچی نەدەما.

١٩٨٦/١٠/١٨

لە کۆبوونەوەی سێ قوڵیمان بڕیارمان دا:

دوو دیلەکەی چالاکییەکەی کەرکووک بدەینە خزمان، لەم ڕۆژانەی داهاتوو پێکەوە داهاتوو چالاکیی تر بکەین، یەکێکیان بە خۆمان و دوو چالاکییش، بە هاوکاریی ئەوان بێت.

ئێمشەو بە جیهاز ئاگادار کراینەوە، کە تیپی قەرەچووغ کۆپتەرێکیان خستووتە خوارەوە، فڕۆکەوانەکەش دەستگیر کراوە.

## ئێرانییەکان بەرگری بکەن

١٩٨٦/١٠/٢٠

لای مام جەلال کۆبووینەوە. گوتی: دەعوەت کراوم بۆ ئێران. ئێمەش سەرپشکمان کرد لەوەی چ بکات، تا کارەکانی تەواو دەکات، لەوێ بێت، بە تەواوبوونیان بگەڕێتەوە.

لەگەڵ ڕەحیمی دانیشتین، پێمان گوت: بەرنامەی چوونی مام جەلال چییە؟ دیار بوو لای مەعلووم نەبوو. گوتمان دەبێ ڕەفسەنجانی و هەردوو موحسینەکە و برادەرانی تر ببینێت. کەچی لای ئەو موفاجەئە بوو، وای زانی مام جەلال دەچێتە لای ذو القدر.

لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی جەختمان لەوە کردەوە،

پێویســـتە ســـوود لە ئەزموونەکـــانی ســـاڵانی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ وەربگرین.

من ڕەئیم وا بوو، بۆ ئێمە باش نییە لەو شوێنانەی تووشی شەڕ دەبین لەگەڵ حکوومەت، بەرگرییەکە بدەینە ئێرانییەکان، ئەوان بەرگریـــی لەو شـــوێنانە بـــکەن، چـــونکە دەســـکەوت و شوێنەکان بە ئێمە ناپارێزرێن، بێگومان ئەوان جۆرەها چەکی بۆ دەهێنن، وردەوردە بەهێـز دەبـن، ئەمەش بـۆ دوارۆژ بـاش نییە. بەڵام ئەم مەسەلەیە لای برادەران زۆر ڕۆشن نەبوو.

کۆبوونەوەکەمـــان: مـــام جەلال، نەوشـــیروان، مـــن بەشـــدار بووین. فەرەیدوون و ماموستا نازم ماوەیەکە لە دۆڵە کۆگەن.

بڕیارە وەفدەکەمان بە سەرۆکایەتیی مام جەلال و بەشداریی فەرەیـــدوون و د. کەمـــال و د. خەســـرەو، داوام کـــرد شـــێخ دارایشی تێدا بێت.

١٩٨٦/١٠/٢٢

ڕادیۆکەمان وەڵامی موجاهدین خەڵقی دایەوە، کە دەستیان کردووە بە هێرش، دوای ئەو پێکدادانەی نێوانمان لە پشتئاشان، کە بە هـــۆیییەوە ١٠ کەســـی لەوان کـــوژراوە و ٢ پێشـــمەرگەی ئێمەش شەهید بوون.

## شوان نەخۆشە

١٩٨٦/١٠/٢٣

نامەیەکی قاسملوو بۆ مام جەلال هات، گلەیی دەکات کە خەڵکی ئەوانیان لەسەر چەمی هەرزنە، لەگەڵ پێنج سەربازی عێراقی گرتووە. داوای بەردانی عەسکەرەکان دەکات، دەڵێت لەگەڵ برادەرەکانمان هەڵسوکەوتیان باش نەبووە.

مام جەلال نامەیەکی لەم ڕووەوە بۆ ناردن، لەگەڵ نامەکەی دکتۆر، پێشنیاریش دەکات من و نەوشیروان بچینە لایان.

نامەی محەمەد خۆشناوم بۆ هات، کە تەلەفۆنی لەگەڵ ماڵەوە کردبوو. بە نیسبەت نەخۆشییەکەی شوان، یەکەم جار دکتۆرەکان وایان زانیبوو شوان وەرەمێکی لە مێشکدایە، ئێستا شکیان لە حەبلی شەوکییە، سێ شەو لە خەستەخانە بووە، ئەنجامەکەی هێشتا دەرنەچووە. خوایە سەلامەتی بکەیت...!

## ئێمە یەکێتیین، گرووپ نین

١٩٨٦/١٠/٢٤

ئەمشەو نەوشیروان نامەیەکی بۆ ناردم، لە نوێژی جومعە لە خوتبەکەی، ڕەفسنجانی زۆر تووڕە بووە، کە لە باسکردنی چالاکییەکە ناوی ئێمەی وەک یەکێتی نەهێناوە، بە گرووهی تاڵەبانی و ئەفرادی تاڵەبانی ناوی بردووین.

منیش وەڵامم دایەوە؛ کە شتی وا هەر دەبێت، ئەوەش لە کەشوهەوایەکی هێمن باس دەکرێت، نەک بە هەڵچوون و تووڕەبوون.

١٩٨٦/١٠/٢٥

چوومە لای مام جەلال.

سەعات ٣ دوو فڕۆکە بومبارانی چاڵاوەیان کرد.

لەگەڵ مام جەلال تۆزێک بە ڕوونی دەربارەی شۆڕشگێڕان قسەمان کرد.

١٩٨٦/١٠/٢٧

لەگەڵ نەوشیروان چووینە لای مام جەلال و لەگەڵی کۆ بووینەوە.

باسی گەڕانەوەی حەمەتۆفیق ڕەحیممان کرد. دوایی باسی سەفەرەکەی خۆیمان کرد بۆ ئێران.

مەلا حەسەن و مەلا عەبدولڕەحمان، لەسەر گرتنی پێنج عێراقییەکە هاتبوون، گوتیان: عێراقییەکان کلاویان لەسەر ناوین، ئەوان نەیانزانیوە کە بۆ وێنەگرتن هاتوون.

بڕیارمان دا بەریان بدەین لەبەر خاتری دیموکرات.

مام جەلال نامەیەکی بۆ دکتۆر نووسی کە خۆی بڕیار بدات.

## کۆییەکان

١٩٨٦/١٠/٢٨

عەقیـد سـمکۆ مەغدیـدیان هێنـایە لام، کە دوو پێشـمەرگە خزمی خۆی لەگەڵدا بوو، لە تیپی ٢١ گیرابوو، ئۆتۆمبیلەکەی و هەنـدێ پـارەی لە تیـپ مـابووەوە. نەوشـیروان گـوتی: بیـبەنە بەندیخانە.

گوتم: سەبەب؟ گوتی: خەڵکمان نەناردووە بیگرن.

لەناکـاو تەقییەوە و هێرشێکی زۆری کـردە سـەر کۆییەکـان. دیـارە ئەویـش وەک جەمـال ئاغـا، دوور لە سـلێمانی، بە کـۆیی دەزانـن! منـیش ڕەق وەرامــم دایەوە، بەڵام بە شـێوەیەک بـوو کێشەیەک نەخوڵقێت، ئەویش پەشیمان بووە، دوا جار گوتی: با هەندێ زانیاریی لێ وەربگرین.

مـن گـوتم: بە ڕاسـتی ئێمە هێزێکـی سیاسـین و خۆمـان بە پێشـکەوتووخواز دەزانـین، بەڵام دەرئەنجـامی کۆمەڵگەکەمـان ئەوانە ڕوو دەدەن.

١٩٨٦/١٠/٣١

برووسکەی مام جەلال هات، دەڵێ: زۆر حورمەتیان گرتین، ئیشەکانمان زۆر باش دەڕوات.

## دەیکەن یان نا؟!

١٩٨٦/١١/١

بەیانی حەمەعەلی یاگوڵ، بە ماڵ و منداڵەوە لێرەوە بۆ ئەودیو بە ڕێ کەوتن.

برووسکەیەکی مام جەلال هات، دەڵێت:

حدکا ئامادەیی هودنەیەکی نهێنی بۆ چوار مانگمان بۆ دەکات! گەر موافقن مەرجتان چییە؟ گەر ڕازی نین، پێشنیارمان چییە؟

١٩٨٦/١١/٣

ئەمڕۆ چووینە لای حدکا، قاسملوو چاوەنوارمان بوو، پێشوازییەکی گەرمیان کردین.

ئێوارە ڕاسپاردەکەی مام جەلالمان بە دکتۆر گوت.

١٩٨٦/١١/٤

لەگەڵ مەکتەبی سیاسییان دانیشتین، هاتینە سەر بابەتەکەی دوێنێ، بەڵێنیان دا وەڵاممان بدەنەوە.

## نەوتەکەی کەرکووک

١٩٨٦/١١/٥

ئەمشەو ڕادیۆی تاران تەسریحێکی ڕەفسەنجانی، یاخود بەشێک لە وتارێکی کە "کەرکووک و نەوتەکەی هی کوردە" بڵاو کردەوە.

ڕادیۆکان لەسەر ئەم قسەیە ڕۆیشتن. دەڵێن تورکیا بیر لەم قسەیە دەکاتەوە.

وا بزانم ئەمە بەخێرهاتنێکی ڕەفسەنجانی بووە بۆ مام جەلال.

ڕادیۆ کوردییەکەی بەغدا ڕۆژانە هێرش دەکاتە سەرمان، پرۆگرامێکی هەیە شەوان سەعات ٨:١٥ و بەیانییان سەعات ١٠:٣٠ دووبارە دەکرێتەوە. لەژێر ناوی "نامەیەکی کراوە بۆ بەکرێگیراوی ئێران جەلال تاڵەبانی".

پرۆگرامەکە ئاستی زۆر نزمە، پڕە لە درۆ و بوختان و هەڕەشەی زۆرە و دووریشە لە واقیع.

## مام جەلال و ئیدریس بارزانی

١٩٨٦/١١/٨

ئەمشەو ڕادیۆی تاران بڵاوی کردەوە مام جەلال و ئیدریس بارزانی بە ئامادەبوونی هەندێ لێپرسراوانی ئێرانی لە تاران کۆ بوونەوە.

١٩٨٦/١١/٩

ڕادیۆی عەرەبی تاران بڵاوی کردەوە، مام جەلال و "محمد باقر الحکیم" دیداریان هەبووە.

١٩٨٦/١١/١١

دەنگوباسی هێرش هەیە بۆ سەر سەرکردایەتی. عزت الدوري و عبدالجبار الشنشل هاتوونەتە سلێمانی.

وەزعی جەبهەی وڵاغلوو باش نییە، حامید کابرایەکە ناتوانێت سەرپەشتیی شەڕ بکات، زۆر دەترسم مام جەلال لێرە نەبێت و هێرش بکرێتە سەرمان.

لە ڕادیۆی خۆمان لەسەر ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی قسەمان کرد. نەوشیروان باسی کرد، مام جەلال برووسکەی ناردووە، لە ڕێککەوتنەکە ئاگادارمان دەکاتەوە.

١٩٨٦/١١/١٢

چەند فڕۆکەیەک بەسەر ناوچەکە دەگەڕێن، گوندی مەولانی بومباران کرد، باش بوو زیانی نەبوو.

١٩٨٦/١١/١٣

سەعات ١٠:٣٠ بە فڕۆکە بۆمبارانی ئۆمەر قەوم، سووورداش، یاخسەمەر، زەروون، چالاو کرا. لە ئۆمەر قەوم منداڵێکی کوشت و دایکی بریندار کرد، لە سووورداشیش بریندار هەبوو.

شەو نەوشیروان نامەیەکی نارد. بڕیارمان دا خۆی سەردانی جەبهە بکات و گۆڕانکارییەکان بکات. برووسکەیەکیشی بۆ مام جەلال نارد، کە حکوومەت بەرەوپێشەوە دێ، ڕێگاکانمان لەدەست دەچێت، ئەمەش بۆ ئەوەی بوو فشار بکاتە سەر ئێرانییەکان.

برووسکەی مام جەلال هات. ئەویش بریتی بوو لە یاداشتی هاوبەشی ئێمە و پارتی. ئەوان لە هی خۆیان ناوی یەکێتی پێش دەخەن، ئێمەش ناوی پارتی پێش بخەین.

١٩٨٦/١١/١٤

ئێران بڵاوی کردەوە کە مووشەکێکی ئەرزئەرزی لە بەغدا گرتووە، مووشەکەکە بەر وەزارەتی دیفاع کەوتووە، بەڵام بەغداش دەڵێت ناوچەیەکی نیشتەجێبوونی گرتۆتەوە، حەوت کەسی کوشتووە و ٦٣ کەسیش بریندارن.

نەوشیروان سەردانی بەرەکانی شەڕی کرد.

برووسکەی مام جەلال هات، دەڵێ: هەر چۆنی بێت پارێزگاری ڕێگای هاتوچۆی ئێرانییەکان بکەن، هەموو جۆرە

چەکێکمان پێ دەدەن، یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی ڕێگاکە نەبەسترێت، دیدەبان و تۆپچی بەڕێوەن.

## تۆپەکانی یەکێتی دەبەینە مەتحەف

١٩٨٦/١١/١٥

زانیارییەکان وایە، دوژمن لە لای ئاسۆسەوە بەهێزێکی زۆرەوە هێرش دەکات، واتە لەم لایەوە لە قەیوان-ماوەت، لەو لاشەوە لە ئاسۆس و قەڵاسرت.

دەڵێن: الشنشل گوتوویەتی؛ تۆپەکانی یەکێتی دەهێنمە مەتحەف.

فەیلەقی یەک مەقەڕی هێناوەتە قلیاسان.

جا ڕەنگە ئەمشەو، یان سبەی برادەرانمان تۆپباران بکەن.

١٩٨٦/١١/١٧

نامەی مەحموود خۆشناوم بۆ هات، کە لە ١٩٨٦/١١/١ قسەی لەگەڵ ڕووناک کردووە، دەڵێت: تەندروستی شوان باشترە، بەڵام تا ١٨ ساڵان لەماڵەوە دەبێت و ناتوانێ بخوێنێت.

نامەیەکی فەرەیدوون هات لەگەڵ نوسخەیەکی ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ پارتی.

دوێنێ شەو شەڕ لە بەرەکان زۆر توند بووە، بەڵام برادەران باش دیفاعیان کردووە.

هاشمی کەریمی و باباعەلی "دیموکرات" هاتنە لامان. گوتیان: هاتین دۆستایەتی و هاوپەیمانی نوێ بکەینەوە. لەبەر بارودۆخی تایبەتی ناتوانین پێشمەرگە بنێرین، بەڵام بۆ هەموو یارمەتییەکی دیکە ئامادەین. گوتیان: ئەو چەکانەی کە لەپشت گوندی گەورەدێ داندراون، بۆیە حکوومەت ئەوێ بۆمباران دەکات.

گوتمان؛ دەتوانن دڵنیایی بدەن کە حکوومەت نەیەتە گەورە دێ و داگیری نەکات. گوتیان: ناتوانین... گوتمان پیلانی حکوومەت ئەوەیە گەورەدێش بگرێت.

نەوشیروان گوتی: بۆ هەوڵ نادەن هەندێ بنکە و بارەگا ببەنە دیوی ئێران؟ دیار بوو ئەو قسانەیان لا ناخۆش بوو... بەڵام لەسەری نەڕۆیشتن.

١٩٨٦/١١/١٩

هام و باباعەلی لای من بوون، قسەمان لە سیاسەت نەکرد. نامەی جەبار بۆ نەوشیروان هات، دەڵێ وەزعی پێشمەرگە لە ولاغلوو باش نییە، زۆر ماندوون، لە نیوە گەمارۆییەکدا ماونەتەوە. عەبدولڕەحیم قاچی هەڵئاوساوە داوا دەکات بیانگۆڕین.

جا لەگەڵ نەوشیروان قسەمان کرد، کە مام جەلال لە وەزعەکان ئاگادار بکەینەوە.

مامۆستا عەبدوڵڵا دوێنێ چووە بەرەکە، گەڕایەوە. گوتی وەزعی بەرەکانی شەڕ تا ڕادەیەک باشە.

١٩٨٦/١١/٢١

ئەمە چەند ڕۆژێکە قسە لەسەر فرۆشتنی چەک لە لایەن ئەمریکا و ئیتاڵیا و فەرەنسا بە ئێران دەکرێت، ئەوەش ئاشکرا بووە. سەرۆک ڕیگان لە کۆنگرێس تووشی ڕووبەڕووبوونەوە بووە، بەپێی ئەو قسانە ئەمریکا پارچەی فڕۆکەی فانتۆم و ئێف ٥ و دوو هەزار سارۆخی دژە تانکیان پێ داون.

١٩٨٦/١١/٢٢

خەبەر هات دوێنێ شەو سەعات ١٢:٣٠ وڵاغلوو لە لایەن هێزی حکوومەتەوە گیراوە.

شێخ وریا ئامیر کەرت لە تیپی ٥٧ کە سەرپەرشتی ٦٠ پێشمەرگەی دەکرد، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکە شەهید بووە. ئەمەش هەواڵێکی ناخۆش بوو.

ئێران هەستی لە خۆی بڕیووە، لەم ماوەیەدا گەر هێرشێکی هەبوایە وەزع وا نەدەبوو، ئێستا گوندی مالوومە کەوتۆتە خەتەر، ئەو کات ڕێگای سەفرە بە تەواوی دەپچڕێت، ئەگەر

بگاتە گەورەدێ دەبێ بیر لە چۆڵکردنی ناوچەکە بکەینەوە، بە تایبەتی یاخسەمەر.

١٩٨٦/١١/٢٣

لای نەوشیروان کۆبوونەوەیەکمان کرد. دوای نیوەڕۆ چووینە مالوومە، دواتر بە پێ بەسەر شاخەکە کەوتین، تا لە وەزعی جەبهەکانی ولاغلوو و دۆڵی بیشک بگەین. دوایی چووینە پیرکە و بینگز و گەڕاینەوە یاخسەمەر، کە مام جەلال تازە هاتۆتەوە و لەسەر مەرزی ئێرانە.

بیرمان لەوە کردەوە بەرگریی بەهێز بکەین، ئاڵوگۆڕکردنی هێزەکان بکەین، پشوو بدەن.

مام جەلال ئیشی زۆر باشی کردووە، تۆزێکی بۆ باس کردین.

سبەی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی دەبێت، هەموو شتەکان باس دەکات.

١٩٨٦/١١/٢٥

مەکتەبی سیاسی کۆ بووەوە، مام جەلال، نەوشیروان، من دەربارەی سەفەرەکانمان قسەم کرد، نەوشیروان بۆچوونی بۆ داڕشتنی پەیوەندی و بۆچوونەکانی موەفەق نییە، هەر شێوەی ئیشکردنی ناو پێشمەرگە، دەیەوێ ئیشکردن و بەرنامەکان بە

ڕەئی ئەو بن، ئەم جۆرە عەقڵییەتە دۆست پەیدا ناکات، کە خۆی لە ڕووی بیرکردنەوە مومتازە.

١٩٨٦/١١/٢٧

لە بەرگەڵووەوە چووینە چاڵاوە، دواتر بۆ گەلاڵە، نێوانیان شاخێکی سەخت بوو، نیوەڕۆ چامان لێ نا و نانمان خوارد.

جەبار فەرمان تراکتۆری حازر کردبوو، ئێمەی بردە سەفرە و دوایی بۆ بەرگورد. لەماڵی پێشمەرگە قادر، ئامیر مەفرەزە لە تیپی ٣٧ نانمان خوارد. بە تاریکی بە شاخ هەڵگەڕاین بەرەو هەرزن، لە ئاو پەڕینەوە هەر بەم شەوە چووینە زەردە کانی.

شێرکۆ بێکەسمان لەگەڵدا بوو زۆر ماندوو بوو، وەزعی خۆم باش بوو، ڕێگاکەش تا بڵێی ناخۆش بوو.

# ٩
# بەرەو تاران

## لاقی وەرگەڕاوە

١٩٨٦/١١/٢٨

لە گونــدی زەردەکــانی بە ڕێ کەوتــین بەرەو ئەشــکان، لەوێشەوە چووینە سەردەشت، نیوەڕۆ لای عەبدوڵڵا مام عەلی نانمان خوارد، مامۆستا نازمیش هاتبوو.

لە ئەشکان گوتیان وەفدی پارتی: فازڵ میرانی، فرەنسۆ، چوونەتە لای ئێمە، بەڵام فازڵ لاقی وەرگەڕاوە وەزعی خراپە، گوتوویانە ٢٠٠ کەس دەهێنینە بەرەکە.

وەک مام جەلال پێی گوتین؛ ئۆتۆمبیل چاوەنوارتان دەکات وەفدەکەتان ڕەسمییە، بەڵام هەر عەبدوڵڵا مام عەلی لەسەر برووسکەی مام جەلال هاتبوو، حوسێن لەوێ کە دەمانناسی وەرەقەی بۆ کردین و ئێمەی بردە سەردەشت، لەوێش داوامان لێی کرد کە دەچینە مهاباد، لە ڕێگای سنەوە دەچینە کرمانشان.

شەو لە هوتێل کوێستان لە مهاباد ماینەوە.

تەلەفۆنم لەگەڵ ڕووناک و منداڵەکان کرد.

شوان قسەی لەگەڵ کردم، بەڵام دەنگی سەبر و پچڕاو بوو، تاقەتی عەقڵیی باش بوو، بەڵام دیار بوو سەیتەرەی لەسەر جسمی نییە. دەرکەوت نەخۆشییەکەی عیلاجی نییە.

## بەنزین نییە

۱۹۸٦/۱۱/۲۹

لە مهابادەوە بۆ کرمانشان بە ڕێ کەوتین، چووینە سەقز و سنە، بەنزین موشکیلەیەکی گەورە بوو، بۆیە ئۆتۆمبیل و هاتوچۆ ئاسان نەبوو. بە "بان هۆبە تۆ" کوێستانێکی سەختە بۆ سنە و پاشان بۆ کرمانشان ڕۆیشتین.

۱۹۸٦/۱۱/۳۰

خەبەر هات لای فەرەیدوون کە حکوومەت بە پەڕەشووت سەربازی بۆ سەر شاخی کوجار دابەزندووە، دووسەد مەترێک هاتۆتە پێش. بێگومان ئەمە کارێکی ترسناکە بۆ سەر ئێران، دیارە مەبەستی حکوومەت گرتنی ڕێگای سەفرەیە.

۱۹۸٦/۱۲/۳

سەعات ۱۲ من و نەوشیروان و مولازم عومەر، ڕەفعەت بە ڕێ کەوتین بۆ تاران، لەبەردەم کێوی بێستوون وەستاین و سەر کەوتین بۆ تەماشای پەیکەرەکە.

لە تاران لە هوتێل هویزە دابەزین و د. کمال خۆشناو هاتە لامان، شەو تەلەفۆنم بۆ ڕووناک کرد، دوو جار قسەم لەگەڵ شوان کرد.

۱۹۸٦/۱۲/۷

چوومە لای دکتۆری چاو.

سەعید و جەماعەتەکەی لە ئیتلاعات هاتنە لامان.

۱۹۸٦/۱۲/۹

خەبەر هات کە حکوومەت سەفرەی گرتووە، ۱۲ شەهیدمان لەم شەڕەی سەفرەدا هەبووە.

## چوار مانگ

۱۹۸٦/۱۲/۱۱

نامەی مام جەلال گەیشت، دەڵێ: دکتۆر "قاسملوو"م بینی، دەڵێت، بۆ ماوەی ٤ مانگ مانعمان نییە شەڕتان بۆ ڕابگرین، دوای ئەوە بکەوینە گفتوگۆ، شوێنێکی وەک سووورداشمان بۆ دیاری بکەن.

١٩٨٦/١٢/١٢

لە لەندەن بڵاوکراوەتەوە کە وەزیری دیفاعی عێراقی دەڵێت؛ ٥٨٥ پاسـدار و ژمـارەیەکی زۆری پێشـمەرگەی کوشـتووە و سەیتەرەی تەواویان بەسەر کوردستاندا کردووە، ناوچەکە ئێستا ئارامە.

لەگەڵ نەوشیروان شتێکمان بە ناوی پەیامی مەکتەبی سیاسی نووسی، شەو لە بی. بی. سی خوێندرایەوە. نووسیبوومان قسەی وەزیری بەرگریی عێراق، هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە، بەڵکوو دوای شەڕێکی خەست و سەختی ٣ مانگە لە ناوچەی چوارتا توانیویانە، باریکەڕێگایەک بگرن، هەموو بارەگەکانمان لە شوێنی خۆیان ماون.

ئەمڕۆ نەوشیروان چوو "محەمەدی" دیت، نامەکەی مام جەلال پێ دا. گلەیی کردبوو کە ئێمە هێشتا لە ڕووی سیاسییەوە بە جورئەت باسی دۆستایەتیی خۆمان و ئێران ناکەین.

## دوو سەفیر

١٩٨٦/١٢/١٣

سەردانی سەفیری سووری و لیبیمان کرد. بلعید سەفیری لیبی کوڕێکی موتەحەمیس و زیرەک و وریا دیارە، ناڕەزایەتی

زۆری نیشان دا بەرانبەر سیاسەتی ئێران بە تایبەتی مەسەلەی چەکوەرگرتن لە ئەمریکا و ئیسرائیل.

سووریيەکە سەفیر نەبوو، لە جێگای "ایاد الحمداني" بوو، شارەزایی کەم بوو، دیارە شارەزای سیاسەت نەبوو.

۱۹۸٦/۱۲/۱٥

بۆ ڤیزە چوومە کونسوولیەتی بەریتانیا، ئیستمارەم پڕ کردەوە.

۱۹۸٦/۱۲/۱٦

د. کەمال و ڕەفعەت چوونە لای سەفارەتی سووریا بۆ ڤیزە، گوتبوویان موافەقەت نەهاتووە، ناتوانم بیدەم! بەڵام ئێستا تەلەفۆن دەکەم بزانم بۆ نەهاتووە! بە دیدی خۆم حازم دەستی لەوەدا هەبووە، کە دەعوەتەکەم پشتگوێ بخرێت.

۱۲/۱۷

بڕیار درا نەوشیروان مولازم عومەر بچنە لای سەردەشت، بۆ پەلەکردن لە گواستنەوەی کەلوپەلەکان. من و د. کەمال و د. خەسرەو بۆ کۆنگرەکە لێرە بین، لیسە پاس و پاسپۆرتەکانمان بدەینەوە سەفارەتی سووریا. شەو "محەمەدی"ی جێگری "ذو القدر" هاتە هوتێلەکەمان بە نەوشیروانی گوت؛ بۆ ئەو

كۆنفرانسە پێویستە بمینێیتەوە، بە تایبەتی مام جەلال ناتوانێت بەشدار بێت، فەرەیدوونیش مەشغووڵە، نەوشیروان گوتی؛ باشە با ڕەئی ئێوە بێت، دەمینێمەوە. هەر شەوەکە کونسوولی سووریا تەلەفۆنی کرد، کە برووسکەیەک هاتووە بۆ ڤیزا و دەعوەتەکەت.

١٩٨٦/١٢/١٨

ڤیزای سووریامان وەرگرت، بەڵام سەفەرەکەمان دەکەوێتە دوای کۆنگرەکە.

١٩٨٦/١٢/٢٢

مەلا محەمەد و فەلەکەدین کاکەیی و عوسمان قازی هاتنە لامان، بۆ تەنسیق بۆ کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٢٤. دوای نیوەڕۆ هاتنەوە لامان، باسی دیدارەکەیان بۆ کردین، بەڵێنیان دا سبەی؛ ئەوان، ئێمە، سۆسیالیست پێکەوە محەمەدی ببینین، با بزانین بارودۆخەکە چۆن دەبێت! الله اعلم! هەروەها دیدارەکانمان لەگەڵ پارتی باش بوون.

١٩٨٦/١٢/٢٣

ڕەسووڵ مامەند و حەمەڕەحیم هاتنە لامان، ئەوانیش باسی کۆبوونەوەی محەمەدییان کرد. ئێوارە ئێمەیان بردە هوتێل ئیستیقلال. ئیدریس و مەلا محەمەدمان دیت.

دیار بوو کۆبوونەوە لەگەڵ محەمەدی، کە دوو ڕۆژە باس دەکرێت، نەکرابوو.

لەگەڵ پارتی باسی هاوکاریی خۆمان کرد. ڕێک کەوتین ئەگەر باسی مەسەلەی کورد وەک خۆمان دەمانەوێ بکەین، با بە نەرمی باسی بکەین. نەوشیروان گوتی: بگوترێ "الحقوق المشروعة للشعب الكردي". دیار بوو ئەمەیان پێ خۆش بوو.

هەر شەو خۆمان حازر کرد بۆ وتارێک، بەڵام وامان پێ باش بوو، هەموو هێزە کوردییەکان یەک وتاریان هەبێت.

ئێمە وەک یەکێتی مانعمان نەبوو پارتی وتارەکە بخوێنێتەوە.

١٩٨٦/١٢/٢٤

کۆنفرانس سەعات ٨ دەستی پێ کرد، سەرکۆمار بەشدار بوو، وتارێکی شاملی دا کە لە ستایشی "مجلس الاعلی" وتارێکی باش بوو. لە هێزە عێراقییەکان، تا نیوەڕۆ ٤ وتار هەبوو، یەکێکیان "باقر الحكيم"، دووەمیان "ابو بلال" لە "الدعوة"، ئیدریس وتاری هەبوو، وتاری ئێمە کە من خوێندمەوە، چەند جارێک "احسنت"یان بۆ کردم.

لە کۆنگرە پێنج لیژنە دروست کران، من لە لیژنەی سیاسەتی دەولی بووم، بەڵام کە ئامادە بووم، دەرکەوت شتێکی وەها نییە، بڕیارم دا سبەی بچمە لیژنەی موستەقبەلی عێراق، کە لەوێ شتە سیاسییەکان باس دەکرێن.

نەوشیروان لە لیژنەی چالاکیی چەکداران بوو.

١٩٨٦/١٢/٢٥

ئەمڕۆش کۆنگرە بەردەوام بوو.

مووسەویی ئەردەبیلی وتارێکی لەسەر داهاتووی عێراق پێشکەش کرد، بەشدار بووم. ئەو گوتی: شێوەی حوکم لە عێراق گەلی عێراق خۆی لە ئیستیفتایەکی ئازادانە و ڕاستەوخۆ و عادیلانە دیاری بکات، مەسەلەی کوردی باس بکرێت یان دانیشتنێکی بۆ بکرێت. وا ڕێک کەوتین لە کۆبوونەوەی سبەی باس بکرێت و دیدارەکە بۆ ئەمە تەرخان بکرێت، دیار بوو ئێرانییەکان وایان حەز دەکرد.

ئێوارەش هەر وتارخوێندنەوە بوو.

١٩٨٦/١٢/٢٦

ئەمڕۆمان دانا بۆ سەردانی بەهەشت زەهرا و نوێژی جومعە. من لە بەیانییەوە چوومە ناو شار لەگەڵ کاک نەوشیروان و برادەران، کە ئێوارە دەچنە شام.

سەعات ٣ کۆمسیۆنی داهاتووی عێراق کۆ بوونەوە، موناقەشە لەسەر مەسەلەی کورد زۆر بوو، بەشارەتی کە معاونی وەزارەتی دەرەوەیە، بەشداریی کۆمیسیۆنەکە بوو، ناوەناوە دەیگوت: ئیسلام زامنە، ئێمە زامنین، ئیسلام حەلی تەواوی پێیە بۆ مەسەلەی کورد.

ڕاست بوومەوە گوتم: یەک پرسیارم هەیە کێ زامنە؟ جمهووریی ئیسلامی یان موعارەزەی ئیسلامی؟! بەشارەتی یەکسەر گوتی: جمهووریی ئیسلامی تەدەخول ناکات، ئەمە مەسەلەیەکی عێراقییە. ئیدریس بارزانی بابەتەکەی قۆستەوە: کەواتە با خۆمان باسی بکەین، ئیتر دیدار و گفتوگۆکان گۆڕا.

من چوار وەرەقەم حازر کردبوو، ئیدریسم ئاگادار کردەوە، بەڵام هێشتا وەرەقەی دووەمم موناقەشە کردبوو کە فەلەکەدین پرۆژەیەکی تەقدیم کرد، بەو شێوەیەی کە پێرێ نەوشیروان باسی کردبوو، "تحقيق الحقوق القومية للشعب الكردي ضمن الوحدة الوطنية العراقية". ئیتر ئەوە قبووڵ کرا، بەڵام مەرکەزی بزووتنەوەی کوردی لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر بەرز بوو.

لە تەلەفزیۆن دیداری ئیدریس بارزانی و ڕەسووڵ مامەند بە زمانی کوردی نیشان درا.

## خێزانی مەلا بەختیار لەوێ بوو

١٩٨٦/١٢/٢٧

ئەمڕۆ لە قاعەکە دەرچووم، دیتم ڕەفعەت و ڕەسووڵ مامەند و برادەرانی سۆسیالیست هاتنە دەرەوە، ناڕەزاییان هەبوو لەسەر ئەوەی عیماد ئەحمەد "ئاش" وتاری هەیە.

ڕیئاسەی کۆنفرانس مشەوەش بوون، زۆریان هاتنە لام.

دوایی ئیدریس هاتە لام و گوتی: محەمەدی ڕەخنە لە خۆیان گرتووە و دەڵێت با کۆنفرانسەکە تێک نەچێت، دوایی شێخ "تەسخیری" بە ناوی ڕیئاسەی کۆنفرانس و محەمەدی خۆشی هات، ئیعتزاریان هێنایەوە کە ئاگاداری وردەکارەکانیان نەبوون.

دوایی تەسخیری و محەمەدی گوتیان: عائیلەی مەلا بەختیار و دوو حەپسەکەی تر عەریزەیان نووسیوە بۆ ڕەئیس جمهوور و ڕەفسنجانی و کۆنفرانس کە هەوڵی بەردانیان بدەن.

منیش مەسەلەکەم بۆ شەرح کردن و گوتم برادەران ئاگادار دەکەمەوە. ڕووناک "خیزانی مەلا بەختیار"یش هاتووە، بەڵام نەیانهێشتووە بەشدار بێت و لە بەشی ئەولای هوتێلیان داناوە.

دیدارە تەلەڤزیۆنەکە بڵاو کرایەوە، نیوەڕۆ هەروەها شەویش. باش بوو.

شەو چوومە هوتێل "ایران شهر"، کە سبەی سەفەر دەکەم بۆ دیمەشق.

## ١٠

## بەرەو دیمەشق

١٩٨٦/١٢/٢٨

سەعات ١٢:٢٠ فڕۆکە فڕی، برادەران لەوێ چاوەنوارم بوون. بە ئاسانی لە تارانەوە دەرچووم، شەو تەلەفۆنم بۆ ڕووناک کرد.

١٩٨٦/١٢/٢٩

دەنگوباسەکانی ناو شام وا دەگەیەنێت، کە "جوقد" بە تایبەتی حازم و جەماعەتەکەی زۆر دژی ئێمە قسە دەکەن.

## لاسلکی

١٩٨٦/١٢/٣١

بەیانی "عبدالله الاحمر"مان دی، گوتی ئێمە دوولایەنی خەباتکارین، ڕەنگە دیدمان جیاوازایش بێت، بەڵام دەرئەنجام دەگەینە یەک.

گوتی: لەم شەڕەدا سیاسەتی سووریا بە تەواوی پشتگیریی ئێرانە، دەبێ ڕژێمی عێراق بڕووخێت.

گوتی: هەندێ لە برادەرانمان بۆچوونەکانیان هەڵەیە.

گوتی: نوێنەر و نوێنەرایەتییان لێرە هەبێت، لاریمان نییە جیهازێکی لاسلکی لێرە دانێن.

باسی چالاکیی هاوبەشی ئێمە و ئێرانییەکان کرا، ڕەزامەندیی سووریای بۆ ئەوە نیشان دا.

پرسیاری کرد کە قەبارەی هێزەکانی ئێرانی لای ئێوە چەندە؟ گوتمان چەند کەسێکن، ئەویش وەک خەبیر، نوێنەرێکیشیان هەیە لامان.

کۆبوونەوەکە زۆر سەرکەوتوو بوو.

# ١١
# دەفتەری ساڵێک یەک لاپەڕەی ماوە!
# ١٩٨٧

## کۆنفرانسێک لە ئێران

١٩٨٧/١/١

دەمەوێ ڕەئی خۆم لەسەر کۆنفرانسەکەی ئێران باس بکەم:

١- کەموکووڕیی زۆر بوو:

ا- تەنیا هێزە کوردییە دینییەکان بەشدار بوون، گەرچی دەعوەتی خەڵکی تریان کردبوو، نەهاتبوون.

ب- لیبیا و سووریا بەشدارییان تێدا نەکرد، تەنیا سەفیری لیبیا لە ڕۆژی یەکەم بە وتارێک بەشداریی کرد.

ج- ئێرانییەکان سەیتەرەیان لەسەر کرد. کونفرانسەکە هی ئێرانییەکان بوو، بۆیە ناوی "نصرة الشعب العراقي" بوو.

ئیدریس گوتی: ئێرانییەکان دەڵێن؛ گەر ئێمە بەشدار نەباین، دیپلۆماسیەتی کورد زۆر لە ڕەوتە دینییەکە بەهێزتر دەبوو.

٢- ئەم کۆنفرانسە هی کورد و شیعە بوو. هەر بۆیە من لە

کۆبوونەوەی کۆمسیونی داهاتووی عێراق "ڕۆژ جومعە" قسەم کرد و گوتم: گەر کورد و شیعە یەک بگرن، نەک هاوکێشەی عێراق، بەڵکوو هی ناوچەکەش دەگۆڕێت.

٣- ئیتیجاهی دینی دیدی دیاریان بۆ داهاتووی عێراق نەبوو، چاو لە ئێران دەکەن بزانن چی دەڵێن.

٤- عەمەلیاتەکانی خۆمان، ڕۆژانە لەناو کۆنگرە دەخوێندرانەوە.

٥- ئاغای محەمەدی هاتە لام، ڕەئی خۆم بە ڕوونی دەربڕی. گوتی: عیلاج؟ گوتم: جارێکی تر پەیوەندیی بە لایەنەکانی تری موعارەزەوە بکەوە، هەروەها هەوڵ بدەن کۆبوونەوەیەکی تر بکەنەوە، قسەیان لەگەڵ بکەن، هەر بەو ئاراستەیەش کار بکەن، بزانین ئەنجامەکەی چی دەبێت؟!

لەگەڵ سووریا وەزعمان باشە، گەرچی حازم و جوقد هێرش دەکەن. بە ڕەئی ئەوان ئەوانەی هاوکاریی ئێران دەکەن خائینن. دیدارەکانم لەگەڵ "الاحمر" ڕوون و ڕاشکاوانە بوون، لە کاتی مفاوەزاتەکان و دوای مفاوەزاتەکانیش هەر باش بووە، چالاکیی هاوبەشمان هەبووە. گوتمان دەمانەوێ پەیوەندیمان لەگەڵ ئێوە لە خانەی تایبەت دابندرێت و تووشی کێشە نەبێت. ئەو گوتی: بۆ ئیشوکارەکان سەر لە مەکتەبی خۆم بدەن. گرنگ ئەوەیە ڕەزامەندی هەبوو بۆ دانانی دەزگەیەکی بێ سیم و پەیوەندییەکان.

٦- د. خەسرەو کە بڕیارە لێرە دابندرێت، زۆر دەترسم

سەرکەوتوو نەبێت، چونکە ئەزموونی لەو بوارەدا زۆر کەمە، پێش ناچێت زووش فێر بێت و لەوە ڕابێت.

**تێبینی:** لاپەڕەکانی ساڵی ١٩٨٧ تەنیا ئەو لاپەڕەیە ماوە و گەیشتووە و دەرباز بووە، ئەمەش لە دەفتەرەکەی ساڵی ١٩٨٦ نووسراوە.

# بەشی هەژدەیەم

# دەفتەری ساڵی ١٩٨٨

## ١
## کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی دواکەوت!

١٩٨٨/١/١

تا سەعات چواری شەو بەفر باری.

تفەنگە ژ. ٣ بێ قۆنداغەکەم دایە شێخ کەمال، تا ماوەیەک لە لای ئەو بێت.

١٩٨٨/١/٧

چوومە لای نەوشیروان، د. مەحموود لەوێ بوو، هەروەها سەید سالح و د. عیزەدین بەرواری و چەند کادیرێکی دیکەی پارتی کە بەرەو قەرەداغ دەچوون، هاتنە لای نەوشیروان، گوتیان چووینە بارەگەکەت، تۆ لەوێ نەبوویت.

سەید سالح پێشمەرگەیەکە لە خۆهەڵکردن و جلوبەرگەکانییەوە زۆر کلاسیک بوو.

چالاکییەکی کانی خان سەرکەوتوو نەبوو، ٣ شەهید و چەندان بریندارمان هەبوو. ئاوات قارەمانی لە ئاستی کارەکەی نەبوو، زۆر بێسەروبەر بووە.

دارا کە بەرپرسیاری مەڵبەندە، ئاگادار نەکراوە، نەوشیروان سەرپەرشتی کردبوو، دیارە ئەوەش مەبەستی شکاندنەوەی مەڵبەندی دوو بووە و بەس.

دوای نیوەڕۆ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا چووینە لای دارا شێخ محەمەد و عەبدولکەریمیش لەوێ بوو. هەموومان هاوسۆزی بووین کە مامۆستا عەبدوڵڵا لەگەڵ فەرەیدوون بۆ وەزعی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان دانیشت، گلەییەکانیان لێ بکات.

١٩٨٨/١/٨

فڕۆکەی عێراقی سەعات ٩:٣٠ گوندی بەرگەڵوویان بومباران کرد... زیانی نەبووە.

## پارەمان نییە

١٩٨٨/١/٩

ئەمرۆ پێش نیوەڕۆ نەوشیروان و فەرەیدوون هاتنە لام، گوتیان: ماوەیەکە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی نەکراوە، هەندێ شت هەیە باسی بکەین:

بچینە ئێران، جەبار فەرمان و حەسەن کوێستانی ماوەیەکە لەوێن، با بێنەوە. خۆی ئیشەکانی مام جەلال بکات، بەدووی

مەسەلەی بەرەی کوردستانییش بێت. هەندێ پارەمان لای مامۆستا نازمە بینێرێتەوە، پارەمان نییە، با هەندێ پارەمان لەبەر دەست بێت. نەوشیروان هێرشی بردە سەر مەڵبەندی دوو، ئەویش وەک مەڵبەندی سێی زەمانی حاکم عومەر دەمرێت.

١٩٨٨/١/١٢

حەمەی حاجی مەحموود و د. مەحموود و چەند کادیرێکی سۆسیالیست هاتنە لام، نیوەڕۆ دەعوەتم کردن.

ئەمشەو م. عەبدوڵڵا و فەرەیدوون بەیەکەوە دانیشتن، فەرەیدوون دیفاعی لە خۆی دەکرد و دەیگوت: مولازم عومەر دەوری هەبووە لە هەڵبەستنی قسەکان دژم.

١٩٨٨/١/١٣

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو.

فەرەیدوون سەفەرەکەی بکات، لە کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی گفتوگۆی پەیڕەو و پرۆگرام بکات، بە ناوی یەکێتی ئیمزای بکات، ئەنجامەکەی ڕابگەیەنێت.

لەم ڕووەوە سوود لە مامۆستا نازم و د. کەمال و ڕەفعەت و مامۆستا ساڵح وەربگرێت.

## تراکتۆر

١٩٨٨/١/١٥

دوای نیوەڕۆ نەوشیروان هاتە لام.

د. کەمال برووسکەی کردووە کە لەگەڵ ڕەحیمی و مەجیدی دانیشتووە، پێیان گوتووە پەیوەندیتان لەگەڵ یەکێتی ڕاگرتووە، تا تەحقیق لە دوو مەسەلە دەکەن:

١- مەحموود سەنگاوی تەسەرووفی لەگەڵ برادەرانی ئەوان خراپ بووە، کە ویستوویانە بچنە مەڵبەندی یەک، لە هەندێکیانی داوە.

٢- هێزێکی ئەوان لە سنووری مەڵبەندی یەک، لە گەڕانەوە داوای تراکتۆرێکیان کردووە، خاوەن تراکتۆرەکە پێی نەداون، گەچی پێشمەرگە کابرایان کوشتووە، بۆیە داوای تەحقیق دەکەن.

هەروەها داوای ئەو برادەرانەیان کردووە، کە لە ئێرانن، بۆ کۆبوونەوە.

نەوشیروان گوتی؛ پێم گوتوون لە جیاتیی شەوکەوت، مامۆستا ساڵح ببەن، دوایی کۆبوونەوەکە کەوتە تاران.

هەروەها گوتی: خزمان هێرشیان بردۆتە سەفرە و داوای بەشداریی ئێمەش دەکەن، پێم گوتن:

ئێستا ئێمە هیچمان پێ ناکرێ، چونکە ئێوە پێش ١٠ ڕۆژ

گوتتان هێزەکانتان ئیزن بدەن، نەوشیروان گوتی:

ڕەئی تۆ چییە؟

گوتم:

زەغتــی قەرارگــایە، قەرارگــای نەســر زوو زوو نــاوی دێ چالاکە، لە بادینان لەگەڵ پارتی چالاکی هەیە، بەڵام فەتح چ ناوی نییە، هەروەها دیارە ڕێککەوتنەکەی مام جەلال قسەی گشتی بووە.

گوتی: من هاوبیرت نییم، کە هەر قەرارگا بێ، چاوەنواڕی دیدارێکین.

# ٢
# خێزانەکەم داوا دەکەن بگەڕێنەوە لایان

## خەونێکی ناخۆش

١٩٨٨/١/١٦

زۆر دەترسم شوان شتێکی لێ هاتبێت! خۆشم ئەمشەو لە خەون هەر لەگەڵ مردووان بووم!

دوێنێ حوسنی موبارک هاتە بەغدا، ئەمڕۆ گەڕایەوە.

سەدام خۆی سەیارەی لەناو بەغدا لێدەخوڕی و موبارەکی لەتەنیشت بوو، زۆربەی جادەکان چۆڵ بوون بێجگە لە شەقامی ڕەشید.

گوندەکانی؛ سەفرە، زەروون، بێلووسە، لە لایەن ئێرانەوە گیران.

١٩٨٨/١/١٨

مامۆستا عەبدوڵڵا چووە گەلاڵە بۆ لای خزمان، خزمان داوای یەکێکیان کرد، نەوشیروان پێشنیاری ئەوی کرد.

ئەمڕۆ وەک دوو ڕۆژی پێشووە، جەوەکە ناخۆش و تووشە، بەفر بەردەوامە.

١٩٨٨/١/١٩

نەوشیروان نامەیەکی بۆ ناردم، دەڵێ: ڕێکخستنی مەڵبەندی سێ لێرەن بۆ کۆبوونەوە، حەز دەکەم تۆش بێیت.

منیش باسی مێژووی هاوکاریی نێوان کۆمەڵە و شۆڕشگێڕانم کرد، گوتم دەبێ هاوکاریی نێوانمان پتەوتر بێت.

بەڵێنی دا هەڵوێستیان دۆستانە بێت.

## شوان ماوە یان نا؟!

١٩٨٨/١/٢٠

دەربارەی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان؛ نامەیەکم بۆ کۆسرەت و نامەیەکم بۆ مامۆستا چەتۆ نارد.

دوای نیوەڕۆ برووسکەیەکی ڕەفعەت هات دەڵێ: ماڵەوەتان دەڵێن وەزعی شوان باش نییە.

منیش برووسکەیەکم نارد بۆم بپرسێت ئایا شوان ماوە یان نا؟! تەلەفۆنێکیان بە ناوی منەوە بۆ بکات.

دڵم زۆر لای شوانە، چونکە خەونم پێوە دیوە، زۆر دڵم لای ڕووناک و منداڵەکانە!

## بۆم بپرسن!

١٩٨٨/١/٢١

برووسکەیەکی د. کەمالم بۆ هات، دەڵێ: تەلەفۆنم بۆ ماڵەوەتان کرد، سڵاویان هەیە، دەڵێن ئەگەر بتوانی بێتەوە بۆ لامان زۆر پێویستە، د. سەباح لە ماڵی ئێوە بوو، ئەویش دەڵێ هاتنەوەت پێویستە.

دوای نیوەڕۆ بە د. کەمالم گوت قسە لەگەڵ منداڵەکان بکە، بزانە حەقیقەت چییە!

١٩٨٨/١/٢٣

ئەمشەو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لای من کۆ بوونەوە، بڕیارمان دا، فەرەیدوون بچێتە ئێران، لەسەر داوای خۆیان، پێ دەچێت لە هەڵوێستەکانیان تۆزێک پاشەکشەیان کردبێت.

فەرەیدوون، شەو لای من مایەوە گوتی: ڕەسووڵ مامەند برووسکەیەکی بۆ من و نەوشیروان کردووە، دەڵێت: د. فؤاد و مولازم کەریم نامەیەکیان بۆ ناردووین بۆ یەکبوونەوە، بۆچوونی ناوەندی کۆمەڵە چییە؟

فەرەیدوون گوتی: ئێمە لەگەڵیداین و هەنگاوێکی پیرۆزە.

١٩٨٨/١/٢٤

برووسکەیەکی مام جەلال هات، دەڵێت؛ شوان دەست و لاق و زمانی جووڵەیان نەماوە، لە ماڵی ئێوە شینوگریانە، منداڵەکانت ناچنە خوێندن، چوونی تۆ پێویستە!

منیش نامەیەکم بۆ نەوشیروان نووسی؛ کە پاسپۆرتەکەم بە فەرەیدوون دەنێرم، لەوێ معامەلەی سەفەرم بۆ بکات.

گوتی خۆشت بچیت بۆ ئێران باشە، بەلایەنی کەم تەلەفۆن بکەیت، منیش نامەیەکم بۆ فەرەیدوون نارد لەگەڵ پاسپۆرتەکە.

١٩٨٨/١/٢٦

لەگەڵ د. مەحموود و حەمید بلباس چووینە لای شێخ محەمەد، باسی یەکبوونمان کرد.

د. مەحموود گوتی: باشە بەڵام پێکهاتەی یەکێتی دەبێت گۆڕانی بەسەردا بێت، ببێت بە بەرەیەک، چونکە ئێستا نیمچەبەرەییە و شتێکی دیاریکراوی نییە.

## برووسکەی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عێراق هات.

١٩٨٨/١/٢٧

لە مەکتەبی سیاسیی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عێراق

بۆ مەکتەبی سیاسی پاسۆک، مەکتەبی سیاسیی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عێراق

تازە نامەکەتانمان پێ گەیشت، پێشنیارەکەتان پیرۆزە، سوپاستان دەکەین، تکایە مەشرووع، یان بۆچوونی پوختەکراوتان هەیە، بۆمان بنێرن تاکوو دیراسەی بکەین، بۆ ئەوەی پێش کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی بتوانین وتوێژ دەست پێ بکەین. تکایە وەڵام...

## برووسکەی فەرەیدوون هات

١٩٨٨/١/٢٤

قسەم لەگەڵ خزمان کرد، داوای هاوکاری و چالاکیی هاوبەش دەکەن، ڕەنگە بێ ئەوە عیلاقاتمان بەرەوپێشەوە نەڕوات.

ئامادەن بۆ لای بەکر خەڵکی خۆیان بنێرن و نیازیان هەیە شوێنەکانی کۆمەڵە و دیموکراتیش بگرن.

بە گشتی برووسکەکە ئیجابی بوو.

لەگەڵ نەوشیروان بڕیارمان دا، هەردوولا لە گەورەدێ و چوغماغ ئاگادار بکەینەوە لەو شوێنانە دەرچن. بڕیارە سبەی من بچم بۆ ئەو کارە.

١٩٨٨/١/٢٨

چوومە لای جەمال لەگەڵ ئەو چووینە گوندی گەورەدێ، کاک سەلیمی ئەردەڵانیمان دی، گوتی: ئێمەش لەو قەناعەتەین کە خۆمان تووشی شەڕیش نەکەین. پێش هاتنی ئێوە قسەمان لەگەڵ دەفتەری سیاسی کردووە، کە بڕیاریان چییە.

لەوێوە چووینە چوغماغ، مامۆستا برایممان بینی، بە هەمان شێوە قسەم لەگەڵ کرد، ئەوانیش هەمان هەڵوێستیان هەبوو.

لەگەڵ هەردوولا قسەمان کرد، کە خانووەکان تەسلیم بکەن، بەڵکوو سوودیان لێ وەرگرین.

١٩٨٨/١/٢٩

برووسکەی فەرەیدوون زۆر باش بوو.

وەزعەکە زۆر باش بووە، دیارە موافەقەتیان لەسەر زۆر شت کردووە، هەندێکیان لە ئێستاوە جێبەجێ دەبێت.

سبەی دەچمەوە لای دیموکرات بۆ وەرگرتنەوەی ئەنجام.

## کۆپتەر نیشت

١٩٨٨/١/٣٠

بەیانی کۆپتەرێکی ئێرانی لەبەردەم زیندان نیشتەوە، ڕەحیمی و دوو کەسی دیکەی لەگەڵ بوو، شەو برووسکەی فەرەیدوون هات، کە بە فڕۆکە هەندێ شتمان لە سیرە مەرگ بۆ دادەبەزێنن... دواتر گوتی: هەندێ کەسیان بە کۆپتەر دێنە لاتان.

چوومە مالوومە لەدوای سەلیمی ئەردەلانیم نارد، گوتی: دکتۆر گوتوویەتی یەکێتی بە منیان گوتووە، کارەکە ئەوەندە پەلە نییە.

گوتم: من بە ناوی یەکێتی و مەکتەبی سیاسی هاتووم، دەڵێم: پەلە بکەن و کێ وای بە دکتۆر گوتووە!

گەڕامەوە بەرگەڵوو، نەوشیروان گوتی؛ لەگەڵ ڕەحیمی و دوو کەسەکەی تر دانیشتووم، ئێستا چوونەتە ناوچەی خوارەوە تەماشای بکەن، جەباریان لەگەڵ چووە.

١٩٨٨/٢/١

نەوشیروان گوتی: وانێک برووسکەی کردووە، تێمگەیاندووە کە چۆلکردن لە قازانجی هەردوولامانە.

دوایی نەوشیروان گوتی: چۆن حکوومەت لە کاتی گفتوگۆ

ڕهانی لەسەر "ئاش" دەکرد، ئێستاش ئەمان "خزمان" دەیانەوێ ڕهان لەسەر خیلافاتی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان بکەن.

دەبێ خۆمان موەحەد نیشان بدەین، منیش تەئکیدم لەسەر کردەوە و گوتم: ئایا کێ خیلافی دروست کردووە؟!

۱۹۸۸/۲/۲

ئەمشەو لەگەڵ ڕەحیمی و دانای "جێنشینی ذو القدر" و باقری "یەکێک لە فەرماندەکانی پاسداران کە گردەڕەشی گرتووە" دانیشتین. لە لایەن خۆمانەوە، نەوشیروان و من، مولازم عومەر، جەبار، باسی تەنسیقی عەسکەری کرا بۆ ناوچەکانی وڵاغلوو، کاریزە، پیر بایز.

دوایی باسی گلەییەکان کرا.

۱۹۸۸/۲/٤

نەوشیروان هات، هەندێ نامە هاتبوون بۆی خوێندمەوە. هی فەرەیدوون و مامۆستا عەبدوڵڵا و مامۆستا ساڵح بوون، شتی تازەی تێدا نەبوو.

ئەمڕۆ نامەی دەرەوە هات، نامەی جوان، قاسم، سالار، بە بۆنەی سەری ساڵ.

١٩٨٨/٢/٥

کۆپتەر کاروانی زۆریان کرد، ئاسمان سامالّ بوو، تەوەقووعی بومبارانمان دەکرد، فڕۆکەی پشکنینی عێراقی تا درەنگ بە ئاسمانەوە بوون.

١٩٨٨/٢/٧

عەسر نەوشیروان و فەرەیدوون هاتنە لام، جەمال ئاغا و شێخ محەمەدم لە لا بوو.

گوتی: پێم باشە سەرێکی مەجیدی بدەیت، پێی بڵێی گەورەدێ و چوغماغ چۆڵ بوون، دەتوانن سوودیان لێ وەرگرن. جوان نییە هەواڵەکە لە ڕادیۆ تەلەڤزیۆن بڵاوی بکەنەوە، بڵێن ئەمانیان دەرپەڕاندووە و دەستیان بەسەردا گرتووە.

١٩٨٨/٢/٨

بەفرێکی باش باری. چوومە لای مەجیدی، گوتی: ئێمە میوانی ئێوەین و ئاگاداری مەرکەزیش دەکەینەوە، کە ئەمە ڕەغبەتی ئێوەیە، کەچی دەزانین بە هۆی نزیکبوونەوەمان لەو ناوچەیە ڕۆیشتوون.

گوتم: بزانە هیچیان تێک نەداوە، ئەویش لەبەر ڕەغبەتی ئێمەیە، ئێوەش لەبەر ئێمە دەبێت ئەم مەوقیفەتان هەبێت.

شێخ محەمەد و شێردڵم لەگەڵ خۆم بردبوو.

١٩٨٨/٢/١١

کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بوو.

کارنامەی کۆبوونەوەکە:

١- پەیوەندییەکانی یەکێتی و ئێران.

٢- پەیوەندیی نێوان مەکتەبی سیاسی و مەڵبەندەکان.

٣- پەیوەندیی لەگەڵ هێزەکانی کوردستان و بەرەی کوردستانی.

٤- پەیوەندیی ناوخۆ.

٥- هەندێ وردە بابەتی تریش.

کۆبوونەوەکە وەک کۆبوونەوەی ئەیلوول نەبوو، موجامەلات هەبوو، وا بزانم باسکردنی ناکۆکیی نێوان کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان لە لایەن ئێرانەوە دەوری هەبوو لە خاوکردنەوەی هەڵوێستی هاوڕێیان.

١٩٨٨/٢/١٢

کۆبوونەوەکە دەستی پێ کردەوە، مەسەلەی گرنگی باسەکانی ئێران بوو، هەموو لەگەڵ ئەوە بوون پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئێران پێویستە؛ بەڵام لەوەی ئێستا لەپێشتر بێت. نەوشیروان گوتی: وا دەزانم پاشەکشەیەکی ڕێکخراوی پەیوەندییەکان بکەین باشە.

بەڵام دواتر ئەم شێوازە هەڵبژێردرا: چالاکییان لەگەڵ بکەین "ناوچەی حەسەن بەگ، گوجار تا قەیوان" ئەوەش وەک "حسن النية"، بۆ چالاکیی داهاتووی کەرکووک، بەرنامەیەکی سیاسی لە نێوانماندا هەبێت.

١٩٨٨/٢/١٣

ئەمرۆ کۆبوونەوەکە بۆ هەمان مەبەست بوو، بڕیارمان دا پەیوەندیمان لەگەڵ خزمان ستراتیژی بێت، ئەویش بە ئیمزاکردنی ئەو پرۆژەیەی کە بۆیان ناردووین، بە مەرجێک لە لایەن یەکێک لە دەسەڵاتدارانی ئێران مۆر بکرێت، ئەگەر وا ناکەن هەڤاڵبەندییەکی بە قۆناخ بکەین. گەر وایان نەکرد، هەر کەس لەماڵی خۆی و چالاکیی هاوبەش نەکەین.

نەوشیروان پێشنیاری کرد، من بچم و لەگەڵیان قسە بکەم، ئەوەش بڕیاری لەسەر درا.

دواتر باسی پەیوەندییەکانی نێوان کۆڕەک "کۆمەڵە" و شۆڕشگێڕان کرا.

١٩٨٨/٢/١٥

بە کۆپتەر لە کەرکەر بە ١٤ دەقە چووینە سەرگەڵوو، دوایی بە ئۆتۆمبیل بە ٥ سەعات گەیشتمە سەقز.

شەو قسەم لەگەڵ ڕووناک کرد، گوتی: دکتۆر ماوەی ٤ بۆ

٦ مانگی بۆ شوان داناوە. جووڵەی دەست و لاق و زمانی نەماوە، لە ڕێی کەپووەوە ئاوی موغەزی وەردەگرێت.

حاڵەتی نەفسیی ڕووناک زۆر ناخۆش بوو، هەروەها شیرینی کچم ئۆتۆمبیل لێی داوە، بەڵام سەلامەت دەرچووبوو.

ئەمڕۆ کە گەیشتینە سەقز، د. کەمال گوتی لەگەڵ خزمان کاتی کۆبوونەوەم لە سەعات ٧ی ئێوارە دانا. لە کاتی دیاریکراودا لەگەڵ ڕەحیمی و مەجیدی و عەلی ڕەزا دانیشتین.

لەگەڵ فەرەیدوون باسی ئەوەمان کرد، قسە لەسەر مەسەلە سیاسییەکان بکەین، دوایی باسی بابەتی داواکارییەکانی وەک؛ پارە، ئازووقە، کیسە خەو، قەمسەڵە بکەین.

ڕەحیمی گوتی؛ پێم خۆشە لە کۆبوونەوەکانتان گرنگیی بە پەیوەندییەکانتان داوە لەگەڵ ئێمە. گوتی: تەکلیف لە مام جەلال کراوە، کە هەوڵی بخاتە گەڕ بۆ پێکهێنانی حکوومەتی موەقەتەی عێراق. لە دیدارمان لەگەڵ ویلایەتی و لاریجانی بۆیان باس کرد، کە لە چەند مەجالێکدا پشتگیریی خەباتی گەلی کوردیان کردووە. مەجیدی لەمەوە بازی دا بەسەر کار و عەمەلیاتەکان... پێم گوت:

سوپاستان دەکەین متمانەی زۆرتان بەو هەیە، ئەوەش مانای ئەوە نییە مام جەلال شتێکی کەم بێت، ئەو لەناو جووڵانەوەی نیشتمانی عێراقی و لە دەرەوەش ناسراوە.

دواتر گوتم: بە درێژایی مێژوو کورد زیانی لە هەموو

پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان کردووە؛ ئێران، تورکیا، ڕووس، ئینگلیز، ئەمریکا. ئێستا ئێمە دەمانەوی لە میللەتی خۆمان بگەیەنین، ئەوە شتێکی نوێیە، وەک دەوڵەتانی تر نییە.

پرسیم: مام جەلال پرۆژەیەکی داوەتە ئێمە، نازانم پێتان قبووڵە یان مەرفووزە؟

گوتی: ڕەخنە لە خۆم و "ذو القدر" دەگرم، کە کەمتەرخەم بووین، یەک دوو ڕۆژی تر وەڵامتان دەدەینەوە.

دواتر گوتی: چەک چەندی دەتانەوێ هەیە، بەڵام پارە بەدەست ئێمەوە نییە.

وەعدی یارمەتیی مانگانەی پارەی چەند مانگێکمان پێ بدەن.

١٩٨٨/٢/١٩

وەڵامی نەوشیروان هاتەوە، دەڵێ: بۆ چالاکییەکەی هاوار و دەشتی شارەزوور قسە لەگەڵ ڕەحیمی دەکەم.

محەمەدییش بە ئینتیباعێکی باش گەڕایەوە.

١٩٨٨/٢/٢٠

ئەمشەو نەوشیروان تەلەفۆنی کرد، کە لە باختەران چاوەنوارِی دەکەن.

دیارە ئەمەش بو چالاکییەکەی هاوارە.

گوتم: پێم باشە شەوکەت سەرپەرشتی بکات.

گوتی پێم باشە، ئەگەرنا مامۆستا ساڵح.

١٩٨٨/٢/٢٢

برووسکەم بۆ نەوشیروان کرد، کە فەرەیدوون پێشنیاری کردووە، شەوکەت بچێ بۆ پاوە، سەرپەرشتیی چالاکیە هاوبەشەکە بکات.

گوتی: با نەچێت و هاوبەشییەکە لە شوێن خۆی بمێنێتەوە، وا دیارە ئاوات قارەمانی بۆ ئەم کارەی داناوە، کە کابرایەکی فاشیلە.

شەو تەلەفۆنم لەگەڵ د. کەمال کرد گوتی عومەر دەبابە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٣ دەگاتە تاران بۆ بەشداریی لە چلەی "سید مهدی الحکیم"، لەوێشەوە دەچێتەوە وڵات، خەبەرێکی خۆش بوو.

١٩٨٨/٢/٢٣

ئەمشەو فەرەیدوون تەلەفۆنی کرد، کە دەبێ شەوکەت بچێت بۆ لای پاوە، پێم گوت نەوشیروان موافق نییە. گوتی من مەسئوولم، جا تەکلیفم لە شەوکەت کرد بچێت.

## بە عەرەبی و فارسییش

١٩٨٨/٢/٢٤

لام لە ورمێیەوە زاهیر حەمەد هاتە لامان.

قسەمان لەسەر بڵاوکراوەیەکی ناوخۆ کرد، ڕێک کەوتین بڵاوکراوەکە بە هەردوو زمانی فارسی و عەرەبی بێت. عەرەبییەکەی زاهیر ئامادەیە بیکات، فارسییەکەش محامی جەمال حیسامەدین، حەمەسەعید چاپیان بکات... بابەتەکانیش، چالاکیی پێشمەرگە، تاوانەکانی ڕژێم، دەنگوباسی ناوەوە، چالاکیی سیاسی یەکێتی تێدا بێت. ناوەکەشی "صدی الثورة" بێت. برووسکەشم بۆ نەوشیروان کرد، بزانم ئەو پێی چۆنە!

## بە تۆپ پشتگیریمان بکەن

١٩٨٨/٢/٢٦

برووسکەی نەوشیروان هات. دوژمن:

١- لە شەوەوە تۆپبارانی؛ یاخسەمەر، گوێزیلە، سەرگەڵوو، میرگەپان دەکرێت، ٨ شەهید و برینداریێکی زۆر هەیە.

٢- لەبەری سندۆڵان پەڕیوەتەوە بۆ مەرگە.

٣- لە دەربەندەوە هاتووە بۆ بنگرد.

٤- هێرشی بردووە بۆ مەلا ئاسەفی و گوندەکانی ئەمبەرە.

٥- لەودیو هێرشی هێناوە بۆ سووورداش.

بەڵام لەم هێرشانەدا چەندان جار شکاون، بەردەوام هێرشیان هێناوەتەوە.

تا ئێوارە چەند برووسکەیەکی تر هاتووە، کە دوژمن زەرەری زۆری بەرکەوتووە.

لەم هێرشانە پیلاتۆز و سیخۆی و کۆپتەر و تانک و تۆپیان بەکار هێناوە.

نەوشیروان داوای کرد، خزمان بە تۆپ پشتگیریمان بکەن.

دوای هەواڵ، گوتیان وا تۆپخانەی ئێمە کار دەکات، کەچی برادەران گوتیان، تۆپەکان دانەدانەیە.

دواتر مەجیدی بەڵێنیدا تۆپبارانەکە خەست بکەنەوە.

## سەقز بۆردومان دەکرێت

١٩٨٨/٢/٢٧

پێش نیوەڕۆ چوار فڕۆکەی عێراقی بۆردومارانی سەقزیان کرد، لە دوو پادگانیان دا. خەڵکەکە زۆر ترسان و شارەکەش شڵەژا، خەڵکەکەش جنێویان بە ڕژێمی ئێرە دەدا، بە سەدامیان هەڵدەدا... سەیرە!

ناوی شەهیدەکانی قەسفی کیمیاوی هات کە دوازدە کەس بوون، لەوانە دوویان پێشمەرگە بوون، ژمارەی بریندارەکانیش دووسەد پترن.

١٩٨٨/٢/٢٨

لەگەڵ یوسف و خیزانەکەی بە ڕێ کەوتین بۆ تاران، چووینە هوتێل ئینقیلاب.

لەگەڵ ڕەفعەت قسەم کرد گوتی: برووسکەیەکی نەوشیروان بۆ مام جەلال هاتووە دەڵێ: دوژمن جارێکی تر دۆڵی جافەتی و بالیسان و دەوروبەری قەرەداخی کیمیاباران کردووە. هێرشێکی گەورەشی هێناوە بۆ سەر شاخی پیر بایز، بەڵام سەرنەکەوتوون و زیانیان زۆرە.

لە مەڵبەندی سێ کەمینێک داندراوە، کاروانێکی عەسکەری کەوتۆتە ناوی، چەند ئەفسەرێکی گەورەی تێ کەوتووە.

١٩٨٨/٢/٢٩

ئێران بڵاوی کردەوە، کە سێ مووشەکی ئەرزئەرزی لە بەغدا داوە.

فڕۆکەی عێراق هاتنە سەر تاران بۆردومانی هەندێ شوێنیان کرد.

ڕەفعەت گوتی: نەوشیروان برووسکەی ناردووە، کە بە خزمان بڵێین هەندێ بنەماڵەی دەوروپشتی بەرگەڵوو بگوازنەوە بۆ ئێران.

ئەمـــڕۆ لە تەلەڤزیـــۆن بـــڵاو کـــرایەوە کە "ئـــۆزال" سـەرۆکوەزیرانی تورکیا سـەردانی مـونتەزەری کـردووە، لەسـەر ئەرز دانیشتووە. مونتەزەری گوتوویەتی گەلی تورکیا ئیسلامە، دەبێت لەسەر ڕێگای ئیسلام بڕوات.

ئەویـش باسـی مـافخووران و بێبەشبوونی تورکەکـانی وڵاتە سۆسیالیستەکانی کردووە.

## لە تاران دەدرێت

١٩٨٨/٣/١

عێـراق سـێزدە سـارووخی لە تـاران گـرت. هەروەهـا بە فڕۆکەش بووردومانی کرد.

ئێران ئەمشەو چیی نەکرد!

شەڕ لای خۆمان گەرمە، نەوشیروان ناڕەزایی لە ئێرانییەکان هەبوو. بە د. کەمالی گوتووە هەرچی ئێرانییەکان گوتوویان تۆ پێچەوانەکەی بڵێ.

بەڵام ئێـــران بـــڵاوی کـــردەوە کە تۆپەکانیـــان لە قـــۆڵی "مـــاوەت"ەوە کەوتـــۆتەگەڕ، هەروەهـــا پاڵپشـــتیی پێشـــمەرگەیان کردووە لە ناوچە ئازادکراوەکان.

وەعدمان هەبوو، ڤیزای ئەڵمانیا وەرگرین، کە چووین دیار بوو وەزعی سەفارەت تەبیعی نەبوو، کابرامان نەدیت.

## لە بەغداش دەدرێت

١٩٨٨/٣/٢

ئێران بڵاوی کردەوە کە چوار مووشەکی ئەرزئەرزی لە بەغدا گرتووە.

عێراقیش چوار پێنج ساروخی لە تاران گرتووە.

وا دیارە محاوەلە هەیە بۆ ڕاگرتنی شەڕی شارەکان.

ئێران نارەزایی لە سەفارەتی سۆڤیەت کرد، کە ساروخەکانی عێراق لێیان دەدات، سۆڤیەتین.

فڕۆکەی عێراقی هاتە سەر تاران.

## لە "قوم" دەدرێت

١٩٨٨/٣/٣

ئەمڕۆ هەردوولا لەیەکیان دەدا، لەندەن بڵاوی کردەوە، دوێنێ عێراق دوو ساروخی لە شاری قوم داوە.

ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورەیە، چونکە قوم شارێکی موقەدەسە.

بە داخەوە بیستم محەمەد ڕازیانی سەرتیپی جووتیاران و

مـحەمەد شـینە کە تـازە بـووەتە سـەرتیپی ٩٣ی کـۆیە شـەهید بوون.

## مردن لە سەرما

١٩٨٨/٣/٥

حکـوومەت لە مەرگەوە تـا کـانی تـوو هەمـووی گرتـووە، شاخی ئاسۆسی کەوتووتە دەست.

هەموو خێزانەکانمان ئاودیوی ئێران بوون، ژمارەیان حەڤدە هەزار کەسـە، لە ڕێگـاش دوازدە کەس لە سـەرمان مـردوون، ئەوانەی گەیشتوونەتە سەقز، ماڵی نەوشیروان و بەختیاری برای و حەمیـد بلبـاس و فـارووق جەمیـل... نەسـرینی خوشـکم نەیتوانیوە بە ڕێ بکەوێت.

د. کەمال بە ناوی من برووسکەی کردووە کۆپتەر بنێرن، فەرهاد لە سەقزە لەگەڵ ماڵەکەی خاڵە کەمال هاتووە.

١٩٨٨/٣/٦

ڕۆژی چوارشەممە بۆ دیمەشق بلیتم بڕی.

* * *

١٩٨٨/٣/٩

له تارانەوە بە ڕێ کەوتم بۆ شام.

پۆلیس لە دیمەشق پاسپۆرتە عێراقییەکانی کۆ کردەوە، دەیانویست بزانن کاممان قەدەغەی سەفەرمان لەسەرە یان نا!

کە هاتە سەر ناوی من، کابرا گوتی: "منع الدخول". سەرەنجام پۆلیسێکیان لەگەڵ ناردم بۆ ناو هەمان فڕۆکە گەڕامەوە تاران.

بە ڕەفعەتم گوت بە د. خەسرۆ بڵێ کە مەنعم لەسەرە، دەرکەوت خۆی ماندوو نەکردووە، با ئەوەش وەها بێت!

١٩٨٨/٣/١٠

چوومە ماڵی ڕەفعەت، چونکە هیچ شتێکم پێ نەبوو، ناسنامەیەکم نەبوو، پاسپۆرتەکەمیان لە فڕۆکەخانە گێڕابووەوە، کە دوای هەفتەیەک پێم دەدەنەوە. پسوولەی دخولی شەریکەی هوماشیان گێڕایەوە، تا پارەی پلیتەکەیان دەدەم. ناچار ٢١٧٥ تومەنم پێ دان و پسوولەکەم وەرگرتەوە.

ئەمڕۆ زانیمان نەوشیروان لە سەقزە، بۆ هاتووە؟ نازانم!

مەوقیفی وا بوو، لەوەیاندا مام جەلال ئاگادار بکاتەوە.

خەتی دیفاعمان:

١- کلکەی ژیلوان، ئاسنگەران، کلکەی قزلەر، دابان،

هەلاج، سەرموورد، دۆل مازەلا، پشتی سیدەر، پشتی خورخورە، پشتی هەوارەبەرزە.

٢- دوژمن ئێستا لە کاتوو، هەوارەبەرزە، شارستێنە.

٣- ناوچەکە چۆڵە، بەشی زۆری خەڵکەکە لە ئێرانن.

٤- لە ناوچەی کانی توو پەنجا کەس لە سەرمانا ڕەق بوونەتەوە، زۆربەیان ژن و منداڵن.

٥- تا بتوانین دیفاع لە ناوچەکە دەکەین، برادەران، عومەر، کۆسرەت، جەبار، شێخ دارا لەوێن. سەرتیپەکان، جوامێر، عادل، سەعیدی حەمەزیاد.

دوژمن لەولاشەوە لە قەمچووغەیە.

دوژمن لە دابان شکاوە.

## سەدام چووبووە سلێمانی

١٩٨٨/٣/١٣

سەدام سەردانی سلێمانیی کردووە. دیارە دەیەوێ خۆی سەرپەرشتی شەڕەکان بکات. سەردانی فەیلەقی یەکی کردووە.

سارووخێک بە تارانەوە نراوە، بە بیانووی تۆپبارانی هەڵەبجە.

لەلای "هاوار"ەوە هێرشێکی هاوبەش لەنێوان قەرارگا و بەدر، ئێمە و پارتی کراوە.

١٩٨٨/٣/١٤

سەعید پاسپۆرتەکەی بۆ هێنامەوە هوتێل، خرووجییەی لێ درابوو.

ئەمڕۆش سارووخێکی لە تاران داوە.

ڕادیۆی ئێران بڵاوی کردەوە، کە خورماڵ و گوجار گیراون، هەردوو عەمەلییە مشتەرەک بووە، هی یەکەم قەرارگا و ئێمە و پارتی و بەدر، هی دووەمیش ئێمە و قەرارگا.

١٩٨٨/٣/١٦

برووسکەی پیرۆزباییم بۆ مولازم عومەر لەسەر قارەمانیەتیی پێشمەرگە لێ دا.

## ٣
# هەواڵی کیمیابارانی هەڵەبجە

## هەڵەبجە

١٩٨٨/٣/١٧

نەوشیروان لە سەقزەوە تەلەفۆنی بۆ ڕەفعەت کرد، کە لە دوێنێیەوە تا ئەمڕۆ شازدە جار بە چەکی کیمیاوی هەڵەبجە و سیروان و خورماڵ تۆپباران و بۆردومان کراون.

لە هەڵەبجە ژمارەی کوژراو دەگاتە پێنج هەزار کەس، هەروەها لە سیروان و خورماڵیش بریندار زۆرن.

لە ڕادیۆی لەندەن تەسریحی مام جەلال بڵاو کرایەوە دەربارەی گرتنی هەڵەبجە لە لایەن خۆمانەوە، هەروەها خۆشمان بەشدارین لە گرتنەوەی خورماڵ. بە ناوی ئەویش بڵاو کرایەوە کە گەلاڵەی هەولێریش بە دەستی ئێمە و پارتییە. کە نازانم سەرچاوەی ئەم خەبەرە چییە؟

دوژمن گەیشتۆتە سەرموورد.

ئەمڕۆ ڤیزای ئەڵمانیام وەرگرت.

١٩٨٨/٣/٢٩

عومەر دەبابە تەلەفۆنی کرد کە دابان گیراوە، برادەران کشاونەتەوە، ٧٥ شەهید و ٤٥ بریندارمان هەیە. مەسعوود وەفدێکی ناردووە بۆ لای نەوشیروان بۆ بەدواداچوون.

دوایی ڕەفعەت گوتی: برادەران کشاونەتەوە بۆ ژیلوان و گۆمەزل و دابان گیراوە، بارەگەکان هەمووی چۆڵ کراون و تەقێندراوەتەوە لە لایەن خۆمانەوە.

بەیانی مەکتەبی سیاسی دەڵێ: کشانەوەکە بە بەرنامە بووە، تەرم و بریندارمان نەکەوتۆتە دەست دوژمن.

ڕادیۆ بەغداش بە بایەخەوە باسی دەکرد، بەڵام دیار بوو هێشتا نەگەیشتوونەتە یاخسەمەر.

## وەعد نەچمەوە سووریا

٣/٢٠

لە تارانەوە بە ڕێ کەوتم بۆ دیمەشق. بەو ئومێدەی بێ گرفت بچمە ناو وڵاتەکە. بەڵام دیسان ئیشەکەم تەگەرەی تێ کەوت.

ئەفسەرەکە گوتی: دەبێ بگەڕێیەوە ئێران، برووسکەکەت ئیشکالی هەیە.

د. خەسرۆ و عەبدولڕەزاق لە دەرەوە بوون، بەڵام چییان پێ نەکرا!

جا عەهد بێت، جارێکی تر من پێ لە خاکی سووریا، یان لەژێر حوکمی ئەوان، پێ نەنێمەوە خاکی سووریا تا لێبوردنی ڕەسمییم لێ نەکەن.

"ئەوە دووەم جارە سوورییەکان بوار نادەن، ئاسانکاریی چوونە ناو وڵاتەکەیان بۆ ئەو ناکەن."

## ٤

## هەواڵی مەرگی شوان!

### کوڕەکەمان خەلاس

١٩٨٨/٣/٢١

تەلەفۆنم بۆماڵەوە کرد، سالار هاتە سەر خەت، گوتی: شوان دکتۆری لەسەرە، تازە هەموو پشکنینەکانی بۆ کردووە، بەڵام ئەو هیچ وەڵامێکی نییە. ڕووناک بە گریانەوە گوتی: کوڕەکەم خەلاس!

بە ڕاستی لەو ساتەدا هەموو ژیانی شوانم هاتەوە بەرچاو، قسە خۆشەکانی، جووڵە و گەمە و هەڵسوکەوتەکانی، ئومێد و ئاواتەکانی کە ببێت بە موهەندیسی میکانیک و فەحسی ئۆتۆمبیلی جاگوار بکات... شپرزە ببووم، بەڵام لە دوا چرکەدا بە هۆش هاتمەوە، کە ئەمانە هەموویان چوون. هەموو ئومێدی منیشی لەگەڵ خۆی برد... فرمێسکم دەهاتە خوار و هیچ دەسەڵاتێکیشم نەبوو، هەموو گازاندە و گلەییەکانم خستە سەر هەڵسوکەوتی سوورییەکان، کە منیان لە دیتنی کوڕە تاقانەکەم مەحرووم کرد.

داخەکەم کوڕەکەم لە وڵاتی غەریبی سەری نایەوە، وڵاتی خۆی نەدیت!

غەمەکان هەموو هاتن، هی شوان و دایکی، شکانی خۆمان لە کوردستان و کشانەوەمان بۆ دیوی ئێران، کارەساتی بێ وێنەی هەڵەبجە..؟ لە هەموو لایەکەوە خۆشییەک نابینم...!

داخەکەم شوان، زۆر ئومێدم پێت هەبوو. تەمەننام ئەوە بوو تۆ لەسەر قەبرم بوەستیت و سەرەخۆشی لە تۆ بکرێت... کەچی تۆ ڕۆیشتی و منت جێ هێشت، منیش نازانم ڕێگام دەدرێت بگەمە لات، لەسەر گۆڕە نازدارەکەت بوەستم، کێلی قەبرەکەت ماچ بکەم...!

لەعنەت لە سیاسەت.. کە لە پێناوی ئەودا دەربەدەرین، لەبەر سیاسەتە لەیەک دابڕاوین!

١٩٨٨/٣/٢٢

لە تارانەوە چوومە سەقز.

ئێوارە چوومەماڵی د. کەمال خۆشناو

شەو لای ئەو، جەبار فەرمانم دی.

هەموو لایەک لە وەزعەکە ناڕازین، قسە لەسەر هەموو کەس دەکرێت، بەو مەعنایەی ئێستا ترس نەماوە.

شەو مامۆستا عەبدوڵڵا و شێخ محەمەد و مامۆستا چەتۆ هاتنە لام، وەعد وایە سبەی کۆبوونەوە بکەین.

## کشانەوە

١٩٨٨/٣/٢٣

ئەمڕۆ بەیانی کۆبوونەوەی شۆڕشگێڕانمان کرد، بڕیارمان دا:

بارەگەکانمان لە یەک شوێن بن، سەرەتا ناوچەی هەورامان دانرا. مەکتەبی ڕێکخستن لە شوێنی خۆی بێت، بەڵام بۆ ئەودیو شەوکەت و مامۆستا ساڵح چاودێریی ڕێکخستن دەکەن.

بۆ دۆڵەکۆگە و قاسمەڕەش، مامۆستا نازم و حەمید بلباس. مامۆستا عەبدوڵڵاش بۆ مەڵبەندی سێ.

لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا چووینە لای نەوشیروان. بڕیار درا کۆبوونەیەک بکەین. بە ئامادەبوونی: نەوشیروان، من، فەرەیدوون، مولازم عومەر، جەبار، مامۆستا عەبدوڵڵا.

نەوشیروان گوتی دەمەوێ بچمە دۆڵەکۆگە، لەوێشەوە بۆ مەڵبەندی سێ، من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نەبووم. گوتم ئەگەر تۆ بچیت، دەبێتە جێی سەرەنجی هەموو لایەک، بە تایبەتی دوژمن... تەنیا مەڵبەندی سێمان بە دەستەوە ماوە، پێویستە ئەوەش لە دەست نەدەین، پارێزگاریی لێ بکەین.

وا باشە لەو دەمانە لە دەوروبەری قەڵاتووکان و سنووری تیپی ٧٤ بین. با نەوشیروان لێرە بێت، تا مام جەلال دەگەڕێتەوە.

ڕەئی هەمووان وا بوو جارێ مام جەلال نەیەتەوە.

خەڵکی خۆمان قسە زۆر دەکەن، بۆم دەرکەوت:

١- هەڵمەتـی دارایـی و ئەخلاقـی زۆر لەسـەر فەرەیـدوون هەبوو.

٢- نەوشیروان ورەی بەرداوە و بەرەو ئەودیو ڕۆیشتووە.

٣- مام جەلال گەر لێرە بووایە، وەزع وای لێ نەدەهات.

٤- سـەرکردایەتی زۆر شپرزە بووە، هەر ڕۆژە و بڕیارێکیان داوە و مەسئوولەکان لە بەرەکانی شەڕ دوور بوون.

٥- سـەیتەرە لەسـەر وەزع نەکـراوە، لەناکـاو بەو دێهاتەکـان گوتراوە بەرەو ئێران بڕۆن.

٦- ئێمە لەو کشانەوەیەدا پتر لە ١٠٠ ملیۆن دینار زیانمان لێ کەوتووە.

## دزی و سووتاندن

١٩٨٨/٣/٢٤

لەنـاو خەڵـک دانیشـتم، گوێمـان لە ڕاز و گلەییەکانیـان ڕاگـرت؛ هەموویـان کـۆکن لەسـەر دەرئەنجامەکـانی پێشـوو: کارەسـاتی زۆر ڕووی داوە، لە سـەرما خەڵکـی زۆر ڕەق بوونەتەوە، خزمان چ یارمەتییەکی ئێمەیان نەداوە، بەڵکوو قۆڵی ئێمەیان بڕیوە.

مەکتەبی مام جەلال لە گۆمەزل سووتێندراوە.

لە کشانەوەمان دزی و شتبردن زۆر بووە، بە تایبەتی وردە چەک.

دوای نیوەڕۆ لەگەڵ نەوشیروان دانیشتم.

نەوشیروان نامەیەکی بۆ مام جەلال نووسی، کە من لەگەڵ خۆمی ببەمەوە.

وا بزانم بیر لەوە دەکاتەوە منداڵەکانی ڕەوانەی دەرەوە بکات.

## کوڕەکەم نانێژم

١٩٨٨/٣/٢٥

بەیانی، دارای حاجی برایم هاتە لام، دلاوەرە قەڵەوی لەگەڵدا بوو. گوتی حەز دەکەم جەمال ئاغاش لەگەڵمان دانیشێت، هەروەها شێردڵیشی لەگەڵ بوو، گوتی: دوێنێ فەرەیدوون و مولازم عومەر هاتوونەتە لامان، گوتیان، بڕۆنەوە عێراق و دۆستی ئێمە بە، ڕۆستەمی برات تەسلیم بۆتەوە، نەوەک لێرە ئەزیەتت بدەن.

پێم گوتن: ئەگەر چوومەوە دۆستی ئێوە نابم، تەوەقووعیشم نەدەکرد، ئەوە هەڵوێستی ئێوە بێت بەرانبەرم، منیش ناچمەوە و لێرە دەبم.

گلەیی زۆری کرد، گوتی؛ ئەم نامەیشم بۆ مام جەلال

نووســیوە، حەز دەکەم پێــی بــدەیت، خۆشــت قســەی لەگەڵ بکەیت.

ئێوارە گەیشتمە تاران، قسەم لەگەڵ ڕووناک کرد، دیار بوو مام جەلالیش لە ماڵی ئێمە بوو.

وەزعی ڕووناک ناخۆش بوو، گوتی: ئەگەر جەنازەکەی شوان شەش مانگی دیکەشم لە یەخچاڵی خەستەخانە دانابێت، نایبێژم، تا خۆت دێیتەوە و تەماشای دەکەیت، ڕدێنی هاتووە! خۆم بۆ نەگیرا و زۆر گریانم هات.

١٩٨٨/٣/٢٦

قسەم لەگەڵ "عەلەوی" کرد، مەسەلەی گەڕانەوەی خۆمم بۆ گێڕایەوە، وای نیشان دا زۆر خەمگینە. گوتی: من سبەی سەفەرم هەیە، بەڵام وا دەکەم کوڕەکانی لای ئێمە، زوو ئیشەکەت جێبەجێ بکەن.

گوتی: مەفرووزە لەسەر هەڵوێستیان، یاداشتێک بدەیە سوورییەکان.

١٩٨٨/٣/٢٧

پاسپۆرتەکەیان هێنایە لای خۆیان، سبەی معامەلەکەی جێبەجێ دەکەن.

شەو قسەم لەگەڵ ڕووناک کرد.

١٩٨٨/٣/٢٩

سەعید مۆری دەرچوونەکەی لێ دا، گوتی پلیت خۆمان دەیکەین، من گوتم ئەمڕۆ لە بەنک پارەم ورد کردیتەوە، نرخی بیتاقەم داوەتە شەریکە. ئەو گوتی: دۆلارەکان وەردەگرینەوە. منیش گوتم: زۆر سوپاستان دەکەم. پلیتەکەم بڕیوە، موهیم ئێوە وا بکەن زوو سەفەر بکەم.

دوای عەسر هاتەوە کاغەزێکی دامێ گوتی: بیدە بە فرهاد لە فڕۆکەخانە، ئەو ئیشەکانت بۆ دەکات.

زوو چوومە فڕۆکەخانە، کەچی مەوعیدی فڕینەکە دوا کەوت. فەرهاد هەموو کارەکانی بۆ کردم.

## لە بەرلینم

١٩٨٨/٣/٣٠

هاتمە سەر ئەوەی بچمە سالۆنی ترانزێت بۆ سواربوونی فڕۆکە، کارمەندەکەی کۆمپانیای هما پاسپۆرتەکەیان گێڕایەوە، گوتیان؛ لە لای فڕۆکەوانەکە دەبێت، لە فرانکفۆرت وەریدەگریتەوە.

زۆر هەوڵم دا بێسوود بوو. هەوڵم دا فەرهاد بدۆزمەوە دەستم نەکەوت. سوار بووین، قۆناغی یەکەمی سەفەرەکەم

ژنێف بوو، لەوێشەوە بۆ فرانکفۆرت، لە هاتنە خوارەوە داوای پاسپۆرتەکەم کردەوە، گوتیان ئێستا بۆتی دەهێنینەوە، پاشان دیتم لەناو دەستی کابرایەکی ئەڵمانییە. داوام لێ کرد، تەماشای کرد و دایمەوە، دواتر کارەکانی ترم بێ موشکیلە بەڕێوە چوون، یەکسەر فڕۆکە هەبوو بۆ بەرلین.

لە بەرلین تەلەفۆنم بۆ "شاخ" کرد، هاتە فڕۆکەخانە، شەو لای ئەو بووم و حاکم پێشڕەو و خیزانەکەیشی هاتن.

١٩٨٨/٣/٣١

د. کەمال شەو گەڕایەوە بەرلین، قسەم لەگەڵ کرد.

لەگەڵ شاخ چووینە کونسوولییەتی ئینگلیز بۆ ڤیزا، دوای ئەوەی لە وەزعەکەم تێگەیشتن ڤیزایان پێ دام.

ئێوارە لە بەرلین بە ڕێ کەوتم بۆ لەندەن.

لە فڕۆکەخانە فەرمانبەرەکە چەند پرسیارێکی لێ کردم و ڕۆیی و دوایی هاتەوە، گوتی: ئۆکەی... ئیقامەی شەش مانگ.

لە فڕۆکەخانە؛ خدر، دلاوەر، قاسم، شێرکۆ... چاوەنوارم بوون، سەرەتا چووینە گۆڕستانەکە کەچی داخرابوو.

سەعات ٩:٣٠ گەیشتمە ماڵەوە.

## گریام

١٩٨٨/٤/١

لە نەخۆشخانەکە چوومە ئەو ساڵۆنەی کە مەیتی لێ دادەندرێت، چوومە ژووری سەلاجەکان، مەیتی شوانیان بۆ هێنام، لەناو کفنێکی سپی، لەناو سندووقێکدا بوو. چاوەکانی وەک نووستوو بێت وا بوو، کە بە تەواوی دانەخرابوون، فرمێسکێکی زۆرم لە چاوەکانم هاتنە خوار، کە ئەو هەموو چالاکی و گورجوگۆڵییەی جارانی نەمابوو، لاشەیەکی بێدەنگە لەناو ئەو سندووقە ڕاکشاوە و جێگای بۆتەوە، کە جاران لە ماڵەکە جێگای نەدەبووەوە. بەڵام ئەوە قەدەرە هەموو شتێک دەکات.

زۆر ئومێدم بە شوان بوو، چۆنم لە خەیاڵی خۆم دانابوو، وەها دەڕۆیشت، زیرەک، بایەخی بە خوێندنەوە دەدا، لە ماڵەوە بێ کێشە بوو، گوێڕایەڵی دایکی بوو، ئەوەی دەیبینی خۆشی دەویست، بەڵام لەناکاو هەموو شتەکان لەگەڵ شوان ڕۆیشتن.

بڕیارە ڕۆژی سێشەممە بینێژین، چونکە دووشەممەش پشوو بوو، هەروەها تەرمەکە لەناو سندووقێکی مەعدەنی دادەنێین، چونکە دەمانەوێ تەرمەکەی لە دواڕۆژ بگوازینەوە بۆ کوردستان.

ئەو، فیلمی عومەر موختاری زۆر خۆش دەویست، بەردەوام ڤیدیۆکەی لێ دەدا، بۆیە کاسێتی فیلمەکەمان هاویشتە ناو سندووقەکە بۆ ئەوەی لە لای ئەو بێت.

"تەرمی شوان لە ڕۆژی ٢٠٠٧/١٢/١ هێنرایەوە کوردستان، لە گۆڕستانی هەیبەت سوڵتانی کۆیە نێژرایەوە!"

١٩٨٨/٤/٢

ئیمرۆ لەگەڵ ڕووناک سەردانی تەرمی شوانمان کرد، تێرتێر تەماشامان کرد، بۆ دوا جاریش ماچمان کرد، بێ ئەوەی هەست بە ماچەکانمان بکات! جاران کە ماچمان دەکرد، خێرا ماچی دەکردینەوە، وەک "مسرحییەکەی غوار!".

## پرسە

١٩٨٨/٤/٥

بەیانی چووینە لەندەن، سەعات ٢:٣٠ی دوای نیوەڕۆ لە گۆڕستانی cermany Hendon تەرمی جوانەمەرگی نازدار نێژرا. خەڵکێکی زۆر بەگوێرەی لەندەن هاتبوون، کەسایەتیی وەک: سەلیم فەخری، برایم ئەحمەد، حارث الزهاوی، فەوزی سائیب، گۆران تاڵەبانی و... زۆر کەسانی دیکە... محەمەد مەعرووف لێپرسراوی پارتی لە لەندەن و ئەبووعەلی ڕێکخراوی سۆسیالیست... لە ئافرەتان: سوورەیا خانم، د. نەرمین.

سەعات ٦ لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری پرسەکەمان دانا، شێرکۆ

بێکەس و سامی شۆڕش هەموو ڕۆژەکە لەگەڵمان بوون.

به ڕاستی له ڕۆژێکی وەها، مرۆڤ لە هەڵویستی مرۆڤانەی خەڵکەکە تێدەگات.

پرسەکە زۆر گەرم بوو، بێجگە کوردەکانی خۆمان "محمد بحر العلوم"یش هاتبوو.

١٩٨٨/٤/٦

گەڕاینەوە بێرمینگهام، بەڵام پێش گەڕانەوە مەقسوود و ئەکرەمیشمان لەگەڵدا بوو، چووینە سەر قەبرەکە و ڕێکمان خست.

١٩٨٨/٤/١٠

لەگەڵ ڕووناک و ڤیان چوومە لەندەن.

سەرەتا چووینە سەر قەبران کە خدر و قاسم و دلاوەر لە وێستگەکە چاوەنواڕ بوون، شەو لای خدری برام بووین.

چالاکییەکانی مام جەلال

١٩٨٨/٤/١١

چوومە لای مام جەلال لە ماڵی د. لەتیف ڕەشید بوو.

## مام جەلال باسی چالاکییەکانی خۆی کرد

١- لە ڕێگـای کەمـال فەخـرەدین خەبەری بـۆ هـاتووە کە حکوومەت داوای گفتوگۆ دەکات.

٢- کۆبوونەوەی کردووە لەگەڵ "سعد صالح جبر و محمد بحر العلوم" و یەکێکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و یەکێکی ئەمریکـی. باسـی وەزعـی عێراقیـان کـردووە، بەریتـانی و ئەمریکییەکە گوتوویانە، عێراق کێشەکەی ئەوەیە بەدیلیان نییە.

٣- سەعد سالْح جەبر بۆ ئەم مەسەلەیە چۆتە ئەمریکا.

٤- نامەیەکی بە دارا عەتار ناردووە بۆ مەلیک فەهد، وەڵامی ئیجابییـان نەداوەتەوە، بەڵام دواتـر لە ڕاوێژکـاری یەکەمـی سـەفارەت پەیوەنـدییان کـردووە، پێیـان گوتـووە نـامەکەت گەیشتووەتە دەسـت مەلیـک، ئەویـش سـۆزی بـۆ کێشـەکەتان هەیە.

٥- نووری عەبدولڕەزاق لە قاهیرەوە هاتۆتە لەندەن، چاوی بە مـام جەلال کەوتـووە، گوتـوویەتی میسـرییەکان سـۆزیان بـۆ کێشەکەتان هەیە.

٦- ئۆزال دەعوەتی مام جەلالی کردووە بۆ تورکیا، گوتی نەوێرام بچم، بەڵام دوو کەسی تورک هاتن لەگەڵیان دانیشتم، باسی زۆر شتیان کرد، گلەییشیان هەبوو.

٧- "حافظ الاسد" دەعوەتی کـردووە، لە ڕێگەی عەلی دوبەوە... باسی ئەوەیان کردووە، چۆن دانوستان بکەن، چ بابەتێکی لەگەڵدا باس بکات.

١٩٨٨/٤/١٢

لەگەڵ مام جەلال دانیشتم، باسی بارودۆخی ناوەوەی وڵاتم بۆ کرد... هەستم کرد بابەتەکانی پێ سەیر و نامۆ بوو، گوتم: تا ماوەیەک ئاگامان لە نامە و پەیوەندییەکانی تۆ و نەوشیروان نەبوو.

گوتی: کاردانەوە و هەڵچوونەکانی نەوشیروان بەرانبەر ئێرانییەکان کێشەکەی تایبەتییە، چونکە پار ڤیزاکەیان دوا خستووە.

مام جەلال بلیتی بڕی بۆ ئەوەی بچێتە شام.

## ٥
## گرتنی فاو و بارودۆخی پێشمەرگە

### فاو

١٩٨٨/٤/١٨

ڕادیۆ بڵاوی کردەوە، عێراق فاوی گرتەوە.

بە بەشداریی لایەنەکانی؛ یەکێتیی نیشتمانی و حیزبی سۆسیالیست و حیزبی گەل، ڕێپێوانێکمان بۆ بەردەم سەفارەتی سۆڤیەت ساز کرد. لەو ڕێپێوانەدا نامەیەکمان دا بە سەفارەت وەک نارەزاییەک لەوەی سۆڤیەتی چەک دەداتە ڕژێمی عێراق، داوامان کردبوو ئەوە ڕابگرن، حیزبی شیوعی و پارتی بەشدارییان نەکرد.

سەفیری عێراق لە لەندەن لە هوتێلێکی گەورە، دەعوەتێکی عێراقییەکان دەکات بۆ پێکهێنانی دۆستایەتیی عێراق، هەندێ لەو بیتاقانە کەوتبوونە دەست لایەنە دینییەکان، ئەوانیش دابەشیان کردبوو، سێ کەس لەوانە توانیبوویان بچنە ژوورەوە.

دوای ئەوەی سەفیر لە قسەکانی دەبێتەوە، "محەمەد مەعرووف" لێپرسراوی پارتی لە لەندەن، هێرش دەکاتە سەر

ڕژێم، بەوەش دەبێتە ئاژاوەیەک، جەماعەتی سەفارەت هێرشی بۆ دەبەن، لایەنەکانی دژ بە حکوومەتیش لە دەرەوە دەبن، لەوانە کەسایەتیی ئەندامی یەکێتییش بەشدار بوون، لێیان دەچنە ناوەوە و لەیەک گیر دەبن و پۆلیس دەگاتە سەر مەسەلەکە، لەیەکتریان جیا دەکاتەوە.

بەوەش بەرنامەی سەفیر بۆ نزیکبوونەوەی لایەنە عێراقییەکان لە ڕژێم پووچەڵ دەبێتەوە و هەڵدەوەشێتەوە.

## پێشمەرگە نارازیین

١٩٨٨/٥/٢

لە لەندەنەوە گەڕاینەوە بێرمینگهام.

دوای نیوەڕۆ فەرهاد تەلەفۆنی کرد لە سەقزەوە، گوتی:

١- وەزعمان بە گشتی زۆر باشە.

٢- مەواد و نووسینەکانی گۆڤاری "ڕزگاری" و "کوردایەتی" لەناو چوون.

٣- فەرەیدوون لە کانی زەرد مەقەڕی داناوە، نەوشیروان لە تارانە.

٤- پێشمەرگەکانی نێردراون بۆ دەوروبەری هەڵەبجە، حەز دەکەن بگەڕێنەوە لای گوێزێ و ئەو ناوە.

٥- پێشمەرگە ناڕەزاییان هەیە.

هەروەها نامەیەکی تر فەرهاد بەدەست گەیشت، هەندێ شتی نووسیوە.

شەوکەت تەلەفۆنی کرد، گوتی:

ا- لەگەڵ کابرا قسەم کردووە، پێشنیارەکانی قبووڵ کردووە.

ب- وەزع باش نییە، هیچ حیسابێکمان بۆ ناکەن.

ج- کابرا پێنشیاری کردووە لەبەر ئەوەی مام جەلال لە شامە، ئەویش باش بۆ پێشهاتەکان دەچێت. شەوکەت داوای کرد پەلە بکەم بۆ گەڕانەوە.

١٩٨٨/٥/١٠

ئەمشەو کلبراکت و ئەژیری تەیمووریان و د. لەتیفم لەگەڵ بوو، کە لە ماڵی خدر دەعوەت بووین.

سەرەتا چووینە ئەنجوومەنی لوردان.

١٩٨٨/٥/١١

تەلەفۆنم لەگەڵ ڕووناک کرد، گوتی فەرهاد تەلەفۆنی کردووە، دەڵێ: شتێکی وا بکات کۆمەڵە چیتر زەغت نەهاوێتە سەر شەوکەت، دوور نییە بتەقێتەوە.

## بەستەستێن

١٩٨٨/٥/١٣

د. موشیر لە تارانەوە تەلەفۆنی کرد، گوتی:

١- دوکان و خەلەکان چۆل دەکرێن، خەڵک دەبەنە ناحیەی سوسێ.

٢- ڕۆژی ٥/٩ هەموو منداڵە بارزانییەکانی قوشتەپە گیراون، بێسەروشوێنن.

٣- ئۆردوگای بەستەستێن گوێزراوەتەوە بۆ لای ڕانیە.

٤- نەوشیروان موقابەلەی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ کراوە و بڵاو کراوەتەوە.

٥- مام جەلال داوای حەمەتۆفیقی کردووە، دەچێتە سووریا.

نەجات لە هەولێرەوە تەلەفۆنی بۆ کردم، لە ئێمەی پرسی و گوتی:

محەمەدی "بەرام" هاتۆتەوە خەریکە بڕوات. دایکیشم بە گشتی باشە، بەڵام بە گاگۆڵە دەڕوات.

## شەرعی نییە

١٩٨٨/٥/١٤

کۆبوونەوەی لقی ئەوروپا لە لەندەن لە ماڵی د. شێرکۆ فەتحوڵڵا دەستی پێ کرد، ئامادەبووانی لق:

عومەر مستەفا، د. خدر، د. شێرکۆ فەتحوڵڵا، د. کامەران، مامۆستا کامەران، شالاو عەسکەری... من و د. کەمال.

سەرەتا باسی وەزعی کوردستانم کرد، کە برادەرانی کۆمەڵە موراعاتی پەیوەندیی نیوانمان ناکەن.

دوایی ڕاپۆرت خوێندرایەوە، بە ڕاستی ئاگایان لە ڕێکخستن نییە و نازانن لە هەر وڵاتە و چەند ڕێکخستنمان هەیە. برادەرانی دەرەوەش خەتاکە دەخەنە سەر عومەر کە لە ڕێکخستن نازانێت، یان تاقەتی نەماوە و پێداگرییش دەکات هەر لێپرسراوی ڕێکخستن بێت.

مەوزووعی کۆنفرانسی ئەوروپا هاتە پێش، کە مام جەلال ئامادە بووە و هەڵبژاردن کراوە بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەی ئەوروپا، لە ئەنجامدا کەسی کۆمەڵە دەرچوون، دەرکەوت ئەو برادەرانەی ئێمە کە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون زۆر بێسەروبەر بوون، کەس سەرپەرشتیی نەکردوون، خەتاکەش لە د. کەمال دەزانن.

من ڕەئیم وا بوو، تەعمیمێک بڵاو بکرێتەوە، کە ئەم هەڵبژاردنە شەرعی نییە، ئەم کۆمیتەیە شەرعی نییە، چونکە

باڵێکی ئەساسی تێدا نەبووە، بەڵام لە پێناو پاراستنی ڕیزەکانی ناو یەکێتی ئیلتیزامی پێوە دەکەین، تا ماوەی خۆی تەواو دەبێت.

بڕیارمان دا چیتر ڕێکخراوی یەکێتیی شۆڕشگێڕان بەشداریی مەساریفی یەکێتی نەبێت.

بە ڕاستی ڕێکخستنەکانمان لە ئەوروپا باش ئیش ناکەن.

## ناسر، عەرەفاتی بە سۆڤیەت ناساند!

١٩٨٨/٥/١٩

دوێنێ مام جەلال گەڕایەوە، لەگەڵی دانیشتین، باسی سەفەرەکەی خۆی کرد:

١- دوو جار "حافظ الاسد"ی دیوە، جارێکیان ماوەکەیان سێ سەعات و نیو بووە.

تێیدا نمایشی وەزعەکەم بۆ کرد. لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری قسەکانم موافق بوو. دەربارەی بەرەی کوردستانی و کوردستان، گوتی: ئێمە هەندێ شت هەیە بیڵێین، بەڵام گەر دەوڵەتێکی کوردیم لەسەر سنوور هەبێت، پشتی لێ بکەمەوە وەزعم گەلێک بەهێزتر دەبێت.

بە مام جەلالی گوتووە:

ا- گلەییم هەیە کە مەکتەبی خۆتان لە شام داخست.

ب- حەز دەکەم زۆر زوو سەرم لێ بدەیت.

پ- جگە لە ئیسرائیل پەیوەندیی بە هەموو وڵاتان بکەن.

مام جەلال گوتی: باسی دیدارەکانی خۆم لەگەڵ سەفیری ئەمریکی کرد، کە لێی پرسیم چیتان دەوێ؟ گوتم: سەرۆک عەبدولناسر، عەرەفاتی بە سۆڤیەت ناساند، فەرزی کرد. جەنابیشت شتێکی وەها بۆ ئێمە بکە.

دەربارەی پەیوەندییەکانمان هەندێکیان ئیجرائین، لە ڕێگای موخابراتی عەسکەری "عەلی دوبە"وە دەکرێن. سیاسییەکانیش لە ڕێگای عەبدولحەلیم خەدام دەبن.

سەفیری بولگاری و ئەفغانی بینیوە.

مام جەلال لە سەفەرەکەی زۆر ڕازی بووە.

## من دروستم کرد

١٩٨٨/٥/٢٠

لەگەڵ مام جەلال دانیشتین. باسی وەزعی ناوخۆ و گیروگرفتەکانمان کرد. دیار بوو ئاگای لە زۆر شت بوو، گلەیی لە وەزعی ئەودیو هەبوو، بە گومانەوە تەماشای پەیوەندیی من و نەوشیروانی کردووە.

گوتی: نەوشیروان من دروستم کرد، پێم گەیاند، لە دژی من ئیش دەکات، پەروەردەی کۆمەڵە بە دژایەتیی من دەبات.

شۆڕشگێڕانیش دژی من بوون، د. خدر و د. پێشەوا بە منیان گوت، مەسڵەحەت وەهایە تۆ هەر یەکێتی بیت، بۆیە وازم لە شۆڕشگێڕان هێنا، هەندێکیان دژی من قسە دەکەن.

دوایی گوتی: من ئامادەم تەوازن ڕاگرم، خەتە گشتییەکە بینە شۆڕشگێڕان، بەڵام دەبێ ئێوە دیفاع لە من بکەن، دەعمی سیاسیم بکەن، منیش وەعدەم پێ دا.

١٩٨٨/٥/٢٨

لەگەڵ مام جەلال قسەم کرد، گوتی: سبەی دەچمە ئەمریکا، حەمەتۆفیق هاتووە، دوای نیوەڕۆ قسەم لەگەڵ بکەوە.

دوای نیوەڕۆ قسەم کردەوە، گوتی: خەجۆم لایە.

١٩٨٨/٥/٣٠

ئەمشەو د. کەمال تەلەفۆنی کرد، گوتی: لە ئەڵمانیاوە ڕەحیمیی قسەی لەگەڵ کردم، چوومە لای لە خەستەخانە، بە تەعاروفەوە کەوتینە قسە، لە سەرەتاوە وریایی لە من هەبوو، بەڵام کە زانی شۆڕشگێڕانم قسەی خۆی کرد، گوتی:

لە شام قسەم لەگەڵ مام جەلال کرد، لە مەسەلەی ناکۆکییەکانی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان، بەپێی مەعلوماتی من، وەزعی نێوان هەردوولاتان زۆر خراپ بووە، حەز دەکەم فواد ببینم، بێتە ئەڵمانیا، جا د. کەمال گوتی: وا باشە گەر بتوانی سەردانێکی ئێرە بکەیت و کابرا ببینی.

١٩٨٨/٦/١٤

عومەر تەلەفۆنی کرد، گوتی: شەوکەت دوو بەیانی دەرکردووە، یەکێکیان گشتی، ئەویتریان داخیلی لە دژی کۆمەڵە.

شەو حەمە سابیر تەلەفۆنی کرد و گوتی: جەبار فەرمان قسەی لەگەڵ عومەری سەید عەلی کردووە، ئەو قسەیەی ڕاگەیاندووە.

١٩٨٨/٧/٦

کۆبوونەوەی شۆڕشگێڕان لە قاسمەڕەش.

## ٦
# کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان

١٩٨٨/٧/٧

بڕیارمان دا وەفدێکی شۆڕشگێڕانی کوردستان پێکهاتوو لە؛ من، مامۆستا نازم، عەلی حەمەسالح... لەگەڵ سەرکردایەتیی کۆمەڵە دانیشین. تەئکید لەسەر یەکێتی بکەینەوە، بۆ ئەمەش شۆڕشگێڕان سێ ڕێگای هەیە.

١- پێداچوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوانمان.

٢- پێداچوونەوەی پەیڕەو و پڕۆگرام و دەستنیشانکردنی حقووق و ئەرکەکان.

٣- یەکێتی ببێت بە بەرە.

١٩٨٨/٧/١١

لە گوندی گوێزێ لەگەڵ نەوشیروان بە دووقۆڵی دانیشتین. باسی نامە و نامەکاری و باسی بەرە، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئێران و هەموو مەسەلەکان کرد.

١٩٨٨/٧/١٣

دووقــۆڵی لەگەڵ نەوشــیروان دانیشــتم، باســی هەر ســێ حاڵەتەکەمان کرد، گوتی:

مـن زۆر سوپاسـی هەڵوێستی ئێوە دەکەم، مەسئوولانە بـوو، لێتـان ناشـارمەوە وامـان هەسـت کـرد شـتێک هەیە، بۆیە لەنـاو خۆمـان گـوتم: ئەگەر جیابوونەوەش بێت، ئەم جـارە بە خۆشـی بێت، ئێستاش بە نیسبەت یەکبوونەوە واتە خۆمان "حل" بکەین، ئێستا بە نیسبەت ئێمە ناکرێت، ڕاستە بەو ڕەوتە دەڕۆین، بەڵام لەنـاو ئـێمە تەکەتـولات هەیە، دەوری گرنگمـان بە شـار داوە، خۆیان قیادەی ئیشوکاری خۆیان دەکەن. لەم زرووفەدا ناتوانین کۆنفرانس ببەستین، چونکە دەبێتە ئاسانکارییەک بۆ کەشفی برادەرانمان لەناوەوە، یاخود دەبێت بێ بەشداربوونی ئەوان ئەوە بکەین، ئەمەش ناکرێ.

بەڵام دەکرێ بیر لە چارەسەری تر بکەینەوە.

## ٧
## بەرەو ڕاگرتنی شەڕی عێراق-ئێران

١٩٨٨/٧/١٧

سەدام وتارێکی دا، وتارەکەی گشتی بوو، باسی مەرجەکانی شەڕڕاگرتنی کرد، هێرشێکی زۆری بردە سەر سووریا.

١٩٨٨/٧/١٨

سەرۆکی ئێران نامەیەکی بۆ دیکویلار نارد، کە ئێران موافقە لەسەر شەڕڕاگرتن بەپێی بڕیاری ٥٩٨، ئەمەش بۆ هەموو لایەک موفاجەئەیەک بوو.

### چوار ئیحتیمال

١٩٨٨/٧/٢٣

بەیانی د. کمال خۆشناو سپاردەیەکی نارد، نەوشیروان و من بچینە سەقز لەگەڵ ڕەحیمی دانیشین، پوختەی قسەکانی:

زرووف ناچاری کردین موافق بین لەسەر ڕاگرتنی شەڕ بەپێی بڕیاری ٥٩٨ی یوئێن.

لێرەدا چوار ئیحتیمال هەیە.

ڕێککەوتنی تەواو/ هودنە /هودنەی موەقەت/ عێراق ڕەفزی ڕاگرتنی شەڕ بکات.

لە ڕێکەوتنی تەواو، نابێت بەهانە بدەینە دەست عێراق، پێویستە بە شێوەیەک عیلاقەمان داڕێژین عێراق پێی نەزانێت، ئێمە دەست لە ئێوە هەڵناگرین، چیتان دەوێ لە ئێستاوە داوا بکەن، چ تەسەوەرێکتان هەیە بە پێشنیار بۆمانی بنووسن.

دیدارەکەمان بە ئاسایی دەڕۆیشت، کە لەخۆ بووینەوە نەوشیروان گوتی: ئێران لە چ شەڕێکی سەرکەوتوو نەبووە، لە ڕووی عەسکەرییەوە، دیار بوو ئەمە کاریگەریی کردە سەر ڕەحیمی و کەشەکە.

## بچنە قەندیل

١٩٨٨/٧/٢٥

ئێوارە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە سەقز بوو، دوای لێکۆڵینەوە لە ئەگەرەکان، هەموومان موتەفیق بووین کە:

هێزی زیادی مەڵبەندی سێ بچێتە قەندیل، تا ئەنجامەکان دەردەکەون.

***

تێبینی: بە داخەوە لاپەڕەکانی تری ئیمساڵە نەبوون!

کاروانەکە سەخت بووە، شوێنەکان زۆرن، هاتوچۆکان زۆر و پێچوپەنا و گەوە و هەورازی زۆر بووە، دیارە چەند لاپەڕەیەک کەوتوون، ون بوون، یان نەنووسراون!

# بەشی هەژدەیەم

# دەفتەری بیرەوەرییەکانی ساڵی ١٩٨٩

## ١
## هەوڵەکانی یەکگرتنی شۆڕشگێڕان و کۆمەڵە

### خەسرۆ خاڵ

١٩٨٩١/١/٦

تەرمی د. خەسرۆ خاڵ گەیشتە گوندی نۆکان، زۆربەی کادیرەکانی یەکێتی بۆ پێشوازی هاتبوون. نزیکەی بە بیست سەیارە هاتبوون، نوێنەرانی؛ حیزبی شیوعیی عێراق، سۆسیالیست، پارتی، پاسۆک لەگەڵی هاتبوون. لە نۆکانەوە بە پێ بە ڕێ کەوتین بەرەو گوندی زەلێ، لەوێش بە خاک سپێردرا. مەلایەک تەلقینێکی جوانی دا، فەرەیدوون بە ناوی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و ناوەندی کۆمەڵە قسەی کرد، دوابەدوای ئەمە ٢١ گوللە تەقێندرا.

هەر ئەوە شەو هەوڵمان دا کەمال خۆشناو و فەرەیدوون ئاشت بکەینەوە. د. کەمال شەو لای من بوو.

## ئەوەش کۆتایی هات

۱۹۸۹/۱/۷

د. کەمال خۆشناو گوتی: ئامادەم لەگەڵ فەرەیدوون دانیشم، بەڵام تەنیا ئەرسەلان و عەلی بچکۆڵ لەگەڵماندا بن، دیار بوو نەیدەویست جەبار فەرمان و عومەری سەید عەلی لەو ئاشتبوونەوەیەدا بەشدار بن.

د. کەمال چووە لای فەرەیدوون، ئەم کێشەیەش کۆتایی هات.

شەو سەرکردایەتیی کۆمەڵە هاتنە لام، تا درەنگ دانیشتین، هیوادارم پەیوەندیی نێوانمان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو پێشەوە بچێت.

۱۹۸۹/۱/۲۰

ماوەیەکە یەکگرتنی شۆڕشگێڕان و کۆمەڵە بە گەرمی باسی لێوە دەکرێت، بە تایبەتی لە نێوان برادەرانی کۆمەڵە. ئەمەش دیارە چەند هۆیەکی هەیە، یاخود چەند مەبەستێکی تێدایە، یەکێک لەم هۆیانەی مەبەستیانە، مەسەلە ئایدیۆلۆژییەکەیە، کە بریقەی جارانی نەماوە، لەسەر ئاستی جیهانییش بەرەو لاوازی و کزی دەچێت، لە سۆڤیەت خەریکە گۆرباچۆف، داوا دەکات چاو بە مارکسییەتدا بخشێننەوە، چونکە پیرۆزییەکەی جارانی نەماوە.

ئەوەی ئەمــــڕۆ خەڵـــک لە دەوری کـــۆ دەبێـــتەوە، کوردایەتییەکی هاوچەرخە، کە لەگەڵ بارودۆخی ئەم سەردەمە بگونجێت.

بە نیسبەت هەندێ کادیرەکانی کۆمەڵە، ڕزگاریان بووە لە دەسـەڵاتی نەوشـیروان، وا دەزانـن لەم ڕێگـایەوە دەتـوانن لە ڕووی بوەسـتن، یـاخود دروشـمێک هەڵگـرن ئەو نەتوانێـت دژایەتییـان بکـات، بە نیسـبەت هەنـدێکی تـر ڕزگـاربوونە لەو ئیزدیواجییەتەی تێیدا دەژین، هەروەها خۆدەرخستن لە بەرگی مارکسییەت، لە لایەکی تریشەوە دڵ و هۆش و بیروبۆچوونیان کوردایەتییە.

***

بێگومـان هەڵوێسـتی جیهـانی ڕۆژئـاوا و ڕۆڵـی ڕۆژنامەکـان، بەرانبەر بە ڕژێمی عێراقی لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، بێدەنگی و بگرە دیفاعلێکردنی وڵاتە ئیشتراکییەکان بەرانبەر بە سەدام، ئەمەش کاریگەریی هەبووە لەسەر هەڵوێستی خەڵکانی مارکسی لە کوردستاندا.

## یەکگرتن

منیش لەم ڕووەوە. تێ دەکۆشم بۆ یەکبوونی هەردوو باڵەکە لەناو یەکێتیدا، لەبەر ئەوە هەوڵی زۆرم داوە، ئەوەی هانم دەدا بۆ ئەم مەبەستە ئەوانەن:

ا- دوای چەندین ساڵ خەبات لەناو یەکێتی، بۆم دەرکەوتووە هیچ ناکۆکییەکی حەقیقی لە نێوان هەردوو باڵەکەدا نییە. نە کۆمەڵە مارکسیی تەمام عەیارە، نە شۆڕشگێڕانیش دژ بە فیکری مارکسییە، کەواتە دەکرێ هەردوولا لەناو چوارچێوەی یەکێتی و ببنە یەک ڕێکخستن، ئەم دووبەرەکییە نەمێنێت.

ب- لە ئەنجامی ئەم دوو هێڵەدا، هەر لایەنە بەرژەوەندیی باڵەکەی و ئەندامەکانی دەپارێزرێن. خەڵکانی بێ کەفائەت بگەنە دەزگاکانی شۆڕش و سەرکردایەتییەکەی، چونکە هەر لایە چەندی هەبێت لایەنەکەی دیکەش بە هەمان شێوە دەبێت. هەست دەکەم، بە شێوەیەکی تەواو نەوعییەت ڕەچاو ناکرێ.

ت- شۆڕش بە بۆچوونی خۆم، نابێ هەوڵ بدرێ مۆرێکی ئایدیۆلۆژی لەسەر بێت، چونکە بە شێوەیەکی عەمەلی دەرکەوتووە، ئیمڕۆ ئەوە سەر ناگرێ.

پ- یەکێتی گەر یەک تەنزیم بێت، مەرکەزیەتی بەهێزتر دەبێت، نەک وەک ئێستا بەڕەڵایی تێدایە، هەریەکە لە لایەک، لە ئاوازێک دەخوێنێت.

ج- بەرژەوەندیی یەکێتی نییە بە شێوەیەکی زەق مارکسیەتی تێدا هەبێت، چونکە دەوڵەتانی ناوچەکە و دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی دونیا دژی دەوەستن.

ح- هەوڵبدرێت عیلاقاتەکانی نێوان خۆمان دیموکراسی بێت، چونکە ئێستا تەنیا لەناو شۆڕشگێڕان عیلاقاتێکی دیموکراسییانە هەیە، توندڕەویی فیکری و ترس و داپلۆسینی تێدا نییە.

## ئیتر بەسە

بێجگە لەمانەش شتی تریش هەیە، کە هانم دەدات هەوڵ بدەم و خەباتی بۆ بکەم بۆ ئەوەی هەمووومان، لەناو چوارچێوەی یەکێتی ببینە یەک، جا چ وەک حیزب، یان هەر بە ناوی ئێستا بێت.

لەم هەوڵ و تەقەلایەش مەبەستێکی تایبەتیم نییە، چاوم لەوە نییە ببمە کەسایەتیی یەکەم یان دووەم، بەڵکوو هەست دەکەم لە ڕووی تەمەن و تەندروستی و زرووفی خێزانی ئەوەندەم بەبەری نەماوە، بەڵام وەک ئامانج، ئاواتێک، حەز دەکەم ئەم ئاواتەم بێتە دی، چونکە خزمەت بە جووڵانەوەی کوردی دەکات و پێی بەهێز دەبێت.

١٩٨٩/٢/١٨

ئیمشەو مام جەلال لە ڤیەنناوە بە هێڵی "هما"ی ئێرانی گەیشتە تاران، لە فڕۆکەخانە، بە پێشوازییەکی گەرم و هاتنی "مەجیدی" لە قرارگای ڕەمەزان پێشوازییمان لێی کرد. برادەرانمان هەموویان لە ساڵۆنەکە چاوەنواڕی بوون، دوایی مام جەلالیان بردە هوتێل ئیستیقلال.

## ٢
## سەبارەت بە مفاوەزات و بەرەی کوردستانی

### موکەڕەم تاڵەبانی بەردەوامە!

١٩٨٩/٢/١٩

ئەندامانی م. س چووینە لای مام جەلال، باسی سەفەرەکەی بۆ کردین، بە گشتی و باسی دیتنی موکەڕەم تاڵەبانی لە پراغ کرد. هەروەها باسی ڕەئی وڵاتانی دەرەوەی کرد، بەرانبەر بە ڕژێمی عێراق. بۆ ئێوارە هاتە بارەگا و بە درێژی قسەی بۆمان کرد.

١٩٨٩/٣/١٢

ئیمرۆ کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی دەستی پێ کرد: مام جەلال، فؤاد معصوم، فەرەیدوون، مولازم عومەر، مامۆستا نازم، کۆسرەت، حەسەن کوێستانی، شێخ دارا، قادری حاجی عەلی، شەوکەتی حاجی موشیر، جەبار فەرمان، شێخ محەمەد سەرگەڵوو، عەلی حەمەساڵح، شێخ عبدالکریم شەدەڵە، مامۆستا عەبدوڵڵا، عومەر فەتاح، هەروەها بە بڕیاری هەموومان د. کەمال فؤاد و عومەری سەید علی بەشدار بوون.

سەرەتا، مام جەلال باسی سەفەرەکەی خۆی کرد، هاتە سەر باسی هەڵوێستی وڵاتانی دەرەوە و فشاریان لەسەر عێراق و پێشکەوتنی مەسەلەی کورد لە بوارەکانی دەولی، ئینجا هاتە سەر مەسەلەی گفتوگۆ "لەگەڵ ڕژێم"، بە جۆشەوە باسی کرد، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم قسانەی لە تاران بۆ ئێمەی کردبوو، وا بزانم لەمەشدا مەبەستی ئەوە بوو نەڵێ نەوشیروان ئەو جارەش لێمانی تێک داوە.

## مفاوەزات ڕەشبینییە

دوای ئەوە، من قسەم کرد، نیشانم دا ئێمە دەبێ لە نێوان دوو شت جیاوازییەک بکەین، فشار لەسەر عێراق بۆ گۆڕینی سیاسەتی بەرانبەر بە کورد... گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتی، گوتم:

بارودۆخەکە لە قازانجی ئێمەدا نییە، بێجگە لەوە دەبێ حیساب بۆ کەسایەتی و هەڵسوتەکانی سەدام حوسێن بکەین. مام جەلال هێرشی هێنایە سەرم، گوتی: ئەمە ڕەشبینییە، منیش وەڵامم دایەوە، گوتم:

ئەوانەی مفاوەزات بە تاکە ڕێگای دەربازبوون دەزانن، ئەوانە ڕەشبین و نائومێدن.

## بەردەوام دەبین

به کورتی قسەی زۆر کرا، گفتوگۆکە گەرم بوو، تێدا بڕیارەکە ئەمە بوو:

١- درێژەدان بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیری بە هەموو شێوەکانی، لە هەموو گۆڕەپان و شوێنەکان ئەوە بکرێت، بەوپەڕی فیداکاری و لەخۆبووردن و فیداکاری سەرکردایەتی و کادیرە سەرەکییەکان.

٢- سەرکردایەتی لە هەموو هەلومەرجێکدا لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و جەماوەر دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر دووچاری ئەوپەڕی فیداکارییش هات.

٣- گفتوگۆ:

ا- گفتوگۆ لەگەڵ میری بکەین.

ب- وەفد بنێرین، بەڵام هەر مەکتەبی سیاسی بزانێت، تا دەگاتە ڕادەی پێویست.

ج- هەوڵ دەین بەرەی کوردستانی عێراقی بیکات.

د- پێویستە ئەوپەڕی هەوڵ و تەقەلای خۆمان بدەین، بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی تێیدا بەشدار بن، هەر خۆمان بەتەنیا نەیکەین، کە هەموو هەوڵێمکان دابێت، لە هەموو لایەنەکانیش بێئومێد بووین و ئەوەندەش دەستکەوتمان مسۆگەر بێت، کە لایەنی کەمی داخوازییەکانی گەلەکەمان و سەربەرزیی یەکێتی لەناو گەلەکەماندا تێدا بێت.

ە- یەکێتی بە ئاگاداریی تەواو، لە نێوان وەفدی هێزە بەشدارەکانی گفتوگۆکە ئیشەکە بەڕێوە ببات. بەو ئەندازەی کە بە باشی دەزانێت، سکرتێرە گشتییەکانی حیزبی شیوعی عێراق و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ئاگادار بکاتەوە، پارتیش بەو پێیە کە ئەوان لەگەڵماندا دێنە پێش و ڕەفتار بکەن.

## بەرەی کوردستانی

٤- دەربارەی بەرەی کوردستانی بڕیار درا:

١- بەرەی کوردستانی لە قوناغی ئیمڕۆی گەلەکەماندا، گرنگ و پێویستە.

٢- هەوڵ دەدەین بەرەی کوردستانی بکرێتە بەرەیەکی ڕاستەقینە و کاریگەر و سەرکردایەتیی جووڵانەوەی کورد بکات.

٣- لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی کوردستانی قسە بکەین و ڕێک کەوین لەگەڵیاندا لەسەر ئەوەی، کاروبارە جیاوازکانی جووڵانەوەی کورد یەک خەین لە ڕووی پێشمەرگایەتی، سیاسی، ڕاگەیاندنەوە، لەگەڵیان هەوڵ دەین هیچ لایەنێک بەتەنیا، بێ گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی دەربارەی هیچ مەسەلەیەک بە ناوی بەرەی کوردستانی بڕیار نەدرێت.

٥- دەربارەی بەرەی عێراقی فراوان بڕیار درا:

١- سووربوون لەسەر تێگەیشتنی بەرەی فراوانی چوار تەیارەکە "کورد، ئیسلامی، شیوعی، نەتەوەیی عەرەب"، نەک دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەی جەمسەرەکان و جەبهەی ناتەواوی کرچوکاڵ.

٢- ئەم پەیمانەی لە شام دەرچووە و بەیانی ڕۆژنامەنووسی لەسەر دەرچووە، پێی قایل نین و ناوەڕۆک و لایەنەکانی ناتەواوە، پێویستە پارتی و لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی لە باری سەرنجی خۆمان ئاگادار بکەینەوە.

٣- دیدی خۆمان بە پارتی ڕابگەیەنین، لەو بارەیەوە مەسعوود بارزانی لەو سنوورە ترازاوە لەوەی لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە بۆی دیاری کراوە، پێویست بوو بەر لە دوا بڕیار لەسەر پەیمان و بەرە بگەڕێتەوە بۆ ڕاوێژ و پرسی لایەنەکانی بەرە.

٦. پەیوەندییە کوردستانییەکان:

١- بەهێزکردن و گەشەپێدانی پەیوەندییە کوردستانییەکانی یەکێتی، لەگەڵ ڕێکخراو و حیزبەکانی بەشەکانی تری کوردستان.

٢- زیاتر چاوپێکەوتن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر هەموو مەسەلەکان لەگەڵ ڕێکخراو و حیزبە کوردستانییەکان، بۆ زیاتر هاوکاری و نواندنی چالاکیی هاوبەشی سیاسی لە هەموو ئەو

شوێنانە، لەو بوارانە، لە بۆنە تایبەتییەکانی گەلەکەماندا.

٣- گرنگیدان بە کوردستانی تورکیا و پەیوەندییەکانمان، هەوڵدان بۆ زیاتر گەشەکردنی سیاسییان و ڕێکخستنی ڕیزەکانیان.

٤- پاراستن و قووڵکردنەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو هێز و لایەنە کوردستانییانەی، تا ئێستا پەیوەندییان لەگەڵماندا باشە.

٧. پەیوەندییەکانی دەرەوە:

١- دەبێت پتر بایەخ بدرێت بە پەیوەندییەکانی دەرەوە، میزانییە و کادری بۆ تەرخان بکرێت "میزانییە بۆ ماوەی یەک ساڵ".

٢- دانانی نوێنەری تایبەتی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی "کاری دیپلۆماسی"، ئەو کارە لە ڕێگای ڕێکخستنەوە نەکرێت، بەڵکوو لە ڕێگای ئەو نوێنەرانەوە بێت.

٣- ئەو نوێنەرانەی لە لایەن م. س ئامۆژگاریی و ڕێنمایی دەکرێن.

٤- ئەندامانی سەرکردایەتی نابێ و ناشێ بۆ ئەو کارانە دابندرێن. "من و د. کەمال موخالف بووین".

٥- گرنگیدان بە "الاشتراکیة الدولیة"، هەوڵدان بۆ ئەوەش وەکوو موراقیب تێیدا قبووڵ بکرێین. "من خاوەنی ئەو ڕەئییە بووم، بەڵام فەرەیدوون ڕەئی وا بوو یەکسەر وەک ئەندام بچینە ناو ئەو ڕێکخراوە".

٨ دەربارەی هەڵسەنگاندنی کاروباری پێشوو بڕیار درا:

کــۆمیتەیەک پێــک بێــت لە هەڤــاڵان "د. فـؤاد معصــوم، فەرەیدوون، مولازم عومەر، کۆسرەت ڕەسووڵ" بۆ ئامادەکردنی ڕاپـۆرتێکی هەمەلایەنــی گشــتی، لەو بــارەیەوە ئەو ڕاپـۆرتەش پێشکەش بە سەرکردایەتی بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە ڕادەربڕین.

کۆمیتەی دیارکراو دەبێت بە زووترین کات ڕاپۆرتی خۆی ئامادە و پێشکەشی بکات.

٩. چەندین بڕیاری تریش هەبوو، کە پەیوەندی بە ئاوارە و داراییەوە هەبوو.

کۆبــــوونەوەکە ســــێ ڕۆژی خایانـــــد، ڕۆژانـــــی ١٢-١٣-١٩٨٩/٣/١٤.

مـــام جەلال نیـــازی وایە ١٩٨٩/٣/٢٠ بچێـــتە ســــعوودیە، حەمەڕەزای سەرگەڵوو وەسییتە.

## ڕەئی خۆم لەسەر کۆبوونەوەکان:

١- مـام جەلال ڕەئـی تەواوی خۆی دەرنەبڕی، زۆرتـر وای نیشـان دەدا لەگەڵ گفتوگـۆیە "لەگەڵ ڕژێـم"، ئەمەش وا بـزانم ڕێگرتن بوو لەو کەسانەی حەز بە گفتوگۆ دەکەن، تا ئیتیهامی نەکەن، بە دروستکردنی کۆسپ بۆ گفتوگۆ.

٢- مـام جەلال هێشـتا هەر لەسـەر شـێوەی جـاران دەڕوات "متەفائیلی میتافیزیقی". لە کۆبوونەوەکاندا ویستی من بە ڕەشبین

دابنێت، واتە نائومێدی و کۆڵدان دەگەیەنێت، ناچار بووم وەڵامی بدەمەوە، کە ئەوانەی هەموو ئومێدی خۆیان هاویشتۆتە سەر مفاوەزات، ئەوانە کەوتوونەتە نائومێدییەوە.

مفاوەزات لەم بارودۆخەدا لەدەست ئێمەدا نییە، بەڵکوو حکوومەت ئێستا بالادەستە، جا چۆن دەبێت ئێمە ئومێد و ئاواتمان باوێینە ژێر دەستی حکوومەتێکی دوژمن.

من ئێستا ڕەشبینم، وا بە باش دەزانم پلانێکمان هەبێت بۆ خەباتی درێژخایەن، ئیعتماد لەسەر خۆمان بکەین، ئەمەش لە حیساب دابێت:

ا- گفتۆگۆی نێوان عێراق-ئێران گەر بەرەو پێش چوو.

ب- ئەگەر ژمارەی پێشمەرگە کەم بووەوە، ئەگەر ژمارەیەکی زۆر تەسلیم بوونەوە!

١٩٨٩/٣/٩

لە ڕادیۆی بەغدا موقابەلەیەکی سەدام لەگەڵ ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط" کە لە لەندەنەوە دەردەچێت، بڵاو کرایەوە. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لە قسەکانی ئەمانە بوون:

ا- فی العراق تقوم الدولة بالدعاية للمرشحين بالتساوي وهذا غير موجود في الدول التي تمارس الديمقرطية الليبرالية (الترشيح للمجلس الوطني) وبغض النظر عن اتجاهاتهم واحزابهم وطبيعتهم.

ب- حل الجمعية الوطنية عند البد بممارسة التعددية الحزبية والاحزاب التى تتشكل لن تكون اعضاء فى جبهة وطنية لانها طبقا لهذا ستكون قد انحلت.

ت- اجمعت القيادة على اهمية بقاء مجلس قيادة الثورة.

پ- الفصل الميكانيكي بين الحزب والدولة غير ممكن لان الحزب يقود المجتمع، وهو خالق الثورة وبالتالي خالق النظام الجديد، فالفصل الميكانيكي غير ممكن.

ج- لم نترک الاخطاء تتجمع وانما نمارس النقد علنا امام الجماهير ولقد مارست هذه العملية بنفسي.

ئەمانە بابەتە سەرەکییەکانی قسەکانی سەدام بوون، کە پڕە لە چەواشەکاری.

١٩٨٩/٣/١٥

مام جەلال لە قاسمەڕەشەوە بە ڕێ کەوت بەرەو تاران، بۆ دیتنی وەزیری دەرەوەی ئێران کە مەوعیدی بۆ داندراوە.

لەوێشەوە سەفەر دەکات بۆ سعوودیە.

١٩٨٩/٣/١٨

لە قرارگـای سەردەشـتەوە ئاگـادار کـراینەوە کە بەپێـی مەعلووماتی ئەوان، عێراق نیازی هێرشی هەیە بۆ سەر ناوچەی "شێنێ". بەڵام لای خۆمان مەعلووماتی وەها نەبوو.

مولازم عومەر نامەیەکی بۆ تیپی ٦١ نارد، بزانن چ شتێکیان لەم ڕووەوە بیستووە؟!

### "ايات الشيطانية"

لەسەر داوای مام جەلال نامەیەکم بۆ "مەلا ئەحمەدی وەرتی" نووسی، کە شتێک لەسەر "سەلمان ڕوشدی" خاوەنی کتێبی "ايات الشيطانية" بنووسێت.

## گومرگ

١٩٨٩/٣/١٩

ئیمڕۆ نامەی برادەرانی گومرگی "زەلێ" هات، تێیدا نووسیبوویان؛ بەبێ پرسی ئێمە، پێشمەرگەی پارتی، دوو خاڵی گومرگیان لە"بێدەلان" داناوە.

منیش برووسکەیەکم بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی نارد، نوسخەیەکیش بۆ جەبار فەرمان "نوێنەر یەکێتی لە بەرەی کوردستانی"، کە ئەمە پێچەوانەی ڕێککەوتنی دوو قۆڵی نێوانمانە، دەبێ هەڵیگرن.

١٩٨٩/٣/٢٠

برووسکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی هات، کە هەردوو خاڵە گومرگییەکە هەڵدەگرن، ئاگاداری جەماعەتی خۆیان دەکەنەوە.

شەو بە بۆنەی نەورۆزەوە تەقەیەکی زۆر کرا، کە چ مەعنایەکی نەبوو، لە شێنێ تا قاسمەڕەش. من خۆم سەیتەرەم کردە سەر قاسمەڕەش، مەنعم کرد، بەڵام لە شوێنەکانی تر سەیتەرەی نەکرایە سەر تەقەکان.

١٩٨٩/٣/٢٢

لە قاسمەڕەشەوە بە ڕێ کەوتم کە مامۆستا عەبدوڵڵا هاتبووە شوێنم، من و مولازم عومەر بچینە قەرارگا لە کرمانشان، نیوەڕۆ گەیشتینە سەقز، مولازم عومەر چاوەنوارم بوو، هەروەها لەگەڵ د. کەمال فوئادیش پێکەوە چووینە باختەران "کرمانشان".

١٩٨٩/٣/٢٣

لە قەرارگا کۆ بووینەوە، جەعفەری و چەند کەسێکی لەگەڵدا بوو. لە لایەن یەکێتی؛ من و مولازم عومەر، پارتی؛ فازیل میرانی، عەبدولموهەیمن، مولازم بابەکر. لەشکری ئیسلامی؛ ئەبووئوسامە "عەباس شەبەک" و چەند کەسێک، "حزب الله"ش وەفدێکی هەبوو، هەروەها بزووتنەوەی ئیسلامی.

"جەعفەری" قسەکانی هەموو توانج بوون، گوتی: حەرەکەی کوردی شەرق و غەربی تاقی کردەوە سەرکەوتوو نەبووە. جووڵانەوەی کوردی دوو خاڵی لاوازی هەیە. یەکەمیان ئیعتیمادکردنە سەر شەرق یان غەرب. دووەم دوورکەوتنەوەیە لە ئیسلام، بەرەو چەپ ڕۆیشتن.

گلەیی کرد کە هەندێ لە هێز و کوردەکان وا دەزانن هێرشی سەلمان ڕوشدی، کورد ناگرێتەوە، وەک ئەوەی کوردیش موسڵمان نییە؟!

دوایی هاتە سەر ئەسڵی مەقسەد و گوتی:

بە باشی دەزانین مانۆڕێک بکەن بە هاوبەشی لەگەڵ هێزی شیعە و هێزی کورد، پێکڕا بیکەن و تەئسیرێکی زۆری دەبێت، ئەوەش لە بەرژەوەندیی خۆتانە، هیچ مەبەستێکی ئێمەی تێدا نییە!

ئێمەش پێشنیارمان کرد کۆمیتەیەکی نیزامی "عەسکەری" بۆ دابندرێت لەم مەسەلەیە بکۆڵێتەوە.

بڕیار درا ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو ١٩٨٩/٣/٢٧ ئەم کۆمیتەیە لە نەغدەدە لە بارەگای پارتی کۆ ببێتەوە. نوێنەری یەکێتی مولازم عومەر دەبێت.

دوایی جەعفەری گوتی: دەمەوێ هەندێ قسە هەیە لەگەڵتان بیکەم، کە دانیشتین ئەم قسانەی هەبوو:

لەبەر ئەوەی لە لایەنی ئێوەوە گفتوگۆکەی د. مەحموود

ئاشکرا بووە، بڕیار درا ڕایبگرین، گلەیی کرد کە ئێمە نهێنیمان ڕانەگرتووە، تەنانەت مام جەلال بۆ پارتیشی باس کردووە.

هەروەها گوتی هێندەی باسی گفتوگۆی خۆتان لەگەڵ میری دەکەن، زەرەر دەکەن، چونکە گفتوگۆتان نییە، ئەوەی هەیە تەنیا بنزمان وەرگرتن بووە، ئەوەش نابێتە گفتوگۆ، گەر وا دەزانن، بەم شێوەیە خەڵک لە دەوری خۆتان دەهێڵنەوە، لەمەش زەرەر دەکەن، پێویستە خەڵکی خۆتان بە شێوەیەکی دیکە پەروەردە بکەن.

دوایی گوتی: مەبلەغێک دینارمان بۆ داناون بۆ مەسرەفی هێزەکانتان لەم دیو، ڕۆژی شەممە واتە دووسبەی وەریدەگرن.

منیش داوام کرد مەسەلەی ڕێگاوبانمان بۆ تەئمین بکەن، ئەوە چەند مانگە داوای دەکەین، ڕێگای "بەمۆ"مان بۆ بکەنەوە، تا لەو ڕێگایەوە خەڵک بنێرین.

ئەو گوتی ڕێگاکە کراوەتەوە.

گوتم: تکایە هەوڵی پتری بۆ بدەن.

## نادرنامە

١٩٨٩/٣/٢٤

لەگەڵ د. کەمال فوئاد و مولازم عومەر چووینە گوندی

"کەنــدوڵە"، کە دەکەوێــتە نێــوان کرمانشــان و کامیــاران، ئەم گوندە کاتی خۆی مەرکەزێکی ڕۆشنبیری و بازرگانی بووە، چەنـدان شـاعیری گەورەی تێـدا هەڵکەوتـووە. لەوانە "ئەڵمـاس خان" سەرهەنگ بووە لە جەیشی نادر شا، دوایی نادر شا لە گونـدەکەی خـۆی جێگیــر بــووە، داسـتانێکی هەیە بە نـاوی "نادرنامە". گوندەکە زۆر خۆشە و دیمەنی جوانە. خەڵکەکەی لێمـان کـۆ بوونەوە، هەنـدێکیان شیعری ئەڵماس خانیـان لەبەر بوو، چووینە سەر قەبرەکەی کە تەنیا یەک کێلی دیار بوو.

نیوەڕۆ لە ماڵی سەردار ئەمینی بووین، ئەویش شاعیرە بە شێوەی کرمانشانی. حوسێن ئەمیری کە لە نەوەی ئەڵماس خانە، بە دەنگی خۆی لەسەر کاسێت هەندێ لە شیعرەکانی ئەڵماس خانی تۆمار کردووە، زۆر خزمەتیان کردین.

ژمارەی خانووەکانی گوندەکە ۲۰۰ خانوو دەبوو. شێواز و تەرزی خانووەکانیان جوانە.

ئەڵمـاس خـان پـێش ۲۰۰ سـاڵ ژیـاوە. ئۆسـکارمان زانـای ئەڵمانی پـێش ۸۰ سـاڵێک هـاتۆتە ئەو نـاوە، لەسـەر شـاعیرانی کەندوڵەی نووسیوە، دەستخەتەکانی لە کتێبخانەی بەرلین ماون.

ڕێگای پێداچوونمان ناخۆش بوو. لەنزیک کامیاران بۆی چووین، ڕێگای گەڕانەوەمان باشتر بوو، ۹۵ کم قیرتاو بوو، ڕێگەکە دەچێتەوە بێستوون-کرمانشان، وێنەی زۆرمان گرت.

## سەدام توورەیە

۱۹۸۹/۳/۲۸

من و فەرەیدوون و مولازم عومەر لە سەقزەوە گەڕاینەوە قاسمەڕەش. بارانێکی زۆر بەتین دەباری، لەنزیک بانە کردیە بەفر.

شەو فەرەیدوون نامەیەکی نیشان دام، کە لە موکەڕەم تاڵەبانییەوە هاتبوو، مێژووی نامەکە ۱۹۸۹/۳/۱۲بوو، ئەوەش هەروەکوو نامەکانی پێشوو بوو. لە نامەکە نووسیبووی؛ سەرۆک "سەدام حوسێن" توورەیە لەوەی مام جەلال گوتوویەتی: من عێراقی نیم، لەگەڵ ئیسلامییەکان جەبهە دەکات. بە باشی دەزانم لەم ڕووەوە هەندی قسەی نەرم بنووسن، ئەمەش بنووسن کە تێکچوونی گفتوگۆی سالآنی ۱۹۸۳-۱۹۸٤ بە هۆی دەستوپێیەکانەوە بووە.

نامەکە چیی تازەی تێدا نەبوو، هەر لە شێوەی دەستی دەستییە، وەک نامەکانی پێشوو، موکەڕەم دەشڵێت: وەڵامی حیزبی شیوعیی عێراق هێشتا نەهاتۆتەوە.

نامەکە بۆ فەرەیدوون هاتبوو، ئەویش وەڵامی دایەوە و ڕەئی منیشی وەرگرت. نامەکەی موکەڕەم داوای وەفد دەکات بە سەرۆکایەتیی نەوشیروان، دەڵێت: گەر وەفدەکە بە سەرۆکایەتیی ئەو بێت، قەناعەتم وایە چییان لەسەر نابێت و لێرەش موافق دەبن.

***

ئیمڕۆ بەلاغی کۆبوونەوەی حیزبی شیوعیی عێراقیمان پێ گەیشت، باسی کۆبوونەوەی مانگی ئازاری ئیمساڵ دەکات.

دەربارەی گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەت دەڵێت:

وحددت اللجنة المركزية موقفها من الحوار الذى ازدادت الشائعات حوله فى الفترة الاخيرة، رغم ان الامر لم يتعد بقدر تعلق بحزبنا حدود احاديث من شخصيات غير الرسمية، دون ان تتضمن اى شي جدي ملموس، وجرى التاكيد على ان الحوار كاسلوب نضالي لتحقيق اهدافنا فى حاله توفر مستلزماته والتمهيد المناسب له، ينبغى ان يستجيب لتحقيق تطلعات شعبنا وحركتنا الوطنية وان يكون علنيا ويشمل الاطراف الوطنية مجتمعة.

١٩٨٩/٣/٢٩

کە لە خەو هەڵسام، بینیم بەفرێکی زۆر باریوە، ئێستاش هەر بەردەوامە.

١٩٨٩/٣/٣٠

لەگەڵ فەرەیدوون و مولازم عومەر چووینە گوندی "شێتوێ" لەتەنیشت سەردەشت، بۆ سەرەخۆشیکردن لە حاجی مەحموود ئاغای پشدەری و شیخ سەدرەدین کە خزمێکیان مردبوو. لەوێشەوە چووینە سەردانی مەلا حوسێنی شارستێنی و

جەماعەتەکەی کە لە ئۆردوگایەکن لەو ناوە. لەوێیەوە چووینە لای خاڵ باپیر و کوێخا باپیر لە گوندی داوان. سەردانی ماڵی غەریب هەڵەدنی و خزمەکانی ئەومان کرد. ڕۆژێکی باش بوو، خەڵکەکە ورەیان بەرزە و باشن، بەڵام کێشەی سەرەکییان کەم دەرامەتییە.

## دژی دەزگەی زانیاری

١٩٨٩/٣/٣١

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بوو، بۆ هەندێ کاروباری دارایی، لە قسەکردندا، گوتم:

ئەم دەزگایەی بە ناو زانیاری دانراوە، دەبێ نەمێنێت. ئێمە دژی دەوەستین.

هەر دوای دوو دەقیقەیەک مولازم عومەر، گوتی:

دەچمە مەهاباد بۆ ئەوەی شەو قسە لەگەڵ نەوشیروان بکەم، ئەو ئەم جیهازەی تەسلیم بە من کردووە، با بزانم ڕەئی ئەو چییە، گەر سبەی ئیلغا کرا، با نەڵێ خەتای من بووە.

١٩٨٩/٤/١

بە بۆنەی ١ی نیسانەوە "ڕۆژی درۆ" کڵاویان لەسەری زۆر کەس نا!

١٩٨٩/٤/٧

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاین، ئیمساڵ میشل عەفلەق بە بۆنەی دامەزراندنی حیزبی بەعس وتاری نەبوو، هەر ئەوەندە ناوی هات کە سەدام ئیستیقبالی کردووە.

***

بەپێی قسەی کۆسرەت کە بۆ فەرەیدوونی کردووە، مام جەلال هێشتا لە شوێنی خۆیەتی، نەچووە بۆ سعوودیە، ئەویش بەپێی مەعلووماتی سەعدی پیرە.

## نەوشیروان ببینێت

١٩٨٩/٤/٨

نامەیەکی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو هات بۆ مولازم عومەر، داوا دەکات دیدارەکەی کەی دەبێت، وا دیارە ئاگادار نەکراوە هەڵوەشاوەتەوە، یاخود دەیەوێ زۆرتر تێبگات.

هەروەها دەڵێت: پەیوەندیمان لەگەڵ میری "بەغدا" خراپ بووە، کە قەت وای لێ نەهاتووە، دەشڵێت بەڵام دێنەوە سەر ڕێگا.

موکەڕەمم دی، پێی گوتم؛ سەرۆک سەدام ئامادەیە نەوشیروان ببینێت گەر بچێت، خۆشم بە قسەی موکەڕەم دەڵێم؛ نەوشیروان مام جەلالی ئاگادار کردۆتەوە.

## گومان دەکەم

١٩٨٩/٤/٩

کەوتوومەتە گومان مەولوود "نەوشیروان" سەفەری کردووە بۆ دیتنی حکوومەت، ئەگەرچی هیچ زانیارییەکم لا نییە، ئەمە دووپات بکاتەوە.

## مقاومە بکەن

١٩٨٩/٤/٩

وەزعی ناوچەی پشدەر بەرەو تێکچوون دەڕوات، حکوومەت تەبلیغی کردوون دەبێ ناوچەکە بەجێ بهێڵین، ڕۆژی ١٩٨٩/٥/١ی داناوە بۆ چۆلکردنەکە.

لەسەر یەک دوو دوکانی شارەکە نووسرابوو، مقاومە بکەن. مان بگرن، ئەم دوو دوکانە لە لایەن ڕژێمەوە بە شۆفەڵ تێک دراوە، لە دەرەوەش هەڵمەتێک دەستی پێ کردووە دژی ڕژێمی بەغدا.

## کورد بەرەو پێشەوە

١٩٨٩/٤/١١

لەگەڵ پارتی سۆسیالیستی کوردستان-تورکیا "پسکت" دانیشتین کە وەفدیان هاتووە: ئازاد، جاسم... لە لایەنی ئێمەش من، مولازم عومەر، کۆسرەت ڕەسووڵ...

دەربارەی کوردستانی تورکیا گوتیان:

لە ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، ئەو حیزبەی ئۆزال کە کودەتاچییەکان پشتیوانییان دەکەن، شکستی خواردووە. پتر لە ٣٠% دەنگیان لەدەست داوە، حیزبە موعاریزەکانی وا ئەبینن ئەم حکوومەتە ناتوانێ ساڵ تەواو بکات. دەوڵەتانی ئەورووپی لەبەر ئەوەی حەز ناکەن، تورکیا وەک ئەندام لە بازاڕی ئەورووپی هاوبەش وەربگیرێت، بۆیە فشاری ناکەنە سەر لەبارەی مافی مرۆڤ و مافی کورد. موعارەزەکانی حکوومەت باسی کورد دەکەن، بەڵام نەک وەک نەتەوەیەک، یان مافی نەتەوایەتیی پێ بدرێت.

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، حەرەکەی کوردی بەرەو پێشەوە چووە. حزبی سۆسیال دیموکراتی تورکیا هێزێکی شۆڕشگێڕیی دیموکراتە، بەڵام پەیوەندیی ڕەسمیی نییە لەگەڵ هێزە کوردییەکانی تورکیا، بەڵکوو لەگەڵ ئەو کوردانەی لەناو ئەو حیزبەن و حیزبە کوردییەکان دانیشتن هەیە، لەسەر بابەتە گشتییەکان قسە دەکەن.

لە پەرلەمانی تورکیا سەد ئەندام پەرلەمانی کورد هەیە، لەمانە ٢٥ سەر بە حیزبە نیشتمانییەکانن، لەناو ئەوانیشدا سێیان ئەندامی ئێمەن.

دوایی داوایان لێ کردین هەوڵ بدەین عیلاقەیەک دروست بکەن لەگەڵ ئێران، ئێمەش وەعدەمان داوە، گوتیان خۆمان ئاگادارتان دەکەینەوە، کەی دیداریان بکەن.

## خێواوک

١٩٨٩/٤/١٧

بەیانی دوای نانخواردن کە بریتی بوو لە ماست و پەنیر و هەنگوین، هەر دوای نیو سەعات ژانە سکێکی زۆر توندم گرت. دەمزانی مەعیدەم ژان دەکات، چوومە خەستەخانە، دکتۆرێکی عەجەمی لێ بوو، گوتی:

قورحە مەعیدەتە.

لە ترسی ئەوەی نەوەک تەسەموومم کردبێت، یەک پەرداخ خێواوکم خواردەوە، هەرچی هەبوو، هێنامەوە.

دوای نیوەڕۆ دکتۆر "هەڤاڵ" هاتە لام، گوتی: مەغز و ژانە.

دەرزییەکی لێ دام، دوای ئەوە د. هەڵۆ هات، گوتی شرینقەکەی د. هەڤاڵ باشە، بەڵام دەبی دەرزییەک لە دەماری قۆڵت بدەم بۆ وەستانی ژانەکە، ئەویش دەرزییەکی لێ دام،

تەشخیسی نەخۆشییەکەی بە ئیلتیھابی توند لە گەدەم کرد، ئەم ژانەسکە تا ئێوارە بەردەوام بوو.

ئەوەش بە قسەی دکتۆر لە ئەنجامی خێواوک خواردنەوەکە ئیلتیھابەکەی زیادی کردووە.

جا منێکی خاوەن "المعده الساحقة والماحقة" ئێستا بۆ ماوەی چەند ڕۆژ دەبێت هەر شیر بخۆمەوە.

## ئومێد نەماوە

١٩٨٩/٤/١٨

چوومە ورمێ "ڕەزاییە" گەرچی وردە ژانی سگم هەر هەبوو، د. کەمالیش لەوێ بوو، لە ماڵی جەبار فەرمان میوان بووین. شەو تەلەفۆنم بۆ ڕووناک و منداڵەکان کرد، هەستم کرد بە وردی موتابەعەی دەنگوباسی کوردستان دەکەن.

برووسکەی مەکتەبی سیاسی هات دەڵێت:

وەفدی قەڵادزێ چوونەتە بەغدا، هێشتا لە لایەن سەدامەوە نەبینراون.

ئیستمارە بەسەر ئۆردوگای پێماڵک، تووەسووران، سەنگەسەر دابەش کراوە، کە یەکێک لەم شوێنانە بۆ گواستنەوەیان هەڵبژێرن؛ بەحرکە، باینجان، بازیان.

د. کەمال تەلەفۆنی بۆ نەوشیروان کردبوو، کە لە نەمسایە.

لە قسەکەی دیار بوو وەک د. کەمال گوتی:

ئومێدی زۆر بە شتەکە "مفاوەزرات" نەماوە!

## ئێرانییەکان دەپرسن

١٩٨٩/٤/١٩

لەگەڵ جەبار فەرمان "اقای کەریمی" و "تاهیری"مان دی، پێش ئێمە "قادر جەباری"یان دیبوو، ئەو قسانەی لەگەڵیان کردبوو، وەک بۆی گێڕاینەوە: ئایا قیاداتی کوردی خەتابارن لەو کارەساتانەی بەسەر کورددا دێن؟! ئایا کاتی نەهاتووە قیاداتی کورد بیر لەوە بکاتەوە، چۆن و بە چ ڕێگایەک سەرکەوتوو دەبن؟!

ئێمەش کە دانیشتین لەگەڵیاندا خۆمان ئامادە کردبوو، بۆ ئەو جۆرە پرسیارانە، بەڵام ئەو بابەتانەیان نەپرسی، بەڵکوو پرسیارەکانیان ئەمانە بوون:

١- ئێوە ئێستا خەریکی چین؟ گەر هەوڵ نەدەن، کاتتان لەدەست دەچێت، ئەمە ساڵێکە هیچ چالاکییەکی وەهاتان نەبووە.

٢- گفتوگۆی ئێوە و حکوومەت ڕاستە؟ بە چی گەیشتووە؟ مام جەلال لە کوێیە؟

٣- ئایا ئێوە نیازتان هەیە هەڵسەنگاندنێک بۆ ڕابردووی خۆتان بکەن؟ بزانن خاڵی لاواز و بەهێزتان چییە؟

٤- ئێمە ئامادەین بۆ هاوکاریتان لە چالاکیی نێو شارەکان و هەموو پێویستییەکانتان بۆ دابین دەکەین.

منیش وەڵامی پرسیارەکانم دایەوە، شتەکانم بۆ شەرح کردن.

## لە ڕاژان

١٩٨٩/٤/٢٠

سەردانی پارتیمان لە ڕاژان کرد، من، د. کەمال، جەبار فەرمان. لە لایەن پارتییەوە؛ فازیل میرانی، فەلەکەدین، نێچیرڤان، عەبدولموهەیمن، فرەنسۆ هەریری... دیدارمان بوو.

هەر تەنیا سەردانێکی موجامەلە بوو، بەڵام باسی هەندێ شت کرا:

١- مناوەرەی عەسکەری، بەیەکەوە بڕیارمان دا:

ا- ئاڵای عێراقی هەڵبگیرێت، دەستکاری نەکرێت، یان هەر هەڵنەگیرێ.

ب- دروشمی خۆمان وەک کورد هەبێت.

ت- ئەو بەیانەی دەخوێندرێتەوە، دەبێت باسی مافی میللەتی کوردی تێدا بێت.

پ- ئەم نمایشە عەسکەرییە و مەراسیمەکانی نابێت ببێت بە بەیعەتکردن بە "سید باقر الحکیم و المجلس الاعلی".

جا کە وەعدە وایە، نوێنەرێکی بەرەی کوردستانی لەگەڵ مەلا عەبدولعەزیز، نوێنەری هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان، تەنسیق بکات بۆ ئەم خاڵانەی سەرەوە. جەبار فەرمان دانرا وەک نوێنەری بەرەی کوردستانی بۆ قسەکردن لەگەڵ مەلا عەلی و بەیەکەوە ئەنجامی ئەو بیر و بۆچوونانە بە قرارگا ڕابگەیەنن.

لە دانیشتنەکەدا پارتی گوتیان:

پێویستیمان بە ڕوونکردنەوەیەکی دووقۆڵی هەیە، حەز دەکەین لە کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵی باسی بکەین.

ڕێک کەوتین هەفتەی داهاتوو سەردانی قاسمەڕەش بکەن، لەوێ ئەمانە باس دەکەین، گوتیان هەر نیازمان بوو سەردانتان بکەین.

شەو قسەم لەگەڵ مەلا عەلی کرد، گوتم جەبار بە ناوی بەرەی کوردستانی لەگەڵت دادەنیشێت. ڕۆژی شەممەی داهاتوومان دانا بۆ ئەم کۆبوونەوەیە، ١٩٨٩/٤/٢٢.

١٩٨٩/٤/٢١

لە ورمێ بە ڕێ کەوتین، نیوەڕۆ لە مهاباد لامان دا، چووینە لای حەمەی فەرەج.

من گەڕامەوە قاسمەڕەش، کەمال فؤاد لە مهاباد مایەوە.

١٩٨٩/٤/٢٢

ئێوارە ڕادیۆ بڵاوی کردەوە، مەلا محەمەد دڵگەیی لە بەغدا گیراوە، ڕادیۆی لەندەن ناوی بە "محمد بلغایی" هێنا.

مەلا محەمەد و چەند کەسێک لە قەڵادزێیەوە چووبوون بۆ بەغدا بۆ دیتنی سەدام، تکای لێ بکەن ناوچەی پشدەر تەهجیر نەکرێت.

برووسکەی مام جەلال دەڵێت:

سەفەرەکەم واتە "سعوودیە" باش بووە، لە یەکەم فڕۆکە بۆ تاران دێمەوە لاتان.

١٩٨٩/٤/٢٤

مام جەلال لە دیمەشق "حافظ الاسد"ی دیوە، کە لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان بڵاو کراوەتەوە.

١٩٨٩/٤/٢٦

دوای نیوەڕۆ بە ڕێ کەوتم بۆ سەقز، نەسرین و عەزیز و عەلائەدین سەفەر دەکەن بۆ تاران، لەوێشەوە ڕۆژی ١٩٨٩/٤/٣٠ دەچنە سووریا.

شەو لە ماڵی د. کەمال خۆشناو بووم، د. کەمال فوادیش لەوێ دابەزیوە، بەڵام د. خۆشناو خۆی چووبووە تاران.

۱۹۸۹/٤/۲۸

گەڕامەوە قاسمەڕەش، لەگەڵ جەنازەی ئازاد مستەفای پاسۆک کە لە سوێد کۆچی دوایی کردبوو، عەسرەکەی لە زەڵێ نێژرا.

مام جەلال ئیمڕۆ گەیشتەوە تاران.

## موقاتەعە

۱۹۸۹/٤/۲۹

مەسەلەی نمایشی عەسکەری بووە بە کیشە، برادەرانی حسکع، جارێک داوایان کرد بەشدار نەبین، چونکە "مجلس الاعلی"ی تێدایە، ئێمە وەڵامی ئەو برووسکەیەمان نەدایەوە.

ئەم جارە برووسکەیەکیان بۆ م. ت "مەکتەبی تەنفیزی بەرەی کوردستانی" نارد، کە ئەوان بەشداریی ناکەن لەو مانۆڕە عەسکەرییەدا، تکاش دەکەن ئێمەش موقاتەعەی بکەین.

پارتی گوتوویەتی؛ ئەگەر یەکێتی موافق بێت لەسەر موقاتەعە، ئێمەش نایکەین، وەڵاممان دانەوە و گوتمان بە برووسکە و برووسکەکاری ئەم مەسەلانە باس ناکرێت، دەبا برادەرانی حسکع ڕای خۆیان بە ئێمە بگوتبایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەکرێ ئەم مەسەلەیە باس بکەین، بە لێکتێگەیشتن و

هەڵسەنگاندنی زرووف لەگەڵ خزمانی "ئێران" بگەینە ئەنجام، کە نەکرێت.

وەڵامی برووسکەکە هاتەوە، کە ڕۆژی ١٩٨٩/٤/٥ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆ ببینەوە، واتە لایەنەکانی بەرە.

ئێستاش تێنەگەیشتم بۆ حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ عێراق ئەو هەڵوێستەیان هەیە، خەڵکیان بۆ کۆ ناکرێتەوە؟ یان جیهەتێکی تری ئێرانی لە دژی قەرارگا هانیان دەدات "وەک ئیتلاعات"، یان فیعلەن مەوقیفێکی مەبدەئییە؟ نازانم؟!

## موکەڕەم گلەیی لە بارزانی دەکات

١٩٨٩/٤/٣٠

نامەکەی موکەڕەم تاڵەبانی هات، دەڵێت ڕۆژی ١٩٨٩/٤/١٨ نامەیەکی بە وردەکارییەوە بۆ سەرۆک سەدام ناردووە، گوتوویەتی:

دوای جەژن ئاگادارتان دەکەمەوە.

نامەکەی موکەڕەم ئەوە بوو: نەوشیروان ئامادەیە بچێت بۆ گفتوگۆ.

موکەڕەم گلەیی لە مەسعوود بارزانی دەکات، دەڵێت: بۆ دیتنی چەند ئاخوندێکی کۆنەپەرست لە شام، خۆی دوا

دەخات، بەڵام نایەتە پراغ چاوم پێی بکەوێت.

بە کورتی هەمووی دەستییە.

١٩٨٩/٥/١

نامەم بۆ مام جەلال لەسەر سەینوبەینی ئیستیعرازە عەسکەرییەکە نووسی، ویستم لەو پێشهاتە ئاگاداری بکەمەوە، بزانم ئەویش چ دەڵێت.

١٩٨٩/٥/٤

ڕەسووڵ مامەند و شێروان شێروەندی، لە لایەن پارتی؛ ئازاد قەرەداغی، کەمال کەرکووکی، لە مەکتەبی تەنفیزی؛ قادر جەباری... هاتنە لامان، بۆ مەسەلەی مناوەرە و نمایشی عەسکەری، گوتیان بڕیارمان داوە نەیکەین، ئێوەش لەگەڵمان بن، بۆیە بڕیارەکە درا کە نەکرێت، بەڵام لەگەڵ خزمانیش قسە بکرێت لە قووڵایی مەسەلەکە بگەن، ئەم بڕیارە سەرەتایی بوو، هەرلایەک دەگەڕێتەوە بۆ قیادەی خۆی.

١٩٨٩/٥/١١

میر شەفیعی و عەبادی هاتنە لامان.

برووسکەی پارتی هات دەڵێت:

لەبەر زرووفی تایبەتیی خۆمان، بڕیارمان داوە بەشداریی نمایش و مناوەرەکە نەکەین.

١٩٨٩/٥/٢٠

پاش گەشتێکی شارەکانی ناو ئێران، سەردانی خزم و برادەران و بەشداریکردن لە پرسەکان و دیداری هاورێیەکانمان و سەردانی شوێنەوارەکان، ئیمڕۆش لە مەهاباد بووین، نیوەڕۆ لای کۆسرەت بووین، شێخ مستەفای زینوێمان لە لای مامۆستا نازم بینی، ئێوارە گەڕامەوە قاسمەڕەش.

## ٣

# کۆبوونەوەی یەکێتیی شۆڕشگێران و ڕۆژانی دواتر

١٩٨٩/٦/٣

سەعات چواری دوای نیوەڕۆ کۆبوونەوەی فراوانی "یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان" دەستی پێ کرد، وتاری شۆڕشگێڕان د. کەمال فؤاد پێشکەشی کرد. دوای ئەو، وتاری مام جەلال کە سەعاتێکی برد، وتاری کۆمەڵە لە لایەن فەرەیدوون خوێندرایەوە، باسی هاوسەنگەری و بەرەو یەکێتیی کرد.

شەو وەک سکرتێری شۆڕشگێڕان ڕاپۆرتی خۆم پێشکەش کرد، گفتوگۆ لەسەر هەندێ لە خاڵەکانی کرا، دەستکاریی چەند بڕگەیەکی ڕاپۆرتەکە کرا.

## خومەینی مرد

١٩٨٩/٦/٤

ڕادیۆی ئێران بڵاوی کردەوە، ئیمام خومەینی شەوی ڕابردوو وەفاتی کردووە، پرسەکەی چل ڕۆژ و پشووش ماوەیەی یەک هەفتە دەبێت. وەک ڕەهبەری نوێ ئایەتوڵڵا خامنەیی دانرا.

مام جەلال داوای لێ کرا بچێتە کرمانشان، لەوێشەوە بۆ تاران بۆ بەشداریی لە ناشتنی جەنازەی ئیمام خومەینی لە تاران.

بەردەوام بووین لەسەر کۆبوونەوەی یەکێتیی شۆڕشگێڕان.

١٩٨٩/٦/٥

بۆ ئەوەی مەجالێکی دیموکراسیەت هەبێت، ئیمشەو بە ناوی سەرکردایەتی ئیستقالەی خۆمان پێشکەش کرد، دوای هەڵبژاردنەوە کە ٦٧ هەڤاڵ بەشداری کۆبوونەوەکە ببوون، سەرکردایەتی بەو جۆرە دەرچوون:

د. فؤاد ٥٨ دەنگ. مامۆستا نازم ٤٨ دەنگ. د. کەمال فوئاد ٤٧ دەنگ. مامۆستا عەبدوڵڵا ٤٦ دەنگ. شەوکەت ٤٦ دەنگ. مامۆستا چەتۆ ٤١ دەنگ. عەلی حەمەساڵح ٣٨ دەنگ. شێخ عەبدولکەریم ٣٠ دەنگ. عومەر عەزیز ٢٩ دەنگ "ئەوانە هەردووکیان -احتیاط- بوون". شێخ دارا و شێخ محەمەد سەرگەڵوو خۆیان نەپاڵاوت.

کۆبوونەوەکە لە زۆر ڕووەوە سەرکەوتوو بوو، دیموکراسیەتی زۆری تێدا بوو. کۆمیتەی سەرپەرشتی پێک هاتبوو لە؛ حەمید بلباس، ئەرجومەند سدیق، حاکم یوسف.

گفتوگۆی زۆر ئازادانە کرا، بەڵام وەک هەموو کۆبوونەوەیەکی کوردیی خۆمان، شتە زاتییەکانی زۆرتر دەهاتە پێش، مەسەلەی جیابوونەوە لە یەکێتی، هەندێ لە برادەران

لەوانە بوو بیری لێ بکەنەوە، یان لە پەناوە دیعایەی بۆ بکەن و دوودڵی بهاوێتە ناو برادەران. ئەوە لەو کۆبوونەوەدا بنبڕ بوو، ئەوەش پێشهات و ئەنجامێکی گرنگ بوو.

هەندێ کەس وایان دەزانی کۆبوونەوەکەمان دواخست تا مام جەلال دەگەڕێتەوە، لە ترسی ئەوەی نەبادا سەیتەرەمان بۆ نەکرێت، بەڵام ئەوە وا نەبوو! لەبەر بوونی دیموکراسیەتییەکە، پێویستمان بە سەیتەرەکردن نەبوو، هەمووان ئازاد بوون، مام جەلال ڕۆژی یەکەم وەک میوان ئامادە بوو، وتاری خۆی پێشکەش کرد، بەیانییەکەی زوو بەرەو تاران ڕۆیشت.

هیوادارم هەموو هەنگاوەکانی داهاتوومان بە هەمان شێوە بەڕێوە بچێت.

## ناچمە سوید

١٩٨٩/٦/١٠

مام جەلال داوای من و د. کەمال فؤاد و مولازم عومەری کرد بچینە تاران، لەوێشەوە بۆ سوید بۆ بەشداریی لە کۆنگرەی سۆسیال دیموکرات.

لەگەڵ برادەرانی سەرکردایەتیی شۆڕشگێڕان قسەم کرد، پێم گوتن:

من گەر تەنیا بۆ بەشداریی ئەو کۆنگرەیە بچم مانعم نییە،

بەڵام بگوترێ سەردانی منداڵەکانیشت بکە لە لەندەن، ناچم! با ئیجازەی خۆم لە مانگی ئاب بێت، بۆیە حەز ناکەم ئێستا ئەم سەفەرە بکەم.

١٩٨٩/٦/١٢

لە قاسمەڕەشەوە من و کەمال فوئاد و مولازم عومەر بە ڕێ کەوتین، شەو لە سەقز بووین، مام جەلال چەند جارێک داوامان دەکات بچینە تاران.

## یەک کەس بەسە

١٩٨٩/٦/١٣

ئێوارە درەنگ گەیشتینە تاران، من و د. کەمال چووینە لای مام جەلال، لای ئەو دابەزین، باسی سەفەرەکەمان کرد، پێم گوت: تازە کۆبوونەوەی فراوانمان تەواو بووە، زۆر ئیشم لەپێشە، حەز ناکەم بچمە سوید، ئیجازەی خۆم لە مانگی ئاب وەردەگرم، مام جەلال موافق بوو.

مولازم عومەریش گوتی؛ من بۆ ئەو سەفەرە ناڕۆم، چونکە جارێ خێزانەکەم زۆر ناساخە. دووەم حەز دەکەم بۆ ماوەیەک لێرە بم، ئینجا سەفەر دەکەم. من وا دەزانم تا مەسەلەی مەلا بەختیار یەکلا نەبێتەوە، مولازم عومەر سەفەر ناکات.

بۆیە بڕیار درا د. کەمال فؤاد بەتەنیا نوێنەری یەکێتی بێت لە

کۆنگرەکە.

## "المدرسي" مەعقووڵ بوو

١٩٨٩/٦/١٨

مام جەلال، من، کەمال فؤاد، د. کەمال خۆشناو، لەگەڵ "سید هادي المدرسي" لێپرسراوی "منظمة العمل الاسلامي" دانیشتین.

قسەکانی مودەڕیسی بەو جۆرە بوون:

١- ئێمە لەگەڵ یەکێتیی ئیسلامین، لەگەڵ ئەوەین هەر نەتەوەیەک شەخسیەتی بپارێزرێت.

٢- لەناو کوردا "انبعاث الحضاري" هەیە، ئەمە زۆر گرنگە.

٣- پێویستە هەوڵدەن زانکۆیەکی کوردی لە هەر شوێنێکی جیهان بێت دروست بکەن، چەند کولیەیەکی دیراساتی ئینسانی تێدا بێت.

٤- گۆڤاری تایبەتی لەسەر کورد و کوردستان دەرکەن.

٥- مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی سیاسی و مرۆڤایەتی پێویستە لە هەموو بەشێکی جیهان خەڵکی هەبێت، کاری بۆ بکات.

٦- موسوڵمان دەبێ بەرگری لە هەموو گەلێکی زۆرلێکراو

بکات، بزووتنەوەی ئیسلامی جیهانی بۆچی هەڵگری ئاڵای بەرگری لە کوردی موسوڵمان نەبێت؟!

٧- بزووتنەوەی کوردایەتی دەبێ پەیوەندیی بە بزووتنەوەکانی ئیسلامی لە هەموو جیهان بکات، هەندێ جار سۆسیال دیموکرات دیفاع لە کورد دەکات، بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی پشتگیری لە گەلی موسوڵمانی کورد نەکات؟!

٨- ویژدانی عالەمی ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە سەدەی بیست و یەک، سەوزەکان لە ئەورووپا دەبنە بەشێک لەم ویژدانە.

٩- پێویستە گرنگیی بە سۆڤیەت و ئینگلتەرا و فەرەنسا بدەن.

ئەمە بوو قسەکانی "سید هادي المدرسي"، بە ڕاستی بە پیاوێکی سیاسی و واقیعی و مەعقووڵ هاتە بەرچاومان.

ڕێک کەوتین هەندێک شتی عەمەلی بەیەکەوە بکەین.

١٩٨٩/٦/٢٠

مام جەلال بەرەو کرمانشان بە ڕێ کەوت. لەوێ تەنیا سەید خامنەیی دیت، بە ئامادەبوونی "ویلایەتی"ی وەزیری دەرەوەی ئێران. هەروەها وەزیری ناوخۆشی لەو سەفەرەدا بینی.

## عەفلەقیش مرد

١٩٨٩/٦/٢٣

د. کەمال فؤاد و د. ئەرجومەند سدیق چوونە دیمەشق، مامۆستا عەلی حەویزیشیان لەگەڵدا بوو.

ئیمشەو میشیل عەفلەق، سکرتێری گشتیی قیادەی قەومیی حیزبی بەعس لە یەکێک لە خەستەخانەکانی پاریس مرد.

## نەوشیروان و مەسعوود

١٩٨٩/٦/٢٨

ئیمشەو نەوشیروان تەلەفۆنی کرد، گوتی:

بەشداربوونیان لە کۆنگرەی سۆسیال دیموکرات زۆر بەسوود بوو، چەند وەفدێک باسی مەسەلەی کوردیان کرد، لە هەمووان ڕوونتر وتاری "ولید جنبلاط" بوو، گوتی:

لە ڕۆژهەڵات کێشەی لوبنان و فەڵەستین و کورد هەیە، گەر چارەسەر نەکرێن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئارامیی بە خۆیەوە نابینێت.

نەوشیروان گوتی: لەگەڵ مەسعوود بارزانی دانیشتین، ڕێک کەوتین چالاکیی هەردوولامان لەمەودوا بە ناوی بەرەی کوردستانی بێت، هەروەها گوتی: باسی هاوڕێ جەبار "مفاوەزات لەگەڵ حکوومەت"م لەگەڵ کرد، وا دەزانم مردار بۆتەوە!

## ئاگادارمان بکەنەوە

١٩٨٩/٦/٢٩

ئاغای محەمەدی، مام جەلالی لە مەجلیس شوورا بینی، دوای هەندێ قسەی ئاسایی دەربارەی وەفاتی ئیمام خومەینی و یەکێتی و خۆیانی کرد، من داوام لێ کرد ڕەفسەنجانی مام جەلال ببینێت، گوتی: هەوڵ دەدەم، بەڵام پێش هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار زەحمەتە، دوایی کەوتە قسە و گوتی:

ڕات چییە لەسەر موعارەزەی عێراقی، هەروا ڕات لەسەر وەزعی داخیلی عێراق چییە؟

منیش بە دوورودرێژی بۆم باس کرد، هەوڵم دا واقیعی بم، گوتی:

باشە بۆچی یەکێتییەکی خەبات لە نێوان موعارەزەی عێراقی دروست نابێت؟!

لەم ڕووەوە هەندێ قسەم کرد، گوتم:

وامان پێ باشە، ئێوە بەو هەنگاوە هەڵسن، بە زوویی لە هەنگاوەکانتان ئاگادارمان بکەنەوە، ئێوە خەریک بن لایەنە ئەساسییەکان کۆ بکەنەوە، لەسەر چەند خاڵێک ڕێک بکەون، زۆر گرنگە بۆ ئێوە لەم ڕۆژە و لەم ڕووەوە شتێک بکەن، کەنداو وەک جاران پشتگیریی سەدام ناکەن، سۆڤیەت چیتر بە

شێوەی جاران پشتیوانی ناکات. وەزعی سەدام وەک خۆت دەڵێت؛ وەک ماوەی جەنگەکە نییە، جەماوەریش یەکێتیی خۆی نیشان بدات، سەدامم زۆر پێی لاوازە.

١٩٨٩/٦/٣٠

لە تارانەوە بۆ سەقز، لەوێشەوە مامۆستا عەبدوڵڵا و عەلی حەمەساڵح بوونە هاوڕێی ڕێگا و گەڕاینەوە قاسمەڕەش.

بڕیار وایە بەپێی برووسکەی مەکتەبی سیاسی ئیمشەو کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بێت، بەڵام داوام کرد کۆبوونەوەکە بکەنە سبەی شەو، مام جەلالیش موافق بوو.

## حەسەن کوێستانی بوو بە ل. مەڵبەندی سێ

١٩٨٩/٧/١

بەیانی سەعات نۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دەستی پێ کرد، بڕیار درا، مەڵبەندەکان وەک خۆیان بمێننەوە، بەڵام ئەندامانی مەڵبەند "بێجگە لە لێپرسراوی مەڵبەند لە شوێنی خۆیان بن"، مەڵبەند بکەین بە دەزگا.

مەڵبەندی یەک: عەلی حەمەساڵح، لێپرسراو. جێگری مەڵبەند، سەلاح چاوشین. لێپرسراوی عەسکەری، حامیدی حاجی غالی. ئەفسەری مەڵبەند، شێردڵ حەوێزی.

مەڵبەندی دوو: قادری حاجی علی، لێپرسراوی مەڵبەند. جێگری مەڵبەند، حاکم عومەر عزیز. لێپرسراوی عەسکەری، مام ڕۆستەم. ئەفسەری مەڵبەند، نەقیب خەلیل دۆسکی.

مەڵبەندی سێ: حەسەن کوێستانی، لێپرسراوی مەڵبەند. جێگری مەڵبەند، عەبدولڕەزاق سێگردکانی. لێپرسراوی عەسکەریی مەڵبەند، شێخ جەعفەر. ئەفسەری مەڵبەند، ڕائید جەلال.

بۆ مەڵبەندی سێ، کەسی وا شایستە نەبوو وەک شۆڕشگێڕان دەستنیشانی بکەین بۆ جێگری مەڵبەند.

لەم کۆبوونەوەیەدا هەموومان ڕەخنەمان لە مولازم عومەر گرت، کە کەمتەرخەمیی هەبووە، من نەمویست وەک ئەوانی تر ئەم ڕەخنەیەی لێ بگرم، گوتم هەموومان تەحەمووڵی مەسئوولیەت دەکەین. دوایی گوتم:

عەقڵییەتی گفتوگۆ ئیشوکارەکانی ئێمەی دواخست، دیار بوو مام جەلال ئەم قسەیەی منی لا باش بوو، بە چەند ڕستەیەک شیی کردەوە.

باسی وەزعی خۆمانی دوای وەفاتی ئیمام خومەینی کرد.

کۆبوونەوەی ئیمڕۆ بە سێ قۆناغ تەواو بوو؛ بەیانی، عەسر، شەو.

## هەڵدەوەشێنینەوە

١٩٨٩/٧/١٢

ئیمڕۆش کۆبوونەوەکەمان بەردەوام بوو، یەکێک لە مەسەلە گرنگەکان، پەیوەندیی نێوان کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان بوو، دوای قسە و موناقەشە کە پێشنیارمان کرد، لە چوارچێوەی یەکێتی یەک بگرین، گەیشتینە ئەم بڕیارانە:

١- یاداشتێکی ناوخۆیی لە هەردوولامانەوە بۆ ڕێکخستنەکانمان دەربچێت، باسی پەیوەندیی دووقۆڵیی نێوان هەردوولای تێدا بێت.

٢- سیمینار و نووسین دەربارەی کۆبوونەوەکە.

٣- کۆمیتەیەکی پێکهاتوو لە مام جەلال و فؤاد معصوم، حەمەتۆفیق ڕەحیم بۆ دەستکاری و پێداچوونەوەی پەیڕەو و پرۆگرام پێک بێت.

٤- ڕەچاوکردنی دابەشکردنی ئیشوکار و لێپرسراوانی مەڵبەند بە چاوێکی یەکسانی تەماشای هەردوولا بکرێت.

دوای ئەوە مەسەلەی دەزگای زانیاریم هێنایە پێش، هەمووی بە یەک دەنگ موافق بووین لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەم دەزگایە.

موقەدەم دارا، بۆ هەندێ کاری تری سوود لە زانیاریی وەربگرێت.

دەزگای پێشمەرگایەتی بە چاودێریی مام جەلال بێت.

بە گشتی کۆبوونەوەکان باش بوون.

١٩٨٩/٧/٥

لە نێوزەنگ دەعوەتی حیزبی شیوعیی عێراق بووین، ئەبووفارووق "عمر الشیخ"مان بینی.

دوای نانخواردن سەردانی ڕەسووڵ مامەند و سەید کاکەمان کرد، کە سێ ڕۆژ بوو، ئێران لە کاولان دووری خستوونەتەوە، وەزعیان ناخۆش بوو، هێشتا جێگیر نەبوونە. لە گەڕانەوەمان بۆ قاسمەڕەش سەردانی پاسۆکمان کرد. ئێمە؛ مام جەلال، من، کۆسرەت بووین.

## ٤
# کۆبوونەوە و پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی

## برایانە

١٩٨٩/٧/٧

ئیمرۆ وەفدی پارتی هاتنە لامان: فازیل میرانی، د. جەرجیس، فرانسۆ هەریری... دوای نیوەڕۆ کۆبووینەوە. لایەنی ئێمە؛ مام جەلال، فؤاد معصوم، کۆسرەت، جەبار، چەتۆ.

دوای بەخێرهێنان بەرنامەی گفتوگۆ داندرا، بەم جۆرە بوو:

وەزعی کوردستان بە عێراق و دەوروبەرییەوە. پەیوەندیی نێوان پارتی و یەکێتی. بەرەی کوردستانی، کۆمەڵەی خوێندکاران لە ئەوروپا. مەسەلەی ئاوارە و پەناهەندە فەیلییەکان لە ئێران. ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان.

یەکەم:

دوای هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەی ئەو وەزعانە، هەردوولا گەیشتینە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

ا- مەسەلەی کورد:

له ئه‌نجامی خه‌باتی بێوچانی گه‌لی کوردستان، ئێستا بووه به ڕاستییه‌ک دۆزه‌که‌ی له‌سه‌ر هه‌موو ئاسته‌کان هاتووه‌ته پێش، زۆریش باسی لێوه ده‌کرێت، ده‌بێ هه‌وڵ بده‌ین ئه‌و وه‌زعه بقۆزینه‌وه، له‌ده‌ستی نه‌ده‌ین، پتر به‌ره‌و پێشه‌وه‌ی ببه‌ین.

ب- جووڵانه‌وه‌ی خه‌باتی ڕزگاریخوازی کوردستان، ده‌بێ به‌رده‌وام بێت له‌سه‌ر خه‌بات، به هه‌موو شێوه‌کانی که له بارودۆخی ئه‌مڕۆدا لایه‌نه سیاسییه‌که‌ی له پێشه‌وه‌یه.

له‌م ڕووه‌وه به پێویستمان زانی، له‌مه‌ودوا چ له نووسین و بڵاوکراوه‌کان، له وتار و یاداشت پێشکه‌شکردن، له دیتنی لایه‌نه سیاسییه‌کاندا، ته‌رکیز بکه‌ینه سه‌ر داواکردنی چاره‌سه‌ری سیاسیی مه‌سه‌له‌ی کورد و مافی مرۆڤ و دیموکراتی له عێراقدا، به‌م شێوه‌یه پتر دۆست بۆ میلله‌ته‌که‌مان و کێشه‌که‌ی په‌یدا ده‌بێت. هه‌روه‌ها ئه‌و لایه‌نانه‌ی قسه‌یان ده‌ڕوات، ده‌توانن فشار زیاتر بکه‌نه سه‌ر حکوومه‌تی عێراق بۆ گۆڕینی سیاسه‌تی شۆڤێنیانه‌ی به‌رانبه‌ر به میلله‌تی کورد. هه‌میشه ئاماده‌یی خۆمان ده‌رده‌بڕین بۆ چاره‌سه‌ری سیاسی و ئاشتییانه، له‌م ڕووه‌وه چه‌ند بڕیارێک درا بۆ به‌دیهێنانی ئه‌م هه‌ڵوێسته هاوبه‌شانه.

ج- هه‌وڵدان بۆ په‌یوه‌ندیکردن له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌و لایه‌نانه‌ی له عێراق ده‌ستیان ده‌ڕوات، هه‌روه‌ها له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌ی به‌رژه‌وه‌ندییان له گۆڕانکاریی له‌ناو عێراقدا هه‌یه، به مه‌رجێک زیان به سه‌ربه‌خۆیی جووڵانه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی کورد و عێراق نه‌گه‌یه‌نێت.

دووەم:

نـوێنەرانی هەردوولا بە گیـانێکی برایـانە، بە پەرۆشـییەکی زۆرەوە، بۆ پەرەپێـدان و گەشـەپێدانی نیـوان پـارتی و یەکێتـی، جۆشـدانی هاوخەبـاتی هاوکـاریی نێوانیـان. ڕەخـنەی برایـانە و دڵسۆزانەی خۆیـان لەیەکتـر بگـرن، گیروگرفتەکانیـان چارەسـەر بکەن و کۆسپەکانی ڕێگـای خۆیـان بەلاوە بنـێن، هەردوولا لە کاتێکدا شـادیی خۆیان دەردەبڕن، بەرانبەر پاراستن و ڕاگرتن و هێشتنەوەی هاوپەیمانی و هاوکاریی نێوانیان.

بڕیار دەدەن:

ا- ئەو هاوپەیمـانی و هاوکـارییە تەواو بـکەن، گەشـەی پـێ بدەن، تا دەگەینە چاکترین شێوە و بەرزترین ئاست و بەتینترین جۆر، وەک دوو هێزی هاوپەیمان و بەرپرسیار لە جوولانەوەی ڕزگـاری و دیمـوکراتی خەڵکـی کوردسـتان و شۆڕشـی کوردستاندا.

ب- هەردوو لا سـوورن لەسـەر پەروەردەکـردن و ئاراستەکردنی ئەندامان و لایەنگران و پێشمەرگەکانی خۆیان بەو گیـانە، بـێ ئەوەی ڕێگـای شـێواندن و لاوازکـردن و تێکـدانی نێوانیان بە کەس بدەن، بۆ ئەم نیازەش لە بڵاوکراوەی تایبەتی، لە وتاری پێویست، لە گەشتی هاوبەش سەرکردایەتییەکانیان زوو زوو بە ڕێکوپێکی بکەن، لە دەرەوە و ناوەوەی وڵاتیش کۆمیتە و کۆبوونەوەی هاوبەشی پێویست پێک بهێنین.

ت- وەک دوو هاوپەیمـانی زۆر لێـک نزیـک و تەبـا و

گونجاو بەیەکەوە، لەگەڵ یەکتر و لەناو گۆڕەپانی کوردستان و عێراق و دەرەوەدا ڕەفتار بکەن.

سێیەم:

هەردوولا خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی، بەرانبەر بەرپابوونی بەرەی کوردستانی، بیر و بۆچوون و ویستی هەردوولا ئەوەیە:

بەرەی کوردستانی ڕێبەرایەتیی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق بکات، بۆ ئەوەی بەرەی کوردستانی بتوانێت بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەم ئەرکە هەڵبسێت:

ا- کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی لێهاتووی بۆ دابندرێت.

ب- هەموو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی چالاکییەکانی خۆیان بهاوێنە ناو چوارچێوەی بەرە.

ت- هەنگاو بهاویشترێت بۆ ئەوەی دەزگاکانی شۆڕش هەمووی لەناو بەرەدا یەک بخرێت.

پ- کۆبوونەوەکانی بەرەی کوردستانی ڕێکوپێک بێت، لە ڕووداوەکان دوانەکەوێت و دەستبەجێ بەرانبەر بە هەموو ڕووداوێک، پەیوەندیی بە کورد و عێراق و ناوچەکەوە هەبێت، بیر و بۆچوون و هەڵوێستی خۆی دەرببڕێت.

ج- ئەو هێزە نیشتمانی و ئایینییانەی لە کوردستان هەن و خەبات دەکەن، گەر نەیەنە ناو بەرەکە، بەرەی کوردستانی هەوڵ بدات، هاوکارییان لەگەڵدا بکەن بۆ بەرژەوەندیی خەباتی گەلەکەمان.

چوارەم:

ڕەئی هەردوولا ئەوەیە، کۆمەڵەی خوێندکاران لە ئەوروپا، بکرێت بە کۆمەڵەیەکی ڕاستەقینەی خوێندکاران، هەر بەتەنیا خوێندکار تێیدا ئەندام بێت، هەموو کۆمەڵەکانی دیکەی خوێندکارانی سەر بە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە ئەوروپا بچنە ناو ئەو کۆمەڵەیە، مەسەلەی ناو و دەستکاریی پرۆگرام و پەیڕەو لە کۆنگرەی گشتی خۆی، باسی لێوە بکرێت، بڕیاری لەسەر بدرێت.

پێنجەم:

بۆ ئەوەی مەسەلەی فەیلییەکان بخرێتە پێش، وەک بەشێک لە مەسەلەی کوردی پەناهەندە، لەبەر ئەوەی دەربەدەرکردنی کوردی فەیلی لە عێراقدا تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، هەردوولا ڕەئیان وایە، دەبێ کۆمەڵەیەکی کۆمەلایەتی فەرهەنگی ئینسانی پێک بێت، بۆ هەموو فەیلییە پەناهەندەکانی ناو ئێران، بۆ پاراستنی مافە ڕەواکانیان.

شەشەم:

پێکەوە خەبات دەکەین بۆ یەکخستن و دروستکردنی ڕێکخراوی دیموکراتی یەکگرتوو بۆ مافپەروەر و ئافرەت و خوێندکار و مامۆستا و نووسەر و هونەرمەندان... هتد.

لە لایەن یەکێتییەوە مام جەلال، لە لایەن پارتییەوە فازیل میرانی ئیمزایان کرد.

# گەرموگوڕ

١٩٨٩/٧/١٠

دوای نیوەڕۆ وەفدی پارتی گەڕانەوە بۆ ڕاژان.

مام جەلال بەرەو تاران بە ڕێ کەوت، دەعوەتکراوە لەگەڵ لایەنەکانی تری موعارەزە بۆ دیتنی خامنەیی، ڕۆژی ١٩٨٩/٧/١١ داندراوە بۆ دیتنی ڕەفسەنجانی و سەید ئەحمەد خومەینی، دیدارەکە بۆ ڕۆژی ١٩٨٩/٧/١٣چلەی وەفاتی ئیمام خومەینییە.

وەفدی پارتی زۆر جێگای ئیهتیمام و ئیحتراممان بوو.

ئومێدەوارین ئەمە لاپەڕەیەکی نوێ بێت لە پەیوەندییەکانمان کە جاران ساردوسڕ بوو.

* * *

دابەشبوونی ئاوارەکانمان لەناو کوردستانی ئێران

استانی باختران "کرمانشان"

٣٤٠ خێزان لە ئۆردوگای سەریاس-پاوە. ٤٠١ خێزان ئۆردوگای جوانڕۆ-پاوە. ٢٧٥ خێزان ئۆردوگای سنقر-سنقر. ٤١٥ خێزان ئۆردوگای گلیاران-گلیاران. ١٣٢ خێزان ئۆردوگای تازەئاباد-پاوە. ٢٧٧ خێزان ئۆردوگای ڕەوانسەر-پاوە. ٢٥٠ خێزان ئۆردوگای شاری پاوە و چواردەورەکەی. ٨٥٠ خێزان ئۆردوگای

جەهرووم-شیراز. ٤٠ خێزان ئۆردوگای عەباس ئاباد-زنجان.

استان ازەربایجان

٥٠٠٠ خێزان ئۆردوگای زێوە و دەوروبەر-ڕۆژئاوای ورمێ. ٦٠٠ خێزان ئۆردوگای ڕاریعان-خوی. ١٣٠٠ خێزان ئۆردوگای شنۆ. ٢٠٠ خێزان ئۆردوگای لاوین-پرانشهر "خانە". ٥٠٠ خێزان ئۆردوگای دیڵزێ-پیرانشەهر. ٤٠٠ خێزان ئۆردوگای بیزیلی-سەردەشت. ٤٠٠ خێزان ئۆردوگای پیر شێخ فالاس-سەردەشت. ٨٠ خێزان ئۆردوگای بناو-سەردەشت. ٣٠ خێزان ئۆردوگای حوشترمل-سەردەشت.

استانی کوردستان "سنە"

٢٠٠ خێزان ئۆردوگای سەرا-سەقز. ٤٠٠ خێزان ئۆردوگای کامیاران-کامیاران. ٢٠٠ خێزان ئۆردوگای ورمەهەنگ-کامیاران. ٨٠٠ خێزان ئۆردوگای دەربەندی دزڵی-مەریوان. ٤٠٠ خێزان ئۆردوگای بارام ئاباد-مەریوان.

ئەمە جگە لە هەزاران ئاوارەی لە شارەکانی: سەردەشت، نەغەدە، ڕەبەت، میراوا، بێتوش، خانە، مهاباد، بۆکان، ورمێ و دێهاتەکانی سەر سنووری بانە و مەریوان بڵاو بوونەتەوە.

## ئاوارەکانی ناو ئێران

لە ساڵی ١٩٨٨، ژمارەیان لەنێوان نۆهەد تا سەد هەزار کەسە.

لە ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٨، ژمارەیان لە نێوان بیست تا بیست و پێنج هەزار کەسە.

لە ساڵی ١٩٧٤، ژمارەیان چل و پێنج هەزار کەسە. ژمارەی فەیلییەکان لە دووسەد هەزار کەس زۆرترن.

## کۆستێکی گەورە

١٩٨٩/٧/١٤

ئیمڕۆ بلاّو کرایەوە د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵڵا قادری، فازیلی مەلا مەحموود... لە شوقەیەک لە ڤییەننا کوژراون.

برووسکەی مام جەلال هات دەڵێت: ئەوان لەگەڵ ڕەحیمی "محمد جعفری" بووینە، ئەویش بە خەستی بریندارە، دوایی ڕادیۆکان بلاّویان کردەوە کە دانیشتنەکەیان لەم شوقەیە بۆ گفتوگۆ بووە.

لە مەکتەبی سیاسی بووم بە ناوی مەکتەبی سیاسی ئەم برووسکەیەم بۆ مەکتەبی سیاسیی دیموکرات لێ دا، لە ڕادیۆی خۆشمان بلاّو کرایەوە.

"شەهیدبوونی برای گەورە و بەڕێزمان د. قاسملوو و هاوڕێیانی جێگەی داخ و پەژارەیەکی زۆر گەورەیە. نەک هەر بۆ ئێمە و ئێوە، بەڵکوو بۆ هەموو میللەتی کورد خەسارەتێکە

پڕ نابێتەوە، ئەو دەستەی شەهیدی کردوونە، دەستێکی تاوانبار و ڕووڕەشە لەبەردەم کورد و جیهان و مێژوو، لە ناخی دڵەوە، بەشداریی غەمتانین، دڵنیاشین ئێوەی پڕ هیمەت و دلێر و دووربین، درێژە بە ڕێبازی شەهید دەدەن".

## سەرەخۆشییان لێ دەکەین

١٩٨٩/٧/١٦

برووسکەی ئێمە بۆ دیموکرات لە ڕادیۆکەیان خوێندرایەوە. نامەیەکی مام جەلال گەیشت لە تارانەوە بۆ د. سەعید سەرەخۆشی لە دیموکرات دەکات، لەگەڵ هەندێ ئامۆژگاری و ئیحتیمالاتی ڕووداوە دڵتەزێنەکە... نامەکەمان بۆ ناردن.

سەیر لەوەدایە ڕەحیمی، حاجی مستەفەوی-یشی لەگەڵدا بوو، بەڵام بۆ لەو کاتەدا لەگەڵی نەبووە؟! لە کوێ بووە؟! پرسیار زۆرە، بەڵام جارێ بێ وەڵامە!

١٩٨٩/٧/٢١

لە قاسمەڕەشەوە بەرەو مەهاباد ڕۆیشتم بۆ پرسەی باوکی کۆسرەت، شەو چوومە ماڵی مامۆستا نازم، هەر ئیمڕۆ نامەیەکم بۆ مام جەلال نارد کە وەڵامی د. سەعیدی تێدا بوو. ناوەڕۆکی نامەکە نازانم چی بوو.

ژمارەی پێشمەرگەکانی یەکێتی

١- سەرکردایەتی:

سەڵت خێزندار

٢٩١ ٢٥٦

٢٩ ٣٣ پێشمەرگە ساڵی ١٩٨٨

---

٢٨٥ ٣٢٤ = ٦٠٩

٢- مەڵبەندی یەک

٣٢٣ ٤٣٩

٣٢ ٦١ پێشمەرگە ٨٨

---

٥٠٠ ٣٥٥ = ٨٥٥

٣. مەڵبەندی دوو

٥١٨ ٦٣٦

٤٩ ٦٣ پێشمەرگە ١٩٨٨

---

٥٨٥ ٥٨١ = ١١٦٦

٣. مەڵبەندی سێ

| | |
|---|---|
| ٥٩٧ | ٥٢٧ |
| ٥٨ | ٣٧ پێشمەرگە ١٩٨٨ |
| — | |
| ٦٥٥ | ٥٦٤ = ١٢١٩ |

سەقز و نەقاهەنگا:

| | |
|---|---|
| ٩٧ | ١١٣ = ٢١٠ |

٢١٣٢ ١٩٣٧ = ٤٠٦٩ بە سەڵت و خێزانەدارەوە کە یارمەتیی مانگانە وەردەگرن.

## گەڕامەوە قاسمەڕەش

١٩٨٩/٧/٢٢

خشتەیەکی تر:

٢٣ سەرکردایەتی و لە حوکمی سەرکردایەتی. ٥٤ ئەندام دەزگا لە حوکمی ئەندام دەزگا. ١٠ حاکم. ١٣ دکتۆر. ٧١ ف. تیپ. ٦٥ ل. ڕ. ٥٦ ج. تیپ. ٥٦ ڕابەر سیاسی. ٢٤٩ ف. کەرت. ٦١ ڕێکخەر. ٣٥ معاون توبی. ٣٤ عەدەد جیهاز. ١١٠ معەوەق. ١٠٥ موعیل. ١٣ ئەندام کۆمیتە. ٥٣ خانەنشین. ١٦ کادیری ئیعلامی. ٢٦ کادیری فەنی. ٦ کۆمەڵایەتی و ئیدارە. ٤

کادیری ئایینی. ٨ هومەرمەندان. ١ نمایندە. ٢ موهەندیس.

* * *

١٩٨٩/٧ /٢٤

دڵارامی خێزانی کاک مولازم عومەر لە زەلێ نێژرا، بە ڕاستی ژنێکی بە حورمەت بوو، زۆر بۆ عاجز بووم.

١٩٨٩/٧/٢٦

لە قاسمەڕەشەوە چووینە سەقز بۆ بەشداریی پرسەی خێزانی مولازم عومەر.

دوای نیوەڕۆ لەگەڵ کۆسرەت و مامۆستا چەتۆ چووینە سنە بۆ پرسەی برازای شێخ جەعفەر و پێشمەرگەیەکی تر کە پۆلیس شەو بە ناهەق کوشتبوویان.

لە سنە تەعزییەکە لە ماڵی شێخ دلێر دانرابوو.

* * *

١٩٨٩/٧/٢٧

گەڕاینەوە سەقز دووبارە چووینەوە پرسەکەی مولازم عومەر، شەو لە ماڵی مامۆستا چەتۆ بووم.

تەلەفۆنم لەگەڵ ڕووناک کرد.

د. کەمال فؤاد، گوتی:

ڤیزای بەریتانیات گەیشتۆتە بەرلین و ڤیزای ئەڵمانیاشت گەیشتۆتە تاران.

١٩٨٩/٧/٢٨

فۆتۆکۆپیی هەندێ نامەی شێخ مەحموود، کە بۆ شێخ عەبدولقادری سەقزی ناردووە، لە مولازم عومەرم وەرگرت.

## دیسان گومرگ

١٩٨٩/٧/٣٠

بروسکەیەکم بۆ پارتی نارد، کە ئەو گومرگانەی لە گوێزێیان داناوە، دەرچوونە لە ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکەی نێوانمان، تکایە هەڵیگرن. وەڵامیان داینەوە بەم بروسکەیە:

لە بارەی گومرگ ڕەئی ئێمە ئەوەیە، هەر وەک لە کاتی کۆبوونەوە دووقۆڵیی نێوانمان، هەردوولامان کە باسی لەسەر کراوە، بە هاوبەش وەریگرین، ئەگەر ئێوەش جارێ لاتان پەسند نییە، مانعمان نییە هەر لایەکمان بۆ خۆمان گومرگ وەربگرین، بۆ ئەوەش ئیتیفاق بکەین.

بۆ ئەم مەبەستەش هەڤاڵانمان حەمید ئەفەندی، ئازاد قەرەداغی، نوێنەری ئێمە ئەبن، تکایە وەڵام...

لە وەڵامەکەیاندا هاتووە کە لە کۆبوونەوە ڕەئی ئێمە وەها

بووە، ئەمە ڕاست نییە بەڵکوو لە کۆبوونەوە ڕێک کەوتین لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانی چارەسەری ئەم مەسەلەیە بکەین.

## گومرگ نەما

١٩٨٩/٧/٣١

نامەی حەمید ئەفەندی بە ناوی لق هات، دەڵێ: لەبەر بەرژەوەندیی گشتی و پتەوکردنی بەرەی کوردستانی بڕیارمان دا:

گومرگی لقی چوارمان لە ڕۆژی ١٩٨٩/٧/٣٠ لە گوێژێ ڕابگرین، تا گومرگی گشتیی بەرەی کوردستانی تەوحید دەکرێت.

ئێمەش وەڵامی نامەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتیمان بە پێویست نەزانی بینێرین.

١٩٨٩/٨/١

کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێرانی کوردستان کرا، چەند بڕیارێک دەربارەی ڕێکخستن درا، ڕەهبەر کرا بە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی مەڵبەندی سێ.

## ژنەکە خۆڕاگر بوو

١٩٨٩/٨/٦

لە زەلێ تەرمی مولازم خولە و کوڕەکەی و فؤادی برای نێــژران. ئەوان لە ســوید لە ڕووداوی ئۆتۆمبێــل مردبــوون، خێـزانەکەی و کــوڕە گەورەکەی لەگەڵ جەنـازەکەی هـاتبوون. ژنەکەی زۆر جەرگ قایم و خۆڕاگر بوو.

دوای تەلقین، وتارێکم بە ناوی مەکتەبی سیاسی خوێندەوە.

شــەوی ڕابــردوو ســوپا تۆپبــارانی گــوێزێی کــردووە، پێشـمەرگەیەکی حیزبـی شـیوعی عێـراق و یەکـی سۆسیالیسـت بریندار بوون.

تۆپبـارانەکە لە سـەعات ١١ی شـەو تـا ٤ی بەیـانی بەردەوام بووە.

هەر ئیمشــەو ئاگــادار کــراینەوە لە ســەعات ٧ی ئێــوارەوە دووبارە گوێزێ تۆپباران کراوە.

## یەک ملیۆن تومەن

١٩٨٩/٨/٥

بەزمە، حیزبی سۆسیالیستی کوردستانە، مانگێ یەک ملیۆن

تومانیــان پــێ دەدەیــن، بەڵام زۆر بە شــێوەیەکی ناشــیرین تەسەرووف دەکەن لە گـویژێ، خۆیـان لەگەڵ پـارتی داوە بـۆ گومرگ، ئەم برووسکەیەمان بۆ ناردن:

"هەڤالآنتان لە گویژێ گومرگییان داناوە، کە ئەمە دەرچوونە لە ڕێککەوتنی دووقۆلّیی نێوانمان، جا تکامان وایە برادەرانتان ئاگادار بکەنەوە، ئەم گومرگە هەڵگرن".

برووسـکەیەکی دیکەمـان بـۆ پـارتی نـارد کە گومرگیـان داناوەتەوە:

لە کۆبـــوونەوە دووقـــۆلّییەکەدا باســـی گـــومرگ کـــرا، هەردوولامـان لە کۆبـوونەوەی قیـادەی سیاسـی بەرە پەسـندمان کرد، لە چوارچێوەی یەکخستنی دەزگاکانی بەرەی کوردستانی باســی لــێ بکرێــت، چارەســەر بکرێــت، بەڵام بە داخەوە برادەرانتـان گومرگیـان دانـاوەتەوە لە گـویژێ، سوپاسـی لقمـان کـرد، کە ئاگـاداری کـردین هەڵیـانگرتۆتەوە تـا کۆبـوونەوەی بەرە، کەچـی ئێسـتا دووبـارە دانـدراوەتەوە و ڕۆژانە گـومرگ وەردەگرن بە ناوی ئێوەی بەڕێزەوە.

جـا ئەمە لەو کـاتەی لەگەڵ ڕێککەوتننـامە دووقـۆلّییەکەی نێوانمـان ناگونجێت، شێوەی دانـانەکەش و خۆسـەپاندن بەسـەر برادەرانمان لەو ناوچەیە، لەگەڵ گیانی هاوخەباتی و هاوپەیمانی و برایەتییمان ناگونجێت، مەسەلەی وەها پێویستە لەسەر ئاستی مەکتەبـی سیاسـیی هەردوولا باسـی لێـوە بکرێـت. نەک لەسـەر ئاســتی خــوارتر، تکامــان وایە ئەم گــومرگە ڕابگــرن، تــا

کۆبـوونەوەی داهـاتووی نێـوان خۆمـان یـان کۆبـوونەوەی بەرە، ئەو کـات لە چوارچێـوەی پەیوەنـدیی برایـانەی نێـوان خۆمـان چارەیەکی بۆ دەدۆزینەوە.

## سونێ بدەن بە ئێمە

١٩٨٩/٨/٥

وەڵامەکەیان لە ١٩٨٩/٨/٦ هاتەوە دەڵێ:

بە ڕەئی ئێمە باشترین ئیشوکار ئەوەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفـت و پێشـهاتانە، کۆبـوونەوەیەکی دووقـۆڵی بکەیـن، جیاواز نییە کۆبوونەوەکە لە بارەگای ئێوە بێت، یان لە بارەگای ئـێمە، لەسـەر ئاسـتی سـەرکردایەتیی هەردوولا بێـت. تکـایە بەڕێزتان کات و شوێنی دیاری بکەن.

تـا کۆبـوونەوەکە دەکرێـت، لای ئـێمە پەسـند وایە گـومرگی هەردوولامان بەرپا بێت.

وەڵامی سۆسیالیست "حسک"

پێش ئەوەی هەڤالانی ئێمە بچنە گویزێ، ئەو گومرگە هەر هەبـووە، هەڤـالانی پـارتی وەک یـارمەتی ئێمەیـان لە گـومرگی خۆیان بەشدار کردووە. ئەگەر ئێمەش نوێنەری خۆمان سەحب بکەین، هیچ سوودی ئێوەی تێدا نابێـت، ئەگەر مەبەستەکەش هەر ئەوە بێـت زەرەر لە هەڤـالانی ئـێمە بکەوێـت، مـانع نیـیە

ئەویش قبوول دەکەین، ئەگەر ئیتیفاقی ئەم دواییەش ڕەچاو بکرێت، دەبووا خاڵی گومرگیی سونێ بدەن بە ئێمە.

## برووسکەی یەکێتی بۆ پارتی

١٩٨٩/٨/٧

بۆ باسکردنی مەسەلەی گومرگ لە دانیشتنێکی دووقۆڵیدا، وەک پێشنیارمان کرد و ئێوەش پەسندتان کردووە کارێکی باشە، بەڵام بۆ ئەوەی مەسەلەکە بە خۆسەپاندن و لاملی دانەندرێت، تکامان وایە گومرگەکە هەڵبگرن، ئەو کات دەتوانین پێکەوە دانیشین، بە شێوەیەکی هاوپەیمانانە چارەی ئەم کێشەیە بکەین.

## هەرەشە قبووڵ ناکەین

١٩٨٩/٨/٩

مەکتەبی تەنفیزی بەرەی کوردستانی ئەم برووسکەیان بۆ ئێمە و لایەنەکانی تری بەرەی کوردستانی ناردووە:

دەربارەی نوقتەی گومرگ، خەریکە جارێکی تریش گرژیی پەیدا دەکات، لە کاتێکدا باری سەختی میللەتەکەمان زۆر لەم شتە لاوەکییانە گەورەترە... تکایە هیچ لایەنێک ڕێگای ئەوە

نەدات دوژمن سوودی لێ وەرگرێت...

پێشنیار دەکەین لە چوارچێوەی پەیوەندیی بەرەی کوردستانی چارەسەر بکرێت، ئێمە ئامادەین بۆ هەموو پێویستییەک بە ئێمە بکرێت.

وەڵامی مەکتەبی تەنفیزیمان دایەوە:

ئێمە لە لایەن خۆمانەوە ئیلتیزامممان بە ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکان کردووە، کە هەمووی تەئکید لەسەر وەزعی ڕاهین دەکات. پێشێلکردنی ئەم ڕێککەوتنانە تا ئەو ڕۆژەی قیادەی سیاسیی بەرەی کوردستانی هەنگاوی بەرەو پێشتر دەهاوێت... خزمەتی دوژمنە؟

ئێمە لە یەکێتی حەز بە کێشە دروستکردن ناکەین، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ تەحەدا و هەڕەشە قبووڵ بکرێت.

١٩٨٩/٨/١٦

ئیمرۆ کۆبوونەوەکمان کرد: مام جەلال، من، مولازم عومەر، مامۆستا نازم، کۆسرەت، حەمەتۆفیق، مامۆستا عەبدوڵڵا.

چەندان بڕیار درا کە مام جەلال بە دەستی خۆی لە یاداشتەکە ئیمزای کرد.

١٩٨٩/٨/١٧

ئێـواره جـارێکی تـریش کـۆ بـوونەوه و بـۆ تەواوکردنـی مەسەلەکان، بڕیار درا:

ئیعـــادەی تەنزیمکردنـــی مەڵبەنـــدەکان بکـــرێتەوە ڕۆژی ١٩٨٩/٨/٣٠ مەڵبەندی سێ. ڕۆژی ١٩٨٩/٩/١٠ مەڵبەندی دوو. ڕۆژی ١٩٨٩/٩/٢٠ مەڵبەنـدی یەک. مـام جەلال سەرپەرشـتی بکات و مولازم عومەر و مامۆستا عەبدوڵڵا لەگەڵی بن.

## برایەتی

١٩٨٩/٨/١٨

لەگەڵ مـام جەلال دانیشـتم، قسـەکانی خۆمـان کـرد، پـێم گوت:

لەم ماوەیەدا هەر چ دەکەیت من لەگەڵتدام.

گوتی: سوپاسی ئەو برایەتییەت دەکەم.

ڕەسـوول و جەمـاعەتەکەی هـاتنە لای مـام جەلال، نیـوەڕۆ لامان بوون دوایی گەڕانەوە شوێنی خۆیان.

## ٥

## بەرەو بەریتانیا

١٩٨٩/٨/١٩

لە قاسمەڕەشەوە بەرەو سەقز چووم، شەو لای "سیار" بووم. برادەرانی سەرکردایەتی و ژمارەیەک پێشمەرگە، بۆ خوداحافیزی لە بارەگاوە تا سواری سەیارە بووم، لەگەڵم بوون.

١٩٨٩/٨/٢٠

لە سەقزەوە چوومە کرمانشان، مەوعیدم بۆ دانرابوو سەعات ٥ لە قەرارگا بم. "اقای مسجدی" چاوەنوارم بوو. قسەکانم لەگەڵ کرد، دیارە زۆر مەبەستیان بوو ڕەدفیعلی دیموکرات بزانن چییە لەسەر شەهیدکردنی قاسملوو!

١٩٨٩/٨/٢١

ئیمڕۆ چوومە تاران، هوتێلم دەست نەکەوت، چوومە ماڵەکەی مام جەلال.

شەو تەلەفۆنم بۆ بەرلین کرد، د. کەمال فؤاد لە سەفەر بوو،

تەلەفۆنم بۆ شازاد کرد، گوتیان هەفتەیەکی تر دەگەڕێتەوە.

١٩٨٩/٨/٢٢

لەگەڵ مەکتەبی "اقای محمدی" تەلەفۆنم کرد، گوتم کارێکی بەپەلە هەیە و نامەیەکی مام جەلالم پێیە، دەمەوێ ببینم، گوتیان ئاگادارت دەکەینەوە.

دوای نیوەڕۆش تەلەفۆنم بۆ کرد، گوتیان خۆمان ئاگادارت دەکەینەوە.

## شەڕفرۆشتن

١٩٨٩/٨/٢٤

لە مام جەلالەوە ئەم برووسکەیە بۆ دانا ناردرا لە باختەران... بچۆ بۆ لای مەجیدی و پێیان ڕابگەیەنە، کە پاسدارانی نوقتەی قاسمەڕەش شەڕمان پێ دەفرۆشن، زۆر ئیهانەی پێشمەرگە دەکەن، زۆر ناشیرین ڕەفتار دەکەن، ئیمڕۆش بۆ دوو سەعات ڕێگایان لێ بەستین، جا ئەگەر لایان نەبەن، یان تەمبێیان نەکەن، ئەوە هەر چ ڕوو بدات خەتای ئەوانە، ئێمەش ناچار دەبین لێرە بڕۆین!

١٩٨٩/٨/٢٦

د. کەریم ڕەئووف لە سەردەشتەوە تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی:

مام جەلال دەڵێت یاداشتیک بداتە سەرۆککۆمار و قائیدی سوپا، لەسەر هەڵسوکەوتی قەرارگای هەمزە، کە تەشقەڵە بە برادرانمان دەکەن و ئیستفزازیان دەکەن.

"عەلەوی" مەوعیدی بۆ دانام بۆ ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو ١٩٨٩/٨/٢٩.

وەڵامی مەکتەبی محەمەدی، ئاگاداریان کردمەوە کە تەلەفۆنم بۆ کردن: خۆمان ئاگادارت دەکەینەوە.

١٩٨٩/٨/٢٩

"بەکر فەتاح"م لەگەڵ بوو کە چوومە لای "فەرەجی" لێپرسراوی خەلیج لە وەزارەتی دەرەوە، سیبەوەیەی لەگەڵدا بوو.

١٩٨٩/٩/٤

لە تارانەوە بە ڕێ کەوتم بۆ فرانکفۆرت.

لەوێشەوە بە خەتی PA چوومە بەرلین، د. کەمال و سەلاح ڕەشید چاوەنوارم بوون، یەکسەر چووینە ئەو شوقەیەی بۆیان گرتبووم، ڕووناک پێش من گەیشتبوو، لە شوقەکەدا بوو.

۱۹۸۹/۹/۹

د. کەمال تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی: بەکر فەتاح لە تارانەوە قسەی لەگەڵ کردووم کە بەپێی مەعلووماتی ناوەوە، ڕۆژانی ۱۹۸۹/۹/٦.٥ لە بەغدا شتێ ڕووی داوە، کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ڕێگای بەغدا-مووسڵ، بەغدا-کەرکووک گیراوە.

دوای سێ ڕۆژ شتێک لە ڕادیۆ بڵاو کرایەوە کە عەسابەیەک هەبوونە کێشەیان دروست کردووە و دەستگیر کراون.

وا پێ دەچێ محاوەلەی ئینقیلابی هەبووبێت.

## ئیقامەی دوو مانگ

۱۹۸۹/۹/۲۱

لە بەرلینەوە بە PA بۆ فرانکفۆرت، لەوێشەوە بە فڕۆکەی لوفتهانزا بۆ لەندەن.

ئیقامەی دوو مانگیان پێ دام، ئەویش بە هەزار حاڵ گوتیان پاسپۆرتەکەت دەبێ بگۆڕیت، چونکە پاسپۆرتی عێراقی حەرف K بەکار نایەت.

## کرملین لە بەریتانیا

١٩٨٩/١٠/١

لەگەڵ نەوشیروان، د. لەتیف، د. بەرهەم... چووینە شاری "برایتن" لە بەریتانیا کە حیزبی کرێکارانی بەریتانیا کۆنفرانسی خۆی لەم شارە هەبوو.

شوێنی میوان دیاری کرابوو، قاعەکە زۆر گەورە بوو، ژمارەی ئەندامانی کۆنفرانس ٥٠٠ بۆ ٥٥٠ ئەندام بوون. کەسایەتییە ناودارەکانیان لەوێ بوون، وەک "جیمس کالاهان" و "تونی بن" بێجگە لە پێشەوای حیزب.

برایتن شارێکی خاوێن و جوان و ڕێکوپێکە، کەوتووەتە سەر دەریا. خانووێکمان دی لەسەر وێنەی "کرملین"ی مۆسکۆ دروست کرابوو، هی یەکێک لە شازادەکانی زەمانی پێشوو بووە.

بۆ سبەینەکەی من و د. بەرهەم چووینەوە برایتن بۆ بەشداریی لە کۆنفرانسەکە.

## شەراب

١٩٨٩/١٠/٣

ئیمشەو حیزبی کرێکارانی بەریتانیا ئاهەنگێکی

شەرابخواردنەوەی ساز کرد، لە نێوان سەعات ٦-٨ی ئێوارە. من و د. لەتیف ئامادە بووین "جیراڵد کوفمان" لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حیزب "تورنی" لەگەڵمان وەستا، گوتی:

من ئێوەم لە بیرە، لەگەڵ کوردم، پێش ئێوارەش لەگەڵ "ڕودنسون" کە لێپرسراوی کاروباری ڕۆژهەڵاتە لەناو حیزبەکەدا و ئەندامانی پەرلەمانە، لەگەڵمان دانیشت، زۆر دۆستانە قسەی کرد، دیار بوو تازە ئەم کارەی پێ سپێردرابوو، هەروەک "جۆرج ڕۆبنسۆن" باسی کرد.

ئەوەی شایانی باسە ڕۆبنسون پیاوێکی باریکی کەڵەگەت بوو، ئەگەرچی هەردوو قاچ و هەردوو دەستی سەقەت بوون، بەڵام گورجوگۆڵ و خێراش دەڕۆیشت. لەگەڵ چەند ئەندامێکی پەرلەمان لەسەر لیستی حیزب دیدارمان بوو.

سەرلەبەیانییەکەش "نیل کنک" پێشەوای حیزب وتارێکی پێشکەش کرد، کە هەمووی قەشمەری بوو بە مارگریت تاتشەر!

١٩٨٩/١٠/٥

لەگەڵ د. لەتیف چووینەوە برایتن، لە گەڕانەوەمان سەردانی ماڵی د. کەمال خۆشناو و جەمال ئاغامان کرد.

١٩٨٩/١٠/٦

حکوومەتی عێراق لە ماوەی دوو سێ هەفتەی ڕابردوو دوو جار هێرشی هێناوەتە سەر "دۆڵەکۆگە"، نەیتوانی شاخی "سادر" بگرێت. برادەرانی خۆمان تۆپیان بەکار هێناوە، دیارە ئەمەش یارمەتیی خزمانی ئێران بووە.

١٩٨٩/١٠/٧

ڕۆژنامەی "الثورة"ی عێراقی چاپی لەندەن، وتارێکی تاریق عەزیزی بڵاو کردۆتەوە، تێیدا هاتووە:

"قمنا بتسريح ٢٠٠ الف من افراد القوات المسلحة للفترة من ١٩٨٨/١٠/١٩ ولغاية ١٩٨٩/٦/٣٠ وجمدنا ملاكات الجيش الشعبي اعتبارا من ٦/١٧ وقمنا بحل فيلق كامل من الفيالق المسلحة البرية، كما تقرر قبل ايام الغاء خمس فرق من القوات البرية".

## ساخارۆف

١٩٨٩/١٠/١٣

مام جەلال لە تارانەوە بە ڕێ کەوت بۆ پاریس، بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەیەک کە بە سەرۆکایەتیی مادام میتران ئەگیرێت بۆ مەسەلەی کورد. ساخارۆڤیش بەشداریی دەکات.

"ساخارۆڤ (١٩٢١-١٩٨٩/١٢/١٤) زانایەکی سۆڤیەتی بوو، لە ساڵی ١٩٧٥ نۆبلی ئاشتی وەرگرتووە، لایەنگیری مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان بووە، سۆڤیەتیش دژایەتییان کردووە"

ویستم بچمە پاریس، بەڵام لە باڵیۆزخانەکەیان لە لەندەن ڤیزایان پێ نەدام.

وا دیارە حکوومەتی عێراق بەهێزێکی گەورە دەیەوێ شاخی سادر و ناوچەی دۆڵەکۆگە بگرێت. کە ئەمە دادەندرێت بە تەحشید لەسەر سنووری ئێرانیش، بەڵام بۆیان نەگیراوە، پێشمەرگەکان بەرگرییەکی بەهێزیان کردووە، بەڵام وا دیارە چرایەکی سەوزی ئێرانیان بۆ هەڵکراوە، چونکە هاتنەپێشی هەرلایەکیان لە سەرەتاوە بە گۆڕانی بارودۆخەکە بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا دادەندرێت. نابێ ئەو وەزعە دەستی لێ بدرێت.

ئێستا کە عێراق دەیەوێ ئەم ناوچەیە بگرێت، ڕاستە سەر بە خاکی عێراقە و ئێران بێدەنگە، ئەمە دووپات دەکاتەوە ئێران و عێراق ڕێک دەکەون. ئەو قسە دیارە هەردوولا گفتوگۆیان هەیە.

١٩٨٩/١٠/٢١

شەو د. کەمال فؤاد تەلەفۆنی بۆ کردم لە بەرلینەوە بچمە "بۆن". مام جەلالیش دەچێتە وێندەرێ. کە ڕۆژی یەکشەممە

لەوێ بین، مام جەلال دووسبەی دەگاتە بۆن. سێشەممە، واتە بۆ ڕۆژی دوایی چەند مەوعیدێکی بۆ داندراوە.

شەو لە لەندەن لە ماڵی د. خدر لەگەڵ برادەرانی شۆڕشگێڕان دانیشتم.

١٩٨٩/١٠/٢٥

بە هێڵی لوفتهانزا چوومە کۆڵن، سەلاح ڕەشید و د. کەمال چاوەنوارم بوون. لەوێیەوە چووینە گوندێکی بچووک لە نێوان کۆڵن-بۆن لە هوتێلێک دابەزین، مام جەلال و فەرەیدوون لەوێ بوون.

## سێ زمان

١٩٨٩/١٠/٢٦

مام جەلال، من، فەرەیدوون، وەک مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوەیەکمان کرد، کۆبوونەوەکە لەسەر داوای مام جەلال بوو، گوتی:

لە وڵات بڕیار دراوە مەکتەبی سیاسییەکی بچووک لە دەرەوە دروست بکەین، بریتی بێت لە؛ نەوشیروان، د. فؤاد، فەرەیدوون.

ڕۆژنامەیەکی کوردی-عەرەبی-ئینگلیزی دەرکەین، واتە سێ

ڕۆژنامە. لە دەرەوە خەریکی چالاکیی سیاسیی ڕاگەیاندن بین، باسی چەند مەسەلەیەکی تریشی کرد، کە لە دانیشتنی داهاتوو بڕیاری لەسەر بدەین.

سەرلەبەیانی سەردانی حیزبی سۆسیال دیموکراتمان کرد، لێپرسراوی عیلاقاتی دەرەوەیان لەگەڵمان دانیشت.

## کەس نەهاتبوو

١٩٨٩/١٠/٢٧

مام جەلال لە بارەگەی سەوزەکان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی بۆ داندرابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لەتەک ئەم شوێنەوە لە پەرلەمان، یەکێک لە وەزیرەکان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی دەربارەی هاتنی ئەڵمانە شەرقییەکان بۆ ناو بەشی غەربی هەبوو، هیچ ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی نوێنەری نەنارد بۆ کۆنفرانسەکەی مام جەلال، تەنیا دوو ڕۆژنامەنووسی تورک ئامادە بوون.

دوای نیوەڕۆ مام جەلال مەوعیدێکی لەگەڵ بەرپرسەکانی جیهازی ئەمنی ئەڵمانیای فیدراڵ هەبوو.

نیوەڕۆ لە ڕیستورانتی چینی سەنتەری بۆن نانمان خوارد، سەربەست بامەڕنی و د. ئازادی برایشی هاتنە ڕیستورانتەکە.

شەوی ڕابردوو د. جەمیل شەرەف و شازاد لە هۆڵەنداوە گەیشتنە لامان.

## دەرەوەم ناوێ

نزیک ئێوارە شاری بۆنمان بەجێ هێشت، ویستمان بچینە هانۆڤەر لەوێیەوە بچمە گوتنگن، بەڵام لەبەر ئەوەی شەومان بەسەردا هات، لە شارۆچکەیەک لە ڕێگا لامان دا و لەوێماینەوە.

من، فەرەیدوون کۆبوونەوەمان لەگەڵ مام جەلال هەبوو.

سەرەتا بە مام جەلالم گوت: موحتاجی هیچ نیم بۆ مانەوە لە دەرەوە، دوای ئەو عەمەلیاتەی دەکرێم و پاسپۆرت وەرگرتن، ئامادەم بگەڕێمەوە وڵات، ئەگەر بەپێی بڕیاری سەرکردایەتییە من لە دەرەوە بم لەگەڵ نەوشیروان و فەرەیدوون، بەڵام دەبێ نەوشیروان عەقڵییەتی ئیشکردنی خۆی بگۆڕێت، بەو شێوە فەردییە نەمێنێت، ئەو کاتە من ئامادەم ئیشی لەگەڵدا بکەم، یاخود هەر کەسە و ئیشی خۆی بۆ دیاری بکرێت، بە نیسبەت یەکبوونی باڵەکان لە دەرەوە، هیچ مانعم نییە، گەر هەنگاوێک بەرەو یەکبوون بنرێت.

فەرەیدوونیش هەمان هەڵوێستی هەبوو، بە نیسبەت نەوشیروان.

جا داوام کرد کۆبوونەوەی داهاتوومان لە لەندەن بێت بە ئامادەبوونی نەوشیروان و مام جەلالیش موافق بوو.

١٩٨٩/١٠/٢٨

ئیمڕۆ لێک جیابووینەوە.

مام جەلال و د. کەمال و سەلاّح ڕەشید بە سەیارەی سەلاّح بۆ بەرلین ڕۆیشتن، فەرەیدوون بۆ بۆن، منیش بۆ گوتنگن ڕۆیشتم، دوو جار شەمەندەفەرم گۆڕی تا گەیشتم.

لە گوتنگن، د. فؤاد سەید عەلی چاوەنوارم بوو، منی بردە ماڵی خۆی، ڕازی نەبوو بچمە هوتێل. زۆری نەبرد فاخر و مەنسوور هاتنە لامان.

١٩٨٩/١٠/٢٩

ئیمڕۆ داخیلی خەستەخانەی گوتنگن کرام. ئەو پرۆفیسۆرە عەمەلیاتەکەم دەکات، ناوی"Pro. Dr Schaf mayer" و یاریدەرەکەی ناوی "Dr. Ohmesotrrp"ە. دکتۆرێکی تریشیان لەگەڵدا بوو ناوی "مسنن" بوو. لەبەر باری پاراستن و مانەوەم ناوم لە خەستەخانە ڕەمزی"K" بۆ داندرابوو.

## دوو بەرد

١٩٨٩/١١/١

دوێنێ شەو ئاگاداریان کردمەوە، بەیانی نەشتەرگەریم بۆ دەکەن. ئیمڕۆ بەیانی پیاوێکی زەبەلاحی ڕیشن بە گوێزانێکەوە هات، مووی سنگ و زگمی تاشی، لەوەیان زۆری ئەزیەت دام، لە چەند لاوە سینگ و ورکی بریندرار کردم، وا دەزانم ئەوە لە نەشتەرگەرییەکە ناخۆشتر بوو. ئینجا حوقنەیەکیان لە ڕێخۆڵەم دا، سەعات ١١ نەشتەرگەرییەکەم بۆ کرا.

سەعات ٥:٣٠ بە هۆش خۆم هاتمەوە، لە ژوورێک داندرابووم پاک و خاوێن. ئینجا منیان بردە ژوورەکەم، چوار ئەشیعەیان بۆ گرتم، ڕووناک چاوەنوارم بوو، هەروەها سەربەست بامەڕنی و سمکۆ دزەیی هاتبوونە خەستەخانە.

دکتۆر پێی گوتم: دوو بەرد لەناو زراوم هەبوو، ئێستا کیسەکە هەڵگیراوە.

## دەسکەگوڵ

١٩٨٩/١١/١٢

لە خەستەخانە دەرچووم. پێش دەرچوونم چوومە لای پرۆفیسۆرەکە سوپاسم کرد و چەپکە گوڵێکم بۆ برد. د. فؤاد و د. ئەرجومەند هاتنە لام. نیوەڕۆ لە ماڵی د. فؤاد سەید عەلی نانمان خوارد. بۆ ئێوارە گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان. شەو لە ماڵی فاخیر بووم.

١٩٨٩/١١/١٤

فاخیر ئێمەی بردە هانۆڤەر، لەوێیەوە بە هێڵی لوفتهانزا لەگەڵ ڕووناک گەڕاینەوە لەندەن، بەڵام فڕۆکەکەمان لەبەر تەمومژ نەیتوانی لە هیترۆ دابەزێت، لە فڕۆکەخانەی لوتن نیشت. لەوێوە بە تاکسییەک گەیشتینە ماڵەوە، د. خدر و مەقسوودی برام چاوەنوارمان بوون.

١٩٨٩/١٢/١٣

جەبار فەرمان تەلەفۆنی بۆ کردم، هەندێ دەنگوباسی ناو پارتیی بۆ باس کردم، دوایی گوتی: نەوشیروان داوای کردبوو ڕەئی بدەین بگەڕێتەوە یان لە دەرەوە بێت.

پێم گوت: مەسەلەکە دراوەتە دەست خۆت.

١٩٨٩/١٢/٢٨

حەمەتۆفیق ڕەحیم تەلەفۆنی بۆ کردم، کە حکوومەت لە ڕۆژانی ٢٤ و ١٩٨٩/١٢/٢٥ چەند هێرشێکی بردووەتە سەر چیای سادر، بەڵام سەر نەکەوتووە و کۆپتەرێکیش کەوتۆتە خوارەوە.

* * *

# بەشی نۆزدەم

# دەفتەری ساڵی ۱۹۹۰

# I

# نەچوومە شام

## نەچووم بەڵام نووسیم

١٩٩٠/١/٧

مام جەلال تەلەفۆنی بۆ کردم، بچمە شام، نەوشیروان و مولازم عومەریش لەوێ بوون، سبەی فەرەیدوونیش دەگات. گوتم کێشەی پاسپۆرتم هەیە. گوتی کەواتە ڕەئی خۆتمان لەسەر ئەو مەسەلانەی کە لە ئەڵمانیا باسمان کرد بۆ بنووسە، ئەوەشمان بە فەرەیدوون بۆ بنێرە.

پەیوەندییم بە فەرەیدوونەوە کرد، گوتیان سەفەری کردووە.

شەو فەرەیدوون لە دانیمارکەوە قسەی لەگەڵم کرد، منیش بۆچوونەکەم بەو چەند دێرە نووسینە بۆی دەربڕی و پێم گوت، ئەوانەم لە کۆبوونەوەکە بۆ باس بکە:

١- پێویستە کۆبوونەوەیەکی فراوان بکەین لە ناوخۆ و دەرەوە بۆ:

ا- پێداچوونەوەی ڕێباز و شێوەی خەبات و دروشم و پەیوەندییەکان.

ب- هەڵسەنگاندنی باری ئێستا کوردستان و عێراق و دەوروبەر و جیهان.

ت- دانانی ستراتیژیەتێک بەپێی ئەم پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنانە، دانانی تاکتیک. گەر بێتوو ئەم کۆبوونەوەیە نەکەین، ئەم سێ خاڵە بە کاری ئەساسی و پێویست دانەنێین، زیانی زۆرمان لێ دەکەوێت.

پ- وەزعی ڕێکخستن لەناو یەکێتی زۆر لاواز بووە. خەریکە "متمانە"ش وردەوردە نامێنێت، دەبێت ئەوە لە کۆبوونەوەکە چارەسەر بکرێت.

ج- یەکبوونەوەی باڵەکانی یەکێتی، دەبێ بە جددی باسی لێوە بکرێت، لەم ڕووەوە شۆڕشگێڕان، هیچ داوایەکی تایبەتی نییە، جگە لە خزمەتی مەسەلەی کورد.

٢- بۆ ئەو قۆناغە، من لە زووەوە ڕەئیم وایە، سەرکردایەتییەکی مەیدانی دابندرێت بۆ کاروباری پێشمەرگە و خەڵکی خۆمان لەناو ئێران، سوودیش لە مانەوەمان لەناو ئێران وەربگرین. ئیران مەجالی سیاسی تێدا نییە. ئەوەش بە بڕیارێکی سەرەوەتر نابێت، دەبێ برادەرانی خۆمان لەسەر سنوور ئەمە بە قەناعەتەوە وەربگرن، سەرکردایەتیی سیاسی چەند کەسێکی بۆ دابندرێت لە دەرەوە بن، هەروەها سەرکردایەتیی مەیدانییش هەبێت.

٣- ناکرێ دەست لە چالاکیی عەسکەری هەڵگرین، بەڵام دەبێ شێوەکەی بگۆڕین.

٤- چالاکیی سیاسیمان ڕێکوپێکتر بێت، نەک هەر قسەی بێ پلان، ئەوەش دەزگایەکی سازکراو و میزانییەکی دەوێت.

یەکبوونی ڕێکخستن لە دەرەوە، هەمووی سەر بە یەکێتی بێت، سـەر بە ناوەنـدییەکان نەبێـت، وەک هەنگاوێـک بەرەو یەکبوونەوەی تەواوی ناو یەکێتی بە بڕیارێکی گشتی کارێکی پیرۆزە.

١٩٩٠/١/٢٧

نامەیەکی فەرەیدوونم لە شامەوە بە دەست گەشت، هەندێ لە بڕیارەکانی کۆبوونەوەکەی بۆ نووسیبووم.

## یادی کۆیە

١٩٩٠/١/٣١

د. ڕەسـوول حەمـزە لەگەڵ د. شـێرکۆی بـرای و د. شـێرکۆ فەتحـوڵڵا هـاتنە لام، هەنـدێ یـادی کۆیەمـان کـردەوە، مـام ڕەسوول چەند ساڵێکە لە سویدە.

## ئەگەر حکوومەت نەیکرد

١٩٩٠/٢/٣

مام جەلال لەگەڵ عومەر دەبابە هاتنە لام، مام جەلال ڕۆژی ای مانگ هاتبووە لەندەن.

مەحزەری کۆبوونەوەکەی شامی خوێندەوە. دوایی لە لای منی جێ هێشت.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام: بڕیار و تەسەوورەکانی نەوشیروان بوون، بەشی مام جەلالی پێوە نەبوو. تەرکیز دەکاتەوە سەر گفتوگۆ، بەڵام حیساب بۆ ئەوە ناکات، ئەگەر حکوومەت گفتوگۆ نەکرد چی بکەین؟!

ئەوانەی ئیمزایان کردبوو:

مام جەلال، نەوشیروان، فەریدوون، مولازم عومەر.

لە شام کۆ بوونەتەوە.

## تاک حیزب نەما

١٩٩٠/٢/٧

بەیانی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی شیوعی و پەرلەمانی سۆڤیەتی گۆرباچۆڤیان قبووڵ کرد و بڕیاریان دا کە ماددەی ٦ی دەستوور بگۆڕدرێت: بەمەش حیزبی کۆمۆنیست تاکە حیزب نابێت لە وڵات.

ئەم بڕیارە دوا بڕیار نابێت و هی تریشی بەدوادا دێت، با بزانین چییە!

ئاخۆ کۆمۆنیست و مارکسییەکانی خۆمان و جیهانی سێیەم، بڵێن چی؟!

## ماندێلا ئازاد کرا

١٩٩٠/٢/١١

ماندێلا پێشەوای کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقیا ئازاد کرا، دوای ئەوەی ٢٧ ساڵ لە زیندانی ڕەگەزپەرەستەکانی باشووری ئەفریقیا مایەوە.

دوای ئازادبوونی، لە وتارێکیدا دووپاتی کردەوە کە دەست لە خەباتی چەکداری هەڵناگرن تا نەگەنە مافی تەواوی خۆیان.

بەڵام بێگومان ئەگەر ماندێلا حەپسێکی بەندیخانەی عێراقی بووایە، ئێسکیشی نەدەما!

١٩٩٠/٢/٢٢

مام جەلال و م. برایم ئەحمەد، عومەر، جەمال ئاغا بۆ نیوەڕۆ میوانی ئێمە بوون.

١٩٩٠/٢/٢٣

ئەمشەو بەختیار تەلەفۆنی بۆ کردم، کە دانا ئەحمەد مەجید تەلەفۆنی بۆ کردووە گوتوویەتی: لە کوردستان هەزاران کەس گیراون بە تۆمەتی هاوکاریی لەگەڵ موعارەزە.

١٩٩٠/٢/٢٤

د. خدر دەعوەتی عەدنان موفتی کردبوو بۆ نیوەڕۆ، منیشی بانگ کرد، وا دیارە لە پاریس جێگیر دەبێت، ئومێدی زۆر بوو کە مفاوەزە دەبێت.

گوتی: موکەڕەم تاڵەبانی چووەتە مۆسکۆ بۆ دیتنی عەزیز محەمەد.

١٩٩٠/٢/٢٩

مام جەلال لە ڕادیۆی لەندەن بەشی عەرەبی دەربارەی بانگەوازەکە، بە تەلەفۆن وەڵامی چەند پرسیارێکی دایەوە.

١٩٩٠/٣/١

لە ڕۆژنامەی "الحیاة" ئەو بانگەوازە بڵاو کرایەوە، کە هەندێ لە لایەنی موعارەزەی عێراقی ئیمزایان کردووە، لەوانە لە یەکێتی مام جەلال و عومەر مستەفا.

## مەسعوود لە قاسمەڕەش

١٩٩٠/٣/٨

فەرەیدوون تەلەفۆنی بۆ کردم:

١- مەسعوود و زۆربەی م. س پارتی هاتوونەتە قاسمەڕەش، کە کۆبوونەوەی بەرە لەوێ بووە.

٢- لایەنەکانی دیکەی بەرەش بەشدار بوونە.

٣- بڕیار دراوە هەوڵ بدەین بۆ چارەسەری سیاسی مەسەلەی کورد.

٤- وەک یەکێتی و پارتی کۆمیتەیەکی هاوبەشمان داناوە بۆ بەدواداچوونی بڕیارەکانی نێوان هەردوولامان.

٥- بڕیارەکان بەو ئیتیجاهە بوون، کە لە کۆبوونەوەی دیمەشق کردمان.

## ریچارد مۆرفی

١٩٩٠/٣/٩

دوێنێ مەعهەدی مەلەکیی بەریتانی بۆ کاروباری دەولی کۆڕێکی بەست بە ناوی "کۆنگرەی عێراق لە نەوەدەکاندا".

ئەندامان ١٢٠ کەس بوون، لەوانە ٢٥ کەس سەر بە موعارەزە بوون، زۆربەی بەشداربووان:

مامۆستای زانکۆ، سیاسەتمەداری بەرز و سەناعی و نوێنەری کۆمپانیاکانی بەریتانیا و هەندێکیان لە نوێنەری ڕژێمی عێراق بوون.

ئەوانەی وتاریان هەبوو سێ جۆر بوون:

ئەکادیمییەکـان، هەنـدێکیان پشـتگیریی تەواوی ڕژێمیـان کردبـوو، هەنـدێکیش دژ بە ڕژێـم بـوون، لەوانە وەک بـاس دەکرێ د. "شبلي بلاط-لبنان".

هەموو قسەوباسەکان دەربارەی:

بـاری سیاسـی، نەوت، ئۆپـک، عێـراق و وڵاتـانی کەنـداو، عێراق و زلهێزەکان، عێراق و ناوچەکە.

نوێنەری یەکێتی د. بەرهەم بەشدار بووە.

موعـارەزەی عێراقـی پتـر تەرکیزیـان لەسـەر مـافی مـرۆڤ و بەکارهێنـانی چەکـی کیمیـاوی و تێکـدانی شـار و گونـدەکان، چەوساندنەوە و تۆقاندنی کورد... بووە.

ڕیچارد مۆرفی، معاون وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەشدار بـووە، لەو دیـدارەکە لەگەڵ چەنـد کەسـایەتیی لە موعـارەزە دانیشتووە.

## مام جەلال ناگرێتەوە

١٩٩٠/٣/١٠

سەدام لە هەولێر وتارێکی داوە، لێبوردنێکی دیکەشی بۆ ماوەی دوو مانگ دەرکردووە، ناوی مام جەلالی هێناوە، کە ئەم جارەش ئەم لێبوردنە ئەو ناگرێتەوە.

وەفدێکی موعارەزە لەگەڵ ڕیچارد مورفی دانیشتن، لەوانە: سليم فخري، د. بەرهەم، عبدالصاحب الحكيم، سعد صالح جبر و چەندێکی تر...

١٩٩٠/٣/١١

شەو مامۆستا عەبدوڵڵا تەلەفۆنی کرد، من لە ماڵ نەبووم، گوتبووی با مام جەلال و ئەوانی تر هیچ تەسریح لە بارەی عەفووەکە نەدەن، چونکە لێرە قیادەی سیاسی بەرەی کوردستانی کۆ دەبێتەوە و لە بڕیارەکە ئاگادارتان دەکەینەوە.

## یەک یەک دێتە دەرەوە

١٩٩٠/٣/١٢

ڕۆژنامەی (الثورة)ی عێراقی، وتارەکەی سەدامی بڵاو کردەوە، نوسخەیەکم لا هەیە.

نیوەڕۆ مامۆستا عەبدوڵڵا تەلەفۆنی کرد:

١- قسەی دوێنێی تەئکید کردەوە.

٢- نەوشیروان لە ئێران داواکراوە، بە ڕێ کەوتووە بۆ تاران.

٣- مەسەلەی یەکبوون هێشتا باس نەکراوە، لە لایەن کۆمەڵەوە ڕەغبەت زۆرە.

٤- چاوەنواڕی تۆین، لە دەرەوە گەشە بە شۆڕشگێڕان بدەیت.

٥- عەلی حەمەساڵح بە منداڵەوە دێتە دەرەوە.

٦- چەند برادەرێک دەچنە ناوەوە لەوێیەوە پەیوەندییت پێوە دەکەن.

٧- وەزعی ژیانی خەڵک ناخۆش بووە.

٨- بڕیارە مامۆستا نازم و چەتۆ بەخشکەیی منداڵەکانیان بێنن بۆ دەرەوە.

١٩٩٠/٣/١٤

ئیمشەو جەبار فەرمان تەلەفۆنی بۆ کردم:

لە کۆبوونەوەی بەرە، دروشمەکان ئەوان بوون:

١- الحل السياسي السلمي الديمقراطي فی اطار العراق.

٢- توحيد المنظمات المهنية والجماهيرية وانشاء منظمة

حقوق الانسان فی کردستان واتحاد الحقوقیین وغیره.

٣- ئەندامانی بەرە لە دەرەوە کۆ ببنەوە.

٤- تاسیس منظمة الدفاع عن حقوق و الانسان فی الخارج، ئەوەش ببێت بە ئەندام لە یەکێک لە دەزگاکانی یو ئێن.

٥- تەنسیق لە نێوان سەرکردایەتیی دەرەوە و ناوەوە "بەرە" کە مام جەلال، من، ڕەسووڵ مامەند لە دەرەوەین.

٦- یاداشتێک بدرێتە ئێران، کە مەسەلەی میللەتی کورد بەشێک بێت لە گفتوگۆی نێوان ئێران و عێراق.

٧- یاداشتێک بۆ ئۆزال دەربارەی وەزعی پەناهەندەکانمان لە تورکیا بنووسرێت.

## مام جەلال نادۆزنەوە

١٩٩٠/٣/١٥

١- ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط" نووسیبووی گفتوگۆ لە نێوان عێراق و موعارەزەی کوردی هەیە، "فاضل البراک" لەسەر سنوور نوێنەرانی موعارەزەی بینیوە، هەروەها کوردێکی نزیک لە سەدام "موکەڕەم تاڵەبانی" لە پاریس "مام جەلال"ی بینیوە، بەڵام هەواڵەکەی بەڕاک هیچ بنچینەیەکی ڕاستی نییە، مام جەلالیش بێدەنگە، ئەوە دوو شەوە بەدوای دەگەڕێم و نایدۆزمەوە!

٢- بێستوونی فەرەیدوون تەلەفۆنی کرد، کە باوکی قسەی لەگەڵ کردوون، کە مام جەلال نادۆزینەوە... ئێرانییەکانیش ڕەئی خۆیان لەسەر ئەو هەواڵە نەداوە.

٣- ئیمڕۆ ڕۆژنامەکان بڵاویان کردەوە، کە لە دوورگەی هایت:

هیرثا ترویو ژنێکی تەمەن ٤٣ ساڵان، زووتر دادوەر بووە، دەبێتە سەرۆک حکوومەتێکی کاتی، چونکە سەرۆکەکەیان ژەنراڵ بروسربیل ئافریل لەبەر تەوژم و ناڕەزاییەکانی خەڵکەکە ڕای کردووە.

لەو دە ڕۆژەدا، دوو ئافرەت دەرکەوتن یەکێکیان ڤیولێت چامورد دەبێتە سەرۆکی کۆماری نیکاراگۆ، ئەوەش دووەم ژنە. ئایا لە عێراق بوار دەدرێت، ئافرەتێک بگاتە ئەو پۆستە باڵایە؟!

## بازۆفت

١٩٩٠/٣/١٧

لەبەردەم باڵیوزخانەی عێراقی دروشم دژی ڕژێم هەڵگیرابوو. نزیکەی ٣٠٠ کەس دەبوون؛ یەکێتی، پارتی، سۆسیالیست، شیوعی، ئیسلامی، سەربەخۆکان.

ئەمساڵ، دوای لەسێدارەدانی "بازۆفت"ی بەریتانی بە تۆمەتی سیخوڕی لە لایەن عێراقەوە، سوود لە تێکچوونی پەیوەندیی نێوان عێراق و بەریتانیا باش وەرنەگیراوە.

مامۆستا نازم تەلەفۆنی کرد، گوتی، خزمان داوا دەکەن لە دەرەوە، کونفراسێک دەربارەی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان ببەسترێت، تا ٢٠٠ هەزار دۆلار ئەوان مەسرووفەکەی دەکێشن.

بەڵام من گومانم لەوە هەیە، وا بزانم ئێرانییەکان دەیانەوێ تاقیمان بکەنەوە، بزانن دەیکەین یان نا! ئەوەشیان بۆ ئەوەیە تێبگەن دەنگۆی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم چییە!

١٩٩٠/٣/١٨

د. بەرهەم تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی:

یەکێک لە ئێرانەوە تەلەفۆنی بۆ کردووم بە ناوی ساعی، لەسەر ڕاسپاردەی فەرەیدوون دەربارەی ئەو کۆنفرانسەی ئەم دواییە لە لەندەن بەسترابوو. بەرهەم گوتبووی: ناتناسم، قسە لەگەڵ د. فؤاد بکە، دوای ١٠ دەقیقە قسەت لەگەڵ دەکەمەوە.

## دوو ساڵە شوان نەماوە

١٩٩٠/٣/٢١

هەموومان بەیەکەوە، بە بۆنەی ساڵیادی دووەمی کۆچی دوایی شوانی کوڕم چووینە سەر گۆڕەکەی.

١٩٩٠/٣/٢٣

مامۆستا عەبدوڵڵا و مامۆستا چەتۆ لە سەقزەوە تەلەفۆنیان بۆ کردم، وەک دەنگوباس ئەوانە بوون:

١- نەوشیروان لە کۆبوونەوەیەکی "کورەک" باسی یەکبوونی کردووە، ئەوەی بە باش زانیوە، هەندێکیان لەوە دوودڵ بوون و گومانیان هەبووە.

٢- فەرەیدوون لە ڕەئی م. عەبدوڵڵا پرسیوە.

٣- وەزعی خەڵک لە ڕووی یارمەتییەوە خراپە.

شەو تەلەفۆنم لەگەڵ عومەر کرد، گوتی: مام جەلال هاتۆتەوە.

١٩٩٠/٣/٢٦

چوومە لای مام جەلال، لەوێیەوە چووینە لای "هاني الفكيكي" دەعوەتی ئەو و کۆمەڵێک برادەری کردبوو. لەوانە: مام جەلال، د. لەتیف، سید محمد بحر العلوم، د. احمد الجلبي، سليم فخري، موحسین دزەیی.

١٩٩٠/٣/٢٧

نامەیەکم بۆ مامۆستا عەبدوڵڵا و مامۆستا چەتۆ نووسی، بڕیارە بەختیاری برای نامەکە ببات.

١٩٩٠/٤/١

ئەمشەو سەعات ٩، ڕادیۆی قاهیرە شیکارییەکی هەواڵی لەسەر وەزعی کورد لە تورکیا هەبوو، ڕاپۆرتەکە بە باشە باسی کورد و خەباتی کوردی کرد لە تورکیا.

بەو هەواڵ و ڕاپۆرتە زەمانی عەبدولناسرم بە بیر هاتەوە، کە ناوەناوە سەفارەتی تورکیا لە قاهیرە نارەزایی لەسەر پەخشی بەرنامە کوردییەکەی قاهیرە نیشان دەدا و گلەیی لە میسر دەکرد.

## بە تەلەفۆن ناگوترێ

١٩٩٠/٤/٧

لەگەڵ د. کەمال قسەم کرد، لێم پرسی هۆی دواکەوتنی کۆبوونەوەکەی لقی یەکێتی و لقی شۆڕشگێڕان و کۆمەڵە لە بەرلینی ڕۆژئاوا چییە، بڕیار بوو بکرێت؟! گوتی: لەبەر سەفەری شازاد بووە. پرسیم: شازاد لەو کاتەدا بۆ کوێ چووە؟! گوتی بە تەلەفۆن ناگوترێت.

کە لە دەبابەشم پرسی: گوتی بە تەلەفۆن ناگوترێت.

ئەمە چییە بە نهێنی گیراوە؟! منیش نازانم...!

## بە قیست

١٩٩٠/٤/٩

ئەمشەو سەرهەنگ لە تارانەوە تەلەفۆنی کرد:

١- خۆمان بۆ مافی کورد لە عێراق، ٢٠٠ تا ٣٠٠ هەزار دۆلارمان تەرخان کردووە بۆ بەستانی کۆنفرانسێک. ئامادەبوونی ئاستی کەسایەتییەکان بەندە بە بڕی پارەکە، ئەگەر ئاستی بالا هاتن، پارەی زۆرتری دەوێت.

٢- نمایندەی خۆمان، لە دەرەوە و ناوەوە بە سەلاحییەتی تەواوە، بۆ ئەم کارە دەستنیشان بکرێن.

٣- ئەوانیش نوێنەری خۆیان دەنێرن، ڕەنگە "الانصاري"، وەک مونەسیق لە دەرەوە دەبێت، گەر بانگیشی بکەن وەک میوان باشە.

٤- بە ڕەسمی دەعوەتێکی خزمان بکرێت، بەلام بەبێ وتار.

٥- لایەنی سەرفکردنی پارەکە ستادی تەبلیغاتی فەرهەنگییە.

٦- پارەکە بە قیست دەدرێت، داوا دەکەن، قیستی یەکەم جار چەند بێت.

٧- مەسئوولیەتی ئەم کارە لە ئەستۆی یەکێتی دەبێت، بەلام دەکرێ یەکێتی بە ناوی خۆی، یا بەرەی کوردستانی، یا بەرەی عێراقی، یا ڕێکخراوێکی جیهانی بیکات.

## پێشمەرگە غەدری کردووە

١٩٩٠/٤/١٩

بەپێی تەلەفۆنەکەی سەرهەنگ لە تارانەوە:

عەلی بچکۆڵ شتێکی لە ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی بڵاو کردۆتەوە، هێرشی بردۆتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان پێشمەرگە و خەڵـک، چـۆن پێشـمەرگە غەدر و تەعەدایـان لە خەڵـک کردووە... هتد.

لەبەر ئەو نووسـینە نەوشـیروان بەیـانێکی بـڵاو کـردۆتەوە، عەلـی بچکـۆڵ لە ڕیزەکـانی کـۆمەڵە دەربکرێـت، حەواڵەی دادگای بەرزی شۆڕشیش بکرێت.

## بارزان و سەرچل

١٩٩٠/٤/٢١

ئەمشـەو تەلەفـۆنم بـۆ مـام جەلال کـرد، ئەو لە ئەڵمانیـا لە ماڵی سەلاح ڕەشید بوو. پێم گوت ئێرانییەکان چوار کەسن، دووشەممە دەگەنە فرانکفۆرت، هەروەک سەرهەنگ ئاگاداری کردمەوە، دەیانەوێ تۆ ببینن، جا تۆ لە کوێ دەبیت؟

گوتی: من دووشەممە دەچمە بۆن، ڕۆژانە پەیوەندییت پێوە دەکەم، دەتـوانی مەوعیـدەکەیان بـۆ دابنێیـت، سێشـەم یـان چوارشەممە باشە.

مـام جەلال گـوتی ئەبـوومحەمەد "بـارزانی تکریتـی" لەدوای "سەرچل"ی ناردووە، بچێتە لای لە سویسرا.

١٩٩٠/٤/٢٦

مەسعوود بارزانی گەڕایەوە ئەمریکا.

# ٢
# کۆچی دوایی دایکم

## دایکم وەفات دەکات

١٩٩٠/٤/٢٧

عەباس تەلەفۆنی بۆ کردم، کە:

دایکم ڕۆژی ٢٤ی ڕەمەزان شەوی "ليلة القدر" وەفاتی کردووە.

بە داخەوە وا دەیان ساڵە لە دایکم دوورم، ئاخیری عومری بە ڕەزیلی و کەساسی ژیانی بەسەر برد، جێگای داخمە نەمتوانی خزمەتی بکەم.

١٩٩٠/٤/٢٨

مەقسوود تەلەفۆنی بۆ نیزال کردووە، ئەویش پێی گوتووە کە:

١- دایکم لە دوا مانگی ژیانی پارێزی شەکرەی نەکردووە.

٢- ڕۆژی ٤/١٩ ڕێککەوتی ٢٤ی ڕەمەزان شەوی

لەیلەتولقەدر وەفاتی کردووە.

٣- لە کۆیە لەتەنیشت گۆڕەکەی باوکم نێژراوە.

٤- پرسـەیەکی گەورەیـان بـۆ دانـاوە، خەڵکێکـی زۆر بـۆ سەرەخۆشی هاتوون.

## ٣
## پرسی دادگایی

١٩٩٠/٥/١٢

بەیانی هۆمەر تەلەفۆنی بۆ کردم، دوێنێ شەو بۆ ئیفادەدان بۆ محامییەکان گەیشتۆتە ئێرە.

شەو لای عومەر دەبابە دەعوەت بووین، بەڵام مام جەلال نەهات، گوتیان دەعوەتی عەلی کەمال و فەوزی سائیب و چەند کەسێکی دیکەی کردووە.

حەمەڕەزاش هاتە ماڵی عومەر، ئەویش دەعوەت کرابوو، دیارە مام جەلال لەدووی ناردووە.

نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر لای من دەعوەت بوو، خدریشم لەگەڵدا بوو.

* * *

حیزبێکی کوردی لە سووریا

١٩٩٠/٥/١٣

بەیانی، حەمەڕەزا هات، باسی وەزعمان کرد، موافق بوو لەسەر بۆچوونەکانی من.

نیوەڕۆ هۆمەر هات، دوای ئەوەی حەمەڕەزا بۆ مەتاڕ چوو، پیاسەیەکمان کرد، چەند قسەیەکمان کرد:

١- ئامادەیە ئیشمان لەگەڵ بکات بەبێ کۆمەڵە، بەڵام ئەگەر لە "یو. ئێن" تەعین بکرێت کە بەتەمایە، ئەوا لە سیاسەت دوور دەکەوێتەوە.

٢- گوتی سوورییەکان پەیوەندییان پێوە کردووە، کە بچمە سووریا بۆ دامەزراندنی حیزبێکی کوردی. منیش گوتوومە؛ گەر ئێوە هەر هەمان سیاسەت بەرانبەر کورد بگرنەبەر، ناتوانم ئەو کارە بکەم.

٣- گوتی: پێم باشە کادیرە کوردەکانی حیزبی شیوعیی عێراقی، شۆڕشگێڕان، سۆسیالیست شتێک بکەین بۆ دروستکردنی حیزبێکی جەماوەری.

١٩٩٠/٥/١٤

چوومە لای محامییەکان بۆ ئیفادەدان، حەمەتۆفیقم بۆ تەرجەمە لەگەڵدا بوو. پرسیارەکان هەمەجۆر بوون... هەر لە دامەزراندنی یەکێتی و عیلاقاتی دەستەی دامەزرێنەر، تا وردەکارییەکانی ئیشەکانی ناو م. س.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئیفادەکان ڕێکوپێک نەبوون. بەیانییش دەچمەوە.

شەو تەلەفۆنم بۆ مامۆستا چەتۆ کرد لە سەقز.

ئەو گوتی:

١- هیچ باسی مەسەلەی یەکبوون نەکراوە.

٢- ڕێگای ئیشکردنمان نادەن.

٣- بە گشتی ناڕازی بوو لە وەزعەکە.

٤- مەسەلەی عەلی بچکۆڵ خەریکە چارەسەر دەکرێت.

منیش پێم گوت:

١- ئەگەر موافق بن لەسەر یەکبوون تەنیا لە ئەورووپا، لەگەڵ ڕەئی من موتەفیقن، کە دەبێ بڕیارەکە گشتی بێت، ئەوە بە نووسین بۆم بنووسن.

٢- تەخویلم بکەن بۆ سەرپەرشتیی کۆنفرانسێکی یەکێتیی شۆڕشگێڕان کوردستان و هەڵبژاردنی لقێک، خۆم سەرپەرشتی بکەم.

## پارەکە چەند بوو؟

١٩٩٠/٥/١٥

لەگەڵ محامییەکان دانیشتم.

لەبەر ئەوەی ئاگام لە ئیفادەی مام جەلال نەبوو، ناچار بووم زۆر شت هەبوو دەمگوت مام جەلال و فەرەیدوون دەزانن.

بۆ نموونە مام جەلال گوتبووی ٥٠ ملیۆنە، دوایی بیست

سی ملیۆنە، موافەقەتمان کرد، چاک بوو منْ گوتم ١٠ ملیۆن دیناره، کە دەکاتە ٣٠ ملیۆن دۆلار و شتێک.

بەڵام ئەوەی کە نائومێدی کردم، هەندێ وەسیقە هەیە، کە نەبادا تەقدیم بکرێن.

ئەم مەسەلەیە زۆر کێشەی سیاسیشی لەدووە، هەروەها دەبێ حیساب بۆ سومعەش بکەین.

## دەرکردنی سەید مەجید

١٩٩٠/٥/٢٧

شەو د. کەریم لە سەردەشتەوە تەلەفۆنی کرد، گوتی:

١- نەوشیروان بەیانێکی دەرکردووە بە دەرکردنی سەید مەجید و بە کەسێکی ڕووخاوی داناوە.

٢- حەمەی مام ڕەزا و "هاوڕێ"ی کوڕی لەگەڵ بووە، چووەتە لای نەوشیروان ئەویش قسەی توندی لەگەڵ کردوون.

٣- مامە غەفە و ڕەحمان بلە لای ئێرانییەکان حەپسن. لەم ڕۆژانە ئێرانییەکان هاتوون داوای ڕەحمانی حاجی خدر و سمایل وەرتییان کردووە، کە لە لایەن خۆمان گیراون، تەسلیمیان بکەین.

ئەویش گوتوویەتی ئێوە دەتوانن بە تۆبزی لە بارەگەکانمان بیانهێنینەدەر، بەڵام ئێمە داوای دوو کەسەکەی تر دەکەینەوە کە لە لای ئێوەن.

٤- وەزعی ماددیی خراپە.

منیش پێم گوت: بڕادەران ئاگادار بکەوە، چاوەڕوانی نامەکانی ئەوان دەبم.

١٩٩٠/٥/٢٨

چوومە تەعزییەی دایکی د. شێرکۆ حەمزە، کە گەڕامەوە ماڵ شیرینی کچم گوتی د. کەریم تەلەفۆنی کرد و گوتی: نامەکان بە ڕێگاوەن، خۆشی دووسبەی تەلەفۆنت بۆ دەکاتەوە.

تەلەفۆنم بۆ حەمەی ڕەزا کرد، پێم گوت: تکایە هەر بڕیارێک دەدەی لە ئەنجامی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە بێت، نەک ڕەدفیعل. تۆش هەر برایەکی عەزیز و خاوەن حورمەتی، لە قسەکانی دەرکەوت بڕیاری گەڕانەوەی داوە.

## تەوازوونی تێک چووە

١٩٩٠/٦/١

نامەی ناوەندیم پێ گەیشت، ڕەئییان وایە:

١- یەکبوون لەناو یەکێتی دەبێ گشتی بێت.

٢- پەیڕەو و پرۆگرامی بۆ ئامادە بکرێت.

غەیری ئەمانە، یەکبوونەکە بە قوتدان دادەندرێت.

هەروەهـــا داوا دەکرێـــت کۆنفرانســـێک ببەســـترێت بـــۆ هەڵسەنگاندنی وەزع و ڕێکخستنی لقی دەرەوەی شۆڕشگێڕان، داواش دەکەن یارمەتییەک کۆ بکرێتەوە بۆ ناوەندی.

لە نـامەی مامۆسـتا چەتـۆ کە تەنیـا هـاتووە، نـاڕەزایی نیشـان دەدا لە لای خۆیان، کە نەوشیروان هەر بەتەنیا ئیش بۆ خۆی و جەمـــاعەتەکەی دەکـــات. مەســـەلەی یەکبـــوون لە هـــیچ کۆبوونەوەیەک باس نەکراوە.

شەو مامۆستا چەتۆ تەلەفۆنی کرد، گوتی:

مەسەلەی سەید مەجید چارەسەر کرا، بەیانێکی تر دەرکرا کە پیاوێکی نیشتمانپەروەرە.

وا دیارە نەوشیروان تەوازوونی تێک چووە، هەروەها گوتی: ڕەحمانی حاجی خدر و سمایل وەرتی بەردران، ئێستا هەر لە لای خۆمان ماونەتەوە.

١٩٩٠/٦/٣

لەگەڵ شێخ محەمەد چووینە لای ڕەسووڵ مامەند، ئەویش ڕەئـی وابـوو کە دەبـی بە خۆمانـدا بچینـەوە و زۆر مەفـاهیم بە کەڵکی ئێستا نایەن، دەبێ بگۆڕێن.

شەو لەگەڵ شێخ محەمەد چووینە لای بەکری مام ڕەزا.

## نابەنەوە

١٩٩٠/٦/٨

به دووروودرێـژی لەگەڵ محامییەکـان دانیشـتین، گوتیـان بە ڕەئی ئێمە، ئێوە ئەو دۆزە نابەنەوە، بەڵگەی لایەنی تر بەهێزترە. بـێجگە لەوەش دەرکەوتـووە، هەنـدێ لە بەڵگەنامەکـانی ئـێمە دروسـت کـراون. گوتیـان ئـێمە لەگەڵ محامییەکـانی بـانکی ڕافیـدین ڕێک کەوتووین کە دۆزەکە کۆتایی پێ بێت، هیچ بەشی تری لێ نەبێتەوە، پارەکە بە قازانجەوە بۆ بانکی ڕافیدین بگەڕێتەوە. محامیەکـانی بـانکی ڕافیـدین سـەد و پەنجـا هەزار پاوەند بدەنە محامییەکانی ئێمە.

محامییەکانمان گوتیان؛ گەر دۆزەکە بە لای ئێمەدا نەهات، کە ناشبێت، دەبێ هەموو مەسرەفی محامییەکانی لایەنی تر و مەسرەفی دادگە بدەن، کە لە ملیۆن و نیوێک زیاتر دەکات، هەروەها بە تۆمەتی تەزویـر مـولاحەقەی مـام جەلال، هۆمەر، هەموو کەسێکی یەکێتیی نیشتمانی دەکەن. هەروەها گوتیان تا سـەعات دەی نیـوەڕۆ دەبـێ وەڵام بـدەنەوە، دەنـا دادگـاییەکە بەردەوام دەبێـت. هەوڵمـان دا دۆزەکە دوا بخرێـت تـا ڕۆژی سێشـەممە، کە مـام جەلال ڕۆژی ١١ی مانـگ دەگـاتەوە ئێـرە، دوای پەیوەنـدیی نێـوان خۆیـان و هـاتوچۆ تـا سـەعات پێنجـی ئێوارە دوا خرا.

ڕەئی من ئەوە بوو ڕێک کەوین، هەروەها ڕەئی هۆمەر، د. لەتیف توندی نیشان دەدا، گوتی؛ با مامۆستا برایم و حەمەتۆفیقیش بێن، مامۆستا برایم شەوی ڕابردوو توند بوو، بەڵام محامییەکە کە مەسەلەکەیان بۆ شەرح کرد، ئەویش گوتی؛ موافقم، هەروەها ڕەئی حەمەتۆفیقیش وەها بوو. سەعات سێ و نیو قسەم لەگەڵ مام جەلال کرد، کە لە دیمەشق بوو، ئەویش موافق بوو. جا محامییەکان شتێکیان نووسیبوو ئێمە لەسەری موافق بووین، کە هەردوولا لە محامییەکان ئیمزای بکەن.

دادگەیی ئیمرۆ بەردەوام بوو، بەڵام لەبەر ئەو سەینوبەینە، کەسمان لەوێ نەبووین.

## دەدۆڕێن

١٩٩٠/٦/١١

چووینە لای محامییەکان: مامۆستا برایم، د. لەتیف، شاناز خان، سەباح، عومەر شێخمووس، من...

محامییەکان؛ تومسۆن، تالبوت، ژنە ئەمریکییەکە، دوو محامیی تر.

بەندی ڕێککەوتنەکە و شێوەی وازهێنان لە دەعواکە لە لایەن محامییەکانی بانکی ڕافیدین ئامادە کرابوو.

مەوعید لە مەحکەمە سەعات چوار دانرابوو، کە هەڵساین بچینە مەحکەمە، من گوتم؛ نایەم چونکە چ پێویستییەکی نییە!

مامۆستا برایمیش گوتی؛ منیش لەگەڵتام لە کافتریای نزیک ئۆفیسی تالبوت چاوەڕوان بووین.

دوای سەعاتێک هاتنەوە و گوتیان؛ محامی ڕافیدین لەبەردەم حاکم باسی ڕێککەوتنی نێوان هەردوولای کرد، کە حاکمیش لەسەری موافق بێت.

حاکمەکەش گوتی؛ سوپاسی هەردوولاتان دەکەم، بە ڕاستی لە وەزعێکی ناخۆشدا بووم، چونکە قەزییەکە ئاڵۆز بوو. من لە وەزعێکی نەفسی و عەقڵیی ناخۆشدا بووم، دەترسام بڕیارێک بدەم ناعادیلانە بێت... ئێستاش سوپاستان دەکەم.

لە کافتریاکە دەرچووین، هۆمەر بۆ فڕۆکەخانە، ئەوانی تریش بەرەو شوێنەکانی خۆیان ڕۆیشتنەوە، هۆمەر من لەگەڵی چووبووم گوتی؛ کابووسێکی گەورەم لەسەر لاچوو. ئینجا هەندێ گلەیی لە هەندێ برادەر کرد، دیار بوو لە هەندێکیان دڵشکاو بوو.

١٩٩٠/٦/١٥

خەبەرێک لە عێراقەوە هاتووە، کە ڕژێم ژمارەیەکی زۆری ئەفسەری پلەبەرز و کەسایەتیی حیزبی گرتوون. تۆمەتەکەشیان پیلانگێڕان بووە دژی سەدام حوسێن.

ئەوانەی ناویان دێ: فاضل البراک، عبدالرحمن الدوري، عمید نوفل، لواء محمود شاهین، لواء ثابت سلطان، عبدالفتاح الیاسین...

## ٤

## نامەی مام جەلال بۆ سەدام حوسێن

### لەگەڵ سەدام سوودی نییە

١٩٩٠/٦/١٨

مام جەلال تەلەفۆنی کرد، چوومە لای لە ماڵی مامۆستا برایم بوو، حەمەتۆفیق ڕەحیمیشی لا بوو، قسەکانی ئەوانە بوون:

١- لەگەڵ عەزیز محەمەد چووینە مۆسکۆ، لەوێ یەکێتی تەزامونی دیوە، پێیان گوتم: لە ١٩٩٠/٧/٢٤ کۆنفرانسی کوردەکانی سۆڤیەت هەیە، تۆش بانگکراوی، لەوێ چەند کەسێکی باڵا دەبینیت.

٢- موکەڕەم تاڵەبانیم دیوە، لەسەر پێشنیاری موکەڕەم نامەیەکی بۆ سەدام نووسیوە. مام جەلال ڕەشنووسەکەی نیشان دام، موجامەلەی زۆری تێدا بوو، داوای بەردانی گیراوەکان دەکات.

٣- لە ڕێگای بارزانی برای سەدام، نامەیەکی تری ناردووە، ئەویش لە ڕێگای "سەرچل قەزاز" کە هاتوچۆی بارزان دەکات.

من ئەو هەنگاوەم پێ خراپ نییە، بەڵام گەر لە ماوەی یەک دوو مانگی داهاتوو، چ وەڵامێک یان دەستپێشخەرییەک نەبێت، ڕوون دەبێتەوە کە هیچ شتێک لەگەڵ سەدام سوودی نییە.

سبەی ئەو سەفەر دەکات بۆ بۆن، بۆ دیتنی دەستەیەکی ئێرانی، دەربارەی کۆنفرانسێک لەسەر مافی مرۆڤ لە عێراق.

گوتی: من وام قسە لەگەڵ کردوونە، هەندێک ئەندامانی بەرهەڵستکاری عێراقی بەم کارە هەڵسن.

١٩٩٠/٦/٣٠

کۆنفرانسی ئەکادیمیای کورد لە لەندەن دەستی پێ کرد. ڕۆژی یەکەم بۆ میوانان کراوە بوو، ئەوانەی دەعوەت کرابوون هاتن: مام جەلال، هۆشیار زێباری، سامی عەبدولڕەحمان و هی تریش، ڕەسووڵ مامەند لەبەر ئامادەنەبوونی داوای لێبوردنی کردبوو.

ئەکادیمیا نەیتوانیوە گەشە بکات، ژمارەی ئەندامانی ئەکادیمیا ژمارەیان کەمە: جەمال ئاغا و عومەر مستەفا و سوورەیا خان و زۆری تریش ئەندامن. مەرجی ئەندامییەتی:

ئەوەی ئەندام بێت، پێویستە خاوەن شەهادەیەکی بەرز بێت، بەلایەنی کەمەوە ماستەری هەبێت، یاخود لە بواری کوردۆلۆجی بەرهەمی هەبێت.

د. کەمال عەقڵییەتێکی وشکی هەیە، زەحمەتە بتوانێت وا بکات ئەکادیمی پەرە بسێنێت.

١٩٩٠/٧/١

کۆبوونەوەی ئەکادیمیا بۆ ئەندامان بوو، من و سامی شۆڕش و خەجێ هەڵبژێردراین بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانی کۆبوونەوەکە.

بۆ ئێوارە کەناڵی چواری بەریتانی، چەند وێنەیەکی کۆبوونەوەکەی گرت. سەرلەئێوارە دەستەی بەڕێوەبردن بە تەزکیە دەرچوون:

د. کەمال فؤاد، حەمەڕەش، د. ئەحمەد حەلبووسی، نەجات مەحوی، مونیرە موفتی زادە، د. شەفیق قەزاز، تەحسین هەورامی.

١٩٩٠/٧/٤

ئێوارە دەعوەتی مامۆستا برایم و مام جەلال و د. جەمیل شەرەف و د. لەتیف و نەجات مەحوییم کرد بە بۆنەی هاتنی د. کەمال فواد. محەمەد و خدر و مەقسوودیش لام بوون.

* * *

١٩٩٠/٧/٥

ئەمشەو برادەرانی ئەڵمانیا؛ د. ئازاد بامەڕنی، سەربەست بامەڕنی، سمکۆ، ئیحسان، پێش ئەوانیش بە شەوێک شالاو لە

سـوید گەیشـتنە لەنـدەن بـۆ کۆبـوونەوەی ڕۆژی شـەممەی داهاتوو.

## هێشتا موکەڕەم

١٩٩٠/٧/٦

من و د. کمال و عومەر مستەفا لەگەڵ مام جەلال دانیشتین، ئەم خاڵانە باس کران:

١- سـەفەرەکەی مـام جەلال بـۆ مۆسـکۆ... شـتێکی وەهـای نەبوو، هێشتا بڕوای بە هاتوچۆی موکەڕەم هەیە.

٢- کۆبـوونەوەکەی شۆڕشـگێڕان و مەسـەلەی یەکبـوونی هەردوو باڵەکەی لە دەرەوە، نامەی برادەرانی خۆمانم نیشاندان.

٣- مام جەلال قەناعەتی وا بوو، یەکبوونەکە کاتی زیاتری پێویستە.

## بە زۆرینەی دەنگ

١٩٩٠/٧/٧

کۆبوونەوەی فرەوانی شۆڕشگێڕان دەستی پێ کرد، بە منەوە ١٨ کەس بووین:

من، د. کەمال فؤاد، عومەر مستەفا، عومەر عەزیز، شەوکەت، د. خدر، شێخ محەمەد، شێرکۆ حەمزە، سەباح حەمەسەعید، مەقسوود، فەرهاد، کامەران بەهجەت، عەونی، وەهاب سمکۆ، سەربەست و ئازاد بامەڕنی، ئیحسان وەلاشی، شالاو عەسکەری.

زۆر قسە و گفتوگۆ هاتە پێش، عومەر زۆر خۆی هێنا و برد، ویستی بڵێ ئەم کۆبوونەوە شەرعی نییە، بڕیار درا:

ئەم کۆبوونەوەیە پشتگیری بڕیارەکەی ناوەندی شۆڕشگێڕان دەکات، کە یەکبوونەکە دەبێ گشتی بێت، لەسەر بەرنامە و پەیڕەو ڕێک بکەوین. ڕێک کەوتین لەسەر بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنفرانسی یەکگرتن لە دەرەوەی وڵات ببەسترێت. ئەم بڕیارە بە زۆربەی دەنگ بوو. عومەر گوتی؛ من ڕازی نیم. عومەر عەزیز و شەوکت و یەکێکی تر موافق نەبوون.

ئەو چەند برادەرەی ئەورووپا، وا بزانم کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی سەربەست بامەڕنی، ئەویش داڵغەی دروستکردنی حیزبی لە مێشکی داوە. بە ڕاستی ئەگەر بە قسەی عومەر و د. کەمالیش بووایە، کۆبوونەوەکە دەبا تێک بدرابایە، دیارە ئەوانە هەست بە مەسئوولییەت ناکەن، کە نزیکەی سی کەس دەیانەوێ ئیستیقالە بکەن، ئەگەر چارەیەک بۆ ئەو مەسەلەیە دانەندرێت، کە موافق نین، تەنیا ئەورووپا یەکبوونی هەبێت.

## لەبەر تۆ

١٩٩٠/٧/٨

بە بۆنەی هاتنی عەلی عەبدوڵڵا، چووینە لای جەمال ئاغا.

دواتر مەوعیدم لەگەڵ سمکۆ و جەماعەتی ئەڵمانیا هەبوو، سەربەست گوتی:

لەبەر تۆ زۆر موحریج بووین، دەنا دەمانویست لە کۆبوونەوەکە بچینە دەرەوە، ئێستاش هاتووین دوعاخوازی بکەین، ئێمە هەر تۆ بە براگەورە دەزانین.

دانیشتووان ئەوانە بوون: سمکۆ، سەربەست، ئازادی برای، ئیحسان، شاڵاو، حاکم عومەر، شەوکەت، شێخ محەمەد.

منیش قسەم لەگەڵ کردن، دوایی ڕێک کەوتین چاوەنواڕ بکەن، قەناعەتم پێ هێنان، کە تا ١٩٩٠/٩/١١ چاوەنواڕ بن. کە زانیمان برادەران هەر لە سەر بڕیاری کۆبوونەوەی دیمەشق دەڕۆن، ئەو کاتە حیسابێکی تر دێتە پێش، گەر ڕەئی برادەران لەسەر سنوور لەگەڵ ئێمە بوون، پێی ناوێ هەڵوێست و ڕیزی شۆڕشگێڕان لاواز بکەین. قانع بوون بە قسەکان، سبەی سەفەر دەکەن و دەگەڕێنەوە ئەڵمانیا.

## ٥
## پێشبینیی شەڕی کوێت

### شەڕێکی گەورە دەقەومێت!

١٩٩٠/٧/١٧

شەو سەدام بە بۆنەی ١٧ی تەمموز وتارێکی دا، تێیدا هێرشی کردە سەر کوێت.

گوتی: گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی دەستووری هەمیشەیی دەکەین. هەروەها سەدام گوتی "قطع الاعناق ولا قطع الارزاق".

وا دیارە سەدام بێ موشکیلە ناتوانێت و ناژییێت، بەڵام کوێت شوێنێکی تر نییە، لەمەدا زیانێکی زۆر گەورە دەکات.

کوێت یەکێک بوو لەو وڵاتانەی دەستیان هەبوو لە هەڵگیرساندنی شەڕی عێراق-ئێران، یارمەتیی عێراقیشی داوە، بەڵام ئێستا نۆرەی خۆی هاتووە.

"د. فؤاد معصوم، ١٤ ڕۆژ پێش داگیرکردنی کوێت لە لایەن سەدام حوسێنەوە، پێشبینیی ئەوەی کردووە، ئیتر شەڕێکی تر دەقەومێت، لەو شەڕەش عێراق زەبری بەر دەکەوێت، چونکە شەڕەکە ئاسایی نابێت!".

## کوێت تۆمەتبارە بە

١٩٩٠/٧/١٨

ئەمشەو عێراق یاداشتێکی بڵاو کردەوە، کە تاریق عەزیز داویەتی بە کۆمکاری عەرەبی، کوێت تومەتبار دەکات بە:

١- خانووبەرەی لەسەر خاکی عێراق دروست کردووە.

٢- بەشێک لە نەوتی عێراق دەبات.

٣- بووەتە هۆی دابەزاندنی نرخی نەوت.

٤- قەرزەکانی کوێت لەسەر عێراق، دەکاتە ئەو پارەیەی نەوتی عێراقی بردووە، نەک ئەوەندە، زۆرتریشە.

کوێت بۆ دەربازبوونی لەو تۆمەتانە، نوێنەری نارده وڵاتان و باسی بارودۆخەکەی بکەن، لە چاوتێبڕینەکانی عێراق تێبگەن و ئاگادار بن.

## سێ کەس

١٩٩٠/٧/٢٨

مامۆستا عەبدوڵڵا تەلەفۆنی کرد.

گوتی: نامەکانت گەیشتوون، ڕۆژی ١٩٩٠/٨/١

کۆبوونەوەمـــان هەیە. بە نووســـراو وەڵامـــی پرســـیارەکانت دەدەینەوە.

گوتی: چوومەتە باختەران لای ڕەحیمی بۆ ئەو یارمەتییەی کە چەنـد مـانگە پێیـان نەداویـن بمانـدەنێ، گوتیـان، جـارێ ناتوانین خەریکی حیساباتی خۆمانین.

هەروەها گوتی: شەوکەت نامەیەکی بۆ نەوشیروان ناردبوو. هەمـووی ماسـتاو و گلەیـی دەکـات بـۆ تەجمیـد کـراوە لە سەرکردایەتی! دەڵێت: لەم شۆڕشەدا هەر سێ کەس لە خۆم بە ماندووتر دەزانم، نەوشیروان، مولازم عومەر، کۆسرەت.

نەوشـیروان نـامەکەی پیشـانی مامۆسـتا عەبـدوڵڵا دابـوو، وەڵامێکـی ئیجابی داوەتەوە، بە تـایبەتی کە دەزانێ مـام جەلال ئێستا کەوتۆتە دژی نەوشیروان.

## داگیر کرا

۱۹۹۰/۸/۲

لە هەموو دونیا بڵاو کرایەوە کە عێراق وڵاتی کوێتی داگیر کردووە. ئەمیر و ئەنجوومەنی وەزیرانی دەربازیان بووە.

ئەم کـارە دەرگـای کارەسـاتێکی گەورە بە ڕووی عێراقـدا دەکاتەوە، زۆر ترسناکتر لە شەڕی دژ بە ئێران، گەر دەستبەجێ نەکشـێتەوە. نەک لەبەر خـاتری میـری کوێـت و ڕژێـمەکەی،

بەڵکـــوو لەبەر ڕۆژئـــاواش، دونیـــا نایـــانەوێ بەشـــێکی زۆری نەوتەکەی کوێـــت و نـــاوچەکە لەبەردەســـتی دەوڵەتێـــک بێـــت خـــاوەن لەشـــکرێکی گەورە و چەکـــی زۆر و کـــاریگەر و سەرۆکەکەی ملهووڕە.

## بەهێزەوە

١٩٩٠/٨/٧

ئەمشەو لە ماڵی بەرهەم؛ من، عومەر عەزیز، حەمەتۆفیق، د. بەرهەم دانیشـتین. دوای گلەییکـردن لە وەزعـی یەکێتـی، باسـی ئەوەمان کرد چی بکەین؟!

گوتم: دەبێ مەسەلەکە بکەینە چەند بەشێک. کشانەوە یان دەرکردنـی عێـراق، ئەویـش لە ئەنجـامی ئـابلووقەی ئـابووری و پچڕاندنی پەیوەندییەکان، یان لە ئەنجامی شەڕی چەکدار.

١- ئەگەر بە ئـابلووقە و هەڕەشە عێـراق ئامادە بـوو گفتوگۆ بکـــات لەگەڵ ئەمیـــری کوێـــت، ئەوا ســـەدام ســـەرکەوتووانە دەکشـێتەوە، ئەمریکـا و عەرەب لە بەرژەوەنـدییان نیـیە شـەڕی بـکەن... سـەدام پاشەکشـە بکـات باشـە، خۆرئـاواش هەر ئەوەی دەوێت.

بۆیە لە بەرژەوەنـدیی ئێمە نییە خۆمـان بکەینە بەشێک لەو هەڵمەتەی سەر عێراق، هەوڵ دەین ئەو هەڵمەتە ببێتە کارتێک

لە دەستمان بێت، بۆ دانوستانمان لەگەڵ عێراق بەهێزەوە قسە بکەین.

٢- گەر سوپای عێراق بە شەڕ دەرکرا، ئەوە ڕەنگە بەوەندە وازی لێ نەهێنن، زۆریش لاواز دەبێت. دەبێت بیڕووخێنن. لێرەدا ئێمە دەتوانین دەور ببینین. بەڵام لەمەدا دەبێت دەسکەوتی سیاسییمان هەبێت، نەک هەر هەندێ چەک و پارە.

## دەچێتە ئەمریکا

١٩٩٠/٨/٨

حەمەتۆفیق تەلەفۆنی کرد، کە "شازاد" گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی، لەگەڵ د. مەحموود و عەدنان موفتی و پیرۆت بە ناوی وەفدی بەرەی کوردستانی چوونەتە توونس، بۆ دیداری یاسر عەرەفات، کە ئێستا لە بەغدا و ئەو ناوچەیە، ئەوان "ابو اياد"یان دیوە. د. مەحموود قسەی کردووە و گوتوویەتی:

١- لەم ڕۆژەدا کە عێراق لە مەترسیدایە، ئێمە دەمانەوێ لەگەڵ ڕژێم ڕێک بکەوین، بەیەکەوە بەرگری لە عێراق بکەین.

٢- ئەگەر عێراق ڕەفزی ڕێککەوتن بکات، ئێمەش ئازاد دەبین.

ئەویش لە وەڵامدا گوتوویەتی: ئەمە موبادەرەیەکی گرنگە لە لایەن ئێوەوە، من عەرفات ئاگادار دەکەمەوە، ئەو دەستپێشخەرییە بە براکەی سەدام ڕادەگەیەنم.

شەو قسەم لەگەڵ مام جەلال کرد لە شام، گوتی:

١- سبەی بەرەو ئەمریکا دەڕۆم، لە سویسرا قسەت لەگەڵ دەکەم.

٢- لە شام چەندان چالاکی کراوە: بەیان دەرکراوە لە لایەن موعارەزە و بەرەی کوردستانیشی تێدایە، کۆبوونەوە لە باڵەخانەی سەفارەتی کوێت بە بەشداریی بەرە لە شام بووە، کە ئەمیرێکی کوێتی تێدا بووە، حیزبی شیوعیی عێراقی نوێنەری بەرە بووە بۆ خۆپیشاندان.

٣- برادەرانی وڵات لەگەڵ ڕیسواکردنی هەڵمەتەکەن.

پێم گوت، کەواتە قسەکانی خۆمان سبەی دەکەین، بەڵام لە بیرت نەچێت، ئەمریکا دەزگەیەکی پەخشی ڕادیۆییمان بۆ تەرخان بکات.

گوتی باشە، برادەرانیش داوایان کردووە، شتێکمان بۆ بکەن، وەک لە ئێران کردیان کە تەلەفزیۆنی عێراق ڕابگرن.

هەر ئەمشەو لە سکای کەناڵ تەسریحێک بە ناوی بەرەی کوردستانی بڵاو کرایەوە، بەرەی کوردستانی بۆ پاراستنی وڵات لەو هەڕەشەیە، ئامادەیە گفتۆگۆ لەگەڵ حکوومەت بکات، گەر مافی کورد دابین بکات.

دوای لێکۆڵینەوە، د. بەرهەم گوتی: د. مەحموود ئەم لێدوانەی داوە.

حوسنی موبارەک، لە وتارێکیدا هێرشی کردە سەر عێراق و داوای کۆبوونەوەی لوتکەی کۆمکاری عەرەبیی کرد.

## سەدام تەواو بووە

١٩٩٠/٨/٩

مام جەلال لە ژنێڤەوە تەلەفۆنی کرد، گوتی:

١- سەدام کاری تەواو بووە، دەبێ نەمێنێت، ئەمە بۆچوونی ڕوونی "حافظ الاسد"ە.

٢- نابێ دوودڵ بین، دوودڵی بکوژییە، سەردەمی گلاستنۆسە.

٣- برادەران لە وڵات شتەکەیان حەسم کردووە، پێیان باشە ئەم سەفەرەی ئەمریکا بکەم.

٤- داوای یارمەتیی ماددی، تەئیدی سیاسیی عەسکەری... ئیزاعە هەموو شتێک دەکەم...

کۆبوونەوەی لوتکەی کۆمکاری عەرەبی لە قاهیرە دوا کەوت بۆ سبەی.

لەگەڵ حەمەتۆفیق، هۆشیار زێباریمان دی، کە شیروانی موحسن دزەیی لەگەڵدا بوو. باسی وەزعمان کرد. دەرکەوت لای ئەو مەسەلەکە حەسم کراوە، ئەویش بەلاداشکاندنی هەڵمەتە جیهانییەکەیە و گوتی: بەیانی بەرەی کوردستانییمان وەک لێدوان چەند جارێک بڵاو کردۆتەوە.

١٩٩٠/٨/١٦

مامۆستا نازم گەڕایەوە پاریس، نامەیەکم پێدا نارد بۆ سەرکردایەتیی شۆڕشگێڕان.

١٩٩٠/٨/١٧

ڕۆژنامەی "الحیاة" دیداری مام جەلالی لەگەڵ واشنتن پۆست، بڵاو کردەوە.

## ئازاد نەبوو

١٩٩٠/٨/١٩

ئەمشەو لەگەڵ مامۆستا نازم لە پاریس و فەرەیدوون لە ستۆکهۆڵم تەلەفۆنم کرد. ڕەئیی خۆمم دەربارەی بارودۆخی کەنداو و ئەو ڕێککەوتنەی ئەم دواییەی عێراق-ئێران پێ گوتن.

ئێوارە مامۆستا عەبدوڵڵا لە تارانەوە تەلەفۆنی بۆ کردم. گوتی لەگەڵ نەوشیروان و مولازم عومەر لە تارانین، من سبەی دەگەڕێمەوە قاسمەڕەش.

مامۆستا مشەوەش دیار بوو، دیار بوو نەیدەتوانی بە ئازادی قسەکانی بکات، هەر ئەوەندە گوتی:

لەمەودوا تۆ سەرچاوەی بڕیاری ئێمە دەبیت، هیچ بڕیارێک نادەین.

گوتیشی: با مامۆستا نازم پەلە نەکات بۆ گەڕانەوە.

کە پێم گوت دەچینە دیمەشق بۆ دیتنی مام جەلال، گوتی: ئەمە باشە.

١٩٩٠/٨/٢٠

د. لەتیف لە ئەمریکاوە هاتۆتەوە، تەلەفۆنی بۆ کردم. گوتی: مام جەلال لێدوانی نەداوەتە واشنتن پۆست، بەڵام لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دانیشتووە. ئەوەی لەو ڕۆژنامە بڵاو کراوەتەوە قسەی باشە، نەک وەک ئەوەی لە "الحیاة" بڵاو کراوەتەوە.

مام جەلال لە ئەمریکاوە گەیشتۆتە شام.

## لەشکری کوردی

١٩٩٠/٨/٢١

ئیمڕۆش ڕۆژنامەی ئەلحەیات بڵاوی کردەوە، کە یەکێتی و پارتی خەریکی پێکەونانی لەشکری کوردینە، بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی. مام جەلال و مەسعوود لەسەر سنوور دانیشتوون، ئەم بڕیارەیان داوە.

## ۱۸۰ دەرەجە

۱۹۹۰/۸/۲۷

بەیانی، مامۆستا عەبدوڵڵا و شێخ عەبدولکەریم لە سەردەشتەوە تەلەفۆنیان کرد، دیار بوو دڵخۆش بوون کە ۳۰% ئومێد زۆر بووە و خۆیان سازداوە، جا نازانم بە حیسابی رووخانی رژێم، یان دیسان پەیوەندییەکی تر دەستی پێ کردۆتەوە، گوتی: جاری پێشوو کە قسەمان لەگەڵ کردی جیاوازە لەگەڵ ئێستا، ئێستا ۱۸۰ دەرەجە وەزعەکە گۆڕاوە. هاتنەوەی خۆت و شەوکەت پێویستە.

## ناڕەزایی لە مام

۱۹۹۰/۸/۳۱

یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ئینگلتەرا کۆڕێکیان دەربارەی: ئایا ئیمڕۆدا کورد لە بارودۆخیدا چی بکات؟ ڕێک خست.

د. شەفیق قەزاز وەرەقەیەکی ئامادە کردبوو، وەک ئەگەر و لێکدانەوەی پێشهاتەکانی کورد.

ئەوانەی دژ بە یەکێتی و مام جەلال بوون زۆر بوون، ئەو لێدوانانەی کە لە "الحیاة" بڵاوی کردبووەوە زۆر باس کرا، تیروتوانجی زۆری تێ گیرا.

من چەند قسەیەکم کرد، خەڵکەکە پێیان باش بوو.

## عەرەفات مفاوەزاتمان بۆ دەکات

١٩٩٠/٩/٣

عادل موراد تەلەفۆنی کرد، گوتی گفتوگۆ لەگەڵ میری لە ڕێگای عەرەفات بەرەو پێش چووە. گوتی: لەوە زیاتر ناڵێم.

"شازاد سائیب" تەلەفۆنی کرد کە گلەیی لە هۆشیار زێباری بکەم، لەسەر دیدارەکەی لەگەڵ ڕۆژنامەی "N. R. C" لەسەر یەکێتی و مام جەلال.

دیارە شازاد بەلای مفاوەزات دادەشکێنێ، پێی وایە حکوومەت دەمێنێ.

ئەمە ڕەئی حەمەتۆفیق ڕەحیمیشە کە قسەم لەگەڵ کرد.

ئێرانییەکان داوای مەسعوود و نەوشیروانیان کردووە، بە ڕوونی پێیان گوتوون:

لەگەڵ عێراق وا ڕێک دەکەون وەزعەکە وەک ساڵی ١٩٧٥ی لێ دێتەوە. چەک و کۆبوونەوە لەسەر سنوور نامێنێت، ئامادەشین پێش ڕێککەوتنەکە چەکی زیادەشتان بدەینێ، گەر سنوور جێ بهێڵن و بچنە ناوەوە.

مامۆستا عەبدوڵڵا و فەرەیدوون تەلەفۆنیان کرد، مامۆستا گوتی: مام جەلال نامەی ناردووە، دەڵێ: کە سەفەری ئەمریکام کردووە، ڕەئی فؤاد و حەمەتۆفیقم وەرگرتووە.

## گلەیی لە هۆشیار

١٩٩٠/٩/٥

کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی بوو، من و هۆشیار زێباری و عادل مراد و دڵشاد میرانییش ئامادە بووین.

ئەو کۆبوونەوەیە لە بەرنامەی لە کۆبوونەوەی پێشووتر بوو.

بڕیار درا ئەو کۆڕە لە ١٩٩٠/٩/١٥ بکرێت، ئەوانەی قسە دەکەن، من، هۆشیار زێباری، لە سۆسیالیست یەکێک دیار بکرێت، یەکێکیش حیزبی شیوعیی عێراقی، دڵشاد میران لە لایەن پارتی گەلەوە ئامادە دەبێت.

گلەیی و گازاندە هەبوو لە هۆشیار زێباری لە لایەن ئێمە و حیزبی شیوعیی عێراقییەوە.

١٩٩٠/٩/٦

د. بەرهەم تەلەفۆنی کرد، کە مام جەلال قسەی کردووە، ئەویش پێی گوتووە: فؤاد قسەم لەگەڵ بکات، هەوڵ بدات زوو ئیشەکەی جێبەجی بکات، چونکە بۆ چوونەوە و سەردانی سعوودیە پێویستمان پێی دەبێت.

ئارامگەی شوانمان ڕێک خست.

## پینەکردن

١٩٩٠/٩/١٥

مام جەلال لە مەدینەوە تەلەفۆنی کرد، گوتی:

١- ئێستا وا لێرەم، گفتوگۆ دەست پێ دەکات.

٢- ئێرانییەکان داوای هەڤاڵبەندییان کردووە لەگەڵ پارتی و "مجلس الاعلی"، لە کاتی پشێویی ناو عێراق، ١٠٠ هەزار کەس بە بەرگی کوردییەوە بچنەوە ناو عێراق. برادەران سەرزارەکی موافق بوونە لەبەر زرووفی خۆیان.

گوتی: من ئەوە بە ترسناک دەبینم، وا باشە ئەوە نەکەن.

منیش پشتگیری ڕەئییەکەیم کرد، کە شتی وەها نابێ بکرێت.

٣- کۆشش بۆ بەرەیەکی گشتی لە ئارادایە، کە ببێتە بەدیل بۆ سەدام. ئێمەش مولازم عومەر و کۆسرەتمان داناوە.

٤- نامەکەی تۆم بە دەست گەیشت، بە هەمان مەفهوومی نامەکەی تۆ، نامەیەکم بۆ برادەران نارد، کە ڕۆژی پێنجشەممە کۆبوونەوەیان هەیە. نەوشیروان نامەیەکی بۆ من ناردووە، دەڵێ: لە ڕەئی تۆ دەرناچم، بەڵام ئەو کارەی ئێستا بە من سەرپەرشتی ناکرێت.

٥- مولازم عومەر نامەیەکی بۆ ناردووم، پیاو گریانی بۆ دێ، ڕووخاوە، دەڵێ: تەسلیم دەبمەوە یاخود دادەنیشم! وەڵامم داوەتەوە با دانیشێت، بە پێنج پەنجە بۆی مۆر دەکەین.

٦- مەسەلەی گفتوگۆ هیچ شتێکی لە گۆڕێ نییە، موکەڕەم تاڵەبانی دەڵێ؛ کە هیچ وەڵامێکم وەرنەگرتۆتەوە، د. مەحموودیش کە خەریک بووە، هیچ وەڵامێکی وەرنەگرتۆتەوە، کەواتە بۆ خۆمان دەستکراوەین.

مام جەلال گوتی: زوو زووش تەلەفۆنت بۆ دەکەم.

ئێوارە کۆڕەکەی بەرەی کوردستانی بوو، لە یەکێک لە ژوورەکانی دانیشگای لەندەن ساز کرا... هۆشیار زێباری هەندێ قسەی بە ناوی بەرەوە کرد، ئەوجا ڕەسووڵ مامەند چەند پۆرتێکی شکاند، سەرەتا گوتی: لەگەڵ نارەزایی داگیرکردنی کوێت نین، کوێت بەشێک بووە لە عێراق! دوایی لە وەڵامی پرسیارێک سوورەیا خان لێی کرد، گوتی: من وەک عێراقییەک بیر دەکەمەوە.

هێرشی زۆری کرایە سەر، منیش ڕەدی قسەکانیم دایەوە، دیار بوو خەڵکەکە پێی خۆش بوو، کیشەی من تەسریحی مام جەلال بوو بۆ واشنتن پۆست، کە هەوڵم دا پینەی بکەم.

شازاد نامەکەی نەوشیروان، کە بۆی ناردووە پێی دام بیخوێنمەوە، نامەیەکی مەوزوون و مەعقووڵ بوو، تاکە گلەیی کە هەیبوو، لێدوانەکەی مام جەلال بوو.

## ستافێک دابنێت

١٩٩٠/٩/١٨

ئەمشەو مامۆستا نازم و مامۆستا عەبدوڵڵا لە مەهابادەوە تەلەفۆنیان کرد، گوتیان:

١- کۆبوونەوەکە کۆتایی هات، وەک دەعوەتێک بوو.

٢- نەوشیروان و مولازم عومەر موافق بوون لەسەر بۆچوونەکانی مام جەلال، گوتیان لە قسەی ئەو دەرناچین.

٣- بۆ راپەڕاندنی ئیشوکارەکان، سەرکردایەتییەکی تازە داندراوە.

لە شۆڕشگێڕان؛ مامۆستا نازم، مامۆستا چەتۆ. لە کۆمەڵە؛ حەسەن کوێستانی، عومەر فەتاح و یەکێکی تر نازانم کێیە لە تەلەفۆنەکەی تێینەگەیشتم.

٤- داوا لە مام جەلال کراوە مەرکەزێک لە دەرەوە دابنێت، بۆ خۆی ستافێک دابنێت.

## داوای سیاسی

١٩٩٠/٩/٢١

بەپێی ڕۆژنامەکان، دوێنێ وەفدی بەرەی کوردستانی: مام جەلال، د. مەحموود، سامی عەبدولڕەحمان، موحسین دزەیی

فەرەنسییەکانیان بە شێوەیەکی ڕەسمی و ئاشکرا بینیوە.

مام جەلال دەریبڕیبوو کە داوای سیاسییان لە فەرەنسییەکان هەیە، نەک داوای چەک. کە لە داهـــــاتووی ڕۆژهەڵاتـــــی ناوەڕاست چارەسەری کێشەی کورد بکرێت.

## مادام میتران

١٩٩٠/٩/٢٢

مام جەلال لە پاریسەوە تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی:

١- هاتنمان بۆ پاریس زۆر سوودبەخش بووە.

٢- مادام میتران مەسەلەکانی ڕێک خستبوو.

٣- وەزیرێکمان لە وەزارەتی خاریجییە بینی "ئاستی وەکیل وەزارەت" گوتی: لە کۆبوونەوەی ڕابردووی سەرانی ناتۆ، بۆش چووەتە لای میتران پێیان گوتووە، جێگای خۆشحاڵییە کە گرنگیی بە مەسەلەی کورد و خەڵکی کورد دەدەن. ئەویش پێی گوتووە: کارەکانی ئێمە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدایە، بەڵام گەر ئێوە گرنگیی پێ بدەن، ئەوە لە هەموو لایەکەوە حیسابی بۆ دەکرێ.

دوای ماوەیەک بۆش، دوو ئەمریکی ناردووە بۆ لای میتران، دوو سەعات لەگەڵی دانیشتووە.

٤- لە کۆشکی ئێلیزیە مستەشاری میترانیان دیوە.

٥- لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە، مادام میتران لەتەک وەفدی بەرە دانیشتووە.

٦- ڕۆژی ٧ی تشرینی دووەم لە کۆنگریس باسی مەسەلەی کورد دەکرێت.

٧- ڕەئی میتران ئەوەیە تەئمینی مافی گەلی کورد بکرێت، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست حیساب بۆ کورد بکرێت، وەک نەتەوەیەک لەم ناوچەیەدا.

## دوو کۆنفرانس

١٩٩٠/١٠/٢١

ئیمشەو مامۆستا نازم و مامۆستا عەبدوڵڵا تەلەفۆنیان بۆ کردم و گوتیان:

١- لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە قاسمەڕەش، پێرێ، بە تێکرای دەنگ بڕیار درا باڵەکانی ناو یەکێتی ڕێک بخرێن.

٢- کۆمیتەیەک لە؛ کۆسرەت، مامۆستا چەتۆ، عومەر فەتاح پێک هاتووە، بۆ دانانی بنچینەیەک بۆ کۆنفرانس و هەنگاوەکانی.

٣- فەرەیدوون تەکلیف کراوە موراجەعەی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بکاتەوە.

٤- بۆچوونی گشتی وەهایە دوو کونفرانسی گشتی بکرێت، یەکێکیان بۆ دەرەوە، ئەوی تریان بۆ ناوەوە.

٥- کۆمەڵەش لەم ڕۆژانە پلینیۆمێکیان دەبێت، بۆ بڕیاردان لەسەر ئەم مەسەلەیە، کە ئەوان بڕیاری پێشوویان نییە لەسەر یەکبوون.

٦- نەوشیروان هەڵوێستی باش و ئیجابی بووە.

٧- منیش دڵخۆشیی خۆمم نیشان دا و پیرۆزباییم لە هەمووان کرد، لەسەر ئەم هەنگاوە پیرۆزە.

١٩٩٠/١٠/٢٢

نامەیەکم بۆ نەوشیروان نارد و پیرۆزباییم لێ کرد، لەسەر ئەو ڕۆڵەی کە هەیبووە بۆ یەکبوون.

هەروەها نامەیەکیشم بۆ برادەرانی شۆڕشگێڕان نارد، بۆ هەمان مەبەست. بۆم نووسین کە من بە هیچ شێوەیەک لە هیچ شوێنێک قسەم لەسەر نەوشیروان نەکردووە!

## پەلە مەکەن

١٩٩٠/١٠/٣٠

ئیمشەو قسەم لەگەڵ مامۆستا چەتۆ کرد، دەرکەوت کە شەوێ لە تاران گەڕاوەتەوە سەقز، نەخۆشیی دڵی گرتووە.

١- لێم پرسی: ئێوە نامەتان ناردووە دەڵێن دەست بە

کۆنفرانسەکانی دەرەوە بکەن، کەچی کۆسرەت دەڵێ پەلە مەکەن.

٢- بۆ دوو کۆنفرانس هەبێت بۆ یەک نەبێت؟! بۆ دەرەوە دەیان کەس خۆیان هەڵدەبژێرن، بەڵام بۆ ناوەوە خۆی لێ ناکەن بە ساحێب.

٣- ئەندامانی سەرکردایەتی ئێستا وەزعیان چۆنە؟ ئەوانەی لە دەرەوەن خۆیان هەڵدەبژێرن، یان لەسەر ناوەوە؟ گوتی: من ناتوانم وەڵام بدەمەوە، سبەی سەفەر دەکەم، جوابتان لێ دەگێڕمەوە، هێشتا ئێمە وەک کۆمیتە دانەنیشتووین، بۆ باسکردنی دانانی هەنگاوەکانی یەکبوون.

## بەرەڵایی

١٩٩٠/١١/٨

عومەر تەلەفۆنی کرد، گوتی: لەسەر داوای مام جەلال د. کەمال یەکشەممەی داهاتوو دێتە ئێرە.

ئێوارە لەگەڵ حەمەتۆفیق و شازاد دانیشتم، باسی باردۆخی گشتیمان کرد، هەردووکیان ناڕازی بوون لەسەر وەزعی ناو یەکێتی، ئەو بەرەڵاییەی لەناو ڕیزەکانی لە دەرەوەدا هەیە.

حەمەتۆفیق گوتی: لە قاسمەڕەش کۆبوونەوەیەکی فراوانی کۆمەڵە بووە، دەوری ١٥٠ ئەندامی تێدا بەشدار بووە، بە یەکبوونەکە ڕازین.

عـومەر تەلەفـۆنی کـرد، گـوتی: د. کەمـال گوتـوویەتی؛ مامۆستا عەبدوڵڵا وێنەی نامەیەکی بۆ ناردووە، کە ئەسڵەکەشی بۆ من ناردووە، داوا دەکەن کۆنفرانسەکانی ئەوروپا ببەسترێت.

۱۹۹۰/۱۱/۹

بەیانی مام جەلال تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی؛ دوێنێ شەو گەیشتوومەتە ئێرە، ئێستا پەسیوم لێیە، سبەی تەلەفۆنت بۆ دەکەم و یەکتر دەبینین.

## جیش التحریر

۱۹۹۰/۱۱/۱۱

چـوومە لای مـام جەلال لە مـاڵی مامۆسـتا بـرایم، باسـی چالاکییەکانی خۆی کرد:

۱- لە ئەمریکا لەگەڵ "C. I. A" دانیشتووە، ئامادەیی خۆیان نیشـان داوە بـۆ هاوکـاری، بەڵام گوتوویـانە حەز دەکەیـن لە ڕێگای وڵاتێکی عەرەبییەوە بێت، بۆ ئەوەش سعوودیە پێشنیار کراوە.

۲- لە سـعوودیە ئەمیـر نـایفی بینیـوە "وەزیـری نـاوخۆ". پێشـنیاری کـردووە، "حسـن النقیـب" و "ابـراهیم الـداود" و مـام جەلال هاوکاری بکەن، "جیش التحریر"ێک دامەزرێنن.

٣- گوتوویەتی: ئەمە زەحمەتە، دەبێ حیساب بۆ لایەنەکانی تر موعارەزە بکرێت، چونکە دەبێتە قەوارەیەکی سوننە مەزهەب، شیعەیەکی تێدا نییە.

٤- محاوەلە هەبووە جووەکان ببینن، بەڵام پێی گوتوون: لەبەر زۆر شت ناتوانم.

٥- گوتی نەوشیروان و مولازم عومەر بەدووی کڵاوی بابردوو کەوتوون، بە ئومێدی مفاوەزات لەگەڵ سەدام. گوتیشی:

نامەیەکم بۆ ناردوون پێم گوتوون؛ بۆ ماوەی ٦ مانگ دەستووری موکەڕەمم پێ بدەن. جا ئەوە بڕیار بوو لە دەرەوە مەکتەبێک دانێم، لە: د. فؤاد، د. کمال، فەرەیدوون، حەمەتۆفیق ڕەحیم. هەروەها گوتی:

فەرەیدوون موافقە لەسەر بەرنامەکەم. منیش گوتم: موافقم.

٦- بەرنامەکە لە هەموو لایەکەوە زۆر تەواوە.

٧- مام جەلال هاتە سەر گلەییەکانی:

کە من بڕیاری ئەوم هەڵوەشاندۆتەوە، کۆبوونەوەم بە کادیرەکان کردووە بێ ئاگاداری ئەو.

گوتی: تۆ خۆشت دەزانی هەردەم عیلاقەی من و تۆ بەرەو پێشەوە چووە.

منیش شتەکانم بۆ ڕوون کردەوە. بڕیار درا سبەی کۆبوونەوە لە ماڵی د. بەرهەم بێت.

١٩٩٠/١١/١٢

ئەمشەو لە ماڵی بەرهەم کۆ بووینەوە، جگە لە مام جەلال؛ من، د. کمال فواد، عومەر، حەمەتۆفیق، د. خدر، بەرهەم، شازاد، د. لەتیف.

سەرەتا مام جەلال باسی چالاکییەکانی خۆی کرد، کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی، نامەکانی مەسعود، کۆبوونەوەکانی معارەزەی عێراقی.

ئەوجا هاتە سەر باسی وەزعی یەکێتی.

بڕیار درا: سبەی گفتوگۆی نامەکە بکرێت، لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی:

مام جەلال، من، د. کەمال، حەمەتۆفیق ڕەحیم، د. کەمال گوتی: انمانیش بێت، گوترا باشە واتە عومەریش.

هەستم کرد شازاد مورتاح نەبوو لە دانیشتن و قسەکان!

## من تێکم داوە

١٩٩٠/١١/١٣

لە ماڵی د. لەتیف کۆ بووینەوە؛ مام، من، د. کەمال، حەمەتۆفیق، عومەر.

موناقەشەی نامەکەمان کرد، موافق بووین.

گوتم: با موناقەشەی نامەکەی مام جەلال بکەین، بڕگە بە بڕگە مەسەلەی یەکبوونیشی تێدا هەیە، ئەمە قبووڵ کرا.

کە هاتینە سەر یەکبوونەکە، د. کەمال بە پێچوپەنا بۆی هات، کە من تێکم داوە. منیش قسەم کرد: لەم مەسەلەیە هەندێ ناڕوونییەک ڕووی داوە، من لەگەڵ یەکبوونی گشتی بووم، دووەم مافی خۆمە لەگەڵ هەندێ ئەندام دابنیشم، قسەیان لەگەڵ بکەم. مەجالی ئیستیقالەیان نەدەمێ.

مام جەلال گوتی: چۆن "تەعویقت" کرد، ئەم جارە "تەشویقیان" بکە.

گوتم: باشە، من سەرپەرشتیی کۆنفرانسی ئێرە دەکەم، لەگەڵ حەمەتۆفیق، گوتیان: با عومەریشی تێدا بێت.

بڕیارە سبەی؛ مام جەلال، من، د. کمال، حەمەتۆفیق وەک دەستەیەکی سیاسی کۆ ببینەوە.

شەو مامۆستا چەتۆ تەلەفۆنی بۆ کردم، لە ماڵ نەبووم،

دوایی کە گەڕامەوە قسەم لەگەڵ کرد، ئەمە قسەکانی بوو:

١- وەزع باشە، چەند یارمەتییەک دراوە.

٢- ئەو و کۆسرەت و عومەر فەتاح چوونەتە مەڵبەندی یەک بۆ کۆنفرانس، ٣٣ کەس خۆی هەڵبژاردووە، لەمانە ١١ کەس دەرچوون، لە شۆڕشگێڕان تەنیا جەمیل هەورامی دەرچووە.

بۆ سەرپەرشتیی بەتالیۆنەکەش ئەمانە دەرچوون: جەمیل هەورامی، حەمەی حاجی سابیر، کوردۆ گەرمیانی.

گوتم: خۆ چ کاردانەوەیەک نەبووە.

گوتی: تا ئێستا چ دیار نییە.

١٩٩٠/١١/١٤

ئیمرۆ لە ماڵی د. لەتیف لەسەر ئاستی م. س کۆ بووینەوە؛

مام، من، د. کمال، حەمەتۆفیق... باسی ئیشوکارەکان کرا، مام پێشنیاری کرد خۆی و د. کەمال و فەریدون مەرکەزیان لە شام بێت، من لە دەرەوە سەرپەرشتیی کاروبارەکانی ڕێکخستن بکەم، حەمەتۆفیق سەرپەرشتی پەیوەندییەکانی دەولی و کوردستانی بکات.

من موافق بووم، گەرچی خۆم حەز بە پەیوەندییەکانی عەرەبی دەکەم، بەلام لەبەر ئەوەی پاسپۆرتم نییە، ناتوانم سەفەر

بکەم، هەروەها حەز دەکەم بۆ کۆنفرانسی داهاتوو بۆچوونەکانم پێشنیار بکەم، ئەم کارەم پێ خۆش بوو.

١٩٩٠/١١/١٥

شەو لە ماڵی عومەر دەبابە بووین، ئەحمەد بامەڕنییش ئامادە بوو، کۆبوونەوەکە فراوان بوو، باسی بەرەی کوردستانی و دەزگاکانی بوو.

ڕەئیی هەموومان ئەوە بوو بە ئاشکرا نەبینە تەرەفێک لە مەسەلەکە و پشتگیری لایەنێک، بەڵام پێمان خۆشە د. مەحموود لێپرسراوی عیلاقاتی دەولی بێت، گەرچی پارتی هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە هۆشیار زێباری بێت. سامی بە پێداگرییەوە داوای عیلاقاتی عەرەبی دەکات، پێ دەچێت کەس ڕکابەری نەبێت.

مام جەلال گوتی، د. مەحموود گوتوویەتی من تەنازول لەو پۆستە ناکەم. پارتی و یەکێتی سەرکردایەتییان لەدەستدایە، دەبێت ئێمەش شتێکمان پێ بدرێت، ئەهمیەتی هەبێت.

دەزگاکانی داندراون:

پەیوەندییەکانی؛ عەرەبی، دەولی، کوردستانی، ڕاگەیاندن.

بۆ ڕاگەیاندن کەریم ئەحمەد، واتە هۆشیار زێباری لە پەیوەندییەکانی کوردستانی بمینێتەوە، ئەگەر د. مەحموود دەولییەکە وەربگرێت، بەڵام ئایا پارتی بەوە ڕازی دەبێت؟!

ئەحمەد بامەڕنی وەفدێکی لە وەزارەتی دیفاعی فەرەنسی هێناوە بۆ دیتنی مام جەلال.

١٩٩٠/١١/١٧

لە ماڵی د. لەتیف، م. س کۆ بووەوە. پتر باسی کۆمیتەی عیلاقاتی دەولی کرا، ناوەکانیان دەستنیشان کرا.

## چین دەنگی نەدا

١٩٩٠/١١/٢٩

ئەمشەو ئەنجوومەنی ئاسایشی بڕیارێکی دەرکرد، بە هەموو ڕێگایەک کار بکرێت بۆ کشانەوەی عێراق لە کوێت، تا ڕادەی بەکارهێنانی چەکیش.

چین دەنگی نەدا، کووبا و یەمەنیش بە نەخێر دەنگیان دا.

دوا کاتی ئاگادارکردنەوە داندراوە لە ئێستاوە تا ١٩٩١/١/١٥ واتە ئەگەرەکانی شەڕوپێکدادان دەکەوێتە دوای ئەو ڕۆژەوە.

## تاریق و بیکەر

١٩٩٠/١١/٣٠

سەرۆک بۆش داوا لە سەدام دەکات تاریق عەزیز بنێرێت، بۆش لەگەڵی دادەنیشێت، ئەویش بیکەر وەزیری دەرەوە دەنێرێت بۆ دیتنی سەدام.

من لەو باوەڕەدام:

١- بۆش دەیەوێ دواتر گلەیی لێ نەکرێت، کە هەموو هەوڵەکانی نەداوە، بە تایبەتییش ئەگەر شەڕ بوو، زەرەریشیان زۆر بوو.

٢- فشاری فەرەنسا و سۆڤیەتی لەسەرە، کە هەموو هەوڵێک بدات.

٣- ماوەیەکە باسی یەکسانیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت، وا پێ دەچێ بە باشی بزانن عێراقێکی تۆزێ بەهێز "بێ بزێوی و پەلاماردانی دەوروبەر" بەرانبەر بە ئێران هەبێت، کە هێشتا تورکیا ساغ نەبۆتەوە، کە ڕەوتی ئیسلامی تێیدا بەهێزە، هەروەها حیساباتی ئیسرائیل. بۆ ئەم تەوازوونە عێراقێکی خاوەن هێز، خزمەتی سیاسەتی ڕۆژئاوا بکات.

بەڵام سەدام دەبێت لەم واقیعە، ئەو خانەیەی بۆ داندراوە، تێبگات؟!

یـاخود وا دەزانـێ لە پـلەی زلهێزەکـانە، دەبـێ هەمـوو ئارەزووەکانی خۆی فەرز بکات؟!

لە ڕۆژانی داهاتوو وەڵامەکە دەردەکەوێت.

١٩٩٠/١٢/١

عێراق بە دوو موبادەرەکەی بۆشەوە چوو، لەپێشەوە تاریق عەزیز دەچێتە ئەمریکا، دوایی بیکەر دەچێتە لای سەدام.

دەبێ ئەمشەو مام جەلال لە پاریس گەڕابێتەوە، وا دیارە ئەو دوو کەسـەی پـێش مـاوەیەک لە وەزارەتـی دیفـاعەوە لەگەڵ ئەحمەد بامەڕنی هاتبوون، لەگەڵی بوون.

١٩٩٠/١٢/٦

بەیانییەکەی حەمەتۆفیق قسەی لەگەڵم کرد بۆ ئەوەی بزانێت بۆچوونم لەسەر دەستپێشخەرییەکەی بۆش چییە.

ئێوارەکەی قسەمان کرد کە یاداشتێک ئامادە بکەین بە ناوی بەرەی عێراقی بۆ وڵاتانی خاوەن دەسەڵات، کە ئەمریکا نیازی کۆنگرەیەکی هەیە، بۆ گفتوگۆکردن لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت. کە مەسـەلەی کـورد بەشـێک بێـت لە کـاری ئەم کـۆنگرەیە. یاداشـتەکەش بە شـێوەیەکی سیاسـی و قانوونییـانە ئامادە بکرێت:

پێم گوت لەسەر فیکرەکە، لە ڕێگایماڵی د. لەتیف مام جەلال ئاگادار بکەوە. لێرەش هەردووکمان و بەرهەم و هۆشیار زێباری دادەنیشین، سەرەقەڵەمەکان ئامادە دەکەین، هەوڵ دەین هەندێ ئینگلیزیزان پەیدا بکەین، یارمەتیمان بدەن لەم ڕووەوە.

حەمەتۆفیق هەوڵی دابوو قسە لەگەڵ مام جەلال بکات، یەکسەر تەلەفۆنی هوتێلەکەی قەتەری کردبوو، بەڵام دیار بوو لەوێ نەبوون.

لە حەمەتۆفیقم زانی مام جەلال ڕۆژی یەکشەممە بۆ کۆنگرە کوردستانییەکە، لەگەڵ کەمال بۆرقای و فتا "دیموکرات" دانیشتووە، بەڵام حەمەی ئاگادار نەکردووە کە تێدا بەشدار بێت.

## ئێمە ڕۆژەکە دیار دەکەین

١٩٩٠/١٢/١٥

ئەوە چەند ڕۆژێکە بۆش هێرش دەباتە سەر سەدام، کە بە دوو پێشنیارەکە ناچێت، ڕۆژی ١٩٩١/١/١٢ داناوە بۆ سەردانی بیکەر بۆ بینینی سەدام.

بۆش دەڵێت؛ ئێمە ڕۆژی ١٩٩٠/١٢/١٥مان داناوە ئەو قبووڵی نەکردووە. ئێستاش چۆن ئەو دیدارە دەبێت. وا دیارە

سەدام نایەوێ کێشەکە ئاشتییانە چارەسەر بکرێت.

سەدام ڕایگەیاند سەردانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ بەغدا بۆ بینینی سەدام، عێراق ڕۆژەکە دادەنێت، نەک ئەمریکا.

ئەمریکا گەر دەیەوێ وەزیری خۆی بنێرێت ئەوە ١٩٩١/١/١٢ی بۆ داندراوە، پێش ئەوە مومکین نییە.

ئەمەش وا دەگەیەنێت عێراق ڕەفزی دەستپێشخەرییەکەی بۆشی کرد. هەندێ چاودێری سیاسی لەو باوەڕدان لەپشت پەردەوە گفتوگ لە نێوان ئەمریکا و سەدام هەیە، نابێ وا بزاندرێت هیچ لەو بەینەدا نەماوە.

## بزووتنەوەش وەردەگرین

١٩٩٠/١٢/٢١

کاوە عەبدوڵڵا لە ئەمریکاوە تەلەفۆنی کرد، گوتی:

مەلا عەلی هەڵەبجەیی دەگاتە لامان، کۆبوونەوەمان هەیە لەگەڵ چەند جیهاتی ئیسلامی، پرسیارمان ئەوەیە:

گەر بزووتنەوەی موسڵمانانی کوردستان لە عێراق، بیەوێت بێتە ناو بەرەی کوردستانی، داوای هەندێ تەعدیل لە پرۆگرامی بەرە بکات، مومکینە؟

گوتم: ئەگەر تەعدیلەکان هەموو ڕێبازی بەرە نەگۆڕێت، ئاساییە، دەتوانن وەفد بنێرن بۆ لای بەرە، پێکەوە دانیشن و موناقەشەی دەستکارییەکان بکەن، بە ڕەئی من لە بەرە وەک ئەندام وەردەگیرێن.

١٩٩٠/١٢/٢٣

ساعی لە تارانەوە تەلەفۆنی بۆ کردم.

گوتی: تازە قسەم لەگەڵ د. کەمال فوئاد کردووە.

عەودالّی مام جەلال و دەنگوباسی کۆنگرەی لەندەن بوو، کە لە ١٩٩١/١/١٨ دەبەسترێت.

## تا سەر نابێت

١٩٩٠/١٢/٢٩

لە ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط" و "الحیاة" بلاّو کراوەتەوە کە موعارەزەی عێراقی لە پێناو ڕووخاندنی ڕژێم گەیشتوونەتە شێوازێک خەباتیان یەک خەن، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام وا دیارە، ئەم کۆبوونەوەیە هێشتا ناوێکی دیارکراوی نییە.

من خۆشم تەوەقووع ناکەم، ئەم گردبوونەوە، یان ئەم

جەبهەیە، تا سەر بێت و بتوانێت شتێک بکات.

بەیانەکەیان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە بەیرووت بڵاو کردۆتەوە.

ئەوەی سەیرە مام جەلال ئاگاداری ئێمەی نەکردووە لەسەر ئەوەی لە شام ئیمزا کراوە!

# بەشی بیستەم

# چەند ڕووداوێکی ساڵی ١٩٩١

**تێبینی:** دەفتەری ساڵی ١٩٩١، نۆ مانگی یەکەمی ساڵەکەی تێدا نییە. دیارە ڕۆژگارەکە پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمە.

١٩٩١/٩/١٤

## کۆبوونەوەی قیادەی سیاسیی بەرەی کوردستانی.

مەسعوود بارزانی:

دوو مەسەلە هەیە بە ڕەئی من باسی بکەین:

١- وەڵامی حکوومەت لەسەر نامەکەی ناردمان بە نووسین هاتۆتەوە لە ١٩٩١/٩/١٢ بە دەستم گەیشتووە.

٢- ناردنی وەفدی بەرە بۆ دەرەوە.

ڕەئی هەبوو کە هەندی شتی تریش باس بکرێت:

٣- وەزعی ئەمنی کوردستان و ئاودیوکردنی مەکینە و ئۆتۆمبێل بۆ ئەودیوی ئێران.

٤- یارمەتیی دەرەوە.

٥- کۆنگرەی موعارەزەی عێراقی لە سعوودیە.

دوایی مەسعوود گوتی:

قائیدی حولەفا هاتە لام لەگەڵ جیفرسون لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، پێی گوتم:

١- مەوقیفی ڕەسمیی ئەمریکا تێنەگەیشتوون، یان باش بۆتان ڕوون نەکراوەتەوە، مەوقیفی ڕەسمی ئێمە:

هیچ تەدەخول ناکەین لە ڕێککەوتنەکەتان، ئێمە سیاسەتی خۆمان هەیە، پەیوەندیی نییە بە ئیتیفاق، موساعەداتی ئینسانی بەردەوامە گەر ئێوە ڕێکیش بکەون.

٢- گەر دەوڵەتی عێراق دەستدرێژ بکات بۆ سەر کورد، تەدەخول دەکەین، بەڵام گەر ئێوە دەستپێشخەر بن، تەدەخول ناکەین.

٣- دەعوەت هەیە بۆ چوونی وەفدی بەرە، حەز دەکەین تۆی تێدا بێت، ئەو کات لە ئاستی بەرزتر دەبینرێن.

مەسعوود گوتی: منیش پێم گوتن: ئێوە ئەگەر تەشجیعمان نەکەن ڕێک نەکەوین، بەدیل چییە؟ ئێمە داوای دڵنیایی لە ئێوە دەکەین بە نووسین.

ئەویش وەڵامی دامەوە، کە ئەو ڕەئییەی من بۆم باس کردی، ڕەئی ئێمە و هەموو وڵاتانی هاوپەیمانان بووە.

ئەوجا مەسعوود هاتە سەر وەڵامی میری، لە تاریخی ١٩٩١/٩/١٢ لە لایەن عزەت دووری نووسراوە.

نامەکەی زۆر بە خێرایی خوێندەوە، نەمتوانی هەمووی

بنووسمەوە، بەڵام ئەم بڕگانەم قۆستەوە:

بعقل وقلب مفتوحين استمعنا الى وجهات نظركم، وتجاوبنا بهذه العقلية مع الكثير من مقترحاتكم.

المشاريع التى وصلنا اليها هى وثائق ذات قيمة وطنية عالية،

نرجوا ان لا يغالوا الاخوان فى الجبهة.

القيادة لا يمكن ان تتعامل مع الاهواء والمزايدات، من جملة ذلک مناطق الحكم الذاتي.

ان مطاليب بعض الاخوة تنطلق من المزايدات والعرقلة، لا تتفق مع بيان اذار.

الحوار والعمل الجاد هو الطريق السليم، ونحن نعتمد على حكمتكم.

نحن مستعدون لحل كل مشكلة.

"الرسالة اشارت الى" اعمال قتل البعثين والتهريب.

"تطلب الرسالة": ان لا يدخل المسلحون المدن.

صبرنا وتحملنا من اجل نجاح الحوار الاخرى.

هناک تصريحات بالتهديدات، والتهديدات الاجنبية.

امل قدومكم الى بغداد لمواصلة الحوار.

من الضروري ابعاد الحركة الكردية عن الالاعيب الدولية كما صرحتم.

ئەوجا مەسعوود گوتی: تەجاوزات زۆرن، ناتوانین پەردەپۆشیان بکەین، گەر خۆمان دەیکەین عەیبە، گەر سەیتەرەمان لەسەر وەزع نییە، عەیبتر.

فؤاد: ئەم نامەیەی حکوومەت هیچ شتێکی تازەی تێدا نییە، هەر هەمان قسەیان دووپات کردۆتەوە، کە بە "ئازاد بەرواری"یان گوتبوو.

ئەوان داوای وەفد ناکەن، بەڵکوو داوای مەسعوود دەکەن. من لام باش نییە مەسعوود بچێتە بەغدا، بۆ سومعەی خۆی و بەرە و بزووتنەوەی کورد.

کەریم ئەحمەد: حکوومەت دەستی زۆرە لەو بێ ئیستیقرارییە، لە کەلار و کفری، دەیەوێ ئیستیقرار نەمێنێت، خەڵک لە مەخموور پێخاوس هەڵدێن، بێ ئەوە پێشمەرگە هیچی کردبێت. گوتی: من ڕەفزی قسەکانی نامەکە دەکەم، کە هێرش دەێنێتە سەر هەندێ لایەن، بە نامەسئوول ناویان دەبات، پێش ئیتیفاق هەموو شتێک جائیزە، بەڵام دوای ئیتیفاق دەبێت ئیلتیزام هەبێت. شتی ئیجابی نامەکە تەنیا بەردەوامیی حیوارە.

مەسعوود:

حەز دەکەم مام جەلالیش لێرە بێت، بەڵام ناکرێ مفاوەزات بکەین و شەڕیش بکەین. چۆن لەگەڵی دائەنیشی و جنێویشی پێ دەدەیت، چۆن لەگەڵی دائەنیشی و شیعاری ڕووخانی بەرز دەکەیتەوە، وەک "طريق الشعب". ئێمە مفاوەزات دەکەین باشە. ئەم دوودڵییە زەحمەتە، خۆم تێی ناگەم.

هیچ لایەنێک حەقی ئەوەی نییە یەکلایەنە گفتوگۆکە تێک بدات، دەکرێ خۆی بە ناوی خۆی تەسریح بدا.

کۆسرەت: "باسی وەزعی کۆیە و تەقتەقی کرد، کە چۆن ئاژاوە بوو، بە کورتیش باسی هەولێری کرد".

سامی:

ئەجوای حیوار عەینی ئەجوای شەڕە.

گەر ئێمە قسە بکەین، ئەوانیش قسە دەکەن.

حولەفا سەر بە سەدام نین، بەڵام ئەوە دووەم جارە دەڵێن؛ خەتای ئێوەیە، نەک حکوومەت.

د. مەحموود: هەندی کەس وا دەزانن، گرەو لەسەر ئەسپی تۆپیو دەکەین، مام جەلال ئەو قسانەی کردووە، گەر حولەفا تەدەخوول نەکەن، مەسەلەکە عەکس دەبێتەوە، خەڵک تەماشای دەمی ئێمە دەکات.

دەبێ تەرکیز بکەینە سەر ناوەڕۆکی مفاوەزات، لە نامەکە سلبیات هەیە، بەڵام داوای گفتوگۆ دەکات.

من لەو ڕەئییەم مەسەلەی ئێمە لە دەرەوە چارە دەکرێت.

لەگەڵ ئەو ڕەئییەش نیم دەرەوە هیچ نییە، بەڵکوو ڕەئیم ناوەندە.

من لەگەڵ ئەو ئیعلامە نیم، هەموو شت ئاشکرا بێت، نهێنی نەماوە.

قادر عەزیز: دەکرێ بۆچوونی جیاواز هەبێت لە مفاوەزات، بەڵام ئێستا سیاسەتی جیاواز هەیە.

فؤاد: حکوومەت دوو مەسەلەی هەیە، ڕەبتی یەکی کردووە: خرووقات، ئیعلام. ئەم خرووقاتانە وەک نەتیجەی سیاسی ئیعلامی هەندێ لایەن تەماشا دەکات.

گەر هێرشی ئیعلامی لە لایەن هەندێ لایەنی بەرەوە بێت، خۆ خرووقاتەکان هی هەموو لایەنەکانە، بەبێ جیاوازی، حکوومەت لەو خرووقاتانە نیگەرانە.

ئێستاش بڕیارمان هەیە، کە مەسعوود مەسئوولەکانی حکوومەت ببینێت، وەفدی دەرەوەش ئەوا دەڕوا، لە ماوەی دوو سێ حەفتەدا مەسەلەکانمان بۆ ساغ دەبێتەوە.

وەفدەکە گەر هەمووی نەگەڕایەوە "مەحزەری جەلسەیەک" بنووسن، هەمووان ئیمزای بکەن و بە فاکس بینێرن.

بڕیار درا لە کۆبوونەوەکانی تر باسی مەسەلەکانی تر بکرێت.

وەفدی بەرە دوای نیوەڕۆ سەفەری کرد: مام جەلال، ڕەسووڵ مامەند، برووسک نووری شاوەیس، هۆشیار زێباری، فەخری کەریم زەنگنە.

١٩٩١/٩/١٦

کۆبوونەوەی قیادەی سیاسی بەرەی کوردستانی

مەسعوود:

له ١٩٩١/٩/١٥ چوومه کەرکووک، عزەت دووری و حوسێن کامیل وەزیری دیفاعم بینی.

عزەت دووری:

مەشکووکین که دەتانەوێ ڕێک بکەوین، هەڵمەتی ئیعلامی و عەسکەریتان بەردەوامە. به تایبەتی که یەکێتی مەوقیفی ڕوونه.

ئایا تا کەی وا بێدەنگ بین، بەم ڕەفتارانه زەرەر له خۆتان دەدەن، هەڕەشەی ئێمه دەکەن، به هاوپەیمانان و به دەرەوە، چ قازانج دەکەن؟!

ئیبتیزازمان دەکەن، ئەوانه لای ئێمه مەرفووزە.

گەر بەغداشتان بدەینێ، ئێوە ناتانەوێ ڕێک بکەون.

بۆ گەڕانەوەی خەڵک بۆ کەرکووک، گەر یەک پۆلیس له یەکێکی پرسی ئاگادارمان بکەن، ئەوانەی خانوویان ڕووخاوە تەعویزیان دەدەینێ، یان خانوویەکی تر.

موشکیلەی ئێمه ئەوەیه وا دەزانین قەناعەتی ئێوە وایه، وەعدتان پێ دراوە، ئێمه دەڕۆین، بۆیه ناتانەوێ لەگەڵمان ڕێک بکەون.

هەردەم بێن ئامادەین، گەر ناشتانەوێ ئەوە شتێکی ترە، به برایانه بۆ هەموو شتێک ئامادەین، بەڵام به زەغت لەوەی پێشمان داون پەشیمان دەبینەوە.

مەسعوود تەعلیقێکیشی لەسەر قسەکان ئەلدووری لێ دا و

گوتی: منیش لەو قەناعەدام بەغداشمان بدەنێ نامانەوێ ڕێک بکەوین.

د. مەحموود، لە مەسعوودی پرسی: قەناعەتی خۆت چییە دوای کۆبوونەوەکە؟

لە وەڵامدا گوتی:

بەم وەزعە و شێوەی ئێمە هیچ لە گۆڕێ نییە، بەڵام گەر مەوقیفمان یەکگرتوو و ئیجابی بێت شتمان پێ دەدەن، زۆر ئیجابی بوون. وا دیارە کۆبوونەوەیان لەسەر مەسەلەی کورد هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. گوتیان: ئێمە شەڕتان ناکەین، بەڵام فشارتان قبووڵ ناکەین، گەر تیا بچین. لە دەرەوەش هەر ئەوەی ئێستا مەقبوولە، کە کەرکووکتان گرت، ئەوجا ڕێگامان پێ درا لێتان بدەین، لەمەی ئێستا زیاتر مەسمووح نییە بۆ هەردوولامان.

قەبارەی ئێستامان بەو شێوەیەی ئێستا لە لایەن دەرەوە مەقبوولە.

مەسعوود پرسی: کەی ئامادەین پێیان بڵێین بچینەوە بۆ کۆبوونەوە؟

کەریم ئەحمەد: وەفدەکە بچێتەوە بۆ دەستپێکردنەوەی ئیشوکارەکان و ناوچەکانی تر، بەڵام مەسعوود لە وەفدەکە نەبێت.

د. مەحموود: جەوەکە تەبیعی نییە، لە لایەن حکوومەت

پێشـــێلکاری هەیە، لە لایەن ئێمەشـــەوە: کـــۆڕ، ڕاگەیانـــدن و ئیستگە، قسە و پەلاماردان هەیە.

ئـــێمە شـــتەکان بە ڕوونـــی بـــاس نـــاکەین، گەر لەســـەر ناوچەکانیش موافق بوون شتی تر هەیە. دیموکراسی، ئەم....

موشـــکیلەی عێـــراق وەک ڕژێـــم لەگەڵ ئەمریکـــایە، نەک لەگەڵ کورد، ئەوانیش دەیانەوێ سوود لە کات وەرگرن.

تۆپەکە لە لای حکوومەتە... چوونە بەغدا سوودی چییە؟!

ئەوەی لە بەینی ئێمە و ئەوان ساغ نەبۆتەوە تەنیا ناوچەی ئۆتۆنۆمییە. گەر مەبەست لە چوونە بەغدا سیقەیە، دەبێ مام جەلال بـــــڕوات. ئەوان لە قســـــە و مەوقیفـــــی مـــــام جەلال مەشکووکن، بێ ئەو ئەم سیقەیە پەیدا نابێت.

سامی: لەگەڵ قسەکانی د. مەحموودم، خرووقات لای ئێمە هەیە، حکوومەتیش بەردەوامە لە سیاسەتی خۆی دژ بە کورد.

درێژەپێـــدانی گفتوگـــۆ خەتـــای ئەوان بـــوو، وەک ئەوەی چـــاوەنواڕی شـــتێک بـــوون لە دەرەوە، موشـــکیلەی ئێســـتامان ناوچەکانە.

مەســـعوود: بە نیســـبەت ناوچەکانمـــان هـــیچ گۆڕانێـــک لە هەڵوێستیان نییە، هەر وەک پێشوون.

١٩٩١/١١/٢

کۆبوونەوەی قیادەی سیاسی بە ئامادەبوونی:

مەسعوود بارزانی، ئازاد بەرواری، فرەنسۆ لە پارتی.

د. فؤاد معصوم، کۆسرەت، عومەر فەتاح، عومەر دەبابە، مامۆستا نازم لە یەکێتی. سامی، مەجید لە حیزبی گەل. عەبدوڵڵا ئاگرین لە پاسۆک. قادر عەزیز و ڕەفیقێکی لە حیزبی زەحمەتکێشان. یونادم یوسف لە بزووتنەوەی ئاشووری.

ئەم کۆبوونەوەیە لەسەر پێشنیاری ئێمە بوو.

مەبەست لە کۆبوونەوەکە:

وەزعی کوردستان دوای کشانەوەی ئیداراتی ڕژێم لە کوردستان.

مەسعوود گوتی: ئازاد بەرواری هاتووە هەندێ لێپرسراوی دیوە، با قسەتان بۆ بکات.

ئازاد بەرواری: لە بەغدا عزەت دووری، حوسێن کامل، عەلی حەسەن مەجید، وەزیری ناوخۆم دی، پێکەوە گوتیان: ئێوە زەرەری زۆر گەورەتان لە ئێمە داوە، فرقەی ٣٦ هەمووی تێک دراوە، لە هەولێر تەعەرووزی ئەمنەکان بوونە و تەعەدای جنسییان لێ کراوە، ئێمەش نامانەوێ شەڕتان بکەین، بۆیە ئیداراتمان کشاندەوە، بەڵام کشانەوەکە چوار بابەت ناگرێتەوە: کارەبا، خواردەمەنی و ئازووخە، تەندروستی و سووتەمەنی. لەوەش هاوپەیمانمان ئاگادار کردیتەوە.

هەروەها بە ئازادیان گوتووە:

دوو پێشنیارمان هەیە:

١- خۆتان پارێزگار و بەڕێوەبەری دائیرەکان پێشنیار بکەن، ئێمەش فەرمانیان بۆ دەردەکەین.

٢- یان ئەگەر دەتانەوێ ئیدارەکان وەک خۆی بمێنێتەوە، پێشمەرگە لە شارەکان بکشێننەوە، ژمارەیەک بۆ تەنسیق بمێنێتەوە.

ئێمەش لێکۆڵینەوەمان لە وەزع و پێشنیارەکانمان کرد. پێشنیاری دووەممان لا باش بوو، چونکە ئێمە وەک یەکێتی لەو باوەڕەدا بووین، مەبەستیان ئەوە نەبووە بەرەی کوردستان ناوی چەند کەسێک بۆ پارێزگار و دائیرەکان دابنێت، بەڵکوو ویستمان پارتی ئەو ناوانە تەقدیم بکات، ئەندامەکانی ئەوان پۆستەکان وەربگرن.

من ئەو پێشنیارانەم پێشکەش کرد، کە بە گشتیی دەنگ وەرگیران و بوون بە بڕیاری بەرە.

١- دەستنیشانکردنی ژمارەی پێشمەرگە لە شارەکان بۆ هاوکاریی پۆلیس و نەهێشتنی دیاردەی چەکداری.

٢- دەستوەرنەدان لە کاروباری دائیرەکان.

٣- لە کوردستان تەنیا بەرەی کوردستانی بارەگای لەناو شارەکان بمێنێت. خەڵکیش سەردانی دادگاکانی دەوڵەت بکەن، لەو شوێنانەی دادگەش نەماون، نۆژەن بکرێنەوە.

٤- جێبەجێکردنی بڕیاری دامەزراندنی شوورا لە شارەکان.

٥- دادگاکان لەناو شۆڕش ئیلغا بکرێن، تەنیا دادگای باڵای شۆڕش بمێنێتەوە.

٦- ق. س بڕیاری دا لیژنەیەکی لە شارەزایانی قانوون بۆ دانانی یاسای هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی گەل، پێک بهێندرێت.

تێبینی:

مەسعوود بەرانبەر ڕەسووڵ مامەند زۆر گرژ بوو، دەیگوت من چیتر نایەمە کۆبوونەوەی بەرە، چونکە ئاوات ئەحمەد لە سۆسیالیست چەندین جار ویستمان بیگرین، برووسکەم بۆ سەید کاکە کرد، نەیگرتووە، حورمەتی قسەی نەگرتووم.

دوایی ڕەسووڵ مامەند ئیزنی خواست و کۆبوونەوەکەی جێ هێشت.

ئێمە بڕیارمان هەبوو کە دیاردەی چەکداری نەمێنێت و پێشمەرگە بکشێنەوە بۆ دەرەوەی شارەکان.

## پێشمەرگە و سووتەمەنی

١٩٩١/١١/١٢

لایەنی حکوومی کۆبوونەوەی بۆ بڕیارەکان هەبوو، یاداشتێکمان ئیمزا کردووە.

سەرەتا پێشمەرگە بکشێنەوە، حکوومەتیش یەکسەر سووتەمەنییمان بۆ بنێرێتە کوردستان.

وەزیری دیفاع گوتی: من حەزم لە تەنسیق نییە، بەڵام لە قیادە پێم گوترا کە بیکەم، ئەم تەنسیقە جۆرێکە لە گفتوگۆ.

دەیانگوت بە هیچ جۆرێک شەڕتان ناکەین، حەز بە شەڕ ناکەین.

جەوهەر نامیق گوتی: وایان نیشان دا سوپا بکێشنەوە، ئینجا دانوستان بکەین.

گوتیان ئیتیفاقمان کردووە، هەر لایەنە و لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە.

م. نازم گوتی: نامانەوێ جەیش تەدەخولی سیاسەت بکات و لە دەرەوەی سیاسەت بێت.

م. سەعد: گوتیان ئێوە پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبوون!

هەستمان بەوە کرد سەرپێچییەکان زۆر بوون، بۆیە کشاینەوە.

فۆاد: من چەند تێبینییەکم هەیە؛

١- دەبوایە پڕۆژەکە باسی ئەوەی بکردبووایە، دۆخی ناوچەکە بپارێزن.

٢- بڕیارەکانی قیادەی سیاسی نەدەبوو، بەبێ بەرانبەر لە کۆشی حکوومەت بکرێت.

٣- تەعبیری -اطراف الحوار ـ والاطراف خارج الحوار نابێ بەکار بێت، کاتی خۆی لێمان قبووڵ نەکردن.

٤- نەدەبوا ژمارەی پێشمەرگە لە ٥٠ بۆ ١٠٠ سنووردار بکرێت، دەبووایە ٥٠٠ بۆ ١٠٠٠ بووایە.

کەریم ئەحمەد: بڕیارەکەمان، ئەگەر چ منیش تێیدا بەشدار بووم، هەڵە بووا دەبا پڕۆژەیەکی تر هەڵبژێرین، ئێمە فەرمانبەرە گەورەکان دەستنیشان بکەین، دوایی ئەوانی تر دامەزرێنین.

ئەوان ئێستا دەیانەوێ ئێمە ٥ کم بکشێینەوە، جەیش بێزارە شەڕی پێ ناکرێ.

جەیش جێبەجێکاری سیاسەتی بەعسە، ڕاست ناکەن بڵێن جەیش لە سیاسەت دوورە.

سوپاش دێتە پێش، چۆن دەڵێین تەدەخولی سیاسەت ناکات. جەیش چی لە ئێمە نەکردووە، ئێستاش ئێمە ئیحتیرامی بگرین!

باشە میللەتی ئێمە ئیهانە نەکراوە کە لە سلێمانی، لە کفرییان دا؟!

پێویستە وەڵامیان بدەینەوە و لێیان بێدەنگ نەبین، مادام ڕێککەوتنمان نییە، ناکرێ لێیان قبووڵ بکەین.

دەبێ سیاسەتی خۆمان جێبەجێ بکەین، تا ئەو ڕۆژەی ڕێک دەکەوین.

دەبی ئێمە لە سیاسەتی خۆمان مەسئوول بین نەک سیاسەتی دەسەڵات.

لە پرۆژەکەی حکوومەت هیچ وەڵامێکی ئیجابی تێدا نییە.

* * *

قادر عەزیز: شتەکانی حکوومەت هەمووی فەورییە، چ ئیلتیزامێکی تێدا نییە، بەڵام شتەکانی ئێمە دەبێ هەموو ئەوان باسی بکەن.

کۆسپ لەبەردەم ئەم ڕێککەوتنە بوونی سوپایە لەنزیک شارەکان، هیچ زەمانێکمان نییە، کە سوپا پەلارمان نادات، بۆیە ناتوانین ڕێگا لە پێشمەرگە بگرین.

م. سەعد: دەربارەی ئەترافی حیوار و خارجی حیوار گوتیان؛ هەندێ لایەن هەیە دژ بەو حیوارەیە، هەروەها لە دەرەوەش.

گوتیان: حیزبی شیوعی عێراقی سەحبی تەخویلی لە "بەرە" کردووە.

م. عەبدوڵڵا ئاگرین: باسمان کرد حکوومەت ئەو هەنگاوەی هاویشت "سەحبی دائیرەکان، دوایی ئازووخە و سووتەمەنیمان لەسەر دەبڕێت".

لە تەخویلەکەدا هاتووە کە هەر حیزبە بارەگایەکی لە شارەکاندا هەبێت.

هەنگاوەکانی حکوومەت هەڕەشەیە لەسەر بەردەوامیی حیوارەکە، ئەوان پێشێلی گفتوگۆیەکە دەکەن.

مام جەلال:

دەبێ لە سەرەتاوە بزانین چیمان دەوێ:

١- نامانەوێ شەڕ دروست بێتەوە، بیانووی شەڕ دەستپێکردنەوە نەدەین، سزای هەر لایەنێک بدەین کە سەرپێچیی دەکات.

٢- بڕیار دەدەین، بەڵام جێبەجێی ناکەین.

٣- پێویستە بەرگرییەکانی خۆمان پتەو بکەین.

برادەران نەدەبا قبووڵی بکەن کەرکووک لە دەرەوەی تەنسیق بێت، لە ساڵانی ١٩٨٣ و ١٩٨٤ و ١٩٨٥ ئەوەیان لە ئێمە قبووڵ کردبوو.

٤- دەبووایە بەرگری لە هەڵوێستی خۆمان بکەین، بڵێین ئێوە لە کفری و کەلار دەستتان پێ کردووە، بۆیە فرقەی ٣٦ لەناو چوو، من لەم ڕووەوە گلەییم لە نوێنەری خۆمانە.

٥- هەڵوێست لە جەیش غەڵەتە، نابێ کاری وەها بکەین جەیش سەرشۆڕ بێت، بەڵکوو شعوور بکەن کورد دژی جەیش نییە. وا نەکەین جەیش ببێتە دۆستی سەدام و دژی کورد.

٦- مانەوەی پێشمەرگە لە شارەکان لە هەموو ڕوویێکەوە خراپە، کشانەوەی پێشمەرگە داوای خۆمانە.

مەبەستی ڕژێم بە هۆی هەڵسوکەوتی پێشمەرگە ئەوەیە، خەڵک و بەرە لەیەک دابڕێن.

٧- دەبێ ئاگامان لە ئێرانییەکان بێت، کە خۆیان نەخەنە ناوەوەمان و دوایی نەتوانین هیچ بکەین.

٨- مەجال نەدرێ کوتلەی چەکدار لەناو شارەکاندا هەبێت، هێزەکانی دەرەوەی بەرە مافی چالاکییان نییە، تەنیا ئازادی بیر و بۆچوون و تەشکیلاتیان هەبێت.

٩- حکوومەت زۆر لایەنی سلبی هەیە. دەیەوێ شەڕ هەڵگیرسێتەوە، جەیش لەبەر خاتری ئێمە نەبوو، بەڵکوو بۆ ئیعادەی تەنزیم بوو، بۆیە دەبێت بزانین بۆ دێتەوە.

نەدەبوو ئەو شەرتەیان لێ قبووڵ بکەین، کە خیلافات لە نێوان ئێمە و حکوومەت پەیدا بوو، نابێ خواردەمەنی و سووتەمەنی لە کوردستان ببرن.

بۆ ئێمە ١٠٠ هەزار سەرباز و ئەفسەرمان بۆ حکوومەت ئازاد کرد، کەچی ئەو یەک کەسی ئێمەی بەرنەداوە.

بەبێ ڕێککەتنی حکوومەتیش، خۆمان اجرائات بکەین بۆ ڕێکخستنی وەزعی شارەکان. ئەویش پێشمەرگە ببینە دەرەوەی شارەکان.

من چ اعترازم لەسەر ڕاگرتنی وەزع و شەڕ نەکردووە و نییە.

وەفدی ئێمە سیلاحەکانی ئێمەی بەکار نەهێنا، دەبێ ئێمەش تەهدیدیان بکەین. گەر سوپای حکوومەتیش بێتە پێش، وا دەکەین شارەکان چۆل بکرێن.

* * *

مەسعوود بارزانی:

کە بڕیاری گفتوگۆمان دا، بەعسمان دەناسی و چی کردووە، گەر وەک جاران بووایە، لەگەڵ ئێمە ڕێک نەدەکەوت، بۆمان بکرابووایە تا حەمرین دەچووین.

ئەوان و ئێمە هەردوولا ناچارین گفتوگۆ بکەین.

بۆ ئێمەش لە دەرەوەش خاریجی حوکمی زاتی حیسابی بۆ ناکرێ.

بڕیار دراوە شەڕ بوەستێت، تا دەگەینە قەناعەت و ئەنجامێک.

لە کاتی گفتوگۆ مەفرووز نییە شەڕ و لێکدان هەبێت.

من لەگەڵ ڕەئی مام جەلالم کە نەمانزانی چۆن تەعامول لەگەڵ جیش بکەین، پاش گفتوگۆ خرووقاتی ئێمە زیادی کردووە.

با واز لە حکوومەت بهێنین، ئایا ئەو فەوزایەی ئێستا لە قازانجی میللەت و خۆشماندا نییە. میللەت تەحەمولی ئەم خرووقات و بەڕەڵایە ناکات.

دەبێ کاری عەمەلی بکەین، دەنا هەرەسی خۆمان ڕادەگەیەنین..

ئێمە بە دەستی خۆمان وڵات کاول دەکەین، کارنامەی

وەفدی تەنسیقێکی سنووردار بووە، دەشبێت بزانین ئێمە چیمان دەوێ!

لەگەڵ حکوومەت ڕێک کەوین یان نا، دەبێ پێشمەرگە لە شارەکان دەرچن.

فؤاد: پێویستە پلانێکی تەواومان هەبێت:

١- پێشمەرگە لە شارەکان بکشێنەوە، خەڵک ئاگادار بکەینەوە، کە ئەم کشانەوەیە لە ترسی حکوومەت نییە.

٢- پلانێکی باش دابندرێت بۆ دیفاع لە شارەکان و ڕێگاگرتن لە پەلاماریی جەیش، خەڵکیش بەم پلانەش بزانێت.

٣- یو. ئێن ئاگادار بکەینەوە، کە حکوومەت نیازی هێرشی هەیە، ئێمە چی بکەین؟ نەک کە بەرگرییمان کرد، نەڵێن: ئێوە شەڕەکەتان هەڵگیرساندەوە.

٤- حکوومەت ئاگادار بکرێتەوە گەر پەلاماری شاری هەولێر بدات، چۆلی دەکەین و بەوەش مەجال دەبێت لە حکوومەتی عێراق بدرێت.

کەریم ئەحمەد: گەر پێشمەرگەش سەحبی کرد، ئایا شوێن و بارەگامان دەبێت، تێیدا بمێنینەوە؟!

عەبدوڵڵا ئاگرین: دەبێ بزانین جەیش دێتەوە یان نا؟

بە ڕەئی خۆم جەیش دەگەڕێتەوە، بەڵام ئیحتیرام و هەیبەتی جارانی نەماوە. دەبێ پلانی حکوومەت پووچەڵ بکەینەوە. ئەگەر حکوومەت بڕیاری دا جەیش بگەڕێتەوە، دەگەڕێتەوە.

سامی: ئەو خاڵانەی باسمان کرد بڕیاری بەرە بوون.

لە کۆبوونەوەی خۆمان باسی "الوضع الراهن"مان نەکرد.

موناقەشەی برووسکەی مەسعوودمان کرد، کە بۆ حکوومەتی ناردبوو.

گوتیان: سوپا نایەتە پێش.
خۆی عزەت دووری گوتی: جەیش دۆستی خۆتان بوو، بۆ واتان کرد ببێتە دوژمنتان.
با تەماشای مەحزەر بکەین، بزانن ئێمە چیمان کردووە، کە بە پێچەوانەی بڕیارەکانی بەرەیە.
سامی و مەسعوود و عومەر موناقەشەیەکی لاوەکییان کرد.
عومەر گوتی: ئێمە پەرۆش نەبووین. سامی گوتی: عادەت وایە وەسیقە دەخوێندرێتەوە، هەموو لایەک موناقەشەی دەکات، ئەوانیش شەرحی وەسیقەکە دەکەن و دیفاعی لێ دەکەن، ئەوجا "یغلق النقاش".
عومەر: من ئیزنم وەرگرتووە لە ڕئیس مەجلیس، دوای ئیعلانی غەلق موناقەشە نەکراوە.
مام جەلال: دەبێ شتەکان بە چاوێکی فراوان تەماشا بکەین، دەبا داوا بکەن سوپاکە بکشێتەوە.
دەبێ داواکارییەکانمان هەمووی یەک لە دوو یەک دوای ئینسیحابی پێشمەرگە دەست پێ دەکات.
جەوهەر نامیق: وەفدەکە بۆ چەند خاڵێک چووە، نەک بۆ گفتوگۆ دەربارەی گفتوگۆ.
مام جەلال: حکوومەت ئەو جارەش دەیەوێ کە شارەکانمان چۆڵ کرد بیانگرێتەوە.
مەسعوود: باشە هاوپەیمانان تەدەخول دەکات؟
مام جەلال: من هەندێ پێشنیارم هەیە.
١- کشانەوەی پێشمەرگە لە شارەکان.
٢- هێڵی بەرگری بۆ شارەکان و شوێنە گرنگەکان.
٣- بارەگای حیزبەکان ١٠ تا ١٢ چەکداری هەبێت،

چەکداریش دیار نەبێت، لە جیاتیی کلاشینکۆف دەمانچە هەڵگرن.

٤- سزادانی پێشمەرگەی لاسار و سەرکەش.

٥- دانانی ژمارەیەکی کەم لە پێشمەرگەی ڕێکوپێک بۆ ناو شارەکان.

بڕیاری لەسەر درا...

# بەشی بیست و یەکەم

# ڕووداوەکانی ساڵی ۱۹۹۲

## لە تورکیا

١٩٩٢/١/١٣

من، نەوشیروان، حەمەتۆفیق، سەرچڵ، لە خاریجییەی تورکیا سەعات نۆ مەوعیدمان هەبوو.

قول تورک کورنچین، لەگەڵ دوو موساعیدەکەی لەگەڵمان دانیشتن، پوختە دیدارەکەمان:

١- ئێمە لەگەڵ پارچەکردنی عێراق نین.

٢- کورد لە عێراق برا و کەسی کوردی هاونیشتمانی ئێمەیە لە تورکیا.

٣- غەرب دەیەوێ لە عێراق ڕژێمێکی دیموکراتی هەبێت، کە بە یەک دوو ڕۆژ تەواو نابێت.

٤- ئێوە کە کۆنگرەتان هەیە، پێویستە تەرکیز بکەنە سەر یەکێتیی عێراق و دیموکراسییەت لە عێراق.

٥- دەربارەی هەڵبژاردنی پەرلەمان، ئێوە وەک بەرە خۆتان بڕیار بدەن، بەڵام ئەوەیان پێویستیی چییە؟ مومکینە سلبی بۆتان حیساب بکرێت.

دیار بوو ناڕەحەت بوو لەم هەنگاوەی ئێمە، چونکە لە کوردستانی خۆیان ئەترسان، تەنانەت گوتی: ئەگەر دیموکراسی لە عێراق هەبێت، حوکمی زاتی ناوێت.

## هەڵبژاردن چۆن بێت؟

١٩٩٢/١/١٩

ئیمڕۆ کۆبوونەوەی قیادەی سیاسیی بەرەی کوردستانی بوو.

لە شارەکانی کوردستان، کەسانی شارەزا کۆمەڵێک قانوونییان بۆمان ناردبوو، پیشتر داوایان لێ کرابوو بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان دیراسەتی بکەن.

ڕەئی ئەوان وەها بوو، کە هەڵبژاردنەکە دائیری بێت، نەک شێوەی ڕێژەیی.

ڕەئی ئێمە و پارتی لەسەر شێوەی هەڵبژاردنەکە دائیری بوو، کە ئەم شێوەیە ئاسانە و وردەکاریی تێدا نییە، بەڵام کەریم ئەحمەد "حیزبی شیوعی عێراقی" لەگەڵ نسبییەکە بوو. سامی عەبدولڕەحمان لەگەڵ نسبییەکە بوو، بەڵام ئامادەی کۆبوونەوەکەش نەبوو. قسەم لەگەڵ مامۆستا کەریم کرد، گوتم: وەک حیزب خۆتان تەقدیم بکەن، دەنگ ناهێنن، بەڵام ئێوە شەخسییەتتان هەیە، بۆیە بۆ دائیری بۆ ئێوەش باشە.

گوتی: لە کۆبوونەوەی داهاتوو دوا ڕەئی دەدەین، ڕەنگە ئەگەر موافقیش نەبین، بێلایەنی نیشان دەدەین نەک ڤیتۆ.

دەربارەی کۆبوونەوەکانی ئەم دواییەی کە د. مەحموود تەکلیف کرابوو بینووسێت... پارتی موافەقەتی نەکرد، گوتیان با بەلاغەکە دوا خرێت، تا دەزانین هەڵوێستی حکوومەت چی دەبێت!

دیارە پارتی هێشتا ئومێدیان بە گفتوگۆ ماوە. عەلی عەبدوڵڵا، جەوهر نامیق، فرەنسۆ هەریری قسەیان دەکرد، بەڵام مەسعوود بێدەنگ بوو. نەیویست خۆی ئەم قسانە بکات، بەوانی دەکرد.

ئێمە پێشنیارمان کرد بانگەوازێک بۆ وڵاتانی جیهان دەرکەین، فشار بهاوێنە سەر عێراق بۆ هەڵگرتنی ئەو ئابڵووقە ئابوورییەی خستوویانەتە سەر کوردستان.

بڕیار درا بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو د. مەحموود یاداشتێک بۆ کۆبوونەوە ئامادەی بکات، کە چوارشەممە ١٩٩٢/١/٢٢ دەبەسترێت.

لە ناو قسەکاندا مەسعوود گوتی:

من لە حکوومەت دڵگران بووم، چونکە تەوەقوعم دەکرد، کە دەچمە بەغدا کۆتایی بە ئابڵووقەکە بێت، هەموو شت ئاسایی دەبێتەوە، بەڵام وا نەبوو. گەر بمزانیبایە ئابڵووقەکە هەڵناگرن، نەدەچووم. مەسەلەش ئەگەر بێتە موزایەدە، نە لە خۆم و نە لە ڕابردووی خۆم دەترسم.

عەلی عەبدوڵڵا کە دژایەتیی بانگەوازەکەی دەکرد، گوتی:

بەلاغەکە بۆنی گۆڕینی حوکمی زاتی لێ دەهات، چونکە ئەڵێ مافە ڕەواکانی میللەتی کورد، هەروەها بەلاغەکە هەمووی سلبیات دەهاوێتە سەر حکوومەت، کە حەقیقەت وەها نییە.

بڕیار درا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر وەزعی ئابووریی کوردستان و چارەسەری گرفتەکان، کۆمیتەیەک پێک بێت لە عەمیدی

کــولیەی ئیــداره و ئیقتیســادی زانکــۆی ســەلاحەدین، دوو مامۆستای ئابووریزان و سەرۆکی ژووری بازرگانیی شارەکان و ســەرۆکی یەکێتیــی ســناعییەکان لە هەر ســێ شــارەکە، لەگەڵ بەرپرسانی ئاماری شارەکان و دوو بازرگانی ناوداری شارەزاش.

ئەم کۆمیتەیە بە سەرۆکایەتیی د. مەحموود ڕۆژی سێشەممە ۱۹۹۲/۱/۲۱ لە هەولێر کۆ بینەوە.

لە ئاخیری کۆبوونەوەکە، فرەنسۆ گوتی: ئەو سێ کەسە ئیعدام کراون بە تاوانی کوشتنی د. محەمەد باجەلان... پەلەی لێ کراوە، تەحقیق تەواو نەبووە.. تەشهیر بە ناوی پارتی کراوە. محاوەلە کــراوە بڵــێن کە پــارتی دەســتی لە کوشــتنەکەدا هەبووبێــت، لەو کــاتەی د. مــحەمەد خــۆی مەســئوولی ڕێکخستنەکانی پارتی بووە لە زانکۆ.

ئەو سێ حاکمەی حوکمی ئەو سێ کەسەیان داوە، دەبێت لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و بگیرێن.

منیش وەڵامم داوە: ئەم سێ کەسە ئیعدام کراون، بەپێی بڕیاری قیادەی سیاسیی بەرە بووە، بە ئامادەبوونی مەسعوود کە پێشنیاری کردووە لەبەردەم پارێزگا ئیعدام بکرێن، بەڵام لەبەر دیعایە و سومعەی بەرە، گوتیان با لەبەردەم پارێزگا نەبێت... ناکرێ دەست لەو حاکمانە بدرێت.

موناقەشەکە دوورودرێژ بووەوە، دیار بوو پارتی لەوە عاجز بووە، کە تەلەفزیۆنی خۆمان موقابەلەی یەکێکیانی کردووە، کە شــوهرەتەکەی "ســەلاح پــارتی" بــووە، دوو ســێ جــار نــاو و

لەقەبەکەی دووپات کراوەتەوە، پارتی ئەمەی بە تەشهیر داناوە.

مەسعوود گوتی: موحسین دزەیی لە لەندەن هاتۆتەوە، لەوێ خێزانــی د. مـحەمەد پێـی گوتـووە: تەوەقـوعم نەدەکـرد پـارتی هەوڵ بدات قاتیلەکان بەربدات. گوتی: من لەوە زۆر دڵگرانم.

گـوتم: گەر ئـێمە ئەو قسـەیەمان کردبێـت، بەو ئافرەتەمـان گوتبێـــت حەقـــتە، بەڵام هەر ئێـــوە بەو ژنانەتـــان گوتـــووە، پێشمەرگەی یەکێتی کوشتوویانە.

ئەویش گوتی: گەر وابێت ئەمە کارێکی خراپە.

بە کـورتی: ئەو سـێ حقـووقییە کە دانـدرابوون تەحقیـق لە قەزییەکە بکەن، نەیانکرد یان بۆیان نەکرا، هەر ئەم سێ کەسە بە ئەوراقەکاندا بچنەوە، ئایا تەحقیقەکە تەواوە یان نا؟!

کۆبوونەوەی داهاتوو لە بارەگـای پارتی لە پیرمام لە ڕۆژی ۱۹۹۲/۱/۱۹ دەبێت.

* * *

## ا

## کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

شوێن: سلێمانی

لە ١٩٩٢/١/٢٧ تا ١٩٩٢/٢/١٤

کۆنگرەی یەکێتی دوو جار دواخرابوو، تا دوا بڕیار ئەوە بوو لە ١٩٩٢/١/٢٧ تا ١٩٩٢/١/٣١ ببەسترێت.

### سەرەتا

کۆنگرە لە سلێمانی کرایەوە، هەموو ئەندامان لە مەعنەویاتێکی بەرز بەشدار بوون.

لە ناوەوە مەسعوود هاتبوو، وتارێکی ڕێکوپێکی پێشکەش کرد.

د. سەعید شەڕەفکەندی، سکرتێری حدکا لەگەڵ مەلا عەبدوڵڵای حەیاکی هات، وتارێکی دۆستانەی پێشکەش کرد.

نوێنەرانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و هەندێکی عێراقی و حیزبی شیوعیی سووریی "خالد بەگداش" هاتبوون، لە حیزبە سۆسیالستەکانی سوید و ئیتاڵیا و فەرەنسا نوێنەریان ناردبوو، لە ئەمریکا سکرتێری لیژنەی مافی مرۆڤ لە کۆنگرێسی ئەمریکی هاتبوو.

شەو لە هوتێل "ئەبو سەنا" دەعوەتی میوانەکان کرا.

ڕۆژی ١٩٩٢/١/٢٨ دیسان تەرخان کرا بۆ وتاری میوانەکان، تا نیوەڕۆ.

## مقۆمقۆی ناو کۆنگرە

دوای نیوەڕۆ مقۆمقۆیەک پەیدا بوو کە ئەندامێکی زۆر بە تەزیکییە هاتوون بۆ کۆنگرە، ئەم مەسەلەیە شازاد سائیب هەڵیگرساند، دوایی بوو بە موشکیلە، کۆبوونەوەکانی شەڵەقد، دوایی نەوشیروان چوو بۆ سەر سەکۆکە، "لەو کاتەدا من دەرچووبووم" گوتبووی وا من کۆنگرەکەم ڕاگرت. دەبێ تێبینیی ئەندامییەتی ئەنداماان بکرێت، گەر بزانم یەکێک بەبێ ماف هاتووە، خۆی حورمەتی خۆی بگرێت، دەنا شەرەفی دەشکێنم. وەزعەکە تێک چوو، دیتم خەڵکەکە دێنە دەرەوە و ناڕەزایی لە قسەکانی نەوشیروان دەردەبڕن.

## دەستی پێ کردەوە

بەیاننییەکەی کۆبوونەوەکە دەستی پێ کردەوە، بیتاقەکانیان گۆڕی، بەڵام جەوەکە هەر شپرزە بوو.

مام جەلال بەشداریی کۆبوونەوەی دوای نیوەڕۆی نەکردبوو، چووبووە لای دوو میوانە سوورییەکە، کە عومەر دەبابە لەگەڵ خۆی لە سووریاوە هێنابوونی، هەردووکیان ئەفسەری موخابەڕات بوون.

مام جەلال دووبارە بەشداریی کردەوە، ڕاپۆرتی پێشمەرگایەتیی پێشکەش کرد، لە کاتی قسەکردندا ژنێک کە لە ڕیزی پێشەوە دانیشتبوو، ئێمەش کۆمەڵێک سەرکردایەتی لەسەر سەکۆکە دانیشتبووین، ئیشارەی کرد بۆ ڕیزەکەی ئێمە، کە دیقەتمان داین عومەر دەبابە سەری بە پشتدا کەوتووە. مام جەلال یەکسەر قسەکەی ڕاگرت، ڕاست بووینەوە، بەرەو لای چووین، دیمان بێهۆشە، بردیانە نەخۆشخانە بەڵام "ئەجەل" پڕتاوتر بوو. خەبەر هات کە کاکی کاکان دڵی لە لێدان کەوت. بە ڕاستی خەسارەتێکی گەورە بوو.

## دواخرا

کۆبوونەوەکانی کۆنگرە دوو ڕۆژ دوا خرا، ڕۆژی دوایی جەنازەکەیان بۆ ناشتن بردەوە کۆیە، ڕۆژەکە بەفر بوو، ئێوارە گەیشتە کۆیە. بۆ بەیانییەکەی واتە ١٩٩٢/١/٣١ لە گۆڕستانی کەکۆن نێژرا، هەر لە کۆیە بڕیار درا کۆنگرە بۆ ڕۆژێکی

دیکەش دوا بخرێت و بگوازرێتەوە هەولێر، ئەویش لەبەر چەند هۆیەک بوو:

١- لە ڕووی ئیعلامییەوە هەولێریش بەشی پێوە هەبێت.

٢- جێگا و ڕێگای سلێمانی لە ئاستی کۆنگرەکە نەبوو.

٣- ترس هەبوو حکوومەت پیلانێکی هەبێت و جێبەجێی بکات، چونکە مەعلووماتمان بۆ هاتبوو، چوار ملیۆن دیناریان بۆ تەقاندنەوەی کۆنگرەکە تەرخان کردووە.

ڕۆژی ١٩٩٢/٢/٢ کۆنگرە سەعات ٣ی پاش نیوەڕۆ دەستی پێ کردەوە، دیسان قرەقرێ ئەندامانی کۆنگرە و دانانی ئەندامییەتیی ئەو کەسانەی بە تەزکییە هاتبوون کەوتەوە باس و گلەیی.

## ناکۆکی

ڕۆژی ١٩٩٢/٢/٣ موناقەشەیەکی توند کرا بۆ ئەوەی هەموو شتەکان لە کۆنگرە باس بکرێت، یان لێژنەی بۆ دابندرێت، هەر لێژنەیەکیش کاروباری خۆی بکات، دوا جار لێژنە داندرا.

ناکۆکیی نێوان مام جەلال و نەوشیروان بۆ هەمووان دەرکەوتبوو.

نەوشیروانم دوو جار لە لەندەن بینیبوو، گلەیی لە مام جەلال زۆر بوو، من خۆشم هەندێ لەو گلەییانەم لە مام

جەلال هەبوو، بەڵام کە نەوشیروان هاتەوە پێشوازییەکی گەورەی لێ کرا، لەسەر ئاوی قەندیل بە تایبەتی کۆسرەت خەڵکی جاڕ دابوو، هەستی کرد بەهێزە، دوای یەک دوو ڕۆژ لە ١٩٩٢/١/٢٠ کۆبوونەوەیەکی بە هەموو کادیرەکان لە هەولێر کرد، لەوێ سەرەتا توند قسەی کردبوو، پەلاری لە مام جەلال دابوو، هەندێ لە کادیرەکان هێرشیان بردبووە سەر مام جەلال، یەکێک لەوانە حەسەن کوێستانی.

## نەوشیروان نەهات

لە سلێمانی و قەڵاچوالان مام جەلال و نەوشیروان دووقۆڵی دانیشتن، بەڵام بێئەنجام بوو.

ڕۆژی ١٩٩٢/١/٢٥ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بەسترا، نەوشیروان نەهاتە کۆبوونەوەکە!

١٩٩٢/١/٢٦ لە سلێمانی نەوشیروان مام جەلالی دی، ئێمەش گوتمان؛ نابێ دەنگمان دەرچێت، دوژمن و موناف‌سەکانمان پێیان خۆشە.

گوتی: بۆ پەیڕەوێک دانەنێین.

کۆمەڵێ بیر و بۆچوونمان موناقەشە کرد، من و حەمەتۆفیق لە ژوورێکی تر دانیشتین، ڕەشنووسێکمان ئامادە کرد، تێیدا دەسەڵاتی سکرتێر زۆر سنووردار کرا. نەوشیروان و کۆسرەت ڕێک کەوتن کە ئەمە بکەنە پرۆژەی مەکتەبی ڕێکخستن.

سەلاحە موهتەدی لە نێوانیان هاتووچۆی دەکرد، دوایی ڕێک کەوتن بە ئامادەبوونی بیست ئەندامی یەکێتی بەیەکەوە دانیشن، ڕووبەڕوو قسە بکەن، کە من یەکێک بووم لەو بیست کەسە.

پێش دانیشتنەکە، مام جەلال گوتی: من ئەم پەیڕەوەم قبوولە. نەوشیروان گوتبووی: منیش مەسەلە سیاسییەکانی ئەمم قبوولە، بۆیە دانیشتنەکە بووە دۆستانە و دەعوەت.

شەوی دواتر لەسەر پێشنیاری من: مام جەلال و نەوشیروان لە ماڵەکەی دانیشتین پڕۆژەکە بکەینە بەرنامە، حەمەتۆفیقیش بە حوکمی ئەوەی لەگەڵ نەوشیروان بوو، ئەویش بەشداریی کرد، هەروەها کۆسرەتیش.

بەرنامەی کۆمەڵەمان کردە بنچینەیەک، لەگەڵ بەرنامەی شۆڕشگێڕان کە لە هەندێ مەسەلە لەوێ باس کرابوو. بڕیارمان دا سبەی شەویش دانیشینەوە، مام جەلال هەندێ شت ئامادە بکات وەک: ئامانجە گشتییەکان، بەشی ئابووری.

شەوی دوایی هەمووی تەواو بوو.

١٩٩٢/٢/٨

جارێکی تر هەرسێکمان دانیشتینەوە و بڕیارمان لەسەر بەرنامەکان دا.

هەروەها لە لایەن مام جەلال پەیڕەوی یەکێتی خوێندرایەوە،

بەپێی ئەم پەیڕەوە دەسەڵاتی مام جەلال زۆر سنووردار کرا. بۆیەش خۆی خوێندییەوە بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە موافقە.

ڕۆژی ۱۹۹۲/۲/۹ موناقەشەی بەرنامە دەستی پێ کردەوە، دەبوو نەوشیروان بیخوێنێتەوە وەک پێشنیار بەرانبەر دەستپێشخەرییەکەی مام جەلال، بەڵام ئەو نەیخوێندەوە، بەڵکوو زوو زووش هەڵئەستایەوە.

۱۹۹۲/۲/۱۰ موناقەشەی بەرنامەش، بە بنەمای سۆسیال دیموکرات تەواو بوو.

۱۹۹۲/۲/۱۱ پرەنسیپەکانی هەڵبژاردن داندرا. پاڵێوراوەکان خۆیان تەقدیم کرد، لە حەفتا کەس زیاتر بوون. کەسایەتیی عەجیب و غەریبی تێدا بوو. هەبوو ئەلف و بای نەدەزانی، هەبوو پێشمەرگەی بێکەڵک بوو. هەرسێکمان لەسەر سەکۆکە بووین.

زۆربەی ئەوانەی ڕەخنەیان دەگرت سەر بە نەوشیروان بوون.

لەناو کۆنگرە بۆچوونێک هەبوو، کە مام جەلال و نەوشیروان و من، لە لیستەکە نەبین، بەڵکوو ڕاستەوخۆ کۆنگرە ئەم سێ سکرتێرە هەڵبژێرێت، وەک ڕێزلێنانێک بۆ خەباتیان.

ئەوانەی پشتیوانیی ئەم فکرەیان کرد؛ جەبار فەرمان، ڕۆستەم، خەباتی شێخ جەناب. مام جەلال موافق بوون و گوتی دەترسم نەوشیروان دەنگی تەواو نەهێنێت، ئەو کات تووشی

ڕەدفیعلی ئەو دەبین، بۆیە فکرەکە سەری گرت، بەڵام شازاد بە شێوەیەکی ڕاست، مەسەلەکەی تەقدیمی کۆنگرە نەکرد.

دەنگی وەرگرت لەسەر ئەوەی: کێ ڕەئی وایە ئەم سێ برادەرە لە کۆنگرە هەڵبژێردرێن؟

زۆرینەیەکی کەمی ئەندامان ڕازی بوون، بەوەش هەرسێکمان بۆ سەرکردایەتی حیساب کراین.

من ڕاست بوومەوە گوتم:

دەبێ ئەوجا هەر سێ ناو تەقدیم بکرێت و دەنگ وەربگیرێت، چونکە زۆر هەیە لەو بڕوایەدان، ئەم سێ برادەرەش بچنە لیستی پاڵێوراوەکانی تر، هەمووی وەکی یەک بن نەک بژارکردن و دەستنیشانکردن، کە هاتە دەنگدان دەنگیان بۆ دەدەن، بەڵام هەوڵەکەم بێسوود بوو.

بێگومان حەق و قانوون و مەنتیق لەگەڵ ڕەئییەکەی من بوو.

## هەڵبژاردن

دوای نیوەڕۆ ١٩٩٢/٢/١١ هەڵبژاردن دەستی پێ کرد.

بەیانی ١٩٩٢/٢/١٢ ئەنجامەکە دەرچوو، دەرکەوت تەنیا سێ ئەندام لە خولی یەکەم دەرچوون، کۆسرەت، عومەری سەید عەلی، عارف ڕوشدی. بە نیسبەت ئەرسەلان بایزیش دەنگێک هەبوو حیساب بکرێت یان نا! چونکە وەرەقەکەی مۆری پێوە نەبوو، بەڵام ئیمزای ئەندامێکی لیژنەی لەسەر بوو.

چەنـــد هەڤـــاڵ نـــاڕازی بـــوون کە لە خـــولی یەکەمـــدا دەرنەچوون، ژمارەیەک لە هەڤاڵانیش ناڕازی بوون کە دەنگیان کەم بوو.

نەوشـیروان کە یەکێـک لە جەمـاعەتی ئەو دەرنەچووبـوو، بەڵکوو عومەر فەتاح و عارف ڕوشدی و ئەرسەلان، کە دژ بە هەرسێکیان بوو، ئەوانە دەنگی زۆریان هێنا. ئیستیقالەی خۆی تەقدیم کـرد، داوای کـرد سـەرلەنوێ هەڵبـژاردنەکە بکـرێتەوە، کەوتە قسەکردنی توند لەسەر مام جەلال.

شـەو هەر لە هاتوچوونـدا بـووین بـۆ چارەسـەرکردنی ئەم بابەتە.

ڕۆژی ١٩٩٢/٢/١٣ گەیشـــتینە چارەســـەرێکی مامناوەنـــد، نەوشـیروان ئیسـتیقالەی ئیعلان نەکـات، هەوڵ دەیـن هەنـدێ لە برادەرە کۆنەکـان دەرچـن، هەنـدێ لە مورەشـەحەکان سـەحب بکەنەوە.

لەگەڵ مـام جەلال دانیشـتین لیسـتێکمان دروسـت کـرد بـۆ دەنگپێدانیان.

## شلەژان

١٩٩٢/٢/١٤ کـۆنگرە دەسـتی پـێ کـرد، سـەرەتا شـازاد لە ئەندامێتیی لیژنە ئیستیقالەی دا، قاعەکە شڵەژا.

ڕاست بوومەوە دژی ئەو بەڕەڵاییە قسەم کرد و گوتم: ئێمە

بەرەو هەڵبژاردنی پەرلەمان دەچین، گەر بەم گیانە ئیش بکەین مومکین نییە، ببینە هێزی یەکەم، ئەو کات تۆبالەکەی لە ئەستۆی ئێوەیە... چەپڵەیەکی زۆریان بۆ لێ دام.

ئەوجا مام جەلال هەر هەمان قسەی منی دووبارە کردەوە، بەڵام بە شێوازێکی جوانتر، چەپڵەیەکی زۆریان بۆ ئەویش لێ دا.

سەرەنجام قاعەکە هێمن بووەوە.

لیژنەکە پسوولەی ئەرسەلانی بە ڕاست دانا، ئەویش دەرچوو، واتە ٧ ئەندام دەرچوون. دە ئەندامی تر مابوون، هەر دەیەکەی تر بە تەزکییە و بەبێ مونافەسە دەرچوون. شەش بۆ سەرکردایەتی و یەکێکیش یەدەگ.

## مام جەلال بووە سکرتێر

١٩٩٢/٢/١٥ نەوشیروان سەفەری کرد بۆ سلێمانی.

١٩٩٢/٢/١٩ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە شەقلاوە بوو، نەوشیروان هاتبوو.

من خۆم کردە ڕیشسپی و ئیدارەی کۆبوونەوەکەم کرد.

سەرەتا گوتم: من مام جەلال هەڵدەبژێرم بۆ سکرتێری گشتی. ئەوجا گوتم: کەسی تر هەیە خۆی هەڵبژێرێت؟ کەس نەبوو. گوتم: کەس ئیعتیرازی هەیە؟ کەس نەبوو. گوتم:

ئەوەی ڕازییە دەست هەڵبڕێت. هەموویان دەستیان هەڵبڕی و موافق بوون.

نەوشیروان گوتی: مام جەلال پیرۆزباییت لێ دەکەین، بزانە کەس مونافیسی تۆ نییە.

ئینجا کۆبوونەوە باسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کرد.

١٩٩٢/٢/٢٠ مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا.

من، د. کەمال فواد، کۆسرەت، عومەر فەتاح، قادری حاجی عەلی، جەبار فەرمان...

نەوشیروان لە پرۆسەی دەنگدان، بەشداریی نەدەکرد، گوایە ئیستیقالەی کردووە، بۆیە داندرا بە سەرپەرشتی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە پارێزگای سلێمانی.

## ٢

# هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

١٩٩٢/٥/١٩

## سەرەتا

دوای ڕاپەڕین خەڵکی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١، کە هەر تەنیا چەند ڕۆژێکی خایاند، کۆچە بە کۆمەڵەکە بەرەو تورکیا و ئێران ڕووی دا، یەکسەر حکوومەتی عێراق داوای گفتوگۆی کرد، لەگەڵ بەرەی کوردستانی دانیشت، ئەوە بوو مفاوەزات لە بەغدا دەستی پێ کرد.

لە گەڕی دووەم مەسعوود سەرۆکایەتیی وەفدەکەی دەکرد، نوێنەری یەکێتی لەم وەفدەدا؛ نەوشیروان و کۆسرەت بوون، کە وەفدەکە گەڕایەوە، دوو ئاراستەی ئاشکرا دەرکەوت، یەکێکیان بەلای ڕێککەوتندا بوو، کە مەسعوود نوێنەری ئەم خەتە بوو، خەتەکەی تر یەکێتی و هێزەکانی تری ناو بەرە بوون، کە زیاتر ئەگونجان لەگەڵ بۆچوونی فیکری و سیاسییەوە.

لە گەڕی سێیەم دیسان مەسعوود سەرۆکایەتیی وەفدەکەی دەکرد، من نوێنەری یەکێتی بووم، ئەو دوو خەتە پتر لەیەکتر

دوور دەکەوتنەوە، بە تایبەتی کە مام جەلال سنەفەری دەرەوەی کردبوو و لێدوانی توندوتیژی دەدا.

لە ئەنجامی هەڵوێستی توندی لایەنی ڕژێم سەبارەت بە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی، کە ڕازی نەبوو لە یاداشتێکدا بنووسرێت کەرکووک خیلافی لەسەر هەیە، لە ئاییندە، لە دۆخێکی باشتر لە نێوان هەردوو لا قسەی لەسەر دەکرێت.

وەفدەکە گەڕایەوە، مام جەلالیش ڕابەرایەتیی هەڵمەتی ڕێکنەکەوتنی دەکرد، بەرانبەر ئەوەش مەسعوودیش لەگەڵ ڕێککەوتن بوو.

ئەم ناکۆکییە لەوەدا نەبوو لەناو بەرەی کوردستان چارەسەر بکرێت، بە تایبەتی هەردوو لا مافی ڤیتۆیان هەبوو.

لە کۆبوونەوەیەکی بەرە، باس لەوە کرا کۆنفرانسێکی گشتی، یان لە هەر پارێزگایەک کۆنفرانسێک ببەسترێت، ڕەئی خەڵک لەسەر ئەم گفتوگۆیە وەربگیرێت.

ئەمە وەک پێشنیارێک جێبەجێ نەکرا، هەر لایەنە بیروبۆچوونی خۆی بۆ خەڵک ڕوون دەکردەوە.

لێرەدا مەسەلەی پەرلەمان جارێکی تر زیندوو بووە.

## هەڵبژاردن بکرێت

لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی بەرە، مەسعوود بارزانی پێشنیاری کرد، پەرلەمانێک دابنێین. ئەم پێشنیارە قبووڵ کرا، پەرلەمان بوو بە مەسەلەیەکی گرنگ، لە هەموو لایەک گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

دوا جار داوا لە کۆمەڵێک حاکم و پارێزەر کرا پرۆژەی یاساییەک ئامادە بکەن بۆ پەرلەمان، ئەم دەستەیەش بە سەرۆکایەتیی دادوەرێکی ناسراوی پاک "ڕەشید عەبدولقادر" دەبێت.

پێش پرۆژەکەیان، موناقەشە لەسەر ئەوە کرا هەڵبژاردنەکە بازنەیی یان ڕێژەیی بێت.

دەستەکە گوتیان:

هەڵبژاردن بە شێوەی نیسبی زەحمەتە، شارەزاییمان لێی نییە، کادیری شارەزای ئەم مەبەستەمان نییە، پەیوەندیی تەلەفۆنی لە نێوان شارەکان نەماوە.

## بازنەیی

ڕەئی ئێمە لەگەڵ پارتی بوو کە بازنەیی بێت، تەنیا پاسۆک لەگەڵ ڕەئی ئێمە بوو. ئەوانی تر هەموو داوای نیسبییان دەکرد، سۆسیالیستیش بێدەنگ بوو.

دوور دەکەوتنەوە، بە تایبەتی کە مام جەلال سنەفەری دەرەوەی کردبوو و لێدوانی توندوتیژی دەدا.

لە ئەنجامی هەڵوێستی توندی لایەنی ڕژێم سەبارەت بە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی، کە ڕازی نەبوو لە یاداشتێکدا بنووسرێت کەرکووک خیلافی لەسەر هەیە، لە ئایندە، لە دۆخێکی باشتر لە نێوان هەردوو لا قسەی لەسەر دەکرێت.

وەفدەکە گەڕایەوە، مام جەلالیش ڕابەرایەتیی هەڵمەتی ڕێکنەکەوتنی دەکرد، بەرانبەر ئەوەش مەسعوودیش لەگەڵ ڕێککەوتن بوو.

ئەم ناکۆکییە لەوەدا نەبوو لەناو بەرەی کوردستان چارەسەر بکرێت، بە تایبەتی هەردوو لا مافی ڤیتۆیان هەبوو.

لە کۆبوونەوەیەکی بەرە، باس لەوە کرا کۆنفرانسێکی گشتی، یان لە هەر پارێزگایەک کۆنفرانسێک ببەسترێت، ڕەئی خەڵک لەسەر ئەم گفتوگۆیە وەربگیرێت.

ئەمە وەک پێشنیارێک جێبەجێ نەکرا، هەر لایەنە بیروبۆچوونی خۆی بۆ خەڵک ڕوون دەکردەوە.

لێرەدا مەسەلەی پەرلەمان جارێکی تر زیندوو بووە.

## هەڵبژاردن بکرێت

لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی بەرە، مەسعوود بارزانی پێشنیاری کرد، پەرلەمانێک دابنێین. ئەم پێشنیارە قبووڵ کرا، پەرلەمان بوو بە مەسەلەیەکی گرنگ، لە هەموو لایەک گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

دوا جار داوا لە کۆمەڵێک حاکم و پارێزەر کرا پرۆژەی یاساییەک ئامادە بکەن بۆ پەرلەمان، ئەم دەستەیەش بە سەرۆکایەتیی دادوەرێکی ناسراوی پاک "ڕەشید عەبدولقادر" دەبێت.

پێش پرۆژەکەیان، موناقەشە لەسەر ئەوە کرا هەڵبژاردنەکە بازنەیی یان ڕێژەیی بێت.

دەستەکە گوتیان:

هەڵبژاردن بە شێوەی نیسبی زەحمەتە، شارەزاییمان لێی نییە، کادیری شارەزای ئەم مەبەستەمان نییە، پەیوەندیی تەلەفۆنی لە نێوان شارەکان نەماوە.

## بازنەیی

ڕەئی ئێمە لەگەڵ پارتی بوو کە بازنەیی بێت، تەنیا پاسۆک لەگەڵ ڕەئی ئێمە بوو. ئەوانی تر هەموو داوای نیسبییان دەکرد، سۆسیالیستیش بێدەنگ بوو.

دوایی کۆبوونەوەیەکی ترمان لە هەولێر کرد، لەسەر داوای زەحمەتکێشــــان لە ١٩٩٢/٣/١٩ بڕیـــار درا نســــبی بێــــت، لە١٩٩٢/٤/٣٠ و لە ٥٤% بێت، هەڵبژاردن بکرێت.

ڕۆژی ١٩٩٢/٣/٢٩ قیادەی سیاسی کۆ بووەوە، لیژنەی باڵا بە سەرۆکایەتیی ئەندامی دادگای ئیستیئناف "ئەمیر حەوێزی" هەڵبژێردرا. پارتی داوای کرد نسبەکە بکرێتە ٥٧%، واتە هەر حیزبێک ئەم نیسبەتە نەهێنێت، ناگاتە پەرلەمان.

ڕۆژی ١٩٩٢/٤/٧ بەرەی کوردستانی لە پیرمام کۆ بووەوە، کە مەسعوود تازە لە ئەورووپا و تورکیا گەڕابووەوە.

مەسعوود پێداگریی لە هەڵبژاردنی بازنەیی دەکرد، تەنیا سۆسیالیست تەئیدی دائیریی کرد.

لەم کۆبوونەوەیە من دەورێکی باشم هەبوو، قسەم لەگەڵ مەسعوود بەتەنیا و لایەنەکانی تری کرد.

سەرەنجام هەڵبژاردنەکە ڕێژەکەی بوو بە ٧٪.

## من کەسکم دانا

لە کۆبوونـــەوەی ڕۆژی دوایـــی، بڕیـــار درا لە ١٩٩٢/٥/١٧ هەڵبـژاردنەکە بکرێـت، هەر حیـزبە و ڕەنگـی خـۆی هەڵبـژارد. ڕەنگـی پـارتی زەردە، شـیوعی سـوورە، بـۆیە مـن یەکسـەر بـۆ خۆمان ڕەنگی سەوز (کەسک)م هەڵبژارد.

دوای ئەوە مەسەلەی "ڕابەر" هاتە پێش، کە پارتی بە پێداگرییەوە داوای دەکرد، حیزبەکان لەوە هیچ ڕۆڵێکیان نەبوو، تەنیا شیوعی دەیگوت پێویست ناکات، بەڵام بەرگرییەکی ڕوون و ئاشکرای لە هەڵوێستەکەی نەدەکرد، بەڵام یەکێتی بەڵگە و دەلیلی دەهێنایەوە، کە لەو قۆناغەدا ئەوە پێویست ناکات.

ڕۆژی ١٩٩٢/٤/٢٠ پرۆژەی یاسای هەڵبژاردنی ڕابەری جووڵانەوەی کورد، بڵاو کرایەوە.

ڕۆژی ١٩٩٢/٤/٢٢ کۆبوونەوەی قیادەی سیاسی لە هەولێر بەسترا.

تەنیا من بە شێوەیەکی جددی موناقەشەم کرد:

گوتم: ئێمە بڕوامان بەم فیکرە نییە، شتێکی هەڵەیە، ڕابەری بزووتنەوەی کوردی لە لایەن خەڵکەوە هەڵنابژێردرێت، ئەمە ناوەندی ڕێکخراویی حزرییە، بەڵام ڤیتۆ بەکار ناهێنین، با وا نەزانن پاڵێوراوی یەکێتی، کە مام جەلالە، لەوە دەترسێت دەرنەچێت. ئێمە دەزانین مام جەلال دەردەچێت، بەڵام کە ئەو گفتوگۆیە دەکەین، تەنیا بابەتێکە لە ڕووی مەوزووعی و دیموکراسییەوەیە و بەس.

یاساکەش کەموکووڕیی زۆر تێدا بوو، لە هەمووی سەیرتر، هۆکاری موجبی نەبوو.

د. مەحموود گوتی: من بۆی دەنووسم.

گوتم: بۆیە کارەکەمان باش دەڕوات، جەنابت وەک دکتۆر

قــانوون دەنووســـی! قــانوونیش بیــر لە "طــب" دەکــاتەوە کە دەنووسێت!

یاساکە بە دەستکارییەکی کەم دەرچوو و پەسندیش کرا.

* * *

ڕۆژی ۱۹۹۲/٤/۲۳ مــن و د. کەمــال و کۆســرەت، قــادر عەزیزی سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانمان دی، ئێوارە عەزیز محەمەد و عەبدولڕەزاق سافی و د. ڕەحیم عەجینەمان دی.

لە هەردوو کۆبوونەوەکە باسی ئەوەمان کـرد چی دەکەن! هانمــان دان کە حیزبەکــان بە یەک لیســت دابەزن، لە نێــوان خۆیان ڕێک بکەون.

حزبی شیوعی پشتیوان و گەرم نەبوو، عەزیز محەمەد گوتی برادەران تەوەقوع دەکەن ۱٥% بهێنین؟

## دەچمە بادینان

ڕۆژی ۱۹۹۲/٤/۲٤ لە شەقلاوەوە بە ڕێ کەوتم بۆ بادینان، بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن. تا ۱۹۹۲/٥/۱۰ لە جەولە بووم، ۲۱ کۆڕ و دیــدارمان ســاز کــرد، لە؛ ئــاکرێ، زاخــۆ... ســەردانی پیاوماقووڵانی زۆرم کرد. چوومە سەر مەرقەدی شێخ عادی لە لالش، سەردانی مەرقەدی شێخ ئەحمەد سوورچییم لە ناوچەی بجیل کرد، ئێوارەش لە گەویلان نانمان خوارد.

ڕۆژی ١٩٩٢/٤/٢٨ لەگەڵ عارف ڕوشدی و شێردڵ حەوێزی چووینە شرناخ، مەوعیدم بۆ داندرابوو لەگەڵ سوپەر والی: ایتال اورقان و والیی شەرناخ مستەفا مالالی دانیشتم.

سوپەر والی، پشتگیریی تورکیای دەربڕی بۆ ئەم هەڵبژاردنە.

مەسەلەی پەکەکەیان هێنایە پێشەوە، گوتیان: ئێوە ئێستا مەشغووڵن، بەڵام دواتر دەبێ هاوکاریمان بکەن بۆ پاراستنی ئارامیی ناوچەکە.

کابرایەک ناوی حاجی ڕەمەزان بوو، تەرجەمەی بۆ دەکردین خەڵکی سلۆپی بوو، دیار بوو پیاوێکی هاوکار بوو لەگەڵ تورکیا.

هەر لەم جەولەیە غازی فەیسەڵ هەرکیم دی، پێم گوت واز لە پارتی بهێنێت و لەگەڵ ئێمە هاوکاریی بکات.

لە هەموو هەڵمەتەکەدا باسی ڕێبازی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانم دەکرد، بە تایبەتی تەرکیزم دەکردە سەر دروشمی فیدراڵی، باسی جیاوازییەکانی نێوان فیدراڵی و حوکی زاتیم دەکرد.

دیار بوو خەڵکەکە قسەکانی منیان لە لا مەقبوول بوو. لە یەکێک لە کۆڕەکان داوام کرد هەردووکیان با مام جەلال و مەسعوود "مونازەرەیەک" بکەن، هەروەکوو گوتم:

منیش لێرە ئامادەم لەگەڵ فازیل میرانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی بادینان مونازەرەیەک بکەم.

بەڵام فازیل لە کۆڕێکی خۆیدا گوتبووی ئەو جۆرە دیدارانە کێشەیان لێ دەکەوێتەوە، نایکەم!

## مەرەکەبەکە دەسڕێتەوە!

ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٣ خەبەرێکمان بۆ هات، ئەو مەرکەبەی لە ئەڵمانیاوە هاتووە، کە تا چوار ڕۆژ بە هیچ شتێک ڕەنگی ناڕوات، دەرکەوت بە ئاسانی ئەم مەرەکەبە دەسڕێتەوە.

لەگەڵ مام جەلال چووینە پیرمام بۆ لای مەسعوود بارزانی قسەمان لەگەڵ کرد، گوتی: لەم ڕووەوە چ مەعلووماتمان نییە، مەرەکەبێکیان هێنا تەجرووبەمان کرد، دەرکەوت ڕاستە بە فاست، بە بەنزین و شتی تر دەڕوات. هەمووومان چووینە لای حاکم ئەمیر حەوێزی، کە سەرۆکی باڵای هەڵبژاردن بوو، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک! دیار بوو ئەویش چەند مامۆستایەکی کۆلێژی زانستی زانکۆی سەلاحەدینی لە لا بوو، بۆ ئەوەی بەدیلێک پەیدا بکەن بۆ ئەم مەرەکەبە، مامۆستایەک "نیتراتی زیو"ی دەستنیشان کردبوو، هەر بەم شەوە خەڵک نێردرا بۆ سلێمانی و دهۆک هەرچی هەیە بیکڕن. بڕیاریش درا هەڵبژاردن بۆ ١٩٩٢/٥/١٩ دوا بخرێت.

خەڵکێکی زۆریش لە دەرەوە هاتبوون بۆ چاودێری.

## دەنگ درا

لە ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ کە سێشەممە بوو، هەڵبژاردن دەستی پێ کرد، هەر لە سەرلەبەیانییەوە هەموو خەڵک ڕیچکەیان بەستبوو بۆ دەنگدان. هەموو بە واجبێکی سەرشانیان دەزانی، کە دەبێ دەنگ بدەن. پێوانە و تەرازووی کوردایەتی، دەنگدانە.

بەڵام هەر لە سەعات ١٠ەوە مقۆمقۆ پەیدا بوو، کە مەرەکەبەکە دەسڕێتەوە، زۆر کەس هەبوو هەر بۆ ئەوەی ئیسپاتی بکات کە ڕەنگەکە دەچێت، پەنجەی خۆی خاوێن دەکردەوە و جارێکی تر دەنگی دەدا، بەڵام لە هەندی شوێن بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەڕێوە چوو.

موشکیلەی تریش هەبوو، ژمارەی سندوقەکان کەم بوون، حاکمەکان حیسابی هەڵبژاردنەکانی زەمانی ڕژێمیان کردبوو، کە خەڵک کەم بەدووی دەنگی حکوومەت دەکەوت.

ئێمەش وەک یەکێتی شارەزاییمان لەو مەسەلەیە نەبوو، بۆیە خەڵکێکی زۆری ئێمە نەیانتوانی دەنگ بدەن، پێی ڕانەگەیشتن.

موشکیلەکە حاڵەتێکی ناخۆشی دروست کرد، ئەنجامەکان مایەوە بۆ ڕۆژی دواتر، چونکە هەڵبژاردن تا ١٢ی شەوی برد.

ڕۆژی دواییش ئەنجامەکان دەرنەکەوت.

## تەزویر

ڕۆژی ١٩٩٢/٥/٢١، لە پیرمـــام هەردوو مەکتەبـــی سیاســـی یەکێتی و پارتی بە سەرۆکایەتیی مام جەلال و مەسعوود کۆ بووینەوە.

باسیان لە تەزویر و سەرپێچییەکان کرد.

ئێمە لەو قەناعەتە بووین پارتی دەستکارییەکی زۆری لە بادینان کردووە.

ئەوانیش دەیانگوت یەکێتی لە سلێمانی و کەرکووک دەستکارییەکی زۆری کردووە.

سەرەتا مەسعوود لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی بوو، بەڵام برووسکەیەکی بۆ هات، هەڵوێستەکەی گۆڕا! بە ڕەئی من برووسکەی بادینان بوو، کە دڵنیای دەکەن وەزعیان لەولا باشە!

ئێمە نەگەیشتینە ئەنجام، بۆ ئێوارە لایەنەکانی تر و بزووتنەوەی ئیسلامییش بەشداریی کۆبوونەوەکە بوون، بەڵام دیسان بێ ئەنجام بوو.

ڕۆژی ١٩٩٢/٥/٢٢ لە بارەگای ئێمە لە شەقڵاوە کۆ بووینەوە، دوای موناقەشەیەکی زۆر ڕێککەوتنامەیەکی دووقۆڵیمان ئیمزا کرد، کە پەرلەمانەکە دەبێ ببێتە حەقیقەت و هەڵبژاردنەکە قبووڵ بکەین.

# ٣
# یەکەمین سەرۆکوەزیران

لەو بەشەدا، ئەو لاپەڕەیە هەڵدەدینەوە چۆن د. فؤاد معصوم لە لایەن یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە بۆ یەکەمین سەرۆکوەزیران دستنیشان کرا، پێوەرەکە چی بوو؟ ئەو بەو جۆرە وردەکارییەکانی گێڕاوەتەوە:

دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢ ئێمە وەک یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتینە دانوستان، بە هەڤاڵانی پارتیمان گوت: ئێوە لەو دوو پۆستە؛ سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکوومەت، کامیان هەڵدەبژێرن؟ ئێوە پۆستی خۆتان بڵێن، ئێمە ئەوەی دیکە پڕ دەکەینەوە، سەرەنجامیش پارتی پەرلەمانی وەرگرت و ئێمەش حکوومەت.

ئێمە وەک سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەو مەسەلەیە کۆ بووینەوە، لە کۆبوونەوەکەشدا من دەستم هەڵبڕی، بە دەنگ هاتم، گوتم؛ کێ لە ئێوە پۆستەکەی دەوێت، ئیمڕۆ ناوی کەسەکە و بڕیارەکەمان دەوێت، با یەکێک لە ئێمە دەستنیشان بکەین، دواتر هەر خۆم گوتم:

من پێم باشە نەوشیروان مستەفا، کە ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسییە ئەو پۆستە وەربگرێت! ئەو ببێتە یەکەم سەرۆکوەزیرانی کوردستان!

من پێشنیارەکەم کرد، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە، گوتی:

هەڤاڵان، من هەندێک جار پیاوێکی توندوتیژم، ناشمەوێ بە هۆی ئەو پۆستە لە خەڵک دوور بکەومەوە، پێشبینی ئەوەش دەکەم لەو ڕێگەیەوە دابڕانێک دروست دەبێت، خەڵک دڵی لێم بشکێت، بۆیە حەز دەکەم کەسێکی دیکە دابنێن، ئەو پۆستەم ناوێ!

مام جەلال، کە سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکەی دەکرد، گوتی: کە پێشنیارەکەی دکتۆر فؤاد نەبوو، ئێوە هەڤاڵان کێتان پێ باشە، خۆ دەبێ یەکێک دەستنیشان بکەین ئەو پۆستە وەربگرێت. لەو دەمانە شەهید "حەسەن کوێستانی" ناوی منی هێنا. بەبێ گفتوگۆ هەموو ڕەزامەند بوون، من سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران بگرمە دەست.

## ٤

# یەکەم کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

فؤاد معصوم، لە ١٩٩٢/٧/٢٤ تا ١٩٩٣/٤/٢٦ سەرۆکی یەکەم کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە، جێگرەکەی وەک نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان، دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس بووە، کابینەکەی لە شازدە وەزیر پێک هاتووە.

حکوومەتەکە دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی بە سوێندخواردن لە پەرلەمانی کوردستان لە بەرەی کوردستانی وەرگرتووە. سەردەمەکە دژوار و سەخت بووە، هەڕەشەکانی حکوومەتی عێراقی و ڕۆژانەی شارەکان و ئابلووقەی ئابووری و کێشەی زۆری ناوچەکە بووە. یەکەم سەرۆکوەزیران بووە ئارەزوومەندانە ئیستیقالەی داوە، وەک لە نامەکەی دیارە هەنگاوی باشی بەڕێوەبردن و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی تر هەبووە!

## ٥

## دەستلەکارکێشانەوە

دکتۆر، ئەوە دانان و دەستبەکاربوونی بووە، بەڵام دەستلەکارکێشانەوەکەی بەو جۆرە و بە ڕوویەکی شیرین و بە پێکەنینەوە دەگێڕێتەوە:

من نەمویست ببمە لایەنگر لە کێشەکانی یەکێتی و برادەرانم، بۆ خۆم ئەوەم قبووڵ نەبوو، نەمدەویست خۆم ئەوە بکەم، لە ناوەوە و بۆ پۆستێک قەیران دروست بکەم، بۆیە گوتیان ئێمە پێمان باشە، سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران بدرێتە کەسێک لە هەندێ ڕووداو و بڕیارەکاندا توندوتیژ بێت، کە ئەوە لە مندا نەبوو، ئەوە سروشتی مرۆڤە، هەر کەسە و بە جۆرێکە، جا بۆیە من لەسەر ئەو بیرکردنەوە دەست لەکارکێشانەوەی خۆم پێشکەش کرد و گەڕامەوە سەر پۆستەکەی مەکتەبی سیاسی، هەر خۆم تەنیا بەرپرسی مەکتەبی سیاسی بووم.

لەو پێشهاتەدا دوو سێ شت هەبووە، دەستنیشانکردنی تێدا بووە، هەندێک شت هەیە دەبێت چارەسەر بکرێت، نەک بەرەو ئاڵۆزی ببرێت. ئەو ڕۆژە بۆ من شتێکی سەیر بوو، کە ویستیان من بچمە پەرلەمان و دەست لەکار بکێشمەوە. پێم ناخۆش بوو،

بەڵام لە هەمان کاتدا مەعقووڵ نەبوو سەرۆکی وەزیران بم، ئەو هەموو خەڵکەش دژم بێت، یان بەگوێم نەکەن، من شتی وا ناکەم، دیار بوو پلانێک لە ئارادا بوو کە من لەو شوێنەدا نەمێنم، ئەوە بۆ یەکەمین جاریشە ئەو قسەیە دەکەم. لەئاکامیشدا هەر ئەوە ڕووی دا کە گەڕامەوە پێگە حیزبییەکەم لە مەکتەبی سیاسی، کە هەر خۆشم کارگێڕی مەکتەبی سیاسی بووم، دواتر دوو کارگێڕی دیکەی لێ زیاد کرا، ئەوانیش ڕەسووڵ مامەند و عومەر فەتاح بوون.

ئەگەر لێرەدا بە ئاراستەی تر لێکی بدەنەوە کە من ترساوم، یان بۆچوونێکی ناواقیعی بۆ بکەن، بە هیچ جۆرێک ئەوە نەبوو، بەڵام ئەگەر ئێمە دەستەیەک بین و بەیەکەوە ڕێک بکەوین، من وەک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی لەو ئەرک و لەو پێگەیە نەمێنم، بڕۆم و حیزب جێ بێڵم، تووڕە بم، چۆن ئەوە دەکەم؟! ئینجا دواتر یەک دوو برادەر بێن و ئاشتم کەنەوە، ئەوە لە بەرنامە و بیرکردنەوەی مندا نەبووە و نییە. حزب کوێم بۆ دەستنیشان دەکات، چی بڵێت، من لەگەڵ ئەوم، هەرگیز نەبوومەتە کۆسپ و سەرئێشە، نە بۆ خۆم نە بۆ ئەم و ئەو، نە بۆ حیزبەکەم، بۆ یەکێتی.

## دەقی نامەی دەستلەکارکێشانەوەکە

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان

مایەی شانازییەکی زۆری ئێمە بوو، کە شەرەفی پێکهێنانی یەکەم کابینەی هەرێمی کوردستانتان پێ سپاردین، ئەو بەرنامە وەزارییەی کە پێشکەشمان کرد پەسەندتان کرد.

ئەنجوومەنی وەزیران کە بڕوای ئێوەی وەرگرت و کەوتە کارکردن، ئەو کاتە وڵات لە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا بوو، قانوون پێشێل دەکرا، زۆربەی هەرە زۆری فەرمانبەرانی فەرمانگە و دەزگاکانی هەرێم، چوار پێنج مانگ بوو مووچەیان وەرنەگرتبوو، باری دائیرەکان شێواو و ناڕێک بووبوو، زۆر شوێن هەر نەمابوون، لە سەرتاسەری کوردستاندا مەرکەزییەت نەدەبینرا، بەڵکوو هەبوو وا چاوەڕوان بوو حکوومەتەکەمان لە ئەنجامدا وەک لیژنەیەکی لێ بێت، ناوبەناو بۆ ڕواڵەت کۆ بێتەوە، بێ ئەوەی بتوانێ شتێکی پراکتیکی ئەنجام بدات و وردەوردە بپووکێتەوە.

بەڵام پشتگیریی ئێوەی بەڕێز و لایەنەکانی بەرەی کوردستانی، بە تایبەت "ی. ن. ک" و "پ. د. ک" و بە تایبەتی بەڕێزان کاک مەسعوود و مام جەلال، هەروەها بە پێداگرتنی خۆمان، توانیمان دەست بکەین بە جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی کە پێشکەشمان کردبوو، ئەم جێبەجێکردنەش بەپێی زنجیرەی خۆی، بەپێی توانا پیادە کرا.

وەزارەتـی دارایـی خـاڵە گومرگییەکـانی تـا ڕادەیەک ڕێـک خست، مووچەی فەرمانبەرانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دا، کە هیچ قەرزێکیان لەسەر حکوومەتی هەرێم نەمێنێت.

بۆ ئەوەی خوێندنیش لە کوردستاندا بەردەوام بێت، دەرگای لەبەردەم هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێ خوێندنی خۆیان تەواو بکەن کراوە بێت، زانکۆی سلێمانی و زانکۆی دهۆک کرانەوە، یـارمەتیی مانگـانەش بـۆ خوێنـدکاران تەرخـان کـرا، کە لەبەر سـەختیی ژیـان ترسـی ئەوەمـان هەبـوو زۆر لە خوێنـدکاران نەتوانن لەسەر خوێندنیان بەردەوام بن.

دادگای تەمیز دانـدرا، کە ئەمە نزیکەی دوو سـاڵە کێشە و بڕیارەکـانی دادگـای هەرێـم هەمـووی بەسـەر یەکـدا کـۆ بووبووەوە، هۆمێدەوارین ئەنجوومەنی قەزا بتوانێت دادگـایەک تەرخـان بکـات بـۆ پەلەکـردن لە دادگـاییکردنی ئەوانەی بە تۆمەتی تەقاندنەوە و وێرانکردن و تیرۆرەوە دەستگیر کراون.

بودجەی ساڵی ١٩٩٣ ئامادە کرا، بڕوایی و متمانە لە نێوان حکـوومەتی هەرێمـی کوردسـتان و جەمـاوەر لەسـەر بنـاغەی پاراسـتنی مـافی مـرۆڤ و ئـازادیی سیاسـی و بەرقەراربـوونی قانوون و یاسا و ڕەفتاری ژیاریی هاوچەرخانە پەیدا بوون.

هەروەهـا ڕۆڵێکـی کاریگەرمـان هەبـووە لە پتەوکردنـی پەیوەنـدیی نێـوان لایەنە سیاسـییەکان، بە تـایبەتی ئەوانەی بەشدارن لە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمدا.

ئەنجـوومەنی وەزیـران گۆڕەپـانی تەبـایی و هاوکـاری بـووە،

نەک شوێنی ململانێ و کێشەدروستکردن. پەیوەندیشمان لەگەڵ پەرلەماندا پەیوەندییەکی ئاسایی بووە و ڕێزمان بۆ یەکتر و بۆ کـــاری هەردوو لا، هەریەکە لە بـــواری خۆیـــدا هەبـــووە، سەیرکردنمان بۆ کاروبار تەنگبینانە نەبووە، بەڵکوو مەبەستی هەمیشەییمان خزمەتکردنی کوردستان بووە.

ڕاستە هێشتا کێشەی زۆر هەن چارەسەر نەکراون، کە ئەم چارەســەرییەش پێویســتی بە پشــوودرێژی و بیرکــردنەوەی ورد هەیە، وەک چارەسەرکردنی زەویوزار، ئابووری کە بناغەیان لە کوردستاندا تەپیوە، تا ئێستاش هیچ وڵاتێک دەستی نەگرتووین بــۆ دروســتبوونەوە و هاوکــاری نەکــراوین بــۆ دروســتکردنی پرۆژەی بەرهەمهێنەر.

دیاردەی چەکداری گەرچی زۆر لە جاران کەمتر بووە، بەڵام ئەویــش هێشــتا مــاوە، ئەویــش بە جێبەجێکردنــی تەواوی پـرۆژەی یەکخستنی هێـزی پێشـمەرگە دەبێـت، لەسـەر بنـاغە و بۆچوونێکی هاوچەرخانە بێت، تا ئەم هێزە بتوانێت لە دوارۆژدا لەدوای گۆڕانی باری عێراق، ببێتە بەشێک لە سوپای عێراق و لە کوردســتان جێگیــر بێــت، لە ڕووی مــەشق و لێهــاتوویی کادیرەکانی لەو ئاستەدا بن.

لەم ڕۆژانە لە لایەن حکــوومەتی هــەرێمەوە، مووچــەی پێشمەرگە و ڕێکخراوەکانیش درا.

کۆتاییهێنان بەم کێشانە بەپێی بۆچوونمان بەتەنیا بە بڕیار و بەتەنیا بە قسە جێبەجێ نابێت، دەبێ هەنگاو بە هەنگاو بێت، بە

شێوەیەکی عەمەلی بێت، بەرەو ئەو مەبەستە بچن، کە بۆی دەستنیشان کراوە.

بێگومان ئەرکی خزمەتکردنی جەماوەر و کوردستان ئەرکێکی نیشتمانییە و شەرەفێکی گەورەیە بۆ هەموو ئەوانەی ئەم کارە ئەنجام دەدەن.

ئێمە وەک یەکەم ئەنجوومەنی وەزیران، دەتوانین بڵێین قۆناغێکی باشمان بڕیوە، دەشتوانین بڵێین؛ داب و دەستوورێکمان داناوە، بۆ شێوەی پەیوەندیی نێوان حکوومەت و خەڵک، کە بڕوایی لە نێوانمان دروست بێت، بۆ ئەوەی ئەم ئەرک و خزمەتگوزارییە، دڵسۆزانی دیکەش تێیدا بەشدار بن و پێوەی هەڵسن، چەند هەنگاوێک بەرەوپێشی ببەن، کە بارودۆخی کوردستانیش پێویستی بە کۆششی هەموو ئەو دڵسۆزانە هەیە.

ئەوا ئیستیقالەی خۆمانتان پێشکەش دەکەین، ئومێدەوارین قبووڵی بکەن و بەڵێنیش دەدەین، هەموومان ئامادەیی خۆمان نیشان دەدەین، بۆ هاوکاریکردنی ئەنجوومەنی وەزیرانی داهاتوو، ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین، چونکە سەرکەوتنی حکوومەتی هەرێم ئاواتی هەموو خەڵکی کوردستانە.

لێرەشدا بە پێویستی سەرشانی خۆمی دەزانم، کە سوپاسی هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران بکەم. بەڕێزان جێگری سەرۆک و وەزیرەکان کە لەم ماوەیەدا پێکەوە کارمان کردووە،

وەک یەک دەستە و لەگەڵ یەک تەبا، کاروباری ئەنجوومەنی وەزیرانمان بەڕێوە بردووە، مەبەستمان هەمیشە سەرخستنی حکوومەت و جێگیربوونی قانوون بووە، کە تەنیا لە ڕێگای قانوون و یاسادا وڵات پێش دەکەوێ.


جارێکی دیکەش سوپاسی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەڕێز و ئەندامە بەڕێزەکانی دەکەین، لەسەر هاوکاری و پشتگیرییان و هەمیشە سەرکەوتوو بن.

د. فؤاد معصوم

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران

١٩٩٣/٣/١٧

# ئەلبووم



مامۆستا نازم، دکتۆر د. فؤاد معصوم، فەرهاد عەزیز بەگ، ئاراس قادر




دکتۆر کەمال فؤاد و دکتۆر د. فؤاد معصوم



لۆکان ۱۹۷۹/۳/۲۱
یەکەمین رۆژی کردنەوەی لێزگەی دەنگی
گەلی کوردستان




د. فۆاد معصوم و مامۆستا نازم



مام جەلال و دکتۆر د. فۆاد لە گەنجییەوە پێکەوە بوون



عیماد ئەحمەد، د. فؤاد معصوم، مام جەلال لەگەڵ شێخی ئەزهەر لە قاهیرە.



١٩٨٩ نۆکان، ئەندامانی کۆبوونەوەی فراوانی (ی. ش. ک): م. عەبدوڵڵا، د. کەریم، شێخ عەبدولکەریم، د. فؤاد، عەلی ڕەشید، عەبدوڵڵا وسوو. ڕاوەستاوەکان: م. نازم، نەناسراو







د. فؤاد معصوم لە نێوان محەمەدی برای و ڕەفیقی پوورزای

## شێرزاد هەینی

لەدایکبووی: ١٩٥٥ هەولێر.

دەستپێك: سەرەتای حەفتاکان.

ئاستی خوێندن: خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە. دەرچووی ئامۆژگای تەکنەلۆژیای (رووپێوی)، بەغداد.

کارنامە: خانەنشین

* هەنووکە لە وڵاتی سوید دەژی.

بەرهەم و چاپکراوەکانی:

١. لە یادی سەد ساڵەی شارەوانی هەولێر، چاپخانەی عەلا بەغدا ١٩٨٥، قەبارە(١٧×٢٤) سم.

٢. کەلاوە، ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر ١٩٩١.

٣. هەولێر... تا دبلن، ریپۆرتاژ و بیرەوەری، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری هاڤیبوون، زانکۆی ئازادی بەرلین، ٢٠٠٠.

٤. بەغداد... بۆ هەولێر، ریپۆرتاژ، سوید و سلێمانی، ٢٠٠٠.

٥. مەملەکەتی فارگۆنەکان، ریپۆرتاژ و رۆژانە، ، سلێمانی، ٢٠٠٠، ٩٠ لاپەرە. چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکرنەوەی بەدرخان، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٦، ٢٥٤ لاپەرە، (١٤×٢٠) سم.

٦. کاکە ئەبو ئیسماعیل، بیرەوەری سلێمانی، ٢٠٠١.

٧. بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو، گابریل گارسیا مارکیز، بڵاوکراوەکانی

گۆڤاری ئاینده، سلێمانی، ۲۰۰۱. چاپی دووەمی لەلایەن دەزگای چینی لە هەولێر چاپکراوە.
٨. سیڤییەکان ١، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، کۆمەڵە دیدارێکە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ۲۰۰۲.
٩. سارد یان گەرم، چاپکراوەکانی دەزگای هەواڵ بۆ رۆژنامەوانی و راگەیاندن، ۲۰۰۵، ١٠٥ لاپەرە، قەبارە: (۲۲×۱۰.٥)سم.
١٠. نێلسۆن ماندێلا، گەشتە دوورەکەم لە پێناوی ئازادیدا، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ۲۰۰۵، ۲۸٦ لاپەرە.
١١. مەملەکەتی کەلاوەکان، وتار و پێناسەی بیناسازی کوردییە، کتێبی گیرفان، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ۲۰۰٥.
١٢. کۆریا: پێناسە و شارەزابوونی وڵات و میللەتی کۆریایە، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێران، هەولێر، ۲۰۰۷.
١٣. هۆلۆکۆست: ئاگاداری نەوەکانتانی پێبکەنەوە، ستیفان بروشفیلد، پول ئا. لیڤین، وەرگێران لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر، ۲۰۰۷.
١٤. دوو برێنسیسی نازداری بێناز، دیانا و ماساکۆ، وەرگێران و ئامادەکردن، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ۲۰۰۸، ١٧٦ لاپەرە.
١٥. بەرەو کۆشکی ئالیزی، شیراك و سارکۆزی و روایال بیار بیون، وەرگێران لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_ بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی روون، سلێمانی، ۲۰۰۸، ٢٤٣ لاپەرە.
١٦. ٩٥٥ دەقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، دیمانە، بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما،

چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، هەولێر، ٢٠٠٨، ٣٣٣ لاپەرە، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥.
١٧. دۆلار لە ئەمریکا، دوو بابەت لەسەر پارە و سەرمایە و بانك لە ئەمریکای نوێدا، ئامادەکردن و وەرگێران، ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ٢٢٣ لاپەرە.
١٨. سێکس و پۆلەتیك، کریستۆفا دلوار و کریستۆف دۆبوا: دیوێکە لە ژیانی دبلۆماتی فەرەنسای نوێ، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ٢٢٤ لاپەرە.
١٩. مەجبور، گێرانەوەی دوێنێی نزیکە! بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_بەرێوەبەرێتیی رۆژنامەنووسی و چاپ بڵاوکردنەوە، چاپخانەی رۆمان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ١٢٨ لاپەرە، قەبارە: (٢٠.٥×١٤.٥)سم.
٢٠. ژنێکی دەرچوو لە نەریتەکان سارا پالین، وەرگێران، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ٩٥ لاپەرە، قەبارە: (١٩×١٢.٥)سم.
٢١. من رۆژنامەنووسم جاسووس نیم، کامیلیانە ئەنتفایفر دو فرانسوا نیکۆلۆ و منی لنی، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی شڤان، سێمانی، ٢٠٠٩، ٢٧١ لاپەرە، قەبارە: (٢٠×١٤)سم.
٢٢. ترێنە خێراکەی رۆژهەڵات، وەرگێران، موکریانی، چاپخانەی خانی (دهۆك)، هەولێر، ٢٠٠٩، ١٣٦ لاپەرە.
٢٣. کاکە ئەبو خەلیل، سەربردە و ریپۆرتاژ و رەوداو، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی رەخنەی چاودێر، سلێمانی، ٢٠٠٩، ٢١٦ لاپەرە، قەبارە: (٢٢×١٤.٥)سم.
٢٤. دانپێدانانەکانی حاجی پاولۆ: دیمانەیەکە لەگەڵ نووسەر و فەیلەسوفی

بەرازیلی پاولۆ کۆیلۆ، خوان ئایریاس، وەرگێران، ئاوێر، ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ٢٧١ لاپەرە.

٢٥. مۆساد، سەلام ئەلئیمام، وەرگێران لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ئاوێر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٠، چاپی سێیەم.

٢٦. حیکایەتەکانی غەدر و خوێن: بەشێك لە گێرانەوەی تیرۆرە گەورەکانی جیهان سەلام ئەلئیمام، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، سلێمانی، ٢٠٠٩، ٢٨٦ لاپەرە.

٢٧. نهێنییەکانی سندووقە ڕەشەکە، غەسان شەربل، ، ئامادەکردن، چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری/ هەولێر، ٢٠٠٩، ٩٤ لاپەرە.

٢٨. دەسەڵات و نەخۆشی، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری_خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠.

٢٩. برادەرە جوانەکە، میخائیل دارمۆن و ئێیف دیریە... ڕەشیدە داتی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکان ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ١٣٦ لاپەرە.

٣٠. دەربازبوون، کارۆلین جیسوب، وەرگێران، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ١٢٠ لاپەرە.

٣١. سیاسەتی دڵ، وەرگێران، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٢. گەشتێك بەرەو ئەورووپای نوێ، وەرگێران، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٣. ئەمال عەوێزە، مافیا: دەوڵەتی سامان و خوێن، ئامادەکردن و وەرگێران، ئاراس، چاپی یەکەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ١٥٥ لاپەرە، قەبارە: (١٩ × ١٢)سم.

٣٤. جیهان لە دیدی کۆشنێر، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی نما، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٥. سیفییەکان ٢، کۆمەڵێك راز و دیمانە، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ٢٠١١.
٣٦. مهناس کراماشاد، غاندی، چیرۆکی ئەزموونەکانم لەگەڵ حەقیقەتدا، وەرگێران، ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١. سێ جار چاپ بووە.
٣٧. بیۆگرافیای ئامووس ئۆز، چیرۆکێك لە خۆشەویستی و تاریکی، رۆمان، وەرگێرانی، ئاوێر، چاپی یەکەم، رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ٨٠٠ لاپەرە.
٣٨. کازیوە ژنەکەی ناو فێسبوك، نۆڤلێت، بڵاوکراوەکانی نما، هەولێر ٢٠١١.
٣٩. سەگەکان لە رێگا، هینینگ مانکیل، رۆمان، وەرگێران، ئاوێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ٣٠٤ لاپەرە، قەبارە: (١٧×٢٤)سم.
٤٠. ئەستێرە سەرگەردانەکە، رۆمان، وەرگێران، ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.
٤١. تووتنەوانەکە عەلی بەدر، رۆمان، وەرگێران، ئاوێر، چاپی یەکەم، رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ٤١٥ لاپەرە. چاپی دووەمی لە رەهەند لە سلێمانی ساڵی ٢٠٢٠ بە دیزاین و پێداچوونەوەی نوێ چاپکراوە.
٤٢. بابا سارتەر، عەلی بەدر، رۆمان، وەرگێران، ئاوێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٢.
٤٣. دەسەڵاتی دوو ژن، بودوان بۆلایر و مارك رۆش، وەرگێران، بەدرخان، هەولێر، ٢٠١٢، ١٧٢ لاپەرە (١٦.٥×٢٣.٥) سم.
٤٤. غاردان بەدوای گورگەکاندا، رۆمان، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.

٤٥. چراکـــانی ئۆرشـــەلیم، عەلـــی بەدر رۆمـــان، بڵاوکراوەکـــانی ئـــاوێر، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ۲۰۱۳.
٤٦. شۆرشـــەکانی جیهـــان، ئامـــادەکردن، بڵاوکراوەکـــانی ناوەنـــدی ئـــاوێر چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ۲۰۱۳.
٤٧. هەولێر: ئیبن مستەوفی، رۆمان، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی گشتی: یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، هەولێر، ۲۰۱۲.
٤٨. هەولێر: سێتاقان، رۆمان، بەرگی دووەم، بڵاوکراوەکانی خانەی ئەربل و چاپخانەی شەهاب، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ۲۰۱۳.
٤٩. گـێله فیـۆدۆر دۆستۆیفسـکی، رۆمـان، وەرگێرانـی لە عەرەبیـیەوە، بڵاوکراوەکانی ئاوێر، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ۲۰۱۳.
٥٠. زسـتانی خێـزانەکە، عەلـی بەدر رۆمـان، وەرگێرانـی لە عەرەبیـیەوە، بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، سلێمانی ۲۰۱۳.
٥١. کەسایەتییە مەزنەکانی جیهان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی نما، چاپی یەکەم، هەولێر، ۲۰۱۳.
٥٢. سـیڤییەکان ۳، کۆمەڵێـك راز و دیمـانە، وەرگێـران، چاپکراوەکـانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ۲۰۱۳.
٥٣. سـیڤییەکان ٤، کۆمەڵێـك راز و دیمـانە، وەرگێـران، چاپکراوەکـانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ۲۰۱۳.
٥٤. رێنسانسـی ئەوروپـا، مێـژوو، وەرگێرانـی لە عەرەبیـیەوە، بڵاوکراوەکـانی ئاوێر هەولێر، ۲۰۱۳.
٥٥. بۆ ئامێزێکی بۆنی تۆ، مەلکیە مەزان رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، نما، چاپی یەکەم، هەولێر، ۲۰۱٤.

٥٦. فەلەکەدین کاکەیی، چرکەساتی هۆشمەندیکودە، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی رۆشنبیری، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٤.
٥٧. فەلەکەدین کاکەیی، حەلاجیات، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی ، رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.
٥٨. هەولێر: تەعجیل، رۆمان، لەسەر ئەرکی نووسەر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٤، ٢١٦ لاپەرە.
٥٩. هەولێر: تەیراوە، رۆمان، بەرگی چوارەم، بە یارمەتی هێرش خۆشناو، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٥، ٢١٩ لاپەرە.
٦٠. هەولێر: چۆمان، رۆمان، بەرگی پێنجەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، ٢٢٤ لاپەرە.
٦١. هەولێر: سەعدی گچکە، رۆمان، بەرگی شەشەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٦، ٢٢٨ لاپەرە.
٦٢. هەولێر: سەفین، رۆمان، بەرگی حەوتەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٦، ٢٣٢لاپەرە.
٦٣. فەلەکەدین کاکەیی، کودەتای رۆحی، وتاری فەلسەفی، وەرگێران، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی، شەهاب، هەولێر، ٢٠١٦، ٢٨٩ لاپەرە.
٦٤. فەلەکەدین کاکەیی، گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن، وەرگێران، چاپی یەکەم، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٦.
٦٥. پەیامەکانی ژێرزەوی فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی، رۆمان، وەرگێران، ناوەندی ئاوێر رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ٢١٤ لاپەرە.
٦٦. خافیێر سێرکاس، سەربازانی سالامینا، وەرگێران، رۆسا، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧، ٢٢٢ لاپەرە.

٦٧. مەلیکە موقەددەم، ژنە یاخیبووەکە، رۆمان، وەرگێران، رۆسا، هەولێر، ٢٠١٧.
٦٨. هەولێر: قەرەچوغ، رۆمان، بەرگی هەشتەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧، ٢٣٢ لاپەرە، قەبارە: (٢٣ × ١٧)سم.
٦٩. ژنێك پرچم رەش دەکاتەوە، شیعر، چاپخانەی شەهاب هەولێر ٢٠١٧ .
٧٠. پاسپۆرت، گەشتنامە، لەسەر ئەرکی کۆمپانیای "دایك" چاپکراوە، هەولێر ٢٠١٧.
٧١. ژنە کافرەکە، رۆمان، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی دەزگای مەحمود زامدار رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٧.
٧٢. ئەبەنووس، رۆمان، لەسەر ئەرکی هێمن زەندی، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٨، ١٢٧ لاپەرە، قەبارە: (٢١×١٤)سم.
٧٣. هەولێر عەنکاوە، رۆمان رۆژهەڵات ٢٠١٨ لەسەر ئەرکی بنەماڵەی شەهید سۆران عەنکاوەیی چاپکراوە، ٢١٦ لاپەڕە، قەبارە ٢٣. ١٧ سم.
٧٤. ژن لە ژیانی کاسترۆ وەرگێران، ١٢٢ لاپەڕە، ١٣.٢٢سم، مێخەك سۆران ٢٠١٨
٧٥. هەولێر کوران زانیاری، رۆمان ٢٠١٨، ٢٣.١٧سم، لەسەر ئەرکی د. محەمەد عوزێری چاپکراوە، هەولێر چاپخانەی رۆژهەڵات.
٧٦. ژنە خامۆشەکە، نووسینی مەلیکە مەقەدەم، وەرگێڕان، رۆمان، سۆران مێخەك ٢٠١٨. ١٣٨لاپەڕە.
٧٧. کلاشینکۆف، رۆمان، بە هاوبەشی لەگەڵ د. محەمەد عوزێری نووسراوە. هەولێر ٢٠١٨ . ٢٠٠ لاپەڕە ١٤.٢١سم.
٧٨. هەولێر رینکەبی، رۆمان لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو چاپکراوە، هەولێر ٢٠١٩

٧٩. مافیا دەوڵەتی سامانی و خوێن، وەرگێڕان ناوەندی سارا چ ٢، سلێمانی ٢٠١٩.
٨٠. پاوەری سەرۆکە نەخۆشەکان، وەرگێڕان ناوەندی سارا چ ٢، سلێمانی ٢٠١٩.
٨١. خزمەتگوزارەکانی کۆشکی سپی وەرگێڕان، ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩
٨٢. منداڵی دیکتاتۆرەکان وەرگێران ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.
٨٣. بە لیڤڵ بینیم بە قەڵەم دەینووسمەوە. یادنووس لەسەر ئەرکی د. موحەمەد عوزێری چاپکراوە هەولێر ٢٠١٩.
٨٤. سیڤییەکان بەرگی ٥ ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.
٨٥. دەریاوانە خنکاوەکە مارکیز رۆمان چ ٣ ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.
٨٦. کوبا لە سەردەمی گەمارۆدانەکە گابریل، سارا سلێمانی ٢٠١٩
٨٧. نەهاتی مێخەکی سەربەرگەکە ببەیتەوە ٧ دەق، وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٩.
٨٨. پایزە ساڵ، بیرەوەری ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.
٨٩. هەشتا ساڵ لە غەدر و خوێنی ئیخوان ئەلموسلین وەرگێڕان، دەزگای ئایدیا ٢٠١٩.
٩٠. لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات، دوو گەشتی کۆن، وەرگێڕان، ناوەندی سارا ٢٠١٩.
٩١. کەسایەتییە مەزنەکانی جیهان، ئامادەکردن چ٢ ناوەندی سارا ٢٠١٩.
٩٢. پۆستەی شەو، رۆمان هودا بەرەکات، وەرگێڕان، ناوەندی سارا ٢٠١٩.
٩٣. سەکۆی مەککە، رۆمان زید عومران وەرگێڕان، ناوەندی ئاودێر ٢٠١٩.
٩٤. هەولێر ئەستنبۆل بەرگی ١٢ رۆمان زانکۆی جیهان ٢٠١٩
٩٥. رۆژگاری من، بیرەوەری بوب دیلان ئاوێر هەولێر ٢٠٢٠

٩٦. خوانێکی رووت، رۆمان عەلی بەدر، رەهەند سلێمانی ٢٠٢٠
٩٧. مامۆستایانی وەهم، رۆمان عەلی بەدر، رەهەند سلێمانی ٢٠٢٠
٩٨. درۆزنەکان هەموو شتێکیان دەستدەکەوێت. رۆمان عەلی بەدر، رەهەند ٢٠٢٠
٩٩. یەکەمین ژن، نەدیم گورسیل رۆمان، وەرگێڕان، رۆسا هەولێر ٢٠٢٠
١٠٠. رۆلی کلێسا لە مەملەکەتی ئۆرشەلیم، وەرگێڕان رۆسا هەولێر ٢٠٢٠
١٠١. حەرەمی سوڵتان، وەرگێران، رۆسا هەولێر ٢٠٢٠
١٠٢. ژنێکی سرك، ئەنعام کەچەچی، رۆمان وەرگێڕان، رەهەند سلێمانی ٢٠٢٠
١٠٣. خاتوونی بەغدا، رۆمان، شاکر نوری، وەرگێڕان، رەهەند سلێمانی ٢٠٢٠
١٠٤. قژت وەك کولارە بۆم دەفڕێت، ٥١ راز، ئەلکترونیە ستۆکهۆلم ٢٠٢٠
١٠٥. نازك خانم، رۆمان، وەرگێڕان، لینا ئەلحەسەن، کولتوور هەولێر ٢٠٢٠
١٠٦. ئەرکەکانی من، رۆبەرت گیتس وەرگێڕان ئاوێر ٢٠٢٠
١٠٧. چیرۆکی ژیانم، بیرەوەری، موشی دایان، وەرگێڕان، ئاوێر هەولێر ٢٠٢٠
١٠٨. گۆرانییەکەی ئارام، لەیلا سولێمانی، وەرگێڕان، رەهەند ٢٠٢١
١٠٩. پۆستەچییەکەی نیرودا، رۆمان، وەرگێران، فێربوون هەولێر ٢٠٢١
١١٠. تەنیا دارهەنارەکە، رۆمان، وەرگێڕان، رەهەند سلێمانی ٢٠٢١
١١١. جاسووسەکان وەرگێڕان ئاوێر هەولێر ٢٠٢١
١١٢. جەمال عەلەمدار یەکەمین کورد لە سوید هەولێر ٢٠٢١
١١٣. وێنەکانی سەر دیوارەکە رۆمان وەرگێڕان رەهەند ٢٠٢١
١١٤. لەناو زانکۆی جیهان بمنێژن دیمانە ٢٠٢٢

١١٥.ناندین رۆمان وەرگێڕان دەزگەی چینی ٢٠٢٢
١١٦. لەناو ماڵەکەی ئان فرانك رۆمان وەرگێڕان جەمال عیرفان ٢٠٢٢
١١٧. بلیتێك بۆ ئاهەنگی ناوداران رۆمان عەلی بەدر رەهەند ٢٠٢٢
١١٨. لەدەو خەرەندێ بحەسێمۆ دیمانە هەولێر ٢٠٢٢
١١٩. یەکەمین دەرمانسازی شۆڕشی کوردستان، فام،٢٠٢٣
١٢٠. زینە نەوال سەعداوی وەرگێڕان رەهەند ٢٠٢٣
١٢١. مەملەکەتی کتێب فەرهاد عەونی دیمانە فام ٢٠٢٣
١٢٢. مملکه الکتب فرهاد عونی حوار فام ٢٠٢٣
١٢٣. د. عوسمان دەشتی بەنووسین تەواو نابێت دیمانە هەولێر ٢٠٢٤
١٢٤. بمبەنەوە ناو هەناران رۆمان سوید ٢٠٢٤